دایاگلۆسیا یەکێکە لە چەمکە بنەڕەتییەکانی زمانەوانیی کۆمەڵایەتی، کە یەکەمجار لە لایەن (چارلز فێرگسۆن، ١٩٥٩) پێشنیاز کرا بۆ وەسفکردنی بارودۆخێکی زمانیی جێگیر کە تێیدا دوو شێوەزاری جیاواز لە ناو یەک کۆمەڵگەدا بۆ مەبەستی جیاواز بەکاردێن. فێرگسۆن زمان بۆ دوو ئاستی سەرەکی دابەشدەکات:

١-ئاستی باڵا (High Variety – H) : زمانێکی فەرمی و ستانداردە، کە لە قوتابخانە، پەرلەمان، میدیا و ئەدەبیاتدا بەکاردێت. ئەم جۆرە خاوەن ڕێزمانێکی ورد و شکۆیەکی کۆمەڵایەتییە (شوانی،٢٠٠٩: ٢٠٩).

٢-ئاستی نزم (Low Variety – L) : زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانەیە کە لە ماڵ، بازاڕ و لەگەڵ هاوڕێیاندا بەکاردێت. ئەم شێوازە بە سروشتی فێر دەبین و ڕێزمانەکەی سادەترە (Ferguson, 1959: 325) .

دواتر (جۆشوا فیشمان، ١٩٦٧) ئەم چەمکەی فراوانتر کرد و جەختی لەسەر دابەشبوونی ئەرکەکان (Functional Distribution) کردەوە؛ واتە جیاوازییەکە تەنها لە فۆرمدا نییە، بەڵکو لە "شوێن و مەبەستی" بەکارهێنانیدایە. لەم ڕوانگەیەوە، زمانەکان کێبڕکێ ناکەن، بەڵکو تەواوکەری یەکترن(Fishman, 1967 30) . کێشە زمانییەکان کاتێک سەرهەڵدەدەن کە زمانی نزم (L) دزە دەکاتە ناو کایە فەرمییەکان (وەک کەناڵە ئاسمانییەکان)، کە ئەمەش دەبێتە هۆی لاوازکردنی ناسنامەی زمانی ستاندارد و دروستبوونی کاریگەریی دەروونی نەرێنی (سلێمان، سەعید، ٢٠٢١، ١٤٨)، کەواتە لێرەدا زمانەکان کێبڕکێی یەکتر ناکەن، بەڵکو تەواوکەری یەکتر، چونکە تۆ ناچیتە ناو نانەواخانەیەک بە زمانی زۆر فەرمی داوای نان بکەیت. لەهەمان کاتیشدا ناکرێت لەبەرنامەیەک تەلەڤیزیۆنی یان لێدوانێکی ڕەسمیدا زمانێکی بازاری و ناوچەیی یان نافەرمی بەکاربهێنرێت، کەواتە کۆمەڵگە بڕیار دەدات کام زمان بۆ کام مەبەست بێت، نەک ڕێزمانی زمانەکە.

### ٣/٣/٢) هۆکارە بنەڕەتییەکانی دیاردەی دایاگلۆسیا لە کۆمەڵگەدا:

دایاگلۆسیا لە دابەشبوونی ئەرکە کۆمەڵایەتییەکانی زمانەوە سەرچاوە دەگرێت؛ کۆمەڵگە بۆ گواستنەوەی زانیاریی ئاڵۆز، زانست و یاسا پێویستی بە زمانێکی ستاندارد و "کۆدکراو" هەیە، لە کاتێکدا بۆ پەیوەندییە سۆزداری و ڕۆژانەکان زمانێکی "نەرم و خێرا" بەکاردێنێت (Hudson, 1996:  49) . فێرگسۆن ئاماژە بەوە دەکات، کە ئەم دیاردەیە زیاتر لەو کۆمەڵگەیانەدا دەمێنێتەوە کە خاوەن میراتێکی ئەدەبیی دەوڵەمەندن و دەیانەوێت مێژووی خۆیان بپارێزن. (Schiffman, 1997:  40) . لەگەڵ ئەوەشدا، دایاگلۆسیا چەندین کێشەی مەترسیدار دروستدەکات، لەوانە: دروستبوونی دابڕان لە نێوان شێوەزارەکان وایکردووە زۆرجار پەنا بۆ زمانی بێگانە ببرێت بۆ گەیاندنی پەیامەکان. هەروەها ئەو "دابڕانە"ی لە نێوان زمانی ئاخاوتن و نووسیندا هەیە، ڕێگرە لەبەردەم گەشەی سروشتیی داهێناندا. جگەلەوەش  لەبواری پەروەردەشدا کێشە دروستدەکات، بۆیە منداڵان لە قوتابخانەدا تووشی "شۆکی زمانی" دەبن، چونکە ئەو زمانەی دەیخوێنن جیاوازە لەوەی لە ماڵەوە پێیدەدوێن، ئەمەش دەبێتە هۆی دابەزینی ئاستی تێگەیشتن و هەستکردن بە کەموکوڕیی لە زمانی دایکدا (Maamouri, 1998:65-70)، هەروەها چینایەتیی کۆمەڵایەتیش دروستدەکات، کە  ئاخێوەرانی شێوەزاری نزم (L) بەردەوام هەست بە کەمی و دڵەڕاوکێ دەکەن لە شوێنە فەرمییەکاندا، کە ئەمەش جۆرێک لە  نایەکسانی بەرهەمدەهێنێت (Bourdieu, 1991:51) . کەواتە دایاگلۆسیا، وەک بەربەستێکی قووڵ لەبەردەم گەشەی سروشتیی زمان و یەکسانیی کۆمەڵایەتی دەردەکەوێت، کە تێیدا ئاخێوەر لە نێوان زمان و ناسنامەی خۆیدا تووشی دابڕان دەبێت. ئەم دۆخە لەبری یەکگرتوویی، جۆرێک لە "نامۆیی زمانی" بەرهەمدەهێنێت، کە کاریگەریی نەرێنیی ڕاستەوخۆی لەسەر داهێنان و پرۆسەی پەروەردە هەیە.

## ٣. بەشی سێیەم: خستنەڕوو و شیکردنەوەی داتاکان

ئەم بەشە تەرخانکراوە بۆ لایەنی مەیدانی (Fieldwork) و کارەکیی توێژینەوەکە، کە تێیدا هەوڵدراوە تیۆرەکانی زمانەوانیی کۆمەڵایەتی لەسەر دۆخی میدیای کوردی تاقیبکرێنەوە. بۆ گەیشتن بە ئەنجامی ورد و زانستی، پەنا براوەتە بەر شێوازی "شیکاریی ناوەڕۆک" بۆ ئەوەی نموونەکان گشتگیربن و ڕەنگدانەوەی دۆخی میدیای کوردی بن، بۆ ئەمەش سێ کەناڵی جیاواز وەک مەیدانی توێژینەوەکە هەڵبژێردراون، کە هەر یەکێکیان خاوەنی تایبەتمەندیی و جەماوەری تایبەت بە خۆیەتی:

**(١/٣** کەناڵی ڕووداو (Rudaw): وەک نموونەیەک بۆ میدیای ئاسمانیی سەردەمی، لەم کەناڵەدا بەرنامەی ( هۆکاری بەخێوکردنی ئاژەڵان لەنێو ماڵەکانیاندا) شیکاری بۆکراوە.

**(٢/٣** کەناڵی ئێن ئارِ تی (NRT): وەک نموونەیەک بۆ میدیای ئاسمانیی سیاسی-ڕەخنەگر، لەم کەناڵەدا بەرنامەی ( کاریگەری تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر هەڵسوکەوتی گەنجان) شیکاری بۆکراوە.

**(٣/٣** کەناڵی یوتیڤی (UTV): وەک نموونەیەک بۆ میدیای ناوخۆیی، کە زیاتر نزیکە لە زمان و کولتووری میللی، بەرنامەی ( Podcast) شیکاری بۆکراوە.

لەم بەشەدا، توێژەر بەوردیی گوێی لە بەرنامە دیاریکراوەکان گرتووە و سەرجەم ئەو وشە دەستەواژە و دەربڕینانەی دەرهێناوە کە دەچێتە چوارچێوەی هەردوو دیاردەی:

- کۆدتێکەڵکردن (Code Mixing): بە هەردوو جۆرەکەیەوە کۆدتێکەڵکردن لەگەڵ زمانی (عەرەبی و ئینگلیزی) هەر جۆرێکیان، بەتەنها دیاریکراوە، لە بەرانبەر ئەو وشە ڕەسەنە کوردییە دیاریکراوە، کە پێویستە لە بری ئەو بەکاربهێنرێت.
- دایاگلۆسیا (Diglossia): دەرکەوتنی شێوەزاری ناوچەیی و لادان لە زمانی ستاندارد.

داتاکان لەم بەشەدا بە شێوەی خشتە ڕێکخراون، پاشان ژمارە و ڕێژەکان دەرهێنراون و شرۆڤەی زانستییان بۆ کراوە، تاوەکو قەبارەی کاریگەریی هەر یەکێک لەم دیاردانە لەسەر شوناسی زمانیی میدیای کوردی دەربکەوێت.

**(١/١/٣** بەرنامەی یەکەم: کەناڵی ئاسمانی Rudaw بەرنامەی: ( هۆکاری بەخێوکردنی ئاژەڵان لەنێو ماڵەکانیاندا).**

خشتەی (١) دیاردەی کۆد تێکەڵکردن لە نێوان زمانی (عەرەبی – کوردی)دا لە کەناڵی (Rudaw)دا

| ژ | دەستەواژەی بەکارهاتوو | دەستەواژەی عەرەبیی ڕەسەن (الأصل) | دەستەواژەی کوردیی ڕەسەن (پێشنیازکراو) |
|---|---|---|---|
| ١ | ڕەفیق | رَفِيق | هاوڕێ / دۆست |
| ٢ | واقیع | وَاقِع | ڕاستی / دۆخ |
| ٣ | نەقد | نَقْد | ڕەخنە |
| ٤ | وجود | وُجُود | هەبوون / بوون |
| ٥ | ئەنانی | أَنَانِيّ | خۆپەرست |
| ٦ | تەقەبول | تَقَبُّل | پەسەندکردن |
| ٧ | دیراسە | دِرَاسَة | توێژینەوە / خوێندن/ لێکۆلینەوە |
| ٨ | توازن | تَوَازُن | هاوسەنگی |
| ٩ | ئینسانی | إِنْسَانِيّ | مرۆیی |
| ١٠ | جملە | جُمْلَة | ڕستە |
| ١١ | عەکس | عَكْس | پێچەوانە |
| ١٢ | زەواج | زَوَاج | هاوسەرگیری |
| ١٣ | عائیلە | عَائِلَة | خێزان |
| ١٤ | سوتفە | صُدْفَة | ڕێکەوت |
| ١٥ | ئینتاج | إِنْتَاج | بەرهەمهێنان |
| ١٦ | موزیع | مُذِيع | بێژەر |
| ١٧ | عادەتەن | عَادَة | بەزۆری / بەگشتی |
| ١٨ | میللەت | مِلَّة | گەل / نەتەوە |
| ١٩ | ڕەفاقەت | رَفَاقَة | هاوڕێیەتی |
| ٢٠ | مورتاح | مُرْتَاح | ئاسوودە |
| ٢١ | طەبعەن | طَبْعاً | بێگومان |
| ٢٢ | طەبیعەت | طَبِيعَة | سروشت |
| ٢٣ | حەیوان | حَيَوَان | ئاژەڵ |
| ٢٤ | ئیعتیادی | إِعْتِيَادِيّ | ئاسایی |
| ٢٥ | سراحەتەن | صَرَاحَةً | بەڕاشکاوی |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٢٦ | تەعامول | تَعَامُل | هەڵسوکەوت —مامەڵە |
| ٢٧ | ئەساس | أَسَاس | بنەما / بنچینە |
| ٢٨ | کامل | كَامِل | تەواو / پڕاوپڕ |
| ٢٩ | مەشاکیل | مَشَاكِل | کێشەکان |
| ٣٠ | ئەبەدەن | أَبَداً | هەرگیز |
| ٣١ | فەراغ | فَرَاغ | بۆشایی |
| ٣٢ | حالەت | حَالَة | دۆخ / بار |
| ٣٣ | عەفەوی | عَفَوِيّ | خۆرسک/ لەخۆوەیی |
| ٣٤ | عیلاقە | عَلَاقَة | پەیوەندی |
| ٣٥ | ئیطاعە | طَاعَة | گوێڕایەڵی |
| ٣٦ | شەرت | شَرْط | مەرج |
| ٣٧ | شروت | شُرُوط | مەرجەکان |
| ٣٨ | فەزیلە | فَضِيلَة | چاکە / ڕەوشت |
| ٣٩ | مەثلان | مَثَلاً | بۆ نموونە |
| ٤٠ | فعلەن | فِعْلاً | بەڕاستی |
| ٤١ | ئیهتمام | إِهْتِمَام | گرنگیپێدان |
| ٤٢ | تەوەتور | تَوَتُّر | گرژی |
| ٤٣ | ئیدمان | إِدْمَان | ئالوودەبوون |
| ٤٤ | کەئابە | كَآبَة | خەمۆکی |
| ٤٥ | ئینتیحار | إِنْتِحَار | خۆکوشتن |
| ٤٦ | حالات | حَالَات | دۆخەکان |
| ٤٧ | فلان | فُلَان | ئەم و ئەو / کابرا |
| ٤٨ | مستەحیل | مُسْتَحِيل | ئەستەم / مەحاڵ |
| ٤٩ | مخالف | مُخَالِف | دژ / نەیار |
| ٥٠ | واقیعیەت | وَاقِعِيَّة | ڕاستی |
| ٥١ | خەلەل | خَلَل | کەمکوری/ گرفت |
| ٥٢ | مەشغول | مَشْغُول | سەرقاڵ |
| ٥٣ | دائیرە | دَائِرَة | فەرمانگە |
| ٥٤ | دەلیل | دَلِيل | بەڵگە |
| ٥٥ | میثال | مِثَال | نموونە |
| ٥٦ | تەیر | طَيْر | باڵندە |
| ٥٧ | وەزعی | وَضْعِيّ | دۆخ |
| ٥٨ | عیلاج | عِلَاج | چارەسەر |
| ٥٩ | راقی | رَاقِي | پێشکەوتوو / نایاب |
| ٦٠ | ئەخلاق | أَخْلَاق | ڕەوشت |
| ٦١ | مفروزە | مَفْرُوض | پێویستە |
| ٦٢ | ئیلتیزامات | إِلْتِزَامَات | پابەندییەکان |
| ٦٣ | جیهەت | جِهَة | لایەن |
| ٦٤ | معەوق | مُعَوَّق | کەمئەندام |
| ٦٥ | تەتەور | تَطَوُّر | پێشکەوتن |
| ٦٦ | ئیعلام | إِعْلَام | ڕاگەیاندن |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٦٧ | لەبابی | مِنْ بَاب | لە ڕووی / وەک |
| ٦٨ | سەقافی | ثَقَافِيّ | ڕۆشنبیری |
| ٦٩ | حەتمەن | حَتْماً | بە دڵنیاییەوە |
| ٧٠ | بەحس | بَحْث | باس / توێژینەوە |
| ٧١ | سەبەب | سَبَب | هۆکار |
| ٧٢ | سیلە | صِلَة | پەیوەندی |
| ٧٣ | قیمەت | قِيمَة | بەها / نرخ |
| ٧٤ | دەرس | دَرْس | وانە |
| ٧٥ | طبەقە | طَبَقَة | چین / توێژ |
| ٧٧ | حەدد | حَدّ | سنوور / ئەندازە |
| ٧٨ | عەجایب | عَجَائِب | سەیر / سەرسوڕهێنەر |
| ٧٩ | زائیدەن | زَائِداً | سەرەڕای / زیاتر |
| ٨٠ | ڕیبا | رِبَا | سوو |
| ٨١ | تەزیلکردن | تَنْزِيل | دابەزاندن |
| ٨٢ | جورئەت | جُرْأَة | وێران / بوێری |
| ٨٣ | قیرائە | قِرَاءَة | خوێندنەوە |
| ٨٤ | ئیبتیدائی | إِبْتِدَائِيّ | سەرەتایی |
| ٨٥ | تەحفیز | تَحْفِيز | هاندان |
| ٨٦ | حافیز | حَافِيز | پارێزکار |

بە پێی ئەم خشتەیە؛ (٨٦) دیاردەی کۆدتیکەڵکردن لە نێوان زمانی (عەرەبی – کوردی )دا بەکارهاتووە، سەرەڕای ئەوەی توێژینەوەکە تەنها جەختی لەسەر ئەو وشە عەرەبیانە کردووەتەوە کە هاوواتای کوردییان هەیە، بەڵام بەکارهێنانیان بەو قەبارەیەوە دەیسەلمێنێت، کە میدیای کوردی نەیتوانیوە ستراتیژییەکی پارێزگار بۆ شوناسی زمانی نەتەوەیی پەیڕەو بکات. ئەمەش دەبێتە هۆی گواستنەوەی جۆرێك لە پاشاگەردانیی زمانی بۆ ناو کایەی گشتی و لاوازکردنی پێگەی زمانی دایك.

خشتەی (٢) دیاردەی کۆد تێکەڵکردن لە نێوان زمانی (ئینگلیزی – کوردی) لەکەناڵی (Rudaw)دا

| ژ | دەستەواژەی بەکارهاتوو | دووبارە بوونەوەی وشە | دەستەواژەی ئینگلیزی (Original) | دەستەواژەی کوردیی ڕەسەن (پێشنیازکراو) |
|---|---|---|---|---|
| ١ | باڵانس | ١ | Balance | هاوسەنگی |
| ٢ | ئەدەڵت | ١ | Adult | پێگەیشتوو / گەورە |
| ٣ | ئۆفیس | ١ | Office | نووسینگە / ژوور |
| ٤ | مێنتالیەت | ١ | Mentality | ئاوەزمەندیی |
| ٥ | موڤی | ١ | Movie | بزواویی/ فیلم |
| ٦ | کەیس | ٢ | Case | بابەت |
| ٧ | کەتەگۆری | ١ | Category | پۆل / جۆر |
| ٨ | کۆنتاکت | ١ | Contact | پەیوەندی |
| ٩ | کلینیک | ٢ | Clinic | نۆرینگە |
| ١٠ | فاکتەر | ١ | Factor | هۆکار |
| ١١ | شەلتەر | ١ | Shelter | پەناگە |
| ١٢ | شۆک | ١ | Shock | ڕاچڵەکین / هەژەند |
| ١٣ | سێکتەر | ١ | Sector | کەرت |
| ١٤ | سێرچ | ١ | Search | گەڕان |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ١٥ | سۆ | ١ | So | کەواتە / ئیتر |
| ١٦ | ستۆری | ٢ | Story | چیرۆک / بڵاوکراوە |
| ١٧ | ریسێرچ | ١ | Research | توێژینەوە |
| ١٨ | ریجستەر | ١ | Register | تۆمارکردن |
| ١٩ | رسێرچ | ١ | Research | توێژینەوە |
| ٢٠ | تایتڵ | ١ | Title | ناونیشان / پلە |
| ٢١ | پۆزیشن | ١ | Position | پێگە / جێگەوتە |
| ٢٢ | پلەس | ١ | Plus | کۆ / زیاد |
| ٢٣ | پلیس | ١ | Please | تکایە |
| ٢٤ | پرۆدیوسەر | ١ | Producer | بەرهەمهێنەر |
| ٢٥ | بزنس | ١ | Business | بازرگانی / کار |
| ٢٦ | براند | ١ | Brand | مۆرک |
| ٢٧ | ئیسترۆقرات | ١ | Aristocrat | خانەدان |

بەهەمان شێوە لە هەمان کەناڵ و بەرنامەدا، کۆدتێکەڵکردن لە نێوان زمانی ( ئینگلیزی – کوردی ) (٣١)جار بەکارهاتووە، لەگەڵ ئەوەشدا وەک لە خشتەکەدا ئاماژەی بۆکراوە، دەستەواژەی ڕەسەنی کوردی بۆ هەریەک لەم دەستەواژە ئینگلیزیانە هەیە، بەڵام ئەم کەناڵە نەیتوانییوە خۆی بەدووربگرێت. لە کۆتاییدا بینەران و بیسەران بە زمانێکی تێکەڵی دوور لە زمانێکی یەکگرتووی کوردی ئاشنا دەبن.

خشتەی (٣) دیاردەی دایاگلۆسیا لە کەناڵی (Rudaw)دا

| ژ | دەستەواژەی نافەرمی بەکارهاتوو (L) | دووبارە بوونەوەی وشە | دەستەواژەی فەرمی پێشنیازکراو(H) | شیکردنەوەی زمانی و گۆڕانکارییەکان |
|---|---|---|---|---|
| ١ | خوێنی لێ ئەهاو | ١ | خوێنی لێدەهات | لابردنی پیتی (ت) لە کۆتایی فرمان و گۆڕینی (د)ی ڕابردوو بۆ (ئـ). |
| ٢ | برینار | ١ | بریندار | لابردنی پیتی (د) لە نێوان دوو بزوێن یان دوای نەبزوێن (Syncope). |
| ٣ | پەنجەی لێنەیا | ١ | پەنجەی لێنەدا | گۆڕینی پیتی (د) بۆ (ی) لە نێوان دوو بزوێندا (Lenition). |
| ٤ | چەنە | ١ | چەندە | لابردنی پیتی (د) لە وشەکەدا (چەندە > چەنە). |
| ٥ | تێکئەیا | ١ | تێکدەدات | گۆڕینی (دە)ی ڕانەبردوو بۆ (ئـ) و گۆڕینی (د)ی کۆتایی بۆ (ی). |
| ٦ | تێکیاوە | ١ | تێکیداوە | قوتدانی دەنگەکان بۆ ئاسانکاری لە گۆکردندا. |
| ٧ | زیایی کردووە | ١ | زیادی کردووە | گۆڕینی پیتی (د) بۆ (ی) (زیاد > زیای). |
| ٨ | ئاگاولێی بێ | ١ | ئاگات لێی بێت | گۆڕینی جێناوی لکاوی (ت) بۆ (و) (ئاگات > ئاگاو). |
| ٩ | ئەوەنە | ١ | ئەوەندە | لابردنی پیتی (د) لە وشەی (ئەوەندە). |
| ١٠ | لەگەر | ١ | لەگەڵ | دیاردەی گۆڕینی (ڵ) بۆ (ر) کە تایبەتە بە شێوەزاری هەولێر. |
| ١١ | هین | ٢ | (وشەی پڕکەرەوە) | وشەیەکی بێ واتایە، کاتێک بەکاردێت کە قسەکەر وشەی بیرنامێنێت (Filler).زیاتر شێوەزاری سلێمانی و کەرکوکی بەکاریدەهێنن. |
| ١٢ | مجال بە | ١ | مەجال بدە | کورتکردنەوەی فرمان لابردنی پیتی (د) |
| ١٣ | حەقە | ٣ | حەقدە | لابردنی پیتی (د) |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ١٤ | تێکەو | ١ | تێکـــــــدەچێت / تێدەکەوێت | کورتکردنەوەی گۆڕینی دەنگەکان. |
| ١٥ | عەز | ١ | حەز | گۆڕینی پیتی (ح) بۆ (ع) یان بەپێچەوانەوە، شێوازی دەربڕینی شەقامییە. |
| ١٦ | مندارەکان | ١ | منداڵەکان | گۆڕینی (ڵ) بۆ (ر) (تایبەتمەندی شێوەزاری هەولێر). |
| ١٧ | چوزانم | ١ | نازانم | لێکدانی (چۆن + دەزانم)، دەربڕینێکی زۆر بازارییە. |
| ١٨ | هاورێکەو | ١ | هاورێکەت | گۆڕینی جێناوی (ت) بۆ (و) (تایبەتمەندی شێوەزاری سلێمانی). |
| ١٩ | براکەو | ١ | براکەت | هەمان دیاردەی سەرەوە (Pronoun Shift). |
| ٢٠ | مێردەکەو | ١ | مێردەکەت | هەمان دیاردە (ت > و). |
| ٢١ | هەولمەیە | ١ | هەولمەدە | گـۆڕینی (د) بـۆ (ی) لە فەرمـانی نەرێـدا (مەدە > مەیە). |
| ٢٢ | خەرک | ١ | خەڵک | گۆڕینی (ڵ) بۆ (ر). |
| ٢٣ | یاوە | ١ | داوە | لابردنی پیتی (د) لە سەرەتای فرمان (داوە > یاوە). |
| ٢٤ | تێکی بەیتەوە | ١ | تێکی بدەیتەوە | گۆڕینی (د) بۆ (ی). |
| ٢٥ | ئەوەنە | ١ | ئەوەندە | (دووبارە) – لابردنی (د). |
| ٢٦ | قـــوری کـــێ کەم بەسەرم | ١ | قـــوری کـــێ بەسەرمدا بکەم | لابردنی پیتی (ب) لە فرمانی (بکەم > کەم). |
| ٢٧ | استاکە | ١ | ئێستا | زیاد کرد (کە) لە کۆتایی وشە |
| ٢٨ | زیایی کردووە | ١ | زیادی کردووە | (دووبارە) – گۆڕینی (د) بۆ (ی). |
| ٢٩ | پۆزلێییان | ١ | خۆهەڵکێشان | گۆڕینی (د) بۆ (ی). |
| ٣٠ | شکانووی | ١ | شکاندوویەتی | کورتکردنەوە لابردنی (د) و (یەتی)ی کۆتایی. |
| ٣١ | بم بەرێ | ١ | بمدەرێ | گۆڕینی (ب) بۆ (د) شێوازی دەربڕینی ناوچەیی. |
| ٣٢ | درم | ١ | دڵم | گۆڕینی (ڵ) بۆ (ر). |
| ٣٣ | ئەمەنە | ١ | ئەمەندە | لابردنی (د). |
| ٣٤ | هاو | ١ | هات / دەهات | کـورتکردنەوەی (کار)فرمـان. شـێوازی دەربڕینـی ناوچەیی |
| ٣٥ | شکانووی | ١ | شکاندوویەتی | کـورتکردنەوەی (کار)فرمـان. شـێوازی دەربڕینـی ناوچەیی |
| ٣٦ | بەرێ | ١ | بەڵێ | گۆڕینی (ڵ) بۆ (ر) لە وشەی (بەڵێ > بەرێ). |
| ٣٧ | برێین | ٣ | بڵێین | گۆڕینی (ڵ) بۆ (ر). |

دایاگلۆسیا وەک دیاردەیەک لەم کەناڵەدا (٤٢)جار بەکارهاتووە، ئەم دیاردەیە بەروونی دەرکەتووە هەم شێوەزاری (هەولێریی ) هەم (سلێمانی)زۆرترین ڕێژەش پەیوەستە بەلایەنی فۆنەتیکی گۆڕینی دەنگێک بەدەنگێکی تر وەک لە خشتەکە ڕوونکراوەتەوە، دیاردەی دایاگلۆسیا (Diglossia) یان جووتزمانی یان دوو شێوەزاری لە ڕووی زانستی زمانەوانیی کۆمەڵایەتییەوە چەندین زیان و لێکەوتەی نەرێنی هەیە، جگە لەوەش گەورەترین زیانی دایاگلۆسیا ئەوەیە کە پرۆسەی یەکخستنی زمان سست دەکاتەوە. کاتێک میدیاکان بەردەوام شێوەزاری ناوچەیی بەکاردەهێنن، زمانی یەکگرتووی نووسین هێزی خۆی لەدەست دەدات و لەلای خەڵک وەک نامۆ دەبینرێت.




هێڵکاری(١) ڕێژەی هەردوو دیاردەی (کۆد تێکەڵ کردن – دایاگلۆسیا) لە کەناڵی ئاسمانی (Rudaw)دا

**(١/٢/٣) بەرنامەی دووەم: کەناڵی ئاسمانی NRT بەرنامەی: ( کاریگەری تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر هەڵسوکەوتی گەنجان).**

خشتەی (٤) دیاردەی کۆدتێکەڵکردن لە نێوان زمانی (عەرەبی – کوردی) لە کەناڵی (NRT)دا

| ژ | دەستەواژەی بەکارهاتوو | دووبارە بوونەوەی وشە | دەستەواژەی عەرەبیی ڕەسەن (الأصل) | دەستەواژەی کوردیی ڕەسەن (پێشنیازکراو) |
|---|---|---|---|---|
| ١ | محتەوا | ١ | مُحْتَوَى | ناوەڕۆک |
| ٢ | ئەوەلی | ١ | أَوَّلِيّ | سەرەتایی |
| ٣ | ئەمنیە ت | ١ | أَمْنِيَّة | ئەمنی / ئاسایش |
| ٤ | ئەجهیزە | ١ | أَجْهِزَة | ئامێرەکان |
| ٥ | ئیهانە | ٢ | إِهَانَة | سووکایەتی |
| ٦ | ئینعیکاس | ١ | إِنْعِكَاس | ڕەنگدانەوە |
| ٧ | ئینسان | ٢ | إِنْسَان | مرۆڤ |
| ٨ | ئینتیقاد | ١ | إِنْتِقَاد | ڕەخنە |
| ٩ | ئیلتیزام | ١ | إِلْتِزَام | پابەندبوون |
| ١٠ | ئیستیغلالی | ١ | إِسْتِغْلَال | قۆستنەوە |
| ١١ | ئیستفادە | ١ | إِسْتِفَادَة | سوود |
| ١٢ | ئیزعاج | ٢ | إِزْعَاج | بێزارکردن |
| ١٣ | ئیدراک | ١ | إِدْرَاك | درکپێکردن |
| ١٤ | ئیحساس | ١ | إِحْسَاس | هەست |
| ١٥ | ئیجرائات | ٢ | إِجْرَاءَات | ڕێکارەکان |
| ١٦ | ئیجتماعی | ٢ | إِجْتِمَاعِيّ | کۆمەڵایەتی |
| ١٧ | ئیجازە | ١ | إِجَازَة | مۆڵەت |
| ١٨ | ئیتیفاق | ٢ | إِتِّفَاق | ڕێککەوتن |
| ١٩ | وەقت | ٢ | وَقْت | کات |
| ٢٠ | وەزع | ٢ | وَضْع | دۆخ |
| ٢١ | واقع | ١ | وَاقِع | کەتوار |
| ٢٢ | هەیبەت | ١ | هَيْبَة | شکۆ |
| ٢٣ | نەفسی | ١ | نَفْسِيّ | دەروونی |
| ٢٤ | نەزەری | ١ | نَظَرِيّ | بیردۆزی |
| ٢٥ | نوخبە | ١ | نُخْبَة | دەستەبژێر |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٢٦ | نسبه | ١ | نِسْبَة | ڕێژه |
| ٢٧ | ناقس | ١ | نَاقِص | کەم / ناتەواو |
| ٢٨ | مەوقیف | ١ | مَوْقِف | هەڵوێست |
| ٢٩ | مەوزوع | ١ | مَوْضُوع | بابەت |
| ٣٠ | مەنەسە | ١ | مِنَصَّة | سەکۆ |
| ٣١ | مەنع | ١ | مَنْع | قەدەغە |
| ٣٢ | مەعنەوی | ١ | مَعْنَوِيّ | واتایی |
| ٣٣ | مەرکەز | ١ | مَرْكَز | ناوەند |
| ٣٤ | مەحکەمە | ١ | مَحْكَمَة | دادگا |
| ٣٥ | مەجال | ٢ | مَجَال | دەرفەت / بوار |
| ٣٦ | موناقەشە | ١ | مُنَاقَشَة | گفتوگۆ / گەنگەشە |
| ٣٧ | موقەصیر | ١ | مُقَصِّر | کەمتەرخەم |
| ٣٨ | موشکیلە | ٢ | مُشْكِلَة | کێشە |
| ٣٩ | موددە | ٢ | مُدَّة | ماوە |
| ٤٠ | موبالەغە | ١ | مُبَالَغَة | زیادەڕۆیی |
| ٤١ | محتەوا | ١ | مُحْتَوَى | ناوەڕۆک |
| ٤٢ | قودرەت | ١ | قُدْرَة | توانایی |
| ٤٣ | قانوونی | ١ | قَانُونِيّ | یاسایی |
| ٤٤ | فەقەرە | ١ | فَقَرَة | بڕگە |
| ٤٥ | فەرعی | ١ | فَرْعِيّ | لاوەکی |
| ٤٦ | فیکرە | ١ | فِكْرَة | بیرۆکە |
| ٤٧ | غەرامە | ١ | غَرَامَة | پێبژاردن |
| ٤٨ | عەمەلی | ١ | عَمَلِيّ | کردەیی |
| ٤٩ | عەلاقی | ١ | عَلَاقَة | پەیوەندیی |
| ٥٠ | عەکس | ١ | عَكْس | پێچەوانە |
| ٥١ | عەقلی | ٢ | عَقْلِيّ | ئاوەزیی |
| ٥٢ | عەفوو | ١ | عَفْو | ببورە |
| ٥٣ | عیلمی | ١ | عِلْمِيّ | زانستی |
| ٥٤ | عقوبە | ٢ | عُقُوبَة | سزا |
| ٥٥ | عائلی | ١ | عَائِلِيّ | خێزانی |
| ٥٦ | عام | ١ | عَامّ | گشتی |
| ٥٧ | عالەمی | ١ | عَالَمِيّ | جیهانی |
| ٥٨ | شەخسی | ٢ | شَخْصِيّ | کەسی |
| ٥٩ | سەمعی | ١ | سَمْعِيّ | بیستراو |
| ٦٠ | سلبی | ٣ | سَلْبِيّ | نەرێنی |
| ٦١ | سابیقە | ١ | سَابِقَة | پێشینە |
| ٦٢ | زرووف | ١ | ظُرُوف | بارودۆخ |
| ٦٣ | زاتی | ١ | ذَاتِيّ | خودیی |
| ٦٤ | ڕەئی | ١ | رَأْي | بۆچوون / ڕا |
| ٦٥ | ڕسم | ١ | رَسْم | وێنە |
| ٦٦ | دەعوا | ١ | دَعْوَى | سکاڵا / داوا |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٦٧ | دیراسە | ١ | دِرَاسَة | توێژینەوە / خوێندن |
| ٦٨ | دوەلی | ١ | دُوَلِيّ | نێودەوڵەتی |
| ٦٩ | دراسات | ٢ | دِرَاسَات | توێژینەوەکان |
| ٧٠ | دائیمەن | ١ | دَائِماً | هەمیشە |
| ٧١ | داخیل | ١ | دَاخِل | ناوەوە / تێوەگلان |
| ٧٢ | خەتریات | ١ | (خَطَر) | مەترسییەکان |
| ٧٣ | حەق | ١ | حَقّ | ماف |
| ٧٤ | (عەفەوی) | ١ | عَفْوِيّ | خۆرسک |
| ٧٥ | حەدەس | ١ | حَدَس | ڕووداو |
| ٧٦ | حەد | ١ | حَدّ | سنوور |
| ٧٧ | حقیقی | ١ | حَقِيقِيّ | ڕاستەقینە |
| ٧٨ | حاجەت | ٢ | حَاجَة | پێویستی |
| ٧٩ | جەریمە | ١ | جَرِيمَة | تاوان |
| ٨٠ | تەئسیر | ١ | تَأْثِير | کاریگەری |
| ٨١ | تەنازول | ١ | تَنَازُل | سازش / لێخۆشبوون |
| ٨٢ | تەکلیف | ١ | تَكْلِيف | داواکردن |
| ٨٣ | تەفاهوم | ١ | تَفَاهُم | لێکتێگەیشتن |
| ٨٤ | تەعەدا | ١ | تَعَدِّي | دەستدرێژی |
| ٨٥ | تەعویز | ٢ | تَعْوِيض | قەرەبوو |
| ٨٦ | تەشهیر | ٣ | تَشْهِير | ناوزڕاندن |
| ٨٧ | تەسەور | ١ | تَصَوُّر | وێناکردن |
| ٨٨ | تەرکیز | ١ | تَرْكِيز | سەرنج / چڕبوونەوە |
| ٨٩ | تەربیە | ١ | تَرْبِيَة | پەروەردە |
| ٩٠ | تەدەخول | ١ | تَدَخُّل | دەستێوەردان |
| ٩١ | تەحقیق | ١ | تَحْقِيق | توێژینەوە |
| ٩٢ | تەحفیز | ١ | تَحْفِيز | هاندان |
| ٩٣ | تەجاوەز | ١ | تَجَاوُز | سنووربەزاندن |
| ٩٤ | بەشەریەت | ١ | بَشَرِيَّة | مرۆڤایەتی |
| ٩٥ | بونییە | ٢ | بِنْيَة | پێکهاتە |
| ٩٦ | ئیکیتفا | ١ | إِكْتِفَاء | بەسندەکردن |
| ٩٧ | ئیجابی | ٢ | إِيجَابِيّ | ئەرێنی |

بەپێی ئەم خشتەیە؛ (١١٩)جار دیاردەی کۆدتێکەڵکردن لەنیوان هەردوو زمانی (عەرەبی – کوردی) بەکارهاتووە. بەکارهێنانی ئەو ڕێژەیە، ئەوە دەگەیەنێت، کە پێشکەشکار یان میوانانی بەرنامەکە وا هەست دەکەن، وشە کوردییەکە توانای گەیاندنی قورسایی و هێزی واتایان نییە، بەڵام ئەمە زیانێکی زۆر، بە فەرهەنگی زمانەکەمان دەگەیەنێت، چونکە کاتێک لە بەرنامەیەکدا (١١٩)جار وشەی عەرەبی بەکاردبێت، واتە هەمان ڕێژەی لە وشەی کوردی پشتگوێ خراوە، چونکە وشە وەک ماسولکەیە؛ ئەگەر بەکارنەیەت، دەمرێت و دەبێتە هۆی سڕینەوەی وشە کوردییەکان لە یادگەی نەوەی داهاتوودا.

خشتەی (٥) دیاردەی کۆد تێکەڵکردنی لە نێوان زمانی (ئینگلیزی – کوردی) لە کەناڵی (NRT)دا

| ژ | دەستەواژەی بەکارهاتوو | دووبارە بوونەوەی وشە | دەستەواژەی ئینگلیزی (Original) | دەستەواژەی کوردیی ڕەسەن (پێشنیازکراو) |
|---|---|---|---|---|
| ١ | ستایل | ١ | Style | شێواز |
| ٢ | ئەلیکترۆنیات | ٢ | Electronics | ئامێرە ئەلیکترۆنییەکان |
| ٣ | ئەلیکترۆنی | ١ | Electronic | ئەلیکترۆنی / کارەبایی |
| ٤ | ستایل | ١ | Style | شێواز |
| ٥ | نۆرماڵ | ١ | Normal | ئاسایی |
| ٦ | فۆتۆ | ١ | Photo | وێنە |
| ٧ | ریکویست | ١ | Request | داواکاری |
| ٨ | لینک | ١ | Link | بەستەر |
| ٩ | گەیم | ٢ | Game | یاری |
| ١٠ | سمارت | ١ | Smart | زیرەک |
| ١١ | کەیس | ٢ | Case | ڕووداو |
| ١٢ | مۆدێل | ١ | Model | شێواز / نموونە |

بەپێی ئەم خشتەیە لەکەناڵی ئێن ئارتی؛ (١٥) دیاردەی کۆدتێکەڵکردن لە نێوان زمانی (ئینگلیزی -کوردی ) بەکارهاتووە، بەمەش کەناڵەکە لەبری ئەوەی هۆکارێک بێت بۆ پاراستنی زمان، دەبێتە هۆکار بۆ داخورانی زمان (Language Attrition) و دوورخستنەوەی نەوەی داهاتوو لە وشەی ڕەسەنی زمانەکەی.

خشتەی (٦) دیاردەی دایاگلۆسیا لە کەناڵی (NRT)دا

| ژ | دەستەواژەی نافەرمی بەکارهاتوو (L) | دووبارە بوونەوەی وشە | دەستەواژەی فەرمی پێشنیازکراو(H) | شیکردنەوەی زمانەوانی و گۆڕانکارییەکان |
|---|---|---|---|---|
| ١ | ئێستاکە | ٣ | ئێستا / لە ئێستادا | وشەی (ئێستاکە) پڕکەرەوەیەکی (Filler) زۆر باوی شێوەزاری سلێمانییە. |
| ٢ | لەمەترسیایە | ١ | لە مەترسیدایە | دیاردەی داخورانی دەنگی (Elision). پیتی (د) لە نێوان دوو بزوێن (یـ + ا) کەوتووە و بۆ ئاسانکاری لابراوە. |
| ٣ | مافم ئەسەنێ | ١ | مافم دەسێنێت | دوو گۆڕانکاریی گەورەگۆڕینی (دە)ی ڕانەبردوو بۆ (ئە): (دەسێنێت > ئەسێنێت) قوتدانی پیتی (ت) لە کۆتایی کارەکە. |
| ٤ | ئەوها | ١ | ئاوا / بەم شێوەیە | (ئەوها) شێوەی قسەکردنی ناوچەییە. |
| ٥ | هەنێکیان | ١ | هەندێکیان | دیاردەی تێکەڵبوون (Assimilation). دەنگی (نـد) قورسە، لە قسەکردندا دەبێتە (ن). (هەندێک > هەنێ). |
| ٦ | هەنێ جار | ١ | هەندێک جار | هەمان دیاردەی سەرەوە (نـد > ن). ئەمە تایبەتمەندییەکی سەرەکیی زمانی زارەکیی کوردییە. |
| ٧ | ئەوەنە | ١ | ئەوەندە | هەمان یاسا (نـد > ن). (ئەوەندە > ئەوەنە). ئەمە بەڵگەی زاڵبوونی شێوەزاری "سلێمانی"ە بەسەر زمانی ستانداردا لەم بەرنامەیەدا. |
| ٨ | ئێگجار | ١ | یەکجار | قوتدانی پیتی (ی) لە سەرەتای وشەکە. (یەکجار > ئەگجار/اگجار). |
| ٩ | هەچ کەسێک | ١ | هیچ کەسێک / هەر کەسێک | گۆڕینی بزوێنی (یـ - i) بۆ (ە - a) بۆ خێرایی لە قسەکردندا. |

بەپێی ئەم خشتەیە لە کەناڵی ئاسمانی ئێن ئارتی؛ (١١) دیاردەی دایاگلۆسیا دووبارە بۆتەوە، بۆیە پێویست دەکات، هەم پێشکەشکار هەم میوانانی بەرنامە لەسەر ئەوە ڕابهێنرێن، کە دوور بکەونەوە لە زمانی ناوچەیی، چونکە وەک ڕوونە ئەم دیاردەیە هۆکارێکە بۆ دروستبوونی چینایەتی زمانی، ئەمەش لە کۆتاییدا جۆرێک لە جیاکاریی کۆمەڵایەتی دروست دەکات.




هێڵکاری (٢) ڕێژەی هەردوو دیاردەی (کۆدتێکەڵکردن و دایاگلۆسیا) لە کەناڵی (NRT)دا

### (١/٣/٣) بەرنامەی سێیەم: کەناڵی ناوخۆیی UTV بەرنامەی ( Podcast):

خشتەی (٧) دیاردەی کۆد تێکەڵکردنی لە نێوان زمانی (عەرەبی – کوردی) لە کەناڵی (UTV)دا

| ژ | دەستەواژەی بەکارهاتوو | دووبارە بوونەوەی وشە | دەستەواژەی عەرەبیی ڕەسەن (الأصل) | دەستەواژەی کوردیی ڕەسەن (پێشنیازکراو) |
|---|---|---|---|---|
| ١ | متابەعە | ١ | مُتَابَعَة | بەدواداچوون |
| ٢ | ئیبتیدائی | ٢ | إِبْتِدَائِيّ | سەرەتایی |
| ٣ | ئیجازە | ٢ | إِجَازَة | مۆڵەت |
| ٤ | ئیدراە | ١ | إِدَارَة | بەڕێوەبەرایەتی |
| ٥ | ئیستعداد | ١ | إِسْتِعْدَاد | ئامادەیی |
| ٦ | ئیستیفادە | ١ | إِسْتِفَادَة | سوود |
| ٧ | ئیعلام | ١ | إِعْلَام | ڕاگەیاندن |
| ٨ | ئیعلان | ٢ | إِعْلَان | ڕیکلام / ئاگاداری |
| ٩ | ئینتیفازە | ٢ | إِ نْتِفَاضَة | ڕاپەڕین |
| ١٠ | ئیهتمام | ١ | إِهْتِمَام | گرنگیپێدان |
| ١١ | بزەبت | ١ | بِالضَّبْط | بەتەواوی / ڕێک |
| ١٢ | بەقابیلەیەت | ١ | قَابِلِيَّة | بەتوانا |
| ١٣ | تەحفیز | ٢ | تَحْفِيز | هاندان |
| ١٤ | تەزیل (تەزلیل) | ٢ | تَضْلِيل | چەواشەکردن |
| ١٥ | تەزیلکردن | ٢ | تزيل | تۆمارکردن |
| ١٦ | تەعقیق (تەحقیق) | ٢ | تَحْقِيق | لێکۆڵینەوە |
| ١٧ | تەقریبەن | ٢ | تَقْرِيباً | نزیکەی |
| ١٨ | تەقلید | ٢ | تَقْلِيد | لاساییکردنەوە |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ١٩ | تەمسيل | ٣ | تَمْثِيل | نواندن |
| ٢٠ | تەمهيدى | ٢ | تَمْهِيدِيّ | بەرايى |
| ٢١ | تەئسير | ٢ | تَأْثِير | کاریگەری |
| ٢٢ | جمال | ٢ | جَمَال | جوانی |
| ٢٣ | جورئەت | ٢ | جُرْأَة | بوێری |
| ٢٤ | جەريدە | ٢ | جَرِيدَة | ڕۆژنامە |
| ٢٥ | جەيجدەن | ٢ | جيدجداً | زۆرباشە |
| ٢٦ | حيزب | ٢ | حِزْب | پارت |
| ٢٧ | حەدد | ٢ | حَدّ | سنوور / ڕاددە |
| ٢٨ | حەروک | ١ | حَرَكَة | بەجووڵە / بزۆز |
| ٢٩ | حەزەر | ١ | حَذَر | وریایی |
| ٣٠ | خاسەتەن | ٣ | خَاصَّةً | بەتایبەتی |
| ٣١ | خطاط | ٢ | خَطَّاط | خۆشنووس |
| ٣٢ | خطيب | ٢ | خَطِيب | وتاربێژ |
| ٣٣ | خەريج | ١ | خِرِّيج | دەرچوو |
| ٣٤ | خەسلەت | ١ | خَصْلَة | خاسیەت |
| ٣٥ | ديراسە | ١ | دِرَاسَة | توێژینەوە |
| ٣٦ | دەرەجە | ١ | دَرَجَة | نمرە / پلە |
| ٣٧ | دەعوەت | ٢ | دَعْوَة | بانگهێشت |
| ٣٨ | دەورە | ١ | دَوْرَة | خول |
| ٣٩ | رحلە | ١ | رِحْلَة | گەشت / میَز |
| ٤٠ | رسم | ٣ | رَسْم | وێنەکێشان |
| ٤١ | ريازە | ١ | رِيَاضَة | وەرزش |
| ٤٢ | ريبا | ١ | رِبَا | سوو (سوود) |
| ٤٣ | رئيس | ١ | رَئِيس | سەرۆک |
| ٤٤ | رەسسام | ١ | رَسَّام | وێنەکێش |
| ٤٥ | زائيدەن | ٣ | زَائِدَة | سەرباری / زیادە |
| ٤٦ | سورە | ١ | صُورَة | وێنە |
| ٤٧ | سەبوورە | ١ | صَبُّورَة | تەختەڕەش |
| ٤٨ | سەدا | ١ | صَدَى | دەنگدانەوە |
| ٤٩ | شاريع | ١ | شَارِع | شەقام |
| ٥٠ | شاشە | ١ | شَاشَة | شاشە |
| ٥١ | شيمال | ١ | شِمَال | باکوور |
| ٥٢ | شەرح | ١ | شَرْح | ڕوونکردنەوە |
| ٥٣ | طبەقە | ١ | طَبَقَة | چین / توێژ |
| ٥٤ | طەبيعى | ١ | طَبِيعِيّ | سروشتی / ئاسایی |
| ٥٥ | طەلەبە | ١ | طَلَبَة | قوتابیان / خوێندکاران |
| ٥٦ | عجيب | ١ | عَجِيب | سەیر |
| ٥٧ | عەجايب | ٢ | عَجَائِب | سەیروسەمەرە |
| ٥٨ | عەرز | ١ | عَرْض | نمایش / پێشکەش |
| ٥٩ | عەينەن | ١ | عَيْناً | هەمان شت / وەک یەک |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٦٠ | فترەک | ١ | فَتْرَة | ماوەیەک |
| ٦١ | فلیم | ١ | فِيلْم | فیلم |
| ٦٢ | فنون جەمیله | ١ | فُنُون جَمِيلَة | هونەرە جوانەکان |
| ٦٣ | فیکره | ٢ | فِكْرَة | بیرۆکە |
| ٦٤ | فەترەک | ٢ | فَتْرَة | ماوەیەک |
| ٦٥ | فەرع | ١ | فَرْع | لق / بەش |
| ٦٦ | فەرعی | ٢ | فَرْعِيّ | لاوەکی |
| ٦٧ | فەرق | ١ | فَرْق | جیاوازی |
| ٦٨ | قابیلیەت | ٢ | قَابِلِيَّة | توانایی |
| ٦٩ | قاعیده | ١ | قَاعِدَة | بنەما / یاسا |
| ٧٠ | قبوول | ١ | قَبُول | وەرگرتن / ڕازیبوون |
| ٧١ | قیرائه | ١ | قِرَاءَة | خوێندنەوە |
| ٧٢ | قەدیم | ٣ | قَدِيم | کۆن |
| ٧٣ | قەرار | ١ | قَرَار | بریار |
| ٧٤ | کەلیمه | ١ | كَلِمَة | وشە |
| ٧٥ | مجەله | ١ | مَجَلَّة | گۆڤار |
| ٧٦ | محازەره | ٢ | مُحَاضَرَة | وانە / سیمینار |
| ٧٧ | مرکز | ٢ | مَرْكَز | ناوەند |
| ٧٨ | متەوەسته | ١ | مُتَوَسِّطَة | ناوەندی |
| ٧٩ | مطابەعه | ١ | مُتَابَعَة | بەدواداچوون |
| ٨٠ | معلومات | ٢ | مَعْلُومَات | زانیاری |
| ٨١ | ملەوەن | ١ | مُلَوَّن | ڕەنگاوڕەنگ |
| ٨٢ | مهیم | ١ | مُهِمّ | گرنگ |
| ٨٣ | موزوع | ٢ | مَوْضُوع | بابەت |
| ٨٤ | موزیع | ١ | مُذِيع | بێژەر |
| ٨٥ | موقەصیر | ٢ | مُقَصِّر | کەمتەرخەم |
| ٨٦ | مەجموعه | ٤ | مَجْمُوعَة | کۆمەڵە |
| ٨٧ | مەسەلەن | ١ | مَثَلاً | بۆ نموونە |
| ٨٨ | مەنازیر | ١ | مَنَاظِر | دیمەنەکان |
| ٨٩ | نەجاحەت | ١ | نَجَاح | سەرکەوتن |
| ٩٠ | نەحریر (تەحریر) | ١ | تَحْرِير | نووسین / ئازادکردن |
| ٩١ | نەص | ١ | نَصّ | دەق |
| ٩٢ | نەقل | ١ | نَقْل | گواستنەوە |
| ٩٣ | نەقلیات | ١ | نَقْلِيَّات | گواستنەوەکان |
| ٩٤ | واسطه | ١ | وَاسِطَة | نێوەندگیری (واستە) |
| ٩٥ | وزەرا | ١ | وُزَرَاء | وەزیران |
| ٩٦ | وەتەن | ١ | وَطَن | نیشتمان |
| ٩٧ | یەعنی | ٥ | يَعْنِي | واتە |
| ٩٨ | ئیبتیدائی | ٣ | إِبْتِدَائِيّ | سەرەتایی |
| ٩٩ | ئیخبار | ٢ | إِخْبَار | هەواڵدان |
| ١٠٠ | ئیداره | ١ | إِدَارَة | بەڕێوەبەرایەتی |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ١٠١ | ئیعدام | ١ | إِعْدَام | لەسێدارەدان |
| ١٠٢ | ئیعلامی | ١ | إِعْلَامِيّ | ڕاگەیاندنکار |
| ١٠٣ | ئیمتیاز | ١ | إِمْتِيَاز | نایاب / تایبەتمەندی |
| ١٠٤ | ئیمتیحان | ١ | إِمْتِحَان | تاقیکردنەوە |
| ١٠٥ | ئیهتیمام | ٣ | إِهْتِمَام | گرنگیپێدان |
| ١٠٦ | ئەدا | ٢ | أَدَاء | ئەدا / جێبەجێکردن |
| ١٠٧ | ئەطیباء | ١ | أَطِبَّاء | پزیشکان |

لەم کەناڵەدا کۆد تێکەڵکردن لە نێوان زمانی (عەرەبی – کوردی) هەیە، کە (١٤٦)جارە. ئەمەش ئەو پرسیارە دەوروژێنێت، ئایە بۆچی زمانی عەرەبی باڵادەست و زاڵە؟ بۆچی دەستەواژەی کوردی ڕەسەن پشتگوێ خراوە؟ بەدڵنیاییەوە چەندین هۆکار هەیە، کە هەم پێشکەشکارەکان، هەم میوانانی بەرنامە، ناتوانن خۆیان لە بەکارهێنانی بەدوور بگرن، بگرە زۆرجار بۆ ئەم مەبەستەیە، کە خۆیان وەک کەسێکی زمانزان یان پێشکەوتوو و ئاست بەرز دەربخەن زۆرجاریش لەوانە هۆکارەکەی کاریگەریی مێژوویی و ئایینی بێت، کە زمانی عەرەبی بەهۆی ئایینی پیرۆزی ئیسلامەوە تێکەڵاوییەکی ڕۆحی و فەرهەنگیی قوڵی لەگەڵ زمانی کوردیدا هەیە. زۆرێک لە دەستەواژەکانی وەک (ان شاء الله، الحمدلله، فعلا، تەقریبا...... هیتر) بوونەتە بەشێک لە قسەکردنی ڕۆژانە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە ناکرێت پشت لە وشەی ڕەسەنی زمانەکەمان بکەین، تا ئەو شوێنەی وشەو دەستەواژەی کوردی هەبێت، پێویستە ڕوو لە وشەی زمانی دیکە نەکەین، بەتایبەتی لە میدیاکاندا، چونکە میدیا وەک مینبەرێکە، پێوستە نەوەکانی داهاتوو بە وشەی ڕەسەنی زمانەکەیان ئاشنابن و بیزانن، نەک فێری زمانیکی تێکەڵ و شێواوبن.

خشتەی (٧) دیاردەی کۆد تێکەڵکردنی لە نێوان زمانی (ئینگلیزی – کوردی) لە کەناڵی (UTV)دا

| ژ | دەستەواژەی بەکارهاتوو | دەستەواژەی ئینگلیزی (Original) | دەستەواژەی کوردیی ڕەسەن (پێشنیازکراو) |
|---|---|---|---|
| ١ | پۆدکاست | Podcast | بەرنامەی دەنگی / پۆدکاست |
| ٢ | دۆبلێر | Dubber / *Doublure* | ڕۆڵگێڕی دەنگی / دۆبلاژکار |
| ٣ | ئەکتەر | Actor | نواندنکار / ئەکتەر |
| ٤ | کاسێت | Cassette | شریت / کاسێت |
| ٥ | سمارت | Smart | زیرەک |

بەپێی ئەم خشتەیە کۆد تێکەڵکردن لە نێوان زمانی (ئینگلیزی -کوردی ) تەنها (٥) جار بەکارهاتووە.

| ژ | دەستەواژەی نافەرمی بەکارهاتوو (L) | | دەستەواژەی فەرمی پێشنیارکراو(H) | شیکردنەوەی زمانەوانی و گۆڕانکارییەکان |
|---|---|---|---|---|
| ١ | بابم | ٤ | باوکم | شێوەزاری ناوچەی هەولێر |
| ٣ | براوی کردەوە | ١ | بڵاوی کردەوە | (ڵ > ر). |
| ٤ | براویان کردەوە | ٢ | بڵاویان کردەوە | (ڵ > ر). |
| ٥ | بریا | ٤ | خۆزگە | "بریا" لە هەولێر باوە، "خۆزگە" ستانداردترە. |
| ٦ | بەخێربێی | ١ | بەخێربێیت | لابردنی پیتی (ت) لە کۆتایی (کار)فرمان |
| ٧ | بەران | ٣ | بەڵام | (ڵ > ر). |
| ٨ | بەرانەکینێ | ٣ | بەڵا کینێ (بەڵام) | وشەی (کینێ) زیادکراوە بۆ جەختکردنەوە (تایبەت بە هەولێر). |
| ٩ | پێشەنگو | ٣ | پێ ئێوە | گۆڕینی (ئێوە ) بۆ (نگو) کە تایبەتمەندییەکی دەنگیی شێوەزاری هەولێرییە. |
| ١٠ | تێکەر | ١ | تێکەڵ | (ڵ > ر). |
| ١١ | چارمانگ | ١ | چوار مانگ | قوتدانی پیتی (و) لە وشەی چوار |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ١٢ | خەرک | ٥ | خەڵک | (ڵ < ر). |
| ١٣ | دوایی | ٢ | دوایی / پاشان | گۆڕینی بزوێنی کۆتایی. |
| ١٤ | دوسێ سار | ٧ | دوو سێ ساڵ | (ڵ < ر). |
| ١٥ | رادیۆن | ١ | رادیۆ | زیادکردنی (ن) بۆ کۆتایی وشە لە هەندێک دۆخدا. |
| ١٦ | رۆژەکی | ٢ | رۆژێک | گۆڕینی (ێک < ئەکی) تایبەتمەندییەکی دەنگیی شێوەزاری هەولێرییە. |
| ١٧ | سارانی دووهەزارەکان | ١ | ساڵانی دوو هەزارەکان | (ڵ < ر). |
| ١٨ | عاقردەبێ | ١ | عاقڵ دەبێت | (ڵ < ر). |
| ١٩ | غەرەت | ٢ | هەڵە (غەڵەت) | (ڵ < ر) تەنانەت لە وشەی عەرەبی (غلط < غەرەت). |
| ٢٠ | فلچە | ٢ | فڵچە | گۆڕینی (ڵ)ی قەڵەو بۆ (ل)ی سادە |
| ٢١ | فەترەک | ١ | ماوەیەک | تێکەڵ (فترة + ەک). |
| ٢٢ | کابرا | ١ | پیاوەکە / کەسەکە | وشەی بازاڕی بۆ ئاماژەدان بە کەسی سێیەم. |
| ٢٣ | کچکەبووم | ١ | منداڵ بووم / کچۆڵە بووم | بەکارهێنانی پاشگری (کە) بۆ بچووککردنەوە. |
| ٢٤ | کورە | ١ | کوڕە / ئەری | گۆڕینی پیتی (ڕ) بۆ(ر)لێرەدا وەک ئامرازی بانگکردن یان سەرسوڕمانە، نەک ڕەگەزی نێر. |
| ٢٥ | کورە خارم | ١ | کوڕە خاڵم | (ڵ < ر) لە وشەی خاڵ. |
| ٢٦ | کوو | ١ | چۆن | (کوو) واتە (چۆن) لە شێوەزاری هەولێر. |
| ٢٧ | کۆران | ١ | کۆڵان | (کۆڵان) بێت ئەوا (ڵ <ر) |
| ٢٨ | کۆمەرەک | ٢ | کۆمەڵێک | (ڵ < ر) + (ێک < ئەک). |
| ٢٩ | کەتنکەر | ١ | شەڕانی / هاروهاج | وشەی (کەتن) لە هەولێر بۆ منداڵی هار بەکاردێت. |
| ٣٠ | گچکە | ١ | بچووک | وشەی (گچکە) تایبەتە بە شێوەزاری هەولێر و دەوروبەری. |
| ٣١ | گۆتم | ١ | گوتم / وتم | گۆڕینی (و < ئۆ) (Got < Gut). |
| ٣٢ | لۆ نموونە | ١ | بۆ نموونە | گۆڕینی پیتی (ب) بۆ (ل) (بۆ < لۆ). |
| ٣٣ | لەکێ خێندیتت | ١ | لە کوێ خوێندووتە؟ | گۆڕینی (وێ < ێ) و (خوێند < خێند). |
| ٣٤ | لەکێ هاتییە دنیایێ | ١ | لە کوێ لەدایک بوویت؟ | شێوەی پرسیارکردنی تایبەت بە شاری هەولێر (لەکێ = لە کوێ). |
| ٣٥ | مارمان | ٦ | ماڵمان | (ڵ < ر). |
| ٣٦ | هەربژێری | ١ | هەڵبژاردن | (ڵ < ر) لە وشەی هەڵبژاردن. |
| ٣٧ | هەرگرتییە | ١ | هەڵگرتییە | (ڵ < ر) |
| ٣٨ | هەرلێگەڕێ | ١ | هەر لێی گەڕێ | ئیدیۆم، لابردنی (ی). |
| ٣٩ | واللە دووبارە دەکەمەوە | ١ | بەخوا دووبارەی دەکەمەوە | جەختکردنەوە. دەستەواژەیەکی نافەرمییە |
| ٤٠ | واللە کاکە | ١ | سوێند بە خوا کاکە | دەستەواژەی گفتوگۆی پیاوانە. دەستەواژەیەکی نافەرمییە |
| ٤١ | واللەهی چووم | ١ | سوێند بە خوا ڕۆیشتم | سوێندخواردن. دەستەواژەیەکی نافەرمییە |
| ٤٢ | ئاوەدانتکردەوە یاخوە | ١ | خۆشحاڵبووم بە ئامادەبوونت | وتەیەکی باوی نێو کۆمەڵگەی کوردییە بۆ میوان و دۆست بەکاردێت نەک لە شوێنی فەرمی |
| ٤٣ | ئائا | ١ | بەڵێ / ڕاستە | دەربڕینی ڕازیبوون لە زمانی زارەکیدا. دەستەواژەیەکی نافەرمییە |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٤٤ | ئێ | ١ | ئا / کەواتە | هاندانی بەرامبەر بۆ بەردەوامبوون لە قسە، دەستەواژەیەکی نافەرمییە |
| ٤٥ | ئێ تەواو | ١ | باشە ئیتر / تەواو | کۆتایی هێنان بە گفتوگۆ، دەستەواژەیەکی نافەرمییە |
| ٤٦ | ئێ ئێ | ١ | بەڵێ / دواتر؟ | هاندانی بەرامبەر بۆ بەردەوامبوون لە قسە، دەستەواژەیەکی نافەرمییە |
| ٤٧ | ئەری واللە | ١ | بەڵێ سوێند بە خوا | وشەی جەختکردنەوەی زۆر باو دەستەواژەیەکی نافەرمییە |
| ٤٨ | ئەها | ١ | ئا / دەبینیت | وشەی پڕکەرەوە (Filler) بۆ ڕاکێشانی سەرنج، دەستەواژەیەکی نافەرمییە |
| ٤٩ | ئەوێ شەوێ | ١ | ئەو شەوە / شەوی ڕابردوو | دەستەواژەی دیاریکردنی کات (Deixis)، دەستەواژەیەکی نافەرمییە |

خشتەی (٨) دیاردەی دایاگلۆسیا لەکەناڵی (UTV)دا

بەپێی ئەم خشتەیە لە کەناڵی UTV ؛ (٨٠)جار دیاردەی دایاگلۆسیا هەیە، هۆکارەکەی بۆ نەبوونی هۆشیاری زمانی دەگەڕێتەوە. هەرچەندە ئەمە ڕەنگە وەک ستراتیژییەک بۆ نزیکبوونەوە لە جەماوەری ناوچەکە بەکاربێت، بەڵام لەڕووی ئەکادیمییەوە زیانی گەورەی هەیە؛ بەتایبەتی لە ڕووی پەراوێزخستنی بینەرانی ناوچەکانی دیکە و لاوازکردنی پێگەی زمانی فەرمی لای نەوەی داهاتوو، بۆیە ئەم شێوازی ڕەوایەتی دەدات بەوەی هەر کەسەو بە زمانی ماڵەوەی خۆی بنووسێت و قسە بکات، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی زمانەکە هەرگیز نەبێتە زمانێکی یەکگرتووی بەهێز.




هێلکاری (٣) ڕێژەی هەردوو دیاردەی (کۆد تێکەڵکردن و دایاگلۆسیا لەکەناڵی (UTV)دا




هێڵکاری (٤) ڕێژەی کۆد تیکەڵکردن ( عەرەبی –کوردی) و (ئینگلیزی – کوردی ) لەهەرسی کەناڵدا




هێڵکاری (٥) ڕێژەی دیاردەی دایاگلۆسیا لەهەرسێ کەناڵدا

## ئەنجام

ئەنجامە گشتییەکانی توێژینەوەکە بریتین لە:

١ . توێژینەوەکە دەریخستووە، کە ڕێژەی بەکارهێنانی وشەی عەرەبی لە میدیای کوردیدا لە ئاستێکی زۆر بەرزدایە ، بۆ نموونە لە یەک بەرنامەدا ١٤٦جار دووبارە بووەتەوە، ئەمەش نیشانەی پشتگوێخستنی فەرهەنگی دەوڵەمەندی زمانی کوردییە.

٢ . دیاردەی کۆدتێکەڵکردنی بەردەوام (بە تایبەت لەگەڵ ئینگلیزی) بۆتە هۆی دروستبوونی شێوازێکی ئاخاوتن، کە نە کوردییەکی پەتییە و نە زمانە بیانییەکەیە، ئەمەش مەترسی "مردنی وشە ڕەسەنەکان" و لاوازکردنی ناسنامەی نەتەوەیی لێدەکەوێتەوە.

٣ . زاڵبوونی شێوەزارە ناوچەییەکان (دایاگلۆسیا). میدیاکان لەبری بەهێزکردنی "زمانی ستاندارد"، بوونەتە مینبەر بۆ سەپاندنی شێوەزارە ناوچەییەکان، ئەمەش پرۆسەی یەکگرتنی زمانی نەتەوەیی سست کردووە.

٤. توێژینەوەکە دەریخستووە، کە دایاگلۆسیا بووەتە هۆی شێواندنی دەنگی و ڕێزمانی، وەک گۆڕینی (ڵ بۆ ر) یان لابردنی پیتی (د ، ت) لە کۆتایی کارەکاندا، کە ئەمە هێزی ڕێزمانی زمانەکە لاواز دەکات.

٥ . وشەی ئینگلیزی زۆرجار وەک هێمایەک بۆ "ڕۆشنبیری و مۆدێرن بوون" بەکاردێت، لە کاتێکدا وشە عەرەبییەکان بەهۆی کاریگەری مێژوویی و ئایینییەوە بە نائاگایی دزەیان کردووەتە ناو زمانی ڕاگەیاندن.

٦ . کەناڵە کوردییەکان بە هەردوو جۆرەکەیەوە: ئاسمانی، و ناوخۆیی، خاوەنی ستراتیژێکی ڕوونی زمانی نین و ڕێگری لە پاشاگەردانیی زمانی پێشکەشکار و میوانەکانیان ناکەن.

٧ . ئەم دوو دیاردەیە لە میدیاکاندا، دەبێتە هۆی دروستبوونی "نامۆیی زمانی" لای نەوەی داهاتوو، بە جۆرێک، کە ناتوانن لە ناوەندە فەرمییەکاندا بە زمانێکی پاراو و ستاندارد گوزارشت لە خۆیان بکەن.

## پێشنیازەکان

لەسەر بنەمای دەرەنجامی ئەم توێژینەوەیە، ئەم پێشنیازانە دەخەینەڕوو:

١. کردنەوەی خولی بەردەوام بۆ بێژەر و پێشکەشکاران لەسەر چۆنییەتیی دەربڕینی ڕاستی دەنگەکان (Phonetics) و دوورکەوتنەوە لە شێوەزاری ناوچەیی لە کاتی پەخشی فەرمیدا.

٢. پێویستە هەر دامەزراوەیەکی میدیایی فەرهەنگۆکێکی (Glossary) تایبەتی هەبێت، کە تێیدا وشە کوردییە ڕەسەنەکان بخاتە بەردەستی پێشکەشکاران تا لەبری وشە بیانییەکان بەکاریبهێنن.

٣. دەزگاکانی ڕاگەیاندن لێپرسینەوە لەگەڵ ئەو کارمەندانە بکەن کە بە ئەنقەست و بەبێ پاساو کۆدتێکەڵ دەکەن، بەتایبەت لە وشە ئینگلیزی و عەرەبییە ناپێویستەکاندا، کە وشەو دەستەواژەیان هەیە لە زمانی کوردیدا.

٤. بۆ بەرنامە ڕاستەخۆکان بە تایبەتی ئەو بەرنامانەی کە میوان-ی تێدا بانگکراوە، بۆ ئەوەی بتوانێت ڕێگری لەم دوو دیاردەیە بکرێت، ئەوە پێویستە بێژەر یان پێشکەشکار ڕۆڵی پرد ببینێت و دەستبەجێ وشە بیانی یان شێوەزارەکان دابڕێژێتەوە بۆ بینەر. ئەمە کاریگەرترین چەکە لە دەستی بێژەردا. کاتێک میوانەکە وشەیەکی عەرەبی یان ئینگلیزی، یان شێوەزارێکی زۆر بەکاردەهێنێت، بێژەریان پێشکەشکار دەبێت راستەوخۆ چاکی بکاتەوە یان وەریبگرێت بۆ زمانی ستاندارد، بەڵام بە شێوازێکی دیبلۆماسی لەگەڵ ئەوەش گرنگە ئامادەسازیی دەروونی (Priming) بۆ میوان بکرێت، پێش بەرنامەکە، تاوەکو هانبدرێت بە زمانی ستاندارد بدوێت، ئەمەش دوور لە ڕێکاری بەخورتی، بەڵکو وەک بەرپرسیارێتییەکی نیشتمانییە.

**سەرچاوەکان**


١) سلێمان، ئازاد عەزیز، شەعید، یوسف شەریف، (٢٠٢١)، زمانی ڕاگەیاندن لەنیوان گەشەی زمان و ناسنامەی نەتەوەییدا(کەناڵە ئاسمانییەکان بەنموونە)، گ. پۆلیتەکنیکە هەولێر. ب٢، ژ١.

٢) شادان شوکر (٢٠٠٨) زمان تێکەڵکردن لە قسەکردندا، ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین.

٣) شوانی، د. رفیق، زمانەوانی،(٢٠٠٩ )چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی دهۆک.

٤) عەبدوڵڵا، هیوا مولود، ٢٠١٦، نامەی ماستەر، سکوڵی زمان، زانکۆی سلێمانی.

٥) عبدولڕەحمان، باخان سەرحەد، سەعید، محەمەد مجید،(٢٠١٩) ژەهری زمانی و کتریگەری لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی( زمانی کوردی بەنموونە) گ. زانکۆی گەرمیان٦(٣)https://doi.org/10.24271/garmian.19637 .

٦) فتاح، محمد معروف(٢٠١٠) لیکۆلینەوە زمانەوانییەکان، چاپخانەی موکریانی، هەولێر.

٧) هدسن(١٩٨٧) غلم اللغه الاجتماعی، محمود عبدالغنی عیاد، الطبعة الاولی،دار الشون الثقافة العامیه.

8) Crystal, D. (2000). Language Death. Cambridge: Cambridge University Press.

9) Labov, W. (1972). Sociolinguistic Patterns. Philadelphia: University of Pennsylvania Press.

10) Skutnabb-Kangas, T. (1981). Bilingualism or Not: The Education of Minorities. Clevedon:

11) Abubakr, S. N., Hassan, Z. M., & Muhedeen, B. L. (2017). Code-switching as Identity Marker: A Sociolinguistic Study of Kurdish EFL University Students. Journal of University of Human Development.

12) Britto, F. (1986). Diglossia: A Study of the Theory with Application to Tamil. Washington, D.C.: Georgetown University Press.

13) Ferguson, C. (1959). Diglossia. Word.

14) Fishman, J. A. (1967). Bilingualism with and without diglossia; diglossia with and without bilingualism. Journal of Social Issues.

15) Gumperz, (1982) - The gum is one of the scientists that says some code "more accurate meaning" or "more specific" to the message that is not found so carefully in the mother tongue.

16) Hudson, R. A. (1996). Sociolinguistics. Cambridge University Press.

17) Maamouri, M. (1998). Language Education and Human Development: Arabic Diglossia and its Impact on the Quality of Education in the Arab Region. Washington, D.C.: The World Bank

18) Muysken, (2000). Bilingual Speech: A Typology of Code-mixing. Cambridge: Cambridge University Press.

19) muysken, (2000, ) - He believes "literal needs" (lexal negative) is one of the most common causes of insertion.

20) Myers-scotton, (1993) Or to say I'm with you (solidarity) or so that others do not understand (Exclusion

21) Poplack, S. (1980). "Sometimes I'll start a sentence in Spanish Y TERMINO EN ESPAÑOL: toward a typology of code-switching". Linguistics.

22) Schiffman, H. F. (1997). Linguistic Culture and Language Policy. London: Routledge.

23) Spolsky, B. (1998). Sociolinguistics. Oxford University Press.

24) Wardhaugh, R. (2006). An Introduction to Sociolinguistics. Blackwell Publishing.

25) Bourdieu, P. (1991). *Language and Symbolic Power*. Cambridge: Harvard University Press.

# Models of media literacy and learning from specialised media for children: A comparative study between the Kurdistan Region and Norway

**Derin Mahmood**
Children's Coaching and Education,
Ministry of Education and Development
Norway, Oslo
Derin.mahmood@nordrefollo.commune.no

**Abstract**
Over the past two decades, digital media has become an integral element of children's daily lives, with screen platforms emerging as primary sources for learning and socializing. This paper provides a scientific analysis and comparative evaluation of two different models of specialized media for children: Newton on Norwegian NRK Super and Afrin in the Iraqi Kurdistan Region. Theoretically, the study draws on Albert Bandura's social learning theory and Alan Paivio's dual coding theory. In addition, it examines the legal and pedagogical framework of the Norwegian National Curriculum (LK20) alongside the UN Convention on the Rights of the Child. Utilizing qualitative methodology and content analysis tools, the study assesses how these platforms function as educational agents. The findings reveal that the Norwegian model, characterized by its systematic integration with the national curriculum and emphasis on experiential learning and critical media literacy, has a profound impact on children's cognitive development. Conversely, while the Kurdish (Afarin) model demonstrates success in transmitting linguistic values and moral ethics, it reveals a significant gap in fostering scientific research and media awareness. The paper concludes by proposing a national strategic framework for the reform and development of educational media for children in the Kurdistan Region.

**Keywords:**
Media Literacy, Learning Models, Specialist Children's Media, NRK Super, Afarin Channel

# پەروەردەی میدیایی و مۆدێلەکانی فێربوون لە میدیای تایبەتمەندی منداڵان-دا:
## توێژینەوەیەکی بەراوردکاریی لە نێوان هەرێمی کوردستان و نەرویژ دا

**دێرین مەحموود**
ڕاهێنەر و پسپۆڕی پەروەردەی منداڵان،
وەزارەتی پەروەردە و گەشەپێدان
ئۆسلۆ، نەرویژ
Derin.mahmood@nordrefollo.kommune.no

### پوختە
لە دوو دەیەی ڕابردوودا، میدیای دیجیتاڵی وەک ڕەگەزێکی دانەبڕاو چووەتە نێو ژیانی ڕۆژانەی منداڵان و سەکۆ شاشەییەکان بوونەتە سەرچاوەیەکی سەرەکی بۆ فێربوون و بەکۆمەڵایەتیبوون. ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکی زانستییە بۆ شیکردنەوەی ناوەڕۆک و بەراوردکردنی دوو مۆدێلی جیاواز لە میدیای تایبەت بە منداڵان: بەرنامەی (Newton) لە چەناڵی (NRK Super)ی نەرویژی و چەناڵی (ئافەرین) لە هەرێمی کوردستانی عێراق. توێژینەوەکە لە ڕووی تیۆرییەوە پشت بە "تیۆری فێربوونی کۆمەڵایەتی"ی ئەلبێرت باندورا و "تیۆری کۆدکردنی دووانەیی"ی ئالان پەیڤیۆ دەبەستێت. هەروەها لە ڕووی یاسایی و پەروەردەییەوە پشت بە پلانی فێرکاری نیشتمانیی نەرویژ (LK20) و ڕێککەوتننامەی جیهانی مافەکانی منداڵان دەبەستێت. بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانی توێژینەوەکە، ڕێبازی چۆنێتی و ئامرازی شیکردنەوەی ناوەڕۆک بەکارهێنراوە. ئەنجامەکان دەریانخست، کە مۆدێلی نەرویژی بەهۆی گرێدانی سیستماتیکانە بە پرۆگرامی خوێندن و جەختکردنەوە لەسەر فێربوونی ئەزموونی و پەروەردەی میدیایی ڕەخنەگرانە، کاریگەرییەکی قووڵتر لەسەر گەشەی مەعریفیی منداڵان هەیە. لە بەرامبەردا، مۆدێلی کوردی لە چەناڵی ئافەرین سەرەڕای سەرکەوتنی لە گواستنەوەی بەها زمانەوانی و ئاکارییەکان، بەڵام بۆشاییەکی بەرچاوی لە پەرەپێدانی هزری زانستی و هۆشیاریی میدیاییدا هەیە. لە کۆتاییدا، توێژینەوەکە بە ڕاسپاردەی دارشتنی ستراتیژییەکی نیشتمانی بۆ پەرەپێدانی میدیای فێرکاریی بۆ منداڵان لە کوردستان کۆتایی دێت.

### کلیلەوشەکان:
پەروەردەی میدیایی، مۆدێلەکانی فێربوون، میدیای تایبەتمەندی منداڵان، (NRK Super)، چەناڵی ئافەرین

### پێشەکی
لە سەردەمی ئەمڕۆدا، پەرەسەندنی خێرای تەکنەلۆژیا و میدیای دیجیتاڵی کاریگەرییەکی گەورەیان لەسەر شێوازی ژیان و فێربوونی منداڵان دروستکردووە. میدیای دیداری و شاشەییەکان بوونەتە بەشێکی گرنگ لە ژیانی ڕۆژانەی منداڵان و زۆرجار وەک سەرچاوەیەکی سەرەکی بۆ بەدەستهێنانی زانیاری، فێربوون و بەشداری کۆمەڵایەتی بەکاردێن. لەبەر ئەوە، میدیای تایبەت بە منداڵان دەتوانێت ڕۆڵێکی گرنگ لە پەروەردە و گەشەی هزری و مەعریفیی منداڵاندا ببینێت. لەهەمان کاتدا، جیاوازییەکی گەورە لە نێوان سیستەمە میدیاییەکانی جیهاندا هەیە، بە تایبەت لە ڕووی پەیوەندییان بە سیستەمی پەروەردەیی و پلانی فێرکاریی نیشتمانی. هەندێک وڵات، وەک نەرویژ، میدیای منداڵان بە شێوەیەکی سیستماتیک بە فێرکاریی و گەشەپێدانی هزری زانستی گرێ دەدەن، لەکاتێکدا هەندێک ناوچەی تر هێشتا ئەم پەیوەندییە بە شێوەیەکی تەواو دروست نەکراوە. لەبەر ئەم هۆکارانە، ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ شیکردنەوە و بەراوردکردنی دوو ئەزموونی جیاواز لە میدیای تایبەت بە منداڵان، کە بریتین لە بەرنامەی (Newton) لە چەناڵی (NRK Super)ی نەرویژی و چەناڵی (ئافەرین) لە هەرێمی کوردستانی عێراق. ئامانجی سەرەکی توێژینەوەکە بریتییە لە دەرخستنی شێوازی دروستکردن و پێشکەشکردنی ناوەڕۆکی فێرکاریی بۆ منداڵان، هەروەها هەڵسەنگاندنی کاریگەریی ئەم بەرنامانە لەسەر پەرەپێدانی هزری زانستی و هۆشیاریی میدیاییان. هەروەها ئەم لێکۆڵینەوەیە هەوڵدەدات بە ڕوانگەیەکی زانستی بزانێت، تا چ ڕادەیەک میدیا دەتوانێت وەک ژینگەیەکی فێربوونی چالاک کار بکات و چۆن دەتوانرێت ببێتە تەواوکەری پرۆسەی فێربوونی قوتابخانە. لە کۆتاییدا، ئەم توێژینەوەیە بە پێشکەشکردنی ئەنجام و ڕاسپاردە زانستییەکان، هەوڵدەدات بەشداری بکات لە پەرەپێدانی میدیای فێرکاریی بۆ منداڵان لە کوردستان. ئەم توێژینەوەیە بەسەر پێنج بەشی سەرەکی و تەواوکاری یەکتردا دابەش دەبێت. لە بەشی یەکەمدا؛ ڕێبازنامەی توێژینەوە و چوارچێوەی میتۆدی کارەکە دەخرێتەڕوو. بەشی دووەم تەرخانکراوە بۆ تیۆرینامەی توێژینەوەکە و تێیدا پشتبەست بە تیۆری فێربوونی کۆمەڵایەتیی ئەلبێرت باندورا (١٩٧٧)، تیۆری کۆدکردنی دووانەیی ئالان پەیڤیۆ (١٩٨٦)، پلانی فێرکاریی نیشتمانی نەرویژ (LK20) و ڕێککەوتننامەی مافەکانی منداڵ (Barnekonvensjonen) بەستراوە و گۆڕاوە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە و پەیوەندی نێوانیان ڕوون دەکرێتەوە. لە بەشی سێیەمدا، کردەنینامەی توێژینەوەکە و ڕێکارەکانی کۆکردنەوەی داتا و زانیارییەکان باس دەکرێن. بەشی چوارەم تایبەتە بە شیکارینامەی توێژینەوەکە و تێیدا شیکردنەوەیەکی بەراوردکارییانە بۆ ناوەڕۆکی پرۆگرامەکانی دوو میدیای تایبەتمەندی منداڵان دەکات، کە ئەوانیش چەناڵی یوتیووبی "ئافەرین" لە هەرێمی کوردستان و چەناڵی "NRK Super" لە نەرویژ-ن. لە بەشی پێنجەم و کۆتاییدا، ئەنجامگیریی گشتی، ڕاسپاردە و پێشنیازەکانی توێژینەوەکە دەخرێنەڕوو.

## ١. بەشی یەکەم: ڕێبازنامەی توێژینەوە

### ١.١: دەروازەی بەش

سەدەی بیستویەک سەدەی شاشەکانە. منداڵان پێش ئەوەی بخوێننەوە و بنووسن، دەتوانن بە ئاسانی شاشە بەکاربهێنن. ئەم گۆڕانکارییە گەورەیە وای کردووە میدیای دیجیتاڵی تەنها ئامرازێکی کاتبەسەربردن نەبێت؛ بەڵکو ببێتە فەزایەکی فێربوونی نافەرمی. لە نەرویژ، میدیای منداڵان وەک (NRK Super)، بەشێکە لە سیستمی گشتیی پەروەردە و گرێدراوی پلانی (LK20)ە. لە بەرامبەردا، لە کوردستان زۆربەی ناوەڕۆکەکان لە یوتیووب (وەک چەناڵی ئافەرین) پەخش دەکرێن، کە زۆرجار چوارچێوەیەکی فەرمی، یان پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیان بە پرۆگرامی قوتابخانەوە نییە.

### ١. ٢: ناونیشانی توێژینەوەکە و هۆکارەکانی هەڵبژاردنی

"پەروەردەی میدیایی و مۆدێلەکانی فێربوون لە میدیای تایبەتمەندی منداڵان-دا: توێژینەوەیەکی بەراوردکاریی لە نێوان هەرێمی کوردستان و نەرویژدا"، ناونیشانی سەرەکیی ئەم توێژینەوەیەیە، کە بابەتێکی نوێ و هاوچەرخە و پێشتر کاری لەسەر نەکراوە، هەر بۆیە گرنگی ئەم توێژینەوەیە لە چەند ڕوویەکەوە دەردەکەوێت، لەوانە: لە ڕووی زانستییەوە؛ دەبێتە هۆی پڕکردنەوەی کەلێنی توێژینەوە زانستییەکان لە بواری پەیوەندی نێوان پەروەردەی میدیایی و پرۆگرامەکانی منداڵان. لە ڕووی پەروەردەییەوە؛ دەبێتە هۆی پێشکەشکردنی ڕێنمایی هاوچارخی پەروەردەیی بۆ دروستکەرانی ناوەڕۆک بە مەبەستی پەیڕەوکردنی بنەمای زانستی. لە ڕووی سیاسەتی میدیایی-ەوە؛ یارمەتی دامەزراوە پەروەردەیی و میدیاییەکان دەدات بە مەبەستی دروستکردنی چوارچێوەیەکی سیستماتیک بۆ پاراستن و پەروەردەکردنی منداڵ.

### ١. ٣: کێشەی توێژینەوە

لە سەردەمی دیجیتاڵیی ئەمڕۆدا، میدیا بووەتە یەکێک لە گرنگترین سەرچاوەکانی فێربوون و گەشەپێدانی منداڵان. منداڵان بە شێوەیەکی بەردەوام سەیری پرۆگرامەکانی تەلەفزیۆن و ناوەڕۆکی میدیایی دەکەن، کە ئەمەش دەتوانێت کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر فێربوون و بیرکردنەوەی ئەوان هەبێت. لە هەندێک وڵات، وەک نەرویژ، پرۆگرامەکانی منداڵان بە شێوەیەکی پلاندار و بە پشتبەستن بە بنەماکانی پەروەردەی میدیایی دروست دەکرێن، بۆئەوەی یارمەتیدەر بن لە پرۆسەی فێربوونی منداڵان، بەڵام لە کوردستان، زۆربەی پرۆگرامەکانی منداڵان زیاتر لەسەر بابەتی سەرگەرمی و گۆرانی و چیرۆک دامەزراون و کەمتر گرنگی بە ناوەڕۆکی فێرکاریی و زانستی دەدرێت. لەبەر ئەمە، کێشەی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە شیکردنەوەی جیاوازی نێوان شێوازی دیزاین و ناوەڕۆکی پرۆگرامەکانی منداڵان لە چەناڵی ( NRK Super) لە نەرویژ و چەناڵی ئافەرین لە کوردستان، هەروەها هەڵسەنگاندنی کاریگەری ئەم پرۆگرامانە لەسەر فێربوونی منداڵان.

### ١. ٤: گریمانەکانی توێژینەوە

توێژینەوەکە لەسەر ئەم گریمانانە دەوەستێت:

١.پرۆگرامەکانی منداڵان لە چەناڵی (NRK Super) زیاتر پشت بە بنەماکانی پەروەردەی میدیایی دەبەستن بە بەراورد لەگەڵ چەناڵی ئافەرین.

٢.ناوەڕۆکی فێرکاریی و زانستی لە پرۆگرامەکانی (NRK Super)، زیاترە لە پرۆگرامەکانی ئافەرین.

٣.پرۆگرامە پلاندار و فێرکارییەکان کاریگەرییەکی زیاتریان لەسەر فێربوونی منداڵان هەیە بە بەراورد لەگەڵ پرۆگرامە سەرگەرمییەکان.

### ١. ٥: ڕێباز و ڕێکارەکانی توێژینەوەکە

ئەم توێژینەوەیە پشت بە ڕێبازی وەسفی- شیکاری بەراوردییەکان دەبەستێت، کە گونجاوە بۆ: وەسفکردنی تایبەتمەندییەکانی ناوەڕۆکی میدیایی؛ شیکردنەوەی بنەما پەروەردەییەکان و هەڵسەنگاندنی مۆدێلەکانی فێربوون. هەروەها شیکاری ناوەڕۆک (Content Analysis) بەکاردەهێنرێت وەک ئامرازێکی سەرەکی بۆ پێوانەکردنی ئاستی ئامادەبوونی ڕەهەندە پەروەردەییەکان.

### ١. ٦: کۆمەڵ و مشتی توێژینەوەکە:

سەرجەم پرۆگرامەکانی چەناڵی یوتیوبی منداڵان؛ کۆمەڵی توێژینەوەکە پێکدەهێنن و مشتی توێژینەوەکەیش بە شێوەی هەڵبژاردنی مەبەستدار (Purposive Sampling) دیاریکراوە، چونکە ئەم جۆرە هەڵبژاردنە گونجاوترە بۆ توێژینەوە ناوەڕۆکییەکان، کە ئامانجیان شیکردنەوەی قووڵی تایبەتمەندییە پەروەردەییەکانە، نەک تەنها پێوانەکردنی ئاماری گشتی. مەبەست لەم هەڵبژاردنە ئەوەیە، نموونەکە نوێنەرایەتی جۆراوجۆریی ناوەڕۆک، جیاوازیی تەمەنی ئامانج و ئاراستەی فێرکاریی- سەرگەرمی بکات. بەم بنەمایە، ژمارەیەک لە پرۆگرامە بەناوبانگەکانی منداڵان لە چەناڵی (NRK Super) و چەناڵی ئافەرین هەڵبژێردران. لە چەناڵی (NRK Super) نموونەکە بەرنامە زانستی و ئاگادارییەکان لەخۆدەگرێت، وەک (Newton) و (Supernytt)، چونکە ئەم جۆرە ناوەڕۆکانە بە ڕوونی ڕەهەندی فێرکاریی و خوێندەواریی میدیایی نیشان دەدەن، هەروەها کارتۆنێکی (Edutainment)یش لەبەرچاو گیرا بۆ هەڵسەنگاندنی تێکەڵبوونی سەرگەرمی و فێرکاریی. لە چەناڵی ئافەرین-یش، بۆ دڵنیابوون لە هاوسەنگیی بەراورد، بەرنامەیەکی گۆرانی منداڵان، وەک نموونەی ناوەڕۆکی سەرگەرمی، بەرنامەیەکی فێرکاریی دینی/ ئەخلاقی، وەک نوێنەری ئاراستەی بەهای پەروەردەیی، وەک فێرکردنی پیت و ژمارە.

### ١. ٧: چەمکە بەکارهاتووەکانی توێژینەوەکە

١. ٧. ١: پەروەردەی میدیایی (Media Education)؛ بریتییە لە پرۆسەیەکی پەروەردەیی سیستماتیک، کە ئامانجی پەرەپێدانی توانای تاکەکانە بۆ: تێگەیشتنی ڕەخنەیی لە ناوەڕۆکی پەیامی میدیایی؛ شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی پەیامەکان؛ بەرهەمهێنانی ناوەڕۆکی میدیایی بە شێوەیەکی بەرپرسانە. هەروەها ئەم چەمکە لە بنەڕەتدا پەیوەستە بە پەرەپێدانی خوێندەواریی میدیایی (Media Literacy).

١. ٧. ٢: مۆدێلەکانی فێربوون؛ مەبەست لێ ئەو چوارچێوە تیۆرییانەن، کە ڕێنمایی پرۆسەی وەرگرتنی زانیاری و پەرەپێدانی لێهاتووییەکان دەکەن. لە چوارچێوەی ئەم توێژینەوەیەدا گرنگترین مۆدێلەکان بریتین لە: مۆدێلی فێربوونی ڕەفتاریی؛ مۆدێلی فێربوونی مەعریفی؛ مۆدێلی فێربوونی کۆمەڵایەتیی و مۆدێلی فێربوونی بەشدارییکردن.

١. ٧. ٣: میدیای تایبەتمەندی منداڵان؛ بریتییە لەو دامەزراوە و ناوەڕۆکانەی، کە بە شێوەی تایبەت بۆ تایبەتمەندییە گەشەیی، دەروونی و زمانەوانییەکانی منداڵان دیزاین کراون. تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی بریتین لە: گونجاندن لەگەڵ قۆناغەکانی تەمەن؛ بەکارهێنانی زمان و وێنەی سادە؛ تێکەڵکردنی فێرکاریی و سەرگەرمی (Edutainment)؛ پاراستنی ئاسایشی دەروونیی منداڵ.

١. ٧. ٤: پرۆگرامەکانی منداڵان؛ ئەو ناوەڕۆکە تەلەفزیۆنیی و میدیاییانەن، کە بە مەبەستی فێرکردن، سەرگەرمی، یان هەردووکیان، بۆ منداڵان دروستکراون. ئەم پرۆگرامانەدا دەبێت پشت بە بنەماکانی پەروەردەیی و دەروونناسی گەشەی منداڵ ببەسترێت.

١. ٧. ٥: چەناڵی NRK Super؛ بە شێوەیەکی سیستماتیک بەشێکە لە سیستمی ڕاگەیاندنی گشتی نەرویژ و بە بنەمای ستراتیژی پەروەردەی میدیا کار دەکات. تایبەتمەندیی سەرەکی ئەم چەناڵە ئەوەیە، کە ناوەڕۆکەکانی تەنها بۆ سەرگەرمی نین، بەڵکو بە شێوەیەکی زانستی و پەروەردەیی دیزاین دەکرێن. لە ڕووی ئەکادیمییەوە، چەناڵەکە: پشت بە توێژینەوە دەروونناسییەکانی گەشەی منداڵ دەبەستێت؛ ناوەڕۆکی فێرکاریی هاوکاریکرن لەگەڵ سیستمی خوێندنی فەرمی پێشکەش دەکات؛ بایەخ بە خوێندەواری میدیایی دەدات؛ بەشێوەیەکی بەرفراوان بابەتە زانستییەکان، وەک: زانست، ژینگە و کۆمەڵناسیی دەخاتە ناو پرۆگرامەکان. هەروەها، هەندێک لە بەرهەمەکانی NRK Super وەک سەرچاوەی یارمەتیدەر بەکاردەهێنرێن بۆ وانە لە قوتابخانەکان، تەنانەت لە هەندێک قۆناغی خوێندنی باڵاتر، چونکە ناوەڕۆکەکان بە شێوەیەکی پەروەردەیی- زانستی ئامادە کراون و گونجاون بۆ پەرەپێدانی بیرکردنەوەی ڕەخنەیی.

١. ٧. ٦: چەناڵی ئافەرین؛ وەک میدیایەکی کوردیی تایبەت بە منداڵان، ڕۆڵێکی گرنگ لە پێشکەشکردنی ناوەڕۆکی زمان و کولتووری کوردی دەبینێت، بەڵام لە شیکاری ئەکادیمیدا دەبینرێت، کە ئاراستەی ناوەڕۆکی ئەم چەناڵە زیاتر بەرەو: گۆرانی و پرۆگرامە سەرگەرمییەکان؛ فێرکاریی بنەمای ئاینیی و ئاکاریی؛ چالاکییە هەستیی و ڕووحییەکان دەچێت. ئەگەرچی ئەمانە گرنگن بۆ پاراستنی ناسنامە و بەها کۆمەڵایەتییەکان، بەڵام بەراورد بە NRK Super؛ ئاستی بەکارهێنانی ناوەڕۆکی زانستیی- سیستماتیک کەمترە؛ پەیوەندیی ڕاستەوخۆ لەگەڵ پرۆگرامی خوێندنی فەرمی سنووردارترە و کەمتر گرنگی بە خوێندەواری میدیایی و بیرکردنەوەی ڕەخنەیی دەدرێت.

**٢. بەشی دووەم: تیۆرنامەی توێژینەوە**

**٢. ١: دەروازەی بەش**

لەم بەشەدا، گۆڕاوە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە دەخرێنەڕوو و بەوردیی شیدەکرێنەوە و پەیوەندی نێوانیان لە ڕوانگەی تیۆرەکانی فێربوونی منداڵان دەخرێنەڕوو. بەتایبەت کە ئەم توێژینەوەیەدا پشت بە دوو تیۆری سەرەکی دەبەستێت، لەوانە: تیۆری فێربوونی کۆمەڵایەتی (Bandura, 1977)، کە جەخت لەوە دەکاتەوە منداڵان زۆربەی لایەنی فێربوونیان لە ڕێگەی سەیرکردنی ڕەفتاری ئەوانی تر و نموونە میدیاییەکانەوە بەدەست دەهێنن. هەروەها تیۆری کۆد-کردنی دووانە (Paivio, 1986)، کە دووپاتی دەکاتەوە زانیارییەکان لە هەردوو شێوەی وێنە و وشە پێشکەش دەکرێن و بەرزترین کاریگەریی لەسەر یادگرتن و تێگەیشتن هەیە.

**٢. ٢: پەروەردەی میدیایی و ئاڕاستەکانی**

لە ئەدەبیاتی پەروەردەیی نەرویژدا؛ پەروەردەی میدیایی بەشێکی بنەڕەتییە لە گەشەپێدانی مەعریفی و کۆمەڵایەتی منداڵان. توێژینەوەکان نیشانی دەدەن، کە میدیا ژینگەیەکی فێربوونی هاوشانە (Erstad, ٢٠١٠). پەروەردەی میدیایی تەنها بە فێرکردنی بەکارهێنانی ئامرازە دیجیتاڵییەکان سنووردار نییە، بەڵکو پەرەپێدانی توانای تێگەیشتن و هەڵسەنگاندنی ناوەڕۆک لەخۆ دەگرێت. گرنگترین ئاڕاستەکانی پەروەردەی میدیایی لە وڵاتێکی سکەندناڤی وەک نەرویژ، بریتیین لە: پەرەپێدانی بیرکردنەوەی ڕەخنەیی، فێرکردنی تێگەیشتن لە پەیامی میدیایی، پێشکەشکردنی نموونەی ڕەفتاری باش و پاراستنی منداڵان لە مەترسییە دیجیتاڵییەکان. بە پێچەوانەوە، لە هەرێمی کوردستانی عێراق-دا کەمتر ئاشنا و ئاگاداری پەروەردەی خوێندەواریی میدیایی و ڕەهەندەکانین، بگرە زۆرتر پشت بە سەلیقەی کارکردن دەبەستن، نەک یاسا و ڕێسایەکی تایبەت بە پەروەردەی منداڵان، بەتایبەت لە پرۆگرامەکانی میدیای تایبەتمەندی منداڵان (Abdulla &Aivas, 2025). لەو نێوەندەشدا؛ پرۆگرامەکانی منداڵان لە ئەدەبیاتی میدیای تایبەتمەنددا زۆرجار بۆ سێ جۆری سەرەکی دابەش دەکرێن، کە هەریەکەیان کاریگەری جیاوازیان لەسەر فێربوونی منداڵان هەیە، لەوانە: پرۆگرامە فێرکارییەکان، کە ئامانجیان فێرکردنی ڕاستەوخۆیە و زۆرجار چەمکەکان بە شێوەی هەنگاو بە هەنگاو و ڕوون پێشکەش دەکرێن. توێژینەوەکان پیشانی دەدەن، کە ئەم شێوازە ئاستی یادگرتن و تێگەیشتن زیاد دەکات (Krumsvik, 2016). نموونەیەکی دیار لەم بوارەدا بەرنامەی (Newton)ە، کە چەمکە زانستییەکان بە شێوەی تاقیکردنەوەیی ڕوون دەکاتەوە. پرۆگرامە خەیاڵییەکان، کە زۆرتر جەخت لەسەر ئەنیمەیشن و ڕەنگ، جوڵە و چیرۆکی خەیاڵی بەکاردەهێنن بۆ سەرنجڕاکێشانی منداڵان. ئەگەرچی کاریگەرییان زیاترە، بەڵام ئەگەر ناوەڕۆکەکە پلاندار و پەروەردەیی نەبێت، کاریگەریی فێربوونیان سنووردار دەبێت. پرۆگرامە تەرفیهییەکان (کاتبەسەربردن)، کە ئامانجی سەرەکییان دروستکردنی کاتێکی خۆشە بۆ منداڵان، بەڵام ئەگەر پەیامی ڕەفتاریی و پەروەردەیی تێیدا ڕوون نەبێت، مەترسی تێگەیشتنی هەڵە، یان وەرگرتنی نموونەی ڕەفتاری ناگونجاو زیاد دەبێت. کەواتە پەروەردەی میدیایی دەتوانێت ڕۆڵێکی سەرەکی بگێڕێت؛ ئەگەر بەرنامەکان بە پشتبەستن بە بنەمای زانستی و پلانی نیشتمانیی دروست بکرێن، چونکە هۆکارە سەرەکییەکانی بەهێزکردنی کاریگەریی بریتین لە: پلاندانانی پەروەردەیی و هاوتاکردنی وێنە و وشە؛ پێشکەشکردنی نموونەی ڕەفتاری باش؛ چاودێریی و هۆشیاریی دایک و باوک لە هەڵبژاردنی ناوەڕۆک-دا؛ پشتگیریی یاسایی و دامەزراوەیی.

### ٢. ٣: مۆدێلەکانی فێربوون لە میدیای تایبەتمەندی منداڵان-دا
پەروەردەی میدیایی ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە پەرەپێدانی تواناکانی مەعریفی و کۆمەڵایەتی منداڵان. توێژینەوەکان نیشانی دەدەن، کە میدیا دەتوانێت ژینگەیەکی کاریگەر بۆ فێربوون دروست بکات، بەتایبەتی کاتێک ناوەڕۆکەکان بە شێوەیەکی پلاندار و پەروەردەیی ئامادە دەکرێن (Erstad, 2010). پەروەردەی میدیایی تەنها بە فێرکردنی بەکارهێنانی ئامرازە دیجیتاڵییەکان سنووردار نییە، بەڵکو پەرەپێدانی توانای تێگەیشتن، هەڵسەنگاندن و بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە لەخۆ دەگرێت. لە وڵاتانی سکەندناڤی، وەک نەرویژ، زۆر جەخت دەکرێت لەسەر: پەرەپێدانی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە؛ فێرکردنی تێگەیشتن لە پەیامە میدیاییەکان؛ پێشکەشکردنی نموونەی ڕەفتاری باش و پاراستنی منداڵان لە مەترسییە دیجیتاڵییەکان. بە پێچەوانەوە، لە هەرێمی کوردستان هێشتا سیستمێکی یاسایی و پلانی نیشتمانی ڕوون و بەهێز بۆ پەروەردەی میدیایی منداڵان نییە، بگرە زۆرجار کارکردن لەم بوارەدا پشت بە سەلیقەی دامەزراوە میدیاییەکان دەبەستێت ( Abdulla & Aivas, 2025). لە ئەدەبیاتی میدیای منداڵان-دا، پرۆگرامەکان زۆرجار بۆ سێ جۆری سەرەکی دابەشدەکرێن، کە هەریەکەیان کاریگەری جیاوازیان لەسەر فێربوونی منداڵان هەیە:

1. پرۆگرامە فێرکارییەکان؛ ئەم جۆرە بەرنامانە ئامانجی ڕاستەوخۆی فێرکردنە و چەمکەکان بە شێوەی هەنگاو بە هەنگاو و ڕوون پێشکەش دەکرێن. توێژینەوەکان نیشانی دەدەن، کە ئەم شێوازە ئاستی یادگرتن و تێگەیشتن زیاد دەکات (Krumsvik, 2016). نموونەیەکی دیار لەم بوارەدا بەرنامەی (Newton) لە (NRK Super)ە، کە چەمکە زانستییەکان بە شێوەی تاقیکردنەوە پێشکەش دەکات.

2. پرۆگرامە خەیاڵییەکان (ئەنیمەیشن- وێنە جوڵاوەکان)؛ ئەم بەرنامانە پشت بە ڕەنگ، جوڵە و چیرۆکی خەیاڵی دەبەستن بۆ سەرنجڕاکێشانی منداڵان، بەڵام ئەگەر ناوەڕۆکەکە پلاندار و پەروەردەیی نەبێت، کاریگەری فێرکارییەکەیان سنووردار دەبێت. توێژینەوەکانی بواری پەروەردەی میدیایی لە نەرویج نیشانی دەدەن، کە بەرنامە ئەنیمەیشنییەکان ئەگەر ناوەڕۆکی فێرکارییان هەبێت، دەتوانن هاوکاری گەشەپێدانی زمان و بیرکردنەوەی منداڵان بکەن (Erstad, 2010).

3. پرۆگرامەکانی خۆشباری و کاتبەسەربردن؛ ئامانجی سەرەکییان دروستکردنی کاتێکی خۆشە بۆ منداڵانە. ئەم جۆرە بەرنامانە دەتوانن سەرگەری بۆ منداڵان دروست بکەن، بەڵام ئەگەر پەیامی پەروەردەیی و ڕەفتاری ڕوون نەبێت، مەترسی تێگەیشتی هەڵە، یان وەرگرتنی ڕەفتاری نەگونجاو زیاد دەبێت. توێژینەوەکان نیشانی دەدەن، کە دەبێت ناوەڕۆکی میدیایی بۆ منداڵان بە وردی هەڵبژێردرێت ( Krumsvik, 2016).

### ٢. ٤ پەیوەندی نێوان پەروەردەی میدیایی و مۆدێلەکانی فێربوون
کاریگەریی میدیای تایبەت بە منداڵان، بە ئاستێکی زۆر پەیوەستە بە شێوازی دیزاین و پلاندانی ناوەڕۆک. لە سیستمی پەروەردەی نەرویجدا پەروەردەی میدیایی بەشێکی گرنگە لە فێربوونی منداڵان، چونکە یارمەتییان دەدات تێبگەن لە پەیامەکانی میدیا و بیرکردنەوەی ڕەخنەیی پەرە پێ بدەن (Erstad & Amdam, 2013). لە گرنگترین هۆکارەکانی بەهێزکردنی کاریگەری بەرنامەکان ئەمانەن: پلاندانی پەروەردەیی و هاوتاکردنی وێنە و وشە؛ پێشکەشکردنی نموونەی ڕەفتاری باش؛ چاودێری و هەڵبژاردنی وردی ناوەڕۆک لەلایەن دایک و باوک؛ هۆشیارکردنەوەی خێزان لەسەر بەکارهێنانی میدیا و پشتگیری یاسایی و دامەزراوەیی بۆ پاراستنی منداڵان لە میدیا (Krumsvik, 2016). بەپێی ئەم بنەمایانە، میدیای تایبەتمەندی منداڵان دەتوانێت لە کاتبەسەربردنەوە بۆ ئامرازێکی کاریگەری فێرکردن و پەروەردە بگوازرێتەوە.

### ٢. ٥: پوختەی بەش
ئەم بەشە پیشانی دا، کە پەروەردەی میدیایی بنەمایەکی سەرەکییە بۆ بەهێزکردنی کاریگەریی میدیای منداڵان. توێژینەوەکان جەخت لەوە دەکەنەوە، کە بەرنامە فێرکارییە پلاندارەکان، وەک Newton، کاریگەری زۆرتر لەسەر پەرەپێدانی تواناکانی مەعریفی و تێگەیشتن هەیە، بەراورد بە بەرنامە تەرفیهییە تەنهاکان، هەروەها دەرکەوت کە لە نەرویژ سیستمێکی ڕێکخراو بۆ پەروەردەی میدیایی هەیە، بەڵام لە هەرێمی کوردستان پێویستی بە پلاندانان و ڕێسای ڕوون، هێشتا هەست پێدەکرێت، بەتایبەت لە چەناڵەکانی وەک ئافەرین.

## ٣. بەشی سێیەم: کردەنینامەی توێژینەوە

### ٣. ١: ڕێبازی چۆنێتی و ڕێکارەکانی
لەم بەشەدا؛ ڕێباز و ڕێکارەکانی کۆکردنەوەی داتای توێژینەوەکە شی دەکرێنەوە، لەوانە ڕێبازی چۆنێتی (Qualitative Approach) و ڕێکاری شیکردنەوەی ناوەڕۆک (Content Analysis). ئەم توێژینەوەیە پشت بە ڕێبازی چۆنێتی دەبەستێت، کە یەکێکە لە ڕێبازە باوەکان بۆ هەڵسەنگاندنی ناوەڕۆکی میدیایی و دۆزینەوەی واتا و پەیامە ناوخۆییەکان (Buckingham, ٢٠١٥)، ئەم ڕێبازە ڕێگا دەدات بە توێژەر بۆ تێگەیشتنی قووڵتر لە ساختە و ئامانجی پەروەردەیی ناوەڕۆکەکان، بەتایبەتی لە بوارەکانی میدیای تایبەتمەندی منداڵان-دا.

### ٣. ٢: شیکردنەوەی ناوەڕۆک
لەم توێژینەوەیەدا کار لەسەر کۆمەڵێک بەرنامەی منداڵان کراوە، کە لە چەناڵی یوتیووبی منداڵان لە نەرویج و هەرێمی کوردستان پێکهاتوون. مشتی توێژینەوەکە بە شێوەی هەڵبژاردنی مەبەستدار (Purposive Sampling) دیاریکراوە، بۆئەوەی نوێنەرایەتی دروست بۆ ناوەڕۆکی چەناڵە هەڵبژێردراوەکان بکەن. لە چوارچێوەی ئەم توێژینەوەیەدا، توێژەر بەرنامەی (Newton) لە چەناڵی (NRK Super) لە نەرویج، وەک نموونەی مۆدێلێکی زانستی و تاقیکردنەوەیی هەڵبژاردووە، هەروەها ناوەڕۆکی پەروەردەیی منداڵان لە چەناڵی یوتیووبی ئافەرین

له هەرێمی کوردستانی عێراق، وەک نموونەی مۆدێلێکی گۆرانی و چیرۆک و زمانەوانی وەرگیراوە. هەریەک لەم بەرنامانە نوێنەری شێوازێکی جیاوازی ناوەڕۆکی میدیای منداڵانن. هەڵبەت هەڵبژاردنی بەرنامەی (Newton) بەهۆی ئەوەوە بوو، کە ناوەڕۆکی زانستی سروشتی بە شێوەیەکی تاقیکردنەوەیی و شیکاری پێشکەش دەکات، کە سەرنجڕاکێشە بۆ منداڵان لە تەمەنی (٢–١٢) ساڵ، هەروەها ئەم جۆرە ناوەڕۆکە دڵنیایی زیاتر بە دایک و باوک دەبەخشێت لە ڕووی فێرکارییەوە. لە بەرامبەردا، ناوەڕۆکی بەرنامەکانی ئافەرین زیاتر پشت بە گۆرانی و چیرۆک دەبەستێت، کە گونجاوترە بۆ منداڵانی تەمەنی (٢–٥) ساڵ، بەڵام لە هەندێک حاڵەتدا قووڵایی زانستی و ناوەڕۆکی مەعریفی پتەوی کەمترە.
هەروەک لە خشتەی ژمارە: ٠١ دا ڕوونکراوەتەوە، بۆ شیکردنەوەی ناوەڕۆکی بەرنامەکان، توێژەر فۆرمێکی تایبەتی شیکردنەوەی ناوەڕۆک دروستکردووە، کە پشت بە بنەماکانی شیکردنەوەی ناوەڕۆکی میدیایی دەبەستێت. ئەم فۆرمە بە مەبەستی هەڵسەنگاندنی تایبەتمەندییە پەروەردەیی و فێرکارییەکانی ناوەڕۆک دروستکراوە. فۆرمی شیکردنەوەکە لەسەر چەند پێوەرێکی سەرەکیی بنیاتنراوە، لەوانە: جۆری ناوەڕۆک: زانستی، گۆرانی، چیرۆک و سەرگەرمی؛ شێوازی پێشکەشکردنی ناوەڕۆک: تاقیکردنەوە، گفتوگۆ، گۆرانیی و چیرۆک؛ ئاستی ناوەڕۆکی فێرکاریی: بەرز، ناوەند و نزم؛ بەکارهێنانی ڕەنگ و جوڵە بۆ سەرنجڕاکێشانی منداڵان؛ بوونی پەیامی پەروەردەیی و ڕەفتاری باش لە ناوەڕۆک و گونجاویی ناوەڕۆک بۆ تەمەنی جیاوازی منداڵان. بەپێی ئەم پێوەرانە، ناوەڕۆکی بەرنامە هەڵبژێردراوەکان شیکراونەتەوە، بۆئەوەی جیاوازی نێوان شێوازی پێشکەشکردنی ناوەڕۆکی زانستی و ناوەڕۆکی گۆرانی و چیرۆک بۆ منداڵان ڕوون بکرێتەوە.

**خشتەی ژمارە: ٠١**

**پێوەرەکانی شیکردنەوەی ناوەرۆکی چەناڵی یوتیووبی منداڵان**

| پێوەری شیکردنەوە | ئافەرین | Newton (NRK Super) |
|---|---|---|
| جۆری ناوەڕۆک | گۆرانی و چیرۆک | زانستی/ فێرکاریی |
| شێوازی پێشکەشکردن | گۆرانی، چیرۆک، سەرگەرمی | تاقیکردنەوە، ڕوونکردنەوەی زانستی |
| ئاستی ناوەڕۆکی فێرکاریی | ناوەند | بەرز |
| بەکارهێنانی ڕەنگ و جوڵە | زۆر بۆ سەرنجڕاکێشان | مامناوەند بۆ ڕوونکردنەوە |
| پەیامی پەروەردەیی | بە شێوەی ناڕاستەوخۆ لە گۆرانی و چیرۆک | بە شێوەی ڕاستەوخۆ و فێرکاریی |
| گونجاویی تەمەن | (٢–٥) ساڵ | (٢–١٢) ساڵ |
| ئامانجی سەرەکی | فێربوونی زمان و سەرگەرمییەکان | فێرکردنی زانستی و تێگەیشتن و زمان |

**٣. ٣: پوختەی بەش**

ئەم بەشە نیشانی دا، کە بەکارهێنانی ڕێبازی چۆنێتی و شیکردنەوەی ناوەڕۆک ڕێگەیەکی گونجاوە بۆ هەڵسەنگاندنی میدیای تایبەتمەندی منداڵان. مشتی توێژینەوەکە بە شێوەی هەڵبژاردنی مەبەستدار دیاریکرا، بۆئەوەی نوێنەرایەتی دروست بۆ ناوەڕۆکی چەناڵە هەڵبژێردراوەکان بکات. لەم چوارچێوەیەدا، بەرنامەی (Newton) لە (NRK Super) وەک نموونەی مۆدێلی زانستی/ ئەزموونی هەڵبژێردرا، لەکاتێکدا ناوەڕۆکی پەروەردەیی منداڵان لە کەناڵی (ئافەرین) وەک نموونەی مۆدێلی گۆرانی و چیرۆکی/ زمانەوانی وەرگیرا. دەرکەوت کە هەریەک لەم بەرنامانە نوێنەری شێوازێکی جیاوازی ناوەڕۆکی منداڵانە. (Newton) چەمکە زانستییە سرووشتییەکان بە شێوەی تاقیکردنەوە و شیکاریی پێشکەش دەکات و بۆ تەمەنی (٢-١٢) ساڵ گونجاوە، بەمەش زیاتر دڵنیایی فێرکاریی بە دایک و باوک دەبەخشێت. لە بەرامبەردا، بەرنامەکانی (ئافەرین) زیاتر پشت بە گۆرانی، چیرۆک و زمانەوانی دەبەستن و زۆرجار بۆ تەمەنی (٢-٥) ساڵ گونجاوترن، بەڵام لە هەندێک حاڵەتدا قوڵیی زانستی و ناوەڕۆکی مەعریفییان سنووردارترە. بەپێی ئەنجامەکان، جیاوازییە سەرەکییەکە لە ئاراستە و پلاندانی پەروەردەیی ناوەڕۆکدا دەردەکەوێت، کە ئەمەش گرنگی بەهێزکردنی مۆدێلی فێرکاریی زانستی میدیای منداڵان لە هەرێمی کوردستان زیاتر دەخاتەڕوو.

**٤. بەشی چوارەم: شیکارینامەی توێژینەوە**

**٤. ١: دەروازەی بەش**

ئەم بەشە تەرخانکراوە بۆ شیکارینامەی توێژینەوەکە، کە تیایدا داتا کۆکراوەکان بە شێوەیەکی زانستی و ڕێکخراو شیکراونەتەوە، بۆئەوەی ئەنجامەکان بە ڕوونی پێشکەش بکرێن و پەیوەندییان بە ئامانج و پرسیارەکانی توێژینەوەکەوە دیاری بکرێت. هەروەها لەم بەشەدا جەخت لەسەر هەڵسەنگاندنی ناوەڕۆکی پرۆگرامەکانی منداڵان دەکرێتەوە، بە پشتبەستن بە پێوەرە دیاریکراوەکان، بۆئەوەی جیاوازی و هاوبەشیی نێوان نموونەکان بە شێوەیەکی ڕوون دەربکەوێت.

**٤. ٢: پێوەرەکانی شیکردنەوەی ناوەرۆک**

هەروەک لە خشتەی ژمارە: ٠٢ دا خراوەتەڕوو؛ لەم توێژینەوەیەدا و بۆ شیکردنەوەی ناوەڕۆکی بابەتەکانی پرۆگرامی منداڵان پشت بە چەند پێوەرێک بەستراوە، لەوانە:

- ئامانجی پەروەردەیی: هەڵسەنگاندنی چۆنێتی فێرکاریی و پلانداریی بەرنامەکان.
- ناوەڕۆکی واقیعی/ خەیاڵی: شیکردنەوەی شێوازی پێشکەشکردن و کاریگەریی ناوەڕۆک لەسەر تێگەیشتن و یادگرتنی منداڵان.
- پەیامی کۆمەڵایەتی: هەڵسەنگاندنی ڕەفتارەکان بە پشتبەست بە تیۆری فێربوونی کۆمەڵایەتی (Bandura, 1977).
- پەیوەندی بە پرۆگرامی فێرکاریی: هاوتەریی ناوەڕۆک لەگەڵ پلانی خوێندن و پەروەردە بۆ سنووردارکردنی فێربوون.
- پاراستنی دیجیتاڵ: پشکنینی میکانیزمەکانی سنووردارکردنی ناوەڕۆک، تەمەنی گونجاو و ڕێنمایی دایکان و باوکان.

**خشتەی ژمارە: ٠٢**

**شیکردنەوەی پرۆگرامەکانی چەناڵی یوتیووبی منداڵان**

| پرۆگرامەکان | Newton (NRK Super, Norway) | Afarin (YouTube, Kurdistan) | Super Simple Songs (Norway / Global) | Sesame Street (International, Including Norway) | BarneTV / KidzTime (Norway) |
|---|---|---|---|---|---|
| تەمەن | (٢–١٢) ساڵ | (٢–٥) ساڵ | (٣–٧) ساڵ | (٣–٨) ساڵ | (٤–١٠) ساڵ |
| جۆر/ شێواز | زانستی/ فێرکاریی | گۆرانی و چیرۆک | گۆرانی/ وەرزش | فێرکاریی/ سەرگەرمی | ئەنیمەیشن/ خەیاڵ |
| مەبەستی فێرکارییەکان | فێرکردنی زانستی سروشتی و تاقیکردنەوەیی | فێرکردنی زمان و سەرگەرمی | فێرکردنی زمان و وەرزش سادە | فێرکردنی توانا کۆمەڵایەتی و ڕەفتاری | فێرکردنی زانستی و توانا کۆمەڵایەتییەکان |
| پشتبەست بە تیۆرییەکان | Bandura / Paivio | Bandura | Paivio | Bandura | Bandura / Paivio |
| شێوازی پێشکەشکردن | تاقیکردنەوە، شیکاری، ڕوون | چیرۆک و گۆرانی، خەیاڵی | گۆرانی و ئەزموون، وێنە + وشە | ئەنیمەیشن+ پەیوەندیدان | خەیاڵی، ئەنیمەیشن |
| کاریگەری تایبەت | سەرنجڕاکێشان، فێرکاری لە ڕووی تێگەیشتن، پاراستنی دیجیتاڵ | زیاتر سەرنجڕاکێشان، یادگرتنی زمان، فێربوونی سەرەتایی | زیادکردنی پاراستن و تێگەیشتن بە شێوەی وێنە + وشە | فێرکاری کۆمەڵایەتی، چارەسەری کێشە | سەرنجڕاکێشان، یادگرتنی چەمکەکانی زانستی |

## ٥. بەشی پێنجەم: ئەنجامگیریی توێژینەوە

### ٥. ١: ئەنجامەکانی توێژینەوە

لەژێر ڕۆشنایی شیکردنەوەی ناوەڕۆکی هەردوو نموونەی دەستنیشانکراو (NRK Super و ئافەرین)، ئەم ئەنجامانەی خوارەوە بەدەستهاتن:

1. لە ڕووی تایبەتمەندییە پەروەردەییەکانەوە؛ توێژینەوەکە دەریخست کە پرۆگرامی (Newton) لە کەناڵی (NRK Super)، مۆدێلی فێربوونی ئەزموونی (Empirical Learning) پەیڕەو دەکات. لێرەدا میدیا تەنها زانیاری نابەخشێت، بەڵکو منداڵ وەک "هاوبەش" لە پرۆسەی دۆزینەوەی ڕاستییە زانستییەکاندا دەبینێت. بە پێچەوانەوە، چەناڵی (ئافەرین) جەخت لەسەر فێربوونی بەهایی و زمانەوانی (Linguistic and Values) دەکاتەوە. ئەم مۆدێلە لە ڕێگەی دووبارەکردنەوەی ڕیتمی میوزیکیی (Rhythmic Repetition)، هەوڵی جێگیرکردنی نۆرمە کۆمەڵایەتی و ئایینییەکان دەدات. لێرەوە دەردەکەوێت، کە میدیای نەرویژیی ئامانجی "دروستکردنی عەقڵی گەڕیدە"یە، لەکاتێکدا میدیای کوردی ئامانجی "پاراستنی ناسنامە و کولتوور"ە.
2. لە ڕووی ئاستی پەروەردەی میدیایی-ەوە؛ لە (NRK Super) لە پلەی "باڵا"دایە؛ چونکە ناوەڕۆکەکان هانی "بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە" دەدەن، بەڵام لە چەناڵی ئافەرین-دا، پەروەردەی میدیایی لە ئاستێکی "سەرەتایی"دایە و زیاتر لە چوارچێوەی پاراستنی منداڵ (Protectionism) کار دەکات. ئەمەش ئاماژەیە بۆئەوەی کە ڕیفۆرمی میدیایی لە کوردستان پێویستی بە گۆڕینی دیدگای کارکردن هەیە لە "میدیای پارێزەر"ەوە بۆ "میدیای هۆشیارکەرەوە"، کە منداڵ فێری شیکردنەوەی پەیامەکان بکات.
3. لە ڕووی لێکچوون و جیاوازیی مۆدێلەکان و پەیوەندی بە سیستمی نیشتمانییەوە؛ گەورەترین جیاکەرەوەی مۆدێلی نەرویژیی، "گرێدانی سیستماتیک"ە بە پلانی فێربوونی نیشتمانی (LK20). میدیا لێرەدا تەواوکەری قوتابخانەیە، بەڵام لە کوردستان، چەناڵی (ئافەرین) وەک دەستپێشخەرییەکی کەرتی تایبەت، لە پرۆگرامەکانی وەزارەتی پەروەردە دابڕاوە. لەگەڵ ئەوەشدا، هەردوو مۆدێلەکە لە بەکارهێنانی "مۆزیک و وێنە" بۆ سەرنجڕاکێشان و دروستکردنی ژینگەیەکی ئارام بۆ منداڵان (SafeEnvironment) هاوبەشن.

لە ڕوانگەی تیۆرەکانی فێربوون و ڕیفۆرمی میدیایی-ەوە؛ دەکرێت گفتوگۆی ئەنجامەکان بکرێت، چونکە بەراوردکاریی نێوان ئەم دوو مۆدێلە، چەند ڕەهەندێکی گرنگی "تیۆری و پراکتیکی"مان بۆ دەردەخات، کە پێویستە لە پرۆسەی ڕیفۆرمی میدیایی لە هەرێمی کوردستان ڕەچاو بکرێن، لەوانە: تیۆری فێربوونی کۆمەڵایەتی؛ بەتایبەت مۆدێلی نەرویژی لە ڕێگەی نموونەی ڕەفتاریی بۆ چارەسەری کێشە (Problem Solving)، منداڵ فێری کارلێکی چالاک دەکات. لە بەرامبەردا، ناوەڕۆکە کوردییەکان زۆرتر خەیاڵین، ئەمەش وا دەکات فێربوونی ڕەفتاری سیستماتیک لای منداڵی کورد کەمتر بێت. ڕیفۆرمی میدیایی دەبێت هانی بەرهەمهێنانی ناوەڕۆکی "واقیعی و زانستی" بدات. لە ڕووی تیۆری کۆدکردنی دووانەیی (Dual Coding Theory)ەوە؛ هەرچەندە چەناڵی ئافەرین لە بەکارهێنانی میوزیک و گۆرانی بۆ فێربوونی وشە سەرکەوتووە، بەڵام مۆدێلی نەرویژی هاوسەنگییەکی زانستی لە نێوان "وێنە و چەمک"دا دروست دەکات، کە یادگەی درێژخایەن چالاک دەکات. لە کوردستان زۆرتر جەخت لە "سەرنجڕاکێشی وێنە" دەکرێتەوە، نەک ناوەڕۆکە مەعریفییەکە. بەدەر لەوە ئەنجامەکان دووپاتی دەکەنەوە، کە کێشەی میدیای تایبەتمەندی منداڵان لە کوردستان؛ تەنها لە "ناوەڕۆک"دا نییە، بەڵکو لە "نەبوونی چوارچێوەی یاسایی و پەروەردەیی"دایە. بۆئەوەی فێربوون لە میدیادا درێژخایەن بێت، دەبێت وەزارەتی پەروەردە و دەزگا میدیاییەکان لە ڕێگەی چوارچێوەیەکی یاسایی وەک (LK20)ی نەرویژی، پەیوەندییەکی ئۆرگانی دروست بکەن. کەواتە ئێستا دەرکەوت کە مۆدێلی نەرویژیی؛ منداڵ بۆ "هاوڵاتییەکی دیجیتاڵی ڕەخنەگر" ئامادە دەکات، لەکاتێکدا مۆدێلی کوردی؛ منداڵ وەک "وەرگرێکی بەهای کولتوورییەکان" دەبینێت. پەرەپێدانی "هزری زانستی" و "هۆشیاریی میدیایی"، گەورەترین بۆشایین لە میدیای منداڵانی کوردستان-دا، چونکە سەرکەوتنی میدیای تایبەتمەندی منداڵان، بەندە بە بوونی "ستراتیژییەتی نیشتمانی"، کە میدیا و پەروەردە پێکەوە گرێ بدات.

### ٥ .٢: ڕاسپاردەکانی توێژینەوەکە

لەسەر بنەمای ئەو ئەنجامانەی توێژینەوەکە پێیان گەیشتووە و بە مەبەستی بەرەوپێشبردنی کایەی میدیای منداڵان لە هەرێمی کوردستان، توێژەر ئەم ڕاسپاردانەی خوارەوە پێشکەش دەکات:

1 . دارشتنی چوارچێوەیەکی نیشتمانی بۆ پەروەردەی میدیایی: پێویستە وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان بە هاوکاری وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان، چوارچێوەیەکی یاسایی و پەروەردەیی هاوشێوەی مۆدێلی (LK20)ی نەرویژی دابڕێژن، تاوەکو ناوەڕۆکی میدیایی منداڵان لەگەڵ ئامانجە پەروەردەییەکانی قوتابخانەدا هاوتەریب بکرێت.

2 . گۆڕینی ستراتیژی میدیایی لە "پاراستن"ەوە بۆ "هۆشیارکردنەوە": دەزگە میدیاییەکانی منداڵان (وەک چەناڵی ئافەرین و هاوشێوەکانی) ڕابسپێردرێن کە تەنها جەخت لەسەر مۆدێلی پاراستن (Protectionism) نەکەنەوە، بەڵکو کار لەسەر بەهێزکردنی "بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە" بکەن لای منداڵان، بۆئەوەی بتوانن بە شێوەیەکی تەندروست مامەڵە لەگەڵ جیهانی دیجیتاڵیدا بکەن.

3 . بەرهەمهێنانی ناوەڕۆکی زانستی- ئەزموونی: پێویستە دروستکەرانی ناوەڕۆک لە کوردستان، لە مۆدێلی گۆرانی و چیرۆکی خەیاڵی تێپەڕێنن بەرەو بەرهەمهێنانی بەرنامەی واقیعی و زانستی هاوشێوەی بەرنامەی (Newton)، کە تێیدا منداڵ لە وەرگرێکی بێدەنگەوە بگۆڕێت بۆ گەڕیدەیەکی چالاک لە دوای زانیارییەکان.

4 . پەیڕەوکردنی تیۆری کۆدکردنی دووانەیی بە شێوازێکی زانستی: جەختکردنەوە لەسەر ئەوەی کە وێنە و میوزیک تەنها بۆ سەرنجڕاکێشان بەکارنەهێنرێن، بەڵکو بەپێی بنەماکانی تیۆری کۆدکردنی دووانەیی (Dual Coding Theory)، وێنەکان وەک ئامرازێکی ڕاستەوخۆ بۆ چەسپاندنی چەمکە مەعریفییەکان لە یادگەی منداڵدا بەکاربهێنرێن.

5 . دابینکردنی چاودێری و هۆشیاری بۆ خێزانەکان: پێویستە میدیا تایبەتمەندەکان بەشێکی تایبەت تەرخان بکەن بۆ ڕێنمایی دایک و باوکان سەبارەت بە "مافی منداڵ لە ژینگەی دیجیتاڵی-دا" بەپێی ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان (Barnekonvensjonen)، بۆئەوەی خێزان ببێتە بەشێک لە پرۆسەی ریفۆرمی میدیایی.

6 . هاندانی توێژینەوەی مەیدانی و درێژخایەن: پێویستە دامەزراوە ئەکادیمییەکان و ناوەندەکانی توێژینەوە پشتگیری لە توێژینەوەی مەیدانی بکەن بۆ پێوانەکردنی کاریگەرییە ڕەفتارییەکانی میدیا لەسەر منداڵی کورد، تاوەکو بڕیارە پەروەردەییەکان لەسەر بنەمای داتای زانستی بدرێن.

### ٥ .٣: پێشنیازەکانی توێژینەوەکە

دەکرێت سوود لەم توێژینەوەیە وەربگیرێت، بۆئەوەی توێژەران لە داهاتوودا کاری زیاتر بکەن لەسەر چەند بابەتێکی دیکە، لەوانە:

1 . ئەنجامدانی توێژینەوەی مەیدانی (field study)، بۆ پێوانەکردنی کاریگەری ڕاستەوخۆ.
2 . ئەنجامدانی توێژینەوەی درێژخایەن (longitudinal)، بۆ دیاریکردنی گۆڕانکارییە ڕەفتارییەکان.
3 . ڕەچاوکردنی جیاوازی تەمەنی منداڵان لە توێژینەوەکاندا.
4 . گرنگی زیاتر بە پاراستنی تەمەنی منداڵان و هاوکاریی میدیا لەگەڵ خێزان.

## سەرچاوەکان

### سەرچاوە کوردییەکان:

1. سدیق، ڕ، و ئەیڤەس، ش. ئا، (٢٠٢٥). کاریگەری خوێندەواریی میدیایی لەسەر پەروەردەی منداڵان لە پارێزگای سلێمانی: چەناڵی یوتیووب وەک نموونە، گۆڤاری میتانی بۆ زانستە مرۆییەکان، ٦ (١)، ١-٣٠، (https://doi.org/10.25156/ptjhss.v6n1y2026.pp1-30).
2. چەناڵی ئافەرین یوتیووب: (Afarin Kids Tv).
3. ڕێککەوتنامەی مافەکانی منداڵ، (ڕێککەوتنامەی نەتەوەیەکگرتووەکان بۤ مافەکانی منداڵ).

### سەرچاوە نەرویژییەکان:

4. Imsen, Gunn. (2014). Læring. Oslo: Universitetsforlaget.
5. Lunde, Maja. (2018). Skjerm barna. Oslo: Universitetsforlaget.
6. Røe, Aase. 2008. Mellom linjene. Oslo: Universitetsforlaget.
7. NRK Super. Hentet fra: https://nrksuper.no
Store norske leksikon. Mediepedagogikk. Hentet fra: ttps://snl.no/mediepedagogikk
8. Bandura, A. (1977). Social Learning Theory. Englewood Cliffs, NJ: Prentice-Hall.
9. Paivio, A. (1986). Mental Representations: A Dual Coding Approach. Oxford University Press.
10. Buckingham, D. (2015). The Media Education Manifesto. Cambridge, UK: Polity Press.
11. Erstad, O. (2010). Digital Competence in Schools. Oslo: Universitetsforlaget.

### سەرچاوە ئینگلیزییەکان:

12. Abdollah, R., & Aivas, S. A., 2025. The Impact of Media Literacy on Child Education in Sulaimani Governorate: YouTube Channel as a Case Study. Mitanni Journal of Humanitarian Sciences, 6(1), 1–30. https://doi.org/10.25156/ptjhss.v6n1y2026. pp1-30
13. Aivas, S.A., 2025. Toward Media Reform in Post-Conflict Region of Kurdistan: An Analytical Case Study of the CHMK National Forums. ISRG Journal of Arts Humanities & Social Sciences (ISRGJAHSS), vol. 3, no. 4, pp. 435–442.
14. Bandura, A. (1977). Social learning theory. Englewood Cliffs, NJ: Prentice-Hall.
15. Buckingham, D. (2015). The media education manifesto. Cambridge, UK: Polity Press.
16. Erstad, O. (2010). Digital kompetanseiskolen. Oslo: Universitetsforlaget.
17. Hagen, I., &Wold, T. (2009). Mediebarn. Oslo: Universitetsforlaget.
18. NRK Super (2024).Om NRK Super. [Online] Available at: https://nrksuper.no/ [Accessed 20 Feb 2026].

# The Impact of Social Media Disinformation on Societal Security: The Kurdistan Region as a Case Study

**Dr. Hakim Osman Hamid**
Professor
Technique Media Department
Technical College of Administration
Sulaimani Polytechnic University

Digital Media Department,
National Institute of Technology
Iraqi Kurdistan Region, Sulaimani
Hakim.othman@spu.edu.iq
hakimhamed@nit.edu.krd

**Dr. ArKan Rauf Aziz**
lecturer
Technique Media Department
Technical College of Administration
Sulaimani Polytechnic University
arkan.rauf@spu.edu.iq

**Dr. Harmn Sherko Nasralddin**
Lecturur
Public relations & Marketing Department
Dukan Technical Institute
Sulaimani Polytechnic University
harmn.sherko@spu.edu.iq

## Abstract

This research attempts to conduct a scientific analysis of the multidimensional implications of the fake news phenomenon within the digital sphere, specifically focusing on the negative repercussions that threaten the stability and foundations of social security in the Kurdistan Region through social media platforms. The study adopts a descriptive-quantitative methodology, utilizing a survey as the primary tool for data collection from 231 academics and legal experts across the region's governorates. The most significant findings reveal that Facebook is the primary source for disseminating misleading information and destabilizing social security. Furthermore, the study indicates that alongside shadow accounts, political parties in the Kurdistan Region play a detrimental role in spreading fake news, which has undermined public trust in the democratic system and judicial institutions, while fostering a climate for radical populism. The consequences of this phenomenon are not confined to the political arena; rather, its destructive effects extend to the family fabric, religious values, mental health, and national history. In conclusion, the research emphasizes a significant legal vacuum in the Kurdistan Region regarding the confrontation of this phenomenon. It recommends that relevant institutions expedite the drafting of a specialized legal framework to combat digital disinformation, alongside adopting a comprehensive national strategy to consolidate media literacy as a defensive shield for safeguarding social security.

**Keywords:**

Social Media, Disinformation, Social Security.

# کاریگەریی زانیاری ناڕاستی سۆشیالمیدیا لەسەر ئاسایشی کۆمەڵگە: هەرێمی کوردستان وەک توێژینەوەیەکی کەیس

**د. حەکیم عوسمان حەمید**
پرۆفیسۆر
لە بەشی تەکنیکی میدیا، کۆلێژی تەکنیکی کارگێڕیی زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی، سلێمانی
بەشی دیجیتاڵ میدیا،
پەیمانگەی ناشناڵ بۆ تەکنۆلۆجیا
هەرێمی کوردستانی عێراق، سلێمانی
hakimhameed@nit.edu.krd

**د. ئەرکان ڕەئوف عەزیز**
مامۆستا
لە بەشی تەکنیکی میدیا، کۆلێژی تەکنیکی کارگێڕی،
زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی،
هەرێمی کوردستانی عێراق، سلێمانی
arkan.rauf@spu.edu.iq

**د. هەرمن شێرکۆ نەسرەدین**
مامۆستا
لە بەشی پەیوەندییەگشتییەکان و بازارگەریی،
پەیمانگای تەکنیکی دوکان، زانکۆی
پۆلیتەکنیکی سلێمانی
هەرێمی کوردستانی عێراق، سلێمانی
harmn.sherko@spu.edu.iq

**پوختە:**
ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات شیکردنەوەیەکی زانستی بۆ لێکەوتە فرەڕەهەندەکانی دیاردەی زانیاری ناڕاست لە کایەی دیجیتاڵیدا بکات، بەتایبەت ئەو دەرهاوێشتە نەرێنیانەی کە لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە هەڕەشە لە سەقامگیریی و بنەماکانی ئاسایشی.کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستان دەکەن. توێژینەوەکە میتۆدی وەسفی-چەندایەتی پەیڕەوکردووە و فۆرمی ڕاپرسی وەک ئامرازی سەرەکی بۆ کۆکردنەوەی داتا لە (٢٣١) ئەکادیمی و یاساناس لە پارێزگاکانی هەرێم بەکارهێناوە. گرنگترین دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە دەریانخستووە کە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک سەرچاوەی سەرەکی بڵاوکردنەوەی زانیاریی چەواشەکار و ناسەقامگیریی ئاسایشی.کۆمەڵایەتییە، توێژینەوەکە ئاماژە بەوە دەکات کە جگە لە ئەکاونتە سێبەرەکان، پارتە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان ڕۆڵێکی نەرێنیان لە بڵاوکردنەوەی زانیاری ناڕاستدا هەیە، کە ئەمەش متمانەی گشتی بە سیستەمی دیموکراسی و دامەزراوە دادوەرییەکان لەرزۆک کردووە و زەمینەی بۆ سەرهەڵدانی پۆپۆلیزمی توندڕەو خۆش کردووە. کاریگەریی ئەم دیاردەیە تەنها لە بواری سیاسیدا قەتیس نەماون، بەڵکو کاریگەرییە تێکدەرەکانی گەیشتوونەتە سەر شیرازەی خێزان، بەها ئاینییەکان، تەندروستی دەروونی و مێژووی نەتەوەیی. لە کۆتاییدا؛ توێژینەوەکە جەخت لە بوونی بۆشاییەکی یاسایی گەورە دەکاتەوە لە هەرێمی کوردستان بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم دیاردەیە، ڕاسپاردەی دامەزراوە پەیوەندیدارەکان دەکات بۆ پەلەکردن لە دارشتنی چوارچێوەیەکی یاسایی تایبەت بە بەرەنگاربوونەوەی چەواشەکاریی دیجیتاڵی، هاوشان لەگەڵ پەسەندکردنی ستراتیجییەکی نیشتمانی گشتگیر بۆ چەسپاندنی خوێندەواری میدیایی وەک قەڵغانێکی بەرگری بۆ پاراستنی ئاسایشی کۆمەڵایەتی.

**کلیلەوشەکان:**
زانیاری ناراست، سۆشیال میدیا ، ئاسایشی کۆمەڵایەتی

**پێشەکی:**
لە سایەی شۆڕشی دیجیتاڵیدا، سۆشیالمیدیا تەنها وەک ئامرازێکی پەیوەندی نەماونەتەوە، بەڵکو بوونەتە ژێرخانێکی سەرەکی بۆ بەرهەمهێنان و ئاڵوگۆڕی زانیاری لەسەر ئاستی جیهانی. ئەم وەرچەرخانە، دەسەڵاتێکی بێوێنەی بە وەرگر بەخشیوە تاوەکو لە هەمان کاتدا ڕۆڵی نێرەر و بەرهەمهێنەر بگێڕێت؛ ئەمەش ئەگەرچی دەرگای بۆ دیموکراتیزە کردنی زانیاری واڵا کردووە، بەڵام هاوکات ژینگەیەکی لەباری بۆ خراپ بەکارهێنانی دەسەڵاتی زانیاری ڕەخساندووە. بەم پێیە، بڵاوبوونەوەی زانیاری ناڕاست و دەستکاریکردنی ڕاستییەکان لە ڕێگەی وێنە، ڤیدیۆ و دۆکیۆمێنتە چەواشەکارەکانەوە، چیتر بەتەنها وەک کێشەیەکی تەکنیکی یان پیشەیی سەیر ناکرێت، بەڵکو گۆڕاوە بۆ ئاڵنگارییەکی ئاڵۆزی سەردەم. ئەم جۆرە هەواڵانە بەهۆی خێرایی بڵاوبوونەوە و کەمی تێچوونیان، نیگەرانییەکی جیدییان لای پسپۆڕان دروست کردووە سەبارەت بە لێکەوتە ئەگەرییەکانیان بۆ سەر پێکهاتەی دەروونی و متمانەی گشتی کۆمەڵگە. لەم سۆنگەیەوە، گریمانەی ئەوە دەکرێت کە ئاسایشی.کۆمەڵایەتی ڕووبەڕووی جۆرێک لە جەنگی زانیاریی نارێکخراو بوویێتەوە، کە تێیدا شێواندنی ڕاستییەکان دەکرێت ببێتە هۆکارێک بۆ درزخستنە ناو شیرازەی خێزان و نەمانی متمانە بە دامەزراوە نیشتمانییەکان. ئەم توێژینەوەیە وەک هەوڵێکی ئەکادیمی، پشکنین بۆ ئەو گریمانانە دەکات و ورد دەبێتەوە لە قەبارەی کاریگەرییە فرەڕەهەندەکانی زانیاری ناڕاستی سۆشیالمیدیا لەسەر ئاسایشی.کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستاندا.

**١. میتۆدنامە**

**یەکەم/ کێشە و پرسیارەکانی توێژینەوەکە:**
سەرهەڵدانی دیاردەی زانیاری ناڕاست لە کایەی دیجیتاڵیدا، جۆرێک لە شڵەژانی زانیاریی بەرهەمهێناوە کە هەڕەشەی راستەقینە لە متمانەی گشتی و بنەماکانی "ئاسایشی.کۆمەڵایەتی" دەکات. کێشەی ئەم توێژینەوەیە لەو مەترسییە ئەگەرییانەدا چڕدەبێتەوە کە لێشاوی زانیارییە چەواشەکارەکان بۆ سەر پەیوەندیی نێوان هاووڵاتی و دامەزراوە نیشتمانییەکان (سیاسیی، دادوەریی و ئەمنی) دروستی دەکەن، شانبەشانی ئەو لێکەوتە نەرێنیانەی کە دەبنە هۆی شێواندنی توانای وەرگر بۆ جیاکردنەوەی ڕاستی لە ساختە. لە سایەی جەمسەرگیریی سیاسی و ناڕوونی میکانیزمە یاساییەکان لە هەرێمی کوردستاندا، ئەم دیاردەیە لە کێشەیەکی تەکنیکیەوە گۆڕاوە بۆ ئالنگارییەکی ئاسایشی.و کۆمەڵایەتی ئاڵۆز کە ڕاستەوخۆ دەست دەخاتە سەر شیرازەی کۆمەڵگە و سەقامگیریی دامەزراوەکان .بۆ ئەوەی زیاتر لە سروشتی کێشەکە تێبگەین هەوڵمانداوە لەم پرسیارە سەرەکیەدا چڕی بکەینەوە: لێکەوتە فرەڕەهەندەکانی بڵاوکردنەوەی زانیاری ناڕاست لە سۆشیالمیدیادا چین و ئەم لێکەوتانە تا چ ڕادەیەک کار دەکەنە سەر ڕەهەندەکانی ئاسایشی کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستان؟

سەرەڕایی پرسیاری سەرەکیی؛ توێژینەوەکە هەوڵی دەستخستنی وەڵامی ئەم پرسیارە لاوەکییانەش دەدات:
1. قەبارە و جۆری لێکەوتە نەرێنییەکانی زانیاری ناڕاست لەسەر ئاسایشی کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستان چین؟
2. کامانەن ئەو بوارانەی زۆرترین زانیاری ناڕاستیان تێدا بڵاودەبێتەوە و چ جیاوازیەک نێوان پلاتفۆرمەکاندا بەدی دەکرێت لەم بوارەدا؟
3. پەیوەندی نێوان جۆری ئەژمارەکان (سێبەر، حیزبی) و ئاراستەکردنی زانیاری ناڕاست چۆنە؟
4. زانیاری ناڕاست تا چ ئاستێک کاریگەری کردووەتە سەر متمانەی هاوولاتی بە دامەزراوە نیشتمانییەکان؟
5. ئاستی شیاویی یاسا بەرکارەکان و ستراتیجییە میدیاییەکان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم دیاردەیە لە دیدی پسپۆڕانەوە چۆنە؟

**دووەم/ ئامانجەکانی توێژینەوەکە:**
1. دەستنیشانکردنی قەبارە و جۆری ئەو لێکەوتە نەرێنیانەی کە بڵاوبوونەوەی زانیاری ناڕاست لە سۆشیالمیدیادا لەسەر "ئاسایشی-کۆمەڵایەتی" لە هەرێمی کوردستان دروستیان کردووە.
2. ناسینەوەی ئەو بوارە جیاوازانەی (سیاسی، ئابووری، ئەمنی و نەتەوەیی) کە زۆرترین زانیاری ناڕاستیان تێدا چڕبووەتەوە.
3. بەراوردکردنی ڕۆڵی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییە جیاوازەکان لە شڵەژانی وناسەقامگیریی کۆمەڵایەتیدا.
4. لێکۆڵینەوە لە پەیوەندی نێوان خاوەندارێتی و جۆری ئەژمارەکان (ئەژمارە فەرمییەکان، سێبەرەکان، و پارتە سیاسییەکان) و ڕۆڵیان لە ئاراستەکردنی زانیاری ناڕاستدا وەک مەترسییەک بۆ سەر ئاسایشی کۆمەڵایەتی.
5. پێوانەکردنی کاریگەری زانیاری ناڕاست لەسەر دروستبوونی بێمتمانەیی بەرامبەر بە دامەزراوە نیشتمانییەکان (حکومی و ناحکومی) و شێواندنی بەها نیشتمانی و مافە کولتورییەکانی کۆمەڵگەی کوردستانی.
6. هەڵسەنگاندنی ئاستی شیاویی یاساکان لە دیدی ئەکادیمی و یاساییەوە، وزانینی ستراتیجییە پەیرەوکراوەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی جەنگی زانیاری و پاراستنی ئاسایشی کۆمەڵایەتی لە فەزای دیجیتاڵیدا.

**سێیەم/ گرنگیی توێژینەوەکە:**
گرنگیی ئەم توێژینەوەیە لەم ڕەهەندانەی خوارەوەدا دەردەکەوێت:
1. **لە ڕووی زانستی و ئەکادیمیەوە:** ئەم توێژینەوەیە یەکێکە لەو کارە دەگمەنانەی کە بە شێوەیەکی مەیدانی و لە ڕێگەی ڕای پسپۆڕانەوە -ئەکادیمیان و یاساناسان- پەیوەندی نێوان زانیاری ناڕاست و ئاسایشی-کۆمەڵایەتی دەپێوێت، ئەمەش دەبێتە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ توێژەرانی داهاتوو لە بواری میدیای دیجیتاڵ و ئاسایشی نیشتمانی لە هەرێمی کوردستان.
2. **لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە:** توێژینەوەکە بە دەستنیشانکردنی مەترسییەکانی زانیاری ناڕاست لەسەر شیرازەی خێزان و بەها ئاینییەکان، خزمەت بە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و ناوەندە پەروەردەییەکان دەکات بۆ داڕشتنی بەرنامەی خوێندەواری میدیایی.
3. **لە ڕووی پیشەیی و میدیاییەوە:** دەرەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە هاوکاری دەزگا میدیاییەکان و ڕۆژنامەنووسان دەکات بۆ تێگەیشتن لە مەترسی ئەژمارە سێبەرەکان و چۆنێتی پاراستنی متمانەی جەماوەر لە فەزای دیجیتاڵیدا.
4. **لە ڕووی دامەزراوەیی و یاساییەوە:** بەهۆی ئەوەی توێژینەوەکە ئاماژە بە بۆشایی یاسایی دەکات، گرنگییەکی زۆری هەیە بۆ یاسادانەران و دامەزراوە دادوەرییەکانی هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی سوود لە پێشنیازەکان وەربگرن بۆ داڕشتنی یاسایەکی سەردەمیانە.

**چوارەم/جۆر و میتۆدی توێژینەوەکە:**
توێژینەوەکە لە جۆری توێژینەوەی وەسفیە، و مۆدێلەکەی چەندێتیە و پەیرەوی ڕێبازی ڕوپێوی کردوە بۆ گەنگەشەکردنی لایەنی مەیدانی.

**پێنجەم/ ئامرازی توێژینەوەکە**
بۆکۆکردنەوەی داتاو زانیاریی وردو پێویست لەسەر بابەتی توێژینەوەکە و هێنانەدی ئامانجەکانی توێژینەوە، توێژەران ئامرازی "فۆرمی ڕاپرسی"یان بەکارهێناوە بە شێوەی دەستی و ئۆنلاین، بە پشتبەستن بەگرووپە ئەلکترۆنییەکانی زانکۆکان دۆزراونەتەوە و فۆرمەکانیان ئاڕاستەکراوە.

**شەشەم/ کۆمەڵگە و سامپڵی توێژینەوەکە:**
**کۆمەڵگەی توێژینەوە:** کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە پێکهاتووە لە کۆی ئەکادیمیان (مامۆستایانی زانکۆ و توێژەران لە پسپۆرییە مرۆییەکان) و یاساناسان (دادوەر، پارێزەر و لێکۆڵەران) لە هەرێمی کوردستان .
سامپڵی توێژینەوە: توێژەران پشتیان بە شێوازی سامپڵی چینایەتی مەبەستدار بەستووە. ئەم شێوازە بە گونجاوترین ڕێگە دادەنرێت بۆ ئەو توێژینەوانەی کە ئامانجیان وەرگرتنی زانیاری وردە لە نوخبەیەکی دیاریکراو. (٢٣١) کەس وەرگیراوە وەک سامپڵی توێژینەوەکە، کە بەسەر دوو چینی سەرەکیدا دابەش بوون؛ ئەکادیمییەکان: مامۆستا و توێژەر لە پسپۆڕییەکانی (میدیا، کۆمەڵناسی، زانستە سیاسییەکان)، یاساناسان: پارێزەر، دادوەر و یاساناس.

**حەوتەم/ سنووری توێژینەوەکە:**
١/ **سنوری بابەت:** پەیوەستە بە زانیاری ناڕاست لە سۆشیالمیدیا کە بابەتی توێژینەوەکەیە.
٢/ **بواری کات:** مەبەست لە بواری کات ئەو ماوەیە کە فۆرمی ڕاپرسییەکەی تێدا بڵاوکراوەتەوە ماوەکەش بریتیەلە (٢٠٢٥/٩/٧-٢٠٢٥/١٠/٢٥).
٣/ **سنوری مرۆیی:** بژاردەیەک لە مامۆستایانی زانکۆ و کەسایەتییە ئەکادیمییەکان و یاساناسانی بواری مرۆیی ئەم توێژینەوەیە.

**٤/ سنوری شوێن:** هەرێمی کوردستان/ پارێزگاکانی سلێمانی، هەولێر، دهۆک، هەڵەبجە، هەردوو ئیدارەی سەربەخۆی گەرمیان و ڕاپەڕین کە شوێنی ئەنجامدانی لایەنی مەیدانی توێژینەوەکەیە.

**هەشتەم/ توێژینەوەکانی پێشوو**

**یەکەم: توێژینەوەی (عمر جياد علي)، لە ساڵی ٢٠٢٣ (نشر-الاخبار الكاذبة عبر مواقع التواصل الاجتماعي وأثرها على التماسك المجتمعي من وجهة نظر اساتذة الجامعة).**

کورتەی توێژینەوە: ئەم توێژینەوەیە باس لە زانیاری ناڕاست لە سۆشیال میدیا و کاریگەری لەسەر یەکڕیزی کۆمەڵگەی عێراق دەکات. توێژەر ڕێبازی ڕووپێوی و میتۆدی تێکەڵاوی (چەندایەتی و چۆنایەتی) بەکارهێناوە، فۆرمی ڕاپرسی بۆ (١٠٠) مامۆستای زانکۆی ئەنبار دابەشکردووە. ئەنجامەکان دەریانخستووە کە فەیسبووک گەورەترین پشکی هەیە لە بڵاوکردنەوەی زانیاری ناڕاست و ئەمەش کاریگەری نەرێنی لەسەر یەکگرتووی کۆمەڵگە هەبووە.

تاوتوێکردن و ئاستی سوودلێوەرگرتن: ئەم توێژینەوەیە لەگەڵ توێژینەوەکەمان لە ڕووی میتۆد هاوشێوەیە، بەڵام جیاوازە لەوەی سامپڵی ئەو (مامۆستایانە) لە کاتێکدا سامپڵی توێژینەوەکەمانە چینایەتی مەبەستدارە. سوودمان لەم توێژینەوەیە بینیوە لە دیاریکردنی جۆرەکانی زانیاری ناڕاست و داڕشتنی بەشێک لە فۆرمی ڕاپرسییەکە.

**دووەم: توێژینەوەی (نەوزاد سدیق محەمەد، کامل عمر سلیمان)، لە ساڵی ٢٠٢١ (زانیاری ناڕاست لە سۆشیال میدیا کوردی لە هەرێمی کوردستان).**

کورتەی توێژینەوە: لێکۆڵینەوەیەکی ئاشکراکارە دەربارەی زانیاری ناڕاست لە سۆشیال میدیای کوردی. توێژەران ئامرازی (فۆکس گروپ)یان بەکارهێناوە و داتاکانیان بە شێوازی (Thematic Analysis) شیکردووەتەوە. ئەنجامەکان دەریانخستووە کە زانیاری ناڕاست لە هەرێم بووەتە دیاردە و زۆربەی بە مەرامی سیاسی و بە بەرنامە بڵاودەکرێنەوە.

تاوتوێکردن و ئاستی سوودلێوەرگرتن: خاڵی هاوبەشی ئەم توێژینەوەیە لەگەڵ توێژینەوەکەمان لە ژینگەی توێژینەوەکە (سۆشیال میدیای کوردی)دایە، بەڵام جیاوازییەکەیان لەوەدایە کە ئەمە توێژینەوەیەکی چۆنایەتییە، بەڵام توێژینەوەکەی ئێمە چەندایەتییە. سوودی ئەم توێژینەوەیە بۆ ئێمە لەوەدابوو کە تێگەیشتین مەرامی سیاسی چۆن کار دەکاتە سەر بڵاوبوونەوەی چەواشەکاری.

**سێیەم: توێژینەوەی (هێرش ڕەسوڵ، هەرێم کەریم، دانا جەمیل)، لە ساڵی ٢٠٢١ (بڵاوکردنەوەی زانیاریی هەڵە و زانیاریی هەڵبەستراو لە ڕاگەیاندنەکان و کاریگەریی لەسەر ژینگەی هەواڵ و زانیاریی لە هەرێمی کوردستاندا).**

کورتەی توێژینەوە: ئەم توێژینەوەیە وەسفییە و ڕێبازی ڕووپێوی بەکارهێناوە بۆ زانینی ئاستی بڵاوبوونەوەی زانیاری هەڵبەستراو لە هەرێمی کوردستان. سامپڵەکەی (١٠٠١) هاووڵاتی بووە لە هەموو پارێزگاکان. ئەنجامەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە زانیاری هەڵە لە هەڵکشاندایە و بۆشاییەکی یاسایی گەورە هەیە لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم دیاردەیە کە ئاشتی کۆمەڵایەتی خستووەتە مەترسییەوە.

تاوتوێکردن و ئاستی سوودلێوەرگرتن: ئەم توێژینەوەیە لە ڕووی قەبارەی سامپڵ و گشتگیرییەوە زۆر فراوانە و لەگەڵ توێژینەوەکەمان لە بەکارهێنانی ڕێبازی ڕووپێوی هاوشێوەیە. جیاوازییەکەی لەوەدایە کە توێژینەوەی ئێمە تیشک دەخاتە سەر لایەنێکی دیاریکراو وەک ئاسایشی کۆمەڵایەتی. سوودی زۆرمان لە لایەنە تیۆرییەکەی و ناساندنی بۆشاییە یاساییەکان بینیوە.

**چوارەم: توێژینەوەی (کاروان عبدالله محمد و هەرمن شیرکۆ نصرالدين)، لە ساڵی (٢٠١٩)، (ڕۆڵی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان لە هەستکردن بە بەرقەراری ئاسایشی کۆمەڵایەتی لەلای هاوڵاتیانی شاری سلێمانی)**

کورتەی توێژینەوە: ئەم توێژینەوەیە کار لەسەر ڕۆڵی سۆشیال میدیا دەکات لە هەستکردن بە ئاسایشی-کۆمەڵایەتی لە شاری سلێمانی. بە میتۆدی وەسفی و سامپڵی مەبەستدار بۆ (٣٠٠) کەس ئەنجامدراوە. دەرەنجامەکان دەڵێن فەیسبووک کاریگەری زۆری هەیە لەسەر دروستکردنی هەستی دڵەڕاوکێ و ناسەقامگیری و ترس لای هاووڵاتیان بەرامبەر بە سەروەت و سامانیان.

تاوتوێکردن و ئاستی سوودلێوەرگرتن: ئەم توێژینەوەیە لە ڕووی بابەتییەوە (ئاسایشی-کۆمەڵایەتی) زۆرترین نزیکی لەگەڵ توێژینەوەکەمان هەیە. جیاوازییەکە لە کات و شوێنی توێژینەوەکەیە. سوودێکی زۆرمان لەلایەنە تیۆرییەکەی ئەم توێژینەوەیە بینیوە.

**پێنجەم: توێژینەوەی (سەیر صالح إبراهيم)، لە ساڵی ٢٠١٩ (أثر الاخبار الكاذبة على مواقع التواصل الاجتماعى فى نشر القلق السياسى لدى الشباب).**

کورتەی توێژینەوە: توێژینەوەیەکی ئەزموونییە لەسەر خوێندکارانی زانکۆ دەربارەی کاریگەری زانیاری ناڕاست لەسەر دڵەڕاوکێی سیاسی. میتۆدی تێکەڵاوی بەکارهێناوە و سامپڵەکەی (٩٠) خوێندکار بووە. گەیشتووەتە ئەو ئەنجامەی کە واتسئەپ و فەیسبووک سەرچاوەی سەرەکین و زۆربەی هەواڵە ساختەکان لەلایەن هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانەوە بۆ مەبەستی سەرلێشێواندن بڵاودەکرێنەوە .تاوتوێکردن و ئاستی سوودلێوەرگرتن: ئەم کارە لە ڕووی جۆری سامپڵ (خوێندکاران) لەگەڵ توێژینەوەکەمان جیاوازە. جیاوازی سەرەکی ئەوەیە کە ئەم توێژینەوەیە زیاتر ڕەهەندی دڵەڕاوکێی سیاسی باسکردووە، بەڵام توێژینەوەکەی ئێمە ڕەهەندە جیاوازەکانی ئاسایشی-کۆمەڵایەتی باسکردووە. سوودمان لەم توێژینەوەیە بینیوە بۆ تێگەیشتن لە کاریگەرییە دەروونییەکانی زانیاری ناڕاست لەسەر چینی گەنجان.

**کۆبەند و هەڵسەنگاندنی گشتی بۆ توێژینەوەکانی پێشوو:**

لە ڕێگەی تاوتوێکردنی ئەم توێژینەوانەی پێشوو؛ توێژەران گەیشتنە ئەو بڕوایەی کە زۆربەی لێکۆڵینەوەکان جەخت لەسەر کاریگەرییە نەرێنیەکانی سۆشیال میدیا دەکەنەوە. توێژینەوەی ئێستامان لەوەدا لەوان جیا دەبێتەوە کە تیشک دەخاتە سەر سەردەمێکی نوێتر و لێکەوتەکانی زانیاری ناڕاست لە سەر ڕەهەندە جیاوازەکانی ئاسایشی-کۆمەڵایەتی، هەروەها ئەم توێژینەوانە بنەمایەکی باشبوو بۆ لایەنی تیۆریی ئەم کارەی ئێمە.

## ٢. تیۆرینامەی توێژینەوەکە:

### زانیاری ناڕاست

کۆمەڵێک زانیاری ناڕاست یان چەواشەکارانە لەخۆدەگرێت کە لە ڕێگەی کەناڵە دیجیتاڵییە جیاوازەکانەوە بڵاودەکرێنەوە، زۆرجار هەستیاریی و لایەنگری و زانیاری هەڵە دەقۆزێتەوە بۆ دروستکردنی کاریگەرێتی لەسەر ئاراستەکانی ڕای گشتی (Allcott & Gentzkow, 2017)، یان دەتوانین بڵێین، زانیاری ناڕاست کۆمەڵێک ناوەڕۆکی فریودەری ناراست لەخۆدەگرێت کە بەمەبەستی چەواشەکردن یان گۆڕینی باوەڕ و ئاراستەی وەرگران دروستدەکرێن، ئەم جۆرە هەواڵە لە شکڵ و شێوەی جۆراوجۆردا دادەنرێت، لەوانە چیرۆکی هەڵبەستراو، ڕاستیی شێوێنراو، یان مانشێتی ساختە کە بە مەبەستی وروژاندنی و ڕاکێشانی سەرنجی وەرگران بڵاودەکرێتەوە. زۆرجار زانیاری ناڕاست سوود لە ئاراستە باوە گشتیەکانی ئەو ناوچەیە وەردەگرێت بۆ ئەوەی بە خێرایی لە نێوان کۆمەڵگە ئۆنلاینەکاندا بڵاوبێتەوە (Allcott & Gentzkow, 2017)، خێرایی بڵاوکردنەوە و ئاسان گەیشتن بە سۆشیالمیدیا کێشەکە گەورەتر دەکات، پێشکەوتنە تەکنەلۆجیەکان ڕێگە بە بڵاوکردنەوەی خێرای ناوەڕۆکی پشتڕاستنەکراوە یان دروستکراو دەدات بۆ بەکاربەرێکی جیهانی (Vosoughi et al., 2018)، کە بێگومان ئاسەوارە نەرێنیەکانی چەند هێندە دەکات، هەروەها زانیاری ناڕاست ئاماژەیە بۆ ئەو زانیارییە ناڕاستە یان چەواشەکارانەی کە وەک هەواڵی دروست پێشکەش بە وەرگرانی دەکرێن، لە سەردەمی دیجیتاڵیدا، بەتایبەتی لەگەڵ پەرەسەندنی سۆشیال میدیا و پلاتفۆرمە ئۆنلاینەکان، زانیاری ناڕاست زیاتر بڵاوبووەتەوە و کاریگەرتر بووە. بۆ ناسینەوە و بەرەنگاربوونەوەی بڵاوبوونەوەی بە شێوەیەکی کاریگەر، زۆر گرنگە لە تایبەتمەندییەکانی زانیاری ناڕاست تێبگەین، لێرەدا هەوڵدەدەین ژمارەیەک لە گرنگترین تایبەتمەندییەکانی باسبکەین:

### تایبەتمەندییەکانی زانیاری ناڕاست:

#### یەکەم/ نەمانی متمانە:

ئەو زانیارییە ناڕاستانەی لە سۆشیالمیدیا بڵاودەکرێنەوە، متمانە بە دامەزراوە نەریتییەکان (حکومی و ناحکومی) و ڕێکخراوە میدیاییەکان وسەرجەم ئەو ڕێوشوێنانەی کە دەگیرێنەبەر لە چوارچێوەی پرۆسەی دیموکراسی تێکدەدەن، کاتێک بەکارهێنەران ڕووبەڕووی ناوەڕۆکی چەواشەکارانە یان دروستکراو دەبنەوە، لەوانەیە گومانیان هەبێت لە سەرچاوە دەسەڵاتدارەکان و متمانەیان بە متمانەپێکراویی زانیارییەکان لەدەست بدەن، ئەمەش لە ئاکامدا دەبێتە هۆی تێکچوونی متمانە لەناو کۆمەڵگەدا (Lewandowsky et al., 2012) .

#### دووەم/ بڵاوبوونەوەی زانیاری هەڵە:

سروشتی کۆمەڵگەکان وایە کە زانیاری ناراست و درۆ زیاتر جێگەی سەرنجە و لە سۆشیالمیدیا و زۆر خێراتر لە هەواڵی راست بڵاودەبێتەوە و دەگاتە وەرگرانێکی بەرفراوان، هاوکات زۆرجار هەوڵەکانی زیاتر تەشەنەپێکردنی ئەو جۆرە هەواڵانە، بەهۆکاری جۆراوجۆر لە هەوڵەکانی پووچەڵکردنەوە یان ڕاستکردنەوەیان زیاترە، ئەوەی بارودۆخەکە خراپتردەکات، سروشتی ڤایرۆسی سۆشیال میدیایە بۆ بڵاوبوونەوەی زانیاری کە هاوشێوەی پەتای ڤایرۆسی هەواڵە هەڵەکان لەیەک وەردەگرن و بڵاویدەکەنەوە و لە کاریگەری خستنەسەر ڕای گشتی بەردەوامدەبن (Vosoughi et al., 2018).

#### سێیەم/ جەمسەرگیریی و دابەشبوون:

هەواڵ و زانیاری ساختە سووتەمەنی دابەشبوون و جەمسەرگیریی کۆمەڵایەتی و سیاسییە، کە کاردەکات بۆ بەهێزکردنی لایەنگرییە باوەکان، جەماوەری بەکارهێنەر زیاتر لە هەوڵی ئەوەدان پاڵپشتی ناوەڕۆکێک بکەن کە لەگەڵ بیروباوەڕەکانیاندا هاوتەریبن، ئەمەش دەبێتە هۆی بەهێزکردنی دابەشکارییە ئایدیۆلۆژییەکان و شێواندنی ئەو ڕاستیانەی کە پێشتر هەمووان لەسەری کۆک بوون (Del Vicario et al., 2016)

#### چوارەم/ دەستکاریکردنی تێڕوانینی گشتی:

زانیاری ناڕاست لە سۆشیالمیدیا بەکاردەهێنرێت بۆ گۆڕین و دەستکاریکردنی تێڕوانینی گشتی سەبارەت بە پرسە گرنگەکانی کۆمەڵگە وەک هەڵبژاردن، تەندروستی گشتی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی، ...تاد، کارەکتەرە نێگێتیڤەکانی کۆمەڵگە کەلێنەکان دەقۆزنەوە بۆ بڵاوکردنەوەی ئەو جۆرە زانیاریانە لە ڕێگەی سۆشیال میدیا بۆ چاندنی ناتەبایی و دارشتنی ڕای گشتی بەپێی ئەجێنداکانیان.(Guess et al., 2019)

#### پێنجەم/ زیانگەیاندن بە ناوبانگ و پیشە:

زانیاری ناڕاست یان زانیاری ناڕاست، وەک دەنگۆ یان قسەی خراپ، دەتوانێت زیان بە ناوبانگ و پیشەی تاکەکان بگەیەنێت کاتێک لە سۆشیالمیدیا بڵاودەبێتەوە، تۆمەتی درۆ و ناوزڕاندن و تیرۆرکردنی کەسایەتیەکان دەتوانێت لێکەوتەی توندی لەسەر ژیانی کەسی و پیشەیی تاکەکان هەبێت و ببێتە هۆی چەواشەکاریی و لەدەستدانی پێگەی کۆمەڵایەتی (٢٠٢٣،عبدالله).

#### شەشەم/ کاریگەری دەروونی و سۆزداری:

بەرکەوتن بە زانیاری ناڕاست لە سۆشیالمیدیا دەتوانێت کاریگەری زیانبەخشی لەسەر تەندروستی دەروونی و سۆزداری تاکەکان هەبێت، ناوەڕۆکی چەواشەکارانە یان هەستیار ڕەنگە ببێتە هۆی دڵەڕاوکێ یان فشار و ترس، بەتایبەتی کاتێک پەیوەندی بە قەیرانی تەندروستی، کارەساتی سروشتی، یان نائارامی سیاسییەوە هەیە (Pennycook & Rand, 2019).

#### حەوتەم/ بەربەستەکانی بەردەم گوتاری دیموکراتی:

زانیاری ناڕاست یان زانیاری ناڕاست لە سۆشیالمیدیا مەترسیە لەسەر شێواندنی گفتوگۆی گشتی و بەهۆکاری ڕێگریکردن لە بڕیاردانی گشتی دادەنرێت، کە بەرئەنجام دەبێتە مەترسی لەسەر گوتاری دیموکراسی، کاتێک زانیاری هەڵە بەبێ کۆنترۆڵ بڵاودەبێتەوە، توانای هاوڵاتیان بۆ

بەشداریکردن لە گفتوگۆی بونیادنەر، هەڵسەنگاندنی پێشنیازەکانی سیاسەت و لێپرسینەوە لە بەرپرسانی هەڵبژێردراو، سنووردار دەکات (Lazer et al., 2018).

لە کۆتاییدا، زانیاری ناڕاست لە سۆشیالمیدیا زیان و کێشەی بێشومار دەخاتەڕوو کە هەڕەشە لە پەیکەری کۆمەڵگە دەکەن و دەبنە هۆی بێمتمانەیی بە بنەماکانی سیستەمی دیموکراتی، چارەسەرکردنی ئەم ئالانگاریانە پێویستی بە ڕێبازێکی تۆکمەی فرەلایەن هەیە کە داهێنانە تەکنەلۆجییەکان، هەوڵەکان بۆ پەرەپێدان بە خوێندەواریی میدیایی، ڕێکارە یاسایی و هەوڵە هاوبەشەکان لە نێوان لایەنە پەیوەندیدارەکاندا لەخۆبگرێت، بە هۆشیاری و پێشخستنی تواناکانی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە و پەروەردەکردنی کولتوری بەرپرسیارێتی دیجیتاڵی، دەتوانین کاریگەرییە نەرێنییەکانی زانیاریی ناراست کەم بکەینەوە و گوتاری یەکگرتوو و گشتی بپارێزین.

**دووەم/ ئاسایشی کۆمەڵایەتیی**

ئاسایشی کۆمەڵایەتی (Social Security)؛ چەمکێکە بەمانای زامنکردنی دڵنیایی و دابینکردنی سەقامگیریی (تاک، خێزان، کۆمەڵگە) دێت، لەڕووی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی وسایکۆلۆجی و زامنکردنی داهات و بەگەڕخستنی تواناکانی تاک لێکدانەوەی بۆ کراوە، بەمانایەکی دیکە ئەم چەمکە والێکدراوەتەوە کە بریتییە ''لە پارێزگاری کردنی ئاسایشی۔ کۆمەڵگە لە "هەڕەشەو مەترسیە ناوخۆییەکان" بەلەبەرچاوگرتنی ئەو رەهەندانەی کە خودی ناوەرۆکی ئەم چەمکە بەدووروردرێژی لەخۆیدا کۆیکردونەتەوە'' (ئاری، ٢٠٢٠). کەواتە ئاسایشی۔ کۆمەڵایەتی؛ پێکهاتەیەکی گرنگە لە چەمکی ئاسایش بەشێکی گەورەیە لە ژیانی تاک و کۆمەڵگە، ئاسایش بەگشتی کەرەستەیەکی سەرەکیشە بۆ دابینکردنی بەختەوەریی و ئارامی بۆ هاوڵاتیان و ئاسایشی کۆمەڵایەتی بریتییە لە "پاراستنی تاک و کۆمەڵ لە مەترسی و هەڕەشە ناوخۆیی و دەرەکییەکان، هەڕەشە ناوخۆییەکان واتە ئەو گرفت و ئاریشە و کێشە کۆمەڵایەتییانەی کە لەناوخۆی کۆمەڵگەیەکدا هەیە و هەستی پێدەکرێت هەر لە توندوتیژی خێزانی و ململانێ و زەبرو زەنگەوە تا دەگاتە ئالوودەبوون بە ماددەی هۆشبەر و یارییە ئەلکترۆنییەکان و سۆشیالمیدیا و لادانە کۆمەڵایەتییەکان و ململانێی نێوان گرووپە جیاوازەکانی کۆمەڵگە'' (پەیڕەو، ٢٠٢٠). هەروەها ئاسایشی۔ کۆمەڵایەتی ''بریتییە لە پاراستنی هاوڵاتی و کۆمەڵگە لە کێشەو گرفتەکانی ناوەوەو دەرەوە، واتا دڵنیایی ژیانی هاووڵاتیان لە نەبوونی هیچ ترس و گرفتێك کە دەبێتە مەترسی لەسەر ژیانی تاك و کۆمەڵ'' (جوتیار، ٢٠٢١) .

**سێیەم/ رەهەندەکانی ئاسایشی کۆمەڵایەتی:**

ئاسایشی۔ کۆمەڵایەتی لەرێگەی دەزگا و دامەزراوەی کۆمەڵایەتی تایبەت و پسپۆڕەوە بە میکانیزم و یاسا و رێسا و رێنمایی تایبەت لەلایەن دەوڵەتەوە کاری لەسەر دەکرێت، بەجۆرێک کە سەرجەم چین و توێژ و پێکهاتەکانی کۆمەڵگە و نەتەوە و ئاین و مەزهەبە جیاوازەکان بە ئاشتی و پارێزراویی بژین و رووبەڕووی هیچ جۆرە توندوتیژییەک و نائارامیەک نەبنەوە، هەروەها ئاسایشی.کۆمەڵایەتی دەبێت بە بنەمایەکی گرنگ بۆ سەقامگیربوونی تاکەکانی کۆمەڵگە و تاک لە نیگەرانی و دڵەڕاوکێ و ترس دووردەخاتەوە و دڵنیایی و ئارامی بە کۆمەڵگە دەبەخشێت و هۆکارێکیشە بۆ بەردەوامبوونی ژیان و ئاشتەوایی نێو خێزانەکان (پەیڕەو، ٢٠٢٠).

**ئاسایشی کۆمەڵایەتیی و ڕەهەندەکانی:**

**١/ ڕەهەندی سیاسی (ئاسایشی سیاسیی):** لێرەدا مەبەست لێی ئاسایش و سەقامگیریی سیاسی و دەستەبەرکردنی ئارامی و دڵنیایی هاوڵاتیانە لەلایەن دەسەڵاتدارانی وڵاتەوە، لە ڕێگەی بەگژداچوونەوەی هەڕەشە جۆراوجۆرە دەرەکییەکان و دابینکردنی مافە سیاسییەکانیان لە بەڕێوەبردنی وڵات و بوونی دامەزراوەیەکی سیاسی دروست تاکو یەکسانی و دادپەروەری بۆ هاوڵاتیان فەراهەم بکات (د.کارزان، ٢٠٢٢)، یان بەشداریکردن و ڕەخساندنی دەرفەتی ڕادەربڕینی تاکەکانی کۆمەڵگەیە لەم جۆرە کاروبارانەدا بەبێ هەستکردن بە ترس و دڵەڕاوکێ و مەترسی و هەڕەشە لەسەر ژیانیان (شەهلا، ٢٠٢١). لەلایەکی ترەوە ئاسایشی۔ کۆمەڵایەتی بەتەواوی پەیوەستە بە ئاسایشی۔ سیاسییەوە، ئاسایشی۔ سیاسی پەیوەندیدارە بە گروپ و دامەزراوە سیاسییەکان و سیستمی دەوڵەتداری کە دەسەڵات پشتیوانی دەکات، بەڵام ئاسایشی.کۆمەڵایەتی پەیوەستە بە مانەوەی گروپ و ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکان و ڕۆڵ و بەشداریان لە پاراستنی کولتوور و زمان و یەکپارچەیی و پێکەوەژیان (کاروان و هەرمن، ٢٠١٩). بۆیە بوونی ململانێی سیاسی تەسک و ململانێی نێوخۆیی پارت و حزبە سیاسییەکان و ناسەقامگیری سیاسی کاریگەری لەسەر ئاسایشی۔ کۆمەڵایەتی هەیە و ناسەقامگیری کۆمەڵایەتی دروست دەکات و متمانەی نێوان دەسەڵات و هاوڵاتیان کەمدەکاتەوە، کە لەئەنجامدا دەبێتە هۆی ناجێگیری پرۆسەی سیاسی و بڕیاری سیاسی و شکستی بەردەوامی سیاسی و ئاسایشی.کۆمەڵایەتی دەخاتە مەترسییەوە.

**٢/ ڕەهەندی ئابووری (ئاسایشی۔ ئابووری):** ئاسایشی۔ ئابووری لە ئاستی تاکدا سیمایەکی کۆمەڵایەتی هەیە، زانایان پێیانوایە ئاسایشی۔ ئابووریی ''بریتییە لەکۆمەڵێك ڕێوشوێن و گەرەنتی و پاراستن، کە تاك شایستە دەکات بۆ بەدەستهێنانی پێداویستییە سەرەتاییەکانی، کە بریتین لە خۆراك و جلوبەرگ و نیشتەجێبوون و چارەسەرکردن، واتە کە کەسێك خاوەنی ئامرازی داراییە توانای ئەوەی پێدەدات ژیانێکی سەقامگیر و ئاسایش بژی''. بۆیە فرێدریك هێرزبێرگ پێیوایە نەبوونی پێویستییە سەرەتاییەکانی مرۆڤ کە بریتین لە ئاو و هەوا و خۆراك، دەبێتە هۆی ناسەقامگیریی ئابووری و کۆمەڵایەتی بۆ تاکەکانی کۆمەڵگە جگە لەوەش، کاریگەرییەکانی ڕەخساندنی دەرفەتی خوێندن، چاودێری تەندروستی، ژینگەی گونجاوی کارکردن و سیاسەتی گونجاوی چاودێری کۆمەڵایەتی هەموویان یارمەتیدەرن بۆ دابینکردنی ئاسایشی.ئابووریی و بەرقەراربوونی ئاشتی کۆمەڵایەتی (سەرکۆ، ٢٠٢٣). هەربۆیە دابینکردنی ئاسایشی۔ ئابووریی؛ پەیوەستە بە کۆمەڵێك بنەمای گرنگی وەك: ''سەرمایەگوزاری، دابەشکردنی دادپەروەرانەی سامان، سودوەرگرتن لە دەرفەت و ئیمتیازاتەکان بەشێوەیەکی یەکسان، بەگژداچوونەوەی گەندەڵی ئابووری و دارایی، بنەبڕکردنی دیاردەی دزی و بەرتیل و هاوشێوەکانی کە دەبنەمایەی سەقامگیریی ئاسایشی۔ ئابوری کۆمەڵگە.'' (د.کارزان، ٢٠٢٢). کەواتە ئاسایشی۔ ئابووری کاریگەری بەرچاوی هەیە لەچەسپاندنی ئاشتی کۆمەڵایەتی و بەرزکردنەوەی بەختەوەری و خۆشگوزەرانی کەسی، هەروەها پاڵپشتی سەقامگیری کۆمەڵایەتی دەکات، بە پێچەوانەشەوە نەبوون و نەڕەخساندنی کار و پیشە و

نادادپەروەری لە داهات و دەرامەتی نێوان تاکەکانی کۆمەڵگە ناسەقامگیری و نادادپەروەری ئابوری دروست دەبێت و کاریگەری لەسەر ئاسایشی کۆمەڵایەتی دەبێت. بۆیە پێویستە دەوڵەت هەستێت بە دابینکردنی ژێرخانێکی ئابووری بەهێز و پەرەپێدان و پاراستنی سەرچاوە سەرەکییەکانی ئابووری و فەراهەمکردنی خۆشگوزەرانی و خزمەتگەیاندن بە تاکەکانی کۆمەڵگە.

**٣/ ڕەهەندی نەتەوەیی و نیشتیمانی(ئاسایشی- نەتەوەیی و نیشتیمانی ):** دەتوانین پێناسەی ئاسایشی- نەتەوەیی و نیشتیمانیی بکەین بە پارێزگاریکردن و بەهێزکردنی ستراتیجی نەتەوەیی و نیشتیمانی، هەروەها پاراستنی نەتەوە لە هەڕەشەی دەرەکی و ناوەکی بە هەموو جۆرەکانی مەترسییەوە (پەرویز، ٢٠٢١). واتە **دڵنیایی خەڵک (هاوڵاتی و نەتەوە و دەوڵەت) بەرامبەر ترس و هەڕەشەی دەرەکی و ناوەکی،** ئیتر ئاسایشی تاک و کۆمەڵ و خێزان و کۆمەڵگە و جیهان و بوارەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و سەربازی و نەژادی دەگرێتەوە، هەروەها بریتییە لە بەرچاوگرتنی بەرژەوەندی گشتی و دادپەروەری و سەروەری و ئایندەی نەتەوەیی و نیشتیمانی. بۆیە هەر کاتێک بینیمان نادادپەروەری لەماف و ئەرکی تاکدا شوێنیێی دادپەروەری گرتەوە ئەوە دەبێتە هۆکارێک بۆ تێکدانی ئاسایشی. نەتەوەیی و نیشتیمانی. کەواتە ئەگەر بمانەوێت ئاسایشی- نەتەوەیی و نیشتیمانی پارێزراو بێت، پێویستە کۆتایی بەو نادادپەروەرییە بهێنین کە تاکەکانی کۆمەڵگە داوای دەکەن بۆ بەرقەرارکردن و سەقامگیری نەتەوەیی و نیشتیمانی، کە ئەمەش یەکێکی ترە لە هۆکارەکانی تێکدانی ئاشتی کۆمەڵایەتی و هێنانەکایەی ناسەقامگیری ئاسایشی. کۆمەڵایەتی. واتە بەرقەرارکردنی ئاسایشی. نەتەوەیی و نیشتیمانی لەو کاتەدا دێتەئاراوە کە بتوانرێت بەبێ جیاوازی ژیان بۆ تاکەکان فەراهەم بکرێت.

**چوارەم/ زانیاری ناڕاستی سۆشیالمیدیا و کاریگەرییان لەسەر ئاسایشی کۆمەڵایەتی:**
ئامڕازەکانی ڕاگەیاندن بەگشتی و لەنێویشیاندا سۆشیالمیدیا لە دنیای ئەمڕۆدا دەتوانن کاریگەری باشیان هەبێت و لەهەمانکاتیشدا کاریگەری خراپیان هەبێت، لەمبارەیەوە ئامڕازەکانی ڕاگەیاندن دەتوانن بونیاد و گوزەری چەسپاندنی ئارامی و ئاسایشی. کۆمەڵایەتی و بەشداری پێکەوەیی تاکەکان و بابەتە جیاوازەکانی کۆمەڵگە بە رووی باشەدا ببەن و بەپێچەوانەشەوە، بە جۆرێك دەتوانین بڵێین میدیا لە بونیادی کولتور و پاراستنی بەها کۆمەڵایەتی و مرۆییەکان و پێکەوەژیان و ئارامی کۆمەڵگەدا دەتوانن کاریگەری باش و خراپیان هەبێت لەسەر تاکەکانی کۆمەڵگە (کاروان و هەرمن، ٢٠١٩). ئێستا زانیاری ناڕاستی سۆشیالمیدیا ڕۆڵێکی خراپ دەبینێت لەو بوارانەی کە ئاسایشی. کۆمەڵایەتی دەخەنە مەترسییەوە، کە زۆرن و بە نابەرپرسیارێتیەوە مامەڵە لەگەڵ بارودۆخەکان دەکەن، بە ئاگا یان بێئاگا ڕۆڵیان هەیە لە بڵاوکردنەوەی بابەتی نەرێنی و باسکردن لەدارمانی کۆمەڵایەتی و بڵاوکردنەوەی هەواڵی کوشتن و بابەتی تاوانکاری و بڵاوکردنەوەی قسەی نەشیاو و دور لەبەها کۆمەڵایەتییەکان، هەواڵی دزی و رفاندن و بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان، لاقەکردن، پەلامار و هەڕەشە و کۆچی نایاسایی و چەندین بابەتی تر ڕۆژ بە ڕۆژ لە زیادبووندایە، بە ئامادەکردنی جۆرەها ڕاپۆرت و لێدوان و گەورەکردنی لە ڕادەبەدەری بابەتەکە و تەنانەت چوونە ناو وردەکاری چۆنێتی ڕوداوەکە، کە ئەمە کاریگەری زۆر خراپی هەیە لەسەر تێکدانی ئاسایشی. کۆمەڵایەتی، چونکە سۆشیالمیدیا بەبێ فلتەر و سانسۆر دێتە بەردەستی تاکەکان، بۆیە پێویستە پێش هەموو شتێک ڕەچاوی بەرژەوەندی کۆمەڵگە و سایکۆلۆجیای تاك بکرێت، چونکە تێکچونی ئاسایشی کۆمەڵایەتی دەبێتە هۆی دروست بونی چەندین کێشەی خێزانی و کۆمەڵایەتی، لە کۆتایشدا تێکچونی ئاسایشی. کۆمەڵایەتی ئاسایشی. گشتی دەخاتە مەترسییەوە بە خودی دەسەڵاتیشەوە. بۆیە پێویستە لەوە تێبگەین لاوازی ئاسایشی. کۆمەڵایەتیی لاوازی تەواوی ئاسایشەکانی ترە وەك: ئاسایشی سیاسی، ئابوری، خۆراك، ژینگە...هتد. بۆیە ناکرێت تەنها پشت بە دامەزراوە فەرمیەکان ببەسترێت، بەڵکو دەبێت ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و دامەزراوە نافەرمیەکانیش دەبێ هەمان هەستی بەرپرسیارێتیان هەبێت، چونکە نەمانی ئاسایشی- کۆمەڵایەتیی نەمانی خۆشگوزەرانی و ئارامی کۆمەڵایەتییە. لێرەوە دەتوانین بە گشتی بڵێین نەمانی ئاسایشی- کۆمەڵایەتیی ئەم کاریگەریانەی هەیە: (جوتیار، ٢٠٢١)

١/ نەمانی دڵنیایی هاوڵاتیان لە ژیان و بوونی مەترسی لەسەریان.
٢/ لاوازبوونی ئاسایشی سیاسی و ئابوری و نەتەوەیی و تاکەکەسی و ژینگەیی.
٣/ زیادبوونی دیاردە دزێوە کۆمەڵایەتییەکان.
٤/ هەڵوەشانەوەی خێزان و خراپ بوونی زیاتری سیستمی پەروەردە و تەندروستی.
٥/ دروست بوونی هەستی نائارامی و ململانێ نا تەندروستەکان.

**٣. لایەنی پراکتیکی توێژینەوەکە:**
ئەم باسە تەرخانکراوە بۆ شرۆڤەکردن و خستنەڕووی ئەنجامەکانی لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە کە لەڕێگەی فۆرمی ڕاپێویی-ەوە زانیاریەکانی کۆکراونەتەوە لە سامپڵی توێژینەوەکە، هەروەها لەم باسەدا دەرئەنجامەکان ئاشکرا دەکرێن و ڕاسپاردە و پێشنیازەکان پێشکەشدەکرێن.

**تەوەری یەکەم: زانیارییە دیمۆگرافیەکان**

**خشتەی (1): دابەشبوونی بەشداربووانی توێژینەوەکە بەپێی گۆڕاوە دیمۆگرافییەکان**

| زانیاریە دیمۆگرافیەکان | | Fr.(%) | پلە بەندی |
|---|---|---|---|
| رەگەز | نێر | 167(72.3) | 1 |
| | مێ | 64(27.7) | 2 |
| بڕوانامە- نازناووی زانستی | دیبلۆمی باڵا | 5(2.2) | 5 |
| | ماستەر | 121(52.4) | 1 |
| | دکتۆرا | 55(23.8) | 2 |
| | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | 34(14.7) | 3 |
| | پرۆفیسۆر | 16(6.9) | 4 |
| تەمەن (ساڵ) | 34 – 25 | 27(11.7) | 3 |
| | 44 – 35 | 128(55.4) | 1 |
| | 54 – 45 | 55(23.8) | 2 |
| | 55 ساڵ و زیاتر | 21(9.1) | 4 |
| کۆی گشتی | | 270(100) | |

**خشتەی (١)؛ زانیاریە دیمۆگرافیەکان ڕووندەکاتەوە :** زانیاریەکانی خشتەی سەرەوە ئەوە ڕووندەکاتەوە زۆرترین بەشداربووانی ڕاپرسیەکە لەڕەگەزی (نێر)ە، بە ڕێژەی (72.3%) لە کاتێکدا ڕێژەی ڕەگەزی مێ (27.7%)ە. **سەبارەت بە ئاستی خوێندنی بەشداربووانی ڕاپرسیەکە** بەپێی زانیاریەکانی خشتەی سەرەوە: بەشداربووانی توێژینەوەکە زۆرینەیان هەڵگری بڕوانامەی (ماستەر)ن، کە بە ئاستی یەکەم دادەنرێت، بە ڕێژەی (52.4%) هەروەها ئاستی دووەم بریتییە لە هەڵگرانی بڕوانامەی (دکتۆرا) بە ڕێژەی (23.8%) لە کاتێکدا نزمترین ئاستی بڕوانامەی بەشداربوان بریتییە لە بڕوانامەی (دیبلۆمی باڵا) بە ڕێژەی (2.2%) . **سەبارەت بە تەمەنی بەشداربوانی توێژینەوەکە:** بەرزترین ئاستی تەمەن بریتییە لە تەمەنی (35 – 44) ساڵ کە بە ئاستی یەکەم دادەنرێت کە بە ریژەی (55.4%) هەروەها ئاستی دووەم لە تەمەن بریتییە لە تەمەنی (45-54) بە ڕێژەی (23.8%) لە کاتێکدا نزمترین ئاستی تەمەن بریتییە لە تەمەنی ( 55 ساڵ و زیاتر) ساڵ بە ڕێژەی (9.1%).

**تەوەری دووەم: پەیوەندیی وەرگر و ئامرازەکانی تۆڕی کۆمەڵایەتی**

**خشتەی (2): کام لە پلاتفۆرمانە لەڕێی زانیاری ناڕاستەوە هەستی ناسەقامگیری ئاسایشی کۆمەڵایەتی زیاتر بەخەڵک دەبەخشێت؟**

| پلاتفۆرمی سۆشیالمیدیا | دووبارە بوونەوەکان | % | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|
| فەیسبوک | 213 | 44 | 1 |
| ئینستاگرام | 60 | 12.4 | 3 |
| تیکتۆک | 117 | 24.3 | 2 |
| گروپەکانی چاتکردن | 34 | 7.2 | 4 |
| سناپچات | 30 | 6.3 | 5 |
| تۆڕی کۆمەڵایەتیی (X) تویتەر | 28 | 5.8 | 6 |
| کۆ | 482 | 100 | |

بەپێی ئەنجامەکانی خشتەی (2) زۆرینەی بەشداربوان بەرێژەی (44.2%) پێیانوایە بە پلەی یەکەم زانیاری ناڕاست لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک هەستی ناسەقامگیری ئاسایشی.کۆمەڵایەتی بە خەڵک دەبەخشێت. هەر بەپێی ئەنجامەکانی خشتەی (2) تۆڕی کۆمەڵایەتیی (X) تویتەر کەمترین هەستی ناسەقامگیری ئاسایشی کۆمەڵایەتی بەخەڵک دەبەخشێت کە ڕێژەکەی (0.06%)، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ئەم پلاتفۆرمە بەکارهێنەری کەمی هەیە لە هەرێمی کوردستان. ئەنجامەکانی خشتەکە ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە زۆرینەی ڕەها نموونەی توێژینەوەکە فەیسبووک بەسەرچاوەیەکی سەرەکی ناسەقامگیری ئاسایشی.کۆمەلامەیتی دەبینن، ئەمەش بۆئەوە دەگەڕێتەوە بە ڕێژەیەکی زیاتر بەکارهێنەرانی سۆشیالمیدیا لە هەرێمی کوردستان؛ فەیسبوک بەکاردەهێنن و ئەمەش بووەتە هۆکاری ئەوەی کە بەکارهێنەران بەرکەوتەی زانیاری ناڕاست ببنەوە لەم پلاتفۆرمە.

**تەوەری سێیەم: سەرچاوەی هەواڵە ساختەکان وبوارەکانی بڵاوکردنەوە لە سۆشیالمیدیا:**

**خشتەی (3): سەرچاوەکانی زانیاری ناڕاستی سۆشیالمیدیا**

| بڕگە | دووبارەبوونەوەکان | % | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|
| پەیجی میدیا فەرمییەکان | 43 | 7.1 | 6 |
| ئەکاونت و پەیجە کەسییەکان | 101 | 16.7 | 3 |
| ئەکاونت و ئەو پەیجانەی خاوەندارێتیان دیار نیە | 199 | 32.8 | 1 |
| پەیجی حکومەت و دامەزراوە فەرمییەکان | 14 | 2.3 | 7 |
| ئەکاونت و پەیجی هاوڵاتی ڕۆژنامەوان | 65 | 10.7 | 4 |

| برگە | دووبارەبوونەوەکان | % | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|
| ئەکاونت و پەیجی پارتە سیاسییەکان | 117 | 19.3 | 2 |
| ئەکاونت و پەیجی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی | 14 | 2.3 | 7 |
| ئەکاونت و پەیجی کۆمپانیا بازرگانییەکان | 53 | 8.8 | 5 |
| کۆ | 606 | 100 | |

بەپێی ئەنجامەکانی خشتەی (3) دەردەکەوێت کە نموونەی توێژینەوەکە زیاتر لە سەرچاوەیەکیان دیاریکردووە بۆ بڵاوکردنەوەی زانیاری ناڕاست، بەڵام زۆرینەی بەشداربوان بەڕێژەی (32.8%) پێیانوایەکە ئەکاونت و ئەو پەیجانەی خاوەندارێتیان دیار نیە، سەرچاوەیەی یەکەمن لە بڵاوکردنەوەی زانیاری ناڕاستی سۆشیالمیدیا. ئەم برگەیە ڕیزبەندی یەکەمی گرتووە لە ناو سەرچاوەکانی تر. پاشان لە ڕیزبەندی دووەم بەڕێژەی (19.3%) ئەکاونت و پەیجی پارتە سیاسییەکان هەڵبژاردووە لەسەرچاوەکانی زانیاری ناڕاست، بەڵام هەریەکە لە پەیجی حکومەت و دامەزراوە فەرمییەکان و ئەکاونت و پەیجی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ڕیزبەندی کۆتاییان وەرگرتووە تەنها (14) بەشداربووان بەڕێژەی (2.3%) پەیجی حکومەت و دامەزراوە فەرمییەکان وەک سەرچاوەی زانیاری ناڕاست دیاریکردوە. ئەنجامەکانی خشتەکە لە دوو ئاستدا مەترسی گەورە دەخەنەڕوو، یەکەمیان ئەوەیە کە ئەکاونت و ئەو پەیجانەی خاوەندارێتیان دیار نیە سەرچاوەی بڵاوکردنەوەی زانیاری ناڕاستن، ئەم جۆرەی پەیجەکان بەهۆی نەبوونی چاودێرییەوە هەموو کەسێک دەتوانێت بە ئاسانی دروستیان بکات و کاریگەری لەسەر ڕای گشتی و ئاسایشی.کۆمەڵایەتی دروست بکات، مەترسی دووەم ئەوەیە کە پارتە سیاسییەکان کە پێکهاتەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی هەموو کۆمەڵگەیەکی دیموکراسین و ڕۆڵی کاریگەریان هەیە لەسەر سیستەمی سیاسی و پرۆسەی دیموکراسی کەچی سەرچاوەیەکی بەهێزن لە بڵاوکردنەوەی زانیاری ناڕاست، ئەمەش مەترسیدارە لەسەر شێواندنی ڕای گشتی و سیستەمی دیموکراسی. هەر بەپێی ئەنجامەکانی خشتەی (3) لە ڕیزبەندیی حەوتەمدا، کە کۆتا ڕیزبەندی خشتەکەیە پەیجەکانی حکومەت و دامەزراوە فەرمییەکان و ئەکاونت و پەیجی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، کەمترین سەرچاوەی زانیاری ناڕاستن ئەمەش ئاماژەیەکی ئەرێنیە لەلایەن نموونەی توێژینەوەکەوە، ئەوە دەخاتەڕوو، کە حکومەت و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی کەمترین زانیاری ناڕاست بڵاودەکەنەوە.

**خشتەی(4): بوارەکانی بڵاوکردنەوەی زانیاری ناڕاستی سۆشیالمیدیا**

| برگە | دووبارەبوونەوەکان | % | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|
| بواری سیاسی | 218 | 34 | 1 |
| بواری کۆمەڵایەتی | 114 | 17.8 | 2 |
| بواری ئاینی | 58 | 9 | 5 |
| بواری ئاسایش- ئەمنی | 69 | 10.7 | 3 |
| بواری تەندروستی | 66 | 10.3 | 4 |
| بواری ئابووری و بازرگانی | 95 | 14.8 | 6 |
| بواری پەروەردەی | 22 | 3.4 | 7 |
| کۆ | 642 | 100 | |

بەپێی ئەنجامەکانی خشتەی (4) دەردەکەوێت کە نموونەی توێژینەوەکە زیاتر لە بوارێکیان دیاریکردوە کە زانیاری ناڕاستی سۆشیالمیدیای لەبارەوە بڵاودەکرێتەوە، بەڵام زۆرینەی ڕەهای بەشداربوان بە ڕێژەی (34%) پێیانوایەکە ئەوهەواڵە ساختانەی لە سۆشیالمیدیا بڵاودەکرێنەوە لە بواری سیاسیدایە کە ڕیزبەندی یەکەمی گرتووە لە چاو بوارەکانی تردا. هەروەها لە ڕیزبەندی دووەمدا بەڕێژەی (17.8%) بواری کۆمەڵایەتی هاتووە، ئەمە لەکاتێکدایە کەمترین ڕێژەی بڵاوکردنەوەی زانیاری ناڕاست لەبواری پەروەردەیدا بە ڕێژەی (3.4%). ئەنجامەکانی خشتەی(4) لە دوو ئاستدا جێی بایەخ و هەڵوەستەلەسەرکردنن کە ئاستێکیان مەترسیدار و ئەوتریان ئەرێنیە. لە ئاستی یەکەمدا ئەوەیە زۆرترین زانیاری ناڕاست لەبواری سیاسیدا بڵاو دەکرێتەوە ئەم ئەنجامە پشتڕاستی ئەنجامی خشتەی (3)ی ئەم توێژینەوە دەکاتەوە کە (19.3%) بەشداربوان پێیانوایە ئەکاونت و پەیجی پارتە سیاسییەکان سەرچاوەی زانیاری ناڕاستی سۆشیالمیدیان، کە ئەمەش مەترسیدارە لە سەر شێوازەکانی حوکمڕانی و پرۆسەی دیموکراسی. توێژینەوەکان ئەوەیان ئاشکراکردوە کە زانیاری ناڕاستی بەشداری دەکات لە سەرهەڵدانی بزوتنەوە پۆپۆلیستییە توندڕەوەکان (Baptista, J.P. and Gradim, A., 2022). ڕەهەندە ئەرێنیەکەی ئەنجامەکانی خشتەی (4) ئەوەیە کە بەشداربوان پێیانوایە کەمترین زانیاری ناڕاست لەبواری پەروەردەییدا لە سۆشیالمیدیا بڵاودەکرێتەوە.

## تەوەری چوارەم: کاریگەریی بڵاوبوونەوەی زانیاری ناڕاست و ڕووبەڕووبوونەوەی لە سۆشیالمیدیا

### خشتەی (5) : کاریگەریی بڵاوبوونەوەی زانیاری ناڕاست لە سۆشیالمیدیا

| بڕگەکان | لەگەڵیدام | بێلایەنم | لەگەڵید انیم | ئەنجام Result |
|---|---|---|---|---|
| | ژ | ژ | ژ | |
| | % | % | % | |
| خوێندنەوەی زانیاری ناڕاست لە سۆشیالمیدیا هۆکاری هەستکردنە بە دڵەڕاوکێ و فشاری دەروونی. | 207 | 16 | 8 | لەگەڵیدام |
| | 89.6% | 6.9% | 3.5% | |
| زانیاری ناڕاست لە سۆشیالمیدیا مەترسییە لەسەر متمانەیی خەڵک بە ئازادی ڕادەربڕین و ئازادی ڕۆژنامەوانی. | 196 | 27 | 8 | لەگەڵیدام |
| | 84.8% | 11.7% | 3.5% | |
| زانیاری ناڕاست لە سۆشیالمیدیا مەترسییە لەسەر شێواندنی مێژووی نەتەوەی کورد و پێکهاتەکانی تری هەرێمی کوردستان. | 173 | 40 | 18 | لەگەڵیدام |
| | 74.9% | 17.3% | 7.8% | |
| زانیاری ناراست لە سۆشیالمیدیا مەترسییە لە سەر ئاشتی نێوان ئاین و مەزهەب و تەریقەتە ئاینییەکانی هەرێمی کوردستان. | 168 | 52 | 11 | لەگەڵیدام |
| | 72.7% | 22.5% | 4.8% | |
| زانیاری ناڕاست لە سۆشیالمیدیا هۆکاری زیاتری بڵاوبونەوەی توندوتیژی خێزانییە. | 158 | 57 | 16 | لەگەڵیدام |
| | 68.4% | 24.7% | 6.9% | |
| کاریگەریی بڵاوبوونەوەی زانیاری ناڕاست لە سۆشیالمیدیا؛ دابەشبوونی کۆمەڵایەتییە یان سیاسییە | 166 | 48 | 17 | لەگەڵیدام |
| | 71.9% | 20.8% | 7.4% | |
| بڵاوبوونەوەی زانیاری ناراست لە سۆشیالمیدیا کاریگەری لەسەر گفتوگۆی سیاسی هەیە | 151 | 55 | 25 | لەگەڵیدام |
| | 65.4% | 23.8% | 10.8% | |
| زانیاری ناراست لە سۆشیالمیدیا هۆکارێکە بۆ کاڵکردنەوەی هەستی نیشتیمانی و نەتەوەیی و بێ متمانەیی خەڵک بە کیانی هەرێمی کوردستان. | 184 | 32 | 15 | لەگەڵیدام |
| | 79.7% | 13.9% | 6.5% | |
| زانیاری ناڕاست لە سۆشیالمیدیا هۆکارێکە بۆ بێ متمانەیی خەڵک بە دامەزراوە دادوەرییەکان. | 155 | 46 | 30 | لەگەڵیدام |
| | 67.1% | 19.9% | 13.0% | |
| بڵاوکردنەوەی زانیاری ناراست لە سۆشیالمیدیا کاریگەری لەسەر ناوبانگی کەسەکان یان دامەزراوە پەیوەندیدارەکان هەیە. | 183 | 34 | 14 | لەگەڵیدام |
| | 79.2% | 14.7% | 6.1% | |
| بڵاوکردنەوەی زانیاری ناراست لە سۆشیالمیدیا لەبوارەکانی پزیشکی و جوانکاری مەترسییەکە لەسەر تەندروستی گشتی. | 175 | 45 | 11 | لەگەڵیدام |
| | 75.8% | 19.5% | 4.8% | |
| بڵاوکردنەوەی زانیاری ناراست لە سۆشیالمیدیا دەبێتە هۆی بایکۆتکردنی پرۆسەی هەڵبژاردن. | 96 | 80 | 55 | لەگەڵیدام |
| | 41.6% | 34.6% | 23.8% | |
| بڵاوکردنەوەی زانیاری ناراست لە سۆشیالمیدیا سەرچاوەیەکی مەترسیدارە لەسەر کایەی گشتی و تێکدانی ئاشتی کۆمەڵایەتی. | 174 | 46 | 11 | لەگەڵیدام |
| | 75.3% | 19.9% | 4.8% | |
| بڵاوکردنەوەی زانیاری ناراست لە سۆشیالمیدیا لەبواری ئاینی و مەزهەبی دەبێتە هۆی بڵاوبونەوەی بیری توندڕەوی. | 149 | 59 | 23 | لەگەڵیدام |
| | 64.5% | 25.5% | 10.0% | |
| بڵاوکردنەوەی زانیاری ناڕاستی سۆشیالمیدیا هۆکارێکە بۆ دارمانی بەهاکۆمەڵایەتییەکان | 178 | 40 | 13 | لەگەڵیدام |
| | 77.1% | 17.3% | 5.6% | |
| بڵاوکردنەوەی زانیاری ناڕاستی سۆشیالمیدیا هاندەرێکە بۆ زیاتر بڵاوبونەوەی قسەی نەشیاو نوسینی کۆمێنتی هەڕەشە ئامێز | 194 | 24 | 13 | لەگەڵیدام |
| | 84.0% | 10.4% | 5.6% | |

**بە پێی ئەنجامەکان خشتەی (5)دەرکەوتووە کە** بەشێوەیەکی گشتی لە کۆی وەڵامدانەوەی سامپڵی توێژینەوەکە بۆ (16)  پرسیار لەسەر (کاریگەریی بڵاوبوونەوەی زانیاری ناڕاست لە سۆشیالمیدیا) سەرجەمیان  لە بەرژەوەندنی بژاردەی لیکەرتی سیانی (لەگەڵیدام) بوە، بەڵام بە ڕێژەی جیاواز: بڕگەی (خوێندنەوەی زانیاری ناڕاست لە سۆشیالمیدیا هۆکاری هەستکردنە بە دڵەڕاوکێ و فشاری دەروونی) ڕیزبەندی یەکەمی گرتووە و بەڕێژەی (89.6%)، لە ریزبەندی دووەمدا بڕگەی (زانیاری ناڕاست لە سۆشیالمیدیا مەترسییە لەسەر متمانەی خەڵک بە ئازادی ڕادەربڕین و ئازادی ڕۆژنامەوانی) هاتووە، بەڕێژەی (84.8%)، هەر بەپێی ئەنجامەکانی خشتەی (5) لە ڕیزبەندیی شانزەیەمدا، کە کۆتا ڕیزبەندییە، بڕگەی (بڵاوکردنەوەی زانیاری ناڕاست لە سۆشیالمیدیا دەبێتە هۆی بایکۆتکردنی پرۆسەی هەڵبژاردن) هاتووە بە ڕێژەی (41.6%). ئەنجامەکانی خشتەی (5) ئەوە دەخەنەڕوو، بڵاوکردنەوەی زانیاری ناڕاست زیاتر لە لێکەوتەیەکی هەیە و گشتگیرە لە تەنها بوارێکدا کاریگەری نابێت، بەڵکو زانیاری ناڕاستی سۆشیالمیدیا لێکەوتەی هەیە لەسەر بوارەکانی: "سیاسی و ئازادی ڕادەربڕین و شێواندنی ڕای گشتی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، تەندروستی دەرونی و تەندروستی گشتی، ڕەفتاری کۆمەڵایەتی، ئاینی، بەها کۆمەڵایەتییەکان، بیری توندڕەوی، شیرازەی خێزان، مێژووی کورد، پێکەوەژیانی نەتەوەکان، بێمتمانەیی خەڵک بەدامەزراوە دادوەرییەکان" کە ئەمەش ئاماژەیەکی نەرێنییە لەسەر کاریگەری بڵاوکردنەوەی زانیاری ناڕاست لە سۆشیالمیدیا، ئەمە لە کاتێکدایە هیچ یاسا و ڕێنمایی و هەنگاوێک نیە بۆ ڕووبەڕووبونەوەی ئەم دیاردە کاریگەرە مەترسیدارە، کە ڕۆژانە بەکارهێنەرەکانی تۆرەکۆمەڵایەتییەکان زیاتر لەچەند جارێک بەرکەوتنیان ئەبێت لە گەڵیدا.

**خشتەی (6) : ڕووبەڕووبونەوەی زانیاری ناڕاستی سۆشیالمیدیا**

| بڕگەکان | بەڵێ | نەخێر | کۆی گشتی | باو |
|---|---|---|---|---|
| | ژ | ژ | ژ | Mode |
| | % | % | % | |
| پێتوایە یاساکانی هەرێمی کوردستان توانای ڕووبەڕووبونەوەی زانیاری ناڕاستیان هەیە؟ | 39 | 192 | 231 | نەخێر |
| | 17% | 83% | 100.0 | |
| بە پێویستی دەزانی یاسایەکی تایبەت دەربکرێت بۆ ڕووبەڕووبونەوەی زانیاری ناڕاست بە شێوەیەکی گشتی وبە تایبەتتر لە سۆشیالمیدیا؟ | 201 | 30 | 231 | بەڵێ |
| | 87% | 13% | 100.0 | |
| ئایا ڕێکخراوەکانی NGO ڕۆڵیان هەبووە لە ئاشناکردنی ڕۆژنامەنوسان بە ڕێگەکانی ڕووبەڕووبونەوەی زانیاری ناڕاست لە سۆشیالمیدیا؟ | 66 | 165 | 231 | نەخێر |
| | 29% | 71% | 100.0 | |
| ئایا هۆشیارکردنەوەی خەڵک بە پێویست دەزانیت سەبارەت بە مەترسییەکانی زانیاری ناڕاست لە سۆشیالمیدیا ؟ | 223 | 8 | 231 | بەڵێ |
| | 97% | 3% | 100.0 | |
| پێتوایە نابابەتی بوون لە خستنەڕووی زانیارییەکانی ڕوداوێک، هاوشێوەی زانیاری ناڕاست مەترسیدارییێت؟ | 211 | 20 | 231 | بەڵێ |
| | 91% | 9% | 100.0 | |

**بەپێی ئەنجامەکان خشتەی (6) کەتایبەتە بە ڕێکارەکانی ڕووبەڕووبونەوەی زانیاری ناڕاستی سۆشیالمیدیا دەرکەوتووە کە:**

١.	زۆرینەی بەرتوێژانی توێژینەوەکە بە ڕێژەی (83%) بڕوایانوایە یاساکانی هەرێمی کوردستان توانای ڕووبەڕووبونەوەی زانیاری ناڕاستیان نیە، کە ئەمەش ئاماژەیەکی مەترسیدارە لەو ڕوانگەوەی کە دامەزراوەی یاسادانان لە هەرێمی کوردستان ئەم دیاردە مەترسیدارەی پشتگوێخستووە.

٢.	زۆرینەی بەرتوێژانی توێژینەوەکە بە ڕێژەی (87%)، یاسایەکی تایبەت بە پێویست دەزانرێت بۆ ڕووبەڕووبونەوەی زانیاری ناڕاست بە شێوەیەکی گشتیی و بە تایبەتتر لە سۆشیالمیدیا، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە تاوەکو ئێستا لەهەرێمی کوردستان یاسایەکی تایبەت نییە بۆ ڕووبەڕووبونەوەی زانیاری ناڕاست، ئەگەرچی لەوڵاتە دیموکراسییەکان بۆ ڕووبەڕووبونەوەی زانیاری ناڕاست جگە لە ناچارکردنی کۆمپانیا گەورەکانی ئینتەرنێت وەکو گۆگڵ و میتا...تد، بە ڕێکاری تایبەت بە ڕووبەڕووبونەوەی زانیاری ناڕاست یاسای تایبەتیش دەرکراون بۆهەمان مەبەست.

٣.	زۆرینەی بەرتوێژانی توێژینەوەکە بە ڕێژەی (71%) بڕوایانوایە ڕێکخراوەکانی NGO ڕۆڵیان نیە لە ئاشناکردنی ڕۆژنامەنوسان بە ڕێگەکانی ڕووبەڕووبونەوەی زانیاری ناڕاست لە سۆشیالمیدیا، ئەمەش ئەوە دەردەخات بڵاوکردنەوەی زانیاری ناڕاست نەبووە بە بابەتێک جێی بایەخی ڕێکخراوەکان بێت، بەرپرسانە مامەڵەیان نەکردوە بۆ ڕووبەڕوبوونەوەی ئەم دیاردەیە.

٤. زۆرینەی رەهای بەرتوێژانی توێژینەوەکە بە رێژەی (97%) هۆشیارکردنەوەی خەڵک بە پێویست دەزانن لەسەر مەترسییەکانی زانیاری ناڕاست لە سۆشیالمیدیا، ئەم ئەنجامەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بەشداربوانی ئەم توێژینەوەیە دەستەبژێرێکی بە ئاگاو بەرپرسن و تێدەگەن لە مەترسی و لێکەوتە نەرێنیەکانی زانیاری ناڕاست لەسەر ئاسایشی کۆمەڵایەتی.

٥. زۆرینەی بەرتوێژانی توێژینەوەکە بە رێژەی (91%)، ناباەتیبوون لە خستنەڕووی زانیارییەکانی رووداوێک، هاوشێوەی زانیاری ناڕاست بەمەترسیدار دەزانن، ئەم ئەنجامەش ئاماژەیەکی نەرێنیە، لەو روانگەوەی خستنەڕووی رووداوەکان لە سۆشیالمیدیا بە شێوەی بابەتیانە نیە، کە ئەمە لەکاتێکدا بابەتیبوون لە خستەڕووی رووداوەکان مەرجێکی بنەڕەتی میدیای پرۆفیشناڵە، جا ئەو میدیاییە دیجیتاڵی بێت یان میدیای تەقلیدی.

## دەرەنجام و راسپاردە و پێشنیازەکان

### یەکەم / دەرئەنجام

١. توێژینەوەکە دەریخستووە کە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک چەقی سەرەکیی بڵاوبوونەوەی زانیاری ناڕاستیە لە هەرێمی کوردستان، کە ڕاستەوخۆ دەبێتە هۆی ناسەقامگیریی ئاسایشی-کۆمەڵایەتی. هاوکات، کایەی سیاسی وەک چالاکترین بوار بۆ بەرهەمهێنانی چەواشەکاری میدیایی دەستنیشانکراوە، کە ئەمەش مەترسییەکی جیدی لەسەر شێوازەکانی حوکمڕانی دروست کردووە و زەمینەسازی بۆ سەرهەڵدانی بزووتنەوە پۆپۆلیستییە توندڕەوەکان کردووە.

٢. پارتە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان، لە ڕێگەی پەیجە فەرمی و سێبەرەکانیانەوە، وەک سەرچاوەیەکی سەرەکیی بەرهەمهێنانی زانیاری ناڕاست دەردەکەون. ئەم ڕەفتارە سیاسییە پاکپارێزیی زانیاری "Information Integrity" تێکداوە و بووەتە هۆی شێواندنی ڕای گشتی و پەکخستنی پرۆسەی دیموکراسی، کە لە ئەنجامدا متمانەی هاووڵاتی بە گرێبەستی کۆمەڵایەتی و دامەزراوە نیشتمانییەکان لاواز کردووە.

٣. دەرکەوتووە کە زانیاری ناڕاست کاریگەریی تێکدەرانەی لەسەر چەندین ڕەهەندی جیاواز جێهێشتووە؛ لەوانە: شێواندنی مێژووی نەتەوەیی، تێکدانی شیرازەی خێزان، لاوازکردنی بەها کۆمەڵایەتییەکان ودروستکردنی بێمتمانەیی قووڵ بەرامبەر دامەزراوە دادوەری و تەندروستییەکان. ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە زانیاری ناڕاست لە هەرێمی کوردستاندا لە دیاردەیەکی میدیاییەوە گۆڕاوە بۆ هەڕەشەی ئاسایشی کۆمەڵایەتی گشتگیر.

٤. توێژینەوەکە گەیشتە ئەو دەرئەنجامەی کە نابابەتیبوون لە خستنەڕووی زانیارییەکاندا، لە لایەن وەرگری کوردەوە وەک جۆرێکی مەترسیداری زانیاری ناڕاست پۆلێن دەکرێت. ئەمە دەریدەخات کە شێواندنی ڕاستییەکان تەنها لە ڕێگەی "درۆ"وە نییە، بەڵکو لە ڕێگەی "ئاراستەکردنی نادروست" یشەوەیە کە هەمان ئاسەواری خراپ لەسەر وەرگر جێدەهێڵێت.

٥. دەرئەنجامەکان جەخت لەوە دەکەنەوە کە دەسەڵاتی یاسادانان لە هەرێمی کوردستان لە ئاستی بەرپرسیارێتی بەرەنگاربوونەوەی چەواشەکاریی دیجیتاڵیدا نەبووە. یاسا بەرکارەکان توانای ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم "تیرۆری زانیاری"یەیان نییە. هەروەها دەرکەوتووە کە بەرزکردنەوەی ئاستی "خوێندەواری دیجیتاڵی" لە نێوان هاووڵاتیاندا، بە تەنیا ڕێگەی کاریگەر بۆ کەمکردنەوەی ئاسەوارە خراپەکان و پاراستنی ئاسایشی کۆمەڵایەتی دادەنرێت.

### دووەم / راسپاردە:

١. پێویستە پەرلەمانی کوردستان کار بکات بۆ دارشتنی یاسای پاراستنی پاکپارێزیی زانیاری و ئاسایشی- دیجیتاڵی، بە جۆرێک کە هاوسەنگییەک لە نێوان پاراستنی ئازادیی ڕادەربڕین و سزادانی ئەو لایەنانە دروست بکات کە بە ئەنقەست زانیاری ناڕاست بۆ تێکدانی ئاسایشی کۆمەڵایەتی بڵاودەکەنەوە.

٢. ڕاسپاردنی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ واژۆکردنی "پابەندبونی ڕەفتاری میدیایی" لە نێوان پارتە سیاسییەکاندا، بۆ پابەندبوونیان بە دوورکەوتنەوە لە بەکارهێنانی ئەکاونتی سێبەر و بڵاوکردنەوەی زانیاری چەواشەکار وەک ئامرازێکی ململانێی سیاسی.

٣. حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە، فشار بخاتە سەر کۆمپانیاکانی (Meta, X, TikTok) بۆ کاراکردنی سیستەمی (Fact-checking) بە زمانی کوردیی و ناساندنی هەرێمی کوردستان وەک قەوارەیەکی تایبەت بۆ ڕێگری لەو پەیجانەی هەڕەشە لە سەقامگیریی ناوخۆیی دەکەن.

٤. ڕاسپاردنی وەزارەتەکانی پەروەردە و خوێندنی باڵا بۆ دارشتنی پرۆژەیەکی نیشتمانیی بە مەبەستی بەرزکردنەوەی خوێندەواریی میدیایی و زانیاری (Media and Information Literacy) لە ناوەندەکانی خوێندن، بۆ پاراستنی نەوەی ئێستا لە کاریگەرییەکانی جەنگی دەروونی و زانیاریی ساختە.

٥. بابەتەکانی "ئیتیکی دیجیتاڵی، شیکردنەوەی گوتاری چەواشەکار و ئاسایشی- زانیاری" وەک وانەی بنەڕەتی لە بەشەکانی ڕاگەیاندن، زانستە سیاسییەکان و کۆمەڵناسی لە زانکۆکاندا جێگیر بکرێن.

٦. دامەزراندنی سەنتەرێکی سەربەخۆی ئەکادیمی (Fact-Checking Center) بە هاوبەشی لە نێوان زانکۆکان و سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، کە ئەرکی ڕاستکردنەوەی ئەو زانیارییە گشتییانە بێت کە دەبنە هەڕەشە لەسەر تەندروستی، ئابووری و ئاسایشی گشتی.

### سێیەم / پێشنیازەکان:

١. ئاڕاستەکردنی خوێندکارانی خوێندنی باڵا (ماستەر و دکتۆرا) بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەی فرەپسپۆڕیی (Interdisciplinary) کە لە نێوان زانستە سیاسییەکان، دەروونناسی و ڕاگەیاندندا لێکەوتە قووڵەکانی "تیرۆری زانیاری" لەسەر تاکەکانی کۆمەڵگەی کوردستانی بکۆڵنەوە.

٢. پێشنیاز دەکەین توێژینەوەی ورد بکرێت لەسەر؛ ڕۆڵی ژیریی دەستکرد لە بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوەی زانیاری ناڕاست لە کاتی بانگەشەی هەڵبژاردنەکاندا.

**لیستی سەرچاوەکان:**


1. إبراهيم، سـهير صالح، (٢٠١٩ )، أثر الاخبار الكاذبة على مواقع التواصل الاجتماعى فى نشر القلق السياسى لدى الشباب، المجلة المصرية لبحوث الرأى العام، المجلد ١٨، العدد ٤.
2. عبدالله، جمعة محمد،(2023)، الأخبار الزائفة في مواقع التواصل الاجتماعي وأثرها على الوعي الصحي للجمهور العراقي تجاه جائحة كوفيد-19: دراسة ميدانية، مجلة دراسات وبحوث إعلامية، 5(2)، 120–145.
3. علي ،عمر جياد، (٢٠٢٣)، نشر الاخبار الكاذبة عبر مواقع التواصل الاجتماعي وأثرها على التماسك المجتمعي من وجهة نظر اساتذة الجامعة، مجلة آداب الفراهيدي، المجلد ١٥، العدد ٥٣.
٤. کارزان محەمەد، (٢٠٢٢)، مەترسییەکانی سۆشیالمیدیا لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی لە هەرێمی کوردستان، گۆڤاری ئایندەناسی، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی دەربەدکات، ژمارە (١٥).
٥. شەهلا رەعنایی، وەرگێڕانی: لوقمان سەیفور، (٢٠٢١)، ئالوودەبوون بە ماددە هۆشبەرەکان وئاسایشی کۆمەڵایەتی، گۆڤاری ئایندەناسی، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی دەربەدکات، ژمارە (١٠).
٦. کاروان عبدالله محمد و هەرمن شێرکۆ نصرالدين، (٢٠١٩)، ڕۆڵی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە هەستکردن بە بەرقەراری ئاسایشی کۆمەڵایەتی لەلای هاوڵاتیانی شاری سلێمانی، مجلة الفنون و الادب و علوم الانسانيات و الاجتماع، عدد خاص بالمؤتمر العلمى الاول لقسم التقنية الاعلامية، كلية التقنية الادارية، جامعة السليمانية التقنية، (الاعلام و القضية القومية)، العدد (٣٨).
7. نەوزاد سديق محەمەد، كامل عمر سليمان،(٢٠٢١) زانیاری ناڕاست لە سۆشیالمیدیا کوردی لە هەرێمی کوردستان.، گۆڤاری ڕاپەڕین، زانکۆی ڕاپەڕین، بەرگی (٨)، ژمارە (٣).
8. هێرش ڕەسوڵ، هەرێم کەریم، دانا جەمیل، (٢٠٢١)، بڵاوکردنەوەی زانیاریی هەڵە و زانیاریی هەڵبەستراو لە ڕاگەیاندنەکان و کاریگەریی لەسەر ژینگەی هەواڵ و زانیاریی لە هەرێمی کوردستاندا، بەردەستە لە: https://www.researchgate.net/publication /
٩. ئاری ڕەفیق، (٢٠٢٠)، ئاسایشی کۆمەڵایەتی چیەو؟ کێ لە خەمی گەڕاندنەوەیدایە؟، بەردەستە لە: https://socialsuli.com/ArticleDetail_22_20
١٠. پەروێز محەمود، (٢٠٢١)، ئاسایشی نەتەوەیی هەرێمی کوردستان لە چ ئاستێکدایە؟، بەردەستە لە: https://diplomaticmagazine.net/detail/3919
١١. پەیڕەو ئەنوەر (سیمیناریستی بواری GBV)، (٢٠٢٠)، ئاسایشی کۆمەڵایەتی چییە؟ بەردەستە لە: https://www.facebook.com/100050588704934/posts/1466905533498966/
**١٢. جوتیار فەتاح، (٢٠٢١)، ئاسایشی کۆمەڵایەتی تاك لە نێوان دوو سەردەمی جیاوازدا، بەردەستە لە: https://www.rachlaken.com/article/27581**
١٣. سەرکۆ یونس، (٢٠٢٣)، ئاسایشی ئابووری و ڕۆڵی لە ئاراستەکردنی سیاسەت و دادپەروەری کۆمەڵگە، بەردەستە لە: https://chawykurd.com/2023/02/16/%D8%

14. Allcott, H., & Gentzkow, M. (2017). Social Media and Fake News in the 2016 Election. Journal of Economic Perspectives, 31(2), 211-236.
15. Baptista, J.P. and Gradim, A., 2022. Who believes in fake news? Identification of political (a) symmetries. Social Sciences, 11(10), p.460.
16. Del Vicario, M., Bessi, A., Zollo, F., Petroni, F., Scala, A., Caldarelli & Quattrociocchi, W. (2016). The spreading of misinformation online. Proceedings of the National Academy of Sciences, 113(3), 554-559.
17. Guess, A., Nagler, J., & Tucker, J. (2019). Less than you think: Prevalence and predictors of fake news dissemination on Facebook. Science Advances, 5(1), eaau4586.
18. Lazer, D. M., Baum, M. A., Benkler, Y., Berinsky, A. J., Greenhill, K. M., Menczer, F., ... & Zittrain, J. L. (2018). The science of fake news. Science, 359(6380), 1094-1096.
19. Lewandowsky, S., Ecker, U. K., & Cook, J. (2012). Beyond Misinformation: Understanding and Coping with the “Post-Truth” Era. Journal of Applied Research in Memory and Cognition, 6(4), 353–369.
20. Pennycook, G., & Rand, D. G. (2019). Fighting misinformation on social media using crowdsourced judgments of news source quality. Proceedings of the National Academy of Sciences, 116(7), 2521-2526.
21. Vosoughi, S., Roy, D., & Aral, S. (2018). The spread of true and false news online. Science, 359(6380), 1146-1151.

# New technologies and their impact on media reform: Reporters of Kurdistan Region as an example

**Karzan Tariq Mahmood**
University of Sulaimani, Humaniterian College, Media Department
Kurdistan region of Iraq, Sulaimani
karzan.tariq@gmail.com

## Abstract:

The subject of technology and its impact on media reform, particularly among journalists, is a highly significant and debated topic. This study explores the role of new communication and information technologies in transforming media practices and their impact on the process of media reform in the Kurdistan Region, with a specific focus on the experiences of journalists. Technological shifts—including social media, Mobile Journalism (MoJo), and Artificial Intelligence (AI)—have created a new environment for journalistic work that necessitates a re-evaluation of legal frameworks and professional ethics. The study reveals that while technology has provided greater opportunities for speed, transparency, and bypassing censorship, it has simultaneously presented journalists with several challenges. These include the blurring of boundaries between professional journalism and citizen-journalism, as well as the proliferation of misinformation. Furthermore, the research highlights that media reform in the region is not merely about updating equipment; it requires fundamental changes in the legal infrastructure and a reduction of political hegemony over the media. In conclusion, the study emphasizes that for a successful reform process, media institutions and journalists must align themselves with global standards of new media. This involves enhancing both technical and ethical skills to preserve professional identity in the digital age.

**Keywords:**
New Technology, Media Reform, Journalists, Kurdistan Region, Digital Media

# تەکنەلۆژیای نوێ و کاریگەرییەکانی لەسەر ڕیفۆرمی میدیایی: پەیامنێرانی هەرێمی کوردستان وەک نموونە

**کارزان تاریق مەحموود**
زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، بەشی ڕاگەیاندن
هەرێمی کوردستانی عێراق، سلێمانی
karzan.tariq@gmail.com

## پوختە
بابەتی تەکنەلۆژیا و کاریگەریی لەسەر ریفۆرمی میدیایی بەتایبەتی لای پەیامنێران؛ بابەتێکی زۆر گرنگ و مشتومڕسازە. ئەم توێژینەوەیە باس لە کاریگەریی تەکنەلۆژیا نوێیەکانی پەیوەندیی و زانیاریی دەکات لە گۆڕینی شێوازی کارکردنی میدیایی و کاریگەرییان لەسەر پرۆسەی ڕیفۆرمی میدیایی لە هەرێمی کوردستان-دا؛ بەتایبەت بە جەختکردنەوە لەسەر ئەزموونی پەیامنێران. گۆڕانکارییە تەکنەلۆژییەکان، لەوانە سۆشیاڵ میدیا، ڕۆژنامەگەریی مۆبایل و زیرەکیی دەستکرد ژینگەیەکی نوێیان بۆ کاری پەیامنێریی خوڵقاندووە کە پێویستی بە دووبارە داڕشتنەوەی یاسا و ئیتیکی کارکردن هەیە. کێشەی سەرەکی لێرەدا ئەوەیە کە ئایا تەکنەلۆژیا دەبێتە هۆکارێک بۆ سەربەخۆیی زیاتری میدیا یان دەبێتە ئامرازێکی نوێ بۆ هەژموونی سیاسی. کۆمەڵی توێژینەوەکە؛ پەیامنێرانی هەرێمی کوردستان-ن و سامپڵی توێژینەوەکەیش (٢٠٠)پەیامنێری مەیدانیی دامەزراوە میدیاییەکانن. توێژینەوەکە ئەوەی دەرخستووە، هەرچەندە تەکنەلۆژیا دەرفەتی زیاتری بۆ خێرایی، شەفافیەت و تێپەڕاندنی سانسۆر ڕەخساندووە، بەڵام لە هەمان کاتدا پەیامنێرانی ڕووبەڕووی کۆمەڵێک ئاستەنگ کردووەتەوە، لەوانە: کاڵبوونەوەی سنووری نێوان کاری پیشەیی و هاووڵاتی ڕۆژنامەنووس و کێشەی بڵاوبوونەوەی زانیاریی چەواشەکار. لایەنێکی تری توێژینەوەکە تیشک دەخاتە سەر ئەوەی کە ڕیفۆرمی میدیایی لە هەرێمی کوردستان-دا تەنها پەیوەست نییە بە گۆڕینی ئامێرەکان، بەڵکو پێویستی بە گۆڕانکاری بنەڕەتی هەیە لە ژێرخانی یاسایی و کەمکردنەوەی هەژموونی سیاسیی بەسەر میدیاوە. لە کۆتاییدا؛ توێژینەوەکە جەخت لەوە دەکاتەوە کە بۆ سەرکەوتنی پرۆسەی ڕیفۆرمی میدیایی، دەبێت دامەزراوە میدیاییەکان و پەیامنێران خۆیان لەگەڵ پێوەرە جیهانییەکانی میدیای نوێ-دا بگونجێنن و کارامەیی تەکنیکی و ئیتیکی خۆیان بۆ پاراستنی شووناسی پیشەیی لە سەردەمی دیجیتاڵیی-دا پەرە پێبدەن.

## کلیلەوشەکان:
تەکنەلۆژیای نوێ، میدیای دیجیتاڵی، ڕیفۆرمی میدیایی، پەیامنێران، هەرێمی کوردستان

## پێشەکی
ئێستا؛ ئەو سەکۆ میدیاییانەی هۆکاری چاکسازیین لە بواری میدیادا لە جیهاندا زۆر جەختیان لێدەکرێتەوە، بەتایبەتی تەکنەلۆژیاکانی زانیاریی و پەیوەندیکردن بوونەتە هۆکاری گۆڕانکاریی لە هەموو کایەکانی ژیاندا. لە هەرێمی کوردستاندا؛ وەک هەر شوێنێکی تری جیهان، دەرکەوتنی میدیای دیجیتاڵی، سۆشیاڵ میدیا و ئامرازە نوێیەکانی وەک "ڕۆژنامەگەریی مۆبایل" و "زیرەکیی دەستکرد"، شۆڕشێکی گەورەی لە شێوازی کۆکردنەوە، ئامادەکردن و بڵاوکردنەوەی هەواڵدا بەرپا کردووە. ئەم گۆڕانکارییە خێرایە تەنها گۆڕینی ئامێرەکان نییە، بەڵکو گۆڕینی بنەماکانی کاری پەیامنێریی و پەیوەندییەکانی نێوان میدیا و دەسەڵاتە. ئەم توێژینەوەیە لەو پێویستییەوە سەرچاوە دەگرێت کە پرۆسەی "ڕیفۆرمی میدیایی" لە هەرێمی کوردستان ئێستا لە بەردەم تاقیکردنەوەیەکی گەورەدایە. لە کاتێکدا تەکنەلۆژیا دەرفەتی زۆری بۆ تێپەڕاندنی سانسۆر و گەیاندنی خێرای زانیارییەکان ڕەخساندووە، بەڵام لەلایەکی ترەوە تەحەددیەکی جدی بۆ پەیامنێران لە ڕووی پاراستنی شوناسی پیشەیی و ڕووبەڕووبوونەوەی زانیاریی چەواشەکار دروست کردووە. هەربۆیە توێژینەوەکە هەوڵ دەدات شیکردنەوە بۆ ئەزموونی مەیدانیی پەیامنێرانی هەرێمی کوردستان بکات و بزانێت تا چەند توانیویانە ئەم ئامرازە نوێیانە بۆ بەرژەوەندیی ڕیفۆرم و پیشەییبوون بەکاربهێنن. هەروەها تیشک دەخاتە سەر ئەو بەربەستە یاسایی و سیاسییانەی کە ڕێگرن لەوەی تەکنەلۆژیا ببێتە هۆی گۆڕانکارییەکی بنەڕەتیی لە ژێرخانی میدیای کوردییدا.

### پاری یەکەم: ڕێبازنامەی توێژینەوە
١. **کێشەی توێژینەوەکە:**

کێشەی سەرەکی توێژینەوەکە ئەوەیە کە تا چ ڕادەیەک تەکنەلۆژیای نوێ کاریگەریی لەسەر ڕیفۆرمی میدیایی و ئەدای پیشەیی پەیامنێرانی هەرێمی کوردستان کردووە. بۆ ئەو مەبەستە توێژینەوەکە چەند پرسیارێکی سەرەکی و لاوەکی لە چوارچێوەی کێشەکەدا خستوەتەڕوو کە ئایا تەکنەلۆژیای نوی کاریگەری لەسەر ڕیفۆرمی میدیایی لای پەیامنێرانی هەریمی کوردستان هەیە؟

٢. **بایەخی توێژینەوەکە**

أ- ئەم توێژینەوەیە لە ڕووی تیۆریی و پراکتیکییەوە دەبێتە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ ئاشنابوونی خوێندکاران و مامۆستایان بە لایەنە تەکنیکییەکانی بەرهەمهێنانی میدیایی و چۆنییەتی سوودوەرگرتن لێیان.

ب- بۆ دامەزراوەکانی میدیا؛ یارمەتیدەرە بۆ تێگەیشتن لە کاریگەریی تەکنەلۆژیای نوێ لەسەر پرۆسەی گواستنەوە و گەیاندنی زانیاریی و چۆنیەتی داڕشتنەوەی پەیامە میدیاییەکان بە شێوازێکی سەردەمیانە.

ت- بایەخی بۆ پەیامنێران هەیە، چوونکە دەبێتەهۆی ئاشناکردنیان بە ڕێگاکانی بەدەستهێنانی زانیاریی بە خێرایی و گەیاندنی پەیامەکان لە چوارچێوەی ژانرە جیاوازەکانی میدیادا.

ث- بۆ ناوەندە پیشەییەکانی وەک سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان یارمەتیدەر دەبێت لە زانینی ڕۆڵی تەکنەلۆژیا لە ڕووماڵی ڕاستەوخۆدا بە مەبەستی گەیاندنی زانیارییەکان بە شێوەیەکی پیشەیی.

**٣. ئامانجی توێژینەوەکە**

ئامانجی سەرەکی بریتییە لە زانین و دەستنیشانکردنی جۆری کاریگەریی تەکنەلۆژیای نوێ لەسەر گەشەپێدانی کاری میدیایی لای پەیامنێران.

**٤. جۆر و ڕێباز و ئامرازی توێژینەوەکە**

ئەم توێژینەوەیە لە جۆری وەسفی - ڕوپێوی (Descriptive-Analytical) وە بۆ کۆکردنەوەی داتای توێژینەوەکە لە پەیامنێران؛ ئامرازی ڕووپێوی (Survey) بەکارهاتووە. واتە فۆڕمی ڕاپرسی (Questionnaire) بەکارهاتووە و داتاکان لە ڕێگەی بەرنامەی ئاماری (GNT-PSPP version 2.2.1) شیکردنەوەیان بۆ کراوە.

**٥. کۆمەڵ و مشتی توێژینەوەکە**

-کۆمەڵی توێژینەوەکە؛ سەرجەم پەیامنێرانی مەیدانیی هەرێمی کوردستان دەگرێتەوە و مشتی توێژینەوەکەیش لە نموونەی ناهەڕەمەکیی مەبەستدار(Purposive Sample) ە کە 200 پەیامنێری دەزگا میدیاییە جیاوازەکانی هەرێمی کوردستان لەخۆدەگرێت.

**٦. ڕواڵەتە دروستیی توێژینەوەکە**

توێژەر ڕاستیی ڕواڵەتی لە ڕێگەی فۆرمەی ڕاپرسییەوە ئەنجامداوە کە ڕاستی ناوەڕۆکی فۆرمەکە 90٪ بووە، کە ئەمەش بەپێی پێوەرە زانستییەکان ڕێژەیەکی گونجاوە .

**٧. جێگیریی تویژینەوەکە**

بۆ پێوانەکردنی ئاستی جێگیریی توێژینەوەکە، هاوکێشەی ئەلفا کرۆنباخ بەکارهاتووە، ئەنجامەکە بەشێوەیەک بووە کە بەهای گشتی جێگیریی بۆ کۆی گشتی پرسیارەکان گەیشتۆتە ٨٩٪ . و ئەم ئەنجامەیش ئاستێکی بەرزی جێگیریی نیشان دەدات و دوو‌پاتی دەکاتەوە کە ئامرازەکە بۆ جێبەجێکردن گونجاوە.

**٨. بوارەکانی توێژینەوە**

توێژینەوەکە چوار بواری سەرەکی گرتۆتەوە:

- **بواری کات:** قۆناغی مەیدانیی و کۆکردنەوەی زانیارییەکان لە ماوەی سێ مانگدا بووە، کە لە ١-٣-٢٠٢٥ بۆ ١-٦-٢٠٢٥.
- **بواری شوێن:** پەیامنێران لە پارێزگاکانی سلێمانی، هەولێر، دهۆک، هەڵەبجە، هەڵبژێردراون.
- **بواری مرۆیی:** پەیامنێرانی دەزگاکانی ڕاگەیاندن لە هەموو جۆرەکانی (بینراو، بیستراو، و خوێنراو) دەگرێتەوە.

**٩. ناساندنی چەمک و زاراوەکانی توێژینەوەکە**

لە توێژینەوەکەدا توێژەر هەوڵیداوە هەموو ئەو چەمک و زاراوانەی لە چوارچێوەی گشتی توێژینەوەکەدا ڕەنگدانەوەیان هەیە، ناساندنیان بۆ بکات و پێناسەیەکی ڕێکاریی بۆ چەمکەکانیان بەمشێوەیەی خوارەوە بخاتەڕوو:

**یەکەم؛ کاریگەری:** مەبەست لە بەکارهێنانی ئەم چەمکە، ئەو کاریگەرییەیە، کە بگۆڕی سەربەخۆ دەیکاتە سەر بگۆڕی پاشکەوتە، لەم چوارچێوەیەشدا مەبەست لەو کاریگەرییەیە کە تەکنەلۆژیای نوێ لەسەر کاری میدیایی پەیامنێران دروستیکردووە لە کاتی بەرهەمهێنانی کارە میدیاییەکانیاندا.

**دووەم؛ تەکنەلۆژیـــای نـــوێ:** مەبەســـت لەو تەکنەلۆژیـانەیە کە پەیـامنێر لە بەرهەمهێنـانی کـاری میـدیایی لە دامەزراوە میدیاییەکانـدا بەکاریاندەهێنێت، بە شێوەیەک ئێستا بووەتە پێکهێنەرێکی سەرەکی کە ڕۆڵی لە درووستکردن و خێرا گەیاندن و پەخشکردنی هەواڵ و زانیاری و بابەتە ڕۆژنامەوانییەکاندا هەیە.

**سێیەم؛ کاری میدیایی:** مەبەست لەو کارەیە کە پەیامنێران لەناو دامەزراوە میدیاییەکاندا ئەنجامی دەدەن و بەوهۆیەوە میدیا بتوانێت تەواوی ئەو پەیامەی دەیەوێت، بیگەیەنێت و ئاراستەی بکات، کە بەشێکی گرنگی پێکهێنەری کاری میدیایی، پەیامنێرانن.

**چوارەم؛ پەیامنێر:** ئەو ڕۆژنامەنووسەیە، بە ئامێرە تەکنەلۆژیەکانی بەردەستی کاری بەرهەمهێنان و کۆکردنەوەی هەواڵ و زانیارییەکان دەکات و ژانرە جیاوازەکانی کاریی میدیایی ئامادە دەکات بۆ ئەو دەزگا میدیاییەی کاری تێدا دەکات (بینراو- دیجیتاڵی – بینراو)

**پێنجەم؛ ڕیفۆرمی میدیایی:** ئەو چالاکییانەی پەیامنێران لەناو دەزگا میدیاییەکاندا ئەنجامی دەدەن بۆ بەرهەمهێنان و ئاراستەکردنی پەیامەکان بە شێوەیەکی جیاوازتر لە ڕابردوو.

**شەشەم؛ هەرێمی کوردستان:** مەبەست لە کۆمەڵگەی توێژینەوەکەیە کە تەواوی پەیامنێرانی دامەزراوە میدیاییەکان کاری تێدا دەکەن.

## پاری دووەم: زانیاری نامەی توێژینەوەکە

### باسی یەکەم: چەمک و پێناسەی تەکنەلۆژیای نوێ

**یەکەم؛ پێناسەی تەکنەلۆژیا:**

تەکنەلۆژیا کە بە سەرچاوەی پێشکەوتنەکانی سەردەم دادەنرێت، بووەتەهۆی گەشەسەندنی تەواوی بوارەکانی ژیان، بەتایبەتی ڕاگەیاندن بەدەرنییە لەو پەرەسەندنە بەربڵاوەی بەهۆی هۆکارە جیاوازەکانی تەکنەلۆژیاوە بەرجەستەبووە، هەربۆیە بۆ خستنەڕووی ئەو قۆناغانەی، کە بە شێوەی بنچینەو سەرەتا تەکنەلۆژیا تێیدا سەرهەڵداوە گەشەیکردووە. زۆر کەس وابیردەکەنەوە، کە چەمکی تەکنەلۆژیا بە شێوەیەکی سەرەکی، پەیوەندی بەو کەرەستەو ئامێرانەوە هەیە، کە دروستدەکرێن، ئەمەش لە ڕووی زانستەوە چەمکێکی هەڵەیە، تەکنەلۆژیا لە ڕاستیدا ئەقڵی مرۆڤە، بیر لە چۆنیەتیی بەڕێوەبردنی ژیاندەکاتەوە بۆ باشترکردن و دابینکردنی ئەو کەرەستەو ئامێرانەی، کە بەهۆیانەوە ئەو ئەقڵە باشتر لە پێشووتر خزمەتدەکات (أدعیس، 2012، ص23 ). هەڵبەت وشەی تەکنەلۆژیا، ئاماژەیە بۆ هەموو زانینێکی هونەری، کە لۆژیکی تێدایەو مشتومڕی لەبارەوە دەکرێت، زانینە هونەرییەکان بریتین لە سیستمێکی تەواو، کە زانینە زانستییەکان لەگەڵ پەیڕەوکارییە کردارییەکاندا لە چوارچێوەی هەماهەنگییەکی لۆژیکیی تەواودا کارلێک دەکەن. یەکەمجار زاراوەی تەکنەلۆژیا لەزمانی ئینگلیزیدا لە سەدەی حەقدەیەمدا بەکارهێنرا، بەکارهێنانیشی۔ پەیوەندی هەبوو بە هونەرە پەیڕەوکارییەکانەوەو لە سەرەتای سەدەی ڕابردووشدا بەکارهێنانی بڵاوبووەو واتاکەی پەرەیسەند بۆئەوەی چارەسەرکردنی ئەو کاروبارانە لەخۆبگرێت، کە پەیوەندییان بە ئامێرەکان و شێوازی بەرهەمهێنانەوە

هەیە (کەلاری، 2009، ل75). لە بنچینەشدا وشەی (TECHNOLOGY) لە دوو زاراوەی سەرەکی پێکهاتووە؛ یەکەمیان (TECHNE) بە واتای تەکنیک و ئامێر، یان پیشەسازی دێت، هەروەها (LOGY) کە لە (LOGOS) وەرگیراوە و بە مانای زانین دێت، تێکەڵکردنی ئەو دوو وشەیە دەبێتە زاراوەی "زانستی زانین" (جوردیف، 2015، ص41). هەروەها لە فەرهەنگی وێبستەر (Webster)دا تەکنەلۆژیا بە زمانی تەکنیک و زانستی کارپێکراو پێناسەکراوە، ئەمەش بە مانای شێوازێکی بەرهەمهێنانی تەکنیکی و کارئاسانییە لە جێبەجێکردنی کارەکاندا بە شێوەی پراکتیکی، سەرەڕای ئەوەی، تەکنەلۆژیا کۆمەڵێک ئامرازە، بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی ژیان و گوزەرانی مرۆڤەکان بەکاردەهێنرێت (حدة، 2013، ص7). بەکارهێنانی زانست بۆ دۆزینەوەی داهێنانی زانستی، بەتایبەتی لە بواری ڕاگەیاندندا، ئەویش لە ڕێگەی کۆمەڵە ئامرازێکەوە، کە هۆکارن بۆ گەیاندنت بە هەر بابەتێک، کە دەتەوێت تێیدا بگەیتەئەنجام (السيد،2022، ص4) . بەدەر لەوە؛ تەکنەلۆژیا ئاماژەیە بەو ئامێر و ئامرازانەی، کە مرۆڤ دەتوانێت سوودیان لێوەربگرێت بۆ چارەسەکردنی ئەو کێشانەی، کە لە ژیاندا ڕووبەڕووی دەبنەوە (یوسف، ٢٠٢١، ص ١٦). پاشانیش وردە وردە ماناکەی گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، هەربۆیە لە سەدەی بیستەمدا واتای تەکنەلۆژیا گۆڕانی بەسەردا هاتووە، بەو مانایە پێناسەکراوە، کە تەکنەلۆژیا ئامرازێکە دەتوانێت پەرە بە بیرۆکەی مرۆڤەکان بدات، "ئەو ئامرازەیە کە مرۆڤ بە دوایدا دەگەڕێت بۆ گۆڕینی ژینگەکەی، یان گەشەکردن و دەستکاریکردنی، ئەمەش لەپێناو فەراهەمکردنی ژینگەیەکی نوێ کە بتوانێت کارەکانی ڕۆژانەی تێدا ئەنجامبدات" (Buchanan, 2025)، لە پێناسەیکی تردا کە بۆ تەکنەلۆژیا کراوە، بریتییە لەوەی، تەکنەلۆژیا سیستەمێکە، کە مرۆڤ دروستیکردووە بە بەکارهێنانی زانیاری و ڕێکخستن بۆ بەرهەمهێنانی ئامراز و تەکنیک بۆ گەیشتن بە ئامانجە تایبەتەکان.(Volti, 2009, p 10) لەو چوارچێوەیەشدا؛ تایبەتمەندی سەرەکیی تەکنەلۆژیای نوێ، دامەزراندنی پەیوەندییە بەپێی کارو کاردانەوە لەنێوان نێرەرو وەرگری پەیامەکاندا، هاوکات گەڕاندنەوەی کاتێکی بەرچاو و کەمیی تێچونیەتی. بەکورتی؛ ڕۆژنامەنووسانی هاوچەرخ، ناچاربوون زمانی نوێ (دەق، دەنگ و وێنە) لە چوارچێوەی ناوەڕۆکی میدیای نوێدا بناسن، سەرەڕای ئەوەش دەبێت لەگەڵ کێشەی بەربڵاوی چاپ و بڵاوکردنەوەی ئەلیکترۆنی و ئەو ئەرکە نوێیانەی بەڕێوەن لە پانتایی ڕۆژنامەنووسیی ئەلیکترۆنیشدا سەرهەڵدەدەن شارەزابن (شكرخواه، 1381، ص55-56) .

**باسی دووەم: ڕیفۆرمی میدیایی و کاریگەرییەکانی لەسەر کاری پەیامنێریی**

ڕیفۆرمی میدیایی (Media Reform) بە پرۆسەی گۆڕینی سیستماتیکی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن دادەنرێت بە ئامانجی دوورخستنەوەیان لە هەژموونی سیاسی و بازرگانی و نزیککردنەوەیان لە بەرژەوەندیی گشتی. ئەم پرۆسەیە تەنیا گۆڕینی یاساکان نییە، بەڵکو داڕشتنەوەی ژینگەیەکە کە تێیدا زانیاری بە شێوەیەکی شەفاف و بێلایەن دەگاتە هاوڵاتیان (McChesney, 2008, p45) . لەو سۆنگەیەوە؛ یەکەمین و گرنگترین کاریگەریی ڕیفۆرمی میدیایی لەسەر کاری پەیامنێر، دابینکردنی سەربەخۆیی پیشەییە لە سیستەمێکی ڕیفۆرمکراودا کە پەیامنێر لە ژێر گوشاری خاوەن سەرمایە و لایەنە سیاسییەکان ڕزگاری دەبێت. ئەمەش ڕێگەی بۆ خۆش دەکات کە پەنا بۆ "ڕۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری" ببات بەبێ ترس لە دەستلەکارکێشانەوە یان سزادان. لێرەدا پەیامنێر لە "گوێزەرەوەی دەنگ"ەوە دەبێتە "چاودێر بەسەر دەسەڵاتەوە" (Bennett, 2016, p9) . هاوکات ڕیفۆرمی میدیایی کار دەکات بۆ پاراستنی یاسایی و جەستەیی پەیامنێران. کاتێک یاساکانی چاپ و بڵاوکردنەوە هەموار دەکرێنەوە، زاراوە لاستیکییەکانی وەک "تێکدانی ئاسایشی- نەتەوەیی" سنووردار دەکرێن، ئەمەش وادەکات پەیامنێر لە کاتی ڕووماڵکردنی قەیرانەکاندا هەست بە پارێزراویی بکات. هەروەها، ڕیفۆرم جەخت لەسەر باشکردنی باری گوزەرانی پەیامنێران دەکات، چونکە سەربەخۆیی دارایی پەیامنێر ڕێگرە لەبەردەم گەندەڵی و وەرگرتنی بەرتیل .(Puppis, 2010, p30) . لە ڕووی ئیتیکی و کوالێتییەوە؛ ڕیفۆرمی میدیایی پەیامنێر پابەند دەکات بە پێوەرە نێودەوڵەتییەکانی ڕاستگۆیی و هاوسەنگی. لەبری ڕاکردن بەدوای "دەسپێشخەری ڕۆژنامەوانی" بێبنەما، پەیامنێر فێری بەکارهێنانی داتاکان و پشتڕاستکردنەوەی سەرچاوەکان دەبێت. ئەم گۆڕانکارییە دەبێتە هۆی گەڕانەوەی متمانە لە نێوان جەماوەر و میدیاکاردا کە لە ساڵانی دواییدا بەهۆی بڵاوبوونەوەی فەیک نیوزەوە درزی تێکەوتبوو.(Freedman, 2008, p11) . کەواتە ڕیفۆرمی میدیایی پرۆسەیەکی بەردەوامە و پێویستی بە هەماهەنگی نێوان حکومەت، سەندیکاکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی هەیە. بۆ پەیامنێر، ئەمە بە واتای گۆڕینی پیشەکەی دێت لە ئامرازێکی پڕوپاگەندەوە بۆ پیشەیەکی پیرۆز کە خزمەتی ڕاستی دەکات.

**باسی سێیەم: پەیامنێران و تەکنەلۆژیای نوێ**

یەکەم: ناساندنی پەیامنێران: پەیامنێر ئەو کەسە دەگرێتەوە، کە نوێنەرایەتی دەزگایەکی ڕاگەیاندن دەکات بۆ گەیشتن بە زانیاری و ڕووداو و گێڕانەوەی بۆ هاوڵاتییان بە شێوەی پیشەیی و وردو هاوسەنگ. پەیامنێر وەکو ڕۆژنامەنووسێک پێناسەدەکرێت، کە کارو چالاکییەکانی لە دەرەوەی ئەو دەزگایەی، کە کاری بۆ دەکات و کاردەکات بۆ گواستنەوەی زانیاری و داتای تایبەت بەو ڕووداوانەی، کە ڕوودەدەن لە شوێنێک و کاری پێسپێردراوە و هەوڵدەدات بە بەردەوامی لە جوڵەو گەیاندنی ئەو زانیاریانەدا هەبێت ( جەعفەر، 2012، ل47) پەیامنێر، نەک تەنها لەنێو تیمی تەلەڤزیۆندا، بەڵکو لەنێو هاوکێشە بەرفراوان و ئاڵۆزەکانی میدیای تەلەڤزیۆنیشدا، ڕۆڵ و پێگەیەکی جەوهەری هەیە، هەروەک بە چاوی کەناڵە هەواڵییەکەش دەناسرێت، بوونی چەندین پەیامنێری چالاک و فرەپەیوەندی و بەهرەمەند لە چاودێریکردنی ڕووداوەکان و بەهرەمەند لە دۆزینەوەی چیرۆکە مرۆییە سەرنجڕاکێشەکان، هۆکارێکی بەهێزە بۆ هەموو کەناڵێکی هەواڵی، کە بەرهەمێکی تەلەڤزیۆنیی باش و بەپێز پێشکەشی بینەرەکانی بکات. بۆ بەرجەستەکردنی ئەو ئامانجەش، هەنگاوی یەکەم بۆ پەیامنێر، گرنگیدانیەتی بە ستانداردە پیشەیی و نێودەوڵەتییەکانی میدیای تەلەڤزیۆنی ( عەبدولڕەحمان، 2019، ل60) بە واتایەکی دیکە، پەیامنێر بڕبڕەی پشتی پرۆسەی کۆکردنەوەی هەواڵ و بڵاوکردنەوەو گەیاندنی زانیارییەکانە، لە ڕاستیدا هەموو پەیامنێرێک نووسەرە، بەپێچەوانەوە، نووسەرە باشەکان بە درێژایی ژیانی ڕۆژنامەوانییان ڕەچاوی ئەوە دەکەن، ببن بە پەیامنێری باش، ئەو ڕۆژنامەنووسەی خۆی بۆ کاری پەیامنێری ئامادەدەکات، پێویستە گرنگی و بایەخی پیشەکەی لەبەرچاوبگرێت و ئامادەبێت بۆ هەلومەرج و دژوارییەکانی پەیامنێری، ئەوەشی لەبەرچاوبێت تێکەڵەیەکە لە تایبەتمەندییە پیشەییەکانی بواری ڕۆژنامەنووسی و ڕاگەیاندن (ڕۆستی، 2022، ل49)

### دووەم: پەیامنێران و تەکنەلۆژیای نوێ

پەیـامنێران رۆژانە بـۆ راپەڕانـدنی کارە رۆژنامەوانییەکانیـان چەنـدین ئـامرازی دەستخسـتنی هەواڵ و بەرهەمهێنـان و گواسـتنەی زانیارییەکان بەکاردەهێنن، کە بەهۆیـانەوە، توانیویـانە پیشـەکەیان لەچوارچێوەی پێشـکەوتنە تەکنەلۆژییەکان پەرەپێبـدەن لێرەدا بـاس لە گـرنگترین ئەو ئامێرانە دەکەین، لەوانە:

1. ئامێری گواسـتنەوەی پەخشی- ڕاستەوخۆ (LIVE STRREAM BOX): ئەم ئـامێرە لە ڕێگەی تـۆڕی ئەنتەرنێتەوە کاردەکات، خـێرایی ئەنتەرنێت کاریگەری هەیە لەسەر کوالێتی وێنەکەی و لە ڕێگەی کامێراوە کاردەکات، پەیامنێران دەتوانن لەسـەر هەر ڕووداو و زانیارییەک، دیمەنیان بچێتە ناو سیستمی پاخشی کەناڵەکانیانەوە و ڕاستەوخۆ بچنەسەر شاشەی تەلەڤزیۆنەکان) ڕۆستی، 2022، ل49) .
2. ڕۆژنـامەگەری مۆبایـل (MOJO): گەشـەی تەکنەلۆژیا، بەتـایبەتی تەکنەلۆژیـای کەمیونیکەیشـن و زانیـاری (ICT) چەنـدین چەمـک و زاراوەی بەدوای خۆیدا هێناوە. چەمکی (MOBAIL MEDIA)، کە واتای ڕاگەیاندنی مۆبایل دێت، ئەو مشتومڕەی دروستی کردووە، کە ئایا ئەم ئامرازە دەکرێت وەک ڕۆژنامە و ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن و ئەنتەرنێت لە ڕیزی ڕاگەیاندن، یان وەکو یەکێک لە ئامرازەکانی تری ڕاگەیاندن دابنێین، یان چ جیاوازییەکی لەگەڵ ئەمانەدا هەیە؟ هەندێک لە شارەزایان پێیانوایە ئەگەر وەکو یەکێک لە ئامرازەکانی باسیبکەین، ئەوا دەبینین ئامرازەکانی تری ڕاگەیاندن وەکو ناو تایبەتمانندی ئەو شێوازەیان وەرگرتووە ( حەمەسەعید، 2022، ل.48) .
3. کۆمپیوتەر: یەکێکە لەو ئامێرە تەکنەلۆژیانەی کە پەیامنێران بە شێوەیەکی بەرچاو بەکاریدەهێنن، بەبوونی کۆمپیوتەر و هێڵی ئەنتەرنێت، جیهان لێکگرێدرا و بچووک کرایەوە، ئەو دەوڵەتانەی کە سنووری خۆیان بە فیلتێر و سانسۆر دەپارێزن تا زانیاری ڕووی تێنەکات، هەروەها لە ناوخۆش سنوور بۆ بیرکردنەوەی هاوڵاتیان دادەنێن، کۆمپیوتەر و ئەنتەرنێت سنورەکانی بەزاند و شەپۆلی زانیاری لە شێوەی وێنە و دەنگ و تێکست ڕووی تێکردن (قادری، 2009، ل50) .

### پاری سێیەم: لایەنی مەیدانیی توێژینەوە

### یەکەم: خستنەڕووی ئەنجامی گشتیی ڕاپێوی توێژینەوەکە

### تەوەری یەکەم: خستنەڕووی زانیارییە دیموگرافییەکانی بەرتوێژان:

١ . **ڕەگـەزی بـەرتوێژان**: لـێرەدا بـاسی بەشـداریی هەردوو ڕەگەزی (نـێر و مێ)ی بەشـدار لە تـوێژینەوەکەدا دەکەیـن، ئەنجامـەکان ئاماژە بەوە دەکەن، ڕەگەزی بەرتوێژان کە ژمارەیان (182) پەیامنێرە، بە پلەی یەکەم (مێ)یە بە ڕێژەی (64.8%) و چەندبارەبوونەوەی (118) جار، هەرچەندە کاری پەیامنێری بۆ ڕەگەزی مێ ئاسان نییە، بەڵام زۆر گرنگیدانی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن بە ڕەگەزی مێ لە کاتی ڕاگەیاندنی هەلی کار بۆ کاری پەیامنێری وایکردووە ژمارەی ڕەگەزی مێ لە نێر زیاتر بێت. هاوکات بەشـێکی تری هۆکارەکە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە دامەزراوە میـدیاییەکان گـرنگی بە زیـادکردنی بینەرەکانیـان دەدەن، بـۆ ئەوەش زیـاتر ڕەگەزی مێ وەردەگـرن، بە پلـەی دووەم ڕەگەزی (نـێر)ە بـە ڕێـژەی (35.2%)و چەندبارەبوونەوەی (64) دا جار وەک لە خشتەی (1) خراوەتەڕوو.

**خشتەی (1) :ڕەگەزی بەشداربووان**

| ڕەگەز | چەندبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| مێ | 118 | %64.8 |
| نێر | 64 | %35.2 |
| کۆی گشتی | 182 | %100 |

تـوێژەر بـۆ زانینـی ئەوەی، کە جیـاوازیی ڕەگەز لە بەکارهێنـانی تەکنەلۆژیـا و کاریگەری لەسـەر ریفـۆرمی میـدیایی بە پشتبەسـتن بە بەرنـامەی (GNT-PSPP version 2.2.1) وەک لە خشتەو وێنەکانی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە، ڕەگەزی مێ زۆرتر تەکنەلۆژیا بەکاردەهێنن بە شێوازێکی زۆرجار و هەمیشـەیی لە کاری پەیامنێرییاندا بە بەراورد بە ڕەگەزی نێر، هەردوو ڕەگەز بە ڕەچـاوکردنی ژمارەکانیـان هاوشـێوەن لە بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا بۆ کارەکانیاندا.

**خشتەی (2): ئاستی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا لای هەردو ڕەگەز**

| ڕەگەز | | هەرگیز | دەگمەن | هەندێکجار | زۆرجار | هەمیشە | کـــۆی گشـــتی ئاسۆیی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| مێ | ژماردن | 2 | 1 | 21 | 46 | 47 | 117 |
| | ئاسۆیی | %1.70 | %0.90 | %17.90 | %39.30 | %40.20 | %100.00 |
| | ستوونی | %100.00 | %25.00 | %63.60 | %67.60 | %64.40 | %65.00 |
| | کۆی گشتی | %1.10 | %0.60 | %11.70 | %25.60 | %26.10 | %65.00 |
| نێر | ژماردن | 0 | 3 | 12 | 22 | 26 | 63 |
| | ئاسۆیی | %0.00 | %4.50 | %19.00 | %34.90 | %41.30 | %100.00 |
| | ستوونی | %0.00 | %75.00 | %36.40 | %32.40 | %35.60 | %35.00 |
| | کۆی گشتی | %0.00 | %1.70 | %6.70 | %12.20 | %14.40 | %35.00 |
| | ژماردن | 2 | 4 | 33 | 68 | 73 | 180 |
| | ئاسۆیی | %1.10 | %2.20 | %18.30 | %37.80 | %40.60 | %100.00 |
| | ستوونی | %100.00 | %100.00 | %100.00 | %100.00 | %100.00 | %100.00 |
| | کۆی گشتی | %1.10 | %2.20 | %18.30 | %37.80 | %40.60 | %100.00 |

٢. **تەمەنی بەرتوێژان**: لێرەدا بە ساڵ، باسی تەمەنی بەرتوێژان دەکەین کە کەمترین تەمەن لە (18) ساڵەوە دەستپێدەکات تاوەکو سەروو (38) ساڵ. بەگوێرەی ئەنجامەکان، کە بەرتوێژان لەنێوان پێنج تەمەنی جیاوازدا دابەشکراون، زۆرترین پەیامنیران تەمەنیان لەنێوان (23-27) ساڵیدایە، ئەوەش بە بڕوای توێژەر هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە لەو تەمەنەدا هەم تاکەکان توانایەکی جەستەیی زیاتریان هەیەو زیاتریش بەرگەی بەرەنگاری و هەرجۆرە پێشهات و فشارو ئاستەنگ و کێشەیەک دەگرن، کە لە کاتی کارکردندا ڕووبەڕوویاندەبیتەوە. دوای ئەو تەمەنەش، لەنێوان تەمەنەکانی (28_32) ساڵی بە پلەی دووەم، (33-37) ساڵی بە پلەی سێیەم، (18-22) بە پلەی چوارەم، سەروو تەمەنی (38) ساڵی بە پلەی پێنجەم دێت، ئەمەش ئەوە دەردەخات، زۆربەی پەیامنێرانی هەرێمی کوردستان، کە لە دامەزراوە میدیاییەکاندا کاردەکەن گەنجن، زۆربەشیان سەرەتای ئەزموونی کارکردن و دەستپێکی کارکردنیانە لە کاری پەیامنێریدا، ئەو پەیامنێرانەشی ئەزموونی زیاتریان هەیە، کەمتر لە کارەکە دەمێننەوەو دەبنە بەرپرسی پەیامنێران، بەوەش تەمەن کاریگەری لەسەر ریفۆرمی میدیایی لای پەیامنیران هەیەو بوەتە هۆی زیاتر پێشکەوتنی پیشەکە.

**خشتەی (3) : تەمەنی بەرتوێژان**

| تەمەن | چەندبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| 22-18 | 26 | %14.3 |
| 27-23 | 62 | %34.1 |
| 32-28 | 48 | %26.4 |
| 37-33 | 27 | %14.8 |
| 38 زیاتر | 19 | %10.4 |
| کۆی گشتی | 182 | %100 |

٣. **جۆری بروانامەی بەرتوێژان**: بۆ زانینی ئاستی خوێندن و بروانامەی پەیامنێران، تاوەکو بزانین چەن کاریگەری لەسەر ریفۆرمی میدیایی هەیە لە چوارچێوەی کارەکەیاندا پرسیارەکان ئاراستەی بەرتوێژان کراوە بەگشتی کە (48.3%)ی پەیامنیرانی مەیدانی، چەندبارەبوونەوەی (88) خاوەن بروانامەی بەکالۆریۆسن، ئەمەش دەرخەری ئەوەیە، کە پەیامنێران لە ئاستێکی خوێندەواریی باشدان و دەرچووی زانکۆکانن، بەوەش دەردەکەویت تا پەیامنیران ئاستی بروانامەکانیان بەرز بێت ئاستی ریفۆرمی میدیاییش لە کارە ڕۆژنامەوانیەکانیان زیاتر دەبێت، کە بەم شێوازەییە بروانامەی دبلۆم لە پلەی دووەمدایە بە ڕێژەی (33.0%)و بە چەندبارەبوونەوەی (60)، بە پلەی سێیەم پەیامنێران خاوەن بروانامەی ئامادەیین بە ڕێژەی (.10.4%) بە چەندبارەبوونەوەی (19)، بە پلەی چوارەمیش، پەیامنێرانی خاوەن بروانامەی بنەڕەتی دێن بەرێژەی (4.9%) بە چەندبارەبوونەوەی (9)، ئەم دوو ئاستەی دواتر زۆربەی کات ئەوە هێناویەتەکایەوە، کە دامەزراوە میدیاییەکان لە وەرگرتنی پەیامنێراندا ڕەچاوی بروانامە ناکەن و زۆربەی کات لەسەر بنەمای خزمایەتی و هاوڕێیەتی، یاخود دۆزینەوەی کار بۆ کەسێک، پیشەکە بەکاردەهێنن. لە پلەی پێنجەمیشدا خاوەن بروانامەی ماستەرە، کە تەنها (5) پەیامنێرن و لە بروانامەی دبلۆمی باڵاش یەک پەیامنێر هەبوو، بەوەش سەرەڕای گرنگیی پیشەی پەیامنێری، کەمترین ئەوکەسانەی بروانامەی باڵایان هەیە دەبنە پەیامنێری مەیدانی لە کەناڵەکان، کە بە ڕای توێژەر گرنگە دامەزراوە میدیاییەکان مەرجەکانی بوونە پەیامنێر بگۆڕن و زیاتر کەسانی خاوەن بروانامەی زانستی و لێهاتوو لە بواری ڕاگەیاندندا بکەنە پەیامنێر، تاوەکو پیشەکە بەو گرنگییەی هەیەتی لەناو کاری میدیاییدا بمێنێتەوە.

**خشتەی (٤): ئاستی بروانامەی بەرتوێژان**

| ئاستی خوێندن | چەندبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بنەڕەتی | 9 | %4.9 |
| ئامادەیی | 19 | %10.4 |
| دبلۆم | 60 | %33.0 |
| بەکالۆریۆس | 88 | %48.3 |
| دبلۆمی باڵا | 1 | %0.5 |
| ماستەر | 5 | %2.7 |
| کۆی گشتی | 182 | %100 |

٤- **جۆری ئەو میدیایەی بەرتوێژان کاری بۆ دەکەن**: لێرەدا باسی جۆری دامەزراوە میدیاییەکان دەکەین، هەر لە چاپکراوەوە تاوەکو بینراوو دیجیتاڵی. وەک لە خشتەکەی ژمارە (08) ئاماژەی بۆ کراوە، زۆرترین پەیامنێران لە دامەزراوە میدیاییە پەخشکراوەکانیدا وەک تەلەڤزیۆن و ڕادیۆدا کاردەکەن، ئەویش بە ڕێژەی (61.5%) بە چەندبارەبوونەوەی (112)، ئەمەش دەرخەری ئەو ڕاستییەیە، تاوەکو ئێستا کەناڵە بینراو و بیستراوەکان پێگەی خۆیان لەدەستنەداوەو زۆرترین گرنگی بە پەیامنێران دەدەن لە ڕوومالّ و بەرهەمهێنانی هەواڵ و ژانرە جیاوازەکانی میدیادا. میدیای دیجیتاڵیش، کە لە ماڵپەڕو پەیج و جۆرەکانی تر پێکدێت، بە پلەی دووەم دێت، کە پەیامنێران کاری بۆ دەکەن، ئەویش بەڕێژەی (33.0%) بە چەندبارەبوونەوەی (60) بە ڕای توێژەر میدیای دیجیتاڵی، پێشکەوتنی زۆری بە خۆیەوە بینیوەو توانیویەتی بە شێوەیەکی بەرچاو بە تەکنەلۆژیا نوێکان بەتایبەتی مۆبایل لەپاڵ کەناڵە پەخشکراوەکاندا کاری مەیدانی بکەن و کێبڕکێبکەن. بۆ میدیای چاپکراویش، کە لە ڕۆژنامەو گۆڤارو جۆرەکانی تری چاپکراو پێکدێت، لە پلەی سێیەمدایە بە ڕێژەی (5.5%)، چەندبارەبوونەوەی (10)، بە ڕای توێژەر میدیای چاپکراو زۆر لاواز بووە، ئەوەش بەهۆی کەمبونەوەی ژمارەیان، کە پەیامنێریان نەماوە، بەوەش دەردەکەوێت پەیامنێران بۆ ریفۆرم لە میدیادا تەواوی پلاتفۆرمە پێشکەوتوەکان بەکار دەهێنن و بەپێویستی دەزانن لە قالبە کلاسیکەکە نەمێننەوە.

**خشتەی (٥) : جۆری ئەو میدیایەی بەرتوێژان کاری بۆ دەکەن**

| جۆری میدیا | چەندبارەبوونەوەی | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| پەخشکراو | 112 | %61.5 |
| دیجیتاڵی | 60 | %33.0 |
| چاپکراو | 10 | %5.5 |
| کۆی گشتی | 182 | %100 |

○ **جۆری پسپۆڕی بەرتوێژان:** بەپێی ئەنجامەکانی خشتەی خوارەوە، ژمارەی ئەو پەیامنێرانەی کە بڕوانامەی ڕاگەیاندنیان هەیە، کەمترە لەو پەیامنێرانەی کە بڕوانامەی بە شەجیاوازەکانی تریان هەیەو دەرچووی پسپۆڕییە جیاوازەکانی ترن، بە جۆرێک ڕێژەی (53.2%) بە چەندبارەبوونەوەی (97) دەرچووی بەشە جیاوازەکانی تری زانکۆ و پەیمانگاکانن. بە ڕای توێژەر کاریگەری لەسەر ئاستی شارەزایی و چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ڕووماڵ و ئامادەکردنی بابەتە ڕۆژنامەوانییەکان هەیە، زۆرجاریش ڕەخنە لە پەیامنێران دەگیرێت لە جێبەجێکردنی کارە ڕۆژنامەوانییەکانیاندا، کە لە دەرەوەی ئاکارو یاسای کاری ڕۆژنامەوانی مامەڵەدەکەن. هاوکات بە ڕێژەی (46.7%)ی بەرتوێژان دەرچووی بەشەکانی ڕاگەیاندنن، کە گرنگیدان بە بەبڕوانامەی زانستی ئاستی میدیای دەباتە قۆناغێکی پێشکەوتوتر و گرنگی زیاتریش بە پێشختنی کاری میدیایی دەدرێت لای ئەو کەسانەی کە میدیا دەکەنە پیشەی سەرەکیان.

**خشتەی ژمارە (٦): جۆری پسپۆڕی بەرتوێژان**

| دەرچووی کام بەش | چەندبارەبوونەوەی | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| ڕاگەیاندن | 85 | %46.7 |
| بەشی دیکە | 97 | %53.2 |
| کۆی گشتی | 182 | %100 |

○ **پەیامنێران و جۆری ئەو ئامێرە تەکنەلۆژییەی بەکاریدەهێنن:** لێرەدا باس لە جۆرەکانی تەکنەلۆژیا دەکەین، لەوانە: مۆبایل، کۆمپیوتەر، ئامێری گواستنەوەی ڕاستەوخۆ box stream live ، ئامێری پەخش (sng) . بەپێی زانیاریەکانی ناو خشتەکە، زۆرترین پەیامنێران بەکارهێنەری ئامێری گواستنەوەی پەخشی.ڕاستەوخۆ (live stream box)ن، بە چەندبارەبوونەوەی (122)، بەپێی ئەم داتایە تائێستاش لەناو ئامێرە کۆن و نوێکانی تەکنەلۆژیا ئامێری گواستنەوەی پەخشی.ڕاستەوخۆدا، زۆرترین بەکارهێنەری هەیە. موبایل بە پلەی دووەم دێت، کە زۆرترین چەندبارەبوونەوەی (56) ە، بەوەش دەتوانین بڵێین، موبایل بە ڕێگەی ئەپەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانەوە، زۆرترین دیمەنی ڕاستەوخۆ بۆ دیجیتاڵ میدیاکان دەگوازێتەوە، کە پەیامنێران بەکاریدەهێنن، کەمترین بەکارهینەری کۆمپیوتەرو ئامێری پەخش (sng) هۆکاری ئەوەش دەگەرێتەوە، بۆ پێشکەوتنی ئامێرە تەکنەلۆژییە نوێکان.

**خشتەی (٧): جۆرە بەکارهاتووەکانی تەکنەلۆژیا لای بەرتوێژان**

| ئامێری تەکنەلۆژیا | چەندبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| ئامێری گواستنەوەی پەخشی ڕاستەوخۆ (live stream box)، | 122 | %66.3 |
| مۆبایل | 56 | %30.6 |
| کۆمپیوتەر | 2 | %1.1 |
| ئامێری پەخشSNG | 4 | %2.2 |

هەڵسەنگاندنی وردەکاری پرسیارەکان و بەشداری پێکردنیان لە جێگیری توێژینەوە بۆ تەوەرەی یەکەم لەم خشتەیەی خوارەوەدا خراونەتە ڕوو.

**خشتەی (٨): جێگیری پرسیارەکان بۆ تەوەری یەکەم**

| | Scale Mean if Item Deleted | Scale Variance if Item Deleted | Corrected Item-Total Correlation | Cronbach's Alpha if Item Deleted |
|---|---|---|---|---|
| Q2C | 43.63 | 19.95 | 0.3 | 0.58 |
| Q3C | 44.12 | 19.97 | 0.25 | 0.59 |
| Q4C | 44.86 | 23.17 | 0.03 | 0.63 |
| Q5C | 42.96 | 24.06 | -0.06 | 0.64 |
| Q7C | 44.96 | 25.15 | -0.19 | 0.64 |
| Q8C | 44.83 | 23.77 | 0.07 | 0.61 |
| Q2 | 42.22 | 21.59 | 0.31 | 0.58 |
| Q3 | 42.4 | 21.04 | 0.34 | 0.57 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| **Q4** | 42.29 | 21.83 | 0.26 | 0.58 |
| **Q5** | 42.06 | 20.47 | 0.48 | 0.55 |
| **Q6** | 42.24 | 19.56 | 0.48 | 0.54 |
| **Q7** | 42.13 | 20.28 | 0.42 | 0.55 |
| **Q8** | 42.16 | 20.66 | 0.41 | 0.56 |
| **Q1** | 42.11 | 21.73 | 0.31 | |

**تەوەری دووەم: ئاشنایی پەیامنێران لە بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای بەرهەمهێنان و گەیاندنی پەیامی میدیاییدا:**

٨ **. تەکنەلۆژیای نوێی گەیاندن و کاریگەرییەکانی لەسەر کوالێتیی بەرهەمهێنانی پەیامە میدیاییەکانی پەیامنێران:** بەپێی ئەنجامەکانی ناو خشتەکە، تەکنەلۆژیای نوێی گەیاندن کاریگەری لەسەر کوالێتیی بەرهەمهێنانی پەیامە میدیاییەکانی پەیامنێران کردووە، بە جۆرێک ڕێژەی (42.8%) بە چەندبارەبوونەوەی (78) (هەمیشەیان) هەڵبژاردووە، بەمەش دەردەکەوێت پەیامنێران بە تەکنەلۆژیای بەکارهاتووی بەردەستیان، کاریگەرییان هەبووە لەسەر ئەوەی بە باشترین کوالێتی، بەرهەمهێنان لە پەیامە میدیاییەکانیاندا بکەن، بەوپێیەی ئامێرەکانیش بەردەوام بە شێوەی باشتر و پێشکەوتووتر بەردەستدەبن. بە پلەی دووەمیش (زۆرجار) بە ڕێژەی (39.6%) بە چەندبارەبوونەوەی (72)، لە پلەی سێیەمیشدا (هەندێکجار) بە ڕێژەی (16.5%) بە چەندبارەبوونەوەی (30)، لە پلەی چوارەمیش (دەگمەن)ە بە ڕێژەی (1.1%) بە چەندبارەبوونەوەی (2)، ئەمەش ڕۆڵی تەکنەلۆژیا لەسەر کوالێتیی بەرهەمهێنان دەردەخات.

**خشتەی (٩): تەکنەلۆژیای نوێی گەیاندن و کاریگەرییەکانی لەسەر کوالێتیی بەرهەمهێنانی پەیامە میدیاییەکانی پەیامنێران**

| گۆڕاو | چەندبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| دەگمەن | 2 | %1.1 |
| هەندێکجار | 30 | %16.5 |
| زۆرجار | 72 | %39.6 |
| هەمیشە | 78 | %42.8 |
| کۆی گشتی | 182 | %100 |

بەراووردی نێوان ڕەگەزی پەیامنێر بۆ پرسیاری یەکەمی تەوەرەی یەکەم، وەك لە وێنەکەدا دیارە پەیامنێرانی ڕەگەزی مێ باوەڕیان زیاتر بەوەیە کە تەکنەلۆژیای نوێ کاریگەری لەسەر کوالیتی بەرهەمهێنانی پەیامە میدیاییەکان. ڕێژەیەک لە پەیامنێرانی بەرەگەز نێر باوەڕیان وایە کە تەکنەلۆژیای نوێ هەرگیز کاریگەری نییە لەسەر بەرهەمهێنانی پەیامە میدیاییەکانی پەیامنێر

**هەڵسەنگاندنی پرسیارەکانی تەوەری یەکەم لەم پرسیارەی تەوەری دووەمەوە**

| پلەبەندی پرسیار | پرسیار | ڕێژەی گینی | ژمارەی گینی | کای دووجا $\chi^2$ |
|---|---|---|---|---|
| • 1 | • **Q2** | • 0.038 | • 0.035 | • **7.469** |
| 2 | Q6 | 0.015 | 0.015 | 4.343 |
| 3 | Q4 | 0.015 | 0.015 | 3.18 |
| 4 | Q5 | 0.004 | 0.004 | 1.42 |
| 5 | Q7 | 0.003 | 0.002 | 0.769 |
| 6 | Q1 | 0.017 | 0.015 | 0.363 |
| 7 | Q3 | 0.01 | NA | 0.268 |
| 8 | Q8 | 0.001 | 0.001 | 0.002 |

٩ **تەکنەلۆژیای نوێی گەیاندن کاریگەرییەکانی لەسەر شێوازی بەرهەمهێنانی پەیامە میدیاییەکانی پەیامنێر:** لای ئەو پەیامنێرانەی، کە وەڵامی پرسیارەکەیان داوەتەوە، بە ڕێژەی (50.5%)و بە چەندبارەبوونەوەی (92)، زۆربەی پەیامنێران پێیانوایە تەکنەلۆژیای نوێی گەیاندن، کاریگەریی لەسەر شێوازی بەرهەمهێنانی پەیامە میدیاییەکانی پەیامنێر کردووە و بەشێکیشیان پێیانوایە هەمیشە ئەو کاریگەرییە لەسەر بەرهەمهێنانی پەیامە میدیاییەکان هەیە، ئەویش بە ڕێژەی (24.7%)و بە چەندبارەبوونەوەی (45) لە پلەی سێهەمیشدا هەندێکجار دێت بە ڕێژەی (21.4%)و بە چەندبارەبوونەوەی (39) ئەمەش، دەرخەری ئەوەیە، کە تەکنەلۆژیا کاریگەریی تەواوی لەسەر شێوازی بەرهەمهێنانی پەیامە میدیاییەکانی پەیامنێران هەیە.

**خشتەی (١٠): کاریگەریی تەکنەلۆژیای نوێ لە شێوازی بەرهەمهێنانی پەیامە میدیاییەکانی پەیامنێر**

| گۆڕاو | چەندبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| هەرگیز | 2 | %1.1 |
| دەگمەن | 4 | %2.2 |
| هەندێکجار | 39 | %21.4 |
| زۆرجار | 92 | %50.5 |
| هەمیشە | 45 | %24.7 |
| کۆی گشتی | 182 | %100 |

١٠ **هەبوونی ئاشنایی تەواو لە بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای نوێی گەیاندن لە کاری پەیامنێریدا:** لەبەرئەوەی ئێستا زۆرینەی پەیامنێران ئامێرە تەکنەلۆژییەکان لە ڕاپەڕاندنی کارەکانی ڕۆژانەیاندا بەکاردەهێنن و بەرکەوتەیان بەو ئامێرە تەکنەلۆژیانە هەیە، بە ڕێژەی (41.8%)و بە چەندبارەبوونەوەی (76)، (زۆرجار)یان بۆ شارەزابوون لە ئامێرە تەکنەلۆژییەکان هەڵبژاردووە. بەشێکی تریان بە ڕێژەی (35.1%)و بە چەندبارەبوونەوەی (64)، (هەمیشەیان) وەک شارەزایی تەواو لە ئامێرە تەکنەلۆژییەکان هەڵبژاردووە. لە پلەی سێهەمیشدا (هەندێکجار) بە ڕێژەی (20.9%)و بە چەندبارەبوونەوەی (38)، ئەمەش دەرخەری ئەوەیە، پەیامنێران شارەزای بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای گەیاندنن لە کارە مەیدانییەکانیاندا بەوپێیەی تەنها یەک پەیامنێر (هەرگیز)ی بۆ شارەزایی لە تەکنەلۆژیا هەڵبژاردووە.

**خشتەی (١١): بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای نوێی گەیاندن لە کاری پەیامنێریدا**

| گۆڕاو | چەندبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| هەرگیز | 1 | %0.5 |
| دەگمەن | 3 | %1.6 |
| هەندێکجار | 38 | %20.9 |
| زۆرجار | 76 | %41.8 |
| هەمیشە | 64 | %35.1 |
| کۆی گشتی | 182 | %100 |

١١ **هەبوونی ئامادەیی تەواوم بۆ کارکردن بە نوێترین تەکنەلۆژیای گەیاندن لە کاری بەرهەمهێناندا:** بەرزترین ڕێژەی پەیامنێران (هەمیشە)یان هەڵبژاردووە، کە ئامادەیی تەواویان هەیە بۆ کارکردن بە نوێترین تەکنەلۆژیای گەیاندن لە کاری بەرهەمهێناندا، ئەویش بە ڕێژەی (46.1%) بە چەندبارەبونەوەی (84)، لەبەرئەوەی بە بەردەوامی ئامێری نوێی تەکنەلۆژیا دێنەناو بواری ڕاگەیاندنەوە و پێویستە کەناڵە میدیاییەکان بۆ پێشخستنی کارە ڕۆژنامەوانییەکان بەدەستیبخەن، بەوپێیەی پەیامنێران بەکارهێنەری سەرەکیی ئەو ئامێرانەن، گرنگە توانای خۆگونجاندنیان لەگەڵ ئامێرە نوێکاندا هەبێت. لە پلەی دووەمیشدا (زۆرجار) دێت بە ڕێژەی (37.5%)و بە چەندبارەبوونەوەی (65). لە پلەی سێیەمیشدا (هەندێکجاریان) هەڵبژاردووە بە ڕێژەی (15.9%)و بە چەندبارەبوونەوەی (29)، کەمترین ڕێژەش (هەرگیزو دەگمەن)ە، کە کەمترین هەڵبژاردنیان هەیە.

**خشتەی (١٢): پەیامنێران و کارکردن بە تەکنەلۆژیای گەیاندن لە کاری بەرهەمهێناندا**

| گۆڕاو | چەندبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| هەرگیز | 3 | %1.6 |
| دەگمەن | 1 | %0.5 |
| هەندێکجار | 29 | %15.9 |
| زۆرجار | 65 | %35.7 |
| هەمیشە | 84 | %46.1 |
| کۆی گشتی | 182 | %100.0 |

١٢ **هەبوونی ئامادەیی تەواو بۆ کارکردن بە نوێترین تەکنەلۆژیای بەرهەمهێنانی هەواڵ:** زۆربەی کارە ڕۆژنامەوانییەکانی پەیامنێران، ڕۆژانە ئامادەکردن و گواستنەوەی هەواڵە بۆ دەزگا ڕۆژنامەوانییەکانیان. هەربۆیە زۆربەی پەیامنێران ئامادەیی تەواویان هەڵبژاردوە بۆ کارکردن بە نوێترین تەکنەلۆژیای بەرهەمهێنانی هەواڵ بە ڕێژەی (43.9%)و بە چەندبارەبوونەوەی (80) (هەمیشە) یان هەڵبژاردوە بە پلەی دووەم (زۆرجار)یان بە ڕێژەی (32.4%) بە چەندبارەبوونەوەی(59) ، لە پلەی سێیەمیشدا (هەنێکجار)یان هەڵبژاردووە بە ڕێژەی (16.5%) بە چەندبارەبوونەوەی (30)، لەپلەی چوارەمیشدا (دەگمەن) یان هەڵبژاردووە بە ڕێژەی (5.5%) بە چەندبارەبوونەوەی (10)، کەمترین ڕێژەش (هەرگیز)ە بە ڕێژەی (1.6%) بە چەندبارەبوونەوەی (3)، بەووش کەمترین ڕێژەیە بۆ ئامادەیی پەیامنێران بۆ بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا بۆ بەرهەمهێنانی هەواڵ.

**خشتەی (١٣) پەیامنێران و کارکردن بە نوێترین تەکنەلۆژیای بەرهەمهێنانی هەواڵ**

| گۆڕاو | چەندبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| هەرگیز | 3 | %1.6 |
| دەگمەن | 10 | %5.5 |
| هەندێکجار | 30 | %16.5 |
| زۆرجار | 59 | %32.4 |
| هەمیشە | 80 | %43.9 |
| کۆی گشتی | 182 | %100.0 |

١٣ **هەبوونی ئامادەیی تەواو بۆ کارکردن بە نوێترین تەکنەلۆژیای ڕومالی ڕوداوەکان:** بەوپێیەی ئامێری گواستنەوەی پەخشی ڕاستەوخۆ (stream box) زۆرترین بەکارهێنەری هەبوو لای پەیامنێرانی مەیدانی. هەربۆیە زۆربەی پەیامنێران ئامادەیی تەواویان هەڵبژاردووە بۆ کارکردن بە نوێترین تەکنەلۆژیای ڕووماڵی ڕووداوەکان، بە ڕێژەی (%45.0) بە چەندبارەبوونەوەی (82) (هەمیشە)یان هەڵبژاردووە. ئەمەش دەرخەری ئەوەیە، پەیامنێران بەردەوام لەگەڵ داهێنراوە تەکنەلۆژییەکاندا خۆیان دەگونجێنن و بۆ پێشخستنی کارەکانیان خۆیان بەکارکردنیان ڕادەهێنن و کارەکانیانی پێ پێشدەخەن. بە پلەی دووەمیش (زۆرجار) یان بە ڕێژەی (%37.9) بە چەندبارەبونەوەی (69)، لە پلەی سێیەمیشدا (هەنێکجار)یان هەڵبژاردووە بە ڕێژەی (%12.1) بە چەندبارەبوونەوەی (29)، لە پلەی چوارەمیشدا (دەگمەن) یان هەڵبژاردووە بە ڕێژەی (%2.7) بە چەندبارەبوونەوەی (5)، کەمترین ڕێژەش (هەرگیز)ە بەڕێژەی (%2.2) بە چەندبارەبوونەوەی (4)ە.

**خشتەی (١٤): پەیامنێران و کارکردن بە نوێترین تەکنەلۆژیای ڕووماڵی ڕووداوەکان**

| گۆڕاو | چەندبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| هەرگیز | 4 | %2.2 |
| دەگمەن | 5 | %2.7 |
| هەندێکجار | 22 | %12.1 |
| زۆرجار | 69 | %37.9 |
| هەمیشە | 82 | %45.0 |
| کۆی گشتی | 182 | %100.0 |

١٤ **پشتبەستن بە تەکنەلۆژیای گەیاندن لە کاری پەیامنێریدا:** لەناو خشتەکەدا ئەوە ڕوونبووەتەوە، کە زۆربەی پەیامنێران بە شێوەی هەمیشەیی لە کارەکانیاندا پشت بە تەکنەلۆژیای گەیاندن دەبەستن، بە جۆرێک بە ڕێژەی (%41.2) بە چەندبارەبوونەوەی (75)، (هەمیشە)یان هەڵبژاردوە. بە پلەی دووەمیش (زۆرجار)یان بە ڕێژەی (%37.4) بە چەندبارەبوونەوەی (67) لە پلەی سێیەمیشدا (هەندێکجار)یان هەڵبژاردووە بە ڕێژەی (%18.1) بە چەندبارەبوونەوەی (33) لە پلەی چوارەمیش (دەگمەن)یان هەڵبژاردووە بە ڕێژەی (%2.2) بە چەندبارەبوونەوەی (4)، کەمترین ڕێژەش (هەرگیز)ە بە ڕێژەی (%1.1) بە چەندبارەبوونەوەی (2)، لەخشتەی ژمارە (31)دا ڕوونکراوەتەوە.

**خشتەی (١٥): پشتبەستنی پەیامنێران بە تەکنەلۆژیای گەیاندن**

| گۆڕاو | چەندبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| هەرگیز | 2 | %1.1 |
| دەگمەن | 4 | %2.2 |
| هەندێکجار | 33 | %18.1 |
| زۆرجار | 68 | %37.4 |
| هەمیشە | 75 | %41.2 |
| کۆی گشتی | 182 | %100.0 |

١٥ **پەیامنێر و پێویستی هەڵگرتنی تەکنەلۆژیای زیرەك لە کاری بەرهەمهێنانی هەواڵدا:** بەپێی وەڵامەکانی ناو خشتەکە، بە پلەی یەکەم و بە ڕێژەی (%44.5) بە چەندبارەبوونەوەی (81) (هەمیشە)یان هەڵبژاردووە. بە پلەی دووەم (زۆرجار)ە بە ڕێژەی (%37.4) بە چەندبارەبوونەوەی (68)، لە پلەی سێیەمیشدا (هەنێکجار)یان هەڵبژاردووە بە ڕێژەی (%13.2)بە چەندبارەبوونەوەی (24)، لە پلەی چوارەمیشدا (هەرگیز)ە بە ڕێژەی (%2.7) بە چەندبارەبوونەوەی (5)، لە پلەی پێنجەمیشدا (دەگمەن) هاتووە بە ڕێژەی (%2.2) بە چەندبارەبوونەوەی (4) هەڵبژاردووە، بەپێی ئەنجامەکانی ئەم خشتەیە، زۆربەی پەیامنێران پێیانوایە پێویستە پەیامنێرانی مەیدانی، هەڵگری تەکنەلۆژیای زیرەک بن لە کاتی بەرهەمهێنانی هەواڵدا، وەک لە خشتەی (51)دا دەرکەوتووە، لە ئێستادا پێشکەوتن لە ڕیفۆرمە میدیاییەکان

وایکردووە کە پەیامنێر ئاسانتر لە پێشتر دەستی بە هەواڵ و زانیارییەکان بگات و بتوانێت وەبەرهێنان لە کارەکەی بکات وەک ئەو دەر ئەنجامانەی بەدەست هاتوون.

**خشتەی(١٦): پەیامنێر و تەکنەلۆژیای زیرەك لە کاری بەرهەمهێنانی هەواڵدا**

| گۆڕاو | چەندبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| هەرگیز | 5 | %2.7 |
| دەگمەن | 4 | %2.2 |
| هەندێکجار | 24 | %13.2 |
| زۆرجار | 68 | %37.4 |
| هەمیشە | 81 | %44.5 |
| کۆی گشتی | 182 | %100.0 |

### دەرئەنجامەکانی توێژینەوە

١. تەکنەلۆژیای نوێ تەنها ئامێر نییە، بەڵکو شۆڕشێکی لە ریفۆرمی میدیایی دروستکردووە.
٢. تەکنەلۆژیا لە چوارچێوەی ریفۆرمی میدیاییدا بووەتە هۆی خێراکردنی گەیاندنی زانیاری و تێپەڕاندنی ڕێگرییەکانی سانسۆر و سنوورە جوگرافییەکان.
٣. لە ناو کاییەی ریفۆرمی میدیایدا تەکنەلۆژیای ڕۆژنامەگەریی مۆبایل (Mobile Journalism) ژینگەیەکی نوێی بۆ کارکردنی ڕۆژنامەوانی دروستکردووە کە پێویستی بە لێهاتوویی نوێ هەیە.
٤. ریفۆرمی میدیایی تەنها گۆڕینی ئامێر نییە، بەڵکو پێویستی بە گۆڕانکاری بنەڕەتی لە ژێرخانی یاسایی و کەمکردنەوەی هەژموونی سیاسی هەیە.
٥. بەکارهێنانی زیرەکیی دەستکرد لە ژووری هەواڵدا ڕۆڵێکی بەرچاوی لە ریفۆرمی میدیایی هەبوە لە چوارچێوەی پرنسیپە پیشەییەکان.
٦. بۆ سەرکەوتنی پرۆسەی چاکسازی، پێویستە ڕۆژنامەنووسان بەردەوام لێهاتوویی تەکنیکی و ئەخلاقی خۆیان لەگەڵ ستانداردە جیهانییەکان بگونجێنن.
٧. تەکنەلۆژیا دەتوانێت ببێتە ئامرازێک بۆ شەفافیەت، بەڵام ئەگەر بە دروستی بەکارنەیەت، دەکرێت ببێتە ئامرازێکی نوێ بۆ هەژموونی سیاسی.

### ڕاسپاردەکانی توێژینەوەکە

١. پێویستە دامەزراوەکان بەردەوام بن لە نوێکردنەوە و دابینکردنی نوێترین ئامێر و تەکنەلۆژیای پێویست وەک: (کامێرای کوالیتی بەرز، ئامێری پەخشی- ڕاستەوخۆ، نەرمەکاڵای مۆنتاژی پێشکەوتوو) بۆ ئەوەی ڕۆژنامەنووسان بتوانن بە کوالێتییەکی بەرزتر کارەکانیان ئەنجام بدەن.
٢. دامەزراندنی پرۆگرامی ڕاهێنانی بەردەوام و تایبەتمەند لەسەر بەکارهێنانی نوێترین تەکنەلۆژیاکان وەک (ڕۆژنامەنووسی مۆبایل - MoJo، دروستکردنی ڤیدیۆی ٣٦٠ پلە، بەکارهێنانی زیرەکی دەستکرد لە کۆکردنەوە و شیکردنەوەی داتا بۆ هەمووکارمەندان).
٣. پێکهێنانی یەکەیەکی تایبەت لەناو دامەزراوەکەدا کە ئەرکی چاودێریکردنی نوێترین گۆڕانکارییە تەکنەلۆژییەکان و تاقیکردنەوەی ئامرازە نوێیەکان بێت بۆ بەکارهێنانیان لە کاری ڕۆژنامەنووسیدا.
٤. دابینکردنی سەرچاوە و ڕاهێنان بۆ ڕۆژنامەنووسان بۆ ئەوەی بتوانن داتا گەورەکان بەکاربهێنن و شیکاری بکەن بۆ بەرهەمهێنانی ڕاپۆرتی قووڵ و بابەتی شیکاری.

### پێشنیازەکانی توێژینەوەکە

١. پێویستە ڕۆژنامەنووسان تەنها بە نووسینەوە نەوەستن، بەڵکو توانای بەرهەمهێنانی ناوەڕۆکی فرە میدیایی (دەنگ، وێنە، ڤیدیۆ، ئینفۆگرافیک) بە کوالیتی بەرز پەرە پێبدەن.
٢. لەگەڵ بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای نوێ، پێویستە ڕۆژنامەنووسان پابەندبوونی خۆیان بە بنەما ئەخلاقییەکان وەک (وردبینی، بێلایەنی، پاراستنی تایبەتمەندی) بەهێزتر بکەن، بەتایبەت لە کاتی بەکارهێنانی ئامرازەکانی وێنەگرتنی ڕاستەوخۆ و بڵاوکردنەوەی خێرا.
٣. پێویستە توێژینەوەی داهاتوو تیشک بخاتە سەر کاریگەرییەکانی تەکنەلۆژیای نوێ لەسەر پەیوەندی نێوان ڕۆژنامەنووس و سەرچاوەکان، هەروەها کاریگەرییەکانی لەسەر متمانەی گشتی بە میدیا.
٤. ئەنجامدانی توێژینەوەی بەراوردکاری لەگەڵ وڵاتانی دیکە بۆ زانینی ئەوەی کە چۆن دامەزراوە ڕاگەیاندنەکان لە ئاستی جیهانیدا سوود لە تەکنەلۆژیای نوێ وەردەگرن و چۆن دەتوانرێت ئەو ئەزموونانە لە هەرێمی کوردستان جێبەجێ بکرێن

## لیستی سەرچاوەکان


### سەرچاوە کوردیەکان:

#### یەکەم: کتێبەکان

١. ئەسعەد، چۆلی، ٢٠٢٠، تەلەڤزیۆن (هەواڵ و پرۆگرامی هەواڵی)، چاپی دووەم، سلێمانی، ناوەندی سارا بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە..

٢. ئەلشەریف، سامی، ندا، ئەیمەن مەنسور، ٢٠١٩، زمانی میدیا (چەمکەکان – بنەماکان – پراکتیزەکردن)، وەرگێڕان. کامەران تاهیر، هەولێر، چاپخانەی ڕۆشنبیری.

٣. جەعفەر، شاڵاو، ٢٠١٢، میدیاناسی دیمانەی ڕۆژنامەنووسی، سلێمانی، چاپخانەی لەریا.

٤. حەمەسەعید، نەزاکەت حسێن، ٢٠٢٢، میدیا و سۆشیال میدیا کاریگەری و چارەسەر، سلێمانی، چاپخانەی پاندا،

٥. حسین، لەتیف، ٢٠٢٠، میدیاو بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی، سلێمانی، چاپخانەی کارۆ.

٦. ڕۆستی، نەجات، ٢٠٢٢، دەروازەیەک بۆ هونەری نووسینی میدیایی، سلێمانی چاپخانەی بینایی.

٧. ساڵح، مجید، ٢٠٠٦، بنەما تیۆریەکانی ڕاپگشتی و ڕاگەیاندن، ڕۆڵی میدیکان لە دروستکردنی ڕایگشتیدا، هەولێر، چاپخانەی موکریان.

٨. عەبدولڕەحمان، فەرمان، ٢٠١٩، ڕۆژنامەگەری تەلەڤزیۆنی، بەرهەمهێنانی ڤی تی و دۆکیۆمێنتاری، سلێمانی، چاپخانەی کارۆ.

٩. قانع، مەم بورهان، ٢٠١٦، مێدیا و پێشێلکاری پیشەیی، لێکۆڵینەوەی شیکاری و بەراوردکاری، (بەبێ شوێنی چاپ).

١٠. قادر، زیاد ڕەشاد، ٢٠١٣، زمان و میدیا، چەند سەرنجێک لەسەر لایەنی ڕێنووس و زمان لە میدیاکانی هەرێمی کوردستان، چاپی یەکەم، هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات.

١١. قادری، قەرەنی، ٢٠٠٩، کۆمەڵگە و ئامرازی ڕاگەیاندنی گشتی، دهۆک، چاپخانەی خانی.

١٢. کەلاری، محەمەد عەبدوڵا، ٢٠٠٩، جیهانگیری میدیا، دهۆک، چاپخانەی خانی.

#### دووەم: دکتۆرا نامەکان

١. عبدولرەحمان، ئیسماعیل عوسمان، ٢٠٢٣، ڕۆڵی ڕۆژنامەوانیی مۆبایل لەبەرهەمهێنانی کاری میدیایدا لە دامەزراوە میدیاییەکانی هەرێمی کوردستان، تێزی دکتۆرای بڵاو نەکراوە، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان، بەشی ڕاگەیاندن.

٢. مستەفا، عبدالخالق ئیبراهیم، ٢٠٢٢، میدیای نوێ و ئاسایشی نەتەوەی لەهەرێمی کوردستان، تێزی دکتۆرای بڵاونەکراوە.

#### سێیەم: ماستەرنامەکان

١. شەریف، عومەر کەریم، ٢٠٢٣، ڕۆڵی تەکنەلۆژیای نوێی میدیا لەبەرهەمهێنانی هەواڵ لە کەناڵە ئاسمانیە کوردیەکان دا، نامەی ماستەری بڵاونەکراوە، زانکۆی پۆلەتەکنیکی سلێمانی، کۆلێژی تەکنیکی کارگێری، بەشی تەکنیکی میدیا.

٢. عابد، سومەییە فاضل، ٢٠١٧، کاریگەری تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ لەسەر سازاندنی ڕۆژنامەوانی، نامەی ماستەری بڵاونەکراوە، زانکۆی سلێمانی، بەشی ڕاگەیاندن.

### سەرچاوە عەرەبییەکان:

#### یەکەم: کتێبەکان

١. جوردیف، مليكة عبدالقادر، ٢٠١٥، تكنلوجيا التباعة الصحفية، دار، عمان، دار اسامة للنشر و التوزية..

٢. السيد، محمد عبد البديع، ٢٠٢٢، تكنلوجيا الاعلام في العصر الرقمى، القاهرة، رقم الايداع بدار الكتب المصرية.

٣. يوسف، ايمان احمد، ٢٠٢١، تقنيات التكنلوجيا الحديثة، وسائل التوصل الأجتماعي والذكاء الاصطناعى، عمان، دار ابن النفيس للنشر والتوضيع.

#### دووەم: دکتۆرانامەکان

١. حميد، حكيم عثمان، دور تكنولوجيا الاتصال في تطور العمل الاعلامى في وسائل الاعلام الكوردستانية، رسالة دكتورا منشوره، جامعة السوليمانية، سكول العلوم الانسانية، قسم الاعلام/التلفزيون.

#### سێهەم: ماستەرنامەکان

١. ادعيس، الاء حمدى، ٢٠١٢، العلاقة بين تطبيق تكنلوجيا المعلومات والاحتراق الوظيفي في شركة الاتصالات الفلسطينية من وجهة نظر العالمين فيها، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة الخليل، كلية دراسات عليا.

٢. أمينة، بومالي، ٢٠١٠، أزمة الاتصال الشخصى .في ظل التكنولوجيةالحديثة في الجزائر، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة الجزائر، كلية العلوم السياسية والاعلام.

٣. البريزات، محمد عمر، ٢٠٢٣، استخدام المراسلين الميدانيين لسحافة الموبايل والاشباعات المتحققة، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة الشرق الاوسط، كلية الاعلام، قسم السحافة والاعلام.

٤. بن زايد، فريد، ٢٠١٠، واقع استخدام التكنولوجيات الحديثة للاعلام و الاتصال في الصحافة المكتوبة بالجزائر، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة منتورى-قسنطينية، كلية العلوم الانسانية و الاجتماعية، قسم علوم الاعلام والاتصال.

٥. بولعويدات، حورية، ٢٠٠٨، استخدام تكنولوجيا الاتصال الحديثة في المؤسسةالاقتصادية الجزائرية، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة منتورى قسطنتينية: كلية العلوم الانسانية والعلوم الاجتماعية.

٦. حدة، فظالة، ٢٠١٣، أثار تطبيقات تكنولوجيا المعلومات ولاتصالات على أداء المؤسسات الاقتصادية، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة الجزائر: كلية العلوم الاقتصادية و التجارية و علوم التسير.

٧. خزعل، عبد النبي، المراسيلون والمعايير المهنية في التغطيات الاخبارية، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة البغداد، كلية الاعلام.

٨.   الشاترى، أديب أحمد، ٢٠١٠، تأثير تكنولوجيا الاتصال في الانواع الصحفية للصحافة الالكترونية، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة الجزائر، كلية العلوم السياسة والاعلام، قسم علوم الاعلام والاتصال.
٩.   عزيز، اركان رؤف، ٢٠١٥، استخدام تكنولوجيا الاتصال الحديثة فى انتاج النشرات الاخبارية التلفزيونية، رسالة ماجستر غير منشورة، جامعة السوليمانية، سكول العلوم الانسانية، قسم الاعلام/التلفزيون.
١٠. عقيلة، أوطيب، ٢٠٠٧، التكنولوجيات الجديدة للاعلام ولاتصال في التعليم، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة الجزائر: كلية العلوم السياسية والاعلام.
١١. عبدلواحيد، شيخه بلقاسم، ٢٠١٣، مساهمة الاستثمارات الاجنبية المباشرة التطوير تكنولوجيا الاعلام والاتصال في الجزائر، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة الجزائر: كلية العلوم الاقتصادية والعلوم التجارية وعلوم التسير.
١٢. بەهات حسيب قەرەداخي، ٢٠١٦، العوامل المؤثرة في التخطية الخبرية دراسة ميدانية لعمل المراسلين في الفضائيات الكوردية، رسالة ماجستر غير منشورة، جامعة صلاحدين-اربيل.

**سەرچاوە فارسییەکان**
**یەکەم: کتێبەکان**

١.   خاشعی، وحید، ١٣٩٠، مدريت رسانه،تهران، سازمان چاپ و انتشارات اوقاف.
٢.   خانی، باقر سارو، ١٣٨١، جامعه شناسی ارتباطات اصول و مبانی، چاپ بیست و هفتم، تهران، موسسه اطلاعات.
٣.   شكرخواه، يونس، ١٣٨١،خبر نویسی مدرن، چاپ سوم، تهران: چاپ و سحافی پژمان.
٤.   کاستلز، مانویل، ١٣٩٠، قدرت ارتباطات، م. حسن بصریان، تهران، پشهژگده فرهنگ و هنری ارتباطات.
٥.   میرتبار، سید محەمەد، ١٣٩٠م، رسانەهاو بازتولید جامعه منتظر، چاپ دووم، سازمان چاپ و انتشارات اوقاف.

**سەرچاوەی ئینگلیزیەکان**
**کتێب**

1. Angwin, Julia, 2017, "Digital Security For Journalists," in Journalism After Snowden, edited by Emily Bell, New York: Columbia University Press, P150-165.
2. Boczkowski, Pablo J., 2004, Digitizing the News: Innovation in Online Newspapers, Cambridge, MA: MIT Press.
3. Boyd, Andrew, 2011, Broadcast Journalism: Techniques of Radio and Television News, 7th ed., Oxford: Focal Press.
4. Deuze, Mark, 2004, "What is Multimedia Journalism?," Journalism Studies, vol. 5, no. 2.
5. Domingo, David, et al., 2008, "Participatory Journalism Practices in the Media and Beyond," Journalism Practice, vol. 2, no. 3.
6. Elecard, 2024, "4K and HDR in Broadcasting: Expectation vs. Reality," Elecard Blog.
7. Engebretsen, Martin, 2019, "The Digitization of News and the New Media," in The Handbook of Journalism Studies, 2nd ed., New York: Routledge.
8. Franklin, Bob, 2009, "Digital Journalism," in The SAGE Handbook of Journalism Studies, edited by Karin Wahl-Jorgensen and Thomas Hanitzsch, London: SAGE Publications.
9. Frech, Julia, Verena Lilienthal, and Vera Schoenbaechler, 2025, "First be safe: exploring and improving journalists' skills in digital security," Journalism.
10. Freedom of the Press Foundation, 2024, "The 2025 journalist's digital security checklist," Freedom.press, December 10.
11. Harcup, Tony, 2015, Journalism: Principles and Practice, 3rd ed., London: SAGE Publications.
12. Hermida, Alfred, 2014, Tell Everyone: Why We Share and Why It Matters, New York: Doubleday Canada.
13. Journalism Courses, 2024, "Digital Security for Journalists in Times of Crisis," Journalismcourses.org.
14. Kawamoto, Kevin, 2003, Digital Journalism: Emerging Media and the Changing Horizons of Journalism, Lanham, MD: Rowman & Littlefield Publishers.
15. Kovach, Bill, and Tom Rosenstiel, 2014, The Elements of Journalism: What Newspeople Should Know and the Public Should Expect, 3rd ed., New York: Three Rivers Press.
16. McGregor, Shannon E., 2014, "Digital security and source protection for journalists," Master's Thesis, Columbia University.
17. Mencher, Melvin, 2010, Mencher's News Reporting and Writing, 12th ed., New York: McGraw-Hill.
18. Pavlik, John V., 2001, Journalism and New Media, New York: Columbia University Press.
19. Quinn, Stephen, 2018, Mojo: The Mobile Journalism Handbook, Focal Press.

20. Radu, Carmen, 2019, "The Challenges of Mobile Journalism," Reuters Institute for the Study of Journalism.
21. Rich, Carole, 2016, Writing and Reporting News: A Coaching Method, 8th ed., Boston, MA: Cengage Learning.
22. Singer, Jane B., 2005, "The Political J-Blogger: 'Normalizing' a New Media Form to Fit Old Norms and Practices," Journalism, vol. 6, no. 2.
23. Singer, Jane B., et al., 2011, Participatory Journalism: Guarding Open Gates at Online Newspapers, Malden, MA: Wiley-Blackwell.
24. Thurman, Neil, 2008, "Multimedia Storytelling: A Survey of Online News," Journalism Practice, vol. 2, no. 3.
25. UNESCO, 2021, Building Digital Safety for Journalism: A Survey of Journalists' Digital Security Training Needs, Paris: UNESCO Publishing.
26. Volti, Rudi, 2009, Society and Technological Change, 6th edition, New York: Worth Publisher
27. McChesney, R. W. (2008). The Political Economy of Media: Enduring Issues, Emerging Dilemmas. Monthly Review Press.
28. Bennett, W. L. (2016). News: The Politics of Illusion. University of Chicago Press.
29. Puppis, M. (2010). Media Governance: A New Concept for the Analysis of Media Policy and Regulation. Communication, Culture & Critique, 3(2),.
30. Freedman, D. (2008). The Politics of Media Policy. Polity Press.

### گۆڤارەکان

1. **Volti, Rudi**, 2009, Society and Technological Change, 6th edition, New York: Worth Publishers.
2. **Elecard**, 2024, 4K and HDR in Broadcasting: Expectation vs. Reality, Elecard Blog.
3. **Gutiérrez-Caneda, Belén**, 2024, Ethics and journalistic challenges in the age of artificial intelligence, Frontiers in Communication.
4. **Journalism Courses**, 2024, Digital Security for Journalists in Times of Crisis, Journalismcourses.org.
5. **Porlezza, Colin**, 2024, AI Ethics in Journalism (Studies): An Evolving Field, Journalism Practice.
6. **Press Club Institute**, 2025, Digital Security: How journalists can protect themselves online, Pressclubinstitute.org.
7. **RedShark News**, 2014, Does 4K have a role in News and Journalism?, RedShark News.
8. **ResearchGate**, 2024, Artificial Intelligence in newsrooms: Ethical challenges facing journalists, ResearchGate.
9. **Reporters Without Borders (RSF)**, 2024, Digital Security Guides, RSF Helpdesk.

### پەیج و ماڵپەڕ

1. **Buchanan, Robert Angus**, 2025, History of Technology, Britannica.
2. **ResearchGate**, 2025, The Impact of Technology on Journalism, ResearchGate.
3. **ScienceDirect**, 2025, The future technologies of journalism, ScienceDirect.
4. **DR Press**, 2025, Digital Transformation and Innovation of the News Media, DR Press.
5. **Academia.edu**, 2025, Artificial intelligence and automated journalism: Contemporary challenges and new opportunities, Academia.edu.
6. **Taylor & Francis Online**, 2025, Generative AI and the Future of News, Taylor & Francis Online.
7. **ResearchGate**, 2025, Artificial Intelligence and News: Opportunities, Trends and Challenges - A Systematic Literature Review, ResearchGate.
8. **Masscom Journal**, 2025, AI-powered journalism: Opportunities, challenges, and the road ahead, Masscom Journal.
9. **Frontiers in Communication**, 2025, Ethics and journalistic challenges in the age of artificial intelligence, Frontiers.
10. **SAGE Journals**, 2025, Artificial intelligence and journalism, SAGE Journals.

# Digital broadcasting systems and their role in technical media reform: local television channels of Kurdistan Region of Iraq as an example

**Omar Karim Sharif**
Assistant Lecturer
Media Technique Department
Technical College of Administration
Sulaimani Polytechnic University
Kurdistan Region of Iraq, Sulaimani
omar.karim.s@spu.edu.iq

**Dr. Hazhar Mohammed Jalal**
Assistant Professor
Media Technique Department
Technical College of Administration
Sulaimani Polytechnic University
Kurdistan Region of Iraq, Sulaimani
hazhar.jalal@spu.edu.iq

**Abstract**

This research, entitled "Digital Broadcasting System and its Role in the Technical Reform of Media," sheds light on the technical changes in local television channels in the Kurdistan Region, specifically the process of transitioning from the analog system to digital terrestrial television broadcasting under the (DVB-T/T2) standard. The main objective of the research is to analyze the role of this new technology in modernizing the technical infrastructure of local media and its impact on broadcasting quality and efficiency. The research emphasizes that technical reform is not merely about changing equipment, but rather a systematic transformation that directly affects the stages of content production, distribution, and consumption. To achieve these objectives, the researcher employed a descriptive-analytical method and selected the "Falcon Channels Group" as a case study for the implementation of this system. The main problem of the research is summarized in the following question: To what extent has the technical reform of media succeeded in transforming the digital media infrastructure and the economic models of local channels? The significance of this research lies in its examination of a historical stage in Kurdish media, wherein concepts such as spectral efficiency and the diversification of media services have become an inevitable necessity. The findings of the research reveal that the transition to digital broadcasting in the "Falcon Channels Group" has not only improved picture and sound quality, but has also paved the way for the technical reorganization of control, editing (montage), and broadcasting rooms. Concurrently, it has led to a reduction in transmission costs and facilitated the delivery of the media message to the receiver.

**Keywords:**

Digital Terrestrial Television (DTT), Technical Reform Media, Media Economics, Local Media, Falcon Channels Group.

# سیستەمی پەخشی دیجیتاڵیی و ڕۆڵی لە ڕیفۆرمی تەکنیکی میدیاییدا:
## کەناڵە تەلەڤزیۆنییە ناوخۆییەکانی هەرێمی کوردستان وەک نموونە


د. هەژار محەمەد جەلال
پرۆفیسۆری یاریدەدەر
بەشی تەکنیکی میدیا
کۆلێژی تەکنیکی کارگێڕی
زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی
hazhar.jalal@spu.edu.iq

عومەر کەریم شەریف
مامۆستای یاریدەدەر
بەشی تەکنیکی میدیا
کۆلێژی تەکنیکی کارگێڕی
زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی omar.karim.s@spu.edu.iq



### پوختە
ئەم توێژینەوەیە لە ژێر ناونیشانی "سیستەمی پەخشی- دیجیتاڵیی و ڕۆڵی لە ڕیفۆرمی تەکنیکی میدیاییدا" تیشک دەخاتە سەر گۆڕانکارییە تەکنیکییەکانی کەناڵە تەلەڤزیۆنییە ناوخۆییەکانی هەرێمی کوردستان، بەتایبەتی پرۆسەی گواستنەوە لە سیستەمی ئەناڵۆگ (Analog) بۆ پەخشی. تەلەفزیۆنی دیجیتاڵیی زەمینی بە ستانداردی (DVB-T/T2). ئامانجی سەرەکیی توێژینەوەکە؛ شیکردنەوەی ڕۆڵی ئەم تەکنۆلۆژیا نوێیە لە نوێکردنەوەی ژێرخانی تەکنیکیی میدیای ناوخۆیی و کاریگەرییەکانی لەسەر کوالێتی و کارایی پەخش. توێژینەوەکە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ڕیفۆرمی تەکنیکی؛ تەنیا گۆڕینی ئامێرەکان نییە، بەڵکو وەرچەرخانێکی سیستەماتیکە کە کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر قۆناغەکانی بەرهەمهێنان، بڵاوکردنەوە و بەکارهێنان و بەرهەمهێنانی ناوەڕۆک هەیە. بۆ گەیشتن بەم ئامانجانە؛ توێژەران میتۆدی وەسفی- شیکاری (Descriptive-Analytical) یان بەکارهێناوە. "گرووپی کەناڵەکانی فاڵکۆن" وەک نموونە (Case Study) لە جێبەجێکردنی ئەم سیستەمەدا وەرگرتووە، بەڕێگەی چاوپێکەوتنی قوڵ لەگەڵ ( ٢٥٪ ) لە ستافی بەڕێوەبردنی گروپەکە کە سەرجەمیان ژمارەیان ١٥ کەسە. کێشەی سەرەکیی توێژینەوەکە لەم پرسیارەدا کورت دەبێتەوە: تا چەند ڕیفۆرمی تەکنیکیی میدیا سەرکەوتوو بووە لە گۆڕینی ژێرخانی دیجیتاڵیی میدیایی و مۆدێلە ئابوورییەکانی کەناڵە ناوخۆییەکان؟ گرنگیی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کە باس لە قۆناغێکی مێژوویی میدیای کوردیی دەکات، کە تێیدا چەمکەکانی وەک کارایی فریکوێنسی (Spectral Efficiency) و هەمەچەشنکردنی خزمەتگوزارییە میدیاییەکان بوونەتە پێویستییەکی حەتمی. دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە دەریدەخەن کە گواستنەوە بۆ پەخشی- دیجیتاڵیی لە "گرووپی کەناڵەکانی فاڵکۆن"، تەنیا نەبووەتە هۆی باشترکردنی کوالێتی وێنە و دەنگ، بەڵکو ڕێخۆشکەر بووە بۆ ڕێکخستنەوەی تەکنیکیی ژوورەکانی کۆنترۆڵ و مۆنتاژ و پەخش، هاوکات بووەتە هۆی کەمکردنەوەی تێچووە جێگرەکان و ئاسانکاریی لە گەیشتنی پەیامی میدیایی بە وەرگر.



### کلیلەوشەکان :
پەخشی دیجیتاڵیی زەمینی (DTT)، ڕیفۆرمی تەکنیکی میدیا، ئابووریی میدیا، میدیای ناوخۆیی، گرووپی کەناڵەکانی فاڵکۆن


## بەشی یەکەم: میتۆدنامەی توێژینەوە

### پێشەکی:
گەشەسەندنی تەکنۆلۆژیا لە دوو دەیەی ڕابردوودا گۆڕانکارییەکی ڕیشەیی و بێوێنەی لە مێژووی مرۆڤایەتیدا درووست کردووە، بە شێوەیەک کە ڕەهەندەکانی ئەم پێشکەوتنە هەموو کایەکانی ژیانی گرتۆتەوە. یەکێک لەو بوارە هەرە گرنگانەی کە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەژێر کاریگەری ئەم وەرچەرخانەدا بووە، بواری پەخش تەلەفزیۆنیی و میدیای بینراوە. ئەم توێژینەوەیە تیشک دەخاتە سەر تەکنۆلۆژیای پەخشی. تەلەڤزیۆنیی و قۆناغەکانی گەشەکردنی لە ئاستی جیهانیی وناوخۆی هەرێمی کوردستاندا. لە ڕووی مێژوویيەوە، پەخشی- تەلەڤزیۆنی لە سەرەتاکانی ساڵی (١٩٣٦) دا ڕووبەڕووی ئاستەنگی گەورەی وەک سنووره تۆپۆگرافییەکان، تێچووی زۆری دارایی ونزمیی کوالێتی دەنگ و ڕەنگ دەبووەوە. جگە لەوەش، سنووردارێی فریکوێنسیەکان ڕێگر بوو لە فراوانبوونی کەناڵەکان، بەڵام لە دوای شەستەکانی سەدەی ڕابردوو و، سەرهەڵدانی مانگە دەستکردەکان بووە هۆی گۆڕانکاری مێژوویی کە توانی سنووره جوگرافییەکان ببڕێت و خزمەتگوزاریی گەیاندن بگەیەنێتە دوورە دەسترین ناوچە و جوگرافیا جیاوازەکانی کیشوەرەکان . ئەم پێشکەوتنە لەگەڵ داهێنانی ئینتەرنێت و پەخشی. دیجیتاڵیدا گەیشتۆتە لووتکە و بوو بە هۆی ڕەخساندنی دەرفەتێکی زێڕین بۆ ڕیفۆرمی پەخشی. زەمینیی دیجیتاڵ و گۆڕانکاری لە ئابوری میدیاییدا؛ بەرەو ئابوری خۆژێن و سەربەخۆ . هەرێمی کوردستانیش وەک بەشێک لەم جیهانە فراوانە، لەم کاروانە تەکنۆلۆژییە دانەبڕاوە بەتایبەتی لە دوای ساڵی (٢٠١٤)وە، هەنگاوی گرنگی بەرەو پەیرەوکردنی پەخشی- دیجیتاڵی زەمینی ناکە بوو بە هۆی زیادبوونی بەرچاوی ژمارەی کەناڵە ناوخۆییەکان و باشتربوونی کوالێتی پەخش و ڕێکخستنەوەی فریکوێنسیەکان.

### ١ . گرفتی توێژینەوە :
گواستنەوەی پەخشی تەلەفزیۆنی لە سیستەمی "ئەنەلۆگ"ەوە بۆ سیستەمی دیجیتاڵی زەمینی (DVB_T) تەنها گۆڕانکارییەکی تەکنیکی سادە نیە، بەڵکو وەرچەرخانێکی گەورەیە لە پێکهاتەی ژێرخانی میدیای ناوخۆیی هەرێمی کوردستاندا. گرفتی سەرەکیی ئەم توێژینەوەیە لەوەدا چڕ دەبێتەوە کە پێش ساڵی (٢٠١٤)، میدیای ناوخۆیی ڕووبەڕووی قەیرانی کەمی فریکوێنس و تێچووی بەرزی بەڕێوەبردن دەبۆوە کاتێک سیستەمی پەخشیان ئەنەلۆگ بووە. لێرەوە پرسیارە جەوهەرییەکە سەرهەڵدەدات :پاش پەیرەوکردنی سیستەمی(DVB-T) لە هەرێمی کودستان و دەرکردنی ڕێنمایی بۆ ئەم بوارە، ناڕوونیەک لەم ڕۆڵەدا هەستی پێدەکرێت کە ئایا تەکنیکی (کوالێتی و ڕێکخستنی شەپۆلەکان) و ژێرخانی ئابووری (تێچووی ناردن و وەبەرهێنان)ی کەناڵە ناوخۆییەکانی لەهەرێمی کوردستاندا چ گۆڕانکارێکی تێدا کراوە؟.

**پرسیارەکانی توێژینەوە:**

١. کامانەن تایبەتمەندییە تەکنیکییەکانی سیستەمی (DVB-T) و چۆن جیاوازی لەگەڵ سیستەمی ئەنەلۆگی پێشووتر دروست کردووە؟
٢. کامانەن ئەوکۆسپانەی کە دێنە بەردەم کەناڵە ناوخۆییەکان لە پرۆسەی گۆڕینی ژێرخانی تەکنیکی بۆ دیجیتاڵی ؟
٣. ئایا بەکارهێنانی (DVB-T) کاریگەری لەسەر کەمکردنەوەی تێچووی دارایی و مرۆیی بۆ کەناڵە ناوخۆییەکان هەبووە؟

## ٢ . گرنگیی توێژینەوە:

گرنگیی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کە باس لە یەکێک لە قۆناغەکانی گەشەکردنی میدیای کوردی لە ڕووی تەکنیکییەوە دەکات و دەبێتە:

- سەرچاوەیەکی زانستییە بۆ تێگەیشتن لە چەمکی تەکنۆلۆژیای DVB-T2 لە هەرێمی کوردستان.
- نەخشەڕێگەیەکی ئەکادیمیە بۆ دامەزراوە میدیاییەکانی تر تا بەرچاو ڕوونیان هەبێت لە بارەی  ئەزموونی گروپی کەناڵەکانی فاڵکۆن بۆ ئەنجامدانی ڕیفۆرمی تەکنیکی میدیا.

## ٣ . ئامانجەکانی توێژینەوە:

توێژینەوەکە هەوڵ دەدات ئەم ئامانجانەی خوارەوە بەدی بهێنێت:

- هەڵسەنگاندنی ئەزموونی گرووپی کەناڵەکانی فاڵکۆن وەک مۆدێلێکی پراکتیکی بۆ وەرچەرخانی ڕیفۆرمی تەکنیکی میدیایی.
- دەستنیشانکردنی ڕۆڵی سیستەمی دیجیتاڵی زەمینی لە چارەسەرکردنی کێشەی فریکوێنس و شەپۆلەکاندا.
- دیاریکردنی کاریگەرییەکانی ڕیفۆرمی تەکنیکی میدیا لەسەر باشترکردنی کوالێتی پەخش و کەمکردنەوەی تێچووی ئابووریی دامەزراوەکە.

## ٤ .توێژینەوەکانی پێشوو:

- توێژینەوەی (طارق علی حمود، ٢٠١٣) بە ناونیشانی  (التلفزيون التفاعلي الرقمي  (Interactive)  والتلفزيون المحمول(M.TV[١] ) ، ئەم توێژینەوەیە نزیکترینیانە لە توێژینەوەکەی ئێمەوە، چونکە باس لە تەلەڤزیۆنی کارلێکەر و لایەنی دارایی سیستەمە دیجیتاڵییەکان دەکات. توێژەر جەخت دەکاتەوە کە ئەم سیستەمە پێویستی بە پشتگیری دارایی و کۆمپانیای شارەزا هەیە، کە ئەمە لەگەڵ تەوەری "ژێرخانی ئابووری" لە توێژینەوەکەی ئێمەدا یەک دەگرێتەوە.
- توێژینەوەی (عبدالرؤف احمد محمد الضيع، ٢٠١٣) بە ناونیشانی (عولمة البث التلفزيوني وانعكاساته على بعض الجوانب المجتمعية[٢])، ئەم توێژینەوەیە وەک بنەمایەک بۆ تێگەیشتن لە گواستنەوە لە پەخشی.ناوخۆییەوە بۆ ئاسمانیی سوودی لێ دەبینرێت، بەڵام توێژینەوەکەی بەردەست جیاوازە لەوەی جەخت لەسەر گەڕانەوە بۆ پەخشی. "زەمینی" بەڵام بە شێوازە دیجیتاڵییە نوێیەکە  (DVB-T) دەکاتەوە.
- توێژینەوەی (سعد بن بختة وعايدة تيراتوشين، ٢٠١١) بە ناونیشانی (الاعلام الحديث في عصر-الفضائيات[٣]) ، توێژینەوە کە دەپرسێت  :ئایا  (DVB-T)  توانیویەتی "میدیای ناوخۆیی" لە بەرانبەر ئەم شەپۆلە جیهانییەدا بپارێزێت و بە تێچوویەکی کەمتر پەیامەکەی بگەیەنێت؟ ئەمەش هەمان ئەو پرسیارەیە کە لەم توێژینەوەیەدا خراوەتە ڕوو بۆ دەستکەوتنی وەڵامەکەی.

- توێژینەوەی (عصام عيسى- علون، ٢٠٠٩) بە ناونیشانی(التلفزيون في العصر-الرقمى[٤]) ،گرنگیی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کە باس لە "نەهێشتنی شێوازی کلاسیکی پەخش" دەکات ، کە ئەمە تەوەرێکی سەرەکیی توێژینەوەی ئێمەیە لەسەر ژێرخانی تەکنیکی .

## ٥ . جۆر و میتۆدی توێژینەوە :

میتۆدی وەسفی-شیکاری (Descriptive-Analytical Method) لەم توێژینەوەیەدا پەیڕەوکراوە، کە توێژەران بەگونجاوترین ڕێگایەن زانیوە بۆ لێکۆڵینەوە لە دیاردە تەکنیکییەکان و شیکردنەوەی لێکەوتەکانیان بگیرێتەبەر. هەروەها ڕێبازی "توێژینەوەی حاڵەت" (Case  Study) وەک ڕێبازێکی مەیدانی بۆ گرووپی کەناڵەکانی فاڵکۆن بەکارهێنراوە، لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئامرازی چاوپێکەوتنی قووڵ     (In-depth Interview) لەگەڵ ٢٥٪ی بەڕێوەبەری گشتیی گرووپی کەناڵەکانی فاڵکۆن و بەڕێوەبەری ستۆدیۆ، بەڕێوەبەری مۆنتێرەکان و شارەزایەکی تەکنیکی  وەک نموونەی مەبەستدار (Purposive Sample) ، لە نێوان ئەو (١٥) کەسەی کە وەک ستافی جێگر کار لەکەناڵەکەدا دەکەن وەربگرین. لەگەڵ چاودێریکردنی ژێرخانی تەکنیکیی دامەزراوەکە، بە مەبەستی بەدەستهێنانی داتای ڕاستەقینە لەسەر کارایی سیستەمەکە. بۆ زانینی ئاستی ڕەزامەندیی خاوەن بڕیارەکان لەکەناڵەکەدا. پێوەری لێکارت-مان بە مەبەستی ڕێکخستنی پۆلێنکراوی بۆچوونەکان و گۆڕینی لێداونەکان بۆ "ئاستی ڕەزامەندیی و بڕوا" بەکارهێناوە کە پێناسەکەی دەڵێت: "پێوەری لێکارت شێوازێکی پێوانەکردنە کە لە ڕاپرسی و توێژینەوە زانستییەکاندا بەکاردێت بۆ کۆکردنەوەی داتای چەندایەتی وچۆنایەتی سەبارەت بە ڕا و بۆچوون یان ئاراستەی تاکەکان بەرامبەر بە بابەتێکی دیاریکراو. پێوەری لێکارت بەوە جیادەکرێتەوە کە زنجیرەیەک بژاردەی پلەبەندی لەخۆدەگرێت، کە بەزۆری لە نێوان "بەتەواوی هاوڕام"، "هاوڕام"، "بێلایەنم"، "هاوڕانیم" و "بەتەواوی هاوڕانیم"دایە؛ ئەمەش دەرفەت بە بەشداربووان دەدات ئاستی هاوڕابوون یان هاوڕانەبوونی خۆیان بەرامبەر بە دەقەکان یان پرسیارە دیاریکراوەکان دەربڕن (mojarib،٢٠٢٦    ). لەم توێژینەوەیەدا وەک ئامرازێکی کۆدکردنی چۆنایەتی    (Qualitative    Coding) بەکارهێنراوە. ئەم شێوازە یارمەتیماندەدات "بۆچوونی کەسی" بە شێوەیەکی زانستی هەڵبسەنگێنین و ئاراستەی ڕەزامەندیی دامەزراوەکە بەرامبەر بە گۆڕانکارییە تەکنیکییەکان بە ڕوونی دیاری بکەین.

---

[١] مجلة الباحث الإعلامي، العدد (١٩).
[٢] دراسة ميدانية، بمدينة القاهرة كلية الآداب - جامعة جنوب الوادي.
[٣] . مذكرة لنيل شهادة الليسانس، المركز الجامعي خميس مليانة، قسم العلوم الإنسانية.
[٤] . دار الأوائل للنشر والتوزيع، دمشق.

**٦. سنوورەکانی توێژینەوە :**

- **سنووری بابەت:** لێکۆڵینەوە لە گواستنەوەی تەکنیکی لە پەخشی ئەنالۆگەوە بۆ دیجیتاڵی زەمینی (DVB-T2) و کاریگەرییەکانی لەسەر ریفۆرمی ژێرخانی میدیایی لە کەناڵە ناوخۆییەکاندا.
- **سنووری شوێن:** هەرێمی کوردستان، بە دیاریکراوی گرووپی کەناڵەکانی فاڵکۆن (Falcon Group).
- **سنووری کات:** ١١ ساڵ وەرگیراوە وەک سنوری کات ئەویش لە بەرئەوەی ساڵی ٢٠١٤ گروپی کەناڵەکانی فاڵکۆن دامەزراوە تا ساڵی ٢٠٢٥ کە پرۆسەی گواستنەوەکە و جێگیربوونی سیستەمەکەی تێدا ئەنجامدراوە .

**٧. کۆمەڵگە و نموونەی توێژینەوە:**

**کۆمەڵگەی توێژینەوە:** گروپی کەناڵەکانی فاڵکۆن کە دامەزراوەیەکی میدیایی سەربەخۆی کەرتی تایبەتە لەرێگەی دەستنیشانکردنی مەبەستدارەوە بۆ کۆمەڵگەی توێژینەوەکە.

**نموونەی توێژینەوە:** نموونەیەکی مەبەستدارە. لەگەڵ ٢٥٪ی بڕیاردەرانی کارگێڕی و تەکنیکی لە گرووپی کەناڵەکانی فاڵکۆن لەنێوان ١٥ ڕۆژنامەنوس بەپێی پێگەی بەرپرسیارێتیان لەرووی کارگێڕی و تەکنیکی-یان وەرگیراون،.توێژەران تەنها (٤) کەسیان وەک سامپڵ هەڵبژاردووە کە دەکاتە دەستەبژێر. ئەم هەڵبژاردنەش پشت دەبەستێت بە چەمکی کەیسە دەوڵەمەندەکان بە زانیاری -Information - Rich Cases) کە لەلایەن Michael Quinn Patton ـەوە ئاماژەی پێکراوە کە هێزی سامپڵی مەبەستدار لە هەڵبژاردنی کەسانی پڕ زانیاریدایە نەک زۆریی ژمارەیان (Patton, 2015, p. 401) .

**٨. ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری :**

لەبەر ئەوەی ئەم توێژینەوەیە پەیوەستە بەشیکاری گۆڕانکاری تەکنیکی و ریفۆرمی میدیا لە گروپی کەناڵەکانی فاڵکۆن لەسەر دوو ئاست داتاکان وەرگیراوە:

- **چاوپێکەوتنی قووڵ:** لەگەڵ کادیرانی پسپۆڕ و بەڕێوەبەری گروپی کەناڵەکانی فاڵکۆن.
- **چاودێری:** چاودێریکردنی مەیدانیی ژوورەکانی کۆنترۆڵ و پەخش و بەرهەمهێنان لە کەناڵەکانی فاڵکۆن.

**٩. پێناسەی زاراوە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە:**

**١. پەخشی دیجیتاڵیی زەمینی (Digital Terrestrial Television - DTT):** پەخشی دیجیتاڵی زەمینی بریتییە لە تەکنۆلۆژیای گواستنەوەی نیشانە تەلەفزیۆنییەکان بە شێوەی دیجیتاڵ (Bits) لە رێگەی وێستگە نێرەرە زەمینییەکانەوە. جیاوازیی سەرەکی لەگەڵ پەخشی ئەنالۆگدا ئەوەیە کە زانیارییەکان بە کۆدی ژمارەیی دەگوازرێنەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی نەهێشتنی پەرش وبڵاویی و ژاوەژاوی نیشانەکان (Noise) و دابینکردنی کوالێتییەکی بەرزتر (Fischer, 2020,pp. 2-1) .

**٢. ریفۆرمی تەکنیکی میدیا (Technical Media Reform):** پرۆسەیەکی گشتگیر و پلان بۆ دارێژراوە بۆ گۆڕینی ژێرخانی میدیایی لە سیستەمە کلاسیکی و کۆنەباوەکانەوە بۆ سیستەمە هاوچەرخەکان. ئەم ریفۆرمە تەنها نوێکردنەوەی ئامێرەکان ناگرێتەوە، بەڵکو بریتییە لە: بەدیجیتاڵکردنی ژوورەکانی کۆنترۆڵ و پەخش و گۆڕینی میتۆدی بەرهەمهێنان و کاراکردنی سیستەمی ئەرشیف ومۆنتاژ بە شێوەیەک کە خێرایی وکارایی زیاد بکات (Küng, 2017, pp. 61-63).

**٣. ئابووریی میدیا:** کایەیەکی هاوبەشی نێوان زانستی میدیا و ئابوورییە. لە رووی کردەییەوە بەتەنیا نابێتە پێوەر بۆ هەڵسەنگاندنی هەلومەرجی دەزگاکانی ڕاگەیاندن لە رووی ئابوریی و داراییەوە، بەڵکو رەهەندی کایەی ئابوری کۆمەڵگەش پێکدەهێنت. بەتایبەتی لە رووی ریکلامەوە کە وەک سەرچاوەی دارایی بۆ کەناڵەکان و هاندەریشە بۆ کەرتی ئابوری و بازرگانی لە رێگەی بڵاوکردنەوە و بەرەودان بە بەرهەم و خزمەتگوزارییەکان (عەبدوڵڵا، ٢٠٢٤، ل٣٣-٣٤).

**٤. میدیای ناوخۆیی:** میدیای ناوخۆیی ئەو ڕاگەیاندنانە دەگرێتەوە کە مۆڵەتی پەخشی.تەلەفزیۆنی ناوخۆییان لەسەر سیستمی ئامێرەکانی پەخشی دیجیتاڵی زەمینی (DTT) هەیە و تایبەتن بە سنوورێکی دیاریکراوی ناوچەیی یان هەرێمی کە شێوازی بەرهەمهێنانیان پەیوەستە بە زاراوە و تایبەتمەندیی ناوچەکەیان (عەلی، ٢٠٢٥).

**٥. گرووپی کەناڵەکانی فاڵکۆن:** دامەزراوەیەکی میدیایی کوردییە قازانج ویستی کەرتی تایبەتە، ساڵی (٢٠١٤) لە سلێمانی دامەزراوە. پێشەنگە لە پەیڕەوکردنی سیستمی پەخشی دیجیتاڵی (DVB-T) و خاوەنی چەندین کەناڵی فرەچەشنە لە هەرێمی کوردستان (حسێن،٢٠٢٥).

## بەشی دووەم: تیۆریینامەی توێژینەوەکە

**یەکەم:**

**١. دەروازەیەك بۆ پەخشی تەلەڤزیۆنی:**

تەلەڤزیۆن بە یەکێک لە قۆناغە هەرە گرنگەکانی پێشکەوتنی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن دەژمێردرێت، کە پەیامە میدیاییەکانی تێدا بلاو دەکرێتەوە. ڕەهەندێکی تری ئەم پێشکەوتنە، لە پەرەسەندنی تەکنۆلۆژیای گواستنەوەی پەخشی.تەلەڤزیۆنیدا کورت دەبێتەوە؛ بە جۆرێک بەراوورد لەگەڵ بیست ساڵی ڕابردوودا، ئەم بوارە گۆڕانکاریی گەورەی بەخۆیەوە بینیوەو ئێستا بە چەندین شێوازی جیاواز پەیامەکان دەگەنە وەرگر. ئەمڕۆ تەلەڤزیۆن وەک دیاردەیەکی جیهانی، جێگەی خۆی لە ژیانی ڕۆژانەی ملیۆنان مرۆڤدا کردووەتەوە کە بەشێکی زۆری کاتەکانیانی بۆ تەرخان دەکەن. مێژووی ئەم داهێنانە بۆ ساڵی (١٩٢٨) دەگەڕێتەوە، کاتێک (جۆن لۆگی بێرد) توانی یەکەمین پەخشی.تەلەڤزیۆنی لە لەندەنەوە بۆ نیویۆرک، بەسەر ئۆقیانووسی ئەتڵەسیدا بگوازێتەوە (صفوري، ٢٠١١، ص٥٤) .لە لایەکی ترەوە، دەتوانرێت پەخش وەک پرۆسەی ناردنی ئاماژەکانی دەنگ و وێنە پێناسە بکرێت؛ کە تێیدا لە ناوەندەکانی پەخشەوە ئاماژەکان دەگۆڕدرێن بۆ فریکوێنسی. و شەپۆلە کارۆموگناتیسییەکان (Electromagnetic Waves) و بەرەو ئاسمان ڕەوانە دەکرێن. ئەم شەپۆلانە دوای گەیشتنیان بە ئامێری وەرگر (Antenna)، جارێکی تر دەگۆڕدرێنەوە بۆ ئاماژەی کارەبایی و پاشان لەناو ئامێری تەلەڤزیۆندا، دوای تێپەڕبوون بە چەند قۆناغێکی تەکنیکیدا، دەبنەوە بە دەنگ و وێنە تا بینەر وەریان بگرێت (شلبي، ١٩٨٩، ص ٤٢).

**٢.پەخشی تەلەڤیزیۆنیی زەمینی :(Terrestrial Television Broadcasting)**

سیستمێکە بۆ گەیاندنی ناوەڕۆکی میدیایی بە وەرگر بەبێ بەکارهێنانی مانگی دەستکرد یان کێبڵ. ئەم سیستمە پشت بە شەپۆلە ڕادیۆییەکان دەبەستێت لە مەوداکانی (VHF و UHF). پرۆسەی پەخشەکە لە ڕێگەی وێستگەیەکی ناردنەوە (Transmitter) دەستپێدەکات کە نیشانەکان (Signals) لە ڕێگەی ئانتێنەوە بڵاودەکاتەوە، پاشان لەلایەن ئانتێنێکی سادەی ناوخۆییەوە لە ماڵەکاندا وەردەگیرێتەوە. ئامێری تەلەڤیزیۆن لێرەدا وەک وەرگر و لێکدەرەوەی کۆدەکان (Demodulator) کار دەکات بۆ نیشاندانی وێنە و دەنگ . ئەم جۆرە پەخشە، بەپێی ئاستی پەرەسەندنی تەکنۆلۆژیا و سیستەمی بەکارهاتوو، هەردوو جۆری پەخشی ڕەش و سپی و ڕەنگاوڕەنگی لەخۆگرتووە (Albarran, . 2016, pp.65-68)لە ڕووی ئابوورییەوە، پەخشی زەمینیی ئەنەلۆگ بەهۆی بەکارهێنانی پانتاییەکی زۆری فریکوێنس بۆ تەنها یەک کەناڵ، بە سیستمێکی تێچووی بەرز (Inefficient) دادەنرێت، کە ئەمەش هۆکاری سەرەکیی جیهانییە بەرەو گۆران بۆ پەخشی دیجیتاڵ-DVB) (T2بۆ پاشکەوتکردنی وزە و فریکوێنس. پەخشی ئاسمانی (Satellite Broadcasting) کە بەشێکی سەرەکییە لە پرۆسەی میدیای بینراو ، بە شێوازی بێتەل کار دەکات و بەرنامە تەلەڤزیۆنییەکان لە ڕێگەی شەپۆلە ڕادیۆییەکانەوە دەگەیەنێتە وەرگر. سەرەڕای جیاوازییەکانی نێوان پەخشی ئاسمانی و زەمینی، تا ئێستا پێناسەیەکی یەکگرتوو کە هەمووان لەسەری کۆک بن بۆ ئەم بوارە نەکراوە . بۆ نموونە، لە یاسای ژمارە (٣٨٢) ی ساڵی ١٩٩٤ی وڵاتی لوبناندا، پەخشی تەلەڤزیۆنی بەم شێوەیە پێناسە کراوە: «گواستنەوەی وێنەیە؛ جا وێنەکە جوڵاو بێت یان جێگیر، دەنگی لەگەڵ بێت یان بێدەنگ، کە لە ڕێگەی شەپۆلە کارۆموگناتیسییەکان یان هەر ڕێگەیەک بۆ وەرگر بگوازرێتەوە» (الماحي، ٢٠١٧، ص٥).

**٣. پەخشی دیجیتاڵی زەمینی :(DVB-T)**

تا نزیکەی ساڵی (١٩٩٠) وا لێک دەدرایەوە کە پەخشکردنی تەلەڤیزیۆنی دیجیتاڵی بۆ ماڵان کارێکی ناکردەیە وتێچووی جێبەجێکردنی گرانە . بەڵام لە ساڵی (١٩٩١) دا، دەستەی پەخش و بەرهەمهێنەرانی ئامێرە بەکاربەرە تەکنۆلۆژیاکان گفتوگۆیان کرد دەربارەی چۆنیەتی پێکهێنانی ژینگەیەکی ئەوروپی ڕێکخراو بۆ پەرەپێدانی تەلەڤیزیۆنی دیجیتاڵی زەمینی. لە کۆتایی ئەو ساڵەدا، دەستەکە کۆبوونەوە بۆ گفتوگۆکردن دەربارەی پێکهێنانی گروپێک بۆ سەرپەرشتی پەرەپێدانی تەلەڤیزیۆنی دیجیتاڵی لە ئەوروپا. دواتر بازنەی هەوڵەکان فراوان کراو لە لە ساڵی (١٩٩٣) لەسەر ئەوە کۆک بوون کە ئەو پەخشە نوێیەکە ناوبنرێت بە پرۆژەی ڤیدیۆیی دیجیتاڵی (DVB،2026). ئەم سیستمە (DVB-T) کۆمەڵێک پێوەری نێودەوڵەتییە؛ بۆ پەخشکردنی تەلەڤیزیۆنی دیجیتاڵی لە ڕێگەی تۆڕەکانی مانگی دەستکرد (DVB-S) و کێبڵ (DVB-C) و تۆڕەکانی زەمینی (DVB-T). لە سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوودا لەلایەن پرۆژەی ( DVB)ەوە پەرەی پێدرا، کە کۆمەڵەیەکی تایبەتە و لەلایەن دەزگاکانی پەخش و کارپێکەرانی تۆڕ و بەرهەمهێنەرانی پیشەسازییەوە سەرکردایەتی دەکرێت (Samim group،٢٠٢٤ ).

**٤.چەمکی گواستنەوەی دیجیتاڵی :(Digital Migration)**

تەلەڤیزیۆنی دیجیتاڵی زەمینی (DVB-T) یان نەوەی دووەمی پێشکەوتوو (DVB-T2): ئەو سیستەمە پەخشەیە کە لە ئەوروپا و وڵاتانی عەرەبی و زۆربەی وڵاتانی ئاسیا وەکوو جێگرەوەی پەخشی تەلەڤیزیۆنی ئەنالۆگ پەسەند کراوە، ساڵی ٢٠٠٦ لە کۆنگرەی هەرێمیی ڕادیۆدا کە لە شاری جنێڤ بەسترا بڕیار درا؛ پەخشی. سیستەمی ئەنالۆگ ڕابگیرێت و بە تەواوی بگۆڕدرێت بۆ سیستەمی دیجیتاڵی لە ساڵی ٢٠١٥ بۆ مەودای UHF و ساڵی ٢٠٢٠ بۆ مەودای VHF، ئەم کۆنگرەیە بە پلانێک بۆ بەکارهێنانی کەناڵەکانی تەلەڤیزیۆن لە مەودای UHF/VHF هاتە دەرەوە (مطر،٢٠١٥،ص ص١٧-١٨). هەروەها گۆڕانکارییەکانی گواستنەوەی دیجیتاڵی ئەم تایبەتمەندییانەی بەدوای خۆیداهێنا: (رابح، ٢٠٠٤، ص١٨)

- زیادکردنی ژمارەی کەناڵەکان بۆ گەیشتن بە (١٢)کەناڵ لە پاکێجی یەک کەناڵی تەلەڤیزیۆنی (٨/٧مێگاهێرتز).
- کوالێتی بەرز: "ئەم تایبەتمەندییە وایکرد کەناڵەکان کاتێک پەخشی. بەرنامەکانیان لە سەر ئەم سیستەمە دەکەن وێنەکان هیچ ڕەنگدانەوەیەک لێڵی نەبێت و کەمتر کاریگەریی تێکەڵبوون لەنێوان کەناڵە پەخشکراوەکان هەبێت، ڕوونی زیاتری شاشەکە لە زانیاری و ڕەنگەکان و درەوشانەوە و دەنگ بەهۆی سروشتی پێکهاتەی ئاماژەی دیجیتاڵییەوە"، هەروەها گواستنەوەی داتا، تەلەڤیزیۆنی ڕوونی ئاستبەرز (HD TV).

**٥. سیستەمەکانی وەرگرتنی پەخشی دیجیتاڵی تەلەڤزیۆنی:**

بۆ وەرگرتنی پەخشی دیجیتاڵی، چوار جۆری سەرەکی لە تەکنۆلۆژیا بەکاردێن کە ڕێگە بە وەرگرتنی پەیامە میدیاییەکان دەدەن بە کوالێتییەکی بەرز. سیستەمەکانیش بریتین لە :( خالد، ٢٠١٩، ص ص ٧١-٧٢) .

١ . **تەلەڤزیۆنی دیجیتاڵی زەمینی :(Digital Terrestrial Television - DVB-T/T2)** لەم سیستەمەدا، ناردنی ئاماژەکان لە ڕێگەی وێستگە و تۆڕە زەمینییەکانەوە ئەنجام دەدرێت. وەرگرتنی پەخشەکە لە ماڵان بە شێوەیەکی نەریتی لە ڕێگەی "ئەنتینا" یان "ئاریێل"ـەوە دەبێت کە لەسەر بانەکان جێگیر دەکرێن. ئەم سیستەمە توانای وەرگرتنی ژمارەیەکی دیاریکراو لە کەناڵی هەیە و پێویستی بە ئامێری وەرگر (Receiver)یان (Set-top box) هەیە بۆ کردنەوەی کۆدی کەناڵەکان و گۆڕینی ئاماژە دیجیتاڵییەکان بۆ وێنە و دەنگ. یەکێک لە تایبەتمەندییە گرنگەکانی ئەم جۆرە، بەکارهێنانی کاریگەری فرێکوێنسەکانە (Spectrum Efficiency) کە ڕێگە دەدات چەندین کەناڵ لەسەر یەک شەپۆل پەخش بکرێن .

٢ . **پەخشی. دیجیتاڵی لە ڕێگەی مانگی دەستکرد :(Digital Satellite Television)** لەم جۆرەدا، ئاماژە تەلەڤزیۆنییەکان لە وێستگەی سەر زەوییەوە بەرەو مانگی دەستکرد ڕەوانە دەکرێن، پاشان مانگە دەستکردەکە ئاماژەکان بۆ ڕووبەرێکی فراوانی زەوی دەنێرێتەوە. بۆ وەرگرتنی ئەم پەخشە، پێویست بە دەفرێکی وەرگر (Satellite Dish) و ئامێری (LNB) دەبێت تاوەکو شەپۆلەکان کۆبکاتەوە و بینێرێت بۆ ئامێری ڕیسیڤەر. ئەم سیستەمە بەوە جیادەکرێتەوە کە سەدان کەناڵ و ڕووبەرێکی زۆر فراوانی جوگرافی دا دەپۆشێت.

٣ . **تەلەڤزیۆنی کێبڵ :(Cable Television - DVB-C)** لەم سیستەمەدا، ئاماژەکان لە ڕێگەی کێبڵی ڕیشاڵی (Fiber Optics) یان کێبڵی کۆاکسیال (Coaxial Cable) دەگەنە ماڵان ، ئەم جۆرە پێویستی بە ئەنتینا و لینک نییە، بەڵکو ڕاستەوخۆ لە ڕێگەی تۆڕی کێبڵی ژێرخانی

شارەوە پەیوەست دەکرێت. ئەم سیستەمە زیاتر لەو ناوچانە بەکاردێت کە چڕی دانیشتوانیان زۆرە و دەیانەوێت پەخشێکی جێگیر و بێ دابڕانیان هەبێت .

**٤ . تەلەڤزیۆنی پرۆتۆکۆلی ئینتەرنێت :(IPTV)**[5] نوێترین شێوازی وەرگرتنی پەخشە کە تێیدا ناوەڕۆکی تەلەڤزیۆنی لە ڕێگەی پرۆتۆکۆلەکانی ئینتەرنێتەوە دەگوازرێتەوە. لێرەدا وەرگر پشت بە هێڵی ئینتەرنێت دەبەستێت نەک شەپۆلی ڕادیۆیی . ئەمەش ڕێگە بە بینەر دەدات کە بە شێوەی کارلێککاریی (Interactive) تەماشای بەرنامەکان بکات و بتوانێت لە هەر کاتێکدا بیەوێت پرۆگرامەکان دووبارە بکاتەوە .

**٦. گەشەسەندنی پەخشی ڕاستەوخۆ و گواستنەوەی ئاسمانی:**

لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا، کەرتی ڕاگەیاندن زنجیرەیەک گۆڕانکاریی گەورەی بەخۆیەوە بینی بۆ چارەسەرکردنی ئەو گرفتە تەکنیکییانەی کە ڕێگربوون لە گەشەی میدیای بینراو . گەورەترین کێشەی سیستەمی پەخشی زەمینی (Terrestrial Broadcasting) بریتی بوو لە سنووردارێی مەودای گەیشتنی شەپۆلەکان ؛ چونکە شەپۆلە تەلەڤزیۆنییەکان بە هێڵی ڕاست دەڕۆشتن (Line of Sight) و نەدەتوانرا لە (٨٠)کیلۆمەتر زیاتر بگوازرێنەوە ، مەگەر لە ڕێگەی دانانی وێستگەی بەهێزکەر (Relay Stations) یان کێبڵی گران بەهاوە بوایە. جگە لەوە شەپۆلە زەمینییەکان نەدەگوازرانەوە بۆ سەر دەریا و ئۆقیانووسەکان و نەدەگونجان لەگەڵ تۆپۆگرافیای زەوی وەک چیا و بەرزاییەکان، کە دەبوونە بەربەست لەبەردەم گەیشتنی سیگناڵەکاندا. بۆ تێپەڕاندنی ئەم کەموکورتییانە، بیرۆکەی بەکارهێنانی مانگی دەستکرد وەک "وێستگەیەکی بەهێزکەر لە ئاسماندا" سەرهەڵدا. مانگە دەستکردەکان لە خولگەی جێگیری زەویدا(Geostationary Orbit) جێگیر دەکران، کە ڕێگەی دەدا یەک مانگی دەستکرد ڕووبەرێکی زۆر فراوانی زەوی (بە قەبارەی کیشوەرێک) داپۆشێت (سکیک، ٢٠٠٨، ص٤٧).

**٧. جیاوازیی نێوان پەخشی ئەنالۆگ و پەخشی دیجیتاڵی:**

پەخشی ئەنالۆگ یان هاوشێوەیی (Analogue Transmission): بریتییە لە ناردنی شەپۆلێکی کارۆموگناتیسی کە هەڵگری دەنگ و وێنەیە یان تەنها دەنگ یان تەنها وێنە. هەرچی پەخشی دیجیتاڵییە (Digital Transmission)؛ بریتییە لە پرۆسەی گۆڕینی دەنگ و وێنە بۆ شێوەی دیجیتاڵی و پاشان ناردنی بۆ مانگی دەستکرد کە ڕۆڵی ئاوێنەیەکی ڕەنگدەرەوە دەبینێت لە بۆشایی ئاسماندا و دواتر لە ڕێگەی ئامێری وەرگرتن وەردەگیرێتەوە. پەخشی ئەنالۆگ و دیجیتاڵی دەتوانن پەخشی زەوی یان ئاسمانی بن بەهۆی مانگە دەستکردەکانەوە. بەڵام لە پەخشی ئەنالۆگیدا، تەنها یەک فریکوێنسی هەیە و تەنها یەک کەناڵ هەڵدەگرێت ، چ لە ئامێرەکانی وەرگرتنی پەخشی ئاسمانی بێت یان لە تەلەڤیزیۆنەکە خۆیدا. لە کاتێکدا لە پەخشی دیجیتاڵیدا، دەتوانرێت لە یەک فریکوێنسدا چەندین کەناڵ هەڵبگرێت ( مطر، ٢٠١٥، ص ٠ )

**٨. سوودەکانی گواستنەوە لە سیستەمی ئەنەلۆگەوە بۆ دیجیتاڵی:**

ئەو گۆڕانکارییانەی کە لەم بوارەدا هاتونەتەدی؛ لێکەوتەی جیاوازی بەدوای خۆیدا هێناوە کە دەتوانین لەچەند خاڵێکدا کورتیان بکەینەوە و بەسەر سوودی تەکنیکی، ئابووریی و جەماوەریی دابەشیان بکەین کە گرنگترینیان ئەمانەن: (مطر، ٢٠١٥، ص. ٦١)، (ITU, 2018), (Iosifidis,2011).

١ . کاراێی بەرزی شەپۆلەکان(Spectral Efficiency) : سیستەمی دیجیتاڵی توانایەکی بەرزی هەیە لە چڕکردنەوەی شەپۆلەکان بە جۆرێک دەتوانرێت لە ڕێگەی تەکنۆلۆژیای (Multiplexing) چەندین کەناڵی جیاواز لەسەر یەک فریکوێنس پەخش بکرێن، کە ئەمە دەبێتە هۆی چارەسەرکردنی قەرەباڵغی فریکوێنسیەکان و ڕێگەخۆشکەرە بۆ زیادبوونی ژمارەی کەناڵەکان.

٢ . ژێرخانی یەکگرتوو و گونجاو : ئەم جۆرە پەخشە ڕێگە دەدات بە بوونی ژێرخانێکی یەکگرتوو بۆ پەخش لەبری تۆڕە سەربەخۆ و هاوتەریبەکان. سوودوەرگرتن لە سیستەمی "یەک پاکێج" تێچووی دامەزراندن و بەڕێوەبردن بۆ کۆمپانیاکانی پەخش لەگەڵ زیانە ژینگەییەکانی تاوەرە زۆرەکان کەمتر دەکاتەوە.

٣ . بەرزبوونەوەی کوالێتی دەنگ و وێنە : سیستەمی دیجیتاڵی پشت بە سیستەمی ژمارەیی (Binary System ) دەبەستێت، کە پارێزگاری لە ڕوونیی وێنە و بێ خەوشی دەنگ دەکات. بە پێچەوانەی سیستەمی ئەنەلۆگ، ئەم سیستەمە دوورە لە تەڵخبوون وتێکچوونی نیشانەکان . (Interference)ئەمەش وایکردووە تەلەڤزیۆنە شاشە گەورەکان (HD و 4K) باشترین کوالێتی نیشان بدەن.

٤ . گونجاندن لەگەڵ سیستەمی جێگیر و جوڵاو :یەکێک لە سوودە هەرە گرنگەکانی توانای وەرگرتنی پەخشە لە کاتی جوڵەدا، بینەر دەتوانێت بە هەمان کوالێتی بەرز پەخشەکە لە ڕێگەی شاشەی ئۆتۆمبێل و مۆبایل و کۆمپیوتەرەوە وەربگرێت ، بەبێ ئەوەی پێویستی بە ئامێری ئاڵۆز یان ئەنتێنای گەورە بێت.

٥ . هەمەچەشنەکردنی خزمەتگوزارییەکان :جگە لە وێنە و دەنگ، سیستەمی دیجیتاڵی ڕێگە دەدات بە ناردنی خزمەتگوزاریی زیادەی وەک: ڕێبەری بەرنامەی ئەلیکترۆن(EPG) ، ژێرنووس بە چەند زمانێک، خزمەتگوزاری ئینتەرنێت و تەنانەت پەخشی وێستگەکانی ڕادیۆ لەسەر هەمان فریکوێنسی تەلەڤزیۆن .

٦. ڕوومالی سەرتاسەری بە سیستەمی (SFN) :بە بەکارهێنانی سیستەمی "تۆڕی یەک فریکوێنسی - Single Frequency Network) " (SFN، دەتوانرێت تەواوی ڕووبەری وڵات بە هەمان فریکوێنس ڕووماڵ بکرێت، ئەمە هەستیاریی بۆ دەستێوەردان و شێواندنی سیگناڵ کەم دەکاتەوە و بە توانایەکی ناردنی کەمتر و ڕووبەرێکی فراوانتر داپۆشێت .

**دووەم: ڕیفۆرمی تەکنیکی لە میدیادا**

میدیای کوردیی ئێستا لەبەردەم ئالنگارییەکی گەورەدایە کە ئەویش تێپەڕاندنی قۆناغی میدیای کلاسیکی و چوونە ناو جیهانی دیجیتاڵییەوەیە. میدیا لە کوردستاندا پێویستی بە ڕیفۆرمێکی گشتگیر هەیە، چونکە زۆربەی دەزگاکان هێشتا لە ڕووی تەکنیکی و بیرکردنەوەوە لە سەردەمی نەوەدەکانی ڕابردوودا ماونەتەوە. "گۆڕانکاری یە تەکنەلۆژییەکان تەنها گۆڕینی کەرەستەکان نین، بەڵکو وەک لە (Easy.bi, 2023) کریستیان

---

[5] جۆرێکی پەخشی تەلەفزیۆنە، بەشێوەی گرێبەست و لەنێوان وەرگرو دابینکاری خزمەتگوزاری پەخشی تەلەفزیۆنەکان لە بەرامبەر بڕێک پارەدا دابندەکرێت کە تەنها لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوەیە بۆ بینی ئەو کەناڵانەی کە وەرگر مەبەستێتی لە هەر کاتێکدا تەماشایان بکات، بەزۆر لە وڵاتانی ئەورووپی وئەمریکادا کار بەم جۆرە پەخشەدەکەن (Hanna & Scarpati, 2021).

کاسیار ئەندازیاری گۆڕانکاری لە بواری تەکنۆلۆژیادا ئاماژەی پێدەدات، ئەم وەرچەرخانە تەواوی مۆدێلی کارکردنی میدیای گۆڕیوە بۆ سیستمێکی داتا تاوەر. ئەمەش بەو مانایە دێت کە ڕیفۆرمی تەکنیکی دەبێت جەخت لەسەر بنیاتنانی ژێرخانێکی دیجیتاڵی بکاتەوە کە توانای شیکردنەوەی ڕەفتاری بەکارهێنەری هەبێت". لەو سونگەیەوە لە دووهەمین کۆڕبەندی نیشتمانیی چمک بۆ ڕیفۆرمی میدیایی پ.ی.د. شوان ئادەم ئەیڤەس؛ سەرۆکی ڕێکخراوی چاودێریی میدیای کوردی (چمک) بابەتێکی بەشێوازێکی ئەکادیمیی پێشکەشکرد و لەشەش خاڵدا ئەولایەنانەی ڕوونکردەوە کە پێوستە کاری لەسەر بکرێت بۆ ئەنجامدانی ڕیفۆرمی میدیایی. هەروەها لە میانەی چاوپێکەوتنێکیدا بۆ دیجتاڵمیدیای مۆجۆ لە بەرنامەی مۆجۆی ئەکادیمی جەختی لەسەر گرنگی ڕیفۆرمی میدیایی کردووە. ئەو خاڵانەی پەیوەندیی بە ڕیفۆرمی تەکنیکییەوە هەیە لەم سێ تەوەرە سەرەکییدا کورت دەکاتەوە: (ئەیڤەس،٢٠٢٥) (٢٠٢٥، CHMK Digital Media ).

**١. دیجیتاڵیزەکردن و ژیریی دەستکرد (AI) :** جەختکردنەوە لە "خۆگونجاندن لەگەڵ تەکنۆلۆژیای هاوچەرخ و ژیریی دەستکرد" یەکێکە لە قۆناغە هەرە گرنگەکانی ڕیفۆرم، میدیای کوردی ناتوانێت لە دەرەوەی بازنەی دیجیتاڵیزەکردن(Digitization) بمێنێتەوە؛ ئەمەش پێویستی بە گۆڕینی تەواوی ژێرخانی تەکنیکیی دەزگاکان هەیە بۆ ئەوەی بتوانن مامەڵە لەگەڵ داتا گەورەکان و بەرهەمهێنانی میدیایی خێرا بکەن.

**٢. خوێندەواریی دیجیتاڵی (Digital Literacy) :** تەکنۆلۆژیا بەبێ مرۆڤی شارەزا بێسوودە ، ڕیفۆرمی تەکنیکی دەبێت پەرەپێدانی توانای ڕۆژنامەنووسان لە بواری خوێندەواریی دیجیتاڵی بگرێتەوە . ئەمە وەک مەرجێکی بنەڕەتی بۆ دەرگاوانی میدیایی (Gatekeeping) سەیر دەکرێت، تاوەکو ڕێگری بکرێت لە بڵاوبوونەوەی زانیاریی چەواشەکار لە جیهانی گریمانەیی دیجیتاڵیدا .

**٣. چوارچێوەی یاسایی بۆ میدیای نوێ (Legal Framework for New Media)**

یەکێک لە گرفتە تەکنیکییەکان نەبوونی یاسایە بۆ "تاوانە ئەلیکترۆنییەکان" و "پاراستنی داتا و ژیانی تایبەتی کەسەکان"؛ بۆیە پێویستە یاسای تایبەت بە ڕێکخستنی فریکوێنسی و پەخشی دیجیتاڵی دەربچێت کە لەگەڵ گۆڕانکارییە تەکنەلۆژییەکاندا یەکبگرێتەوە. پ.ی.د. شوان ئادەم ئەیڤەس ئاماژە بە چەند مۆدێلێک دەکات کە توانیویانە تەکنۆلۆژیا و پیشەییبوون یەک بخەن (ئەیڤەس،٢٠٢٥):

١.**مۆدێلی بەریتانی (Ofcom)** : دروستکردنی دامەزراوەیەکی گەورە بۆ ڕێکخستنی ناوەڕۆکی میدیایی و تەکنیکی.

٢. **مۆدێلی وڵاتانی ئەسکەندەناڤیا :** بەکارهێنانی تەکنۆلۆژیا بۆ گەرەنتیکردنی فرەچەشنی و سەربەخۆیی دارایی میدیا.

٣. **مۆدێلی ئۆکرانی :** شەفافییەت لە خاوەندارێتی میدیادا لە ڕێگەی سیستمە دیجیتاڵییەکانەوە.

هەر سەبارەت بە ڕیفۆرمی میدیایی د.بەهرۆز عەلی؛ ڕاوێژکاری میدیایی لە ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان و پسپۆر لە زانستی ڕاگەیاندندا لە سەمینارێکدا بەناوی سیستەمی میدیایی لە هەرێمی کوردستان و پرۆژەی میدیای نیشتمانی کە لە دووهەمین کۆڕبەندی نیشتمانیی چمک بۆ ڕیفۆرمی میدیایی لە هۆڵی کۆنگرێسی. زانکۆی سلێمانی پێشکەشی کرد؛ باس لە پێویستیی چاکسازی لە کەرتی میدیای هەرێمی کوردستان دەکات و دەڵێت "هەرێمی کوردستان خاوەنی ٣١٩ کەناڵی تەلەفزیۆنی و ڕادیۆییە، لە کاتێکدا وڵاتێکی وەک میسر. کە خاوەنی ١١٠ملیۆن دانیشتووانە، تەنها ١٢٤ کەناڵی هەیە. ئەم جیاوازییە گەورەیە ئاماژەیە بۆ "پاشاگەردانیی میدیایی" و نەبوونی فلتەرێکی یاسایی و تەکنیکی بۆ مۆڵەتدان و ڕێکخستنی پەخش. زۆرینەی ڕەها (٨١٪)ی لە نێوان حیزب، کەرتی تایبەت و کەسایەتییە سیاسییەکاندا دابەشبوون؛ ئەم جۆرە لە خاوەندارێتی بووەتە هۆی:

- **نەبوونی سیفەتی دامەزراوەیی :**زۆرێک لەم دەزگایانە تەنها "لاپتۆپێک و چەند کەسێکن" و ئۆفیسی. فەرمییان نییە، ئەمەش بەربەستە لەبەردەم هەر جۆرە ڕیفۆرمێکی تەکنیکیی یەکگرتوودا.
- **پەرتەوازەیی تەکنیکی :** زۆربەی کەناڵەکان (٩٢٪) لۆکاڵین و خاوەنی ژێرخانێکی تەکنیکی ستاندارد نین، بۆیە دکتۆر بەهرۆز عەلی بۆجێبەجێکردنی ئەم ڕیفۆرمەش ئەم پێشنیازانە دەخاتەروو:

١. **یەکخستنی ژێرخان :** گۆڕینی میدیای قەبارە بچووک بۆ میدیای قەبارە گەورە ، کە توانای بەکارهێنانی تەکنۆلۆژیای پەخشی. ئاسمانی و دیجیتاڵیی پێشکەوتووی هەبێت.

٢. **پەخشی. فرە زمان :** بەکارهێنانی سیستمی تەکنیکیی پێشکەوتوو بۆ گەیاندنی پەیامی نەتەوەیی بە زمانەکانی: ئینگلیزی، عەرەبی، تورکی، فارسی.

٣. **چاودێریی و بەرپرسیارێتی :** جێگیرکردنی میدیا لەژێر چاودێریی پەرلەمان ، نەک حکومەت، بۆ دڵنیابوون لەوەی تەکنۆلۆژیای میدیایی بۆ خزمەتگوزاری گشتی بەکاردێت.

لەلایەکی ترەوە ئەم ڕیفۆرمە لە بواری پەخشی زەمینیدا چەند لایەنێک دەگرێتەوە :

١ . **کارایی فریکوێنسی. و ڕێکخستنی شەپۆلەکان (Spectrum Efficiency) :**ڕیفۆرمی تەکنیکی لە پەخشی. زەمینیدا دەبێتە هۆی بەرزکردنەوەی ئاستی سوودوەرگرتن لە فریکوێنسییەکان، چونکە سیستمی دیجیتاڵی ڕێگە دەدات چەندین کەناڵ لەسەر یەک فریکوێنسی. (Multiplex)پەخش بکرێن، ئەمەش پێچەوانەی سیستمی ئەنەلۆگە کە تەنها یەک کەناڵی لەخۆ دەگرت (ITU, 2020, p. 14). ئەم وەرچەرخانە تەنها گۆڕانکارییەکی فیزیکی نییە، بەڵکو وەک بنەمایەکی ستراتیژی بۆ کەمکردنەوەی تێچووی وزە و ڕێگریکردن لە پشێویی فریکوێنسی لە ناوچە سنوورییەکاندا سەیر دەکرێت .(ITU, 2020, p. 28)

٢ . **ستانداردی DVB-T2 و کوالێتیی وەرگرتن:** بەکارهێنانی ستانداردی(DVB-T2 لە ڕاگەیاندنی کوردیدا، بازدانێکی تەکنیکییە بەرەو بەرزکردنەوەی توانای ناردنی (Data Throughput) . ئەم سیستمە بەراورد بە نەوەکانی پێشوو (DVB-T) ، نزیکەی ٣٠٪ بۆ ٥٠٪ کارایی ناردنی زیاترە، ئەمەش ڕێگەخۆشکەرە بۆ پەخشکردنی کەناڵەکان بە کوالێتی (HD) و (4K) بەبێ پچڕان (Fischer,.2020, p. 58 )لێرەدا ڕیفۆرمەکە لەوەدا کورت دەبێتەوە کە "بەرگری لە بەرامبەر ژاوەژاوی ئەلیکترۆنی" زیاد دەکات، کە ئەمەش مافی بینەرە بۆ دەستگەیشتن بە وێنە و دەنگێکی ڕوون (Fischer, 2020, p. 112).

٣ . **ئاوێتەبوونی میدیایی و خزمەتگوزارییە کارلێکەرەکان :** ڕیفۆرمی تەکنیکی لە پەخشی دیجیتاڵیدا تەنها لە کوالێتی وێنەدا ناوەستێت، بەڵکو دەبێتە هۆی ئاوێتەبوونی میدیایی(Media Convergence) . ئەم تەکنۆلۆژیایە وا دەکات تەلەفزیۆنی زەمینی لە ئامێرێکی وەرگرەوە بگۆڕێت بۆ ناوەندێکی خزمەتگوزاری کە تێیدا بینەر دەتوانێت لە ڕێگەی (EPG) و(HbbTV) ەوە زانیاریی زیاتر دەربارەی ناوەڕۆکەکان بەدەست بهێنێت(Küng, 2017, p. 62) . ئەم وەرچەرخانە وا دەکات میدیا لە مۆدێلی "ناردنی یەک ئاراستە"وە بگۆڕێت بۆ مۆدێلێکی "کارلێکەر" کە تێیدا داتا و زانیارییەکان بە شێوەیەکی زیرەکتر بەڕێوەدەبرێن (Küng, 2017, p. 85).

ئەگەر پوختەی ڕیفۆرمی تەکنیکی کورت بکەینەوە بە سوودوەرگرتن لەو زانیاری لە سەرەوە ئاماژەیان پێکراوە دەتوانین بیکەینە ئەم خشتەیەی خوارەوە:

**خشتەی (١) بەراوردکاریی بۆ ڕیفۆرمی تەکنیکی**

| ڕەهەندی ڕیفۆرم | دۆخی پێش ڕیفۆرم (ئەنەلۆگ) | دۆخی پاش ڕیفۆرم (DVB-T2) |
|---|---|---|
| **بەکارهێنانی فریکوێنسی و شێوازی پەخش** | یەک ئاراستە (تەنها تەلەفزیۆن)، یەک فریکوێنسی بۆ یەک کەناڵ بەفیڕۆدانی تەکنیکی | یەک فریکوێنسی بۆ چەندین کەناڵ (Mux)، فرە-پلاتفۆرم (Social Media, Web, App) |
| **تەکنۆلۆژیا، کوالێتی وێنە و دەنگ** | مۆنتاژ وبەرهەمهێنانی دووبارەوەبووە، وێنەی تەڵخ ودەنگی پچڕپچڕ | پرۆسەکان بە شێوازی ئۆتۆماتیکی بەڕێوەدەچن وAi بەکاردەهێنرێت، کوالێتی HD/4Kو دەنگی ستێریۆ |
| **ژێرخان** | ئەرشیفی کاغەزی وڤیدیۆیی و سێرڤەری بچووک | داتای ناوەندی(Data Center) گەورەی دیجیتاڵی |

**سێیەم: ئابووریی میدیا**

ڕاگەیاندن بۆ پێنج سەد ساڵە، چالاکییەکی ئابوورییە بەمانای تەواوی وشە ، ئەم چالاکییە وەک هەر کۆمپانیا و دەزگایەکی قازانج خواز بەپێی قازانج و زیان هەڵدەسوڕێت و بەڕێوەدەبرێت (عەبدوڵلا،٢٠٢٤، ل ٨). ئەم لێکدانەوەیە ئەوەی لێ هەڵدەهێنجرێت کە زیان و قازانج بۆ هەندێ دەزگا و ڕاگەیاندن کە لەلایەن دەوڵەت و پارتە سیاسیەکان پارەدار دەکرێن زیاتر مەعنەوییە ، بەتایبەتی بۆ ئەو وڵاتانەی لە کاری ڕاگەیاندندا پشت بەتیۆری دەسەڵات دەبەستن. واتە ڕاگەیاندن موڵکی پاشاو دەسەڵاتدارانە، بۆیە پاش هاتنەکایە تیۆرەکانی تری ڕاگەیاندن و گەشەساندنی تەکنۆلۆژیا ڕاگەیاندن ئەم بوارەش ڕووە و ئابوریی هەنگاوی نا. ڕۆبێرت پیکارد (Robert Picard) پسپۆڕ لە بواری ئابووری و سیاسەتی ڕاگەیاندن سەبارەت بە کاریگەرییەکانی تەکنۆلۆژیا ئەوە دەخاتەروو ئەو ژینگەیەی کە ڕاگەیاندن کاری تێدا دەکات، بارودۆخی ناجێگیر و ئاڵەنگاریی گەورە بۆ دەستەی بەڕێوەبردنی کەناڵەکان دروست کردووە؛ چونکە بە دیجیتاڵیکردنی ڕاگەیاندن هەنگاوەکانی: بەرهەمهێنان، هەڵگرتن و دابەشکردن-ی زیاتر لێک نزیککردۆتەوە و بۆتە هۆی نەهێشتنی زۆرێک لە سنوورەکانی نێوان ڕاگەیاندن و پیشەسازیی پەیوەندییەکان، ئەمەش هەم بووە بە مەترسی هەروەها بۆتە دەرفەتیش بۆ خۆگونجاندن و بەردەوام خۆ نوێکردنەوە . لێرەوە دیدگایەکی ڕوونی ئابووری ڕاگەیاندن لەلایەن ڕۆبێرت پیکارد دروست دەبێت کە خۆی دەبینێتەوە لە ململانێ نێوان بەکاربەر و بەرهەمهێنەر. هەروەها ڕکەبەری نێوان دامەزراوە میدیاکان بۆ دەستکەوتنی داهات بۆ پێشکەشکردنی ناوەڕۆکی چێژبەخش بۆ وەرگران و لە بازاردا لەسەر پێی خۆیان بوەستن. بۆیە گۆڕانی نرخ و ناجێگیریی گشتی لە بازاڕەکانی ڕاگەیاندندا لەو سەقامگیرییە لادەدات کە لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا بەکارهێنان و داهات و هەلی کارێکی پێشبینیکراوی لە بواری ڕاگەیاندن دروست کردبوو، بۆیە دەڵێت ڕۆژنامە و تەلەفزیۆن و ڕادیۆ وخزمەتگوزارییەکانی ئینتەرنێت و کۆمپانیاکانی پەیوەندی ڕووبەڕووی دۆخێکی مەترسیدارتر دەبنەوە بە بەراورد بە قۆناخەکانی پێشووی کارکردنیان (Picard,2011,p7-8).

د. پراشانت کومیار لە پەیپەرێکی ئەکادیمی داکە لە ساڵی (٢٠١٤) لەسەر چەمکە سەرەکییەکانی ئابووری میدیا بە پشت بەستن بە کتێبەکەی ڕۆبێرت پیکارد بەناوی "The Economics of Media Companies" ئەنجامی داوە ،گەشتۆتە ئەو دەرئەنجامەی کە بڵێت لەبەر ئەوەی هەر دامەزراوەیەکی میدیایی بۆ ئەوەی بتوانێت لەسەر پێی خۆی بوەستێت و بەردەوام بێت، دەبێت وەک "یەکەیەکی ئابووری" ڕێکبخرێت و کار بکات، بۆیە پرۆسەی بڕیاردان تێیدا بەشێوەیەکی جەوهەری پەیوەستە بە پرسی سەرچاوەکان و لایەنی داراییەوە؛ ئەمەش ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر قازانج و داهاتی دامەزراوەکە هەیە. کەواتە تێگەیشتنێکی ڕوون لەم هۆکارانە وا دەکات بەڕێوەبەرانی دامەزراوە میدیاییەکان بتوانن باشترین و گونجاوترین بڕیار لە کاتی خۆیدا بدەن (kumar,2014,p17). لەگەڵ ئەم دەرئەنجامەشدا چەند خاڵێکی سەرەکی هەیە کە لە کتێبەکەی پیکارتدا د.پراشانت کومیار ڕوونیدەکاتەوە: لەوانە زۆربوونی کەناڵەکانی میدیا ە کە مەبەست لەم خاڵە ئەوەیە، میدیاکان لە ڕووی ناوەڕۆک و کاتەوە بە ڕێژەیەکی زۆر زیاترە لە گەشەی داواکاری بۆ میدیا لەلایەن جەماوەرەوە، چونکە نەک تەنها ژمارەی کۆمپانیاکانی میدیا، بەڵکو جۆرەکانی میدیاش بە شێوەیەکی بەرچاو زیادیان کردووە. ئەم زۆربوونە بووەتە هۆی دروستبوونی کێبڕکێ لەنێوان خودی میدیاکان و هەروەها کێبڕکێ لەسەر ئەو کاتەی کە بەکارهێنەران بۆ میدیا تەرخانی دەکەن، کە ئەمە بووەتە هۆی پارچەپارچەبوون و جەمسەرگیری بینەران. بۆ نموونە، بینەران زۆرترین سەرنجیان لەسەر پێنج بۆ شەش کەناڵی تەلەڤیزیۆنییە، چونکە بەرزبوونەوەی دەستگەیشتن بە کەناڵەکان نابێتە هۆی زیادبوونی ڕێژەی بەکارهێنان بە هەمان ئەندازە؛ ئەمەش ئەو ڕاستییەیە کە ڕیکلامکاران دركیان پێکردووە و وەڵامیان داوەتەوە بە بڵاوکردنەوەی خەرجییەکانیان و پێدانی پارەی کەمتر بۆ بینەری کەمتر، بەواتایەکی تر هەر کۆمپانیایەک کە بیەوێت ریکلام لە دەزگایەکی ڕاگەیاندندا بکات پێشتر لێکۆڵینەوە لە جەماوەرێتیی ئەوکەناڵەدادەکات و بەپێی ڕێژەی بینەرەکانی نرخی ڕکلامکردن دیاریدەکات . ئەم گۆڕانکارییە لە بەکارهێنانی میدیادا ئەوە دەگەیەنێت کە کێبڕکێ لەسەر بنەمای ئەو کات و پارەیە دەبێت کە بینەران ئامادەن بۆ میدیا تەرخانی بکەن، نەک پێکهاتەی پیشەسازیی بەرهەمهێنان. ئەم دیدگایە بۆتە هۆی ئەوەی کۆمپانیاکانی میدیا کاربکەن بۆ ئەوەی بەرهەمهێنان هەمەچەشن بکەن لە جیاتی تەرخانکردنی تواناکان بۆ بەهەمهێنانی یەک بەرهەم و، تواناکان بۆ چەند بەرهەمێک بەکاربهێنن. بەمەش خەرجی کەم دەبێتەوە و داهات زیاد دەکات کە پێدەوترێت ( Fundamental Power Shift in the Communications Process). لەلایەکی دیکەوە کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنانی کاری میدیایی کاتێکی سەخت بەرێ دەکەن بۆ هێشتنەوەی وەبەرهێنەرە گەورەکان و ترسی ئەوەیان هەیە لەلایەن کۆمپانیای ترەوە دەستیان بەسەردا بگیرێت، بەهۆی ئەوەی وەرگر بەراورد بەرابردوو سەرنجێکی کەمتریان لەسەر کۆمپانیاکان هەیە؛ ئەم حاڵەتە بە داخورانی هێزی کۆمپانیاکانی میدیا ( Eroding Strength of Media Companies) دەناسرێت. لە سەرووی ئەم فاکتەرانەوە، لە ڕابردوودا بۆشایی میدیایی لەلایەن کۆمپانیاکانی میدیاوە کۆنترۆڵ دەکرا، بەڵام ئێستا بەکارهێنەران بەشێوەیەکی بەردەوام کۆنترۆڵی بۆشایی میدیا بەدەستدەهێنن؛ چونکە بازاڕەکە زیاتر بەرەو "بازاڕی کڕیار" دەڕوات. بەکارهێنەرانی میدیا چیتر ڕازی نین تەنها وەکو وەرگری پاسیف بمێننەوە و زۆربیان بەشدارن لە بەرهەمهێنان لە ڕێگەی شێوازە جیاوازەکانی کارلێککردن، دۆخێکی لەم شێوەیە کۆمپانیاکانی میدیای لە سەرانسەری جیهاندا بەرەو ئەوە بردوەکە بەدوای تێگەیشتن و خۆگونجاندنەوە بن

لەگەڵ گۆڕانکاری یە دەرەکی و ناوخۆییە بەرفراوانەکان و شێوازە چەسپاوەکانی هەژموونی بازاڕ و مۆدێلەکانی بەرهەمهێنان؛ لە رووی بنکە نەریتییەکانی جەماوەر و ریکلامکارەکانیان، چونکە ژینگەی خێراگۆڕاوی میدیا دەکرێت ببێتە هۆی شکستی بەرهەمەکان و لەدەستدانی بەهاکان و دارمانی کۆمپانیاکان (kumar,2014, p18) .

**چوارەم: پێوەرەکانی بەکارهێنانی ئاسمان بۆ پەخش**

بەپێی ناساندنی نێودەوڵەتی ؛ رووبەری ئاسمان وەك هەر سەرچاوەیەکی سروشتی مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت و دەوڵەتان رێنمایی تایبەت و هاوبەش بۆ رێکخستنی سنوری ئاسمانی ناوخۆیی و جیهانی دەردەکەن؛ حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ رێکخستنی بواری ئاسمانی، رێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٤ دەرکرد کە تایبەتە بەپەخش و بەکارهێنانی بۆشایی(سپەیس). ئەم هەنگاوەی هاوتەریبە بەبەرنامە و پلانی وڵاتان کە لە چوارچێوەی رێکخراوی ناوچەیی و ناوخۆیی کاریان کردوە بۆ رێکخستنی ئەم بوارە، لە بەشێك لە رێنمایی پەیوەستە بە رێکخستنی سپەیس. لەهەرێمی کوردستان سیستەمی پەخشی- تەلەفزیۆنی دیجیتاڵ (DVB-T/T2) یەکێکە لەو بوارانەی کە بەیاسا دەبێت رێکبخرێت و هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە پراکتیزەکردنی ئەم یاسایە لە بەرژەوەندیی بەرزکردنەوەی کوالێتیی میدیا بینراو و بیستراوەکاندایە.

**٢ .بەکارهێنانی فریکوێنسی:**

حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ رێکخستنی بواری فریکوێنسی- (the frequency spectrum) رێنمایی تایبەت لەژێر رۆشنایی پێشکەوتنەکانی ئەم بوارە و بە راسپاردەی نێودەوڵەتی بۆ ساڵانی دواتر، ئەم سیاسەتە پەیرەو دەکات: (حکومەتی هەرێمی کوردستان، ٢٠١٤)

١. فریکوێنسی سامانێکی سروشتییە، هاوشێوەی سامانە سروشتییەکانی تری ژێرزەوی و سەرزەوی و ئاو . ئەم سامانە، پێچەوانەی سامانە سروشتییەکانی تر، سنوورەکەی بۆ هەموو وڵاتان بە یەکسانی دیاریکراوە.

٢. هەر دەزگایەکی میدیایی کە رێگەی پێدرا فریکوێنسییەک بەکاربهێنێت، نابێتە خاوەنی، بەڵکو تەنها وەک "بەکارهێنەر" بۆ ماوەیەکی دیاریکراو و بەپێی یاسا و رێنماییەکان مافی بەکارهێنانی هەیە. لە کاتی فرۆشتنی میدیاکەدا، بە هیچ شێوەیەک فریکوێنسییەکە نافرۆشرێت و بازرگانیی پێوە ناکرێت.

٣. فریکوێنسی وەک هەر سامانێکی تری نیشتمانی، دەخرێتە بواری وەبەرهێنانەوە بە مەبەستی بەرزکردنەوەی داهاتی گشتی.

٤. مەرج نییە هەر میدیایەک بە تەنیا خاوەنی یەک فریکوێنسی- بێت، بەڵکو بەپێی پێویست رێکدەخرێت؛ بەجۆرێک لە هەندێک باردا چەند میدیایەک لە هەمان فریکوێنسیدا هاوبەش دەبن (لە کاتی جیاجیادا یان لە رێگەی سیستەمی چەپک).

٥. ئەم سیستەم و رێنماییانە دەبنە هاوکار و تەواوکەری کاری دامودەزگا یاساییە فیدراڵییەکان، بەتایبەتی دەستەی راگەیاندن و گەیاندنی عێراق(CMC) .

٦. حکومەتی هەرێمی کوردستان رێز لە بریار و راسپاردەکانی یەکێتیی نێودەوڵەتیی پەیوەندییەکان (ITU) دەگرێت و هانی حکومەتی فیدراڵیش دەدات بۆ واژۆکردنی گشت ئەو رێککەوتننامە نێودەوڵەتییانەی تا ئێستا واژۆ نەکراون.

٧. بەپێی دوایین راسپاردەی (ITU) کە خوازیار بوو تا کۆتایی ساڵی ٢٠١٤ پەخشی- ناوخۆیی ئەنەلۆگ لە جیهاندا نەمێنێت یان کەم بکرێتەوە، حکومەتی هەرێمی کوردستان هەوڵدەدات بۆ پراکتیزەکردنی ئەم راسپاردەیە؛ کە لە بەرژەوەندیی بەرزکردنەوەی کوالێتیی میدیا بینراو و بیستراوەکاندایە.

٨. حکومەتی هەرێم هانی کۆمپانیا ناوخۆیی و بیانییانە دەدات کە پرۆسەی پەخش ئاسان دەکەن، بەتایبەت لە بواری کۆکردنەوەی گشت رایەڵەکان لە چوارچێوەی "پەخشی- چەپک(Multiplexing) "، بە مەبەستی پێشکەشکردنی ئاستێکی بەرزی دەنگ و رەنگ و پاراستنی مافەکانی کۆپی رایت.

**٣ . بوارەکانی جێبەجێکردنی ئەم سیستەم و رێنماییانە:**

بەپێی رێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٤ حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەم سێکتەرانە دەگرێتەوە: رادیۆ (ناوخۆیی، سەتەلایت، وێستگەکانی دووبارە پەخشکردنەوە). تەلەڤزیۆن (ناوخۆیی، سەتەلایت، وێستگەکانی دووبارە پەخشکردنەوە). تاوەر و وێستگەکانی پەخشی- هاوبەش (Multiplex)بۆ تەلەڤزیۆن و رادیۆ. کۆمپانیاکانی بواری ریکلام و فرۆشتنی فریکوێنسی- سەتەلایت. کۆمپانیاکانی فرۆشتنی ئامێری پەخش، تاوەر و (SNG ) جێگیر و گەرۆک، کۆمپانیاکانی دۆبلاژ و بڵاوکردنەوەی بەرهەمە میدیاییەکان، نوسینگەی کەناڵە بیانی و عەرەبییەکان، شاشە گەورەکانی ریکلام لەسەر شەقامەکان و سیستەمی پەخشی تەلەڤزیۆنی دیجیتاڵی .

**پێنجەم: هەرێمی کوردستان و گواستنەوەی پەخشی تەلەڤزیۆن لە ئەنەلۆگەوە بۆ دیجیتاڵی**

**١ .مێژووی پەخشی کەناڵە کوردییەکان:**

سەرەتای دەرکەوتنی پەخشی- تەلەڤزیۆنی بەزمانی کوردی دەگەڕێتەوە بۆ (١٨ی حوزەیرانی ١٩٦٧) لە رێگەی تەلەڤزیۆنی کەرکووک-ەوە، لەو قۆناغەدا، ماوەی پەخشی- کەناڵەکە بەپێی پێکهاتە نەتەوەییەکانی شارەکە دابەشکرابوو. ئەم دۆخە بەردەوام بوو تا لە (١ی حوزەیرانی ١٩٧٤)دا کەناڵێکی تایبەت بە زمانی کوردی کرایەوە، لە دوای راپەڕینی ساڵی (١٩٩١)وە وەرچەرخانێکی گەورە لە مێژووی میدیای کوردیدا روویدا و یەکەم کەناڵی ناوخۆیی بە ناوی تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان لەلایەن یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان-ەوە دامەزرا. لە دوای ئەو رێکەوتەوە ژمارەی کەناڵە ناوخۆییەکان زیادیان کرد و چەندین کەناڵی وەک: ئازادی، یەکگرتوو، زاگرۆس، پەروەردە، کۆمەڵ، سپۆرت لە شارە جیاوازەکان دەستیان بە پەخش و بڵاوکردنەوە کرد. سەبارەت بە پەخشی- ئاسمانی(Satellite) ، مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٩٥ کاتێک کەناڵی (MED TV) وەک یەکەم کەناڵی ئاسمانیی کوردی لە بەریتانیاوە دەستی بە پەخش کرد (حەسەن و محەمەد، ٢٠١٩، ل٧٣٦-٧٣٧).

### ٢ .هەرێمی کوردستان و گواستنەوە بۆ پەخشی دیجیتاڵی:

لە ساڵی (٢٠١٢)دا، کۆمپانیای یونایتد میکس میدیا (United- Mix Media) وەک یەکەمین و گەورەترین سەکۆی میدیایی یاسایی لە هەرێمی کوردستان دامەزرا. ئەم کۆمپانیایە ڕۆڵێکی ستراتیژی گێڕا لە بنیادنانی ژێرخانی دیجیتاڵیی تەلەڤزیۆنی زەمینی لە وڵاتدا.میکس میدیا توانی بەکارهێنانی فریکوێنسی ڕێک بخاتەوە و ،کەناڵە ناوخۆییە کوردی و بیانییەکان لەسەر یەک سیستەمی یەکگرتووی DVB-T/T2 کۆبکاتەوە. ئێستا، کۆمپانیاکە سیستەمەکەی بۆ ستانداردی پێشکەوتووی DVB-T2 گۆڕیوە، کە ڕێگە دەدات بە کوالێتییەکی بەرزتر و گونجاندنی ناوەڕۆکی زیاتر لەسەر هەمان فریکوێنسی. ، ئەم پرۆسەیە لە ڕێگەی ٢٥ وێستگەی پەخشەوە ئەنجام دەدرێت کە تەواوی ناوچە جیاوازەکانی هەرێمی کوردستانیان داپۆشیوە (میکس میدیا، ٢٠٢٤).

### ٣ .گەشەسەندنی ژمارەی کەناڵە ناوخۆییەکان و چارەسەری قەیرانی فریکوێنسی:

بەپێی ئامارێکی سەندیکای ڕۆژنامەنوسانی کوردستان، کە لەلایەن ئازاد حەمەدەمین نەقیبی سەندیکاوە ڕاگەێنراوە و لە پێگەی ئەلکترۆنی (سبەی میدیا) بڵاوکراوەتەوە، لە هەرێمی کوردستاندا: (١٢٧ کەناڵی لۆکاڵی، ٣٠ کەناڵی سەتەلایت و، ١٧٩ڕادیۆ) مۆڵەتیان ڕەسمیان هەیە. زۆرترین کەناڵی لۆکاڵی لە هەولێرە کە ( ٨٤ کەناڵ و، لە شاری سلێمانی ٣٤ کەناڵ و لە دهۆکیش ٩ کەناڵ)، هەروەها لە هەولێر( ١٦ کەناڵی سەتەلایت و، لە سلێمانی ١١ کەناڵ و، لە دهۆك ٣ کەناڵ). هەر بەپێی ئامارەکەی سەندیکای ڕۆژنامەنوسانی کوردستان (لە هەولێر ٨١ ڕادیۆ و، لە سلێمانی ٦٩ و لە دهۆك ٢٩ ڕادیۆ هەن). (wishe،٢٠٢٦ )، زۆری ئەم ژمارە کەناڵانە لەڕووی ئابووری و تەکنیکییەوە کێشەی "کەمیی فریکوێنسی" دروست کردبوو، لەبەرئەوەی لە هەرێمدا تەنها (٣٨) فریکوێنسیی دەستنیشانکراو هەبوو. بۆ چارەسەری ئەم کێشەیە لە ڕێگەی سیستەمی (Multiplexing)پەخشی. دیجیتاڵیدا کرا؛ بەجۆرێک ئێستا دەتوانرێت لەبری یەک کەناڵ ( ١٠ بۆ ١٥ )کەناڵ لەسەر یەک فریکوێنسی. پەخش بکرێن، کە ئەمەش نەک تەنها کێشەی فریکوێنسی. چارەسەر کرد، بەڵکو تێچووی پەخشی. بۆ هەر کەناڵێک بە ڕێژەیەکی زۆر کەم کردەوە (عوزێری، ٢٠١٩).

### بەشی پراکتیکی: شیکردنەوەی ڕیفۆرمی تەکنیکی لە گرووپی کەناڵەکانی فاڵکۆن

**دەروازە:**

لەم بەشەدا هەوڵی شیکردنەوەی دەقی ئەو چاوپێکەوتنە قووڵانە دەدەین کە لەگەڵ سامپڵی دەسنیشانکراوەی توێژینەوە ئەنجام دراوە،کە ئەوانیش (٥)ڕۆژنامەنوس-ن، بە ڕێژەی ٪٢٥ی ستافی جێگری گرووپی بەڕێوەبردن و تەکنیکی کەناڵەکانی فاڵکۆن[٦] کە ژمارەی کارمەندەکانی هەر (٥) کەناڵەکە (١٥) ڕۆژنامەنووس-ن. چاوپێکەوتنەکانیش بریتین لە عامر سەڵاح حوسێن بەڕێوەبەری گشتی گرووپی فاڵکۆن و عەدنان سەڵاح حوسێن بەڕێوەبەری ستۆدیۆکان، سەروان جەمال شارەزای بواری تەکنیکی پەخش و بەیار دڵشاد بەڕێوەبەری مۆنتێرەکان. بۆ ئەوەی شیکردنەوەی توێژینەوەکە تەنها گێڕانەوە نەبێت، شێوازی پێوەری لێکارت (Likert Scale) بەکارهاتووە؛ نەک وەک ڕاپرسییەکی ژمارەیی، بەڵکو وەک ئامرازێک بۆ پێوانی "ئاراستەی ڕەزامەندی و بڕوای ستافی بەڕێوەبردن "بەرامبەر بە پرۆسەی ڕیفۆرمی میدیایی. ئەم پێوەرە یارمەتیمان دەدات تێبگەین کە ئایا ئاراستەی بۆچوونەکان (Attitudes) بەرامبەر بە گۆڕانکارییەکان لە ئاستی بەتەواوی هاوڕام (Strongly Agree)دایە یان لە ئاستی هاوڕانیم (Disagree) ، بۆ ئەوەی بتوانرێ دەقی چاوپێکەوتنەکان بەپێی میتۆدی چۆنایەتی (Qualitative) شیکار بکەین، چاوپێکەوتنەکان جیادەکەینەوە بۆ چەند تەوەرەیەک وەک لە خشتەی خوارەوە ڕوونکراوەتەوە کورتەی بۆچوونی بەڕێوەبەر و ستافی بەڕێوەبردن و ئاستی ڕەزامەندی و کۆمێنتی شیکاری توێژەران دەخرێتەروو :

**یەکەم: خشتەی(2) بنەماکانی شیکاریی توێژینەوە**

| تەوەرەی شیکردنەوە | کورتەی بۆچوونی ستافی بەڕێوەبردن | ئاستی ڕەزامەندی | کۆمێنتی شیکاری |
|---|---|---|---|
| ١. مێژووی دامەزراندن و ناسنامەی دامەزراوەکە | "شۆڕشێکی گەورە بوو، مەودای پەخش زۆر زیادی کردووە. | بە تەواوی هاوڕام | گرووپەکە بڕوای تەواوی بە باڵادەستیی سیستەمی دیجیتاڵ (DVB-T2) هەیە. |
| ٢. وەرچەرخانی سیستەمی پەخش (ئەنالۆگ بۆ دیجیتاڵ) | گۆڕان لە ئەنالۆگ بۆ دیجیتاڵ (DVB-T2) و کوالێتی. | بە تەواوی هاوڕام | تەکنۆلۆژیا وەک بزوێنەری کێبڕکێ و بەرزکردنەوەی ستاندارد دەبینرێت. |
| ٣. ڕیفۆرمی میدیایی و کوالێتی و کێبڕکێی ناوخۆیی | لە دیجیتاڵیدا ئۆپشنی زۆرترت هەیە بۆ ئەنجامدانی کارەکان. | بە تەواوی هاوڕام | ئەمە ڕیفۆرمە ئاستی میدیای کوردی بەرز کردووەتەوە |
| ٤. ئابووریی میدیا و کارایی هێزی مرۆیی | خەرجی و کاتی کەم کردووەتەوە. | بە تەواوی هاوڕام | ئەمە بەرزترین ئاستی سەرکەوتنی ڕیفۆرمەکەیە لە ڕووی کارایی داراییەوە. |

٦ لۆگۆی کەناڵی فاڵکۆن FALCON eye HD

| | | | |
|---|---|---|---|
| **٥. پەرەپێدانی ژێرخانی داتا و ئەرشیف** | گۆڕان لە بەکارهێنانی "کاسێت" بۆ ستۆریجی دیجیتاڵی | هاوڕام | ئاسانی دەستگەیشتن بە زانیاری وپاراستنی ئەرشیف لە تێکچوون. |
| **٦. ڕەهەندی یاسایی و پەخشی- نێودەوڵەتی** | "لە ڕێگەی IPTV ئێستا بینەرمان لە ئەڵمانیا و نەرویج هەیە." | بە تەواوی هاوڕام | دەرکەوتنی کاریگەریی ریفۆرم لە تێپەڕاندنی سنوورە جۆگرافییەکان. |

**تەوەرەی یەکەم: مێژووی دامەزراندن و ناسنامەی دامەزراوەکە**

گرووپی کەناڵەکانی فاڵکۆن لە ساڵی (٢٠١٤) لە شاری سلێمانی وەک کەناڵێکی تەلەفزیۆنی تەنها بە ناوی فاڵکۆن ئای (Flacon Eye HD)دەستی بەکار کردووە وەک پرۆژەیەکی میدیایی سەربەخۆی قازانج ویست، دەربارەی ئەم مێژوو و سەرەتای کارکردنی کەناڵەکە عامر سەڵاح بەڕێوەبەری گشتی گرووپی کەناڵەکانی فاڵکۆن ئاماژە بەوە دەکات: " کەناڵەکە لە ساڵی (٢٠١٤)لە شاری سلێمانی دامەزراوە، سەرەتای دەستبەکاربوونی کەناڵەکە تەنها بە (١)کەناڵ بە ناوی فاڵکۆن ئای دەستی پێکردووە، دواتر پەرەی سەندووە بۆ (٢) کەناڵی فاڵکۆن ئای (١و٢)، لەساڵی(٢٠١٦)لە هەنگاوێکی باشتردا توانیمان فاڵکۆن فامیلی و لەگەڵیشیدا ستۆدیۆ و یەکەی بەرهەمهێنان بۆ گرووپی کەناڵەکانی فاڵکۆن دابمەزرێنین، ستۆدیۆ و یەکەی بەرهەمهێنان بۆ گرووپی کەناڵەکانی فاڵکۆن بخینەگەڕ کە پێنج کەناڵ لەخۆدەگرێت ". هەروەها بەردەوام دەبێت و دەڵێت: "دامەزراوەکە خاوەنی گەشەیەکی ستوونی و ئاسۆیی خێرایە. لە ڕووی مێژووییەوە، توانی لە ماوەی تەنها دوو ساڵدا، گرووپەکە قۆناغی "تاک کەناڵ" بۆ "گرووپی میدیایی" بگۆڕێت ئەوش نیشاندەری بەهێزیی کاریگەری گۆرانکاری ریفۆرمی میدیایی بوو کەتوانیمان ژێرخانی ئابووری و پلانڕێژیی سەرکەوتوو جێبەجێبەکەین بۆ هێنانەدی ئەو ئامانجە".

لەرووی مێژوویـیەوە؛ گرووپی کەناڵەکانی فاڵکۆن لە دۆخ و قۆناخێکی نوێدا دامەزرا کە ژێرخانی تەکنۆلۆژیا لە هەرێمی کوردستان پاش ئەزموونکردن لەگەڵ پەخشی. مانگی دەستکرد و وەرگرتنی کەناڵەکان لە ڕێگەی ئامێری سەتەلایتەوە گۆردرا بۆ ئامێرەکانی پەخشی. دیجیتاڵی زەمینی، بۆیە ئەم گۆرانکارییە بەپێی پێوەری لێکارت بۆ دوو بژاردەیی لەلای بەرێوەبەری گشتی گروپەکە متمانەیەکی بەهێزە لە ئاستی "بەتەواوی هاوڕام" بەو براندەی کە دایمەزراندوە نەک وەک کەناڵێک کە تەنها پەخشی- هەبێت بەڵکو گۆرانکارییە لە کەناڵێکی "پەخشکەر"ەوە بۆ "بەرهەمهێنەر"؛ ئەمەش نیشانەی گەشبینییەکی زۆرە بە بازاڕی میدیایی.

**تەوەرەی دووەم: وەرچەرخانی سیستەمی پەخش (ئەنالۆگ بۆ دیجیتاڵ)**

بەڕێوەبەری گرووپەکە باس لەوە دەکات کە پێش (٢٠١٤)، سیستەمی (UHF)ئەنالۆگ باو بووە، کە تێیدا یەک فریکوێنسی. تەنها بۆ یەک کەناڵ و کوالێتی و مەوداکەی زۆر کەم بوو. بەڵام شۆڕشی ڕاستەقینە لە سیستەمی (DVB-T2)دا ڕوویدا، بۆیە عامر سەڵاح حوسێن دەڵێت: "ئەمە وەک ڕیفۆرمێکی زۆر گەورە دەبینم، چونکە کێبڕکێی کوالێتی لە نێوان کەناڵەکاندا دروست کردووە. جاران جیاوازی هەست پێ نەدەکرا لە نێوان کەناڵەکاندا، بەڵام ئێستا وردەکارییەکان وەک ڕەنگ، کوالێتی کامێرا، ڕووناکی و گرافیک زۆر گرنگن. ئەمەش وای کرد کەناڵەکان ناچار بن ڕیفۆرم لە ستۆدیۆ و تەکنیک و کامێراکانیاندا بکەن، بۆ نموونە کەناڵی گەلی کوردستان یان تەلەفزیۆنی وەرزش کە سەرەتا سیستەمی پەخشی. ئەنەلۆگیان هەبوو دواتر هەنگاوی گەورەیان نا بەرەو سیستەمی دیجیتاڵی واتە ڕیفۆرمی تەکنیکی تەنها لایەنێکی میکانیکی نەبووە، بەڵکو بووەتە هۆی دروستکردنی کێبڕکێی کوالێتی" . هەروەها سەروان جەمال (شارەزای تەکنیکی) دەڵێت: " پێش (٢٠١٤) هەموو کەناڵێک لەسەر سیستمی UHF پەخشی. دەکرد کە پێی دەوترێت ئەنالۆگ، کە یەک فریکوێنسی. تەنها بۆ یەک کەناڵ بوو، مەوداکەشی کەم بوو کوالێتیی باش نەبوو بۆ چاوی بینەر، مەودای پەخشەکەش مەودایەکی کەمتر بوو، کاتێک دوور دەکەوتیتەوە لەو تاوەرەی کە دانرابوو خەوشی وەرگرتن دروست دەبوو، مەودای پەخشی. کەناڵەکە لە سنوورێکی دیاریکراو زیاتر نەیدەتوانی تێبپەڕێت هەرچەندە کیلۆبایتی پەخشەکەش زیاد بکردایە بەڵام شۆڕشەکە لە گۆڕانکاری بۆ سیستمی DVB-T2 ڕوویدا کە ئێستا یەک فریکوێنسی. دەتوانێت چەندین کەناڵ هەڵبگرێت بە کوالێتیHD ".لەهەرێمی کوردستاندا پێش دامەزراندنی پەخشی. دیجیتاڵی زەمینی پەخشی. کەناڵەکان بە سیستەمی ئەنەلۆگ بووە، کە ئەمە چەندین لایەنی نەرێنی بۆ بەرهەم و پەخش دروست کردبوو، بۆیە بەپێی پێوەری لێکارت ئەو گۆرانکارییەی لە بواری پەخشدا ڕوویدا، بۆتە هۆی ڕەزامەندی بەڕێوەبەر و شارەزای تەکنیکی لە گروپی کەناڵەکانی فاڵکۆن بەرامبەر سیستەمی (DVB-T2) لە ئاستی (بەتەواوی هاوڕام) دایە؛ ئەوەش گۆرانکارییەکی جۆرایەتی یە لەهەرێم کوردستاندا ڕوویداوە.

**تەوەرەی سێیەم: ڕیفۆرمی میدیایی و کوالێتی و کێبڕکێی ناوخۆیی**

عامر سەڵاح حوسێن پێیوایە ئەم گۆڕانکارییە ڕیفۆرمێکی زۆر گەورەیە، چونکە کێبڕکێی کوالێتی دروست کردووە و کەناڵە ناوخۆییەکانی ناچار کردووە ڕیفۆرم لە ستۆدیۆ و تەکنیک و کامێراکانیاندا بکەن . وەک ئاماژەی پێدەکات: " ئێستا وردەکاری ڕەنگ و ڕووناکی و گرافیک بوونەتە پێوەری مانەوە لە کێبڕکێدا، لە ڕووی کاتەوە ئەو کارەی لە سیستەمی ئەنالۆگدا دەکرا کاتێکی زۆری دەویست بەڵام لە سیستەمی دیجیتاڵیدا زۆر خێراترە. لە دیجیتاڵیدا ئۆپشنی زۆرترت هەیە بۆ ئەنجامدانی کارەکان، هەر ئەوەشە وایکردوە کەناڵەکە بتوانێت خزمەتگوزاریی کوالێتی بەرز (HD)و فرە-دەنگی دابین بکات بۆ وەرگرەکانی". بەیار دڵشاد (بەڕێوەبەری مۆنتێرەکان)بە وردیی باس لەکاریگەری ئەو ریفۆرمە دەکات لەرووی هونەری و تەکنیکیەوە لەسەر کەناڵەکەیان دروست بووە و دەڵێت: "جاران پێویستمان بە چەند مۆنتێرێکی زۆر بوو ئەگەر بۆ بەرهەمێکی سنووردار یش بوایە، بەڵام ئێستا یەک دوو مۆنتێر دەتوانن ئیشی. زۆر زیاتر بکەن. لەگروپی کەناڵەکانی فاڵکۆن وای لێهاتووە کە پێنج کەناڵ هەندێک جار بە دوو کارمەندی(MCR) بەڕێوە دەبرێن، تەنانەت ئەگەر پەخشی. ڕاستەوخۆشمان هەبێت. جاران کارمەندی پەخش دەبوو تا کۆتایی دەوام لە ژووری کۆنترۆڵ بێت، بەڵام ئێستا دەتوانێت لەماڵەوە لە ڕێگەی کۆمپیوتەرەوە چاودێریی هەر پێنج کەناڵەکە بکات".

عەدنان سەڵاح (بەڕێوەبەری ستۆدیۆ) دەربارەی ئەو ریفۆرمەی ئێستا لە میدیای ناوخۆییدا هەیە دەڵێت: "ئێمە کاتێک سیستمەکەمان دانا و بووین بە خاوەنی کەناڵی تەلەفزیۆنی، یەکسەر بەو شێوازە نوێیە دامانناکە لەگەڵ میدیای سەردەم بگونجێت، بەپێی دابەشکردنی

مێگابایتەکان لانیکەم چەند کەناڵێک لەسەر یەک سیستەم پەخش دەکرێت. کە لە سیستمی دیجیتاڵی پێیدەوترێت DVB-T، سەرەتا (DVB-T) یەک بوو، دواتر بوو بە (DVB-T2) کە ئەمە شێوازێکی نوێیە و لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا کاری پێدەکرێت، چەندین تایبەتمەندی پێشکەوتووی هەیە کە پێشتر لە سیستەمەکانی تردا نەبوون، وەک سیستمی دوو دەنگی (Audio) بۆ نموونە لەکاتی پەخشکردنی یارییەکاندا دەنگێکی کوردی و دەنگێکی عەرەبیمان هەبوو، یان سۆرانی و بادینی، یان سیستمی ڕیپلەی (دووبارەگەڕانەوە) کە لە ئەنالۆگدا زۆر قورس بوو ئەم کارانە ئەنجام بدرایە بەڵام ئەم ڕیفۆرمە بووەتە هۆی گونجاندنی میدیای کوردی لەگەڵ تەکنۆلۆژیای سەردەم. ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە ڕیفۆرمەکە سەرکەوتوو بووە لە تێپەڕاندنی قۆناغی کلاسیک و چوونە ناو قۆناغی "میدیای کارلێک" لە ڕێگەی دابینکردنی خزمەتگوزاریکانی ئەم جۆرە میدیایەوە".

ئاراستەی بۆچوونی بەڕێوەبەر و لێپرساوی مۆنتێرەکان و بەڕێوەبەری ستۆدیۆ، بەرامبەر ئەم ریفۆرمە و ئەو گۆرانکاریانەی لەمیانەی ڕەنگدانەوەی لە کارپیکردندا بەپێ پێوەری لێکارت " تەواو هاوڕام " چونکە پێیانوایە لە هەموو ڕووەکانەوە ئەم ریفۆرمە، ئاستی میدیای کوردی بەرز کردووەتەوە وگۆڕانکاری لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری میدیادا دروستکردوە.

### تەوەرەی چوارەم: ئابووریی میدیا وکارایی هێزی مرۆیی

لەم تەوەرەیەدا، کاریگەریی تەکنۆلۆژیا لەسەر تێچوو دەردەکەوێت کەچۆن بەگرتنەبەری ریفۆرم لە بواری تەکنیکی میدیادا کەناڵەکە خەرجییەکانی کەم بۆتەوە و کاتی ئەنجامدانی کارەکانیان خێراترە، عامر سەڵاح حوسێن بەڕێوەبەری گروپی کەناڵەی فالکۆن دەڵێت: "بەدیجیتاڵکردن بووەتە هۆی کەمکردنەوەی هێزی مرۆیی و تێچووی دارایی لە کەناڵەکەماندا . بۆ نموونە جاران بۆ مۆنتاژ پێویستت بە چەند مۆنتێرێکی زۆر بوو بۆ هەریەک لەبورەکانی مۆنتاژ، بەڵام ئێستا بە کۆمپیوتەر و سۆفتوێری نوێ، یەک دوو مۆنتێر دەتوانن ئیشی. زۆر زیاتر بکەن، هاوکات ئاسانکاری بۆ بەڕێوەبردنی کاری لە دوورەوە ڕەخساندووە، لە سیستەمی دیجیتاڵیدا ئۆپشنی زۆرترت هەیە بۆ ئەنجامدانی کارەکان. پێنج کەناڵ بە دوو کارمەندی MCR بەڕێوە دەبەین و دەتوانرێت لە ماڵەوە لە ڕێگەی کۆمپیوتەرەوە چاودێری کەناڵەکان بکرێ. ئەمەش سەرکەوتنێکی گەورەیە لە مۆدێلی ئابووری میدیادا کە تێچووە جێگیرەکان کەم دەکاتەوە، بە نزیکەی (١٥) کارمەند گروپی کەناڵە بەڕێوەدەبەین، هەروەها تێچووی ئەپدەیت کردن لە ناو سیستمی دیجیتاڵیدا کەمترە وەک لەوەی جاران لە ئەنالۆگەوە بێیتە سەر دیجیتاڵی". بەشێکی تری ئەم بابەتەی بەستەوە بە ئەزموونی رابردووی خۆی لە کەناڵەکانی راگەیاندن و وتی : "گرفتی سەرەکی لە سیستەمی ئەنەلۆگدا ئەوە بوو کەناڵەکان پێویستیان بەخەرجی ژێرخان و بەرێوەبردنی زۆر بوو بۆ بەرهەمهێنان کە دواتر لەکاتی پەخشدا بەکوالێتی نزم دەگەیشتە وەرگرەکان، زۆربەی کەناڵەکان لە یەک دەچوون، بەڵام ئێستا دۆخەکە زۆر جیاوازە و لە بەرژەوەندی میدیای ناوخۆیدایە" . پێشخستن و پەیرەوکردنی ریفۆرمی میدیایی نەک هەر فاکتەربووە بۆ کەمکردنەوەی خەرجی، بەڵکو بەهۆی بەرزی کوالێتی و فراونبوونی پەخشی- کەناڵەکەیان ئەم گروپە لە سەرجەم کەناڵەکانیدا ریکلامی تەلەفزیۆنی بڵاودەکاتەوە، بەرێوبەری گشتی کەناڵەکە ئاماژەی بەوەکرد زۆر لە بەرنامەکانیان بەسپۆنسەر بەرهەم دەهێنن و ستۆدیوی نوێ دروست دەکەن، واتە سپۆنسەر و ریکلام دووانەیەکی سەرەکی دابینکردنی خەرجی کەناڵەکە و کارمەندەکانیانە. لەو کاتەی کە ئەم چاوپێکەوتنەمان ئەنجامدا گروپی ئەم کەناڵە لە پینهاوس-ێکی پرۆژەیەکی نیشتەجێبوندا بوون کە دابینکردنی کرێی ئەم بینایە لە سەر داهاتی کەناڵەکەوە دابین دەکرێت. بەپێی پێوەری لێکارت بۆ دوو بژاردەیی، ئەم تەوەرەیە بەرزترین ئاستی ڕەزامەندی (بەتەواوی هاوڕام) نیشان دەدات؛ چونکە سەرکەوتنی تەکنۆلۆژیا لە کەمکردنەوەی خەرجی مرۆیی وەک مووچە و پاداشت ، گەورەترین دەستکەوتی ئابوورییە بۆ هەر کۆمپانیایەکی میدیایی لەگەڵ بەرهەمهێنانی میدیایی بە خەرجی کەم و لەکاتێکی کەمدا ئەوەش بۆ ئابوری میدیا زۆر گرنگە بەتایبەتی ئەم گروپەکەناڵە قازانجویستە و لەرێگەی ریکلام و سپۆنسەر کردنەوە، خەرجی ستافەکە و نوێکردنەوە و بەردەوامی کارکردنی کەناڵەکان دابین دەکات.

### تەوەرەی پێنجەم: پەرەپێدانی ژێرخانی داتا و ئەرشیف

گۆڕانکارییەکی تری بنەڕەتی گواستنەوە بوو لە کاسێتەوە بۆ ستۆریجی دیجیتاڵی. عامر سەڵاح بەرێوەبەری گرووپی کەناڵەکانی فاڵکۆن باس لەوە دەکات کە لە ساڵی٢٠١٤دا تەنها (٢) تێرا ستۆریج-یان هەبووە، بەڵام دوای ئەو گۆرانکاریانە گروپی کەناڵەکانی فاڵکۆن پێشکەوتنی گەورەی ئەنجام داوە بۆیە دەڵێت: "ئەم گۆڕانکارییە لە قەبارەی پاشەکەوتکردندا بۆ گروپی کەناڵەکەمان نیشاندەری جێگیربوونی "ئاسایشی. زانیارییە" لە دامەزراوەکەدا، بەوەی بەئاسانی دەستمان بە زانیارییەکانیان دەگاتەوە، دەتوانین پەخشی. بکەنەوە بێ هیچ دواکەوتنێک". هەر سەبارەت بەم لایەنە، بەیار دڵشاد بەرێوەبەری (مۆنتێرەکان) باس لە گۆڕانکارییەکانی ئەرشیف دەکات و وتی: "جاران بە کاسێت بەرهەمەکان ئەرشیف دەکران و هەمیشە مەترسی تێکچوونیان لەسەر بوو، بەڵام ئێستا بە شێوازی دیجیتاڵی و مێگابایتی بەرز هەڵدەگیرێن، سیستمی دیجیتاڵی وایکردووە پەیوەندییەکان زۆر خێراتر بن بۆ دەستڕاگەیشتنەوە بە ئەرشیفەکانمان. لە ساڵی ٢٠١٤ هەموو ستۆریجەکەمان تەنها (٢) تێرا بوو،کە بەشێکی لەسەر کاسێت بوو بەڵام ئێستا لە فالکۆن ستۆریجی (٣٢ - ٢٤ - ١٢) تێرایمان هەیە، لەگەڵ (١٨ تێرا) وەک باک ئەپ. دەستگەیشتن بە ئەرشیف و بەرهەمەکانی بەهۆی ئەو ریفۆرمەوە کارەکانی زۆر خێرا کردووین" .

ئاستی (هاوڕام) بە پێی پێوەری لیکارت بۆ ئەم تەوەرەیە، لەوەوە سەرچاوەی گرتوە کە بەڕێوەبەرەکە بڕوای وایە ئەم ژێرخانە متمانەی پێدەبەخشێت بۆ پاراستنی بەرهەمە مێژوویەکانی کەناڵەکە و دورکەوتنەوە لە دروستبوونی مەترسی لەسەر بەرهەمە میدیاکانی کە خەرجی و سەرمایەگوزاریی تێداکراوە، ئەگەرچی خودی ڕەوینەوەی ئەم مەترسیەش بەتەواوەتی نییە بەرامبەر ستۆرجی دیجیتاڵی، ئەگەر وابوایە ئەوا ئەو ڕەزامەندییە دەبوو بە (بەتەواوی هاوڕام) لەبەر ئەوەی داتا سەنتەری ناوەندی کەناڵەکان کە لەسەر هارد هەڵدەگیرێت مەترسی خراپبونیان لەسەرە .

### تەوەرەی شەشەم: ڕەهەندی یاسایی و پەخشی نێودەوڵەتی

لە ڕووی یاسایی و بەجیهانیبوونی پەخشی. کەناڵە ناوخۆییەکان، عامر سەڵاح ئەوە ئاشکرا دەکات کە مۆڵەتەکان بۆ کردنەوەی کەناڵی نوێ گۆڕدراوە و ئێستا کەناڵەکان فریکوێنسیان نییە، بەڵکو لەگەڵ کۆمپانیاکانی پەخش ڕێکدەکەون و دەڵێت: "لە (٢٠١٤) کە من مۆڵەتم وەرگرت، وەزارەتی ڕۆشنبیری و وەزارەتی گواستنەوە ڕێنمایی نوێیان دەرکرد، بۆ ڕێکخستنی فریکونس وەک سامانێکی نیشتمانی مامەڵەی

لەگەڵ دەكات. جاران فریكوێنسی- دەدرا بە كەناڵەكە ئێستا كەناڵ فریكوێنسی- نییە، بەڵكو مۆڵەتی هەیەو لەگەڵ كۆمپانیاكانی پەخش ڕێكدەكەوێت بۆ بڵاوكردنەوەی بەرنامەكانی. سیستمی دیجیتاڵی وایكردووە هەندێک پەخشی. تر زیاد بكرێت وەک (كەیبڵ، IPTV) لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە، بۆیە ئەم سیستمە دیجیتاڵییە دەرگای بەروودا كردوینەتەوە بۆ گەیاندنی پەخشی. كەناڵەكەمان بە جیهان بۆ نموونە بینەرمان لە نەرویج و ئەڵمانیا وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەبێت". هاوكات سەروان جەمال (شارەزای تەكنیكی) دەربارەی ئەم لایەنە دەڵێت: "لە هەرێمی كوردستان جۆرێكی تریش هەیە كە كۆمپانیاكانی وەک Box HD و Box Family بە شێوازی Ku-band ئیش دەكەن. ئەمە وەک سەتەلایت وایە بەڵام لە ئاستێكی نزمتر پەخش دەكەن، لە جیاتی (مانگی) دەستكرد سیگناڵ دەنێرن بۆ سەحنێک (لینک) و سەحنەكە وەریدەگرێت، كە لە ڕووی زانستییەوە ستاندارد نییە و كاریگەری نەرێنی پەخش و تەكنیكی و ژاوەژاوی هەیە بۆ فڕۆكەخانە، بەڵام ئێمە لەسەر سیستمی ستانداردین و ئێستا پەخشمان لە هەموو هەرێمی كوردستاندا هەیە، لە دهۆک، زاخۆ، هەولێر، سۆران، ئاكرێ، كەلار، هەڵەبجە، پێنجوێن، ڕانیە و قەڵادزێ، ئەمە ئەركێكی زۆری لەسەر ئێمە وەک كەناڵ لاداوە". ئەم سیستەمە یاسایی و تەكنیكیە نوێیە، لە ئەنجامی ڕیفۆرمی میدیاییەوە دروست بووە بەپێی پێوەری لیكارت لە ئاستی (هاوڕام) دایە چونكە ڕێگەی بۆ پەخشی. نێودەوڵەتی خۆشكردووە و كێشە و ئاستەنگە یاساییەكانی نەهێشتووە بۆ كەناڵەناوخۆییەكان؛ كاتێک دادەمەزرێن ئەمە جگە لەوەی ئەم كەناڵانە لە سنورێكی دیاریكراودا نامێنەوە، بەڵكو دەبنە جیهانی.

**دووەم: دەرئەنجامەكانی توێژینەوە**

١. توێژینەوەكە دەریخستووە كە گواستنەوە بۆ سیستەمی DVB-T2 بووەتە هۆی تێپەڕاندنی قەیرانی "كەمی فریكوێنس". ئەم تەكنەلۆژیایە ڕێگەی خۆشكردووە بۆ بەكارهێنانی فریكوێنسییەكان وەک "سامانێكی نیشتمانی" بە جۆرێک كە یەک بازنەی پەخش (Multiplex) توانای هەڵگرتنی چەندین كەناڵی (HD) هەیە، ئەمەش گەشەی ئاسۆیی دامەزراوەكەی خێرا كردووە لە یەک كەناڵەوە بۆتە پێنج كەناڵ لەسەر یەک فریكوێنسی، گروپی كەناڵەكانی فاڵكۆن پەیرەوی ئەم ریفۆرمە دەكات.

٢. لەسەر ئاستی دارایی، ڕیفۆرمە تەكنیكییەكە بووەتە هۆی كەمكردنەوەی تێچووە بەردەوامەكان(Operational Costs) . لەڕێگەی ئۆتۆماتیک كردنی پرۆسەكانی مۆنتاژ و پەخش(MCR)، گروپی كەناڵەكانی فاڵكۆن توانیویەتی بە كەمترین هێزی مرۆیی، زۆرترین بەرهەم و كوالێتی بەدەست بهێنێت، كە ئەمەش سەركەوتنی مۆدێلی "ئابووریی میدیا" دەسەلمێنێت لە كەمكردنەوەی خەرجی و زیادكردنی قازانجدا لە ڕێگەی ریكلام و پەیداكردنی سپۆنسەرییەوە.

٣. شیكردنەوەی بۆچوونی بەڕێوەبەران نیشانی دەدات كە گرووپی فاڵكۆن لە قۆناغی "كەناڵی پەخشكەر"ەوە گۆڕاوە بۆ "دامەزراوەی بەرهەمهێنەر". ژێرخانی دیجیتاڵی (ستۆدیۆی پێشكەوتوو و كامێرای كوالێتی بەرز) كێبڕكێیەكی جۆریی لە بازاڕی میدیای ناوخۆییدا دروست كردووە، كە تێیدا "كوالێتیی بەرهەم و وێنە و ڕەنگ " بووەتە پێوەری مانەوە و سەركەوتنیان و پەیداكردنی لایەنی دارایی.

٤ . گۆڕانكارییەكان تەنها گۆڕانكارییەكی تەكنیكی نیین، بەڵكو گەرەنتییەكە بۆ پاراستنی "كەلەپووری میدیایی" دامەزراوەكە. خێرایی لە دەستگەیشتن بە ئەرشیف و كارایی ستافی مۆنتاژ بە ڕێژەیەكی بەرچاو بەرز كردۆتەوە و بۆتە نمونەیەكی پێشكەوتوو لە زۆر ڕووە كە ئاستی جیاوزی گروپی كەناڵەكانی فاڵكۆن نیشان دەدات وەک ئەوەی سیستەمی پاشەكەوتكردنی كەناڵەكە (لە كاسێتەوە بۆ ستۆریجی دیجیتاڵی) گۆڕاوە.

٥ . توێژینەوەكە گەیشتووەتە ئەو بڕوایەی كە ڕیفۆرمی تەكنیكی، سنوورە جوگرافییەكانی تێپەڕاندووە. تێكەڵكردنی سیستەمی پەخشی. زەمینی لەگەڵ تەكنەلۆژیای IPTV و ئینتەرنێت، وایكردووە كەناڵە ناوخۆییەكان ببنە كەناڵێكی نێودەوڵەتی و ڕەوەندی كوردی لە هەموو جیهان وەک وەرگرێكی سەرەكی لەخۆ بگرن.

**سێیەم: ڕاسپاردەكانی توێژینەوە**

- پێویستە وەزارەتە پەیوەندیدارەكان چوارچێوەیەكی یاسایی توندوتۆڵ بۆ پاراستنی شەپۆلە دیجیتاڵییەكان دابڕێژن و ڕێگری بكەن لە بڵاوبوونەوەی سیستەمی پەخشی نایاسایی كە زیان بە ژینگەی تەكنیكی و تەندروستی دەگەیەنن.
- ڕاسپاردە دەكرێت دامەزراوە میدیاییەكان سوود لە ئەزموونی گرووپی فاڵكۆن وەربگرن لە "تێكەڵكردنی بەڕێوەبردنی تەكنیكی و ئابووری"، بە جۆرێک كە وەبەرهێنان لە تەكنەلۆژیا بكرێتە ئامرازێک بۆ كەمكردنەوەی بارگرانی دارایی ستاف.
- بەهۆی ئەوەی سیستەمی دیجیتاڵی ڕێگە بە خزمەتگوزارییە كارلێكەرەكان دەدات، پێشنیاز دەكرێت كەناڵەكان زیاتر سوود لەو تایبەتمەندییانە وەربگرن بۆ ڕاكێشانی بینەر و دروستكردنی پەیوەندیی ڕاستەوخۆ لەگەڵ وەرگر.

**سەرچاوەکان:**

**یەکەم: سەرچاوە کوردییەکان (کتێب وتوێژینەوە)**


١. **حەسەن و محەمەد؛ هەژار خورشید و یادگار عەلی (٢٠١٩):** 'رۆڵی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لە پرۆسەی تێگەیشتن لە زاری کرمانجی سەروو لای خوێندکارانی زانستی گەرمیان'، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، ژمارە (٦): ل ل: ٧٢٨-٧٥٠.

٢. **حەمەسەعید و ڕێشاوی. نەزاکەت حەمەسەعید. یحی عمر (٢٠١٥)** 'ڕۆڵی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان لە بایەخدان بە کێشەکانی میدیا لە جیهاندا'، گۆڤاری پۆلیتەکنیک، بەرگی (٥)، ئاب.

٣. عەبدوڵلا، عەدالەت(٢٠٢٤)، ئابووری میدیا،پەیپەری ئەکادیمی،چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.


**دووەم: سەرچاوە عەرەبییەکان (کتێب وتوێژینەوە)**


- **بختة و عايدة، سعدبن ، تيراتوشين (٢٠١١)** الاعلام الحديث في عصر الفضائيات .مذكرة لنيل شهادة الليسانس، المركز الجامعي خميس مليانة، قسم العلوم الإنسانية.
- **حمود، طارق على (٢٠١٣)** 'التلفزيون التفاعلي الرقمي (Interactive) والتلفزيون المحمول'(M.TV) ، مجلة الباحث الإعلامي، العدد (١٩).
- **خالد، منصر(٢٠١٩)**،التلفزيون في عصر الاعلام الجديد ، مجلة الرسالة للدراسات الاعلامية، مجلد ٣: العدد ١ ص ص:٦٦-٧٦.
- **رابح، اسامة (٢٠٠٤)** الإعلام والتكنولوجيا الحديثة .الإمارات: دار الكتاب الجامعي.
- **سكيك، ليبنى جلال (٢٠٠٨)** استخدام التكنولوجيا الرقمية في النشرة الإخبارية التلفزيونية .رسالة ماجستير، جامعة الجزائر، كلية العلوم السياسية والإعلام.
- **شلبي، كرم (١٩٨٩)** معجم المصطلحات الإعلامية .جدة: دار الشروق.
- **صفوري، أمجد عمر (٢٠١١)** المدخل إلى الإذاعة والتلفزيون .الأردن: جامعة الزرقاء، كلية الصحافة والإعلام.
- **الضبع، عبد الرؤف احمد محمد (٢٠١٣)**، عولمة البث التلفزيوني وانعكاساته على بعض الجوانب المجتمعية. دراسة ميدانية، بمدينة القاهرة، كلية الآداب - جامعة جنوب الوادي.
- **علون، عصام عيسى. (٢٠٠٩)** .التلفزيون في العصر الرقمي .دار الأوائل للنشر والتوزيع، دمشق.
- **الماحي، سامر علي شاكر. (٢٠١٧)** المسؤولية الجزائية الناشئة عن البث التلفزيوني الفضائي: دراسة مقارنة .رسالة ماجستير، جامعة النهرين، كلية القانون.
- **مطر، مون (٢٠١٥)** تأثير التحول الرقمي على المحطات الإذاعية والتلفزيونية الفلسطينية. بحث ضمن مشروع الوحدة. رام الله: جامعة بيرزيت.


**سێیەم: سەرچاوە ئینگلیزییەکان**


1. **Albarran, A. B. (2016)** The Media Economy. 2nd edn. New York: Routledge.
2. **Elbert, B. (2008)** Introduction to Satellite Communication. 3rd edn. Boston: Artech House.
3. **Fischer, W. (2020).** Digital Video and Audio Broadcasting Technology: A Practical Guide for Engineers (4th ed.). Springer Nature.
4. **International Telecommunication Union [ITU]. (2020).** Guidelines for the transition from analogue to digital terrestrial television broadcasting. ITU Publications.
5. **Iosifidis, P. (2011)** Global Media and Communication Policy. London: Palgrave Macmillan.
6. **ITU (2018)** Guidelines for the transition from analogue to digital terrestrial television broadcasting. Geneva: International **Telecommunication Union.**
7. **Küng, L. (2017).** Strategic Management in the Media: Theory to Practice (2nd ed.). SAGE Publications.
8. **Kumar,P (2014)** The Economics of media companies. Journal Of Humanities And Social Science Volume 19, Issue 8, Ver. II, PP 17-20
9. **Patton, M. Q. (2015).** Qualitative research & evaluation methods: Integrating theory and practice (4th ed.). Sage publications.
10. **Picard ,Robert G. (2011)** The Economics and Financing of Media Companies (New York: Fordham University Press.


**چوارەم: سایتە ئەلیکترۆنییەکان(Websites)**


١. ئەیڤەس، شوان ئادەم (٢٠٢٥، ٢٦-٢٧ی ئایار) .ڕیفۆرمی میدیایی و هەنگاوەکانی سەرپێخستنی لە هەرێمی کوردستان [سەمینار]. دووهەمین کۆڕبەندی نیشتمانی چمک بۆ ڕیفۆرمی میدیایی، هۆڵی کۆنگرێس، زانکۆی سلێمانی، هەرێمی کوردستان.. [ڤیدیۆ]. یوتیوب .https://www.youtube.com/watch?v=HzSA1fo62WE&t=399s

٢. **میکس میدیا (٢٠٢٥)** دەربارەی ئێمە و پەرەپێدانی ژێرخانی میدیایی .بەردەستە لە [www.unitedmixmedia.com] ڕێکەوتی سەردانیکردن:( ١٠کانوونی دووەمی ٢٠٢٥) .

**٣.** عەلی، بەهرۆز (٢٠٢٥، ٢٦-٢٧ی ئایار) .**ڕیفۆرمی میدیایی و ڕۆڵی دەسەڵاتی ڕاپەڕاندن لەهەرێمی کوردستاندا** [سەمینار]. دووهەمین کۆڕبەندی نیشتمانی چمک بۆ ڕیفۆرمی میدیایی، هۆڵی کۆنگرێس، زانکۆی سلێمانی، هەرێمی کوردستان.. [ڤیدیۆ]. یوتیوب . https://www.youtube.com/watch?v=f8O5lx1n5Nc&t=5s

٤. **عوزێری، زیا. (٢٠١٩)** (ئاژانسی میدیایی تورکمان) (tbajansi.com) . ڕێکەوتی سەردانیکردن: ( ٢٥شوباتی ٢٠٢٥).

٥. **سـایتی wishe (٢٠٢٦)،** 157تەلەفزیـۆن و١٧٩ ڕادیـۆ و١٤٥ مـاڵپەڕ لە هەرێـمی کوردسـتاندا هەن. بەردەسـتە لە :
[https://wishe.net/details.aspx?=hewal&jmare=181722&Jor=14]ڕێکەوتی سەردانیکردن:( ١٠ کانوونی دووەمی٢٠٢٦ ).

٦. ڕێکخراوی چاودێری میدیای کوردی (CHMK Digital Media). (٢٠٢٥، ٢٧ی ئایار) .د. شوان ئادەم: لە هەرێمی کوردستاندا پێویستمان بە ڕیفۆرمی میدیاییە [ڤیدیۆ]. یوتیوبhttps://www.youtube.com/watch?v=oe5kX2yRzew . .

٧. **حکومەتی هەرێمی کوردستان (٢٠١٤)** سیستەمی ڕێنمایی تەیفی فریکوێنسی- و پەخشی- دیجیتاڵ لە هەرێمی کوردستان .هەولێر: ماڵپەڕی فەرمی حکومەتی هەرێم. بەردەستە لە [https://gov.krd]: ڕێکەوتی سەردانیکردن:( ٩ کانوونی دووەمی ٢٠٢٤.)

٨. **Samim Group (2024)** Digital Video Broadcasting (DVB) Technology and Standards. Samim.ir. Available at: [https://www.samimgroup.com/blog] (Accessed: 6 January 2026).

٩. mojarib (٢٠٢٦)، بەردەستە لە: [مقياس ليكرت: ما هو، فوائده، كيفية استخدامه وتحليل بياناته - Mojarib - مجرب] ڕێکەوتی سەردانیکردن:( ٢٠٢٦/٣/١٠) .

١٠. Easy.bi. (2023, June 13). How does technology impact the transformation of media and publishing industries? Easy.bi Blog. https://www.easy.bi/blog/how-does-technology-impact-the-transformation-of-media-and-publishing-industries

١١. **DVB (2026)** History of the DVB Project: From Europe to a Global Standard. [online] DVB Organization. Available at: [https://dvb.org/about/history/] (Accessed: 6 January **2026).**

١٢. **Hanna, K. T., & Scarpati, J. (2021, August 12).**What is IPTV (Internet Protocol television) and how does it work? TechTarget. https://www.techtarget.com/searchnetworking/definition/IPTV-Internet-Protocol-television (Accessed: 6 January 2026).

**حسێن، عامر سەلاح(٢٠٢٥)،** چاوپێکەوتن،ڕۆژی ٢٠٢٥//١٢/١٢ لە بارەگای گروپی کەناڵەکانی فاڵکۆن لە سلێمانی.

# The Legislative Gap in the Kurdistan Region and its Impacts on the Regulation of Digital Media and Social Networks

**Karmand Mahmood Abdalla**
Assistant Lecturer,
University College of Goizha
Department of Law
Kurdistan Region of Iraq, Sulaimani
Karmand.abdullah@uog.edu.iq

**Dler Abdalkhaliq Haji**
Assistant Lecturer
Sulaimani Polytechnic University,
Dukan Technical Institute, Department of Public Relations and Marketing
Kurdistan Region of Iraq, Sulaimani
dler.a.haji@spu.edu.iq

**Abstract**
One of the main obstacles to media reform in the Kurdistan Region stems from the legal environment and the absence of a law to regulate digital media. This problem comes at a time when the work of the print media is regulated by Law No. 35 of 2007, but the visual, audio, and digital media are still in a legal vacuum. The consequences of this situation have led the courts to resort to the Iraqi Penal Code of 1969 and the Prohibition of Misuse of Communication Devices Law of 2008 to address media cases. Following the analytical method, this paper highlights and objectively discusses this problem; it also points to the impact of the development of digital media and social networks in the Kurdistan Region. One of the most important objectives of the study is to propose a theoretical and legal framework for drafting a contemporary law that includes the principles of human rights, freedom of expression, transparency, and the obligation to disseminate accurate information. One of the main conclusions is that the lack of specific laws has led to legal problems and a kind of chaos. This is due to the issuance of various guidelines and decisions issued by ministries, media and information offices, and other executive authority institutions during crises and emergency situations to oblige journalists to cover a certain method outside the framework of specific laws.

**Keywords**
Legislative gap, legal regulation, digital media, social networks, Kurdistan Region

# بۆشایی یاسایی لە هەرێمی کوردستان و کاریگەرییەکانی لەسەر ڕێکخستنی میدیای دیجیتاڵی و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان


**کارمەند مەحموود عەبدوڵا**
مامۆستای یاریدەدەر
کۆلێجی زانکۆیی گۆیژە، بەشی یاسا
هەرێمی کوردستانی عێراق، سلێمانی
Karmand.abdullah@uog.edu.iq

**دلێر عەبدلخالق حاجی**
مامۆستای یاریدەدەر
زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی، پەیمانگەی تەکنیکی دوکان، بەشی پەیوەندییە گشتییەکان و بازاڕگەری
هەرێمی کوردستانی عێراق، سلێمانی
dler.a.haji@spu.edu.iq



## پوختە
یەکێک لە ئاڵنگارییەکانی بەردەم ڕیفۆرمی میدیایی لە هەرێمی کوردستاندا، پەیوەندیدارە بە ژینگەی یاسایی و بۆشایی یاسای ڕێکخستنی میدیای دیجیتاڵی. ئەم ئاستەنگە لە کاتێکدایە میدیای چاپکراو کارەکانی بەپێی یاسای ڕۆژنامەگەری کوردستان ژمارە (٣٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ ڕێکخراوە، بەڵام میدیای بینراو و بیستراو و دیجیتاڵیی لە بۆشایی یاساییدان. لێکەوتەی ئەم دۆخە وایکردووە دادگاکان بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ کەیسە میدیاییەکان پەنا بۆ یاسای سزادانی عێراق، ژمارە (١١١)ی ساڵی ١٩٦٩ی هەموارکراو و یاسای قەدەغەکردنی خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندیکردن ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٨ بەرن. ئەم توێژینەوەیە بە میتۆدی شیکاریی ئەم کێشەیە دەخاتە بەر تیشکی لێکدانەوە و تاوتوێکردنی بابەتیی، لەگەڵ ئاماژەدان بە کاریگەرییەکانی پەرەسەندنی میدیای دیجیتاڵیی و تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان لە هەرێمی کوردستاندا. لە گرنگترین ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە؛ پێشکەشکردنی چوارچێوەیەکی تیۆریی یاساییە بۆ دارشتنی یاسایەکی هاوچەرخ کە لە ناوەڕۆکدا بنەماکانی مافی مرۆڤ، ئازادی ڕادەربڕین، ڕوونێتیی و پابەندبوون بە بڵاوکردنەوەی زانیاریی ڕاست و دروست لەخۆبگرێت. یەکێک لە ئەنجامە سەرەکیەکانیش کە توێژینەوەکە پێیگەیشتووە؛ دروستبوونی گرفتی یاسایی و بوونی پشێوییە، لە دەرکردنی ئەو ڕێنمایی و بڕیارە جیاوازانەی وەزارەتەکان و فەرمانگەی میدیا و زانیاریی و دامەزراوەکانی دیکەی دەسەڵاتی جێبەجێکردن لە حاڵەتی قەیران و دۆخی نائاساییدا بۆ پابەندکردنی میدیاکاران بە شێوازی ڕوماڵی میدیایی لە دەرەوەی چوارچێوەی یاسای تایبەتمەندا دەریدەکەن.



**کلیلە وشەکان:**
بۆشایی یاسایی، ڕێکخستنی یاسایی، میدیای دیجیتاڵی، تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان، هەرێمی کوردستان


## بەشی یەکەم: میتۆدنامە

### کێشەی توێژینەوەکە:
کێشەی ئەم توێژینەوەیە پەیوەندیدارە بەو ناڕوونی و ئاڵۆزییەی، کە لە پەیوەندی نێوان نەبوونی یاسای میدیایی دیجیتاڵی و لێکەوتەکانی لە ژینگەی سیاسیی، یاسایی، میدیایی و کۆمەڵایەتی هەرێمی کوردستان درووست بووە. پرسیاری سەرەکی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە دەرهاوویشتە یاساییەکانی بۆشایی یاسای ئەلیکترۆنی و ڕەنگدانەوەی لەسەر دەسەڵاتەکانی دادوەری و جێبەجێکردن لەلایەک،و ژینگەی میدیایی و میدیاکاران لەلایەکی دیکە، لەم پرسیارەوە چەند پرسیارێکی دیکەش دەوروژێنن، لەوانە:

1 .بایەخی ڕێکخستنەوەی یاسایی میدیای دیجیتاڵی و تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان لە ژینگەی سیاسیی و میدیایی هەرێمی کوردستان چۆنە؟
2 .یاسای ڕۆژنامەگەری بەرکار لەهەرێمی کوردستان ژمارە (٣٥)ی ساڵی ٢٠٠٧، تاچەند دەتوانێت ئامرازێکی یاسایی یارمەتیدەر بێت بۆ ڕێکخستنەوەی میدیای دیجیتاڵی؟
3 .لەگەڵ پەرەسەندنە بەردەوامەکانی تەکنەلۆژیای زانیاری و میدیای دیجیتاڵی، میکانیزمەکانی پاراستنی مافی مرۆڤ و ئازادی ڕۆژنامەگەری و ئازادی و بەرپرسیارێتی بڵاوکردنەوە چۆن لە ڕێکخستنی میدیای ئەلیکترۆنیدا جێی دەکرێتەوە؟
4 .ئاستەنگەکانی بەردەم دەرچواندنی یاسای میدیای دیجیتاڵی چین و چۆن تێدەپەڕن؟

### ئامانجی توێژینەوەکە:
ئامانجە بابەتی و زانستیەکانی ئەم توێژینەوەیە خۆی دەبینێتەوە لە:

1. زانینی ئاستی کاریگەرییەکانی هەبوونی یاسایەکی تایبەت بۆ ڕێکخستنی چوارچێوەی میدیای دیجیتاڵی لە هەرێمی کوردستاندا.
2. ئاشکراکردنی چۆنیەتی مامەڵەکردنی دادگاکان لە نەبوونی یاسای تایبەتمەند و شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ کەیسە میدیاییە ئەلیکترۆنیەکان.
3. خستنەڕووی کاریگەرییە بەردەوامەکانی میدیای ئینتەرنێتی و پەرەسەندی بەردەوامەکانی لەبواری بڵاوکردنەوەی زانیاریدا.
4. زانینی ئەو کارتێکەرە نەرێنییانەی لە نەبوونی یاسایەکی لەو جۆرەدا بووەتە ئاڵنگاری لەبەردەم کایەی سیاسیی و یاسایی و میدیایی هەرێمی کوردستان.

### گرنگی توێژینەوەکە:
گرنگی ئەم توێژینەوەیە لە ناونیشانەکەیەوە سەرچاوە دەگرێت، کە کار لەسەر میکانیزمی ڕێکخستنی یاسایەکی هاوچەرخ بۆ میدیای دیجیتاڵی و ئامرازەکانی میدیای نوێ لە هەرێمی کوردستان دەکات، ئەمەش وەک بەشێک لە هەنگاوە کردارییەکانی ڕیفۆرمی میدیایی و بە ئامانجی دەستەبەرکردنی ژینگەیەکی گونجاو بۆ پاراستنی ماف و ئەرک و ئازادییەکانی میدیاکاران و لەلایەک و، هەبوونی یاسایی تایبەتمەند بۆ دادگاکان،

بۆ بەکارنەهێنانی ئەو یاسایانەی کە سروشتێکی سزاییان هەیە و لەگەڵ پەرەسەندنە بەردەوامەکانی تەکنەلۆژیای زانیاری و ئامرازەکانی میدیایی ئەلیکترۆنی ناگونجێت، لەگەڵ جەختکردنەوە لەسەر:

1. بایەخە یاساییەکانی بوونی یاسایەکی تایبەتمەند بۆ ڕێکخستنی میدیای ئەلیکترۆنی لە ژینگەی دیجیتاڵی هەرێمی کوردستاندا.
2. سەربارکردنی مەعریفەیەکی زانستی بۆ دادگا و دادوەرەکان سەبارەت بە هەبوونی یاسایەکی تایبەتمەند بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ کەیسەکانی میدیایی دیجیتاڵی، بۆ میدیاکارانیش هەبوونی یاسایەک، کە سروشتی بڵاوکردنەوەی ناوەڕۆکە ئەلیکترۆنیەکان لەبەرچاو بگرێت.
3. پاراستنی ئازادییە گشتی و مەدەنییەکان، لەگەڵ پێناسەکردنەوەی ناسنامەی میدیای دیجیتاڵی و جیاکردنەوەی بەکارهێنەرانی پلاتفۆرمەکانی سۆشیال میدیا لەگەڵ میدیاکارە پیشەگەرەکانی میدیایی ئەلیکترۆنی.
4. ڕێکخستنەوەی میدیایی دیجیتاڵی لە چوارچێوەیەی یاسادا، ڕێگری دەکات لە مامەڵەکردن بە یاسای سزادانی عێراقی و یاسای خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندیکردن بەرامبەر میدیاکاران، واتە خستنەژێرباری بەرپرسیارێتی یاسایی دامەزراوە و میدیاکاران لە بەرامبەر کۆمەڵگەدا.

**جۆر و میتۆدی توێژینەوەکە:**

جۆری توێژینەوەکە چۆنایەتیە، بەو پێودانگەی تیشک دەخاتە سەر چوارچێوەی یاسا بەرکارەکان و لێکەوتەکانی بۆشایی یاسایی ڕێکخستنی میدیای دیجیتاڵی، هاوکات بە بەکارهێنانی میتۆدی (شیکاری) شیکردنەوەی بۆ یاسای ڕۆژنامەگەری، یاسای مافی بەدەستهێنانی زانیاری، بڕگە و ماددەکانی چەند یاسایەکی دیکە، وەک یاسای قەدەغەکردنی خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندیکردن و یاسای سزادانی عێراقی، کە لە بۆشایی یاسای میدیای دیجیتاڵیدا بەسەر کەیسەکانی میدیایی ئەلیکترۆنیدا لە دادگاکان جێبەجێ دەکرێن.

**سامپڵی توێژینەوەکە:**

بۆ ڕونکردنەوە و ئاشکراکردنی لێکەوتە نەرێنیەکانی نەبوونی یاسایەکی تایبەتمەند بە ڕێکخستنی میدیای دیجیتاڵی، لە ڕێگەی شەش کەیسی یاساییەوە، کە وەک نموونە وەرگیران؛ ئاستی دژیەیەکی جێبەجێکردنی یاساکان و پێشێلکردنی مافی ڕۆژنامەنووسان لەگەڵ فرە مینبەری ڕێنمایی و ڕاگەیەندراوی وەزارەت و فەرمانگەی میدیا و زانیاری بۆ چوارچێوەدانان لە شێوازی ڕوماڵی میدیایی دەزگا میدیاییەکان دەخەینەڕوو.

## بەشی دووەم: تیۆرییینامە

## دەروازەی یەکەم

## ڕێکخستنی یاسایی میدیای چاپکراو لە هەرێمی کوردستان

ئەم دەروازەیە دابەشدەکەین بۆ دوو بەش، لە بەشی یەکەمدا باسی یاسای ڕۆژنامەگەری لە هەرێمی کوردستان ژمارە (٣٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ دەکەین، بەشی دووەم تەرخاندەکەین بۆ یاسای مافی بەدەستهێنانی زانیاری ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠١٣، بەمشێوەیە:

### بەشی یەکەم

### یاسای ڕۆژنامەگەری کوردستان ژمارە (٣٥)ی ساڵی٢٠٠٧

هەرچەندە هەرێمی کوردستان لەساڵی (١٩٩٢)ەوە، خاوەن دامەزراوەی یاسادانانی خۆیەتی و زۆربەی بوارە جیاجیاکان یاسای تایبەتمەندی بۆ دەرچوێندراوە، بەڵام بواری میدیا، کە بە یەکێک لە بوارە گرنگ و هەستیارەکان دادەنرێت، تا ساڵی (٢٠٠٧) نەتوانراوە یاسای بۆ دەربکرێت، دواتر پەرلەمانی کوردستان یاسای ڕۆژنامەگەری ژمارە (٣٥)ی ساڵی٢٠٠٧[٧] بۆ ڕێکخستنی میدیا لە هەرێمی کوردستان دەرچواند، بەگوێرەی یاساکە سەندیکایەک بە ناوی (سەندیکای ڕۆژنامەنوسانی هەرێمی کوردستان) پێکهێنا، بەڵام بەسەرنجدان لە یاساکە بۆمان دەردەکەوێت ئەم یاسایە زیاتر بواری میدیای چاپکراوی ڕێکخستووە، کە بۆ ئەو سەردەمە گونجاو بووە، بەڵام ئەم یاسایە تا ئێستا هیچ هەموارێکی بەسەردا نەهاتووە و ناتوانێت وەڵامدەرەوەی گۆڕانکارییە بەردەوامەکانی میدیای دیجیتاڵی و پەرەسەندنی ئامرازەکانی میدیای نوێ و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بێت. ئەوەی جێگای سەرنج و تێڕامانە، ئەم یاسایە تەنها تایبەتە بە میدیای چاپکراو، واتە میدیای بینراو و بیستراو ناگرێتەوە، بەڵکو بە ڕینمایی ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠١٤)ی ڕێکخستنی فریکوێنسی. سپەیس لە هەرێمی کوردستان ڕێکخراوە، کە هێزی یاسایی لەخوار یاساوەیە[٨].

بە گەڕانەوە بۆ دەستوری عیراقی ساڵی (٢٠٠٥)، لە چەندین بڕگە و ماددە دا، ئاماژەی بە ئازادی کاری میدیای و ڕۆژنامەی ئازاد کردووە، لەوانە: دەوڵەت گەرەنتی ئەم ئازادییانە دەکات بەمەرجێک پێشێلی سیستم و ئادابی گشتی نەکات:

١. ئازادی ڕا دەربڕین بەهەموو شێوە و ئامڕازەکانییەوە[٩]

٢. ئازادی ڕۆژنامەگەری و چاپ و ڕاگەیاندن و میدیاو بڵاوکردنەوە[١٠].

مەرجەکانی دەرکردن و دەستبەرداربوون لە ڕۆژنامە:

یاسای ڕۆژنامەگەری چەندین ماددەو بڕگەی تەرخانکردووە بۆ چۆنیەتی دەرکردنی ڕۆژنامە و ڕێکارەکانی بەوردی دیاریکردووە، دەقی ماددەی (سێیەم) لە یاسای ڕۆژنامەگەری مەرج و ڕێکاری دەرکردنی ڕۆژنامەی دیاریکردووە بەوەی:

---

[٧] یاسای ڕۆژنامەگەری لە کوردستان ژمارە (٣٥)ی ساڵی ٢٠٠٧.

[٨] ڕینمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٤ ی ڕێکخستنی فریکوێنسی سپەیس لە هەرێمی کوردستان.

[٩] ماددە (٣٨/یەکەم) لە دەستوری عێراق ساڵی ٢٠٠٥

[١٠] ماددە (/ دووەم٣٨) لە دەستوری عێراق ساڵی ٢٠٠٥

یەکەم: خاوەن ئیمتیاز یان دامەزرێنەرەکەی ڕاگەیاندنێک لە دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی هەرێم بڵاوبکاتەوە، کە ناو و نازناو و ڕەگەزنامەو شوێنی نیشتەجێبوونی خاوەن ئیمتیاز، یاخود دامەزرێنەر و ناوی ڕۆژنامەکە و ئەو زمانەی کە پێی بڵاودەکرێتەوە، لەگەڵ ناوی سەرنوسەر و ماوەی دەرچوونی تێدا بنوسرێ، ڕاگەیاندنەکەشبە بەیانی دەرکردنی ڕۆژنامە دادەنرێ[11].
سێیەم: پێویستە خاوەن ئیمتیاز یان دامەزرینەرەکەی، بەیاننامەی دامەزراندن پێشکەش و لە سەندیکای ڕۆژنامەناسان تۆماری بکا، لەگەڵ بەدەرخستنی سەرچاوەی ئەو لایەنەی دارایـیەکەی لێ دابین دەکا و سەندیکاش وەزارەتی ڕۆشنبیریی لێ ئاگادار بکاتەوە[12].و دەبێ لە ڕووی یاساییەوە شایستەیی (ئەهلیەت)ی تەواوی هەبیت[13]. و نابێ لە هەرێمدا دو ڕۆژنامە بە یەک ناو دەربچن[14].
بەرپرسیارێتی یاسایی ڕۆژنامە: دەقی ماددەی (چوارەم) لە یاسای ڕۆژنامەگەری بە بەرپرسیارێتی یاسایی (مەدەنی و سزایی)  خستۆتە ئەستۆی سەرنوسەر و نوسەر"[15].
وەڵامدانەوەو ڕاستکردنەوە:  ئەگەر ڕۆژنامە زانیاریی نادروستی بڵاوکردەوە، ئەوا ئەو کەسەی کە بابەتە بڵاوکراوەکەی پێ پەیوەستە، یاخود یەکێک لە میراتگرانی، یان ئەوەی لە ڕووی یاساییەوە جێگریەتی بۆی هەیە داوای ڕاستکردنەوەی بکا و وەڵامی هەواڵ، یان وتارەکە بداتەوە. پێویستە نوسەریش ڕاستکردنەوە، یاخود وەڵامدانەوەکە لە یەکێک لە دوو ژمارەی دوای مێژووی گەیشتنی وەڵامەکە هەمان جێ و بەهەمان پیت و هەمان ئەو قەبارەیەی کە پێێ بڵاوکراوەتەوە بڵاو بکاتەوە[16].
ماف و پارێزبەندی: یاسای ڕۆژنامەگەری گەرەنتی سەربەخۆیی کاری ڕۆژنامەنەسی کردووە لە بەجێهێنانی ئەرکە پیشەییەکانیدا و هیچ دەسەڵاتێکی بەسەرەوە نییە جگە لە لەدەسەڵاتی یاسا[17].
سەبارەت بە پاریزبەندی (پشتەوانە)، یاسای ڕۆژنامەگەری پارێزبەندی بەخشیوە بە ڕۆژنامەنوس بەمەبەستی گەرەنتیکردنی کارەکانی بە ئازادانەو بەبێ ترس و سانسۆر، بۆیە یاساکە ئەوەی هێناوە، کە لە کاتی گرتنەبەری ڕێکاری یاسایی بەرامبەر بە ڕۆژنامەنوس، کە بەکارێک تۆمەتبار دەکرێ[18] پەیوەندی بە پیشەکەیەوە هەیە، سەندیکای لێ ئاگادار دەکرێتەوە.[19]
**ڕای توێژەران:** لێرەدا یاساکە تەنها (ئاگادارکردنەوەی سەندیکا و ئامادەبوونی نوێنەری سەندیکا)ی داناوە، نەک پارێزبەندی تەواو، واتە دەتواندرێت ڕۆژنامەنوس ڕێکاری یاسایی وەک (بانگهێشتکردن، فەرمانی دەستگیرکردن، وتە وەرگرتن) بەگوێرەی یاسای بنەماکانی دادگاییکردنی سزایی [20] بگرێتەبەر و تەنها سەندیکای لێ ئاگاداربکاتەوە، ئەمەش بە پارێزبەندی دانانرێت، چونکە پارێزبەندی بەو مانایە دێت، کە نابێت هیچ ڕێکارێکی یاسایی بگیرێتە بەر بەبێ ئاگادارکردنەوەی مەرجەعەکەی، وەک پارێزبەندی بۆ پارێزەر، کە پێویستە پێش گرتنەبەری هەر ڕێکارێک سەندیکای پارێزەرانی لێئاگاداربکرێتەوە[21].

## بەشی دووەم:
## یاسای مافی بەدەستهێنانی زانیاری لە هەرێمی کوردستان ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠١٣

ئازادی ڕادەربڕین و ئازادی بەدەستهێنانی زانیاری، وەک دوو چەمکی لێکدانەبڕاو، بنەمای سیستمێکی دیموکراسی و شەفاف و کراوە پێکدەهێنن، جگە لەوەی مافی بەدەستهێنانی زانیاری لە زۆربەی وڵاتە دیموکراسییەکاندا، بووەتە مافێکی بنچینەیی ڕۆژنامەوانان و وەرگێڕانێکی ڕاستگۆیانەی ئازادییە بۆ ژیانی خەڵکی[22].
یەکێک لەو یاسا گرنگانەی، کە جێگەی بایەخە بۆ بواری ئازادی ڕادەربڕین و میدیا و ڕۆژنامەنوسان و هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان بەگشتی؛ بریتییە لە دەرچواندنی یاسای مافی بەدەستهێنانی زانیاری، کە لەساڵی (٢٠١٣)دا دەرچوێندرا. ئەم یاسایە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی هەیە بە

---

[11] ماددەی (سێیەم/یەکەم) لە یاسای ڕۆژنامەگەری لە هەرێمی کوردستان ژمارە (٣٥) ی ساڵی ٢٠٠٧
[12] ماددەی (سێیەم/سێیەم) لە هەمان یاسا.
[13] مەبەست لە شیاوێتی یاسایی بریتییە لە تەواوکردنی تەمەنی (١٨ ساڵی) تەمەن، بەگوێرەی ماددە (١٠٦) لە یاسای شارستانی عێراق ژمارە (٤٠)ی ساڵی ١٩٥١ ی هەموارکراو.
[14] ماددەی (سێیەم/پێنجەم) لە یاسای ڕۆژنامەگەری هەرێمی کوردستان.
[15] تیایدا هاتووە: " سەرنوسەر و نوسەر بەرپرسیارێتی مەدەنی و سزایی ئەو بابەتانەیان لە ئەستۆدایە کە بڵاودەکرێنەوە، هەرچی خاوەن ئیمتیازە بەرپرسیارێتی مەدەنی دەکەویتە ئەستۆ، بەڵام ئەگەر بەشداری لە نووسینی ڕۆژنامەدا کرد ئەوا هەمان بەرپرسیارێتی سەرنوسەر هەڵدەگرێ، هاوکات مەرجی ئەوە دانراوە کە سەرنوسەر دەبێ ڕۆژنامەنووس  بێ و زمانی ڕۆژنامەکە بە خوێندنەوەو نووسین بزانیت، ماددەی (چوارەم) لە یاسای ڕۆژنامەگەری لە هەرێمی کوردستان.
[16] ماددەی (شەشەم/ یەکەم) لە هەمان یاسا.
[17] ماددەی (حەوتەم/ یەکەم) لە هەمان یاسا.
[18] ماددەی (هەشتەم/ یەکەم) لە هەمان یاسا.
[19] وە نابێ لێکۆڵینەوە لەگەڵ ڕۆژنامەنووس بکرێ، یان شوێنی کارو ماڵەکەی بپشکنرێ، مەگەر بە بڕیاری دادوەری نەبێ و نەقیب یان ئەوەی جێی دەگرێتەوە بۆی هەیە لەکاتی لێکۆڵینەوەدا ئامادەبێ بڕوانە ماددەی (هەشتەم/ دووەم و سێیەم) لە یاسای ڕۆژنامەگەری.
[20] یاسای بنەماکانی دادگاییکردنی سزایی ژمارە (٢٣)ی ساڵی ١٩٧١ ی هەموارکراو.
[21] ماددەی (٢٣) لە یاسای پارێزەرانی کوردستان ژمارە (١٧)ی ساڵی ١٩٩٩ی هەموارکراو تیایدا هاتووە: " هەر شکاتێ دژ بە پارێزەرێ بکرێ، دەبێ ڕەزامەندی سەندیکا وەربگیرێ بە تەنها لە دۆخی تاوانی بە/چاوبینراودا نەبێ بەبێ ڕەزامەندی سەندیکاش نابێ نە لێپرسینەوە نە لێکۆڵینەوە نە هەواڵەکردنی بۆ دادگای تایبەتمەند دەرهەق بکرێ، و پێویستە لەسەر سەرۆکی سەندیکا یان جێگرەکەی لەو پرسینەوەیە یان لێکۆحڵینەوەیە یان دادگاییکردنەدا ئامادەبێت، لێرەدا بە سیفەتی ئیلزامی پێویستە لەسەر سەندیکای پارێزەران کە ئامادەبن لە دەسپێکردنی ڕێکارە یاساییەان دژی پارێزەر تا دوا قۆناغی دادگاییکردن، بەڵام لە یاسای ڕۆژنامەگەریدا تەنها دەڵێ بۆی هەیە ئامادەبێت واتە (جوازییە) نەک وجوبی، ئەمەش لە دەقی ماددەی (هەشتەم/ دووەم)ی یاساکەدا هاتووە: " ..... نەقیب یان ئەوەی بەشێوەیەکی یاسایی جێی دەگرێتەوە بۆی هەیە لە کاتی لێکۆڵینەوەدا ئامادەبێ"  .
[22] کامیل عومەر سلێمان، مافی بەدەستهێنانی زانیاریی بۆ ڕۆژنامەنوسان لە هەرێمی کوردستان، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی،  سکوڵی زانستە مرۆڤایەتییەکان، بەشی ڕاگەیاندن- ڕۆژنامە، ٢٠١٣، لاپەڕە ٤٣، (بڵاونەکراوە-  غير منشور).

بواری میدیا و ڕۆژنامەنووس بۆ دەستکەوتنی سەرچاوەی زانیاری دروست لە دامودەزگا فەرمی و تایبەتەکان، بە ئامانجی دابینکردنی کەشێکی لەبارتر بۆ ئازادی ڕادەربڕین و پەخش و بڵاوکردنەوە، پشتگیریکردنی پرەنسیپەکانی شەفافییەت و دیموکراسی، ئاسانکاری هاوڵاتیان بۆ پراکتیزەکردنی مافی خۆیان بۆ بەدەستهێنانی زانیاری لە دامودەزگا گشتی و تایبەتەکان[٢٣].
بە گوێرەی یاساکە پێویستە، کە ئەنجومەنی وەزیران بە هەماهەنگی لەگەڵ دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ[٢٤] ڕێنمایی پێویست بۆ جێبەجێکردنی ئەم یاسایە دەربکەن، وە لە یاساکەدا هاتووە، کە ئەم یاسایە لە دوای (٩٠) ڕۆژ لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە وەقائیعی کوردستان جێبەجێدەکرێت[٢٥]، بەڵام دوای (١٣ ساڵ) لە دەچواندنی یاساکە تا ئێستا ڕێنمایی بۆ دەرنەکراوە و نەچۆتە بواری جێبەجیکردن، ئەمەش پێشێلکارییەکی یاسایی زەق و بێ پاساوە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە. یاساکە چۆنیەتی بەدەستهێنانی زانیاری ڕونکردۆتەوە و مافی بە هەموو کەسێکی سروشتی و مەعنەوی داوە، کە چەند دانەیەک لەو دۆکیومێنتانە بەدەستبهێێت، کە داوای دەکات جگە لەوانەی بەدەرن بە گوێرەی یاسا. یاساکە دامودەزگا گشتی و تایبەتەکانی پابەندکردووە بە دانانی فەرمانبەرێکی تایبەت، یان زیاتر بۆ وەرگرتنی داواکارییەکان تەرخانبکات[٢٦]. پێویستە لەگەڵ وەرگرتنی داواکارییەکە تۆماری بکات ئیتر چی دواتر ڕەزامەندی لەسەر بدات یان ڕەتی بکاتەوە، لەماوەی (١٠) ڕۆژدا وەڵامی بداتەوە[٢٧]. ئەگەر پێدانی زانیاریەکەش ڕەتکرایەوە پێویستە هۆداربێت[٢٨].
بەڵام یاساکە چەند حاڵەتێکی بەدەر کردووە، کە نابێت زانیاری بدرێت بە داواکار ئەوانیش پەیوەندیدارن بە بەرگری و ئاسایشی- هەرێم، چەک، ئەرکی نهێنی، ئەو زانیاریانەی کاردەکەنە سەر تێکدانی دانوستاندن و شیواندنی ڕەوتی لێکۆڵینەوەی دادوەری، زانیاری کەسی، پزیشکی خوێندن، ژمارەی بانکی، مافەکانی دانەرو خاوەندارێتی هزری،...هتد[٢٩]. یاساکە مافی داوە بە داواکاری دەستکەوتنی زانیاری ڕەتکراوە نارەزایەتی دەربڕێت لەبەردەم سەرچاوە کارگێڕییە باڵاکان، دەستە، و دادگاکانی بەرایی تایبەتمەند لەماوەیەک لە (٧) ڕۆژ لە ڕێکەوتی دەرچوونی ئەو بڕیارەی لەسەری نارازییە، و بڕیاری دادگای بەرایی شیاوی تانەلێدانی تەمییزییە لە بەردەم دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەکە بە سیفەتی پێداچونەوە لەماوەی (١٥) ڕۆژ لەڕێکەوتی پێڕاگەیاندن، یان هەژمارکردن بەوەی پێی ڕاگەیەندراوە و بڕیاری دادگای تێهەڵچونەوە بنەبڕە[٣٠].

## هەڵوێستی دادگاکان لە جێبەجێکردنی یاسای مافی بەدەستهێنانی زانیاری

لێرەدا وەک نموونە ئاماژە بە کەیسێک دەدەین، کە لە دادگای بەرایی سلێمانی/٤ لە دۆسییەی ژمارە (٢١٣٩/ب/٢٠٢٢)، کە ڕۆژنامەنوسێک داوای زانیاری لە سەرۆکی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان/ سەرەڕای کارەکەی کردووە بەپێدانی زانیاری لەسەر کۆی بودجە و وردەکاری خەرجییەکانی پەرلەمانی کوردستان لە ڕێکەوتی دەستبەکاربوونییەوە تا ڕۆژی (٢٠٢٢/٨/١٠)، بەگوێرەی یاسای مافی بەدەستهێنانی زانیاری، بەڵام سەرۆکی پەرلەمان وەڵامی داواکەی بە ئەرێ، یان نەرێ نەداوەتەوە، بۆیە ئەو ڕۆژنامەنوسە پەنای بردۆتە بەر دادگا تا داوالەسەرکراو پابەند بکات بە پێدانی زانیاری بە گوێرەی ئەو یاسایە، بۆیە دادگا بڕیاریداوە بە "پابەندکردنی داوا لەسەرکراو/ سەرەڕای کارەکەی بەپێدانی زانیاری لەبارەی کۆی بودجەو وردەکاری خەرجییەکانی پەرلەمانی کوردستان/ خولی پێنجەم لەڕێکەوتی دەستبەکاربوونیەوە تا (٢٠٢٢/٤/١) بە داواکار (ڕۆژنامەنوس) "[٣١]. بەڵام دواتر تانە لەم بڕیارە دراوە و دادگای تێهەڵچونەوەی ناوچەی سلێمانی بەسیفەتی پێداچونەوە بڕیارەکەی هەڵوەشاندۆتەوە[٣٢]. وە دۆسییەی دادگای بەرایی هەولێر/٦ ژمارە (٣٣٨٥/ب/٢٠٢٢) کە لەلایەن ڕۆژنامەنوسێکەوە لەسەر سەرۆکی هەرێمی کوردستان/سەرەرای کارەکەی بەگوێرەی هەمان یاسا تۆمارکراوە و داوای زانیاری لێکردووە[٣٣]، و دۆسییەی ژمارە (٣٣٨٤/ب/٢٠٢٢) کە لایەن هەمان ڕۆژنامەنوسەوە لەسەر سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان/سەرەرای کارەکەی تۆمارکراوە، بەڵام دادگا هەردوو داواکەی ڕەتکردۆتەوە بەبیانووی جێبەجێنەکردنی ڕێکارە یاساییەکان[٣٤].
**ڕای توێژەران:** یاسای مافی بەدەستهێنانی زانیاری یاسایەکی گرنگ و پڕ بایەخە بە تایبەت بۆ ڕۆژنامەنوس و میدیاکاران، بەڵام ئەم یاسایە تائێستا ڕێنمایی پێویستی بۆ دەرنەکراوە، هەروەها کاتێک بەگوێرەی یاساکە داوای زانیاری دەکەیت لە دامەزراوە و لایەنە فەرمی و تایبەتەکان وەڵامدانەوەیان وەک پێویست نییە، ئەم یاسایە کەمترین جێبەجێکردنی هەیە لە ئێستادا، پێویستە هەرچی زووە کاربکرێت لەسەر دەرچواندنی ڕینمایی پێویست بەگوێرەی یاساکە و جێبەجێکردنی یاساکە بە تەواوی، وەک گەرەنتییەک بۆ مافی ڕۆژنامەنوس و هاوڵاتیان بۆ دەستڕاگەیشتنیان بە زانیارییەکان.

---

[٢٣] یاسای مافی بەدەستهێنانی زانیاری لە هەرێمی کوردستان ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠١٣.
[٢٤] یاسای دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠١٠.
[٢٥] ماددەکانی (بیست و یەک، بیست و دوو) لە یاسای مافی بەدەستهێنانی زانیاری..
[٢٦] ماددەی (حەوتەم/یەکەم) لە هەمان یاسا.
[٢٧] تەنها لە حاڵەتێکدا نەبێت کە داواکارییەکە ژمارەیەکی زۆر زانیاری لەخۆبگرێت، ئەوا بۆی هەیە ئەم ماوەیە بۆ یەکجار درێژ بکاتەوە بەمەرجێک لە (١٥) ڕۆژ زیاتر نەبێت.، ماددەی (حەوتەم/ پێنجەم) لە هەمان یاسا.
[٢٨] ماددەی (هەشتەم/ سێیەم) لە هەمان یاسا.
[٢٩] ماددەی چواردەیەم لە هەمان یاسا.
[٣٠] بڕوانە ماددەی حەڤدەهەم لە هەمان یاسا، دواتر یاساکە سزای سەرپێچیکەری داناوە، بڕوانە ماددەی هەژدەهەم لەهەمان یاسا.
[٣١] بڕیاری دادگای بەرایی سلێمانی/٤ ژمارە (٢١٣٩/ب/٢٠٢٢) لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/١١/١٠. (بڵاونەکراوە – غیر منشور).
[٣٢] بڕوانە بڕیاری دادگای تیهەڵچونەوەی ناوچەی سلێمانی بەسیفەتی پێداچونەوە ژمارە (٥٧٦/پ/٢٠٢٣) لەڕێکەوتی ٢٠٢٣/٣/٨(بڵاونەکراوە – غیر منشور).
[٣٣] بڕوانە بڕیاری دادگای بەرایی هەولێر/٦ ژمارە (٣٣٨٥/ب/٢٠٢٢) لە ڕێکەوتی ٢٠٢٣/١/٥ (بڵاونەکراوە- غیر منشور).
[٣٤] بڕوانە بڕیاری دادگای بەرایی هەولێر/٦ ژمارە (٣٣٨٤/ب/٢٠٢٢) لە ڕێکەوتی ٢٠٢٣/١/٥ (بڵاونەکراوە- غیر منشور).

## دەروازەی دووەم:
## ڕێکخستنی یاسایی میدیای ئەلیکترۆنی لە هەرێمی کوردستان

ئازادی میدیای ئەلیکترۆنی، وەک بەشێک لە ئازادییە گشتییەکان لە دەستوری عێراقدا گەرەنتی کراوە و بەڕوونی لە دەقی ماددەی (٤٠)دا سەبارەت بە ئازادی پەیوەندییە ئەلیکترۆنییەکان هاتووە: "ئازادی پەیوەندییەکان و نامە و بەرید و تەلەفۆن و خانە ئەلیکترۆنییەکان و غەیری ئەوانیش پارێزراوە، ناشێت چاودێریان بخرێتەسەر، تۆماربکرێن، کەشف بکرێن، مەگەر بۆ پێویستیەکی دادوەری نەبێت ئەویش بە بڕیاری دادگا"[٣٥]. وە ڕۆژنامەنووس مافی ئەوەی هەیە سەرچاوەی زانیارییەکانی ئاشکرا نەکات تەنها بە بڕیاری دادوەری نەبێت[٣٦]. لەم چوارچێوە دەستوورییەوە دەروازەکەمان دابەشدەکەین بە سەر دوو بەشدا، بەشی یەکەم تەرخاندەکەین بۆ تیشک خستنە سەر یاسای قەدەغەکردنی خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندیکردن، هەرچی بەشی دووەمە تەرخاندەکەین بۆ خستنەڕووی زانیاری لەبارەی هەوڵەکان بۆ ڕێکخستنی میدیای دیجیتاڵی لە هەرێمی کوردستان.

## بەشی یەکەم
## یاسای قەدەغەکردنی خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندیکردن لە هەرێمی کوردستان

لەبەرئەوەی لە هەرێمی کوردستاندا یاسایەکی تایبەتمان نییە بە ڕێکخستنی میدیای دیجیتاڵی و تۆمارکردنی سایت و ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکان بەشێوەیەکی یاسایی، بۆیە لە ئێستادا لە حاڵەتی بوونی هەر سکاڵایەکی سزایی لە دادگاکانی هەرێمی کوردستان پەنا دەبەنە بەر بڕگە و ماددەکانی یاسای قەدەغەکردنی خراپ بەکارهێنانی ئەمێرەکانی پەیوەندیکردن، کە لە ساڵی (٢٠٠٨) لە پەرلەمانی کوردستان دەرکراوە[٣٧]. گرفتی جێبەجێکردنی ئەم یاسایە ئەوەیە یاسایەکی گشتگیرە و هیچ ئاماژەیەکی بۆ بابەت و بڵاوکراوەی ڕۆژنامەگەری و کەسی ڕۆژنامەنوس لەگەڵ کەسانی ئاسایی نەکردووە و هیچ جیاکارییەکی نەکردووە. ڕۆحی یاساکە بریتییە لە ماددەی دووەمی، کە تایبەتە بە خراپ بەکارهێنانی تەلەفۆنی خانەیی، یان هەر ئامێرێکی پەیوەندیکردنی تەلدار، یان بێتەل یان ئینتەرنێت، یان پۆستی ئەلیکترۆنی بۆ مەبەستی هەڕەشەکردن، یان تۆمەت هەڵبەستن(قذف)، یان جنێودان، یان بڵاوکردنەوەی هەواڵی هەڵبەستراو بەکارهێنا، کە ترس پەیدا دەکات، یان دزەی بە گفتوگۆکردن کرد، یان وێنەی چەسپاو و جوڵاویان کورتیلە نامە بڵاوکردەوە، کە لەگەڵ خوو ڕەوشتی گشتیدا ناگونجێت، یان بەبێ ڕوخسەت و مۆڵەت وێنەی گرت، یان کاروبارێکی وا کەشەرەف بریندابکات، یان هانی ئەنجامدانی تاوان یان کاری بەدڕەوشتی، یان بڵاوکردنەوەی زانیاری پەیوەست بەنهێنی ژیانی تایبەت، یان خێزانی بۆ تاکەکان بڵاوبکاتەوە، کە بەهەر ڕێگایەک بێت چنگی کەوتن هەتا ئەگەر ڕاستیش بن، ئەگەر بەهۆی بڵاوکردنەوەیان و دابەشکردنیان سووکایەتی، یاخود زیانیان پێ بگەیەنێ، ئەوا بۆماوەیەک بەند دەکرێ، کە لە شەش مانگ کەمتر نەبێت و لە پێنج ساڵ زیاتر نەبێت، و بە غەرامەیەکیش سزا دەدەرێ، کە لە یەک ملیۆن دینار کەمتر نەبێت و لە پێنج ملیۆن دیناریش زیاتر نەبێت، یان بە یەکێک لەو دوو سزایە سزا دەدرێت[٣٨]. هەروەها ماددەی سێیەمی یساکەی تەرخانکردووە بۆ جاڕسکردن (ئیزعاجکردن)ی خەڵک و سزای بۆ دیاریکردووە[٣٩]. یاساکە کۆمپانیاکانی پەیوەندیکردنی پابەندکردووە بە پێشکەشکردنی هەر زانیارییەک لەکاتێکدا دادگا داوای بکات[٤٠]. بە سەرنجدان و خوێندنەوەی بڕگە و ماددەکانی ئەم یاسایە هیچ ئاماژەیەکی بۆ پیشەی ڕۆژنامەگەری نەکردووە و جیاکاری نەکردووە لەنێوان بڵاوکراوە میدیاییەکان و بڵاوکراوەکانی دیکە، کە بڵاودەکرێنەوە لەلایەن هاوڵاتیانەوە و هەمان سزای دیاریکردووە و بە ڕەهایی بابەتەکانی ڕێکخستووە، ئەمەش گرفتێکی گەورەیە، لەبەرئەوەی ئەم یاسایە لە ئێستادا زۆرترین جێبەجێکردنی هەیە لە ناو دادگاکان و چەندین دۆسییە لە دادگان بوونیان هەیە بەپێی ئەم یاسایە مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت، کە تارادەیەک یاسایەکی توندە و سزای توندی تیادایە تا بەندکردن بۆ ماوەی (پێنج ساڵ و پێنج ملیۆن غەرامە)، لەگەڵ داواکردنی قەرەبوو بۆ داواکار لە دادگای بەرایی.

یەکێکی دیکە لە گرفتەکانی جێبەجێکردنی ئەم یاسایە ئەوەیە، کە دادوەرو دادگاکان زۆرجار لە کەیسی. هاوشێوەدا تایبەت بە ڕۆژنامەنوسان و هەڵگرانی ناسنامەی ئەندامێتی سەندیکای ڕۆژنامەنوسان هەندێک جار پەنا دەبەنە بەر ماددە (٢)ی یاسای قەدەغەکردنی خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندیکردن، کەچی دادگایەکی دیکە پەنا دەباتە بەر بڕگە و ماددەکانی یاسای سزادانی عێراقی[٤١] تایبەت بە ناوزڕاندن و هەڕەشەکردن[٤٢]. ئەم دژ بەیەکییەی دادگاکان گرفتێکی گەورەی دروستکردووە بۆ ڕۆژنامەنوسان، لەبەرئەوەی کاتێک دادوەر پەنا دەباتە بەر (تکییف) ی ماددەی بابەتی سکاڵاکە بەگوێرەی ماددەی (٢)ی قەدەغەکردنی خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندیکردن ناگەڕێتەوە بۆ سەندیکای ڕۆژنامەنوسان و ئاگاداریان ناکاتەوە، بەمەش ڕەنگە کەسی ڕۆژنامەنوس ڕوبەڕووی ڕاگرتن (توقیف) ببێتەوە، وەک هاوڵاتییەکی ئاسایی مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت و سوودمەند نابێت لەو مافانەی کە یاسای ڕۆژنامەگەری پێی بەخشیووە[٤٣].

بۆ نمونە دادگای کەتنی سلێمانی/٢ لە کەیسێکی ڕۆژنامەوانیدا بە ژمارە (٢٥٣٤/ک/٢٠٢١) هەرچەندە تۆمەتبار ناسنامەی ئەندامێتی لەسەندیکای ڕۆژنامەنوسان خستۆتەڕوو، وە نوێنەری سەندیکای ڕۆژنامەنوسانی کوردستان لقی سلێمانی ئامادەبوو، بەڵام دادگا بەهەندی

---

[٣٥] ماددە (٤٠) ی دەستوری عێراق ساڵی ٢٠٠٥

[٣٦] ماددەی (حەوتەم/ سێیەم) لە یاسای ڕۆژنامەگەری، پاشان یاسا چەند مافێکی دیکەی ڕۆژنامەنوس گەرەنتی کردووە وەک: "مافی ئامادەبوونی لە کۆنگرەو و چالاکییە گشتییەکان، هەروەها مافی پاراستنی ڕاو بۆچونەکانی کە نابێت ئەو ڕاوبۆچونەی یان ئەو زانیاریانەی کە بڵاویان دەکاتەوە ببنە هۆی تێکدانی باری ژیانی، یان زیان بەخۆی و مافەکانی بگەیەنێ"، بڕوانە ماددەی (حەوتەم/ دووەم، چوارەم) لە هەمان یاسا.

[٣٧] یاسای قەدەغەکردنی خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندیکردن لە هەرێمی کوردستان ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٨

[٣٨] ماددەی دووەم لەهەمان یاسا.

[٣٩] لەو حاڵەدا سزا دەدرێت بە بەندکردن کە لە سێ مانگ کەمتر نەبێت و لە ساڵێک زیاتر نەبێت، و بە غەرامەیەکیش کە لە حەفت سەدو پەنجا هەزار دینار کەمتر نەبێت و لە سێ ملیۆن دینار زیاتر نەبێت، یاخود بەیەکێک لەو دوو سزایە سزا دەدرێت، ماددەی سێیەم لە هەمان یاسا.

[٤٠] ماددەی شەشەم لە هەمان یاسا.

[٤١] یاسای سزادانی عێراقی ژامرە (١١١)ی ساڵی ١٩٦٩ی هەمووارکراو.

[٤٢] ماددەکانی (٤٣٣، ٤٣٤، ٤٣٠، ٤٣٢،.....هتد)، لە هەمان یاسا.

[٤٣] بڕوانە مافەکانی ڕۆژنامەنوس لە یاسای ڕۆژنامەگەری ماددەکانی (٧،٨).

وەرنەگرتــووە و وەک کەیســێکی ڕۆژنــامەنوسی مــامەڵەی لەگەڵ نەکــردووە، دواتــر سزای ئەو ڕۆژنامەنوســەی داوە بە گــوێرەی مــاددە (٤٣٣/یەکەم) لە یاسای سزادانی عێراقی، ئەگەر دادگا ئەو کەیسەی وەک کەیسێکی ڕۆژنامەنوسی سەیربکردایە ئەوا دەبوو ئەو ڕۆژنامەنوسە ئازاد بکرایە و دۆسییەکەی دابخرایە، لەبەر ئەوەی کەسی ڕۆژنامەنووس مامۆستای زانکۆ بووە و بابەتی دۆسییەکەش تەنها بۆ مەبەستێکی زانستی بەکارهاتووە لە یەکێک لە زانکۆ حکومییەکانی هەرێمی کوردستان، کە پاڵپشت بە ماددەی (دەیەم) لە یاسای ڕۆژنامەگەری هاتووە: "حوکمە سزاییەکانی ماددەی (نۆیەم) ئەو ڕۆژنامەو چاپکراوانەناگرێتەوە، کە بە مەبەستی زانستی تەواو لە لایەن دەزگا حکومی و زانکۆکان و سەنتەرەکانی توێژینەوەی زانستی دەهێنرێن"[44]. بەڵام دادگا دوای داخڵکردنی نوێنەری یاسایی وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژنەوەی زانستی و بە پشتگیریکردنی ئەو ڕۆژنامەنوسە، کە بابەتەکەی تەنها بۆ کاری زانستی تەواوبووە بۆ وانەوتنەوە، هەروەها نوسراوی فەرمی ڕوونکردنەوەی خودی وەزیری خویندنی باڵا بۆ دادگای تێهەڵچونەوەی ناوچەی سلێمانی و تیایدا پشتگیری ئەو مامۆستایەی بواری ڕاگەیاندنی کردووە، کە بابەتی دۆسییەکەی دادگا لەسەر بابەتی پیشەیی و ئەکادیمی خۆی بووە ویستویەتی خوێندکاران ڕابهێنێ، کە چۆن لەگەڵ ئەو مانشێتانەی لە سۆشیال میدیا بڵاودەکرێتەوە ڕەفتار بکەن، و پرسیارەکان لە پەیج و سەکۆکانی فەیسبووک وەرگیراون و هیچ نیەتێکی تاوانکاری لەپشتەوە نەبووە، لەبەرئەوەی ئەو مامۆستای زانکۆیە (کە لەهەمان کاتدا ڕۆژنامەنوسە) هیچ تاوانێکی نەکردووە ئەگینا لە حاڵەتی پێشیلکاری یاسایدا زانکۆ خۆی لیژنەی لێکۆڵینەوەی پێکدەهێنا، وە بەگوێرەی ستانداردەکانی وانەوتنەوە پێویستە پرسیاری تاقیکردنەوەکان بەنموونەی زیندوو دەوڵەمەند بکرێن و خوێندکارانی پێ ئاشنا بکرێت.[45] بەڵام دادگا گوێی پێنەداوەو ئەو ڕۆژنامەنوسەی سزاداوە بە بەندکردنی سووک بۆ ماوەی (سێ مانگ) لەگەڵ بڕیاری ڕاگرتنی سزاکەی بۆماوەی سێ ساڵ، بەمەرجێک ڕۆژنامەنوسەکە بەڵێننامەیەک بدات بە دادگا کە تاوەکو سێ ساڵ هیچ تاوانێکی ئەنقەست ئەنجام نادات و هەڵسوکەوتی باش دەکات[46]. دواتر دۆسییەکە پێداچوونەوەی بۆ کراوە لە بەردەم دادگای تێهەڵچونەوەی ناوچەی سلێمانی بە سیفەتی پێداچونەوە، بەڵام دادگای تێهەڵچونەوەی ناوچەی سلێمانی پەسەندی بڕیاری دادگای کەتنی کردووە بەسزادانی ئەو ڕۆژنامەنوسە و لە بڕیارەکەدا هاتووە: "دوای تێڕوانین لە بڕیاری تۆمەتبارکردن دەرکەوت، کە ڕاستەو پابەندی یاسایە، هەروەها بڕیاری سزادانیش بەهەمان شێوە ڕاستە و پابەندی یاسایە لەبەرئەوەی سزاکە گونجاوە لەگەڵ تاوانەکە و بارودۆخی کێشەکە و بارودۆخی کەسێتی تۆمەتبارکراو، بۆیە بڕیاردرا بە ڕاستاندنی بڕیاری بڕیاری تانەلێدراو (تۆمەتبارکردن و سزادان) وە ڕەتکردنەوەی تانەکە، ئەم بڕیارەش بە کۆی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٤/٧/١٠"[47]. دواتر لەلایەن ڕۆژنامەنوسەکەوە تانەی دەستێوەردانەوەی پێداچونەوە دراوە لە بڕیاری دادگای تیهەڵچونەوە، بەڵام تانەکە ڕەتکراوەتەوە و تیایدا هاتووە: "بڕیاری سزادانەکە هیچ هەڵەیەکی یاسایی تیادانییە و بڕیارێکی ڕاست و دروستە، بۆیە بڕیاردرا بە ڕەتکردنەوەی تانەکە، ئەم بڕیارەش بەکۆی دەنگ دەرکرا لە ڕێکەوتی ٢٠٢٤/٧/٣٠"[48].

**ڕای توێژەران:** بە هەڵسەنگاندن بۆ دۆسییەی ئاماژە بۆکراو پێویستبوو سەرەتا لە وەزارەت و زانکۆ لیژنەی لێکۆڵینەوە دروستبکرایە بۆ ئەو کارە و لیژنەی تاقیکردنەوەکان ڕوبەڕووی لیژنەکەی وەزارەت بکرایانەوە، چونکە هەموو پرسیاری تاقیکردنەوەکان بە فلتەری ئەو لیژنەیەدا تێدەپەڕێت، ئەگەر کەموکوڕییەک هەبووایە پرسیارەکانیان بە مامۆستاکە بگۆڕیایە، بەڵام ئەو ڕێکارە ئەنجامنەدراوە، بە بڕوای ئێمە دەبوو لیژنە بەرپرسیاریەتی هەڵبگرتایە پاشان مامۆستا، بەڵام ئەم ڕێکارە نەگیراوتەبەر، هاوکات ئەم بڕیارەی دادگا بە سزادانی کەسێکی ئەکادیمی هەڵگری ناسنامەی ئەندامێتی سەندیکای ڕۆژنامەنوسان لەسەر دانانی پرسیاری تاقیکردنەوەی زانکۆ، بە بەرتەسکردنەوەی ئازادی ئەکادیمی دەبینین، پێویستبوو دادگا ڕەچاوی ئەو دۆخەی بکردایە بەتایبەت کاتێک وەزارەتی خوێندنی باڵا بە نوسراوی فەرمی پشتگیری لەو مامۆستایەی کردووە و دواتر سوپاس و پێزانینی پێداوە.

یەکێکی دیکە لە کەیسەکانی یەکێک لە ڕۆژنامەنوسەکان، کە بابەتێکی لە یەکێک لە پەیجەکاندا بڵاوکردۆتەوە لەسەر یەکێک لە کەسایەتییە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان و دەستەواژەی (سیاسییەکی دۆڕاو)ی بۆ بەکارهێناوە، دواتر دادگایی کراوە لەسەر سکاڵای سکاڵاکار بە گوێرەی ماددەی دووەم لە یاسای قەدەغەکردنی خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندیکردن ، بە دۆسییەی ژمارە (٧٨١/ک/٢٠٢٤) و دادگای کەتنی سلێمانی بڕیاریداوە بە بێتاوان بوونی تۆمەتبار و ئازادکردنی[49].بەڵام دواتر دادگای تێهەڵچونەوەی ناوچەی سلێمانی بڕیارەکەی دادگای هەڵوەشاندۆتەوە داوایکردووە ئەو ڕۆژنامەنووسە سزا بدرێت و لە بڕیارەکەیدا هاتووە: "دوای سەرنجدان دەرکەوت بڕیارەکە ناڕاستە و پێچەوانەی یاسایە، لەبەرئەوەی بەڵگەی تەواوی یاسایی هەیە بۆ سزادانی تۆمەتبار، لەبەرئەوەی بەکارهێنانی دەستەواژەی (سیاسییەکی دۆڕاو) بۆ سکاڵاکار لە کۆمەڵگای ئێمەدا ناو زڕاندنە، بۆیە دادگا بڕیاریدا بە هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە و گەڕاندنەوەی دۆسییەکە بۆ دادگایی کردن، بڕیارەکە بە ڕێکەوتن دەرکرا لە ڕێکەوتی ٢٠٢٥/٨/٣١"[50].

**ڕای توێژەران:** لێرەدا دەردەکەوێت کە دادگاکان جیاوازی ناکەن لە نێوان کەیسە ڕۆژنامەگەریەکان و کەیسە ئاساییەکانی دیکەدا و وەک یەک مامەڵەیان لەگەڵ دەکەن، هەندێک لە کەیسەکانی ڕۆژنامەنوسان بە یاسای سزادن و کەیسی.تری هاوشێوە بە یاسای خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندیکردن مامەڵە دەکەن، ئەمەش دژیەکییە لە جێبەجێکردنی یاسا بەسەر کەیسە هاوشێوەکاندا، بۆیە بوونی یاسایەک، کە چوارچێوەی کارە ڕۆژنامەگەرییە ئەلیکترۆنییەکان ڕێکبخات؛ پێویستییەکی لە پێشینەیی ڕاگەیاندنی کوردییە لە هەرێمی کوردستاندا.

---

[44] ماددەی (دەیەم) لە هەمان یاسا.

[45] نوسراوی وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی ژمارە(١٢٤٨٤) لە ڕێکەوتی ٢٠٢٤/٧/٤.

[46] بڕوانە بڕیاری داگای کەتنی سلێمانی/ ٢ ژمارە (٢٥٣٤/ک/٢٠٢١) لە ڕێکەوتی (٢٠٢٤/٦/٣).

[47] بڕیاری دادگای تێهەڵچونەوەی ناوچەی سلێمانی بەسیفەتی پێداجونەوە ژمارە (٢٣٧/پ.کەتن/٢٠٢٤) لە ڕێکەوتی ٢٠٢٤/٧/١٠ (بڵاونەکراوە – غیر منشور).

[48] بڕیاری دادگای پێداچونەوەی هەرێمی کوردستان/ دەستەی سزایی ژمارە (١٢٩١/دەستەی سزایی یەک/٢٠٢٤) لە ڕێکەوتی (٢٠٢٤/٧/٣٠)، (بڵاونەکراوە – غیر منشور).

[49] بڕیاری دادگای کەتنی سلێمانی/٣ ژمارە (٧٨١/ک/٢٠٢٤) لەڕێکەوتی (٢٠٢٥/٧/٢٩). (بڵاونەکراوە – غیر منشور).

[50] بڕیاری دادگای تێهەڵچونەوەی ناوچەی سلێمانی بە سیفەتی پێداچوونەوە ژمارە (٣٩٩/پ.کەت،/٢٠٢٥) لە ڕێکەوتی ٢٠٢٥/٨/٣١. (بڵاونەکراوە – غیر منشور).

## بەشی دووەم:
## هەوڵەکان بۆ ڕێکخستنی یاسایی میدیای ئەلیکترۆنی لە هەرێمی کوردستاندا

سەرچاوەیەکان مێژووی جیاواز بۆ بڵاوبوونەوە و بەکارهێنانی ئینتەرنێت و میدیای دیجیتاڵی لە عێراق و هەرێمی کوردستان دەخەنەڕوو، زۆربەیان کۆکن لەسەر ئەوەی بەهۆی کۆنترۆڵکردنی بەکارهێنانی ئینتەرنێت لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە تا ساڵی (٢٠٠٢) ڕێژەیەکی کەم لە هاوڵاتیان مافی بەکارهێنانی ئینتەرنێتیان هەبووە، بەڵام دوای ڕووخانی ڕژێم لە ساڵی (٢٠٠٣)ەوە بەکارهێنانی ئینتەرنێت گەشەی خێرای بەخۆیەوە بینی و دەیان کۆمپانیای خزمەتگوزاری ئینتەرنێت مۆڵەتی کارکردنیان وەرگرت. لەو کاتەوە تائێستا ژێرخانی بەکارهینانی ئامرازە دیجیتاڵییەکان و سایتە هەواڵیەکان و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر ئاستی میدیایی و جەماوەری لە گەشەکردنی بەردەوامدایە[٥١].

پەرەسەندنە تەکنەلۆژییەکان و فراوانبوونی بازنەی بەکارهێنانی ئامرازە میدیاییە ئەلیکترۆنیەکان و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، کە بەشێکن لەو ماڵپەڕانەی زۆرترین سەردانیکەریان هەیە، لە ڕێگەیانەوە خەڵکی پەیوەندی بەیەکەوە دەکەن و زانیاری لە پێگە گشتیەکان وەردەگرن[٥٢] لەناو کۆمەڵگەی عێراقی و هەرێمی کوردستان دەرفەت و ئاستەنگ و بەرپرسیارێتی یاسایی نوێی دروستکردووە، ئەم هەلومەرجە نوێیە وایکرد بەکارهێنانی بێسنووری میدیای نوێ و تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بە گشتی و فەیسبووک بە تایبەتی؛ ببێت بە جێگرەوەی میدیای سنووردارکراوی کۆن، لەم قۆناغەدا میدیای کوردیی لەڕێی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان و بۆ کۆکردنەوەی زۆرترین ژمارەی لایک و کۆمێنت و زانیاریی ناڕاست و ناتەواوی هەواڵەکان گوتاری خۆی ئاراستەکرد[٥٣]. لەم دۆخەدا هەرێمی کوردستان، نەک تەنها بۆشایی یاسایی بۆ میدیای دیجیتاڵی هەیە، بەڵکو میدیای بینراو و بیستراویش کارەکانی بە ڕێنمایی وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان ژمارە (١) ساڵی (٢٠١٤) ڕێکخراوە، هەم بۆ شێوازی ڕێکخستنی فریکیۆنسی، هەم بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ناوەڕۆکی کوالیتی میدیایی، بەشێوەیەک بە هەماهەنگی لەگەڵ سەندیکای ڕۆژنامەنووسان ئەو بڕیارانەی پەیوەندیدارن بە میدیای بینراو و بیستراو، وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان مامەڵەیان لەگەڵ بکات، بۆ میدیای دیجیتاڵی و ئەوانەی وێنەی جوڵاویان تێدانیە و ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنین؛ سەندیکای ڕۆژنامەنووسان بەپێی یاسای ڕۆژنامەگەری مامەڵەیان لەگەڵ بکات. لەبارەی بەرپرسیارێتی یاسایی جگە لە وەزارەتی ڕۆشنبیری و سەندیکای ڕۆژنامەنووسان هیچ دامەزراوەیەکی دیکەی حکومی بەرپرسیار نیە لە دەرچواندنی ڕاسپاردە و ڕێنمایی بۆ ڕێکخستنی کاری میدیایی و میدیای دیجیتاڵی. لەم سۆنگەیەوە، بۆ هەرێمی کوردستان یاسایەکی تایبەت بە ڕێکخستنی میدیای دیجیتاڵی پێویستە ئەوەش دەبێ پەرلەمانی کوردستان دەری بکات، بۆ ئەو مەبەستە وەزارەتی ڕۆشنبیری پرۆژە پێشنیازێکی هەیە لە دوای کارابوونەوەی پەرلەمانی کوردستان ڕادەستی لیژنەی تایبەت دەکرێت بۆ تاوتوێکردن و گەڵاڵەکردنی پرۆژە یاسەیەک[٥٤].

ئەم زانیارییەی سەرەوە دەربڕینی دامەزراوەیەکی بەرپرسە لە ڕێکخستنی کاروباری میدیا و چاپ و بڵاوکردنەوە لە هەرێمی کوردستاندا، لەبارەی ڕوانگەی سەندیکای ڕۆژنامەنووسان بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ناوەڕۆکە دیجیتاڵییەکان ئاماژە بەوە دەدەن پەیجەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان مۆڵەتیان نیە، بەڵام وێبسایت و وێب تیڤی مۆڵەت لە سەندیکا وەردەگرن، ئەگەر وێبسایتەکان بە هەمان ناو و لۆگۆوە پەیجیان هەبێت ئاساییە و ڕێنماییەکان قورس نین، بەڵام سەرنوسەری وێبسایت دەبێ ڕۆژنامەنووس بێت، باشترە ئەندامی سەندیکای ڕۆژنامەنووسان بێت، لەگەڵ پشتگیری دامەزراوەیەکی میدیایی، مەرجەکانی دیکە هەبوونی ئۆفیس و خۆتۆمارکردن لای دادنووس و توانای ئیدارەدانی دارایی، بەڵام کەناڵە میدیایەکان بۆ نموونە (ڕووداو، کوردسات) خۆیان مۆڵەتیان لە وەزارەتی ناوخۆ و وەزارەتی ڕۆشبنیری هەیە، ئەوان دەتوانن بە لۆگۆی خۆیانەوە پەیج بکەنەوە و یەکجار مۆڵەت وەردەگرن، بەهەمان شێوەش لەژێر چوارچێوەی یاسای ڕۆژنامەگەرین، سزاکانیش هەمان سزان لە ملیۆنێک بۆ پێنج ملیۆن دەست پێ دەکات. بۆ کەیسەکانی میدیای دیجیتاڵی بەداخەوە ناچارین بەپێی یاسای قەدەغەکردنی ئامێرەکانی پەیوەندیکردن مامەڵە لەگەڵ کەیسەکانی میدیای ئەلیکترۆنی بکەین، کە ئەوە ڕێکارێکی خراپی ناچارییە و جێگەی یاسایەکی تایبەت بە میدیای دیجیتاڵی ناگرێتەوە[٥٥].

لەم ساڵانەی دوایدا، پرسی ڕیفۆرمی میدیایی لە هەرێمی کوردستان و بە یاساییبوونی مامەڵەکردن لەگەڵ پەرەسەندنەکانی میدیایی نوێ[٥٦]؛ بابەتی گفتوگۆئامێز و پرسی کۆنفرانسە زانستیەکان و کۆڕبەندە میدیاییەکان بووە. بۆ نموونە لە ڕاسپاردەکانی دووهەمین کۆڕبەندی نیشتمانی چمک بۆ ڕیفۆرمی میدیایی، کە زانکۆی سلێمانی بە هاوبەشی لەگەڵ ڕێکخراوی چاودێری میدیایی کوردی ڕێکیخستووە جەخت دەکاتەوە سەر هەمواركردن و یەکخستنی یاساکانی تایبەت بە ڕێکخستنی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەگەریی لە هەرێمی کوردستاندا، بەجۆرێک لەگەڵ گۆڕانکارییە نوێیەکانی میدیای چاپکراو، پەخشکراو، دیجیتاڵی و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و تەکنیکەکانی ژیریی دەستکرد-دا بگونجێن. لەگەڵ بوونی یاسای نوێی تایبەت بە تاوانە ئەلکترۆنییەکان، پاراستنی داتا و مافی تایبەتمەندێتیی ژیانی تایبەتی کەسەکان لە هەرێمی کوردستان[٥٧]. لەو ڕوانگەیەوە، لەم بەشەدا تیشکدەخەینە سەر چەند هەوڵێک بۆ ڕێکخستنی میدیای دیجیتاڵی لە هەرێمی کوردستان و دامەزراندنی فەرمانگەی میدیاو زانیاری و، هەڵسەنگاندنی کارەکانی و خستنەڕووی ئەم پرسیارەی ئایا ئەم فەرمانگەیە دەتوانێت ببێتە

---

[٥١] د. ئاراز ڕەمەزان ئەحمەد، دیجیتاڵ میدیا و زانینی سیاسیی، لە بڵاوکراوەکانی تۆڕی ئەکادیمیا و دایەلۆگی میدیا، ٢٠١٩، ل٦٣.

[٥٢] بەرهەم خالد احمد ساڵح، ڕۆڵی میدیای نوێ لە پرۆسەی دروستکردنی بڕیاری سیاسیی لە هەرێمی کوردستاندا، تێزی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان، بەشی ڕاگەیاندن، ٢٠٢١، ل٥٧، (بڵاونەکراوە).

[٥٣] د.شوان ئادەم ئەیڤەس، لە پاسەوانییەوە بۆ پارتیزانی؛ ئاماژەکانی گەشەپێدانی میدیایی لە هەرێمی کوردستانی عێراق لە ماوەی نێوان ١٩٩١-٢٠٠١، لە زنجیرە بڵاوکراوەکانی ڕێکخراوی کوردستان دیالۆگ، ٢٠٢٤، ل٤٦و٤٧.

[٥٤] شیروان عەبدوڵا، بەڕێوەبەری گشتی چاپ و بڵاوکردنەوە و ڕاگەیاندن لە وەزارەتی ڕۆشبنیری و لاوان، چاوپێکەوتن، هەولێر: ١٦ی شوباتی ٢٠٢٦.

[٥٥] کاروان ئەنوەر، سکرتێری لقی سلێمانی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، چاوپێکەوتن، سلێمانی: ١١ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٦.

[٥٦] مەبەست لە میدیای نوێ وەسفکردنی ئامرازە جیاوازەکانی پەیوەندی ئەلیکترۆنیە، کە لە ڕێگەی کۆمپیوتەرەکان و ئامێرە زیرەکەکانەوە، بە سوود وەرگرتن لە هێڵەکانی ئینتەرنێت زانیاری و بەرهەمی میدیایی دەسازێنێت و بڵاوی دەکاتەوە. بڕوانە**دلێر عەبدولخالق، سۆشیال میدیا و حوکمڕانی دروست لە هەرێمی کوردستاندا**، چاپی یەکەم، چاپخانەی چاپرنگ، تاران ، ٢٠٢٥،ل٦٠

[٥٧] ماڵپەڕی زانکۆی سلێمانی، دووهەمین کۆڕبەندی نیشتمانی بۆ ڕیفۆرمی میدیایی بە چەند ڕاسپاردەیەک کۆتایی هات : https://univsul.edu.iq/ku/hawalakan/2025/05/28/13054/.ڕۆژی سەردانیکردن ٢٨ی شوباتی ٢٠٢٦ .

جێگەرەوەی یاسا و کارەکانی میدیای دیجیتاڵی ڕێکبخات؟ دواتریش ئاماژە دەدەین بە پرۆژە پێشنیازە یاسای ڕێکخستنی میدیای ئەلیکترۆنی لە هەرێمی کوردستان، کە ساڵی (٢٠٢٠) لە پەرلەمانی کوردستان خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کرا.

**فەرمانگەی میدیا و زانیاری**

یەکێک لە کارەکانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بریتیبوو لە دامەزراندنی فەرمانگەی میدیا و زانیاری، کە ڕاستەوخۆ بەستراوەتەوە بە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە، ئەم دامەزراوە میدیاییە ستراتیژی ڕاگەیاندن و سیاسەتی گەیاندن بۆ حکومەت دادەڕێژێت. لە نەبوونی یاسایەکی تایبەت بۆ ڕێکخستنی میدیایی دیجیتاڵی و پێگە ئەلیکترۆنیەکان و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، زۆرجار ئەم دامەزراوەیە ڕێنمایی بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن بڵاودەکاتەوە، کە نوێنەرایەتی و نمایندەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکات، پەیوەست بە بابەتی توێژینەوەکەمان لێرەدا دوو ڕاگەیەندراوی ئەم فەرمانگەیە و چەند ڕێنماییەکی دیکەی دامەزراوەکانی حکومەت دەخەینەڕوو:

**ڕاگەیەندراوی فەرمانگەی میدیا و زانیاریی ڕێکەوتی (١٢ی ٣ی ٢٠٢٦):**

تێیدا ئاگاداری سەرجەم دەزگاکانی ڕاگەیاندنی (ناوخۆیی و بیانی) و هاووڵاتیان کراوەتەوە، لە پێناو پاراستنی ئاسایشی. نیشتمانی و ڕێگرییان لە هەر لێکەوتیەکی نەرێنی، پابەندی ئەم ڕێنماییانە بن:

١. ڤیدیۆی کەوتن یان ئاراستەکردنی درۆن تەنها بۆ ئەو ژمارە پیوەندییانە بنێرن، کە لە ڕاگەیاندنەکەدا هاتووە، چونکە ڕاگەیەندراوەکە ناردنی بۆ میدیا، یان پەیج و هەژماری کەسی بە قەدەغەی داناوە، سەرپێچیکار ڕووبەڕووی لێپێچینەوەی یاسا ئەکرێتەوە.

٢. نزیکبوونەوە لەوشوێنانەی کراونەتە ئامانج، یان وێنەگرتن و بڵاوکردنەوەی دیمەنەکانیان بەهەموو شێوەیەک قەدەغەیە[58].

٣. دەزگاکانی ڕاگەیاندن دەبێت بەوپەڕی بەرپرسیارێتییەوە مامەڵە بکەن و شوێنی ڕووداوەکان ئاشکرا نەکەن، هەر کەناڵێک پابەند نەبێت، ڕێکاری یاسایی توندی لە بەرامبەر دەگیرێتە بەر[59].

لە بارەی ئەم ڕاگەیەندراوە سەرنجە یاساییەکان بریتین لە:

یەکەم: بۆشاییەکی قوڵی یاسایی لە هەرێمی کوردستان هەیە، لە نەبوونی یاسای پەیوەندیدار، فەرمانگەیەک ڕێکار دەگرێتەبەر، کە پێویستە ئەم بابەتانە بە یاسا ڕێکبخرێت، ئەم ڕێنوێنیانە بە جێگرەوەی یاسا دانانرێت.

دووەم: گرتنەبەری لێپێچینەوە و ڕێکاری یاسایی توند بەیاسا دەکرێت، نەک ڕێنوێنی و ڕاگەیاندن، پاڵپشت بە بنەمای یاسایی "لا جريمة ولا عقوبة إلا بالنص"، واتە هیچ ڕەفتارێک تاوان نییە و هیچ سزایەکیش نابێت بسەپێندرێت تەنها بە دەقێکی یاسایی نەبێت[60].

سێیەم: ئایا لایەنی پەیوەندیدار[61] بە چاودێری شێوازی مامەڵەکردن بریتییە لە سەندیکای ڕۆژنامەنوسان، یاخود فەرمانگەی میدیاو زانیاری؟ وە ڕۆڵی سەندیکا لێرەدا چییە؟

چوارەم: تا ئێستا بە فەرمی و بە یاسایی دۆخی نائاسایی ڕانەگەیەندراوە (مەبەست لە شەڕی چل ڕۆژەی ئەمریکا و ئیسرائیلە دژی ئێران) تا دەسەڵاتی زیاتر بدرێت بە دامودەزگاکانی حکومەت دەستکراوەبن لە گرتنەبەری ڕێکاری یاسایی[62].

پێنجەم: ئایا تەنها پێدان و ناردنی ڤیدیۆ و وێنە بۆ ڕۆژنامەنوسان و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بەبێ ئەوەی هاولاتییەکە بڵاوی بکاتەوە لە کوێی خانەی تاوان جێگای دەبێتەوە؟[63].

**ڕاگەیەندراوی فەرمانگەی میدیاو زانیاری ڕێکەوتی ١٨ی ٣ی ٢٠٢٦**

بەمەبەستی ڕێکخستنی میدیا و ڕاگەیەندنەکان لە هەرێمی کوردستان بەهۆی ئەو دۆخە ئەمنی و سەربازییەی ناوچەکە تێی کەوتووە بەهۆی شەڕی نێوان (ئەمریکا و ئیسرائیل دژی ئێران)، فەرمانگەی میدیاو زانیاری لە ڕێکەوتی (٢٠٢٦/٣/١٨)، ڕاگەیاندنێکی دیکەی بڵاوکردۆتەوە، کە خۆی دەبینێتەوە لە:

1. بڵاوکردنەوەی هەر جۆرە زانیاری و نهێنییەکی سەربازی، کە خزمەت بە نەیارانی کوردستان بکات بەهەموو شێووەیەک قەدەغەیە.
2. وێنەگرتن یان بڵاوکردنەوەی دیمەنی تێکشکاندنی درۆنەکان قەدەغەیە، چونکە زانیاری تەکنیکی و مەیدانی هەستیار دەدات بە دوژمن.
3. دەرخستنی شوێنە بە ئامانجگیراوەکان، یان وێنەگرتنی دامەزراوە سیادی و ئەمنییەکان دەستبەجێ دوای ڕووداوەکان قەدەغەیە.
4. هۆشداری دەدەین، کە هەر دەزگایەکی ڕاگەیاندن پابەندی ئەم ڕێنماییانە نەبێت، یان بەشێوازێکی ناپیشەیی ڕوومالی هەواڵەکانی شەڕ و پەلامارەکان بکات، دەستبەجێ لە لایەن دژەتیرۆری کوردستانەوە ڕووبەڕووی لێپێچینەوە و سزای یاسایی دەبێتەوە[64].
5. بەرامبەر سەرپێچیکاران، ڕێکاری یاسایی و کارگێری توند دەگیرێتە بەر، کە دەگاتە کێشانەوەی مۆڵەتی کارکردن یان داخستنی هەمیشەیی، بەپێی ڕاگەیەندراوی ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێم لە ١٣ی ئاداری ٢٠٢٦.

---

[58] بۆ زانیاری زایتر بڕوانە: کامیل عومەر سلێمان، بەرپرسیارێتییە ئیتیکی و یاساییەکانی بڵاوکردنەوەی هەواڵی تاوان لە میدیای نوێدا، تیزی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی، سکوڵی زانستە مرۆڤایەتییەکان، بەشی ڕاگەیاندن، ٢٠٢٤، (بڵاونەکراوە- غیر منشور).

[59] ڕاگەیەندراوی فەرمانگەی میدیاو زانیاری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕێکەوتی ٢٠٢٦/٣/١٨ gov.krd/dmi

[60] مادده (١٩) لە دەستوری هەمیشەیی عێراق ساڵی ٢٠٠٥، و ماددەی (١) لە یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (١١١)ی ساڵی ١٩٦٩ی هەموارکراو.

[61] هەر لەم نێوەندەدا بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕاگەیاندن و چاپ و بڵاوکردنەوە نوسراوی گشتاندنیان بە ژمارە (٢٣٥) لە ڕێکەوتی (٢٠٢٦/٣/٢) ئاڕاستەی گشت میدیا بینراو و بیستراوەکان کرد سەبارەت بە شێوازی مامەڵەی میدیای لە دۆخی جەنگدا.

[62] دواتر وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان لە ڕێکەوتی (٢٠٢٦/٣/١٩) ڕاگەیەندراوێکی لە ژێر ناونیشانی: "ڕێنمایی فەرمی بۆ ڕووماڵی میدیایی لە بارودۆخی نائاسایدا" بڵاوکردەوە کە تایبەتبوون بە (سەرجاوەی زانیاری هەواڵ، ڕووماڵی شوێنی ڕووداو، پاراستنی نهێنییەکان و ڕێزگرتن لە حەرەمی ماڵ وتاک)، بڕوانە ماڵپەڕی وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان: gov.krd/mocy.

[63] پ.د. سامان فەوزی عمر، سەرنجەکان لەسەر ڕاگەیاندراوی فەرمانگەی میدیاو زانیاری، تۆڕی کۆمەڵایەتی مێتا- فەیسبووک، ڕێکەوتی ٢٠٢٦/٣/١٣.

[64] ڕاگەیەندراوی فەرمانگەی میدیاو زانیاری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕێکەوتی ٢٠٢٦/٣/١٨ gov.krd/dmi

## ڕاگەیەندراوی ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان

ڕۆژی (١٣)ی ئاداری (٢٠٢٦) ئەنجومەنی ئاسایشی- هەرێمی کوردستان ڕاگەیەندراوێکی بڵاوکردەوە، تیایدا داوا لەسەرجەم دەزگا و ڕاگەیاندنکار و هاوڵاتیان دەکات، کە بە بەرپرسیارێتییەوە مامەڵە لەگەڵ ئەو دۆخە هەستیارە بکەن، بەجۆرێک کارەکانیان نەبێتە هۆی بڵاوکردنەوەی زانیارییە نهێنییەکان، کە ببێتە هۆی خزمەتی نەیارانی کوردستان و زیان گەیاندن بە ئاسایش و سەقامگیری هەرێمی کوردستان[٦٥]، لە بەشێکی دیکەدا هاتووە، کە فەرمان بە دژەتیرۆری کوردستان کراوە[٦٦]، هەر دەزگایەکی ڕاگەیاندن بە بڵاوکردنەوەی زانیاری نهێنی و پیشاندانی ناپرۆفیشناڵانەی هەواڵەکانی پەلامارەکانی دوژمن، زیان لە ئاسایش و سەقامگیری هەرێمی کوردستان بدات، دەستبەجێ لە لایەن دژەتیرۆری کوردستانەوە ڕووبەڕووی لێپێچینەوە دەبێت بەپێی یاسا و ڕێکاری پێویستیان بەرامبەر دەگیرێتەبەر[٦٧].هاوکات دەزگای ئاسایشی- هەرێمی کوردستانیش چەند ڕێنماییەکی دیکەی لەسەر هەمان پرس تایبەت بە دەزگاکانی ڕاگەیاندن بڵاوکردەوە[٦٨]. دواتر بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕاگەیاندن و هۆشیاری نیشتمانی وەزارەتی پێشمەرگە ڕێکەوتی (٢٤)ی ئاداری (٢٠٢٦)[٦٩]، ڕاگەیەندراوێکی بڵاوکردەوە تایبەت بە ئەفسەر و پێشمەرگەکانی سەر بە وەزارەتیان و بۆ کەناڵەکانی ڕاگەیاندن، کە تیایدا هاتووە بەهیچ شێوەیەک ڕێگەپێدراو نییە ڕاگەیاندنەکان بێنە ناو بارەگا و شوێنە سەربازییەکان، داوا لە کەناڵ و میدیاکان دەکات خۆیان بەدوور بگرن لە گرتنی وێنەو ڤیدیۆی بارەگا سەربازییەکان[٧٠].

**ڕای توێژەران:** هەموو ئەو ڕاگەیەندراو و ڕێنماییانەی دامودەزگا میدیایی و سەربازی و ئەمنییانەی هەرێمی کوردستان دەری کردوون؛ دۆخێک لە فەوزا و سەرگەردانی لە ئەنجامی نەبوونی یاسایەکی تایبەتە بە ڕێکخستنی میدیای دیجیتاڵی و تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان درووستکردووە، کە ئەگەر یاسایەکی تایبەت بەو بوارە هەبێت؛ ئەوا یاساکە دەق و مادده و بڕگەی پێویست دادەڕێژێت بۆ هەموو دۆخەکان، لە دۆخی ئاسایی و دۆخی نا ئاسایی و شەڕ، هەربۆیە لە کاتی قەیران و دۆخی نائاساییدا، بۆشایی یاسایەکی تایبەت بەڕێکخستنی میدیای دیجیتاڵی لە هەرێمی کوردستان زیاتر دەردەکەوێت و دەرهاویشە نەرێنیەکانی لەسەر ئاسایشی نیشتمانی و ئاشتی کۆمەڵایەتی کاریگەرتر دەبن.

## پرۆژەی پێشنیازە یاسای ڕێکخستنی میدیای ئەلیکترۆنی لە هەرێمی کوردستان

بەمەبەستی ڕێکخستنی میدیای دیجیتاڵی لە هەرێمی کوردستان، پەرلەمانی کوردستان لە ڕێکەوتی (٢٧-٢٨ی تەموزی ٢٠٢٠) خوێندنەوەی یەکەمی بۆ ئەم پرۆژە یاسا (٢٢) ماددەیە کرد، کە لە لایەن لیژنەی ڕۆشنبیری و وەرزش و لاوان و کۆمەڵی مەدەنی ئامادەکرابوو، بەڵام دواتر و لە ئەنجامی نارەزاییەکی زۆر لەسەر ناوەڕۆکەکەی، خوێندنەوەی دووەمی بۆ نەکرا و ڕاگیرا. سەرەڕای ئەو نیگەرانیە بەرفراوانەی ناوەندی ڕۆشنبیری و میدیایی و دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، لە هەرەمی دەسەڵاتی جێبەجێکردنەوە سەرەڕای سکاڵاکردن لە دۆخی پاشاگەردانی و ژاوەژاوی میدیای نوێ؛ پێشوازی لە ڕاگرتنی پڕۆژە یاساکە کرا. قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئەژماری گشتی فەیسبووکەکەی خۆی نووسی "ڕاستیەکی حاشاهەڵنەگر هەبوونی دۆخێکی ئاژاوە و ژەهراوییە لەناو میدیا و سۆشیال میدیا، بە جۆرێک تەشهیر و سوکایەتی بووەتە دیاردەیەکی ڕۆژانە، بەڵام لەمەشدا سۆشیال میدیای سپۆنسەرکراو و بە پارە و پولی سیاسیی، بەرپرسیاری سەرەکین لەم دۆخە، ئەمەش دەرگایەکی تری گەندەڵییە[٧١]. لەبەرامبەردا، میدیاکاران ڕەخنە لە بەکارهێنانی یاسای خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندیکردن دەگرن، کە بووەتەهۆی زیندانی کرادن و سزای توند لە کەیسەکانی میدیای دیجیتاڵی، لەوبارەیەوە ئاماژە بەوە دەدەن بوونی یاسای ڕێکخستنی میدیای دیجیتاڵی خزمەت بە چارەسەرکردنی بەشێک لەو فەوزایە دەکات، کە لە ژینگەی میدیایی دیجیتاڵی و مامەڵەکردنی دادگاکان لە هەرێمی کوردستان درووست بووە[٧٢] لەبارەی هۆیەکانی دەرچوونی یاساکە ئاماژە بەوەکراوە ڕۆژ بە ڕۆژ میدیای ئەلیکترۆنی لە کۆمەڵگەی کوردستان و نێودەوڵەتیدا ڕۆڵ و کاریگەرییەکانی زیاتر دەبێت و وەک ئامرازێکی گرنگ و سەکۆیەکی فراوانی پەیڕەوکردنی ئازادی و خستنەڕووی بیروڕا جیاوازەکان و گواستنەوەی هەواڵ و زانیارییە، بە جۆرێک وەک کەناڵی بینراو و بیستراو و نووسراو ڕۆڵ دەگێڕێت و کاریگەری هەیە و پێویستە لە چوارچێوەیەکی یاساییدا ڕێک بخرێت. پرۆژەکە میدیای ئەلیکترۆنی پێناسەکردووە بە :"هەر چالاکییەکی ڕاگەیاندن، کە تێیدا بابەت و خزمەتگوزاری میدیایی پەخش یان بڵاوبکرێتەوە، کە ناوەڕۆکێکی ئەلیکترۆنی هەیە، بەرهەم دەهێنرێ یان گەشەی پێدەدرێ، یان نوێدەکرێتەوە، دەستاودەستی پێدەکرێ و لە ڕێی تۆڕی زانیاری نێودەوڵەتی (ئینتەرنێت) یا هەر تۆڕێکی تری پەیوەندیکردن پەخش و بڵاودەکرێتەوە". ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنیش وەک وێبسایت یا ئامرازێکی ئەلیکترۆنییە لە ڕێگەیەوە ناوەڕۆکێکی ئەلیکترۆنی بڵاودەکرێتەوە و خۆی لە هەواڵ و بابەت و وتار و ژانرە ڕۆژنامەنووسییەکانی دیکەدا دەبینێتەوە[٧٣]. لە پڕۆژە یاساکەدا

---

[٦٥] لەم دۆخەدا بەگوێرەی یاسای ژمارە (٢١)ی ساڵی ٢٠٠٣ی پەرلەمانی کوردستان مامەڵە دەکرێت کە لە ماددەی یەکەمدا هاتووە: " هەرکەسێ بە دەستی ئەنقەست و بەهەر شێوەیەک دەبێ، بێ لە کارێکدا تێوەگلێ بە مەبەستی زیاندان لە ئاسایش و سەقامگیری و سەروەریی دامودەزگاکانی هەرێمی کوردستان و ببێتە هۆی کەوتنەوەی ئەو زیانە، بە بەندکردنی هەتا هەتا یان بە بەندکردنی کاتی سزا دەدرێت"، یاخود لەدۆخی قورستردا پەنا ببرێتە بەر جێبەجێکردنی یاسای بەرەنگاربوونەوەی تۆقاندن (تیرۆر) لە هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٦.

[٦٦] دامەزراوە ئەمنییەکانی هەرێمی کوردستان بەگوێرەی یاساکانی : "یاسای ئەنجومەنی ئاسایشی- هەرێمی کوردستان ژمارە (٤)ساڵی ٢٠١١، و یاسای دەزگای ئاسایشی هەرێمی کوردستان ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠١١" ڕێکخراون.

[٦٧] هەروەها هاتووە: " هەر بەرپرسێکیش بەهۆی لێدوانەکانی ببێتە هۆی ئاشکرابوونی زانیاریی هەستیار و لێدوانەکانی خزمەتی دوژمن بکات و زیان لە ئاسایشی- هەرێم بدات، بەپێی یاسا لێپێچینەوەی لەگەڵدا دەکرێت"، ماڵپەڕی ئەنجومەنی ئاسایشی- هەرێمی کوردستان krsc.gov.krd ڕێکەوتی ٢٠٢٦/٣/١٣.

[٦٨] بڕوانە ڕاگەیەندراوی دەزگای ئاسایشی هەرێمی کوردستان لە ڕێکەوتی (٢٠٢٦/٣/٤) asaysh.krd.

[٦٩] ماڵپەڕی وەزارەتی پێشمەرگەی حکومەتی هەرێمی کوردستانgov.krd/mopa ڕێکەوتی ٢٠٢٦/٣/٢٤.

[٧٠] لەگەڵ چەند ڕێنماییەک بۆ ئەفسەرو پێشمەرگەکانی بەشی ڕاگەیاندنی وەزارەتی پێشمەرگە، بڕوانە ڕاگەیەندراوی وەزارەتی پێشمەرگە لە ماڵپەڕی gov.krd/mopa ڕێکەوتی ٢٠٢٦/٣/٢٤.

[٧١] قوباد تاڵەبانی، لەبارەی پڕۆژە یاسای میدیای ئەلیکترۆنیەوە، هەژماری گشتی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک، لە ١٧ی ٨ی ٢٠٢٠ بڵاوکراوەتەوە.

[٧٢] ماڵپەڕی دەنگی ئەمریکا، یاسای ڕێکخستنی میدیایی ئەلیکترۆنی لە هەرێمی کوردستاندا، لە ٢٨ی ٨ی ٢٠٢٠ بڵاوکراوەتەوە.

[٧٣] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە پێشنیازە یاسای ڕێکخستنی میدیای ئەلیکترۆنی لە هەرێمی کوردستان ساڵی ٢٠٢٠.

دەستەواژەکانی وەک میدیای ئەلیکترۆنی، بڵاوکراوەی ئەلیکترۆنی، پێگەی میدیایی ئەلیکترۆنی، بابەتی ئەلیکترۆنی و ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی هەڵوەستەیان لەسەرکراوە.

**ڕای توێژەران:** سەرەڕای ڕاگرتنی پڕۆژە یاساکە لەژێر فشاری جەماوەری و ناوەندە میدیاییەکان، بەڵام دەکرا ئەم پڕۆژەیە گەشەی زیاتری پێبدرێت، بە پرس و ڕاوێژ و هەماهەنگی لەگەڵ ناوەندە زانستیەکان و میدیاکارانی سەربەخۆ و یاساناس و ئەکادیمیەکان لایەنە خراپەکانی باش بکرێت و گەشە بە لایەنە ئەرێنیەکانی بدرێت، وە ئامادەبکرێت و لە حاڵەتی کاراکردنەوەی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان بخرێتەوە چوارچێوەی پرۆسەی یاسادانان، ئەمەش بەوهۆیەوە دەکرێت لە ڕێگەی هەبوونی یاسایەکی سەردەمیانە، کە گەشە بە پاراستنی ئازادی ڕۆژنامەوانی و ماف و ئازادییە گشتی و تایبەتیەکان بدات، چارەسەری بەشێک لەو ئاستەنگە یاسایی و میدیاییانە بکرێت، کە ڕووبەڕووی ژینگەی دیجیتاڵی کۆمەڵگەی کوردستان و میدیاکاران و بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بووەتەوە.

## دەرەنجام

١. نەبوونی یاسایەک بۆ ڕێکخستنی میدیای ئەلیکترۆنی لە هەرێمی کوردستان؛ گرفتێکی یاسایی زۆری بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ کەیسە ڕۆژنامەوانییەکان دروستکردووە، بەهۆیەوە پشێوی لە ژینگەی میدیایی زیاتر بووە.

٢. یاسای ڕۆژنامەگەری ژمارە (٣٥)ی ساڵی (٢٠٠٧)، تەنها بواری میدیای چاپکراوی ڕێکخستووە و تەنانەت میدیای بینراو و بیستراوی نەگرتووەتەوە، هەربۆیە ناتوانرێت بەسەر میدیای ئەلیکترۆنیشدا جێبەجێبکرێت.

٣. بەهۆی نەبوونی یاسایەکی تایبەت بە میدیای ئەلیکترۆنی دادگاکان پەنا دەبەنە بەر جێبەجێکردنی یاسای قەدەغەکردنی خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندییکردن ژمارە (٦)ی ساڵی (٢٠٠٨)، کە هیچ تایبەتمەندی و ئاماژەیەکی بۆ میدیا و میدیاکاران تێدا نیە.

٤. دادگاکان جیاوازی ناکەن لە نێوان کەیسە ڕۆژنامەگەریەکان و کەیسە ئاساییەکانی دیکەدا و وەک یەک مامەڵەیان لەگەڵ دەکەن، بۆیە بوونی یاسایەک کە چوارچێوەی کارە ڕۆژنامەگەریە ئەلیکترۆنییەکان ڕێکبخات؛ پێویستییەکی هاوچەرخی میدیایی کوردییە لە هەرێمی کوردستاندا.

٥. مافی پارێزبەندی بۆ ڕۆژنامەنووس لە یاسای ڕۆژنامەگەری ژمارە (٣٥)ی ساڵی (٢٠٠٧) پارێزبەندییەکی تەواو نییە تەنها ئاگادارکردنەوەی سەندیکای ڕۆژنامەنوسانە، نەک وەرگرتنی ڕەزامەندی وەک لە سەندیکاکانی دیکە هەیە، و چەندین ڕۆژنامەنوس دەستگیرکراون و ڕاگیراون، بۆیە تەنها ئاگادارکردنەوە و ئامادەبوون لە دادگایکردندا نەیتوانیوە خزمەت بە کەیسە یاساییەکانی ڕۆژنامەنوسان بکات.

٦. لە بەرنەبوونی یاسایەکی تایبەت بۆ ڕێکخستنی میدیای ئەلیکترۆنی، فەرمانگەی میدیاو زانیاری حکومەتی هەرێمی کوردستان، کە لەکابینەی نۆهەمدا بە شێوەیەکی بەربڵاو کارەکانی دەستیکرد بە بڵاوکردنەوەی ڕێنمایی بۆ میدیا و میدیاکاران و پانەندکردنیان بە میکانیزمێکی بڵاوکردەوە، ئەمەش وەک جێگرەوەیەک بۆ ڕێکخستنی یاسایی میدیا ئەلیکترۆنییەکان، کە بێگومان ئەم میکانیزمە ناتوانێت ببێتە شوێنگرەوەی یاسا.

٧. هەروەک چۆن ڕێکخستنی میدیای ئەلیکترۆنی بە گرنگ دەزانرێت، لە هەمان کاتدا ڕێکخستنی سەکۆکانی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانیش بە هێندەی میدیای دیجیتاڵی گرنگە، کە لە چوارچیوەیەکی یاسایدا لە هەرێمی کوردستان ڕێکبخرێت، بە شێوەیەک ڕێگری لە سۆشیال میدیای بێخاوەن و فەیک بگیریت.

٨. نەبوونی چوارچێوەیەکی یاسایی بۆ ڕێکخستنی میدیای ئەلیکترۆنی وسۆشیال میدیا بە تایبەت لە کاتی قەیران و باری نائاسایدا؛ ئەگەرەکانی فەوزا و بەزاندنی هێڵەکانی ئاسایشی نیشتمانی و زیانگەیان بە ئاسایشی گشتی زیاتر دەکات.

## ڕاسپاردەکان

١. پێشنیار دەکەین بە دەرچواندنی یاسایەکی تایبەت لە پەرلەمانی کوردستان بۆ ڕێکخستنی میدیای دیجیتاڵی، کە بتوانێت سەرجەم میدیای ئەلیکترۆنی و تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان ڕێکبخات، بە شێوەیەک لە ئاستی پێداویستیەکانی سەردەم و پێشکەوتنە تەکنەلۆژییەکان بێت.

٢. لە کاتی دەرچواندنی یاسایەکی لەو جۆرەی لە بڕگەی یەکەمدا ئاماژەمان پێدا؛ گرنگە ڕەچاوی تەواوی مافی ئازادی ڕادەربڕین و ئازادی میدیا و بەرتەسکنەکردنەوەی سنورەکانی ئازادی بیروڕا و ئازادی میدیایی بکرێت.

٣. لە حاڵەتێکدا ئەگەر نەتوانرا یاسایەکی نوێ بۆ میدیای ئەلیکترۆنی لە پەرلەمانی کوردستان دەربکرێت، پێشنیار دەکەین وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕاگەیاندن و چاپ و بڵاوکردنەوە، بە هەماهەنگی لەگەڵ سەندیکای ڕۆژنامەنوسانی کوردستان و فەرمانگەی میدیا و زانیاری؛ پەیڕەوێکی تایبەت دەربکەن بە ڕێکخستنی میدیای ئەلیکترۆنی بۆ تۆمارکردنی سەرجەم میدیا ئەلیکترۆنییەکان و پەیج و ماڵپەڕەکان و بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی وەقایعی کوردستان.

٤. هەمواركردنەوەی یاسای ڕۆژنامەگەری ژمارە (٣٥)ی ساڵی (٢٠٠٧) تایبەت بە بڕگە و مافەکانی ڕۆژنامەنوس، بەتایبەت بابەتی پارێزبەندی و پێویستە پارێزبەندی تەواو بۆ ڕۆژنامەنووسان دەستبەربکرێت، بەوەی وەرگرتنی ڕەزامەندی سەندیکا بکرێتە پێشمەرجی ئەنجامدانی ڕێکاری یاسایی دژی ڕۆژنامەنوس، وەک گەرەنتییەکی یاسایی بۆ مومارەسەکردنی پیشەی ڕۆژنامەگەری.

٥. فەرمانگەی میدیا و زانیاری حکومەتی هەرێمی کوردستان هەماهەنگی زیاتر بکات لەگەڵ سەندیکای ڕۆژنامەنوسان و ڕێکخراوەکانی داکۆکیکردن لە ڕۆژنامەنوسان و ڕێکخراوکانی کۆمەڵی مەدەنی، بەمەبەستی خزمەتکردنی زیاتری بواری میدیا لە هەرێمی کوردستان، نەک هەریەکەیان بە چەند ئاراستەی جیاواز کاربکەن.

٦. پێشنیار دەکەین بە دەرچواندنی یاسایەکی نوێ تایبەت بە ڕێکخستنی سۆشیال میدیاش، کە بە هێندەی میدیای ئەلیکترۆنی گرنگە، کە لە چوارچیوەیەکی یاسایدا لە هەرێمی کوردستان ڕێکبخرێت و ڕێگری لە سۆشیال میدیای بێخاوەن و فەیک بگیریت.

٧. پێشنیار دەکەین بە دەچواندنی یاسایەکی نوێ، یاخود پەیڕەوێکی تایبەت بە ڕێکخستنی میدیاو سۆشیال میدیای ئەلیکترۆنی لەکاتە هەستیارەکانی وەک شەڕ و مەترسی لە سەر ئاسایشی. نیشتمانی، بەمەبەستی ڕێگری لە بڵاوکردنەوەی بابەتە ڕۆژنامەگەریەکان، کە بچێتە خزمەتی دوژمن و زیان گەیاندن بە ئاسایشی۔ نەتەوەییمان، بەمەرجی بەرتەسکنەکردنەوەی هێڵە گشتییەکانی ئازادییە ڕۆژنامەگەری و میدیاییەکان.

٨. كردنەوەی خولی هۆشیاری یاسایی سەبارەت بە بەرپرسیارێتی یاسایی میدیای ئەلیکترۆنی لەلایەن سەندیکای رۆژنامەنوسانەوە بۆ رۆژنامەنوسان بەمەبەستی دوورکەوتنەوە لەو کارانەی دەکەونە چوارچێوەی تاوانە ئەلیکترۆنییەکان.


**سەرچاوەکان**

**یەکەم: دەستوری هەمیشەیی عێراق سالی ٢٠٠٥**

**دووەم: کتێب:**

١. د .ئاراز رەمەزان ئەحمەد، دیجیتاڵ میدیا و زانینی سیاسیی، لە بڵاوکراوەکانی تۆڕی ئەکادیمیا و دایەلۆگ. میدیا، ٢٠١٩

٢. د.شوان ئادەم ئەیڤەس، لە پاسەوانییەوە بۆ پارتیزانی؛ ئاماژەکانی گەشەپێدانی میدیایی لە هەرێمی کوردستانی عێراق لە ماوەی نێوان ١٩٩١-٢٠٠١، لە زنجیرە بڵاوکراوەکانی رێکخراوی کوردستان دایەلۆگ، ٢٠٢٤.

٣. دلێر عەبدولخالق، سۆشیال میدیا و حوکمڕانی دروست لە هەرێمی کوردستاندا، چاپی یەکەم، چاپخانەی چاپرنگ، تاران، ٢٠٢٥.

**سێیەم: نامە و تێزی زانستی**

١. بەرهەم خالد احمد سالح، رۆڵی میدیای نوێ لە پرۆسەی دروستکردنی بڕیاری سیاسیی لە هەرێمی کوردستاندا، تێزی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان، بەشی راگەیاندن، ٢٠٢١، (بڵاونەکراوە).

٢. کامیل عمر سلێمان، مافی بەدەستهێنانی زانیاری بۆ رۆژنامەنوسان لە هەرێمی کوردستان، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی ، سکوڵی زانستە مرۆڤایەتییەکان، بەشی راگەیاندن- رۆژنامە، ٢٠١٣، (بڵاونەکراوە- غیر منشور).

٣. کامیل عمر سلێمان، بەرپرسیارێتییە ئیتیکی و یاساییەکانی بڵاوکردنەوەی هەواڵی تاوان لە میدیای نوێدا، تێزی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی ، سکوڵی زانستە مرۆڤایەتییەکان، بەشی راگەیاندن- رۆژنامە، ٢٠٢٤، (بڵاونەکراوە- غیر منشور).

**چوارەم: یاساکان**

١. یاسای شارستانی عێراق ژمارە (٤٠)ی سالی ١٩٥١ ی هەموارکراو.

٢. یاسای سزادانی عێراق ژمارە (١١١)ی سالی ١٩٦٩ی هەموارکراو.

٣. یاسای بنەماکانی دادگاییکردنی سزایی ژمارە (٢٣)ی سالی ١٩٧١ی هەموارکراو.

٤. یاسای پارێزەرایەتی لە هەرێمی کوردستان ژمارە (١٧)ی سالی ١٩٩٩ی هەموارکراو.

٥. یاسای ژمارە (٢١)ی سالی ٢٠٠٣ی پەرلەمانی کوردستان.

٦. یاسای بەرەنگاربوونەوەی تۆقاندن (تیرۆر) لە هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی سالی ٢٠٠٦.

٧. یاسای ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان ژمارە (٤)سالی ٢٠١١.

٨. یاسای دەزگای ئاسایشی هەرێمی کوردستان ژمارە (٥)ی سالی ٢٠١١.

٩. یاسای رۆژنامەگەری کوردستان ژمارە (٣٥)ی سالی ٢٠٠٧.

١٠. یاسای قەدەغەکردنی خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندیکردن لە هەرێمی کوردستان- عێراق ژمارە (٦)ی سالی ٢٠٠٨.

١١. یاسای مافی بەدەستهێنانی زانیاری لە هەرێمی کوردستان ژمارە (١١)ی سالی ٢٠١٣.

١٢. یاسای دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان ژمارە (٤)ی سالی ٢٠١٠.

**پێنجەم: پێشنیازە یاسا**

- پرۆژەی پێشنیازە یاسای رێکخستنی میدیای ئەلیکترۆنی لە هەرێمی کوردستان سالی ٢٠٢٠

**شەشەم: رێنمایی**

- رینمایی ژمارە (١)ی سالی ٢٠١٤ ی رێکخستنی فریکوێنسی سپەیس لە هەرێمی کوردستان.

**حەوتەم: بڕیاری دادوەری**

١. بڕیاری دادگای کەتنی سلێمانی/٢ ژمارە (٢٥٣٤/ک/٢٠٢١) لە رێکەوتی (٢٠٢٤/٦/٣)، (بڵاونەکراوە – غیر منشور).

٢. بڕیاری دادگای بەرایی سلێمانی/٤ ژمارە (٢١٣٩/ب/٢٠٢٢) لە رێکەوتی ٢٠٢٢/١١/١٠. (بڵاونەکراوە – غیر منشور).

٣. بڕیاری دادگای تیهەڵچونەوەی ناوچەی سلێمانی بەسیفەتی پێداچونەوە ژمارە (٥٧٦/پ/٢٠٢٣) لەرێکەوتی ٢٠٢٣/٣/٨(بڵاونەکراوە – غیر منشور).

٤. بڕیاری دادگای بەرایی هەولێر/٦ ژمارە (٣٣٨٥/ب/٢٠٢٢) لە رێکەوتی ٢٠٢٣/١/٥ (بڵاونەکراوە- غیر منشور).

٥. بڕیاری دادگای بەرایی هەولێر/٦ ژمارە (٣٣٨٤/ب/٢٠٢٢) لە رێکەوتی ٢٠٢٣/١/٥ (بڵاونەکراوە- غیر منشور).

٦. بڕیاری دادگای تێهەڵچونەوەی ناوچەی سلێمانی بەسیفەتی پێداچونەوە ژمارە (٢٣٧/پ. کەتن/٢٠٢٤) لە رێکەوتی (٢٠٢٤/٧/١٠)، (بڵاونەکراوە – غیر منشور).

٧. بڕیاری دادگای پێداچونەوەی هەرێمی کوردستان/ دەستەی سزایی ژمارە (١٢٩١/دەستەی سزایی یەک/٢٠٢٤) لە رێکەوتی (٢٠٢٤/٧/٣٠)، (بڵاونەکراوە – غیر منشور).

٨. بڕیاری دادگای کەتنی سلێمانی/٣ ژمارە (٧٨١/ک/٢٠٢٤) لە رێکەوتی (٢٠٢٥/٧/٢٩)، (بڵاونەکراوە – غیر منشور).

٩.	بڕیاری دادگای تێهەڵچونەوەی ناوچەی سلێمانی بەسیفەتی پێداچونەوە ژمارە (٣٩٩/پ.کەتن/٢٠٢٥) لە ڕێکەوتی (٢٠٢٥/٨/٣١)، (بڵاونەکراوە – غیر منشور).

**هەشتەم: نوسراوە فەرمییەکان:**

١-نوسراوی وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی ژمارە(١٢٤٨٤) لە ڕێکەوتی ٢٠٢٤/٧/٤.
٢- نوسراوی بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕاگەیاندن و چاپ و بڵاوکردنەوە بە ژمارە (٢٣٥) لە ڕێکەوتی (٢٠٢٦/٣/٢)

**نۆیەم: سەچاوە و ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکان:**

١.	ماڵپەڕی فەرمانگەی میدیاو زانیاری حکومەتی هەرێمی کوردستانgov.krd/dmi.
٢.	ماڵپەڕی ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان krsc.gov.krd
٣.	ماڵپەڕی وەزارەتی پێشمەرگەی حکومەتی هەرێمی کوردستانgov.krd/mopa.
٤.	پ.د. سامان فەوزی عمر، سەرنجەکان لەسەر ڕاگەیاندراوی فەرمانگەی میدیاو زانیاری، تۆڕی کۆمەڵایەتی مێتا- فەیسبووک، ڕێکەوتی ٢٠٢٦/٣/١٣.
٥.	ماڵپەڕی زانکۆی سلێمانی، دووهەمین کۆڕبەندی نیشتمانی بۆ ریفۆرمی میدیایی بە چەند ڕاسپاردەیەک کۆتایی هات : https://univsul.edu.iq/ku/hawalakan/2025/05/28/13054/ .
٦.	قوباد تاڵەبانی، لەبارەی پرۆژە یاسای میدیای ئەلیکترۆنیەوە، هەژماری گشتی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک، لە ١٧ی ٨ی ٢٠٢٠ بڵاوکراوەتەوە.
٧.	ماڵپەڕی دەنگی ئەمریکا، یاسای ڕێکخستنی میدیایی ئەلیکترۆنی لە هەرێمی کوردستاندا، https://www.dengiamerika.com/a/5561456.html. لە ٢٨ی ٨ی ٢٠٢٠ بڵاوکراوەتەوە.
٨.	ڕاگەیەندراوی دەزگای ئاسایشی هەرێمی کوردستان لە ڕێکەوتی (٢٠٢٦/٣/٤) asaysh.krd.
٩.	ماڵپەڕی وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان gov.krd/mocy.

**دەیەم: چاوپێکەوتن**

١.	شیروان عەبدوڵا، بەڕێوەبەری گشتی چاپ و بڵاوکردنەوە لە وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، :هەولێر ڕێکەوتی ١٦/شوبات/٢٠٢٦.
٢.	کاروان ئەنوەر، سکرتێری لقی سلێمانی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، چاوپێکەوتن، سلێمانی: ١١ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٦

# The absence of digital media law and its impacts on media chaos of the Kurdistan Region

**Dr. Kawa Abdulridha Mohammed**
Assistant Professor
Sulaimani Polytechnic University,
Technical College of Administration,
Media Technique Department
Kurdistan Region of Iraq, Sulaimani
Kawa.muhammad@sup.edu.iq

**Dr. Harmn Sherko Nasralddin**
Lecturer
Sulaimani Polytechnic University, Dukan Technical Institute, Public relations & Marketing
Kurdistan Region of Iraq, Dukan
Harmn.sherko@spu.edu.iq

**Dr. Sara Qadir Mohammed**
Lecturer
*University of Sulaimani,*
*College of Humanities,*
*Media Department*
Kurdistan Region of Iraq, Sulaimani
sara.mohammed@univsul.edu.iq

## Abstract

This study aims to identify the main factors behind the spread of digital media disorder in the Kurdistan Region and to examine the relationship between the absence of a specific legal framework for digital media and the proliferation of such disorder. It also investigates the role of existing legal frameworks in regulating the media environment and their effectiveness in addressing current digital media challenges. The study adopts a descriptive-analytical methodology and employs a questionnaire as the primary data collection tool. Statistical analysis was conducted using SPSS software. The research sample consists of 182 participants, including university lecturers in media studies and journalists from the governorates of Sulaymaniyah, Erbil, Duhok, and Halabja, as well as representatives from independent administrative bodies. The main findings reveal that media institutions in the Kurdistan Region largely operate within existing media laws; however, the absence of a dedicated digital media law has significantly contributed to the spread of fake news and misinformation. The study also finds that the proliferation of fake pages and accounts represents a major source of media disorder, producing negative impacts on family and societal security. Based on these findings, the study concludes that establishing a specialized legal framework for digital media is an urgent necessity, as current media laws are insufficient to effectively address the evolving challenges of the digital media landscape in the Kurdistan Region.

**Keywords:**
Law, Digital Media, Impact, Media Chaos

# نەبوونی یاسای میدیای دیجیتاڵی و کاریگەرییەکانی لەسەر پشێوی میدیایی هەرێمی کوردستان

**پ.ی.د.کاوە ڕەزا محەمەد**
زانکـۆی پـۆلیتەکنیکی سـلێمانی، کـۆلێژی تەکنیکی کارگێری، بەشی تەکنیکی میدیا
Kawa.muhammad@sup.edu.iq

**م.د.هەرمن شێرکۆ نەسرەدین**
زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی، پەیمانگای تەکنـــــیکی دوکـــــان، بەشی پەیوەندییەگشتییەکان و بازارگەری
Harmn.sherko@spu.edu.iq

**م.د.سارا قادر محەمەد**
زانکـۆی سـلێمانی، کـۆلێژی زانسـتە مرۆڤایەتییەکـــان، بەشی ڕاگەیانـــدن
sara.mohammed@univsul.edu.iq

**پوختە**
ئامانجی ئەم تـوێژینەوەیە دەرخستنی هۆکارەکانی پشتەوەی ئەو پشێوییانەی میدیای دیجیتاڵی لە هەرێمی کوردستاندا بڵاوی دەکاتەوە، هەروەها کار لەسەر پەیوەندی نێوان نەبونی یاسای میدیای دیجیتاڵی و پشێوی میدیایی و کاریگەری چوارچێوە یاساییەکان لەسەر ڕێکخستنی ژینگەی میدیایی دەکات، کە هۆکاری دروست بوونی ئەم پشێوییە میدیاییەیە لەهەرێمی کوردستاندا. توێژینەوەکە میتۆدی وەسفی- شیکاری پەیڕەوکردووە و ئامرازی فۆرمی ڕاپرسی بەکارهێناوە بەمەبەستی بەستنەوەی بە ئامانجی توێژینەوەکە و لەهەمان کاتدا پشتی بە بەرنامەی ئاماری SPSS بەستوە بۆ شیکردنەوەی داتاو زانیاریەکان ، کە پێکدێت لە (١٨٢) لە مامۆستایانی زانکۆی بواری میدیا و ڕۆژنامەنوسانی پارێزگاکانی سلێمانی و هەولێرو دهۆك و هەڵەبجە و ئیدارە سەربەخۆکان. گرنگترین دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە دەریانخستووە کە دامەزراوە میدیاییەکانی هەرێمی کوردستان وابەستەنین بە یاسا کارپێکراوەکانی میدیاوە، هەروەها نەبونی یاسای میدیای دیجیتاڵی هۆکار بووە بۆ بڵاوبوونەوەی هەواڵی ساختەو چەواشەکاری لە هەرێمی کوردستاندا، توێژینەوەکە ئاماژە بەوە دەکات زۆری ژمارەی پەیج و ئەکاونتە ساختەکان سەرچاوەی سەرەکی پشێووی میدیایین لە هەرێمی کوردستان و کاریگەری خراپیان لە سەر ئاسایشی- خێزان و کۆمەڵگە دروستکردوە، هەر بۆیە بوونی پشێوی میدیای وادەکات کە یاسای تایبەت بە میدیای دیجیتاڵی پێویستیەکەی حەتمی بێت، چونکە یاسا کارپێکراوەکانی میدیا لەهەرێمی کوردستان نەیانتوانیوە وەڵامدەرەوەی کێشەکانی ئێستای میدیای دیجیتاڵیبن لە هەرێمی کوردستاندا.

**کلیلەوشەکان:**
یاسا، میدیای دیجیتاڵی، کاریگەری، پشێوی میدیایی

## پێشەکی
گەشەی تەکنەلۆژیاو بلاتفۆرمەکانی میدیای دیجیتاڵی لەم سەردەمەدا، جیهانیان کردۆتە شاشەیەکی بچوك، ڕۆژانە مرۆڤ بەرکەوتەی لەگەڵ سەدان زانیاری و هەواڵ لە شێوازو فۆرمی جۆراو جۆر دەبێت، ئەم خێرایەی تەکنەلۆژیای میدیا و کرانەوەی کوردستان بە ڕووی ئەم تەکنەلۆژیایەدا، هۆکاری دروست بونی سەدان جۆری میدیای بینراو و بیستراو و میدیای دیجیتاڵیین، هەروەها لە سایەی ئەو ئازادیەی کە لە کوردستاندا هەیە و ئەو پانتایەی کە یاساکانی بواری میدیا لە کوردستاندا بە میدیا و میدیاکاریان داوە، هاوتەریب لە گەڵ ئەو ململانێی کە لە نێوان میدیاکاران و میدیای فرە ڕەنگ و فرە ئاراستەدا لە ڕوانگەی حیزبی و حکومی و کەسی و سێبەرەوە دروست بوە، جۆرێك لە پشێوی و فەوزا لە کوردستاندا دروست بوە، ئەم پشێویانە کاریگەری نێگەتیڤیان لە سەر باری دەرونی تاکەکان و ئاسایشی- خێزان و کۆمەڵگە و کوردستان هەیە. نەبونی یاسایەکی تایبەت بە میدیای دیجیتاڵی و ڕێکخستنی ناوەڕۆکی میدیای دیجیتاڵی لە کوردستاندا، لە پاڵ ئەو پشێویەی کە هەیە، هۆکاری ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی " نەبونی یاسای میدیای دیجیتاڵی و کاریگەری لە سەر پشێوی میدیا لە کوردستاندا". ئەم توێژینەوەیە لە سێ بەشی سەرەکی پێك دێت بەم شێوەیە: بەشی یەکەم :تەرخانکراوە بۆ میتۆدنامەی توێژینەوەکە، کە تێیدا کێشەی توێژینەوە، گرنگی توێژینەوە، ئامانجەکان و میتۆدی کارکردن دیاری کراون. بەشی دووەم :چوارچێوەیەکی تیۆریە بۆ چەمکی میدیای دیجیتاڵی و پشێوی میدیا و یاسا بەرکارەکانی میدیا لە هەرێمی کوردستان. بەشی سێیەم :بۆ لایەنی پراکتیکی توێژینەوەکەو شیکاری داتاکان تەرخانکراوە، کە تێیدا ئەنجامەکان و دەرئەنجامەکان دەخرێنە ڕوو لە گەڵ چەند ڕاسپاردە وپێشنیازێك، لەگەڵ ئەو سەرچاوە زانستییانەی پشتیان پێبەستراوە.

### بەشی یەکەم: میتۆدنامەی توێژینەوەکە
**1. کێشەی توێژینەوە:**
کێشەی ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی نەبونی یاسای میدیای دیجیتاڵی و کاریگەری لە سەر پشێوی میدیایی لە هەرێمی کوردستاندا، خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە نارونیەك هەیە لەوەی نەبونی یاسای میدیای دیجیتاڵی فاکتەرە بۆ بڵاوبونەوەی ئەو هەموو پشێوی و بێ سەروبەریەی لە کایەی میدیای کوردستاندا هەیە، ئایا بونی یاسایەکی تایبەت بە میدیای دیجیتاڵی ئەتوانێت کاریگەری لە سەر ئەو پشێویە دابنێت کە لە کوردستاندا هەیە؟ ئەمانە و چەندین پرسیاری تر دەبنە ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوە زانستییە.

**٢.ئامانجی توێژینەوە:**
**ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە:**
١/ زانینی نەبونی یاسای میدیای دیجیتاڵی و کاریگەری لە سەر پشێوی میدیایی لە هەرێمی کوردستاندا.
٢/ دەرخستنی ڕای مامۆستایان و پسپۆڕانی بواری میدیا و ڕۆژنامەنوسانی کوردستان بۆ زانینی ڕادەی گرنگی بونی یاسای میدیای دیجیتاڵی بۆ کەمکردنەوەی ئەو پشێویەی لە کوردستاندا هەیە.

٣/ دیاریکردنی جۆری ئەو پشێویانەی لە میدیای دیجیتاڵی لەهەرێمی کوردستان بڵاو دەکرێنەوە.
٤/ دەرخستنی فاکتەرەکانی پشتەوەی ئەو پشێویانەی میدیای دیجیتاڵی لە کوردستاندا بڵاوی دەکاتەوە.
٥/ زانینی رادەی نەگونجاندنی ناوەرۆکی ئەو یاسا میدیایانەی لە هەرێمی کوردستاندا کاری پێ دەکرێت لەگەڵ ناوەرۆکی میدیای دیجیتاڵی و کاریگەری لە سەر پشێوی میدیایی لە هەرێمی کوردستاندا.

## ٣. گرنگی توێژینەوە:

گرنگیی ئەم توێژینەوەیە لەم ڕەهەندانەی خوارەوەدا دەردەکەوێت:
**گرنگی زانستی** : ئەمە یەکێکە لە توێژینەوە دەگمەنەکان کە لە سەر دوو لایەنی زۆر گرنگی کۆمەڵگە لێکۆڵینەوە دەکات، ئەویش نەبونی یاسای میدیای دیجیتاڵی و ئەو پشێویە میدیاییەی لە هەرێمی کوردستاندا هەیە، بەلە بەرچاوگرتنی وەرگرتنی رای دوو چینی گرنگی کۆمەڵگە کە ئەوانیش مامۆستایانی زانکۆ لە پسپۆری میدیا و رۆژنامەنوسانن، هەر بۆیە ئەم توێژینەوەیە دەبێتە وەڵامدەرەوەی ئەو نارونیەی کە نەبونی یاسایەکی تایبەت بە میدیای دیجیتاڵی تا چەند کاریگەری هەیە لە سەر بڵابونەوەی پشێوی میدیا لە کوردستاندا.
**گرنگی بۆ رۆژنامەنووسان**: گرنگی ئەم توێژینەوەیە بۆ رۆژنامەنوسان ئەوەیە کە داتاکانی دەبنە بنەمایەك بۆ ئەوەی رۆژنامەنوسان دور بکەونەوە لەو فاکتەرانەی کە دەبنە هۆی بڵاوکردنەوەی پشێوی میدیای لە کوردستاندا، هەروەها ئەم توێژینەوەیە دەبێتە هۆی دەرخستنی روئیای رۆژنامەنوسان سەبارەت بە بونی یاسایەك بۆ رێکخستنی ناوەڕۆکی میدیای دیجیتاڵی.

## ٤.میتۆدی توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی وەسفی شیکاریە، ئامرازی فۆرمی راپرسی تێدا بەکاردەهێنرێت بە مەبەستی دۆزینەوەی کارلێکی گۆراوەکان و بەستنەوەی بە ئامانجی توێژینەوەکە، بە وەرگرتنی رای مامۆستایانی میدیا و رۆژنامەنوسانی کوردستان.

## ٥.کۆمەڵگەی توێژینەوە:

کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە هەریەکە لە مامۆستایانی زانکۆی بواری میدیا و رۆژنامەنوسانن لە پارێزگاکانی سلێمانی و هەولێرو دهۆك و هەڵەبجە و ئیدارە سەربەخۆکان.

## 6. سامپڵی توێژینەوە:

سامپڵی توێژینەوە پێکدێت لە مامۆستایانی بەشی میدیا لە زانکۆکانی سلێمانی و صلاح الدين و دهۆك و پۆلیتەکنیکی سلێمانی و پۆلیتەکنیکی هەولێرو پۆلیتەکنیکی دهۆک و هەڵەبجە و رۆژنامەنوسانی کوردستان لە سەرجەم دامەزراوە میدیایەکانی کوردستان، توێژەران دوو سەدو پەنجا " 250 " فۆرمی راپرسیان بە شێوەی هەڕەمەکی مەبەستدار بەسەر بەرتوێژاندا دابەشکردوە، کۆی فۆرمی گەڕاوە بە شێوەی دروست و بێ کەم و کورتی 182فۆرم بوە، بەشێك لەو فۆرمانە نەگەڕاونەتەوە و دە کەسیشیان بە کەم و کورتیەوە ناردویانەتەوە، هەڵبژاردنی ئەم دوو توێژە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هەردوکیان لە گەڵ گۆڕاوەکانی ئەم توێژینەوەیەدا دەگونجێت، هاوکات هەردوو توێژەکە دەتوانن بە شێوەیەکی دروستر راو بۆچونی خۆیان لە سەر کاریگەری نەبونی یاسای میدیای دیجیتاڵی لە سەر پشێوی میدیایی لە هەرێمی کوردستاندا بخەنەڕوو.

## 7. ئامرازەکانی توێژینەوە:

توێژەران لە ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیەدا بۆ کۆکردنەوەی داتاکان پشتیان بە فۆرمی راپێوی بەستوە، وەك ئامرازێکی کۆکردنەوەی زانیاری لە رێگەی گوگڵ فۆرمەوە خراوەتە بەردەستی سامپڵی توێژینەوەکە، هەروەها توێژەران پشتی بە بەرنامەی ئاماری SPSS بەستوە بۆ شیکردنەوەی داتاو زانیاریەکان .

## 8. پێناسەی زاراوە سەرەکیەکانی توێژینەوەکە:

١/ **یاسا**: کۆمەڵێك بنەمایە، پەیوەندیە کۆمەڵایەتییەکان رێك دەخەن، پێویست و ئیلزامین، پەیرەوکردنیان پەیوەستە بە سزایەك کە دەسەڵاتی گشتی دەیسەپێنێت. (السنهوری بك، بێ ساڵ، ل٩)
مەبەست لە یاسا لەم تویژینەوەیەدا بۆ رێکخستن و فلتەرکردنی ناوەرۆکی میدیای دیجیتاڵییە، بە مەبەستی کەمکردنەوەی پشێوی و فەوزا و پاراستنی مافی کە س و کۆمەڵگەو دامەزاراوە، لە پێناوی بەرژەوەندی گشتی و پاراستنی ئاسایشی کۆمەڵگە.
**٢/ میدیای دیجیتاڵی:** ئەو پلاتفۆرمانەن کە ناوەرۆکی میدیایی بە شێوەی دیجیتاڵی دروستدەکەن و هاوبەشی دەکەن وەکو پلاتفۆرمەکانی سۆشیال میدیا، ئەپەکانی مۆبایل، میدیای بینراو و بیستراو وێبسایتەکان.
**٣/ پشێوی میدیایی:** مەبەست لە پشێوی میدیایی بریتییە لە دۆخێك کە تیایدا هەواڵ و زانیاری زۆر و جیاواز لە میدیای جۆراو جۆرەوە لە رێی میدیای دیجیتاڵیەوە ئاراستەی خەڵك دەکرێت کە تیایدا وەرگر و کۆمەڵگە توشی سەر لێشێواوی دەبن و ناتوانن زانیاری راست لە هەڵە جیا بکەنەوە و بڕیاری دروست بدەن، کە دەبێتە هۆی ترس و دڵەڕاوکێ و کەمبونەوەی متمانە بە میدیا.

## بەشی دووەم: تیۆرییینامەی توێژینەوەکە

### یەکەم: میدیای دیجیتاڵی و پشێوی میدیایی:

### ١/ میدیای دیجیتاڵی و جۆرەکانی:

پلاتفۆرمەکانی میدیای دیجیتاڵی بە ئامرازێکی بەهێز و کاریگەر دادەنرێت کە دەتوانرێت هەم بەشێوەیەکی باش بەکاربهێنرێت و هەم بەخراپ بەکاربهێنرێت. تەنانەت لەئێستادا پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان تەنیا لە دەستی تاکەکاندا نییە، بەڵکو دەتوانرێت لەلایەن بزووتنەوە و گرووپە جەماوەرییەکانەوە بەکاربهێنرێت. هەم وەک ئامرازێکی پەیوەندیکردن و هەم وەک چەکێکی کۆمەڵکوژی کاربکات. (TERZI, 2025, NET) چونکە جیهانی میدیای دیجیتاڵی وایکردووە بەرهەمهێنانی هەواڵ و زانیارییەکان گۆڕانکارییەکی گەورەی بەسەردا بێت و ببێتە هۆی سەرهەڵدانی دروستکردنی ناوەڕۆکی سەربەخۆ کە دەبێتە هۆی تەقینەوەی زانیارییەکان، کە زۆرجار سنوورە ئەخلاق و پیشەییەکان پشتگوێ دەخەن. (Selvi, 2024, net). ئێستا گواستنەوەی هەواڵ و زانیارییەکان گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە و پێگەی بینەران لە وەرگرەوە بۆ بەدەستهێنان و بەرهەمهێنەری چالاک گۆڕاوە و ئەمەش وایکردووە بەکارهێنەرانی تۆڕە دیجیتاڵییەکان زیاتر دەسەڵاتیان پێدەدرێت و دەستپێشخەری زیاتر دەکەن بۆ بەدەستهێنان و بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوە زانیارییەکان، لەلایەکی ترەوە بەهۆی نادیاربوونی ناسنامەی بەکارهێنەران لەنێو تۆرە دیجیتاڵییەکان و نەبوونی هەستی بەرپرسیارێتی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەبڵاوکردنەوەی هەواڵ و زانیارییەکان، و جەختکردنەوە لەسەر بەدواداچوونی قازانج و نەبوونی رێساو یاسا و سیستەمێکی رێکخستنی تۆرە دیجیتاڵییەکان، بووەتە هۆی سەرهەڵدان و بڵاوبوونەوەی پشێوی میدیایی. (Yu, 2023, p163). کەواتە میدیای دیجیتاڵی بریتییە لە هەر جۆرە میدیایەک کە پشت بە ئامێرە ئەلیکترۆنییەکان ببەستێت بۆ دابەشکردنی جۆرەکانی وەک وێنە و ڤیدیۆ و سۆشیال میدیا و ریکلامی دیجیتاڵی و ماڵپەر و بلۆگەرەکان، واتە میدیای دیجیتاڵی کارکردنە لەگەڵ میدیای ئەلیکترۆنی کە رێگە بە کەسانی دیکە دەدات بەرهەم یان خزمەتگوزارییەکانیان بە شێوەیەکی مەجازی ببینن (Indeed Editorial Team, 2025).

### ٢/ جۆرەکانی میدیای دیجیتاڵی:

**میدیای دیجیتاڵی بەپێی شێوازی بەکارهێنان و دابەشکردنیان بۆ چەند جۆرێکی سەرەکی دابەش دەبن:**

**١/ تۆرە کۆمەڵایەتییەکان (Social media):** ئامرازێکە لەرێگەیەوە بەکارهێنەران دەتوانن پرۆسەی پەیوەندیکردن و گفتوگۆیەکی کارلێککارانە لەنێوانیاندا ئەنجام بدەن بەمەبەستی ئاڵوگۆری زانیاری و بۆچونەکان یان ناساندنی بەرهەم و خزمەتگوزارییەکان. (هەرمن، ٢٠٢٣، ل١١٤) واتە ئەم تۆرانە رێگە بە بەکارهێنەران دەدەن ناوەڕۆک دروست بکەن و لەگەڵ یەکتر کارلێک بکەن، نموونەی تۆرەکۆمەڵایەتییەکان: فەیسبووک، ئینستاگرام، ئێکس (تویتەری پێشوو)، لینکدین، تیکتۆک، سناپ چات.

**٢/ ماڵپەڕ و بلۆگەکان (Websites & Blogs):** کورتکراوەی وێب لۆگ، بلۆگ بریتییە لە ماڵپەڕێکی زانیاری یان گۆڤارێکی کەسی کە لەلایەن تاکێک یان رێکخراوێک یاخود دامەزراوەیەکەوە بەڕێوەدەبرێت، زیاتر بۆ هاوبەشکردنی بۆچوونەکان لەسەر بابەتێکی دیاریکراو بەکاردێت، وەک بابەتی تەکنەلۆژیا یان مۆدە. (Noviantika G., 2026, web) هەروەها ماڵپەرەکان بریتییە لە کۆمەڵێک لاپەڕەی وێب کە بە HTML نووسراون، بۆ ئەوەی لە سەرانسەری جیهاندا دەستت پێ بگات و کۆمەڵێک زانیاری سەبارەت بەبابەتێکی دیاریکراو بڵاودەکەنەوە. وەک: ماڵپەری هەواڵی، ماڵپەری کەسی، بلۆگی تایبەت بە بابەتێکی دیاریکراو.

**٣/ کتێب و رۆژنامەی ئەلیکترۆنی (E-books & E-publications):** پێشتر خەڵک تەنها کتێبی چاپکراویان دەخوێندەوە بەڵام بەهۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا کتێبی دیجیتاڵی/کتێبی ئەلیکترۆنیش بەردەست کراون، ئەمەش لەلایەن ئەندریس ڤان دامەوە داهێنراوە،کتێبی ئەلیکترۆنی و بڵاوکراوەی ئەلیکترۆنی بۆ بەکارهێنان لەسەر ئامێرە ئەلیکترۆنییەکانی وەک کۆمپیوتەر، تابلێت، یان خوێنەری ئەلیکترۆنی دارێژراون، هەروەها بە شێوەیەکی گشتی بە شێوەی ئۆنلاین دابەزێنرێن یان دەخوێندرێنەوە. (Vanita and Moveen, 2017, p172) بۆ نموونە: کۆپی دیجیتاڵی کتێب، گۆڤار و رۆژنامەی دیجیتاڵی و فایلە ئەلکترۆنی و پی دی ئێفەکان.

**٤/ ئەپلیکەیشنەکانی مۆبایل(Mobile Apps):** ئەم بەرنامانە و نەرمەکاڵایانەن کە دیزاین کراوە بۆ کارکردن لەسەر مۆبایلێکی زیرەک، کۆمپیوتەر، تابلێت یان ئامێرە ئەلیکترۆنییەکانی تر، واتە ئەپەکان دیزاینێکیان هەیە کە بۆ کارێکی دیاریکراو دروستکراوە، زۆربەی ئەپەکان خزمەتگوزاری یان زانیاری دیجیتاڵی پێشکەش دەکەن وەک ئەپی هەواڵ، ئەپی فێرکاری، یارییە دیجیتاڵییەکان. (Varsha and Vijay, 2015, p1234)

**٥/ ریکلامی دیجیتاڵی (Digital Advertising):** وەک فۆرمێکی فرەلایەنەی بازارکردن دادەنرێت کە کەناڵ و تەکنەلۆژیا دیجیتاڵییەکان بۆ بەرزکردنەوەی بەرهەم، خزمەتگوزاری، یان براندەکان بەکاردەهێنێت، هەروەها ریکلامی ئۆنلاین کڕیارەکان ئاگادار دەکاتەوە دەربارەی ئەو براندانەی کە لە بازاڕدا بەردەستن بە شێوەی ئۆنلاین و جۆراوجۆری بەرهەمەکان، ریکلامی دیجیتاڵی سوود لە پلاتفۆرمە ئۆنلاینەکانی تری وەک ماڵپەر، ئەپی مۆبایل، پلاتفۆرمی ڤیدیۆیی و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وەردەگرێت، لەگەڵ ئەوەشدا ریکلامی ئۆنلاین باشترین رێگایە بۆ پەیوەندیکردن لەگەڵ کڕیارەکان. (Tahir, 2021, pp121-122)

**٦/ میدیای بینراو و بیستراو(Audio & Video Media):** لەگەڵ پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا، دەستڕاگەیشتن و جۆراوجۆری ناوەڕۆکی بینراو و بیستراو بەردەوامە لە فراوانبوون، ئەمەش کاریگەری لەسەر چۆنیەتی بەکارهێنانی زانیاری و کارلێککردنمان لەگەڵ ژینگە دیجیتاڵییەکان هەیە، میدیای بینراو و بیستراو ئاماژەیە بۆ ئەو پلاتفۆرمانەی کە پێکهاتەکانی دەنگ و بینراو و وێنە تێکەڵ دەکەن بۆ گەیاندنی زانیاری یان کات بەسەربردن، وەک تەلەفزیۆن، فیلم و ڤیدیۆی ئۆنلاین و پۆدکاستەکان. (Lily and Gabriel, 2024, web)

### دووەم/ پشێوی میدیایی و هۆکارەکانی دروستبوونی

### ١/ پشێوی میدیایی:

پشێوی میدیایی ئاماژەیە بۆ زۆری زانیاری و تێکەڵەیەک لە هەواڵەکان، نوێکارییەکانی سۆشیال میدیا، پۆدکاست، ڤیدیۆ و بابەتەکان کە کێبڕێ دەکەن بۆ سەرنجراکێشانی بەکارهێنەران (cooke , 2025, net) کەواتە پشێوی میدیایی کاتێک دروست دەبێت کە ناتوانرێت کۆنترۆڵی ناوەرۆک و پەیامە میدیاییەکان بکرێت و بەجۆرێک لەدەست دەردەچێت ئەستەمە بتوانیت زانیاری راست و ناراست لەیەک

جیابکەیتەوە و دەبێتە هۆی دروستبوونی ژینگەیەک کە تێیدا هەواڵە چەواشەکارەکان خێراتر لە ڕاستییەکان بڵاودەبنەوە، لە بەر ئەوەی هەموو تاکێکی کۆمەڵگە بووەتە میدیاکارو ڕۆژنامەوان.

**٢/ هۆکارەکانی دروست بوونی پشێوی میدیایی:**

**١/ کێبرکێی خێرایی لەبڵاوکردنەوەی زانیارییەکان:** باری زۆری زانیاری لە چەندین کەناڵەوە و کێبڕکێی دەزگاکانی ڕاگەیاندن بۆ ئەوەی یەکەم سەرچاوە و دەزگای میدیایی بن لە بڵاوکردنەوەی هەواڵ و زانیارییەکان، وایکردووە وردبینی لە ڕاستی و دروستی زانیارییەکان فەرامۆش بکەن و هەڵەی زۆر بکەن، تەنانەت سەختیش بێت بتوانن سەرچاوە باوەڕپێکراوەکان دەست نیشان بکەن، چونکە ڕەوتی خێرای پەرەپێدان و بڵاوکردنەوەی ناوەڕۆک، دۆخێکی دروست کردووە کە ڕاستی و درۆ تێیدا تێکەڵ بووە. (Ali, 2022, net)

**٢/ شۆڕشی گەشەکردنی تەکنەلۆژیا:** بڵاوبوونەوەی ئینتەرنێت و مۆبایلی زیرەک و ئەپەکانی سۆشیال میدیا و زیرەکی دەستکرد وایکردووە هەموو کەسێک بتوانێت لە چرکەیەکدا ببێتە دروستکەری ناوەڕۆک و هەواڵ و زانیاری بڵاوبکاتەوە، بە شێوەیەکی بەرفراوان دان بەوەدا دەنرێت کە سۆشیال میدیا و ئامرازەکانی زیرەکی دەستکرد لەم دواییانەدا، توانای بڵاوکردنەوەی زانیاری هەڵە بە خێرایی و بۆ هەر تاکێک یان گروپێک کە توانای دەستڕاگەیشتنی بە ئینتەرنێت هەبێت، زیادیکردووە. تەنانەت توێژەران بەو ئەنجامە گەیشتوون کە هەواڵ و زانیاری ناڕاست و درۆ، خێراتر و دوورتر بڵاودەبێتەوە و قووڵتر دەچێتە ناو پلاتفۆرمەکانی سۆشیال میدیا کاتێک بەراورد دەکرێن بە زانیاری ڕاستەقینە.(Bellocchi, et al., 2025, p2)

**٣/ نەبوونی ڕێسا و یاسای توند :** لە زۆرێک لە وڵاتانی جیهان ڕێسا و یاسایەکی تۆکمە نییە بۆ سزادانی ئەو کەسانەی هەواڵ و زانیاری ناڕاست و بێ بنەما و چەواشەکارانە لە تۆڕە دیجیتاڵییەکان بڵاودەکەنەوە، هەر بۆیە بەکارهێنانی پلاتفۆرمەکانی سۆشیال میدیا و سەرهەڵدانی زیرەکی دەستکرد وەک سەرچاوەیەکی زانیاری، وایکردووە پێشنیازی ڕێسا و یاسای تایبەت بە میدیای دیجیتاڵی و تۆڕە دیجیتاڵییەکان بکرێت، تاکو هەوڵی کەمکردنەوە یان ڕێگری کردن لە کاریگەرییەکانی زانیارییە ناڕاست یان زیانبەخشەکان بکات کە بە شێوەی ئۆنلاین بڵاودەبێتەوە کە ڕێسا و یاساکانی ئێستا نایانگرێتەوە. (Chesterman, 2024, p934).

**٤/ ئامانجی سیاسی و بازرگانی :** لێرەدا مەبەست لە گروپێک لەبەکارهێنەران لەڕێگەی دروست کردنی پەیج و ئەکاونتی ساختەوە لە ناو پلاتفۆرمە جیاوازەکانی سۆشیال میدیاوە هەواڵ و زانیاری ناڕاست و درۆ بڵاودەکرێتەوە، لەلایەن لایەنێکی سیاسیەوە ئاراستە دەکرێن بۆ شێواندنی ڕای گشتی و ڕاستییەکان، هەروەها هەندێک جار بۆ هێرشکردنە سەر نەیارە سیاسییەکان و ناوزڕاندنیان بە وێنەی دەستکاری کراو یان تۆمەتی بێبنەما، تا پێگەی جەماوەرییان لاواز بکەن و دەنگی ڕەخنەگرە ڕاستەقینەکان کپ بکرێت، زۆرجار پڕوپاگەندەی بە ئەنقەست کە لەلایەن هێزە ناوخۆیی یان بیانییەکانەوە بڵاودەکرێنەوە کە دەبنە هۆی گۆڕینی ئاراستە و بۆچوونە سیاسییەکانی خەڵک. ( Chakrabarti, et al., 2025, p2) هەروەها کاریگەرییە خراپەکانی بڵاوکردنەوەی زانیاری ناڕاست و هەڵە دەبنە هەڕەشەیەک بۆ سەر دیموکراسی و کردەوەی توندوتیژی و ململانێ سیاسیەکان، بزووتنەوە جەماوەرییەکان، هەڕەشە سەربازییەکان و مەترسییە تەندروستییەکان، کە دەتوانێت متمانە بە دامەزراوەکان بشێوێنن. (Yucong and Yukun, 2025, p18) بەهەمان شێوە زۆربەی شەڕە سیاسی و مەزهەبییەکان بەهۆی زانیاری هەڵەوە دەست پێدەکات، ئەمەش زەمینە بۆ پێکدادانی تائیفی و نەتەوەیی خۆش دەکات. (Ali, 2022, net) . لەلایەکی ترەوە، ئامانجی دروستکردنی پشێوی میدیایی ئامانجی بازرگانی و ئابوورییە، بەشێوەیەک زانیاری دەبێتە کاڵا بەمەبەستی زیادکردنی ژمارەی بینەر و کۆمێنت، زۆرجار کار لەسەر ئەو بابەتانە دەکرێت کە دەزانن دەبێتە بابەتی گەرمی ناو تۆڕەکانی سۆشیال میدیا و پشێوی دروست دەکەن و هیچ بەرپرسیارێتییەک هەڵناگرن و زانیارییەکان دەسڕنەوە، یان لەڕێگەی سەرچاوەی نادیار و هەژماری ساختەوە هانی توندوتیژی دەدەن و هەندێک بابەت و دەربڕینی چەواشەکارانە بەکاردەهێنن بۆ بڵاوکردنەوەی زانیاری ناڕاستەقینە و نادروست، کە زۆرجار تەنها مەیلیان هەیە بەدوای قازانجی ئابووریدا بگەڕێن نەک ڕەسەنایەتی زانیاری.(Yu, 2023, p160)

**٣/ پشێوی میدیایی و جۆرەکانی:**

**یەکەم/ پشێوی زانیاری:** چەندین چەمکی جۆراوجۆر هەیە کە دەچنە چوارچێوەی پشێوی زانیارییەوە و هەریەک لەو چەمکانە تایبەتمەندییەکیان هەیە دەتوانن لە ڕێگەی پلاتفۆرمەکانی سۆشیال میدیاوە ببنە هۆی نارەحەتی و کاریگەریی جۆراوجۆر، وەک زانیاری ناڕاست و درۆ، سپامەکان، دەنگۆ، هەواڵی ساختە و هاشتاگەکان، تەنانەت بەڕێوەبەرانی کۆمپانیاکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیش بۆیان قورسە، کە دیاری بکەن ئایا کام زانیارییە هەڵەیە ئایا بە ئەنقەست دروست دەکرێت یان نا. (Wu, et al., 2018, p81) کەواتە پشێوی زانیاری بۆ ژینگەیەک بەکاردەهێنرێت کە تێیدا هەواڵ و زانیارییەکان بەشێوەیەکی نارێک و دوور لەڕاستی و زیانبەخش بڵاودەکرێتەوە بەشێوەیەک زانیاری ڕاست و درۆ تێکەڵ دەبن. چەمکی **"پشێوی زانیاری (Information Disorder)"** لە لایەن توێژەر "کلێر واردڵ (Claire Wardle)" پەرەی پێدراوە و دابەشی کردووە بەسەر سێ جۆر لەفەوزا و هەریەک لەو جۆرانەدا بەپێی ئامانجی دیاریکراو دەتوانێت ببێتە هۆی پشێوی میدیایی، جۆرەکانیش بریتین لە:

**١/ زانیاری هەڵەی بێمەبەست " بێ فریودان (Mis-information) " :** زانیاری هەڵە بریتییە لە زانیاری ناڕاست کە بەبێ مەبەست و هیچ زیانێک لەلایەن بەکارهێنەرانەوە بڵاودەکرێتەوە، لەم جۆرەدا زانیارییەکە ناڕاستە، بەڵام ئەو کەسەی بڵاوی دەکاتەوە مەبەستی خراپی نییە زۆرجار بەکارهێنەران بەهۆی نەبوونی هۆشیاریی میدیایی یان بەهۆی پەلەکردن یان بەبێ وردبینی، هەواڵێکی درۆ (وەک کۆچی دوایی کەسایەتییەک یان دەنگۆیەک یان پروپاگەندەیەک) بڵاودەکەنەوە، هەر بۆیە ئەو کەسەی ئەم جۆرە پەیامانە هاوبەش دەکەن لەپلاتفۆرمەکانی سۆشیال میدیا ئاگاداری ناوەڕۆکی نادروستی زانیارییەکان نییە. (Nasidi, 2021, pp8-9). بەپێی توێژینەوەیەک تەنانەت هەندێک جار بڵاوبوونەوەی زانیاری هەڵە لە ڕێگەی پلاتفۆرمەکانی سۆشیال میدیاوە دەتوانێت مەترسی فراوان بۆ سەر پرۆسەی دیموکراسی و تاکەکانی کۆمەڵگە دروست بکات، کارلێکی بەکارهێنەران لەگەڵ ناوەڕۆکی زانیاری هەڵە بە شێوەیەکی بەردەوام بەرزبووەتەوە بەتایبەتی لە هەردوو پلاتفۆڕی فەیسبووک و تویتەر. (Allcott, et al., 2019, pp6-7)

**٢/ زانیاری ناڕاست بەئەنقەست "فریودان" (Dis-information):** زانیاری ناڕاست ئەو زانیارییە کە درۆیە و دەتوانین بڵێین کە مەترسیدارترین جۆری زانیارییە و جەوهەری پشێوی میدیایی پێکدەهێنێت، زانیارییەکە ناڕاستە و بە ئەنقەست بۆ مەبەستی فریودان و

خراپ و تێکدان بڵاودەکرێتەوە یان بۆ زیانگەیاندن بە کەسێک، گروپێکی کۆمەڵایەتی، ڕێکخراوێکی دیاریکراو یان وڵاتێک ئامادەکراوە. (Claire and Hossein, 2017, p20)

**٣/ زانیاریی خراپ (Mal-information)** :زانیاری خراپ ئەو زانیاریانەن کە لەسەر بنەمای واقیع دامەزراون، واتە زانیاری ڕاستەقینە هاوبەش دەکەن و بەکاردێن بۆ زیانگەیاندن بە کەسێک، ڕێکخراوێک، وڵاتێک یان لایەنێک بە شێوەیەکی نادروست. (Maret, 2025, p3)

**دووەم/ پشێوی مەعریفی و پشێوی کولتووری:**

یەکێکە لە مەترسیدارترین جۆرەکانی پشێوی میدیایی، ئەم جۆرە لە پشێوی کاریگەرییەکەی تەنها لەسەر زانیاری و هەواڵ نییە، بەڵکو ڕاستەوخۆ کار دەکاتە سەر بیرکردنەوەی مرۆڤ و پێکهاتەی بەهاکانی کۆمەڵگە. بۆیە لە جیهانێکدا کە پڕە لە پشێوی میدیایی، ئاسانە هەست بە ونبوون بکەیت بەهۆی ئەو هێرشە بەردەوامەی زانیارییەکانەوە، چونکە لە سایەی گەشەکردنی میدیای دیجیتاڵیدا، مرۆڤ ڕووبەڕووی لێشاوێکی فراوانی زانیاری دەبێتەوە کە خێراترە لە توانا و بیرکردنەوەی مرۆڤ بۆ شیکردنەوە، ئەویش بەهۆی زۆری فۆرمەکانی دەق، وێنە، ڤیدیۆی کورت و دروست بوونی ئەی ئای و خزمەتگوزارییەکانی وایکردووە توانای بیرکردنەوەی مرۆڤ بۆ تێڕامان و خوێندنەوەی قوڵ کەم بووەتەوە و نەتوانێت بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانەی هەبێت و کۆمەڵگەی تووشی شێواوی مەعریفی کردووە، بەجۆرێک تاکەکانی کۆمەڵگە چیتر ناتوانن لەناو لێشاوی زانیارییە بێ بەهاکاندا، زانیارییە بەسوود و زانستییەکان بدۆزنەوە، چونکە زانیاری و پەروەردە خراونەتە خزمەت کاتبەسەربردنەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی نزمبوونەوەی ئاستی ڕۆشنبیری گشتی کۆمەڵگە.

**سێیەم/ پشێوی دامەزراوەیی و سیاسی:**

ئەم جۆرە پشێوییە باس لەوە دەکات کە چۆن دامەزراوەکانی وەک حکومەت، پارتە سیاسییەکان، و دەزگاکانی ڕاگەیاندنی تەقلیدی کۆنترۆڵی خۆیان بەسەر زانیاریدا لەدەستداوە و ناتوانن هەواڵ و زانیارییەکان بەپێی بەرژەوەندییەکانی خۆیان و ئەو ڕێوشوێنانەی دادەنرا وەک فلتەرکردنی زانیارییەکان پێش بڵاوبونەوەیان کۆنترۆڵ بکەن. زۆرجار دەسەڵاتە سیاسییەکان و دامەزراوە فەرمییەکان لەهەندێک بارودۆخدا ناتوانن ڕاستییەکان بشارنەوە و ڕای گشتی بەتەواوی ئاراستە بکەن، تەنانەت ناتوانن گوتارێکی یەکگرتوو ئاراستەی خەڵک بکەن، چونکە هەزاران میدیای سێبەر و تایبەت لەبەرامبەریاندا هەن و ناتوانن پێشبینی کاردانەوەکان بکەن بۆیە زۆرجار لایەنە سیاسیەکان پەنا دەبەنەبەر دروستکردنی میدیای سێبەر و سەدان پەیج و ئەکاونتی ساختە بۆ شێواندنی ڕاستییەکان یان هێرشکردنە سەر نەیارەکانیان. لە پشێوی دامەزراوەییدا، بەهۆی ئەو لێشاوە بێسەروبەرەیەی لە پلاتفۆرمەکانی سۆشیاڵ میدیاوە سەری هەڵداوە، وایکردووە ڕووداوێکی زۆر بچووک یان گرتە ڤیدیۆیەکی زۆر کورت گەورەترین کاریگەری و کاردانەوە دروست بکات و دەسەڵات بخاتە ئامادەباشییەوە ، زۆرجار دەتوانێت ببێتە هۆی گۆڕانکارییەکی گەورەی جیهانی یان دروستکردنی خۆپیشاندانی فراوان، ئەمەش وادەکات هیچ دامەزراوەیەک نەتوانێت پێشبینی کات و شوێنی ئەم ڕووداوانە بکات. کەواتە توێژەران پێیان وایە، نەبوونی یاسای میدیای دیجیتاڵی وکاریگەرییەکانی پشێوی میدیایی تەنها لە چوارچێوەی شاشەی مۆبایلەکاندا نامێننەوە، بەڵکو ڕاستەوخۆ دەگەنە ناو قووڵایی خێزان و دامەزراوەکانی دەوڵەت و تەنانەت کاریگەری لەسەر ژیانی ڕۆژانەی خەڵک هەیە، نەبوونی یاسا وایکردووە کە سۆشیاڵ میدیا ببێتە گۆڕەپانێک بۆ شەڕی دەروونی، ناوزڕاندنی کەسایەتییەکان، و هەڕەشە لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی و مەترسی لەسەر سەقامگیری کۆمەڵایەتی، بۆیە ئەم پشێویە وادەکات متمانەی نێوان هاووڵاتی و دەزگا میدیاییە ڕەسمییەکان لاواز بکات.

**سێیەم / بۆشایی یاسایی لە ڕێکخستنی میدیای دیجیتاڵی-دا**

یاسا گوزارشتە لەو پرنسیپە گشتیانەی کە بۆ ریکخستنی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان لە لایەن لیژنەی دادوەران وتاکەکانی کۆمەڵگاوە پەسەندکراوە، کە خاوەنی گەرەنتیەکی جێبەجێکاریانەیە.( کارزان، ٢٠١٧، ل١٥)، هەر بۆیە یاساکان ڕۆڵی گرنگ لە ڕێکخستنی کاری میدیایدا دەبینین"دەبنە بەرمەبنای وابەستەبونی ڕۆژنامەنوسان و میدیاکاران بە بنەماکانی ئێتیکی میدیای ومیساقی شەرەفی میدیایەوە، هەرچەندە لە کاری میدیایدا ویژدانی میدیاکار دادوەر و جێبەجێکارە. (هاوژین، ٢٠١٢، ل ٧ )، بەڵام بونی یاسا و ڕێکخستنی چوارچێوەی یاسای بۆ میدیاکار فاکتەرێکی کاریگەرە بۆ زیاتر بابەتی بون وتێکەڵنەکردنی بابەتە کەسیەکان بە بابەتە پیشەییەکان. ئەو پێشکەوتنە فراوانەی ئەمڕۆ میدیا بە گشتی و سۆشیال میدیا بە شێوەیەکی تایبەتی لە روی تەکنیك و کرانەوەو ئازادی وتن و رادەربڕینەوە بە خۆوەی بینیوە دنیای کردۆتە شاشەیەکی بچوك"بە ملوێنان زانیاری جۆراو جۆر لە بەردەستی میدیاکارو خەڵك و بەکارهێنەردان"سۆشیال میدیا و هەموو ئەو ئەپلیکەیشنانەی کە خزمەتگوزاری فرەجۆر پێشکەشی جەماوەر دەکەن، لە کوردستان و عێراقدا هیچ فلتەرو سانسۆرێك نیە لە سەر ناوەرۆکی ئەو هەموو بابەتانەی لیەوەی ئاراستەی خەڵك دەکرێت. ئەو ئازادییە فراوانەی سۆشیال میدیا بە خەڵکی بەخشیوە و ئەو فۆرمە رەهایەی لە هەرێمی کوردستاندا لە سۆشیال میدیادا هەیە، ئەگەری هەیە فاکتەری بەشێك لەو پشێویە میدیایە بێت کە لە هەرێمی کوردستاندا هەیە، داکۆکی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی وسەندیکاکان و میدیاکاران بۆ ئازادی رادەربڕین ، دەکرێ هۆکاری قۆرخکردنی ئەو ئازادیانە بێ بۆ دروستبونی جۆرێك لە پشێوی و کەمکردنەوەی ئازادی ئەوانی تر لە بەر ئەوەی تاك مافی هەیە لە پاراستنی نهێنیە کەسیەکان و پارێزگاری لە ناوبانگی لە ناوزڕاندن وجنێودان، هەرچەندە ئازادی رادەربرین و قسەکردن لەو بەدیهیانەن کە دەستورو یاساکان جەختی لێ دەکەنەوە لە کۆمەڵگە جیاوازەکاندا. (حسن مکاوی، ٢٠٠٣ ، ل١٥)

**چوارەم/ بۆشایی یاسایی و پشێوی میدیایی لە هەرێمی کوردستان-دا:**

لە هەرێمی کوردستاندا سێ یاسا و رێنماییەك بۆ رێکخستنی کاری میدیا و رۆژنامەوانی دەرچوە، لە گرنگترین ئەو یاسایانە، یاسای رۆژنامەگەری ژمارە ٣٥ ساڵی ٢٠٠٧ پەرلەمانی کوردستانە، ئەم یاسایە لە پێنج بەش و دە مادە و چەندین بەند و برگە پێك دێت، لە فاکتەرە پێویستیەکانی دەرچواندنی ئەم یاسایە: بۆ ئەوەیە کاری رۆژنامەگەری بە جۆرێکی وا رێك بخات کە لەگەڵ گیانی سەردەم و گەشەسەندنەکانیدا بگونجێ و وابکات هاووڵاتی ئاگاداری راستیی رووداوەکان بێ و لە پێناو دابین کردنی پێداویستیەکانی ئازادی رۆژنامەگەری بە روونی و پیشەیی و دەربڕینی بیروبۆچوونەکان، بۆ بەشداری کردنێکی کاریگەر لە دامەزراندنی کۆمەڵی مەدەنی و رەخساندنی پرانسیپەکانی

دیموكراسی و مافی مرۆڤ. (سایتی پەرلەمانی كوردستان ٢٠٢٦/٢/١٠ ). لە گرنگترینی ناوەڕۆكی ئەم یاسایە زیاتر بۆ كاری چاپەمەنی و ڕۆژنامەی كاغەزە، هەروەكو لە مادەی یەكەم خاڵی شەشەم بەم شێوەیە پێناسەی ڕۆژنامەگەری كردوە، هەر چاپكراوێك كە بە شێوەیەكی خولی و بە ناوێكی دیاریكراو و بە ژمارەی ڕیز بەندو بەرێكوپێكی دەربچێ و دابەش بكرێ. لە باشترین مادەكانی ئەم یاسایە ئەوەیە كە حەسانەی داوەتە ڕۆژنامەنوس و تەنها لە كاتی پێشێلكردنی ناوەرۆكی ئەم یاسایەدا غرامەی مادی دەكرێت نەك حەپس كردن.
یەكێكی تر لەو یاسایانەی لە هەرێمی كوردستان دەرچوە بۆ مەبەستی ڕێكخستنی كاری میدیای یاسای ژمارە١١ی ساڵی ٢٠١٣ بە ناوی مافی دەستكەوتنی زانیاری لەهەرێمی كوردستان-عێراق،كە لە پێنج بەش و بیست و دوو مادە پێكهاتوە، لە گرنگترین هۆكارەكانی دەرچونی ئەم یاسایە، بۆ چەسپاندنی پرنسیپی شەفافیەت وڕێكخستن و پێشكەشكردنی زانیاری دروست و مافی هاوڵاتیە لە دەسكەوتنیان. لە مادەی دوەمی خاڵی سێیەمی ئەم یاسایەدا هاتوە كە یەكێك لە ئامانجە سەرەكیەكانی ئەم یاسایە بۆ دابینكردنی كەشێكی لە بارە بۆ ئازادی ڕادەربڕین و پەخش و بڵاوكردنەوە (سەنتەری میترۆ، ٢٠٢٦/٢/١٠) بە پێی ناوەرۆكی ئەم یاسایە هاوڵاتی و میدیاكاران مافی بە دەستهێنانی هەموو زانیاریەكیان هەیە لە دام و دەزگاكانی حكومەتی هەرێمی كوردستان، بە جۆرێك دام و دەزگای گشتی و تایبەتی مەحكوم كردوە پێویستە وەڵامی داواكار لە پانزە ڕۆژ تێپەر نەكات. هەروەها حكومەتی هەرێمی كوردستان لە ڕێگەی وەزارەتی ڕۆشنبیریەوە ڕێنمایی ژمارە ١ ی ساڵی ٢٠١٤ دەركرد تایبەت بە ڕێكخستنی فریكوێنسی. سپەیس، ناوەڕۆكی ئەم ڕێنماییە بۆ ڕێكخستنی لایەنی تەكنیكی پەخشی. ڕادیۆ تەلەڤزیون و سەتەلایتە لە هەرێمی كوردستان.، (سایتی خزمەت، ٢٠٢٦/٢/١٠)، هەروەها كوردستان یاسای ژمارە ٦ ساڵی ٢٠٠٨ دەركرد تایبەت بە یاسای قەدەغەكردنی خراپ بە كارهێنانی ئامێرەكانی پەیوەندی كردن لە هەرێمی كوردستان، ئەم یاسایە لە هەشت مادەو سێ برگە پێكهاتوە، لە گرنگترین مادەكانی ئەم یاسایە، هەر كەسێك كە بە خراپە مۆبایل یان هەر ئامێرێكی پەیوەندی تەلدار یان بێ تەل یان ئینتەرنێت یان پۆستی ئەلكترۆنی بە مەبەستی هەرەشەكردن یا تۆمەت هەڵبەستن یان ناوزڕاندن كە لەگەڵ خوو ڕەوشتی گشتی ناگونجێن یان تایبەتمەندی كەسی و ژیانی خێزانی وتایبەتین، ئەوە كەسی تاوانبار بە ماوەیەك حەپس ئەكرێ كە لە شەش مانگ كەمتر نەبێت و لە پێنج ساڵ زیاتر نەبێت، یاخود بە غەرامەكردن كە لە یەك ملێون كەمتر نەبێت و لە پێنج ملێون زیاتر نەبێت، یان بە یەكێك لەو دوو سزایە سزدا دەدرێت. (سایتی پەرلەمانی كوردستان ٢٠٢٦/٢/١٠ ).
ئەوەی توێژەران هەستیان پێ كردوە، هیچكام لەو یاساو ڕێنمایانە ناتوانیت بە شێوەیەكی پراكتیكی مامەڵە لە گەڵ ناوەرۆكی میدیای دیجیتاڵی بكات لە هەرێمی كوردستان، واتە ناتوانرێت بە پێی بەندو مادەكانی ئەم یاسایانە دامەزراوەی میدیا و میدیاكار پابەندبكرێت، لە بەر نەبونی یاسایەك كە تایبەت بێت بە میدیای دیجیتاڵیو سۆشیال میدیا، لە كوردستاندا جۆرێك لە پشێوی و فەوزای میدیای دروست بوە، كە دواجار هۆكارێكی بنەڕەتیە لە بڵاوكردنەوەی هەواڵی ساختە، تێكدانی میزاجی گشتی و ناوزڕاندن و تەشهیركردن بە خەڵك و بەزاندنی تایبەتمەندیە كەسیەكان.

## بەشی سێیەم/ لایەنی مەیدانی توێژینەوەكە

ئەم بەشە تەرخانكراوە بۆ شیكردنەوە و خستنەڕووی ئەنجامەكانی لایەنی مەیدانی توێژینەوەكە كە لەڕێگەی فۆرمی ڕاپێوەوە زانیاریەكانی كۆكراونەتەوە لە سامپڵی توێژینەوەكە، هەروەها لەم بەشەدا دەرئەنجامەكان ئاشكرادەكرێن و ڕاسپاردە و پێشنیازەكان پێشكەشدەكرێن.

### تەوەری یەكەم: زانیاریە دیمۆگرافیەكان

**خشتەی (١): نمونەی توێژینەوەكە بەپێی گۆڕاوی تەمەن**

| تەمەن | دووبارە | ڕێژەی ٪ |
|---|---|---|
| ٢٢-١٨ | ٤ | %٢.٢ |
| ٢٧-٢٣ | ٨ | %٤.٤ |
| ٣٢-٢٨ | ٨ | %٤.٤ |
| ٣٧-٣٣ | ٢٤ | %١٣.٢ |
| ٤٢-٣٨ | ٥٣ | %٢٩.١ |
| ٤٧-٤٣ | ٤٤ | %٢٤.٢ |
| ٥٢-٤٨ | ٢٤ | %١٣.٢ |
| ٥٧-٥٣ | ١١ | %٦ |
| ٥٨ و زیاتر | ٦ | %٣.٣ |
| كۆی گشتی | ١٨٢ | ١٠٠٪ |

خشتەی (١) ،كە تایبەتە بە گۆڕاوی تەمەن بەرزترین ئاستی تەمەنی بەشداربووان ٢٩.١٪ كە ئاستی تەمەنیان لە نێوان ٣٨-٤٢ ساڵە، وە پلەی دووەم ئاستی تەمەنی ٤٣-٤٧ ساڵە كە بەرێژەی ٢٤.٢٪ وە كەمترین بەشداربووان تەمەنیان لە نێوان ١٨-٢٢ ساڵدایە بە ڕێژەی ٢.٢٪.

**خشتەی (2): نمونەی توێژینەوەکە بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز**

| ڕەگەز | دووبارە | ڕێژەی ٪ |
|---|---|---|
| نێر | ١٤٢ | %٧٨ |
| مێ | ٤٠ | %٢٢ |
| کۆی گشتی | ١٨٢ | ١٠٠٪ |

خشتەی ژمارە (٢) تایبەتە بە گۆڕاوی ڕەگەز ١٤٢ کەس لە ڕەگەزی نێر بەشداربووە بە ڕێژەی ٧٨٪، وە ٤٠ کەس لە ڕەگەزی مێ بەشدار بوون بە ڕێژەی ٢٢٪.

**خشتەی (٣): نمونەی توێژینەوەکە بەپێی گۆڕاوی ئاستی خوێندن**

| ئاستی خوێندن | دووبارە | ڕێژەی ٪ |
|---|---|---|
| بنەڕەتی | ٣ | %١.٦ |
| ئامادەیی | ٦ | %٣.٣ |
| دبلۆم | ٩١ | %٥٠ |
| بەکالۆریۆس | ١ | %٥ |
| ماستەر | ٤٦ | %٢٥.٣ |
| دکتۆرا | ٣٥ | ١٩.٢ |
| کۆی گشتی | ١٨٢ | ١٠٠٪ |

خشتەی (٣) تایبەتە بە ئاستی خوێندن بەرزترین ڕێژەی بەشداربوان ٥٠٪ کە هەڵگری بڕوانامەی دبلۆمن، دووەم ئاستی بەشداربوون بە ڕێژەی ٢٥.٣٪ هەڵگەری بڕوانامەی ماستەرن وە بە ڕێژەی ٥٪ هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆسن.

**خشتەی (4): نمونەی توێژینەوەکە بەپێی گۆڕاوی شوێنی دانیشتوان**

| شوێن | دووبارە | ڕێژەی ٪ |
|---|---|---|
| هەولێر | ٣١ | %١٧ |
| سلێمانی | ١٤٥ | %٧٩.٧ |
| هەڵەبجە | ٦ | ٣.٣ |
| کۆی گشتی | ١٨٢ | ١٠٠٪ |

خشتەی ژمارە (٤) تایبەتە بە شوێنی نیشتەجێبوون کە ١٤٥ کەس و بە ڕێژەی ٧٩.٧٪ دانیشتوانی سلێمانی بوون، بەشداربوانی هەولێر ٣١ کەس و بە ڕێژەی ١٧٪ بوون وە تەنها ٦ کەس لە هەڵەبجە بەشداربوون کە دەکاتە ٣.٣٪. بەڵام ئەو فۆرمانەی کە لە پارێزگای دهۆک دابەشکراون نەگەڕاونەتەوە بۆ توێژەران.

**خشتەی (٥): نمونەی توێژینەوەکە بەپێی گۆڕاوی پیشە**

| پیشە | دووبارە | ڕێژەی ٪ |
|---|---|---|
| مامۆستای زانکۆ | ٦٥ | %٣٥.٧ |
| ڕۆژنامەنووس | 117 | %٦٤.٣ |
| کۆی گشتی | ١٨٢ | ١٠٠٪ |

لە خشتەی ژمارە (٥) دا کە تایبەتە بە گۆڕاوی پیشە ١١٧ ڕۆژنامەنوس بە ڕێژەی٦٤.٣٪بەشداربوون بەڵام تەنیا٦٥ مامۆستای زانکۆ بە ڕێژەی ٣٥.٧٪بەشداریان کردووە،ئەم ڕێژەیە دەریدەخات کە ڕۆژنامەنوسان بەشداریەکی کاریگەریان لەم توێژینەوەیەدا هەبوە،هەرچەندە بەراورد بە مامۆستایانی زانکۆی لە بەشەکانی میدیا ڕۆژنامەنوسان زۆر زیاترن.

**خشتەی (٦): ناوەندی شیاو و لادانی پێوەری و گرنگی ڕێژەیی و ئاستی برگەکانی نەبوونی یاسای میدیای دیجیتاڵی**

| برگە | زۆر هاوڕام | هاوڕام | تارادەیەک | هاوڕا نیم | هیچ هاوڕا نیم | ناوەندی شیاو | لادانی پێوەری | گرنگی ڕێژەیی | ئاست |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | د | د | د | د | د | Mean | SD | RI | Level |
| | ٪ | ٪ | ٪ | ٪ | ٪ | | | | |
| دامەزراوە میدیایەکانی هەرێمی کوردستان وابەستەن بە یاسا کارپێکراوەکانی میدیا. | 5 | 39 | 17 | 103 | 18 | 2.51 | 1.023 | %50 | مامناوەند |
| | 2.7 | 21.4 | 9.3 | 56.6 | 9.9 | | | | |
| بوونی یاسای تایبەت بە میدیای دیجیتاڵی پێویستیەکی هەنوکەییە بۆ ڕێکخستنی کاری میدیایی لە هەرێمی کوردستان. | 93 | 70 | 5 | 10 | 4 | 4.31 | 0.931 | %86 | زۆر بەرز |
| | 51.1 | 38.5 | 2.7 | 5.5 | 2.2 | | | | |

| برگە | زۆر هاوڕام | هاوڕام | تارادەیەک | هاوڕا نیم | هیچ هاوڕا نیم | ناوەندی شیاو | لادانی پێوەری | گرنگی ڕێژەیی | ئاست |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | د | د | د | د | د | Mean | SD | RI | Level |
| | ٪ | ٪ | ٪ | ٪ | ٪ | | | | |
| دیجیتاڵ میدیاکانی کوردستان ، بە بێ بوونی هیچ یاسایەک توانیویانە مامەڵەیەکی دروست لەگەڵ ڕووداوەکاندا بکەن. | 10 | 24 | 30 | 99 | 29 | 2.43 | 1.079 | %49 | نزم |
| | 5.5 | 13.2 | 16.5 | 48.9 | 15.9 | | | | |
| نەبوونی یاسای میدیای دیجیتاڵی هۆکار بووە بۆ بڵاوبوونەوەی زانیاری چەواشەکارو هەواڵی ساختە | 68 | 87 | 6 | 15 | 6 | 4.08 | 1.016 | %82 | بەرز |
| | 38.4 | 47.8 | 3.3 | 8.2 | 3.3 | | | | |
| زۆری ژمارەی پەیج وئەکاونتە ساختەو فەیکەکان سەرچاوەی سەرەکی پشێوی میدیاییە لە هەرێمی کوردستان. | 88 | 73 | 8 | 7 | 6 | 4.26 | 0.956 | %85 | زۆر بەرز |
| | 48.4 | 40.1 | 4.4 | 3.8 | 3.3 | | | | |
| حکومەت بەرپرسیارە لە بڵاوکردنەوەی پشێوی میدیایی لە هەرێمی کوردستان | 58 | 86 | 18 | 15 | 5 | 3.97 | 1.000 | %79 | بەرز |
| | 31.9 | 47.3 | 9.9 | 8.2. | 2.7 | | | | |
| یاسا کارپێکراوەکان (یاسای ژمارە "٣٥ " ڕۆژنامەنووسان -یاسای مافی بەدەستهێنانی زانیاری- خراپ بەکارهێنانی ئامرازەکانی پەیوەندیکرن- ڕێکخستنی فریکوێنسی—سپەیس (هەرێمی کوردستان). توانیویانە وەڵامدەرەوەی کێشەکانی ئێستای میدیای دیجیتاڵی بن. | 23 | 24 | 42 | 68 | 25 | 2.74 | 1.224 | %55 | مامناوەند |
| | 12.6 | 13.2 | 23.1 | 37.4 | 13.7 | | | | |
| **تێکرای کۆی گشتی** | | | | | | **3.47** | **0.550** | **%69** | بەرز |

خشتەی ژمارە (٦) کە تایبەتە بە، ناوەندی شیاو و لادانی پێوەری و گرنگی ڕێژەیی و ئاستی برگەکانی نەبوونی یاسای میدیای دیجیتاڵی، لە برگەی یەکەمدا بە ڕێژەی ٥٦.٦٪ هاوڕانین لەگەڵ ئەوەی دامەزراوە میدیاییەکانی هەرێمی کوردستان وابەستەبن بە یاسا کارپێکراوەکانی میدیاوە و بەرزترین ڕێژەیە لە وەڵامی ئەم برگەیەدا، بەڵام بە پلەی دووەم و بە ڕێژەی ٢١.٤٪ هاوران لەگەڵ وابەستەی دامەزراوەکان بە یاسا کارپێکراوەکانەوە کەمترین ڕێژە بە بری ٢.٧٪ زۆر هاوڕان لەگەڵ ئەوەی دامەزراوە میدیاییەکان وابەستەی یاساکانن. کەواتە لە ئەنجامی ئەم برگەیەوە بۆمان دەردەکەوێت کە یاسا کارپێکراوەکان جێی متمانە و بەهەند وەرگرتنی دامەزراوە میدیایەکان نین، بۆیە پابەند نین پێیانەوە، بە بۆچوونی توێژەران پێویستە جارێکیتر پێداچوونەوە بە سەرجەم ئەو برگەو خاڵانەدا بکرێن، کە لە یاسای ڕۆژنامەوانی هەرێمی کوردستاندا هەن و بە هەماهەنگی لەگەڵ دامەزراوە میدیاییەکاندا کەموکورتیەکانی چارەسەر بکرێن.

برگەی ٢، لە خشتەی (٦) کە تایبەتە بە بوونی یاسای میدیای دیجیتاڵی ٥١.١٪ کە هاوڕانین لەگەڵ ئەوەی دامەزراوە میدیاییەکانی هەرێمی کوردستان وابەستەبن بە یاسا کارپێکراوەکانی میدیاوە بەڵام، ٢.٢٪ کە کەمترین ڕێژەیە زۆر ناهاوران لە بوونی یاسا و بە بڕوای توێژەران ڕەنگە بە جۆرێک لە ترسی بزانن بۆ ئازادی تاکەکەسی و ئەم ترسەش لە جێی خۆیدا نییە چونکە دەرچواندنی یاساو ڕێنمایی لە دەستی خەڵکدایە و گەر باش نەبوو دەکرێت پێداچوونەوەی بۆ بکرێت و جارێکی تر چاک بکرێتەوە.

لە برگەی ٣ی خشتەی (٦) دا کە تایبەتە بە مامەڵەی دروستی دیجتاڵ میدیاکانی کوردستان سەرباری نەبوونی یاسا زۆرترین ڕێژەو بە پلەی یەکەم و بە ڕێژەی ٤٨.٩٪ هاوڕای بۆچوونی ڕاپرسیەکە نین. وە بە پلەی دووەم و بەرێژەی ١٦.٥٪ تارادەیەک هاوران لەگەڵ بۆچوونەکەدا بەڵام کەمترین ڕێژەو بە بری ٥.٥٪ هاوران لەگەڵ ئەوەی گەرچی یاساش نەبێت میدیای دیجیتاڵیکان توانیویانە پابەندو بە شێوەیەکی دروست و دوور لە ڕای خۆیان بە شێوەیەکی پیشەییانە کاری خۆیان بکەن، بەڵام بە ڕای توێژەران و بە پێی ئەو زۆرترین ڕێژەیەی کە ٤٨.٩٪ کە لایان وایە میدیای دیجیتاڵیکان ناتوانن بێلایەن وپرۆفیشناڵ بن و لەرێی تێبینیکردنی توێژەران و ئەو شێواز و کۆمێنتانەی بۆ میدیای دیجیتاڵیکان دەنوسرێت ئەو ڕاستیە دەسەلمێنن کە میدیای دیجیتاڵیکان بێلایەن نین پرۆفیشناڵانە کارناکەن.

لەبرگەی ٤دا کە تایبەتە بە نەبونی یاسای میدیای دیجیتاڵی هۆکار بووە بۆ بڵاوبوونەوەی هەواڵی ساختەو چەواشەکاری زۆرترین ڕێژەو بە پلەی یەکەم کە ٤٧.٨٪ زۆر هاوران لەگەڵ بۆچوونەکەداو وە ٣٨.٤٪ هاوران لەگەڵا هەمان بۆچووندا و بە پلەی دووە دیان بەڵام بەرێژەی ٣.٣٪ تارادەیەکی هیچ هاورانیمان دەستنیشان کردووە، کە کەمترین ڕێژەن. ئەم برگەیە کە بە روحی توێژینەوەکە و خاڵی سەرەکی دادەنرێت لای توێژەران کە دەکرێت زۆرترین لەسەر وەستان و قسەی لەسەر بکرێت چونکە ئەو بەربڵاوی و پشێویەی ئەمرۆ لە میدیای دیجیتاڵیکانی کوردستان بەدی دەکرێت ڕاستی وەڵامەکان دەسەلمێنن.

لە برگەی ٥ ی خشتەکەدا، کە تایبەتە بەزۆری ژمارەی پەیج و ئەکاونتە ساختەکانی کە سەرچاوەی سەرەکی پشێووی میدیایین لە هەرێمی کوردستان بە پلەی یەکەم بە ڕێژەی ٤٨.٤٪زۆر هاورای بۆچوونەکەن و بە پلەی دووەم و بە ڕێژەی ٤٠.١٪هاورای هەمان بۆچوون و کە ئەمانە ڕێژەیەکی بەرزن لەو پرسەدا، بەڵام تەنیا ٣.٣٪زۆر ناهاورای بۆچوونەکەن کە کەمترین ڕێژە پێکدەهێنن.

برگەی ٦لە خشتەی (٦)، بە رێژەی ٤٧.٣٪ و بە پلەی یەکەم هاوران لەگەڵ ئەوەی حکومەت بەرپرسیارە لە بڵاوکردنەوەی پشێوی میدیایی لە هەرێمی کوردستان، وە بە پلەی دووەم و بە رێژەی ٣١.٩٪ زۆر هاورای هەمان بۆچوون وە تەنها ٢.٧٪ هیچ هاورای ئەو بۆچوونە نین. لە برگەی ٧ تایبەت بە یاسا کارپێکراوەکانی ژمارە ٣٥ی رۆژنامەنوسان، یاسای مافی بەدەستهێنانی زانیاری، خراپ بەکارهێنانی ئامرازەکانی پەیوەندیکردن رێکخستنی فریکوێنسی. هەرێمی کوردستان توانیویانە وەڵامدەرەوەی کێشەکانی ئێستای میدیای دیجیتاڵیبن. بە پلەی یەکەم ٣٧.٤٪ هاورای بۆچوونەکەنین وبە پلەی دووەم ١٣.٧٪ زۆر ناهاوران بەڵام ١٢.٦٪ زۆر هاوران بەڵام ئەمە کەمترین رێژەیە لەو پرسیارەدا.

**خشتەی (٧): بەڵگەداری مۆدێلی (Regression) لارێتی بۆ زانینی کاریگەری نەبوونی یاسای میدیای دیجیتاڵی لە سەر فەوزاو پشێوی میدیای لە هەرێمی کوردستاندا**

| مۆدێل Model | المعلمات B | تاقیکردنەوەی (T-test) | ئاستی بەڵگەداریی (Sig) | دیاریکردنی رێژە | پەیوەندی Correlate | ANOVA Table (F-test) نمرەی ئازاد | ANOVA Table (F-test) بەهای تاقیکردنەوەی (ف) | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | $R^2$ | R | DF | بەهای F | |
| جێگیر (Constant) | 106.471 | 14.243 | 0.000 | 0.207 | 0.455 | 1 | 47.002 | |
| نەبوونی یاسای میدیای دیجیتاڵی لەسەر فەوزا و پشێوی | 2.084 | 6.856 | 0.000 | | | | 0.000 | (بەڵگەداری) Sig. |

بەپێی زانیارییەکانی خشتەی سەرەوە لە ئەنجامی بەکارهێنانی هاوکێشەی ئاماری (**Regression**) بۆ زانینی کاریگەری نەبوونی یاسای میدیای دیجیتاڵی لەسەر ئەو پشێویەی میدیا لە هەرێمی کوردستاندا دروستیکردووە، دەردەکەوێت نەبوونی یاسای میدیای دیجیتاڵی کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆ و نێگەتیڤی هەیە لەسەر زیادبوونی فەوزا و پشێوی میدیایی، بەوپێیەی رێژەی بەهای هاوکۆلکەی پەیوەندی R بە نمرەی (٠.٤٤٥) ئەمە نیشان دەدات کە پەیوەندییەکی مامناوەند لە نێوان نەبوونی یاسا و پشێوی میدیاییدا هەیە و رێژەی دیاریکراوی (**$R^2$**) بەپێی تەوەر و برگەکانی ئامرازی توێژینەوەکە (**20.7%**)ی هۆکاری هەبوونی فەوزاکە روون دەکاتەوە، ئەوەش لە رووی ئامارییەوە بەڵگەدارە لە ئاستی بەڵگەداری (٠.٠٥)دا، ئەوەش دەیسەلمێنێت کە نەبوونی یاسای دیجیتاڵی میدیا بەرپرسە لەو گۆڕانکاری و پشێویەی دروستبووە لە هەرێمی کوردستاندا، بەڵگەداریی گشتی مۆدێلەکەش بەپێی بەهای F دەریدەخات کاریگەرییەکی بەهێزی هەیەو لەڕووی ئاماریی بەڵگەداری Sig بەڵگەدارە.

**خشتەی (٨): ناوەندی شیاو و لادانی پێوەری و گرنگی رێژەیی و ئاستی برگەکانی ئەو هۆکارانەی کە یاسای میدیای دیجیتاڵی لە ئێستادا دەکاتە پێویستی هەنوکەیی**

| برگە | زۆر هاوڕام | هاوڕام | تاڕادەیەک | هاوڕا نیم | هیچ هاوڕا نیم | ناوەندی شیاو | لادانی پێوەری | گرنگی رێژەیی | ئاست |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ک | ک | ک | ک | ک | Mean | SD | RI | Level |
| | ٪ | ٪ | ٪ | ٪ | ٪ | | | | |
| بوونی پشێوی میدیایی وادەکات کە یاسای تایبەت بە میدیای دیجیتاڵی پێویستی هەنوکەیی بێت لە ئێستادا | 59 | 108 | 9 | 4 | 2 | 4.20 | 0.724 | %84 | زۆر بەرز |
| | 32.4 | 59.3 | 4.9 | 2.2 | 1.1 | | | | |
| پێشێلکردنی مافی ژیانی تایبەتی کەسەکان وادەکات کە یاسای تایبەت بە میدیای دیجیتاڵی پێویستی هەنوکەیی بێت لە ئێستادا | 78 | 88 | 11 | 3 | 2 | 4.30 | 0.752 | %86 | زۆر بەرز |
| | 42.9 | 48.4 | 6 | 1.6 | 1.1 | | | | |
| تێکدانی شیرازەی خێزان و بەها کۆمەڵایەتیەکان وادەکات کە یاسای تایبەت بە میدیای دیجیتاڵی پێویستی هەنوکەیی بێت لە ئێستادا. | 76 | 92 | 8 | 4 | 2 | 4.30 | 0.751 | %86 | زۆر بەرز |
| | 48.5 | 50.5 | 4.4 | 2.2 | 1.1 | | | | |
| دروستبوونی نائارامی دەروونی وادەکات کە یاسای تایبەت بە میدیای دیجیتاڵی پێویستی هەنوکەیی بێت لە ئێستادا. | 75 | 94 | 8 | 3 | 2 | 4.30 | 0.730 | %86 | زۆر بەرز |
| | 41.2 | 51.6 | 4.4. | 1.6 | 1.1 | | | | |

| برگە | زۆر هاوڕام | هاوڕام | تاڕادەیەک | هـاوڕا نیم | هـیچ هـاوڕا نیم | ناوەندی شیاو | لادانی پیوەری | گـرنگی ڕێژەیی | ئاست |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | د | د | د | د | د | Mean | SD | RI | Level |
| | ٪ | ٪ | ٪ | ٪ | ٪ | | | | |
| زیانگەیاندن بە ئاسایشی۔ نیشتمانی وادەکـات کە یاسـای تـایبەت بە میـدیای دیجیتـاڵی پێویسـتی هەنوکەیی بێت لە ئێستادا. | 78 | 83 | 11 | 7 | 3 | 4.24 | 0.858 | %85 | زۆر بەرز |
| | 42.9 | 45.6 | 6 | 3.8 | 1.6 | | | | |
| بێبەهـاکردنی میـدیای تەقلیـدی وادەکـات کە یاسـای تـایبەت بە میـدیای دیجیتـاڵی پێویسـتی هەنوکەیی بێت لە ئێستادا | 59 | 88 | 13 | 19 | 3 | 3.99 | 0.983 | %80 | بەرز |
| | 32.4 | 48.4 | 7.1 | 10.4 | 1.6 | | | | |
| کەمکـردنەوەی متمـانە بە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن وادەکات کە یاسـای تـایبەت بە میـدیای دیجیتاڵی پێویستی هەنوکەیی بێت لە ئێستادا. | 63 | 88 | 13 | 13 | 5 | 4.05 | 0.976 | %81 | بەرز |
| | 34.6 | 48.7 | 7.1 | 7.1 | 2.7 | | | | |
| فەیك نیوز و ڕەچاونەکردنی کۆپی ڕایتی هـەواڵ وادەکات کە یاسای تـایبەت بە میـدیای دیجیتـاڵی پێویستی هەنوکەیی بێت. | 66 | 99 | 8 | 7 | 2 | 4.21 | 0.787 | %84 | زۆر بەرز |
| | 36.3 | 54.4 | 4.4 | 3.8 | 1.1 | | | | |
| دروستکردنی قـەیرانی جۆراو جۆر وادەکـات کە یاسـای تـایبەت بە میـدیای دیجیتـاڵی پێویسـتی هەنوکەی بێت. | 66 | 91 | 11 | 11 | 3 | 4.13 | 0.895 | %83 | بەرز |
| | 36.3 | 50 | 6 | 6 | 1.6 | | | | |
| تێکرای کۆی گشتی | | | | | | 4.19 | 0.587 | %84 | بەرز |

خشتەی (٨)، کە تایبەتە بە بوونی یاسای میدیای دیجیتاڵی وەک پێویستییەکی هەنووکەیی لە ئێستادا و نۆ برگە لە خۆی دەگرێت بەم جۆرە شیکاری بۆ کراوە. بوونی پشێوی میدیای وادەکات کە یاسای تایبەت بە میدیای دیجیتاڵی پێویستیەکەی حەتمی بێت بە پلەی یەکەم و بە ڕێژەی ٥٩.٣ ٪ هاوڕان لەگەڵ هەمان بۆچووندا. بە پلەی دووەم و بە ڕێژەی ٣٢.٤٪زۆر هاوڕای هەمان بۆچوونن، بەڵام ١.١٪ کەمترین بەرتوێژ هیچ هاوڕا نین لەگەڵ ئەوەی بوونی یاسا لە پشێوی میدیایی دوورمان دەخاتەوە.

برگەی ٢ کە تایبەتە بە پێشێلکردنی مافی ژیانی تایبەتی تاکەکان لە بوونی بۆشایی یاساوە، بە پلەی یەکەم و بە ڕێژەی ٤٨.٤٪ هاوران لەگەڵ هەمان بۆچووندا، بە پلەی دووەم و بە ڕێژەی ٤٢.٩٪ زۆر هاوڕای هەمان بۆچوون بەڵام کەمترین ڕێژەو بە بڕی ١.١٪ زۆر نا هاوڕان ئەو بۆچوونەن و بە پێی وەڵامەکەیان پێشێلکردنی مافی ژیانی تایبەتی کەسەکان پەیوەندی بە بوون و نەبوونی یاساوە نیە.

لە برگەی ٣، کە تایبەتە بە تێکدانی شیرازەی خێزان و بەها کۆمەڵایەتییەکان، بە پلەی یەکەم و بە ڕێژەی ٥٠.٥ ٪ هاوڕای هەمان بۆچوون، بە پـلەی دووەم و بە ڕێـژەی ٤٨.٥٪زۆر هـاوڕان بەڵام کەمـترین ڕێـژەو بە بـڕی ١.١ ٪ بەرتـوێژان زۆر ناهـاوڕان لەگەڵ ئەوەی نەبـوونی یاسا شیرازەی خێزان تێک بدات.

لە برگەی ٤، کە باس لە دروستبوونی نائارامی دەروونی دەکات، بە پلەی یەکەم وبە ڕێژەی ٥١.٦٪ هاورای بۆچوونەکەن، لە پلەی دووەمداو بە ڕێـژەی ٤١.٢٪ زۆر هـاوڕای هـەمـان بۆچـوونن، بەڵام کەمـترین ڕێـژە کە ١.١ ٪ زۆر ناهـاوران و بە دووری دەبـینن نائـارامی دەروونی هـیچ پەیوەندیەکی بە بوون ونەبوونی یاساوە هەبێت.

لە برگەی ٥دا کە تایبەتە بە نەبوونی یاسا هۆکارێکە بۆ زیانگەیاندن بە ئاسایشی نیشتمانی، بە پلەی یەکەم و بە ڕێژەی ٤٥.٦٪ هاورای هەمان بۆچـوونن لە پـلەی دووەمـداو بە ڕێـژەی ٤٢.٩٪ زۆر هـاوران لەگەڵ بۆچـوونەکەدا بەڵام بە کەمـترین ڕێـژە بە بـڕی ١.٦ ٪ بەرتـوێژەن زۆر ناهاوڕان و بە دروستی نازانن.

لە بـرگەی ٦دا کە تـایبەتە بە بێبەهـاکردنی میـدیا تەقلیـدییەکان بە پـلەی یەکەم و بە ڕێـژەی ٤٨.٤٪ هـاوران و بە پـلەی دووەم و بە ڕێـژەی ٣٢.٤٪ زۆر هـاوڕای ئەو بۆچـوونەن بەڵام بە کەمترین ڕێژە کە ١.٦ ٪ هـیچ هـاوڕانین و دوورن لەو بۆچـوونەوە. لە برگەی ٧دا، کە بـاس لە کەمکـردنەوەی متمـانە بە کەناڵەکانی ڕاگەیانـدن دەکات، بە پلەی یەکەم بە ڕێژەی ٤٨.٧٪ هـاورای هەمـان بۆچـوون و بەپلەی دووەم و بە ڕێژەی ١٣٤.٦٪ زۆر هاوڕان بەڵام کەمترین ڕێژە ٧.١٪بێلایەنی و ناهاوران لەگەڵ ئەوەی میدیا تەقلیدیەکان بێ بەهاو بێ متمانە کرابن.

لە برگەی ٨دا، کە باس لە هەواڵی ساختەو کۆپیکراو دەکات و ئەمەش وادەکات یاسا پێویست بێت بە ڕێژەی ٥٤.٤٪ هاورای ئەو بۆچوونە پلەی یەکەمی لە پرسەکەدا وەرگرتووە، بە پلەی دووەم و بە ڕێژەی ٣٦.٣٪ زۆر هاوران لەگەڵ هەمان بۆچووندا، بەڵام کەمترین ڕێژە ١.١٪ زۆر ناهاوران و لایان وایە زۆری هەواڵی فەیک و ساختە یاسا چارەسەری ناکات.

لە بـرگەی ٩دا، کە تایبەتە بە دروسـتکردنی قەیـرانی جۆراوجـۆر بە پلەی یەکەم و بەرێـژەی ٥٠ ٪ هـاوران لەگەڵ هەمـان بۆچـوون وبە پلەی دووەم و بە ڕێژەی ٣٦.٣٪زۆر هاورای بۆچوونەکەن بەڵام ١.٦٪ کەمترین ڕێژەیە وهیچ هاورانین .

**خشتەی (٩): بەڵگەداری مۆدێلی (Regression) لارێتی بۆ زانینی کاریگەری نەبونی یاسای میدیای دیجیتاڵی لەسەر ناوەرۆکی ئەو پەیامانەی کە لە سۆشیال میدیا بڵاو دەکرێنەوە**

| مۆدێل Model | المعلمات B | تاقیکردنەوەی (T-test) | ئاستی بەڵگەداریی (Sig) | دیاریکردنی ڕێژە | پەیوەندی Correlate | ANOVA Table (F-test) | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | $R^2$ | R | نمرەی ئازاد DF | بەهای تاقیکردنەوەی (ف) بەهای F |
| جێگیر (Constant) | 50.640 | 10.021 | 0.000 | 0.715 | 0.846 | 1 | 452.436 |
| نەبونی یاسای میدیای دیجیتاڵی لەسەر ناوەرۆک | 2.823 | 21.271 | 0.000 | | | | 0.000 (بەڵگەداری) Sig. |

بەپێی زانیارییەکانی خشتەی سەرەوە دەرەنجامە ئامارییەکان دەریانخستووە کە نەبوونی یاسای میدیای دیجیتاڵی کاریگەرییەکی زۆر بەهێز و گەورەی هەیە لەسەر جۆری ناوەڕۆکی ئەو پەیامانەی لە سۆشیال میدیا بڵاودەکرێنەوە. مۆدێلەکە بەپێی هاوکۆلکەی دیاریکردنی ڕێژەی $R^2$ (٠.٧١٥)ی نیشانی دەدات کە نەبوونی یاسا هۆکاری سەرەکی و بنەڕەتییە کە گۆڕانکارییەکانی ناوەڕۆک ڕوون دەکاتەوە، ئەمەش بەرزترین ئاستی کاریگەری نیشان دەدات. بەهای (T) کە گەیشتووەتە (٢١.٢٧١) جەخت لەوە دەکاتەوە کە نەبوونی یاسایی هۆکاری سەرەکییە و ڕوونی دەکاتەوە کە کاریگەرییەکی یەکلایەکەرەوە و بنەڕەتی لەسەر ناوەڕۆک هەیە. لە دیاریکردنی ئاراستەی ناوەڕۆکی پەیامەکان لە هەرێمی کوردستاندا.

**خشتەی ژمارە (١٠): ناوەندی شیاو و لادانی پێوەری و گرنگی ڕێژەیی و ئاستی بڕگەکانی هۆکاری سەرهەڵدانی دروستبوونی پشێوی میدیایی لە هەرێمی کوردستان**

| بڕگە | زۆر هاوڕام | هاوڕام | تاڕادەیەک | هاوڕا نیم | هیچ هاوڕا نیم | ناوەندی شیاو | لادانی پێوەری | گرنگی ڕێژەیی | ئاست |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | د | د | د | د | د | Mean | SD | RI | Level |
| | ٪ | ٪ | ٪ | ٪ | ٪ | | | | |
| کێبڕکێی خێرایی لە بڵاوکردنەوەی زانیاری بووەتە هۆی دروستبوونی پشێوی لە میدیای دیجیتاڵیدا لە هەرێمی کوردستان. | 73 | 90 | 13 | 3 | 3 | 4.25 | 0.793 | %85 | زۆر بەرز |
| | 40.1 | 49.5 | 7.1 | 1.6 | 1.6 | | | | |
| گەشەکردنی خێرای تەکنەلۆژیای گەیاندن بووەتە هۆی دروستبوونی پشێوی لە میدیای دیجیتاڵیدا لە هەرێمی کوردستان. | 68 | 92 | 10 | 9 | 3 | 4.17 | 0.866 | %83 | بەرز |
| | 37.4 | 50.5 | 5.5 | 4.9 | 1.6 | | | | |
| نەبوونی یاسای تایبەت بە ڕێکخستنی کاری میدیای دیجیتاڵی بووەتە هۆی دروستبوونی پشێوی لە دیجیتاڵ میدیادا لە هەرێمی کوردستان. | 60 | 86 | 12 | 23 | 1 | 3.99 | 0.978 | %80 | بەرز |
| | 33 | 47.6 | 6.6 | 12.6 | 0.5 | | | | |
| ئامانجی سیاسییەکان لە کاری میدیای دیجیتاڵیدا بووەتە هۆی دروستبوونی پشێوی لە دیجیتاڵ میدیادا لە هەرێمی کوردستان | 81 | 97 | 14 | 8 | 2 | 4.14 | 0.820 | %83 | بەرز |
| | 33.5 | 53.3 | 7.7 | 4.4 | 1.1 | | | | |
| ئامانجە بازرگانییەکان لە کاری میدیای دیجیتاڵیدا بووەتە هۆی دروستبوونی پشێوی لە میدیای دیجیتاڵیدا لە هەرێمی کوردستان. | 71 | 84 | 18 | 8 | 4 | 4.19 | 0.827 | %84 | بەرز |
| | 39 | 46.2 | 9.9 | 4.4 | 5 | | | | |
| هەستی خۆ بە کەمزانینی میدیا و میدیاکاران لە ڕووی دەستپێشخەری میدیاوە، بووەتە هۆی دروستبوونی پشێوی لە میدیای دیجیتاڵیدا لە هەرێمی کوردستان. | 54 | 80 | 26 | 19 | 3 | 3.90 | 1.000 | %78 | بەرز |
| | 29.7 | 44 | 14.3 | 10.4 | 1.5 | | | | |
| نەبونی لێپرسینەوە بووەتە هۆی | 46 | 70 | 39 | 26 | 1 | 3.74 | 1.012 | %75 | بەرز |

| برگە | زۆر هاوڕام | هاوڕام | تاڕادەیەک | هــاوڕا نیم | هــــیچ هــــــاوڕا نیم | ناوەندی شیاو | لادانی پیوەری | گــرنگی ڕێژەیی | ئاست |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | د | د | د | د | د | Mean | SD | RI | Level |
| | ٪ | ٪ | ٪ | ٪ | ٪ | | | | |
| دروســتبوونی پشــێوی لە میـدیای دیجیتاڵیدا. | 25.3 | 38.5 | 21.4 | 14.3 | 5 | | | | |
| هەوڵەكان بۆ زیادكردنی ڤیوو لایک و کۆمێنـــــت بـــــوەتە هــــۆی دروســتبوونی پشێوی لە میدیای دیجیتاڵیدا لە هەرێمی کوردستان. | 80 | 86 | 10 | 4 | 2 | 4.31 | 0.768 | %86 | زۆر بەرز |
| | 44 | 47.3 | 5.5 | 2.2 | 1.1 | | | | |
| زۆری میــدیای ســێبەرو خــاوەن نادیارو بووەتە هۆی دروستبوونی پشـێوی لە میدیای دیجیتاڵیـدا لە هەریمی کوردستان | 90 | 77 | 7 | 7 | 1 | 4.36 | 0.780 | %87 | زۆر بەرز |
| | 49.5 | 42.3 | 3.8 | 3.8 | 5 | | | | |
| تێكڕای كۆی گشتی | | | | | | 4.1 | 0.546 | %82 | بەرز |

خشتەی ژمارە (١٠) تایبەتە بە هۆكاری دروستبوونی پشێوی میدیایی لە هەرێمی كوردستان، كە (٩) بڕگە لە خۆدەگرێت و بەم جۆرە بڕگەكان دابەش بوون. لە بڕگەی (١)دا باس لە كێبەركێی خێرایی لە بڵاو كردنەوەی زانیاری هۆكارێكە بۆ دروستبوونی پشێوی میدیایی لە میدیای دیجیتاڵیكانی هەرێمی كوردستاندا، ٤٩.٥٪ هاورای هەمان بۆچوونن كە بەرزترین ڕێژەیە بۆ ئەم پرسیارە، بە پلەی دووەم و بە ڕێژەی ٤٠.١٪ زۆر هاوڕای هەمان بۆچوونن، بەڵام زۆر ناهاوڕاو ڕێژەی ١.٦٪ و كەمترین ڕێژەیان وەرگرتووە.

لە بڕگەی (٢)،دا كە باس لە گەشەكردنی خێرای تەكنەلۆژیاو گەیاندن و دروستبوونی پشێوی كردووە ٥٠.٥٪ هاوڕان و بەرزترین ڕێژە لەخۆدەگرن بە پلەی دووەم و بە ڕێژەی ٣٧.٤٪ زۆر هاوڕای هەمان بۆچوونن، بەڵام ١.٦٪ هیچ هاوڕا نین و بە دووری دەزانن گەشەكردنی تەكنەلۆژیا هۆكار بێت بۆ پشێوی میدیای دیجیتاڵی.

بڕگەی (٣) لە هەمان خشتە كە تایبەتە بە نەبوونی یاسای تایبەت بە ڕێكخستنی كاری میدیای دیجیتاڵیو دروستبوونی پشێوی بە پلەی یەكەم و بە ڕێژەی ٤٧.٦٪هاوڕای هەمان بۆچوونن بە پلەی دووەم و بە ڕێژەی ٣٣٪ زۆر هاوڕای ئەم بۆچوونەن بەڵام بە ڕێژەی ٠.٥٪ هێچ هاوڕاییەكیان نیە سەبارەت بەم بۆچوونەو بە گرنگی نازانن.

لە بڕگەی (٤) دا كە باس لە ئامانجی سیاسییەكان دەكات لە دروستبوونی پشێوی میدیای دیجیتاڵیدا بە پلەی یەكەو بە ڕێژەی ٥٣.٣٪هاورای هەمان بۆچوونن، وە ٣٣.٥٪ زۆر هاوڕان بەڵام ١.١٪ هیچ هاوڕا نین و بە گرنگی نازانن.

لە بڕگەی (٥)دا كە باس لە ئامانجە بازرگانیەكان دەكات و بە بەرزترین ڕێژە كە بە ٤٦.٢٪هاورای هەمان بۆچوونە كە پلەی دووەم و بە ڕێژەی ٣٩٪ دیت بەڵام كەمترین ڕێژە ٤.٤٪كە هاورانیە و ئامانجی بازرگانی بە هۆكارێك نازانێت بۆ دروستبوونی پشێوی میدیایی.

لە بڕگەی (٦) دا هەستی خۆبەكەمزانی میدیاو میدیاكاران لە رووی دەستپێشخەری میدیاوە بۆ دروستبوونی پشێوی میدیایی لە پلەی یەكەمداو بە ڕێژەی ٤٤٪هاوڕای هەمان بۆچوونن، لە پلەی دووەمدا بە ڕێژەی ٢٩.٧٪ زۆر هاوڕان بەڵام بە ڕێژەی ١.٥٪هیچ هاورانین و لایان وا نیە هیچ میدیاو میدیاكارێك كار بۆ دەستپێشخەری ناكەن تا لە رێیەوە پشێوی دروست بكەن.

لە بڕگەی (٧)دا جەخت لەسەر نەبوونی لێپرسینەوە دەكات كە بەرزترین ڕێژە كە هاورای هەمان بۆچوونە ٣٨.٥٪ یەو، بە پلەی دووەم و بە ڕێژەی ٢٥.٣٪ زۆر هاوڕایە بەڵام ٠٥٪ هیچ هاوڕانین و بوون ونەبوونی لێپرسینەوە بە هۆكاری دروستبوونی پشێوی نازانن.

لە بڕگەی (٨)دا هەوڵەكان بۆ زیاد كردنی ڤیوو لایك و كۆمێنت بە دروستبوونی سەرچاوەی پشێوی دیاریكراوە كە ٤٧.٣٪ بە پلەی یەكەم دێت كە هاوڕای هەمان بۆچوونن بە پلەی دووەم و بە ڕێژەی ٤٤٪ زۆر هاوران بەڵام ١.١٪ هیچ هاوڕا نین.

لە بڕگەی (٩)دا زۆری میدیای سێبەرو خاوەن نادیار باسكراوە كە ٤٩.٥٪ زۆر هاوران كە ئەمانە سەرچاوەی دروستبوونی پشێوی میدیاین و بە پلەی یەكەم دیان. لە پلەی دووەمدا و بە ڕێژەی ٣.٤٢٪هاورای هەمان بۆچوونن، بەڵام ٣.٨٪ بێلایەن و ناهاوران.

**خشتەی ژمارە (١١): ناوەندی شیاو و لادانی پێوەری و گرنگی ڕێژەیی و ئاستی بڕگەكانی یاسای میدیای دیجیتاڵی و چارەسەركردنی پشێوی میدیایی لە هەرێمی كوردستان**

| برگە | زۆر هاوڕام | هاوڕام | تاڕادەیەک | هــاوڕا نیم | هــــیچ هــــــاوڕا نیم | ناوەندی شیاو | لادانی پیوەری | گــرنگی ڕێژەیی | ئاست |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | د | د | د | د | د | Mean | SD | RI | Level |
| | ٪ | ٪ | ٪ | ٪ | ٪ | | | | |
| بۆ چارەسەركردنی پشێوی میدیایی لە هەرێمـی كوردســـتان بـــوونی یاســـایەكی تـــایبەت بە میــدیای دیجیتاڵی پێویستە. | 66 | 103 | 5 | 7 | 1 | 4.24 | 0.733 | %85 | زۆر بەرز |
| | 36.3 | 56.5 | 2.7 | 3.8 | 0.5 | | | | |

| برگە | زۆر هاوڕام | هاوڕام | تاڕادەیەک | هاوڕا نیم | هیچ هاوڕا نیم | ناوەندی شیاو | لادانی پێوەری | گرنگی ڕێژەیی | ئاست |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | د | د | د | د | د | Mean | SD | RI | Level |
| | ٪ | ٪ | ٪ | ٪ | ٪ | | | | |
| بۆ پابەندبوونی میدیا دیجیتاڵیەکان بە بنەماکانی بەڵێننامەی شەرەفی ڕۆژنامەوانی یاسایەکی تایبەت بە میدیای دیجیتاڵی پێویستە. | 58 | 98 | 13 | 10 | 3 | 4.09 | 0.869 | %82 | بەرز |
| | 31.9 | 53.8 | 7.1 | 5.5 | 1.6 | | | | |
| بۆ هۆشیارکردنەوەی خەڵک و بەرەوەدان بە خوێندەواری میدیایی یاسایەکی تایبەت بە میدیای دیجیتاڵی پێویستە. | 71 | 96 | 8 | 5 | 2 | 4.26 | 0.761 | %85 | زۆر بەرز |
| | 39 | 52.7 | 4.4 | 2.7 | 1.1 | | | | |
| بۆ گرتنەبەری ڕێوشوێنی یاسایی دژی ئەو میدیای دیجیتاڵییانەی کە پشێوی میدیای بڵاو دەکەنەوە لە ڕێگەی دەسەڵاتی جێبەجێکردن و یاسادانانەوە یاسایەکی تایبەت بە میدیای دیجیتاڵی پێویستە. | 71 | 88 | 15 | 7 | 1 | 4.21 | 0.796 | %84 | زۆر بەرز |
| | 39 | 48.4 | 8.2 | 3.8 | 0.5 | | | | |
| تێکڕای کۆی گشتی | | | | | | **4.2** | **0.641** | **%84** | **بەرز** |

خشتەی (١١)،کە تایبەتە بە یاسای میدیای دیجیتاڵیو چارەسەرکردنی پشێوی لە هەرێمی کوردستان و (٤) برگە لە خۆدەگرێت. لە برگەی یەکەمدا، سەبارەت بە بوونی یاسایەکی تایبەت بە میدیای دیجیتاڵی لە هەرێمی کوردستاندا بۆ چارەسەری پشێوی میدیایی ٥٦.٥٪ هاورای هەمان بۆچوونن و پلەی یەکەم و زۆرترین ڕێژەی لەو بارەیەوە وەرگرتووە، بە پلەی دووەمو بە ڕێژەی ٣٦.٣٪زۆر هاوڕان هەمان بۆچوونن ، ئەمەش بەڵگەیەکی بەهێزە بۆ ئەوەی کە نەبوونی یاسای تایبەت بە میدیای دیجیتاڵی زۆر پێویستە وزمانی زبرو بەکارهێنی وشەی نەشیاوو تەشهیرو ناوزراندن هەمووی لە بۆشایی یاساو نەبوونی هیچ ترسێک لە یاسا و نابەرپرسیارێتیەوە دروست بووە هەر ئەمەشە وایکردووە کە، کەمترین بەربژێرو بە ڕێژەی ٠.٥ ٪ هیچ هاورای دەرکردنی یاسا نەبن. لە برگەی دووەمدا کە تایبەتە بە پابەندبوونی میدیای دیجیتاڵی بە بنەماکانی بەڵێننامەی شەرەفی ڕۆژنامەوانی یاسای تایبەت بە میدیای دیجیتاڵی پێویستە بەرزترین ڕێژەو بە پلەی یەکەم کە دەکاتە ٥٣.٨٪ هاورای هەمان بۆچوونن، بە پلەی دووەم و بە ڕێژەی ٣١.٩٪زۆر هاوڕای بۆچوونەکەن، وە کەمترین ڕێژەو بە بڕی ١.٦ هیچ هاوڕاییەکیان نیە و بە پێوستی نازانن. لە برگەی ٣ی خشتەی (١١)دا،کە باس لە هۆشیارکردنەوەی خەڵک و بەرەودان بە خوێندەواری میدیایی یاسا پێویستە بە پلەی یەکەم وبە ڕێژەی ٥٢.٧ ٪هاورای هەمان بۆچوونن، بە پلەی دووەم بە ڕێژەی ٣١.٩٪زۆرهاوران و کەمترین ڕێژەو ١٪ بە هیچ شێوەیەک هاوڕانین لەگەڵ هۆشیارکردنەوەی خەڵک و خوێندەواری میدیایی. لە برگەی (٤)دا کە تایبەتە بە گرتنەبەری ڕێوشوێنی یاسایی دژی ئەو میدیای دیجیتاڵیانەی کە پشێوی میدیایی بڵاو دەکەنەوە لە ڕێگەی دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردنەوە، یاسای تایبەت بە میدیای دیجیتاڵی پێویستە٤٨.٤٪ هاورای هەمان بۆچوون وبەرزترین پلەی وەرگرتووە، بە پلەی دووەم و بە ڕێژەی ٣٩٪ زۆر هاوڕان بەڵام، ٠.٥ ٪ هیچ هاوڕا نین و بە پێویستی نازانن.

**خشتەی (١٢): ئەنجامی تاقیکردنەوەی (One Sample T-test) بۆ ئاستی برگەکانی یاسای میدیای دیجیتاڵی و چارەسەرکردنی پشێوی میدیایی لە هەرێمی کوردستان**

| ژمارە | ناوەندەژمێری | ناوەندی گریمانەیی | لادانی پێوەری | بەهای تائی | | نمرەی ئازاد | ئاستی ئاماژە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | ئەژمارکراو | Sig | | |
| 182 | 16.80 | 12 | 2.565 | 88.37 | 0.000 | 181 | 0.05 |

بەپێی داتا و زانیارییەکانی خشتەی (١١) شیکارکردنی ئەنجامەکانی تاقیکردنەوەی تائی بۆ یەک نمونە (One Sample T-test) -، دەرکەوتووە کە ناوەندەژمێری وەڵامی بەشداربووان (16.80) بە شێوەیەکی بەڵگەدار بەرزترە لە ناوەندی گریمانەیی (12). بەهای تائی ئەژمارکراو (88.37) لە ئاستی (0.000) دایە، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کە برگەکانی یاسای میدیای دیجیتاڵی کاریگەرییەکی بەهێز و گرنگیان هەیە لە چارەسەرکردنی پشێوی میدیایی لە هەرێمی کوردستاندا.

**خشتەی ژمارە (١٣): ئەنجامی تاقیکردنەوەی تائی یەک نمونە و بۆ ئاستی برگەکانی هۆکاری سەرهەڵدانی دروستبوونی پشێوی میدیایی لە هەرێمی کوردستان**

| ژمارە | ناوەندەژمێری | ناوەندی گریمانەیی | لادانی پێوەری | بەهای تائی ئەژمارکراو | بەهای تائی Sig | نمرەی ئازاد | ئاستی ئاماژە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 182 | 37.02 | 27 | 4.912 | 27.523 | 0.000 | 181 | 0.05 |

بەپێی ئەنجامەکانی ڕاپرسییەکەدا ئاماژەیان پێکراوە، هۆکاری ڕاستەقینە و کاریگەرن لە دروستبوونی پشێوی میدیایی لە هەرێم بە جیاوازییەکی ئاماری بەڵگەدار لە ئاستی (0.000). ئەم دەرەنجامە دەیسەلمێنێت کە ئەو برگانەی وەک هۆکاری پشێوی دەستنیشان کراون، لای بەشداربووان وەک هۆکاری سەرەکی و کاریگەر تەماشا دەکرێن کە بوونەتە هۆی تێکچوونی باری میدیایی لە هەرێم)

**خشتەی ژمارە (١٤): ناوەندی شیاو و لادانی پێوەری و گرنگی ڕێژەیی و ئاستی برگەکانی سەبارەت بە یاسای میدیای دیجیتاڵیو چارەسەری پشێوی لە هەرێمی کوردستان**

| برگە | زۆر هاوڕام | هاوڕام | تاڕادەیەک | هاوڕا نیم | هیچ هاوڕا نیم | ناوەندی شیاو | لادانی پێوەری | گرنگی ڕێژەیی | ئاست |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | د | د | د | د | د | Mean | SD | RI | Level |
| | ٪ | ٪ | ٪ | ٪ | ٪ | | | | |
| نەبونی یاسای میدیای دیجیتاڵی بۆتە هۆی بڵاوکردنەوەی هەواڵی زۆری بێ پشت ڕاستکردنەوە. | 88 | 77 | 8 | 9 | 0 | 4.34 | 0.783 | %87 | زۆر بەرز |
| | 48.4 | 42.3 | 4.4 | 4.9 | 0 | | | | |
| نەبونی یاسای میدیای دیجیتاڵی بۆتە هۆی بڵاوکردنەوەی زانیاری زۆرو خێرا خەڵك ناتوان بڕیار بدەن چی ڕاستە. | 60 | 110 | 3 | 7 | 2 | 4.20 | 0.749 | %84 | زۆر بەرز |
| | 33 | 60.4 | 106 | 3.8 | 1.1 | | | | |
| نەبونی یاسای میدیای دیجیتاڵی بوتە هۆی بڵاوکردنەوەی زانیاری هەڵە بە مەبەستی فریودان. | 67 | 95 | 5 | 12 | 0 | 4.21 | 0.789 | %84 | زۆر بەرز |
| | 37.4 | 53.3 | 2.7 | 6.6 | 0 | | | | |
| نەبونی یاسای میدیای دیجیتاڵی بۆتە هۆی ناوزڕاندن و سوکایەتی لە ڕێگەی سۆشیال میدیاوە. | 67 | 97 | 5 | 12 | 2 | 4.19 | 0.840 | %85 | بەرز |
| | 36.8 | 53.3 | 2.7 | 6 | 1.1 | | | | |
| نەبونی یاسای دیجیتاڵ میدیا بۆتە هۆی بەرەودان بە بڵاوکردنەوەی هەواڵەکانی تاوانکاری. | 69 | 94 | 4 | 12 | 3 | 4.18 | 0.887 | %84 | بەرز |
| | 37.9 | 51.6 | 2.2 | 6.6 | 1.6 | | | | |
| نەبونی یاسای میدیای دیجیتاڵی بۆتە هۆی دروستکردنی ڕایگشتی ساختە. | 53 | 100 | 14 | 14 | 1 | 4.04 | 0.853 | %81 | بەرز |
| | 29.1 | 54.9 | 7.7 | 7.7 | 0.5 | | | | |
| نەبونی یاسای میدیای دیجیتاڵی بۆتە هۆی سەرهەڵدانی پروپاگەندەو چەواشەکاری بەرفراوان. | 56 | 87 | 19 | 19 | 1 | 3.98 | 0.940 | %80 | بەرز |
| | 30.8 | 47.8 | 10.4 | 10.4 | 0.5 | | | | |
| نەبونی یاسای میدیای دیجیتاڵی بوتە هۆی بڵاوکردنەوەی توندو تیژی. | 57 | 106 | 9 | 9 | 1 | 4.15 | 0.769 | %83 | بەرز |
| | 31.3 | 58.2 | 4.9 | 4.9 | 0.1 | | | | |
| نەبونی یاسای میدیای دیجیتاڵی بوتە هۆی دروستکردنی جەنگی دەرونی و کێشەی دەروونی بۆ وەرگران. | 48 | 103 | 13 | 16 | 2 | 3.98 | 0.889 | %80 | بەرز |
| | 26.4 | 56.6 | 7.1 | 8.8 | 1.1 | | | | |
| نەبونی یاسای میدیای دیجیتاڵی بۆتە هۆی تێکدانی سەقامگیری سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و ئەمنی و دروستکردنی دڵەڕاوکێ لای خەڵک لە کاتی قەیرانەکاندا | 54 | 99 | 15 | 11 | 3 | 4.04 | 0.878 | %81 | بەرز |
| | 29.7 | 54.4 | 8.2 | 6 | 1.6 | | | | |
| تێکرای کۆی گشتی | | | | | | 4.1 | 0.606 | %83 | بەرز |

خشتەی ژمارە (١٤)، کە لە (١٠) بڕگە پێکهاتووەو تایبەتە بە یاسای میدیای دیجیتاڵیو چارەسەری پشێوی لە هەرێمی کوردستان لە بڕگەی (١)دا کە تایبەتە بە نەبوونی یاسای دیجیتاڵ میدیا بۆتە هۆی بڵاوکردنەوەی هەواڵی زۆری بێ پشتراستکردنەوە،بە پلەی یەکەم و بە ڕێژەی ٤٨.٤٪ زۆر هاورای هەمان بۆچوونن بە پلەی دووەم و بە ڕێژەی ٤٢.٣٪ هاوڕی کە هەمان بۆچوونن، بەڵام ٠٪ واتە هیچ کەسێک نەبووە ناهاورای تەواو بێت لەگەڵ ئەم بۆچوونەدا، لە بڕگەی( ٢)دا کە تایبەتە بە بڵاو کردنەوەی زانیاری زۆر و خێرا بە هۆکاری نەبوونی یاسای میدیای دیجیتاڵیوە کە خەڵک نەتوانن بڕیار بدەن چی ڕاستەوخۆ زۆرترین ڕێژەو کە ١٠٦٪ کەس وەڵامیان بێلایەنانە بووە، کە تارادەیەک جێی سەرسوڕمانە کە لە دوو چینی وەک ڕۆژنامەنووسان و مامۆستایانی زانکۆوە بێلایەنیان هەڵبژاردووە، بە پلەی دووەم و بە ڕێژەی ٦٠.٤٪ هاوڕان لەگەڵ بۆچوونەکەداو بەڵام ١.١٪ هیچ هاورا نەبوون لەگەڵ بۆچوونەکەدا.

لە بڕگەی (٣)دا، بڵاوکردنەوەی زانیاری هەڵە بە مەبەستی فریودان لە غیابی یاسای میدیای دیجیتاڵیدا ٣.٥٣٪ هاورای هەمان بۆچوونن و بە پلەی یەکەم دێت، لە پلەی دووەمدا بە ڕێژەی ٣٧.٤٪ زۆر هاوران لەگەڵ بۆچوونەکەدا، بەڵام هیچ کەس نیە زۆر ناهاوڕا بێت لەگەڵ ئەم پرسیارەداو واتە زۆر ناهاوڕا پلەی ٠٪ پێدراوە هەمووان کۆکن لەسەر ئەوەی نەبوونی یاسا زانیاری هەڵەو فریودەرانە بڵاو دەکاتەوە.

لە بڕگەی (٤)دا، کە تایبەتە بە ناوزڕاندن و سوکایەتی پێکردن لەناو سۆشیاڵ میدیادا، بەرزترین ڕێژەو بە بڕی ٥٣.٣٪ هاوڕای هەمان بۆچوونن، لە پلەی دووەمداو بە ڕێژەی ٣٦.٨٪ زۆر هاوڕان بەڵام تەنها ١.١٪ هیچ هاوڕا نین.

لە بڕگەی (٥)دا کە تایبەتە بە نەبوونی یاسای میدیای دیجیتاڵی هۆکارێکە بۆ بڵاوکردنەوەی هەواڵی تاوانکاری بە ڕێژەی ٥١.٦٪ هاوڕای هەمان بۆچونن، بە ڕێژەی ٣٧.٩٪زۆر هاوڕان لەگەڵ هەمان بۆچوون، بەڵام بە ڕێژەی ١.٨٪زۆر ناهاوڕان ولایان وانیە بڵاوکردنەوەی هەواڵی تاوانکاری پەیوەندی بەنەبوونی یاساوە هەبێت.

لە بڕگەی (٦)دا، کە تایبەتە بەو رای گشتییە ساختەیەی کە لە نەبوونی یاسای میدیای دیجیتاڵیوە دروست دەبێت، بە پلەی یەکەم و بە ڕێژەی ٥٤.٩٪پلەی یەکەم و هاوڕی هەمان بۆچوونن، بە پلەی دووەم و بە ڕێژەی ٢٩.١٪ زۆر هاوڕای ئەو بۆچوونەن، بەڵام نزمترین ڕێژەو ٠.٥٪ زۆر ناهاوڕای ئەو بۆچوونەن.

لە بڕگەی (٧)دا کە تایبەتە بە سەرهەڵدانی پڕوپاگەندەو چەواشەکاری و بەرفراوان بە ڕێژەی ٤٧.٨٪ هاوڕای هەمان بۆچوونن، بە پلەی دووەم و بە ڕێژەی ٣٠.٨٪ زۆر هاوران بەڵام زۆر ناهاوراو کەمترین ڕێژە تەنها ٠.٥٪ کەس بوون.

لە بڕگەی(٨) دا، بۆتە هۆی بڵاوکردنەوەی هەواڵی توندوتیژی بە پلەی یەکەم و بە ڕێژەی٥٨.٢٪ هاورای هەمان بۆچوونن، لە پلەی دووەمدا بە ڕێژەی ٣١.٣٪ زۆر هاورای بۆچوونەکەن و تەنها ٠.١٪هیچ هاوراییەکیان نییە، کەواتە زۆرینەی زۆر کۆدەگن کە نەبوونی یاسا هۆکارێک بووە بۆ بڵاوکردنەوەی ئەو هەموو هەواڵە تونوتیژییەی ڕۆژانە دەدرێت بە گوێ و چاوی وەرگردا.

لە بڕگەی (٩)دا کە تایبەتە بە جەنگی دەروونی و کێشەی دەروونی بۆ وەرگران لە کاتی نەبوونی یاسایەکی تایبەتدا، بە پلەی یەکەم و بە ڕێژەی ٥٦.٦٪ هاورای هەمان بۆچوونن و بە ڕێژەی ٢٦.٤٪ لە پلەی دووەمدا دێت کە زۆر هاوڕای بۆچوونەکەن، بەڵام کەمترین ڕێژە بە بڕی ١.١٪ زۆر نا هاوران کە نەبوونی یاسا هیچ کێشەیەکی دەروونی دروست ناکات.

لە بڕگەی (١٠) کە تایبەتە بە نەبوونی یاسا بۆتە هۆی تێکدانی سەقامگیری سیاسی، ئابووری ، کۆمەڵایەتی ، ئەمنی و دروستکردنی دڵەڕاوکێ لای خەڵک لەکاتی قەیرانەکاندا بە ڕێژەی ٥٤.٤٪ بە پلەی یەکەم هاورای بۆچوونەکەن، وە لە پلەی دووەمداو بە ڕێژەی ٢٩.٧٪زۆر هاوڕان و کەمترین کەس بە ڕێژەی ١.٦٪ هیچ هاوڕا نین.

### خشتەی ژمارە (١٥): ئەنجامی تاقیکردنەوەی تائی یەک نمونە و بۆ ئاستی بڕگەکان

| ژمارە | ناوەندەژمێری | ناوەندی گریمانەیی | لادانی پێوەری | بەهای تائی | | نمرەی ئازاد | ئاستی ئاماژە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | ئەژمارکراو | Sig | | |
| 182 | 41.27 | 30 | 6.107 | 24.896 | 0.000 | 181 | 0.05 |

بەپێی ئەنجامەکانی تاقیکردنەوەی (T-test) بۆ ئەم تەوەرە، دەرکەوتووە کە ناوەندی وەڵامی بەشداربووان (41.27) بە شێوەیەکی بەڵگەدار و بەرچاو لە سەروو ناوەندی گریمانەیی (30) دایە، ئەمە دەری دەخات کە نموونەی توێژینەوەکە بە ئاستێکی زۆر بەرز لەگەڵ ناوەڕۆکی ئەم بڕگانەدان، هەروەها بەهای تائی ئەژمارکراو (24.896) لە ئاستی (0.000) دایە، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کە بڕگەکانی ئەم تەوەرە بە تەواوی لای نموونەی توێژینەوەکە پەسەندکراون و وەک لایەنێکی گرنگ و کاریگەر لە کێشەی توێژینەوەکەدا (کە پشێوی میدیاییە) تەماشا دەکرێن.

## دەرەنجام و ڕاسپاردە و پێشنیازەکان

**یەکەم/ دەرئەنجامەکان:**

**دوای ئەنجامدانی ئەم توێژینەوە گەیشتین بەم دەر ئەنجامانەی خوارەوە**

١/ دەرکەوتــووە بەشــێکی زۆری بــەرتوێژان هــاوڕانین لەگەڵ ئەوەی دامەزراوە میــدییایەکانی هەرێــمی کوردســتان وابەســتەبن بە یاسا کارپێکراوەکانی میدیاوە.

٢/ ڕێژەیـەکی زۆری بـەرتوێژان هـاوڕان لـە سـەر ئـەوەی نەبـونی یاسـای میـدیای دیجیتـاڵی هۆکار بـووە بـۆ بڵاوبـوونەوەی هەواڵی ساختەو چەواشەکاری لە هەرێمی کوردستاندا.

٣/ دەرکەوتوە یاسا کارپێکراوەکان جێی متمانە و بەهەند وەرگرتنی دامەزراوە میدیایەکان نین، بۆیە پابەند نین پێیانەوە.

٤/ دەرکەوتوە زۆری ژمارەی پەیج و ئەکاونتە ساختەکان سەرچاوەی سەرەکی پشێووی میدیایین لە هەرێمی کوردستان و کاریگەری خراپیان لە سەر ئاسایشی خێزان و کۆمەڵگە کردوە.

٥/ دەرکەوتوە یاسا کارپێکراوەکانی میدیا وەکو یاسای ژمارە ٣٥ی ڕۆژنامەنوسان، یاسای مافی بەدەستهێنانی زانیاری،یاسای خراپ بەکارهێنانی ئامرازەکانی پەیوەندیکردن و ڕێنمای ڕێکخستنی فریکوێنسی. نەیانتوانیوە وەڵامدەرەوەی کێشەکانی ئێستای میدیای دیجیتاڵیین لە هەرێمی کوردستاندا.

٦/ دەرکەوتوە نەبوونی یاسای میدیای دیجیتاڵی کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆ و نێگەتیڤی هەیە لەسەر زیادبوونی فەوزا و پشێوی میدیایی لە کوردستاندا، هەر بۆیە زۆربەی بەرتوێژان هاوڕان لە سەر ئەوەی بوونی پشێوی میدیای وادەکات کە یاسای تایبەت بە میدیای دیجیتاڵی پێویستیەکەی حەتمی بێت.

**پێشنیازەکان:**

دوابە دوای ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە و خستنەڕووی دەرەنجام توێژەران چەند پێشنیازێك دەخەنەڕوو:

١/ وابەستەبون بە یاسا کار پێ کراوەکانی میدیا لە هەرێمی کوردستان لە لایەن دامەزاروە میدیایەکانەوە.

٢/ پێویستە لایەنە پەیوەندیدارەکان و پارلەمانی کوردستان و حکومەتی هەرێم کار بکەن بۆ هەموارکردنەوەی یاسای ژمارە ٣٥ ڕۆژنامەنوسان لە هەرێمی کوردستان کە لە گەڵ ناوەڕۆکی ئەمڕۆی میدیای دیجیتاڵیدا بگونجێت یاخود کار بکەن بۆ دەرچواندنی یاسایەکی مەحکەم و سەردەمی تایبەت بە ڕێکخستنی ناوەڕۆکی میدیای دیجیتاڵی لە هەرێمی کوردستان.

٣/ پێشنیاز دەکەین لایەنە پەیوەندیدارەکان بە تایبەتی وەزارەتی ڕۆشنبیری و سەندیکای ڕۆژنامەنوسان هەڵمەتێکی نیشتیمانی بکەن بۆ لێپێچینەوەو بەدواداچون بۆ ئەو میدیای دیجیتاڵی و پەیج و ئەکاونتانەی دەبنە هۆی بڵابونەوەی پشێوی و ترس و دڵەڕاوکێ.

٤/ پیشنیاز دەکەین مامۆستایانی میدیا و ڕۆژنامەنوسان هەنگاوی بە پەلە بنێن بۆ دانانی یاسایەك تایبەت بە میدیای دیجیتاڵی لە پێناوی کەمکردنەوەی پشێوی میدیایی.

٥/ توێژینەوەیەک بکرێت لەسەر (کاریگەری نەبوونی یاسای دیجیتاڵ میدیا لەسەر ئیتیکی میدیایی لەهەرێمی کوردستاندا).

**ڕاسپاردەکان:**

لەسەر بنەمای ئەو دەرەنجامانەی توێژینەوەکە پێی گەیشتووە، توێژەران ڕاسپاردەی توێژینەوەکەیان بەم شێوەیە دەخەنەڕوو:

1. پارلەمانی کوردستان بە زوویی لە گەڵ مامۆستایانی زانکۆو ڕۆژنامەنوسان لە پێناوی ریفۆرمی میدیای و ئاسایشی. نیشتیمانی کۆمەڵگە کاری پێویست بکەن بۆ ئەنجامدانی پرۆژە یاسای ڕێکخستنی دیجیتاڵ میدیا.

2. توێژەران ڕاسپاردە دەکەن کە تویژەرانی بواری میدیا تویژینەوە بکەن لە سەر چینە جیاوازوکانی کۆمەڵگە سەبارەت بە زانینی رایان لە سەر کاریگەری نەبونی یاسای میدیای دیجیتاڵی.

3. ئەنجامدانی تویژینـەوەی شـیکاری نـاوەرۆك لـە سـەر میـدیای دیجیتـاڵی کـوردی سـەبارەت بـە جـۆرو کاریگـەری ئـەو پەشـێویانەی کەلـە کۆمەڵگەدا بڵاویان دەکەنەوە.

٤. ئەنجامدانی توێژینەوەی بەناونیشانی کاریگەری نەبوونی یاسای دیجیتاڵ میدیا لەسەر ئیتیکی میدیایی لەهەرێمی کوردستاندا.

## لیستی سەرچاوەکان:

1/ Liang Wu, Fred Morstatter, Kathleen M. Carley, and Huan Liu, (2018) Misinformation in social media: Definition, Manipulation, and Detection, SIGKDD Explorations, Volume 21, Issue 1, pp80-90.

2/ Hunt Allcott, Matthew Gentzkow and Chuan Yu, (2019) Trends in the diffusion of misinformation on social media, Research and Politics , April-June 2019: 1–8, ournals.sagepub.com/home/rap.

3/ Simon Chesterman, (2024) Lawful but Awful: Evolving Legislative Responses to Address Online Misinformation, Disinformation, and Mal-Information in the Age of Generative AI, THE AMERICAN JOURNAL OF COMPARATIVE LAW, Vol. 72, pp934-965.

4/ Alberto Bellocchi, Timothy Graham, Stina Bergman Blix and Darren Linvill, (2025) Editorial: Sociology of emotion and affect in the age of mis-, dis-, and mal-information, frontiers in sociology, DOI 10.3389/fsoc.2025.1563408

5/Yucong Lao,I & Yukun You, (2025) NGOs' Endeavors in Mis- and Disinformation Combat and Literacy Enhancement: *A Case Study of Faktabaari*, pp1-39. https://doi.org/10.31235/osf.io/wdre7
https://osf.io/preprints/socarxiv/wdre7_v1

6/ Claire Wardle and Hossein Derakhshan, (2017) Information Disorder (Toward an interdisciplinary framework for research and policymaking), Published by the Council of Europe.

7/ Yaqi Yu, (2023) The Causes and Solutions of We Media Chaos, Proceedings of the 4th International Conference on Educational Innovation and Philosophical Inquiries. DOI: 10.54254/2753-7064/7/20230862

8/ Hrishita Chakrabarti, Tobia Diletta Micol, Monica Landoni and Maria Soledad Pera, (2025) Online Information Disorder & Children, the 47th European Conference on Information Retrieval), April 10, 2025, Lucca, Italy.

9/ Anastasia Giachanou, Xiuzhen Zhang, Alberto Barrón-Cedeño, Olessia Koltsova and Paolo Rosso, (2022) Online information disorder: fake news, bots and trolls, International Journal of Data Science and Analytics (2022) 13:265–269.

10/ Susan Maret, (2025) Mal-Information, the Anatomy of an "Information Disorder, Secrecy and Society, Vol. 3, No. 2 [2025], Art. 4.

11/ Isah Nasidi, (2021) Information disorder ecosystem: concepts taxonomies, and research agenda, The Centre for Journalism Innovation and Development [CJID]

12/ Tahir Salim Zari, (2021) Digital advertising and its impact on Consumer Behavior, International Research Journal of Humanities and Interdisciplinary Studies (IRJHIS), Volume 2, Issue 5, May 2021, Impact Factor 5.71, pp121-127.

13/ Vanita Khanchandani and Moveen Kumar, (2017) Mapping of E-books in Science & Technology: An Analytical Study of Directory of Open Access Books, Journal of Library & Information Technology, Vol. 37, No. 3, May 2017, pp. 172-179.

14/Erkan Terzi, (2025) The social chaos power of social media, MAY 23, 2025, Available from: https://erkanterzi.com/the-social-chaos-power-of-social-media/

15/ Murat Selvi, (2024) Navigating the Digital Chaos Requires Ethical Journalists, 2September2024, Available from:
https://researchcentre.trtworld.com/publications/blog/navigating-the-digital-chaos-requires-ethical-journalists/

16/ Asad Ali, (2022) Social Media as an Agent of Chaos in Societies, June 7, 2022, Available from:
';https://thediplomaticinsight.com/social-media-as-an-agent-of-chaos-in-societies/

17/ Phil cooke, (2025) Navigating Media Chaos: How to Stay Informed Without Getting Overwhelmed, February 15, 2025, Available from:
https://www.philcooke.com/navigating-media-chaos-how-to-stay-informed-without-getting-overwhelmed/

18/ Noviantika G., (2026) What Is the Difference Between a Blog and a Website: Content, Monetization, and Updates, Mar 10, 2026, Available from:
https://www.hostinger.com/my/tutorials/difference-between-blog-and-website

19/ Lily Hulatt and Gabriel Freitas, (2024) Audio-visual Media, 9 October, 2024, Available from:
https://www.studysmarter.co.uk/explanations/media-studies/mass-media/audio-visual-media/#:~:text=Components%20of%20Audio-visual%20Media,

20/ Varsha Jain and Vijay Viswanathan, The Usage and Applications of Mobile Apps, Published in the United States of America by Information Science Reference (an imprint of IGI Global), DOI: 10.4018/978-1-4666-8239-9.ch100
21/ Indeed Editorial Team, (2025) What is digital media? (Different types, uses and careers), 26 November 2025, Available from:
https://uk.indeed.com/career-advice/career-development/what-is-digital-media
٢٢/ هەرمن شێرکۆ نصرالدین (٢٠٢٣)، کاریگەری بەبازاڕکردنی کۆمەڵایەتی کارەکتەرە ناودارە کوردییەکان لە سۆشیال میدیادا، تێزی دکتۆرای بڵاونەکراوە، زانکۆی صلاح الدین، کۆلێژی ئاداب، بەشی راگەیاندن.

٢٣/ کارزان محمد، (٢٠١٧)رۆژنامەنوس و تاوانەکانی راگەیاندن ، ، دەزگای رۆشنبیری جەمال عیرفان، سلێمانی.
٢٤/ هاوژین عومەر، (٢٠١٢) ئیتیکی کاری رۆژنامەوانی، چاپخانەی موکریانی، هەولێر .
٢٥/ حسن عماد مكاوی، (٢٠٠٣) أخلاقيات العمل الإعلامي، دار المصرية اللبنانية.
٢٦/ عبدالرزاق احمد السنهوری بك، علم اصول القانون ،المركز الأكاديمى للنشر الاسكندرية.
٢٧/ سایتی سەنتەری میترۆ بۆ داکۆکیکردن لەمافی رۆژنامەنوسان، بەرواری سەردان ٢٠٢٦/٢/١٠،
https://www.metroo.org/dreja.aspx?=hewal&jmare=27&Jor=5
٢٨/ سایتی خزمەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەرواری سەردان ٢٠٢٦/٢/١٠،
ڕێنمایی (١) ساڵی ٢٠١٤ ڕێنمایی ڕێکخستنی فریکوێنسی سیەیس لە هەرێمی کوردستان | خزمەت
29/ سایتی پارلەمانی کوردستان بەرواری سەردان ٢٠٢٦/٢/١٠ .
https://legislation.krd/law-detail/?id=1849

# Media Reform and the Right to Private Life: Strengthening Ethical Principles in the Kurdistan Region

**Eman Luqman Abdulla**
Assistant Lecter
University of Sulaimani
College of Administration and Economics
Kurdistan Region of Iraq, Sulaimani.
eman.abdulla@univsul.edu.iq

**Dr. Ismail Othman Abdulrahman**
Lecturer
University of Sulaimani
College of Humanities
Department of Philosophy and Cultural Studies
Kurdistan Region of Iraq, Sulaimani ismail.abdulrahman@univsul.edu.iq

**Abstract**

Media reform in the Kurdistan Region is an important and significant process to face the challenges of digital media. One of the most important ethical duties of the media in this era is to protect the right to the private life of individuals, especially in times of speed and resorting to digital sensationalism, which affects the private lives of individuals. Media reform will be a significant change in the field of journalistic work law, in order to be able to answer the new ethical challenges, because part of the ethical principles have a legal perspective, at the same time the media must provide assurance to its receivers that freedom of expression does not become an excuse for publishing false information or harming the lives of individuals and the general interest of society. The research community is Sulaymaniyah-Chamchamal, and the research sample is the collection of a significant part of the news published on the social media of the television channels and digital news websites of each of the (Ava and 8) channels that gave great importance to the event. The main goal of the research is the analysis and presentation of to what extent the media channels of the Kurdistan Region have been able to observe ethical laws and rules in the coverage of disasters, especially natural disasters. Research Method; films and clips were used as part of verbal data analysis, Research Theory is Digital Social Responsibility and the Semiotics of John Fiske (Media and Cultural Studies). The results of the research; in media coverage, more importance is given to collecting likes, comments, and the feelings of the receiver during the presence of crises, they have been less able to observe ethical principles and journalistic responsibility during the transmission of events and news, despite the use of technical symbols to arouse the feelings of the receiver.

**Keywords:**

Media Reform, Journalistic Ethics, Digital Privacy, Social Responsibility, John Fiske's Theory

# ریفۆرمی میدیایی و مافی ژیانی تایبەتی:
# بەهێزکردنی بنەما ئەخلاقییەکان لە هەرێمی کوردستان

**ئیمان لوقمان عەبدوڵا**
مامۆستای یاریدەدەر
زانکۆی سلێمانی
کۆلێژی کارگێڕی و ئابووری
هەرێمی کوردستان عێراق، سلێمانی
eman.abdulla@univsul.edu.iq

**د. ئیسماعیل عوسمان عەبدولڕەحمان**
مامۆستا
زانکۆی سلێمانی
کۆلێژی زانستەمرۆڤایەتییەکان
بەشی فەلسەفە و توێژینەوە کولتوورییەکان
هەرێمی کوردستان عێراق، سلێمانی ismail.abdulrahman@univsul.edu.iq

## پوختە
ریفۆرمی میدیایی لە هەرێمی کوردستاندا پرۆسەیەکی گرنگ و پڕبایەخە بۆ رووبەڕبونەوەی ئاستەنگەکانی میدیای دیجیتاڵی. یەکێک لە گرنگترین ئەرکە ئیتیکییەکانی میدیا لەم سەردەمەدا بریتییە لە پاراستنی مافی ژیانی تایبەتی تاکەکان، بەتایبەت لەکاتی خێرایی و پەنابردنە بەر وروژاندنی دیجیتاڵی، کە کاریگەری لەسەر ژیانی تایبەتی تاکەکان دەبێت. ریفۆرمی میدیایی، گۆڕانکارییەکی گرنگە لە بواری یاسای کاری میدیایدا، بۆ ئەوەی بتوانێت وەڵامی ئاستەنگە ئیتیکییە نوێیەکان بداتەوە چونکە بەشێک لە پرەنسپە ئیتیکیەکان روانگەیەکی یاساییان هەیە، میدیا پێویستە دڵنیایی بداتە وەرگرەکانی، کە ئازادی ڕادەربڕین نابێتە بیانوو بۆ بڵاوکردنەوەی زانیاری هەڵە یان زیانگەیاندن بە ژیانی تاکەکان. کۆمەڵگای توێژینەوەکە؛ شاری سلێمانی-چەمچەماڵ، سامپڵی توێژینەوەکەش وەرگرتنی بەشێکی بەرچاوی ئەو هەواڵانەیە کە لەسۆشیاڵ میدیای کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان و وێبسایتە هەواڵییە دیجیتاڵییەکانی هەریەک لە کەناڵەکانی (ئاڤا و هەشت) بڵاوکراوتەوە و گرنگی زۆریان بە ڕوداوەکە داوە. ئامانجی سەرەکی توێژینەوەکە؛ شرۆڤە و خستەڕوی ئەوەیە کە تاچەند کەناڵە میدیاییەکانی هەرێمی کوردستان، توانیویانە ڕەچاوی یاسا و ڕێسا ئیتیکییەکان بکەن لە ڕۆماڵی کارەساتەکاندا بەتایبەت کارەساتە سروشتییەکان. میتۆدی توێژینەوەکە؛ فیلم و گرتەکان وەک بەشێک لە شیکاری داتای زارەکی سوودیان لێوەردەگیرێت، تیۆری توێژینەوەکە بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی دیجیتاڵی و تیۆری هێماناسی جان فیسک (میدیاو توێژینەوە کولتوورییەکان)ە. دەرەنجامی توێژینەوەکە؛ ڕۆماڵە میدیاییەکان زیاتر گرنگی بەکۆکردنەوەی لایک و کۆمێنت و هەستی وەرگرەدرێت لەکاتی بوونی قەیرانەکاندا، کەمتر توانیویانە ڕەچاوی بنەما ئیتکیەکانی و بەرپرسیاریەتی میدیایی بکەن لەکاتی گواستنەوەی ڕووداوە و هەواڵەکاندا، سەرەرای بەکارهێنانی هێما تەکنییەکان بۆ وروژاندنی هەستی وەرگر.

## کلیلەوشەکان:
ریفۆرمی میدیایی، ئیتیکی میدیا، تایبەتمەندی دیجیتاڵی، بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی، تیۆری جان فیسک

## پێشەکی
میدیا دامەزراوەیەکی بەرهەمهێنانە، وزەی ئەم بەرهەمهێنانەش گشت ئەو توانا مرۆییانە کە کار لە بەرهەمهێنانی پەیامەکاندا دەکەن، ئەو پەیامانەش پەیوەندیەکی راستەوخۆیان بە کۆمەڵگاوە هەیە، چونکە وەک کاڵاو خزمەتگوزارییەکی میدیا لێیدەڕوانرێت، هاوڵاتیان دەبنە بەکاربەری کاڵاکان، دونیابینی خۆشیان لەو چوارچێوەیەدا رێک دەخەن. هەر دامەزراوەیەک کە پەیامە میدیاییەکان (بینراو، بیستراو، خوێنراو) فۆرمەڵە دەکات، پێویستە ڕەچاوی بنەما ئیتیکی و یاساییەکانی کاری رۆژنامەوانی بکەن، بۆ ئەوەی بەهاو پرەنسیپە مرۆییەکان پارێزراو بێت.
دوای ساڵی (٢٠١٠) لەهەرێمی کوردستاندا، گشت دامەزراوە میدیاییەکان (رادیۆ، رۆژنامە، تەلەفزیۆن) هاتوونەتە ناو قۆناغبەندیەکی نوێوە، لەچوارچێوەی میدیای کۆنباودا دەرچوون، هەموو پەیامە بەرهەمهێنراوەکان دەگوێزنەوە بۆ ناو تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان، میدیاکان بەدوو فرێم و فۆرماتی جیاواز کاردەکەن (فۆرماتی میدیایی کۆنباو، فۆرماتی میدیایی نوێ)، پەیامەکانیشیان لەو چوارچێوەیەدا ئاراستەی وەرگرەکانیان دەکەن. دوفلور بال روکیچ ئاماژەی بەوەکردووە لە بازاڕی میدیایدا (Differentiated Audience)، دیدو تێروانینی دەستەکۆمەڵایەتییەکان (social categories Perspective) جیاواز دەبن، هەربۆیە وەرگرەکان هەمەچەشن دەبن لە وەڵامدانەوەی جوڵە میدیاییەکاندا **(تسلیمی و حقیقی، ١٣٩٧: ١٥)**.
ئەگەر لەروانگەی فۆکۆیشەوە لێیبڕوانین، پێیوایە:"کۆمەڵگای ئێمە، کۆمەڵگای نمایشی- نییە، بەڵکو کۆمەڵگایەکە لەژێر چاودێری کامێراکاندایە بەشێوازی قوڵ، هەموومان دەبینرێن بەبێ ئەوەی چاودێرکەران خۆیان ببینرێن".**(فوکو، ١٣٩١: ٤٥)** هەروەها ئەو پێوایە گوتاری هەژمونگەری دەسەڵات لەرێگای میدیا و دەزگا ئایدۆلۆژییەکانی کۆمەڵگاوە خۆی نمایش دەکات.
تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان، ناوەندی بازاڕگەری میدیایی گەورەن، بۆیە لە سەردەمی ئێستادا لەچوارچێوەی لۆکاڵیبوون دەرچوون، چونەتە ئاستێکی جیهانییەوە. بەوتەی کاستێلز "نوسینگە دیجیتاڵییەکان، نوسینگەیەکی تۆڕین، ئاستی بەرهەمەکانیان جیاوازە، ئەگەرچی پەیوەندیەکی پێکەوەییان نییە، چونکە ئامانجی سەربەخۆیان هەیە توانیویانە (کۆمەڵگای تۆڕ)دروست بکەن". هەروەها (Neff and stark) هەنگاوێک زیاتر دەڕۆن، وشەیەکی گرنگتری بەکارهێناوە ئەویش (هەمیشە بێتا) کە میدیاکان لەپێناو ئابووری وەرگر سەنتەریدا (user-driven) کاردەکەن **(هوارد، ١٤٠١: ٤٥)**.
ئەم توێژینەوە دەیەوێت لەچوارچێوەی ریفۆرمی میدیا و بە پشت بەستن بە تیۆری بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی وەک پێوەرێک بۆ دەستنیشانکردنی بنەما ئیتکییەکان، هەروەها تیۆری جان فیسک لەچوارچێوەی توێژینەوە کەلتورییەکان، شیکاری بۆ پەیامە ڤیدیۆییەکان بکات کە خراونەتەڕوو.
جان فیسک، تیۆرێکی گرنکی رەخنەیی میدیا و توێژینەوە کەلتورییەکانە، لەچوارچێوەی شیکاری فیلم و سینەمادا کاری پێدەکرێت، لەو چوارچێوەیەدا دەتوانێت شیکاری بۆ گرتەو فرێمەکانی سینەما بکات.

### ئەدەبیاتی توێژینەوەکە و بونیادی تیۆری

تیۆرەکانی میدیای دەکرێت دابەش بکرێت بەسەر تیۆرەکانی بەرهەمهێنانی میدیایی، کە زیاتر لەچوارچێوەی تیۆرە ئابورییەکان و کۆنترۆڵی میدیا لەلایەن دەسەڵاتەوە خۆی دەبینێتەوە.

تیۆرەکانی ناوەڕۆکی میدیایی (content) ؛ کە باس لە ناوەڕۆکە میدیاییەکان و کاریگەریان لەسەر وەرگر دەکات **(ویلیامیز،١٣٩٧: ١٤١)** بەهەمان شێوە تیۆری کڵێشەسازی والتەر لیمپین، پێیوایە"میدیا کۆی گشتی وێنەکان ناگوێزێتەوە، بەڵکو ئەو وێنانە دەگوێزێتەوە کە خواستی خۆیەتی و کاریگەری لەسەر هۆشیاری گشتی دەبێت."

تیۆرەکانی کاریگەری لەسەر وەرگر؛ میدیا لەڕێگای پەیامەکانەوە کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر وەرگرەکانی هەیە بەشێوەیەکی ئەرێنی یان نەرێنی، هەندێکجار وەرگرەکان کاریگەری لەسەر بەرهەمهێنانی پەیامەکان دەبێت، لەو ڕوانگەیەوە میدیاکان بەجۆرێک پەیامەکانیان دادەڕێژن کە ڕەچاوی چێژی بینین و بیستنی وەرگرەکانیان بکەن.**(مهدی زاده، ١٣٩١: ٩١)**. تیۆری بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی لە چوارچێوەی تیۆرەکانی یەکەمداییە، تیۆری جان فیسک لەچوارچێوەی دووەمدا خۆی دەبینێتەوە، ئەویش کاریگەری میدیاییە لەسەر وەرگر و کۆمەڵگا.

### میتۆدی توێژینەوە

میتۆدی توێژینەوەکە شیکاری فرێم و گرتە و ڤیدیۆکانە، فیلم و گرتەکان وەک بەشێک لە شیکاری داتای زارەکی سوودیان لێوەردەگیرێت، چونکە تاوەکو ئێستا میتۆدێکی دیاریکراو بە شیکاری داتای بینراو نییە. بێگومان ئەمەش بە پشتبەستن بە تیۆری توێژینەوەکە، دەتوانێت شیکار بۆ سامپڵی توێژینەوەکە بکات **(فیلک،١٣٩٢: ٢٦٨)**. شیکاری زانیارییەکان، وەرگرتنی کۆمەڵێک فرێمی دیاریکراوی ئەو ڤیدیۆیانەدا دەبێت، کە دەرخەری ژیانی تایبەتی ئەو خێزان و کەسایەتیانەن کە بەشێوەی نمونەی هەرەمەکی وەرگیراون.

### کۆمەڵگا و سامپڵی توێژینەوە

هەرێمی کوردستان/عێراق، شاری سلێمانی، شارۆچکەی چەمچەماڵ. ئەم شارۆچکەیە لە کانوونی یەکەمی ٢٠٢٥دا، دەوروبەری ڕوبەڕوی شەپۆلێکی بارانباریی بێپێشینە بوونەوە کە بووە هۆی دروستبوونی لافاوێکی وێرانکەر. ئەم کارەساتە زیانێکی گیانی و ماددی زۆری لێکەوتەوە؛ چەند هاووڵاتییەک گیانیان لەدەستدا و زیاتر لە ٢٠٠٠ ماڵ و سەدان ئۆتۆمبێل و شوێنی بازرگانی زیانی توندیان بەرکەوت.

سامپڵی توێژینەوەکە هەشت ڤیدیۆیە کەبەشێوەی ڕیل تۆماکراوە (بەشێوەی هەرەمەکی مەبەستدار) لە پەیجەکانی سۆشیال میدیای (ئەنیستاگرام)کەناڵ هەشت[٧٤] و ئاڤا[٧٥] بڵاوکراونەتەوە.

### کێشەی توێژینەوە

کێشەی سەرەکی توێژینەوەکە بریتییە لە زانینی ئاستی پابەندبونی میدیا کوردیەکان بە پرەنسیپی ئیتیکی پارا ستنی مافی ژیانی تایبەت لە کاتی ڕوداو و کارەساتەکاندا، هەوڵدەدەین کێشەکە لە چەند پرسیارێکدا بخەینەڕوو:

١- دامەزراوە میدیاییەکان تاچەند ڕەچاوی بنەما ئیتکییەکان و بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی دەکەن، لەکاتی بوونی قەیرانە سروشتی و کۆمەڵایەتییەکاندا؟

٢- تاچەند دەزگاو دامەزراوە میدیاییەکان، ژیانی تایبەت و کەرامەتی مرۆڤەکانیان بەلاوە گرنگە؟

٣- دەزگاکان توانیویانە واقیعەتی ڕوداوەکان بگوێزنەوە، یان بوونە لایەنگر لەگواستنەوەی ڕوداوەکاندا؟

### بونیادی تیۆری توێژینەوەکە

تیۆری توێژینەوەکە دوو تیۆری جیاوازە، کە یەکەمیان بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی دیجیتاڵییە، هەروەها تیۆری هێماناسی جان فیسک، کە لە چوارچێوەی میدیا و توێژینەوە کەلتورییەکاندا خۆی دەبینێتەوە.

### یەکەم؛ ریفۆرمی میدیایی لە چوارچێوەی ئیتکی کاری میدیادا

لە سەردەمی دیجیتاڵیدا، ریفۆرم بە ئاراستەی ڕێکخستنی پلاتفۆرمە ئۆنلاینەکان هەنگاو دەنێت، بۆ پاراستنی کوالێتی زانیاری و مافەکانی تاک **(74:Napoli, 2019)**. لە سایەی گۆڕانکارییە خێراکانی تەکنەلۆژیای زانیاری، ریفۆرمی میدیایی چیتر تەنها لە گۆڕینی یاسا تەکنیکییەکاندا کورت نابێتەوە، بەڵکو "ئیتیک" بووەتە چەق گۆڕینی هەر پرۆسەیەکی چاکسازی. ریفۆرمی ڕاستەقینە لەوێوە دەست پێدەکات کە میدیا وەک دامەزراوەیەکی ئەخلاقی سەیر بکرێت، نەک تەنها ئامرازێکی تەکنیکی بۆ گواستنەوەی زانیاری**(156:Baran & Davis, 2021)**.

پرسی پاراستنی مافی ژیانی تایبەت (Privacy Rights) دەبێتە یەکێک لە هەستیارترین و ئاڵۆزترین تاقیکردنەوەکان بۆ هەر پرۆسەیەکی چاکسازی؛ چونکە لە ژینگەی میدیای دیجیتاڵیدا، سنووری نێوان ژیانی گشتی و تایبەت تەمومژاوی بووە و زۆرجار مافە کەسییەکان دەکرێنە قوربانیی "خێرایی" و "وروژاندنی میدیایی.

**چەمکی مافی ژیانی تایبەت:**

---

[74] کەناڵ8 دامەزراوەیەکی میدیایی سەربەخۆ و هاوچەرخە، ساڵی 2023 لە هەرێمی کوردستان دامەزراوە و ناوەندی سەرەکیی کەناڵەکە لە شاری سلێمانییە کە بە پایتەختی ڕۆشنبیری ناسراوە. لە ڕێگەی دوو کەناڵی تەلەڤزیۆنی بە زمانەکانی کوردی و عەرەبی، دیجیتاڵ بە زمانەکانی (کوردیی ناوەند و کورمانجیی سەروو، ئینگلیزی، عەرەبی، تورکی و فارسی)، رادیۆ و سەنتەری توێژینەوەوە لە بەرزترین ئاستی پیشەییبوون و پێشکەوتنە تەکنەلۆجییەکانەوە بەرهەمە ڕۆژنامەوانی و زانستییەکانی پێشکەش دەکات **(سایت کەناڵ 8)**

[75] گرووپی میدیایی ئاڤا، گرووپێکی میدیایی بەرپرسیارە، کە بەشێوەیەکی پیشەگەرانە و بە کوالێتییەکی بەرز کاردەکات بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی و بەرهەمی ئینتەرتەینمێنت (کاتبەسەربردن) و هەواڵی. ناوەڕۆکی بەرهەمەکانی لەسەر هێڵی بەها نیشتمانییەکان و پیرۆزییەکانی کوردستان و بەها باڵاکانی خێزانی کورد دادەڕێژێت لە چوارچێوەی کاری میدیایی هاوچەرخدا. **(سایت ئاڤا)**

هەوڵدان بۆ ناساندنی ئەم چەمکە مێژوویەکی دێرینی هەیە، بەپێی ڕوانین و دیدگای کەسەکان و باروودۆخ و سەردەمی پێناسەکردنەکەی بەردەوام لە گۆڕاندا بوە، واتا هەمیشە مانای جیاواز و نوێتر دەدرێتە چەمکەکە، بە کورتی دەشێت مافی ژیانی تایبەت وا بناسێنرێت" مافێکی سروشتی ڕێژەیی کەسەکانە و پەیوەستە بە هەر شتێکەوە کە نەیەوێت دۆست و دوژمن یان کەسانی دیکە بیزانن بە ئاشکراکردن و بڵاوکردنەوەی، دوچاری پلار و ڕقلێبونەوەی دەوروبەر ببنەوە و ببێتە مایەی هەڕەشە و مەترسی بۆیان ، هاوکات چەمکێکی لاستیکیە و واتاکەی بەپێی ئاست و پلەی بەرپرسیارێتی و ناسراوی و پێگەی کەسەکان لە گرژبون و خاوبونەوەیەکی بەردەوامدایە".(**ئەیڤەس،53:2020**)، هەروەها وارد باس لەوە دەکات کە لە کاتی کارەساتدا، پێناسەی ژیانی تایبەت فراوانتر دەبێت. چونکە قوربانی لە "دۆخی شۆک"دایە، ئەرکی ئیتیکی میدیا ئەوەیە کە وەک پارێزەر (Advocate) مامەڵە بکات، نەک تەنها وەک گواستەرەوەی وێنە. بڵاوکردنەوەی گرتەی ڤیدیۆیی کەسێک کە لە ناو هاوار و گریان و شۆکدایە، بە پێشێلکردنی "کۆنترۆڵی کەسایەتی" دادەنرێت، تەنانەت ئەگەر لە شوێنێکی گشتیشدا بێت.**(Ward, 2021, p. 179)**

### تیۆری بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی دیجیتاڵی[٧٦]

ئەم تیۆرە زیاتر جەخت لە (سەربەخۆی و ئازادبوونی میدیا) و (ئەرک و بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی) دەکاتەوە، میدیا پێویستە وەڵامدەرەوەی خواست و پێداویستییەکانی کۆمەڵگا بێت، هەروەها لەبەرانبەر چالاکییەکانی خۆیدا (گەیاند و بڵاوکردنەوەی هەواڵ و زانیارییەکان) بۆ وەرگرەکان، پێویستە ڕەچاوی بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی بکات **( مهدی زادە، ١٣٩١: ٨٩)**. بنەمای تیۆرەکە لەچەند خاڵێکدا دەخەینەڕوو:

١- **کەمکردنەوەی زیانی دیجیتاڵی:** لە کاتی کارەساتەکاندا، بڵاوکردنەوەی دیمەنی ئازاری قوربانیان بۆ کۆکردنەوەی "لایک"، پێشێلکردنی ڕاستەوخۆی ئەم بنەمایەیە، چونکە زیانی دەرونیی درێژخایەن لەسەر وەرگرەکان دروست دەکات، دەبێتە جۆرێک لە شکاندنی "کەرامەتی دیجیتاڵی" لە ئەرشیفی ئینتەرنێتدا دەمێنێتەوە .**(Ward, 2024, p. 112)**

٢- **بەرپرسیارێتی ئەلگۆریتمی:** میدیا بەرپرسە لەو شێوازەی پەیامەکەی بۆ دادەڕێژێت تا سەرنجی ئەلگۆریتمەکان ڕابکێشێت. بەکارهێنانی "کلیک بایت (Clickbait) "کە ژیانی تایبەتی تاکەکان تێکدەدات تەنها بۆ بەرزکردنەوەی چالاکی(Engagement) ، لادانە لە ئیتیکی پیشەیی **(Zelizer et al., 2023, p. 154)**.

٣- **ڕاستکردنەوەی کارا :** لەو ژینگە دیجیتاڵییەی کە میدیا کاری تێدا دەکات، پێویستە میدیا هەڵە دەکات، دەستبەجێ ڕاستبکرێتەوە لەهەمان پلاتفۆرم کە هەڵەکەی تێدا کراوە بڵاوبکرێتەوە، نەک تەنها سڕینەوە، بەڵکو داوای لێبوردنیش لە وەرگرەکان بکرێت **(Ward, 2021, p. 203)**.

٤- **کارلێکردنی ئیتیکی :**میدیا بەرپرسە لەو ژینگەیەی لە ژێر پۆستەکانیدا دروست دەبێت. فەرامۆشکردنی بەشی کۆمێنت و ڕێگەدان بە گوتاری ڕق و کینە بەرامبەر قوربانیان، بێباکی و نابەرپرسیارێتییە .**(McQuail & Deuze, 2020, p. 195)**

٥- **دادپەروەری و نوێنەرایەتی :**نابێت میدیا وەک "کەرەستەی بازرگانی" سەیری قوربانی بکات، بەڵکو دەبێت ببێتە پارێزەری مافەکانیان و ڕێز لە شکۆیان بگرێت .**(Christians et al., 2021, p. 310)**

٦- **ناپرۆفیشناڵی ڕۆژنامەوانیی:** بەشێک لە هۆکارەکانی پێشلکردنی بنەما ئیتکیەکان لە میدیای کوردیدا، ناپرۆفیشناڵیەتی و لاوازی پیشەی میدیایی ڕۆژنامەنووسان و کارنەکردنە بە ستانداره میدیاییەکان، لەچوارچێوەی ئازادی ڕادەبرین و ڕۆژنامەنوسیدا **(ڕەسول، ٢٠١٢: ١٢٢).**

### دووەم: تیۆری هێماناسی ڕەخنەی جان فیسك

جان فیسک (John Fiske)[٧٧] ، لەساڵانی (٢٠٢١-١٩٣٩ ) ژیاوە، یەکێکە لە ناودارترین تیۆری دارێژەرانی بواری خوێندنەوەی کولتووری (Cultural Studies)، و کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر تێگەیشتن لە کولتووری باو (Popular Culture) هەبووە. تیۆرییەکەی فیسک بەوە جیا دەکرێتەوە کە گەشبینانە دەڕوانێتە "بینەر" یان "بەکارهێنەر" و پێیوایە خەڵک تەنها وەرگرێکی بێدەنگ نین، بەڵکو چالاکن. **(مژگان، ١٣٨٢: ١٢٦)** فیسك لە توێژینەوەی (کلتووری تەلەفزیۆن) دابەشکاریەکی لەسەر سێ ئاستی جیاواز کردووە ئەوانیش؛

**١- واقیعیەت؛** ئەو کاتەی میدیا پەیامەکانی بەرهەم دەهێنێت، کۆمەڵێک هێمای کۆمەڵایەتی لەخۆدەگرێت، لەوانەش (ڕوکاری دەرەکی، جلوبەرگ، کەسایەتیەکان، هەڵسوکەوتەکان...)

**٢-ڕانانەوە (Representation)؛** هەموو هێما تەکنیەکان لەخۆدەگرێت کە لەڕێگای تەکنۆلۆژیاوە ئەنجام دەدرێت، بۆنموونە ؛ کامێرا، ڕووناکی، ئیدت، مۆسیقا، هەروەها کۆمەڵێك هێمای دیکەی وەك داستان و کەسایەتییەکان، گفتوگۆ و کات و شوێن، کە ئەمانە پەیوەندییان بە شوێنی بەرهەمهێنانی پەیامەکانەوە هەیە.

**٣- هێما ئایدۆلۆژییەکان؛** ئەمانیش ڕەمزە کۆمەڵایەتیەکانن کە بریتین لە تاگەرایی، باوکسالاری، ڕەگەز، چینی کۆمەڵایەتی، سەرمایە **(فیسك،1380: 128)**

---

[٧٦]تیۆری بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی، ڕەگەکەی بۆ ڕاپۆرتی کۆمیسیۆنی "هاتچینز" لە ساڵی ١٩٤٧ دەگەڕێتەوە، لە دوای ساڵی ٢٠١٠وە بەهۆی شۆڕشی میدیای دیجیتاڵییەوە تووشی وەرچەرخانێکی مێژوویی بوو. نوێبوونەوەی بنەڕەتیی ئەم تیۆرییە لەسەر دەستی پرۆفیسۆر ستیڤن وارد (Stephen J. Ward)بوو، کە لە ساڵانی (٢٠١٣، ٢٠٢١، و ٢٠٢٤) لە ڕێگەی کارەکانی لەسەر "ئیتیکی میدیای رادیکاڵ و دیجیتاڵ"، چەمکەکەی لە بەرپرسیارێتییەکی سنوورداری دامەزراوەییەوە گۆڕی بۆ "بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی گشتگیر.(Ward, 2024, p. 45)."

[77]فیسک زیاتر لە نێوان ساڵانی ١٩٧٠ بۆ ١٩٩٠ لە لوتکەی بەرهەمهێنان و نووسیندا بوو، کە تێیدا کتێبە بەناوبانگەکانی وەک ( *Reading the Popular* )و (*Understanding Popular Culture*) ی بڵاوکردەوە. ئەو زۆربەی ژیانی ئەکادیمی خۆی لە وڵاتانی بەریتانیا، ئوسترالیا و دواتر لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا (زانکۆی ویسکۆنسن-مادیسۆن) بەسەر برد. هەرچەندە لە ساڵی ٢٠٠٠ بەدواوە کەمتر لە ناوەندە زانستییەکاندا دەرکەوت، بەڵام تیۆرییەکانی تا ئێستاش لە زانکۆکانی جیهان وەک سەرچاوەی سەرەکی دەخوێندرێن. **(فرجی: 1396: 126)**

**ئاسته جیاوازەکانی شیکاری گوتاری رەخنەی و هێماناسی (عبدالرحمن: ١٣٩٥: ٤٨)**

| ئاستی شیکاری | شیکاری هێما پەیوەندیدارەکان |
|---|---|
| ئاستی یەکەم: واقعیەت Reality | پێك دێت لە؛ رەمزە کۆمەڵایەتییەکان، ئەوانیش هێماکانی دەرەوە لەخۆدەگرێت، رەفتار و گوفتار وەك جلوبەرگ و دەموچاوی کارەکتەر و رەفتار و هەڵسوکەوتیان، هەروەها پێست و جلوبەرگ و موو... |
| ئاستی دووەم؛ رانانەوەیە Representation | ئەو هێما تەکنکیانەی کە بەیارمەتی ئامێرە ئەلیکترۆنیەکان ئەنجام دەدرێت، لەوانەش کامێرا و رووناکی و دەنگ (رێکخستن و مۆسیقای تێکستە)... |
| ئاستی سێیەم، هێما ئایدۆلۆژیا؛ Ideology | لەوانەش تاکگەرایی، باوکسالاری، نەژادپەرستی و مادیگەرایی و سەرمایەداری لەخۆ دەگرێت... |

تیۆری بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی، دەتوانیت دەست نیشانی لایەنی ئاکارییەکانی کاری میدیایی بکات، لە خستەڕووی بابەتەکان بۆ کۆمەڵگا، هەروەها تیۆری رەخنەی جان فیسک شیکاری لایەنی واقیعیەتی گواستنەوەی رۆماڵە رۆژنامەوانییەکان، هەروەها ئەو گۆرانکارییە تەکنیکیانە کە لەبەرهەمهێناندا دەکرێت، کاریگەری لەسەر هەستی وەرگر دروست دەکات، پاشان روکاری ئایدۆلۆژی بابەتەکان دەخاتەڕوو، هەردوو تیۆرەکە پێکەوە دەبنە دوروی دراوێک، بۆ شیکاری لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە.

**لایەنی پراکتیکی توێژینەوە**

ڤیدیۆکە یەکەم (٥٠ چرکەیە)؛

پەیامنێری کەناڵی ئاڤا دەچێتە ناو ماڵێکەوە، بەجلوبەرگێکی شێواوە، چاکەتێکی درێژ و ملپێچێک و جزمەی لەپێدایە، لە پشتەوە جامخانەیەکی ئاسنی شکاو دەردەکەوێت، بەدەنگێکی پڕ حەسرەتەوە دەڵێت: زۆر غەمبارم، لەپڕ بەکامێرامانەکەی دەڵێت، بڕۆینە بەشێکی دیکەی خانووەکە، ئەم شوێنە بەخێوکردنی ئاژەڵ بووە (٣٠) ساڵ لەمەوپێش، مـن لەرزم لێـدێت لەم شـوێنەدا، خـوا یارمەتیتـان بـدات، دڵخۆشـم سەلامەتن، داوا لە رێکخراوی ...



شیکاری ڤیدیۆکە؛

**ئاستی یەکەم** ژینگەی ماڵێکی کۆن، پەنجەرەی شکاو کە بە نایلۆن گیراوە، فەوشەیەکی لێڵ و پڕ لە لیتە. ئەمە نیشانەی "هەژاری" و "نەبوونی خزمەتگوزارییە." کۆدەکانی جلوبەرگ؛ خاتوونە بەسـاڵاچووەکە بە پۆشـاکی سـادە و کەمـدەرامەتییەوە دەردەکەوێـت، کە دەلالەتە لە دۆخی ناجێگیری ئابووریان. باران و لافاو لە ناو حەوشـەی ماڵەکەدا، ئەمە نیشـانەی "سروشـتە" کە دەبێتە هەڕەشە بۆ سەر "مرۆڤی پەراوێزخراو."

**ئاسـتی دووەم؛** پەیـامنێرەکە ، هەوڵ دەدات لە رێـگەی دەنـگ و وێـنەوە هاوسـۆزی بـۆ ئەو دروسـت بکات، لە گرتەیەکـدا بـاوەش بە کەسی زیانلێکەتوودا دەکات، وەک ئەوەی کەسـێکی نـزیکی خـۆی بێـت، سـەبووری بـداتەوە، ئەم لەکاتێکـدایە پەیـامنێر دەبێـت گـوێزەرەوەی دەنگی هاوڵاتیان بێت بۆ رای گشی.

تەکنیکی کامێرا؛ گرتەیەکی میدیەم تەواوە (Medium long shoot) دواتر کەسی خاوەن ماڵ دێتە ناو دیمەنەکەوە، لەپشتەوە ژێر زەمینێک نیشان دەدات... دەنگ و زمان؛ زمانی جەستەیەی پەیامنێرەکە کەمێک شێواوە، سەرەرای بەکارهێنانی وشەی "سەختە" و "لەرزیوم" هەوڵ دەدات دۆخی ناخۆشی ژیانی ئەو ژنە بەرجەستە بکات، بینەر بۆ خۆی کەمەندکێش بکات.

**ئاستی سێیەم:** بەرونی ئایدیۆلۆژیای کەناڵەکە لەگواستنەوەی پەیامەکە رەنگی داوەتەوە، چونکە پەیامنێرەکە لەکۆتای ڤیدیۆکە داوا لە دەزگای خێرخوازی دەکات یارمەتییان بدەن. ئەمە ئایدیۆلۆژیای پەنابردن بۆ خێرخوازی نیشان دەدات، لەبری ئەوەی مافی خزمەتگوزاری بە مافی سەرەتایی هاوڵاتی بناسێنرێت. لافاویش وەک هێمایەک بۆ نەبوونی عەدالەتی کۆمەڵایەتییە، ڤیدیۆکە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ رەخنە لە کەمتەرخەمیی دەسەڵات دەگرێت.

**تیۆری بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی؛** رەخنەی سەرەکیی تیۆریی بەرپرسیارێتی لە میدیا ئەوەیە ئایا میدیا دەبێت هاوڵاتی فێری "پاڕانەوە لە خێرخوازی" بکات، یان "داواکاری بۆ ماف"؟ میدیا پێویستە ببێتە فشار لەسەر دامەزراوە حکومییەکان بۆ ئەوەی بەدەمەوەچوونی بۆ ژیانی هاوڵاتیان هەبێت، نەک بەراکێشانی سۆزی بینەران، هەوڵ بباتە بەر وروژاندن.

ئەمەش پێدەوترێت سۆزداریی بۆش (The Spectacle of Poverty)، پێچەوانەی بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتییە کە جەخت لەسەر راستگۆی و بێلایەنی دەکاتەوە، لەگواستنەوەی پەیامەکاندا، سەرەرای ئەوەش جۆرێک لە شکاندنی کەرامەتی ئەو ژنە، لەکاتێکدا تیۆری بەرپرسیاریەتی میدیایی جەخت لەوە دەکاتەوە کە کێشەکە چارەسەر بکات، نەک وەک دیمەنێکی دراماتیکی بۆ بینەر بەکاری بهێنێت.

بەپێ تیۆری بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی، میدیا پێویستە لێکۆڵینەوە بکات (Investigative Reporting)، نەک تەنها رومالّ (Coverage). پەیامنێرەکە دەڵێت: "ئەمە پێش ٣٠ ساڵ شوێنی ئاژەڵ بووە". ئەمە زانیارییەکی زۆر گرنگە، بەڵام میدیاکە نایچێتە قووڵایی ئەم بابەتەوە: کێ بەرپرسە لەوەی ئەم ماڵە ٣٠ ساڵە بەمشێوەیە ماوەتەوە؟ بۆچی بودجەی ئاوەدانکردنەوە بۆ ئەم ناوچانە خەرج ناکرێت؟ میدیاکە بە جێهێشتنی ئەم پرسیارانە لە "بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتییەوە" دەبێتە "میدیایەکی رووکەشی."

**ڤیدیۆی دووەم (١٣٠ چرکە):**

پەیامنێرەکە سەردانی خێزانە لێقەوماوەکەی شۆڕش دەکات، ڤیدیۆکە دو پەنجەرەیە (Two windows)، بەشی خوارەوەی دیمەنی لافاوەکەیە هاتنە ناوەوەی ئاوە بۆ ناوخانووەکە، دووەمیان دیمەنی پەیامنێرەکەیە کە لە پشتەوە پەنجەرەو دەرگاری خانووەکە دەردەکەوێت، گرتەی پەیامنێرەکە میدیەم لەپشتەوەیە (Background medium shot)، دەچێتە لای ژنێک بە تەمەن بە جلێکی ئاساییەوە پاشان پیاوێک بەجلێکی کوردییەوە، مشکیەکی بەسەرەوەیە، ئەوان دەگرین و ئەویش دەڵێت: گریان تەواو دەستی ژنەکە ماچ دەکات، دەڵێت ئەوە هاتم بۆلاتان، بە پیاوەکەش دەڵێت دوێنی زۆر خەمت دامێ، فرمێسکەکانت تەواو، هەموو شتێک دەبێت لە پێکەنین. دیمەنێکی پڕ لە سۆز و کـارێگەرییە کە تێیـدا پەیـامنێرەکە لەبـری ئەوەی وەک چـاودێرێکی دوور لە رووداوەکە دەربکەوێت، خۆی وەک بەشێک لەغەم و ئازاری خێزانەکە نیشان دەدات.



**ئاستی یەکەم ؛** جلوبەرگی ئەم خێزانە (بە تایبەت ئەو ژنەی کە خاوەن ماڵەکەیە، هێمای ژیان، مێینەیی، و بەرگی کەلتووری"یە لە بەرامبەر سروشتێکی سارد و تەڵخ) نیشانەی هەژارییە, جلی بەسـاڵاچووەکان کە زۆرجار رەنگی تەڵخ و بەکارهاتوویان پێوە دیارە، هێمـای "ئیشـکردن و سـەختیی ژیـان"ە هێمـای کەمـدەرامەتییە، ئەم لەرووی پۆشـاکەوە دەتـوانین دەسـت نیشـانی ئەوەی بکەیـن کە کارەکتەرەکـان خەڵـکی "شـار" نـین. پەیامنێرەکە بە جلوبەرگێکی رەسمییەوە دەردەکەوێت، مایکی ئاڤا بەدەستیەوەیەتی خێرا باوەش بە ژنەکەدا دەکات، بینینی خۆیەتی وەک فریادرەسێک، جۆرێکیش لە منەتبارکردنی تێدا دەبینرێت"من دوێنی نەموت دێمە لاتان!" وەک ئەوەی بڵێـت مـن بەلێـنی خـۆم بـردووەتە سـەر، بـاوەش و گریـان وەک هێمـایەکی بەهـێزی سۆزدارییە، لەکاتێکدا پەیامنێرەکە بە تەوقەکردنێک دەیتوانی ئەم کارە بکات.

**ئاستی دووەم؛ نوێنەرایەتیکردن:** لەوێنەکەدا تەرکیزی سەرەکی لەسەر ژنەکەیە، پەیامنێرەکە (foreground) دەیەوێت حاڵەتی سۆزداری نیشانی بینەرەکان بدات، هەروەها وێنەگرتنی لیتە و قوڕی ناو ماڵەکە لە تەنیشت باوەشە گەرمەکە، دژایەتییەکی توند (Contrast) دروست دەکات. پەیامنێر لێرەدا وەک "کچێکی ماڵەکە" خۆی نیشان دەدات نەک تەنها کارمەندێکی میدیایی، ئەمەش کاریگەری دروستکردنە لەسەر سۆزی جەماوەر.

**ئاستی سێیەم؛** جۆرێک لە ئایدیای فێمنیستی تێدایە، چونکە پێشتر دەچێتە لای ژنەکە پاشان لای پیاوەکە، هەروەک کارکردنیشە لەسەر ئایدیۆلۆژیای هاوخەمی نەتەوەیی... پیشاندانی مێردی ژنەکەش، وێنەی پیاوێکی تێکشکاوی کورد نیشان دەدات لەبەردەم سروشت و بێباکی دەسەڵاتدا.

**لەروانگەی تیۆری بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتییەوە؛ لایەنی ئەرێنی** میدیا لێرەدا ئەرکی "هۆشیارکردنەوەی ویژدانی گشتی" جێبەجێ دەکات. بەکارهێنانی سەکۆی میدیایی بۆ گەیاندنی هاواری خێزانێک کە لە ناو جەرگەی قوڕ و لیتەدا دەژین. ڕەخنەی ئەم تیۆرییە لەم جۆرە ڤیدیۆیانە ئەوەیە کە میدیا "سۆز" دەکاتە جێگرەوەی "فشار". کاتێک میدیا تەنها دەگری و باوەش دەپیا دەکات، ڕەنگە بینەر تەنها بە "گریانێک" ئەرکی خۆی تەواو بکات، ئەمەش پێچەوانەی بەرپرسیاریەتی میدیاییە.

ڤیدیۆی سێیەم (٥٥ چرکە):




ڤیدیۆیەکی دوو پەنجەرەیە، پەنجەرەی یەکەم کە خوارەوەیە، نوسراوە (دوێنێ)، پیشاندانی دیمەنی پیاوێکی بەتەمەنی قژ ماش و برنجییە، منداڵێک کوڕ لە پشتەوەی دەردەکەوێت، پەنجەرەی دووەم، سەرەوەیە (ئەمڕۆ) هەمان پیاو لەبەردەم ماڵەکەی خۆیدا وەستاوە، ماتۆڕێکی نوێی بۆ کڕدراوە، ئەمجارە منداڵێکی کچ دەردەکەوێت دەست بە ماتۆڕەکەدا دەهێنێت، ئەم ڤیدیۆیە چیرۆکی کاسبکارێکی چەمچەماڵ دەگێڕێتەوە کە ماتۆڕەکەی بەهۆی لافاوەوە لەکارکەوتووە، ئێستا لەلایەن خێرخوازانەوە ماتۆڕێکی نوێی بۆ دابینکراوە. لە روانگەی جان فیسک (هێماناسی) ڤیدیۆکە چەند هێمایەکی دیاریکراوی هەیە:

ئاستی یەکەم؛ جلوبەرگی کارەکتەرە؛ ڕەنگێکی تاریکی هەیە، ئەو جلانەی کە پێدەچێت جلوبەرگی کاری رۆژانە بن (کە زۆرجار لە ڤیدیۆکەدا خاکی یان شێدارە)، هێمای "ماندووبوون" و "تێکۆشانی رۆژانە"یە، دەموچاوی کارەکتەرەکە چرچولۆچ بووە، هەستی ماندویەتی ژیانی پێوە دەردەکەوێت.

ئاستی دووەم؛ ماتۆڕەکە وەک هێمایەکی ئابووری؛ ماتۆڕەکە تەنها ئامرازێک نییە، بەڵکو هێمایە بۆ "بژێوی ژیان" و "سەربەخۆیی ئابووریی" خاوەنەکەی. لەکارکەوتنی ئەم ماتۆڕە بە واتای پەککەوتنی ژیانی خێزانەکە دێت. خەندە و پێکەنین؛ گەڕانەوەی خەندە بۆ سەر رووی خاوەن ماتۆڕەکە دوای وەرگرتنی ماتۆڕە نوێیەکە، هێمایە بۆ "سەرکەوتنی خێرخوازی" بەسەر "کارەساتدا".

ئاستی سێیەم؛ لەرووی ئایدۆلۆژییەوە؛ بەڕونی پەیامی سیاسی پشت کەناڵەکە دەخاتەروو، دەیەوێت کەمتەرخەمیەکە ئاراستەی لایەنی دووەم و ئیدارەی ناوچەکە بکات (یەکێتی نیشتمانی کوردستانە).

لەروانگەی تیۆری بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتییەوە؛ ڤیدیۆکە رۆڵێکی ئەرێنی دەگێڕێت لە ڕێگەی "کۆمەککردن بە لێقەوماوان" و گەیاندنی دەنگی کاسبکارەکە بە خێرخوازان، کە ئەمەش جۆرێکە لە بەشداریی کۆمەڵایەتیی میدیا بۆ بەهانەوەچوونی لێقەوماوان لە کارەساتەکاندا، بەڵام ئەگەر لە روانگەی رەخنەیەوە لێبروانین، وەک هەمان ڤیدیۆی پێشو روانگەیەکی خێرخوازی و کۆمەکی هەیە نەک فشار خستەسەر دەسەڵات و لایەنە پەیوەندیدارەکان.

**ڤیدیۆی چوارەم (١:٥٣ چرکەیە):**



ئەم ڤیدیۆیە چیرۆکی دڵتەزێنی خێزانێکی شەهیدێک لە چەمچەماڵ دەگێڕێتەوە، کە سەرەڕای قوربانیدانی باوکیان لە ڕیزەکانی پێشمەرگەدا، ئێستا لە دۆخێکی زۆر هەژارانەدا دەژین؛ باری دارایی خراپیان و نەبوونی خانوویەکی شیاو، لەگەڵ نەخۆشیی دەروونیی کوڕەکەیان، وێنەیەکی تراژیدیی ژیانیان پێشکەش دەکات.

ڤیدیۆکە لە دوو پەنجەرە پێکهاتووە، پەنجەرەی یەکەم بێژەری سەرەکی کەناڵی ئاڤا دەردەکەوێت، پەنجەرەی دووەم یەکەمجار پەیامنێرەکەیە لەگەڵ ژنەکەدا، لەنێوەی ڤیدیۆکەدا کۆی گشتی خێزانەکە پیشاندەدات کە لەسەر دۆشەکەیەکی ئاسایی دانیشتوون، دووبارە لەگەڵ پێشکەشکاری بەرنامەکەدا گفتوگۆ دەکەن.

پەیامنێر لەم ڤیدیۆیەدا هەوڵدەدات بە پیشاندانی کەلوپەلی ماڵەکەیان، گریان و کڕنووشبردنی دایکەکە، سۆزی بینەر و لایەنە خێرخوازەکان ڕابکێشێت"نمایشکردنی تراژیدیا".

**ئاستی یەکەم؛** دیمەنی ماڵەکە، جلوبەرگی خێزانەکە، و کڕنووش بردن و گریانەکەی دایکەکە، هەموویان کۆدێکن بۆ هەژاری، هەروەها دایکەکە جلوبەرگێکی نیلی مەیلەو ڕەشی لەبەردایە کە هێمایە بۆ تەعزیەبار و شەهیدبوونی هاوسەرەکەی، ڕەفتار و هەڵسوکەتی دایکە و کچەکانیش جۆرێک لە تێکشکانی دەروونیان پێوە دیارە.





**ئاستی دووەم؛** گۆشەی نزم (Low Angle) کاتێک دایکەکە دەچێتە سەر چۆک و دەگری کامێرا لە ئاستی نزمدا نیشانی دەدات، نیشانەی بێدەسەڵاتی مرۆڤ لە بەردەم جەبری ژیاندا. هەروەها گرتەی زۆرنزیک(Close-up) بۆ دروستکردنی هاوسۆزییەکی توند، بینەریش بەو هۆیەوە ناتوانێت چاو لە فرمێسکەکان بپۆشێت، پاشانیش گرتەی (Pan Shots) بۆ پیشاندانی وێنەی گشتی ماڵەکە و خستەڕووی دۆخی هەژارییان. موزیکی خەمناک و هێمن ئاراستەی هەستی بینەر دەکات، سەرەڕای گریانی دەنگی دایکەکە تێکەڵ بە موزیکەکە دەبێت، حاڵەتێکی تراژیدی دەبەخشێتە دیمەنەکە.

**ئاستی سێیەم؛** نەمانی دەسەڵاتی باوک وەک جۆرێک لە نەبوونی پشت و پەنا نیشان دەدرێت لەناو خێزاندا، لەهەمان کاتدا میدیا هەوڵدەدات هاوسۆزی بۆ بینەرەکان لەڕێگای دیمەنی فرمێسکی دایکەوە نیشان بدات.

**تیۆری بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی؛** لەبری پیشاندانی دیمەنی گریان، دەبوایە میدیا بەدواداچوونی لەو دامەزراوانە بکردایە کە ئەرکیان دابینکردنی ژیانێکی شایستەیە بۆ خێزانی شەهیدان. بەمەش میدیا دووبارە دەبێتە هۆکارێک بۆ پیشاندانی بەزەیی، نەک لێپرسینەوە لە لایەنە پەیوەندیدارەکان و دروستبوونی ژیانێکی شایستە بۆ خانەوادەی شەهیدان، ئەمەش زیاتر بۆ کاردانەوەیەتی لەڕێگای نوسینی کۆمێنتەکانەوە.

**ڤیدیۆی پێنجەم (1:1چرکەیە):**

ڕیلەکە بە گفتوگۆی دوو هاوڵاتی دەستپێدەکات لە کۆڵانێکی قوڕ و پڕ لە منداڵ و بە جلوبەرگێکی ئاسایی کوردی و جامانەیەکی سومبولی کوردانەوە، بە توندی و هەستێکی قوڵەوە قسە دەکەن.

**ئاستی یەکەم؛** پیاوێکی بەتەمەن بە جلوبەرگی کوردی (هێمای ڕەسەنایەتی و مەزڵوومییەت)، منداڵانی گەڕەک هێمای بێ دەسەڵاتییە، هەروەها هاوار و سۆزی گەنجەکە هێماییە بۆ نائومێدی.

**ئاستی دووەم؛** کامێرا لە ئاستی چاو (Eye Level) و "کلۆز ئەپ-Close) "بەکارهاتووە بۆ نیشاندانی کاردانەوە و دەربڕینەکانی دەموچاو، ئەمەش بەمەبەستی پیشاندانی هاوسۆزی بۆ بینەر، مۆنتاژی گرتەکان و جوڵەی کامێراکە هێمایەکی تەکنیکییە بۆ بەهێزکردنی "دراما"ی ناو ڕووداوەکە، نەک تەنها گواستنەوەی زانیاری.



**ئاستی سێیەم؛** پیشاندانی جۆرێک لە مەزڵومیەتی خەڵکی ناوچەکەیە، لەبەرانبەر نەبوونی خزمەتگوزارییەکان، بێدەسەڵاتی هاوڵاتیان لەبەرانبەر دەسەڵاتدارانی ناوچەکە.

**تیۆری بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی؛** بڵاوکردنەوەی وێنەی منداڵان لەناو دۆخێکی وەها پڕ لە قەیران و هاواردا، دەکرێت زیانی دەروونییان پێ بگەیەنێت لە داهاتوودا، سەرەڕای ئەوەی کە پاراستنی "کەرامەتی دیجیتاڵی"ی منداڵان لێرەدا لەژێر پرسیار دایە. کەناڵەکە هەوڵیداوە لەوڕێگایەوە سۆزی بینەر ڕابکێشێت، هەروەها لایک و ڤیو زیاتر بۆ خۆی لە سۆشیال میدیا کۆبکاتەوە، لەپێناو بەرزکردنەوەی Engagement، ئەمەش جۆرێک لە بەکاڵاکردنی ئازار لەپێناو بینەردا.

**ڤیدیۆی شەشەم (٣٠ چرکەیە):**

کوڕێکی گەنج دەردەکەوێت و دەستدەکات بە قسەکردن لە ناو لیتەو قوڕدا وبە جل و بەرگێکی قوڕاویی و جامەدانی و شەرواڵێکی کوردانەوە، بە غەمبارییەکی زۆرەوە باس لە ڕوداوی مردنی کچێک دەکات و پەیامنێرەکەش بە پاکی و بێ هیچ پەڵەیەکی قوڕ لەسەر پۆشاکەکەی دەردەکەوێت.

**ئاستی یەکەم؛** هێما ژینگەییەکانی وەک قوڕ و لیتە، ئاوی لافاو، شۆفڵ، و گەڕەکی وێرانبوو، هەموویان هێمان بۆ "کارەسات" و "ناجێگیری."، گەنجەکەش بەهۆی شێوازی دەست و توڕەیی لە چاوەکانیدا، جۆرێک لە هێمای نائومێدی تێدا بەدیدەکرێت.

**ئاستی دووەم؛** بەکارهێنانی دیمەنی "درۆن (Drone Shots)" لە سەرەوە بۆ نیشاندانی گشتگیریی کارەساتەکە، ئەم تەکنیکە هێمایەکە بۆ بچووکیی تاک لە بەرامبەر گەورەیی کارەساتەکە.

**ئاستی سێیەم؛** بەگشتی ڕیلەکە گوزارشت لە ئایدۆلۆژیای "شکستی خزمەتگوزاریی گشتی" دەکات، نیشاندانی شۆفڵێک لە تەنیشت هاوولاتییەکی هاوارکەر، وێنەیەکی ئایدۆلۆژی دروست دەکات کە تێیدا مرۆڤ لە ململانێدایە لەگەڵ کارەساتەکانی سروشت و کەمتەرخەمیی ئیداری. هەروەها تێکستە سوور و سپییەی لەسەر شاشە دەردەکەوێت "هاواریان کرد تا کچەکەیان خنکا"، هێمایەکی دراماتیکییە بۆ ڕاکێشانی سۆز و چەسپاندنی تراژیدیاکە لە مێشکدا.

### تیۆری بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی

پەیامنێرەکە هەوڵ دەدات دەنگی هاوولاتییەکە بگوێزێتەوە، بەڵام بڵاوکردنەوەی زانیاریی زۆر ورد لەسەر ساتەوەختی "خنکانی کچێک" و گێڕانەوەی بەو شێوەیە، دەکرێت زیانی دەروونیی قووڵ بە خێزانی قوربانییەکە بگەیەنێت. لێرەدا بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی دەپرسێت: ئایا ئەم گێڕانەوەیە بۆ "چارەسەرە" یان بۆ "وروژاندنی میدیایی"؟ جێبەجێکردنی ئەرکی میدیایە وەک "چاوی کۆمەڵگە" بەرامبەر بە کێشەکان، دەکرێت "بەرپرسیارێتی" کرابێتە قوربانیی "بینەری زیاتر."

### ڤیدیۆی حەتەم (١:٣٥ چرکەیە):

پەیامنێرێکی کچ بە جلێکی خاوێن و هاوڵاتیەکی زیانلێکەوتو بە پۆشاکێکی قوڕاویەوە دەستپێدەکات، گەنجەکە بە خەمێکی قوڵەوە باس لە گەورەیی کارەساتەکە و قەبارەی زیانی لافاوەکە دەکات.

**ئاستی یەکەم؛** ئەو گەنجەی قسە دەکات، جلی کارکردنی لەبەردایە و قوڕاوی بووە، قاچەکانی بە عەلاگەی نایلۆن پێچاوەتەوە. ئەمە هێمایەکی بەهێزە بۆ بێدەسەڵاتی و هەوڵدان بۆ ڕزگاربوون لە ناو قوڕاوی کارەساتەکەدا لەبەرامبەردا پەیامنێرەکە بە جلوبەرگێکی خاوێن و



پووتێکی سپییەوە وەستاوە لە تەنیشت کاسبکارێکی قوڕاوی، ئەم جیاوازییە هێمایەکی بینراوە بۆ جیاوازی نێوان "گێڕەرەوەی ڕووداو" و "قوربانیی ڕووداو". هاوکات نیشاندانی ژێرزەمینە تاریک و قوڕاوییەکان و کەلوپەلە تیاچووەکان، هێمایە بۆ وێرانی و لەدەستدانی سەرمایە.

**ئاستی دووەم؛** بەکارهێنانی "Close-up" لەسەر کەلوپەلە قوڕاوییەکان و دەستی گەنجەکە کاتێک ئاماژە بە زیانەکان دەکات، ئەمە وادەکات بینەر هەست بە قورسایی زیانەکان بکات.

**ئاستی سێیەم؛** ڤیدیۆکە کۆمەڵێک کاسپکاری زەرەرمەند نیشاندەدات، بەگەیاندنێکی هاوکارییەوە دەیانئەوێت کاریگەری کارەساتەکە کەمبکەنەوە، هەوڵی دوبارەی زیانمەندەکانە بۆ کۆمەک وەرگرتن.

### تیۆری بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی

کەناڵەکە توانیویەتی بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی خۆی جێبەجێ بکات، بەوەی سەکۆی داوەتە کاسبکارێک کە باس لە زیانەکانی (٣٦ دوکان) بکات. ئەمە جێبەجێکردنی ئەرکی "چاودێری و گەیاندن"ە. بەڵام نیشاندانی بەو شێوە قوڕاوییە و زوومکردن لەسەر قاچەکانی، دەکرێت وەک "هەستبزوێنکردنی زیاد لە پێویست (Sensationalism)" ببینرێت بۆ کۆکردنەوەی بینەری زیاتر لە سۆشیال میدیادا، لە هەمانکاتدا ڕیلەکە ناونیشانی "کۆتاییمان پێهاتووە"ی بۆ دانراوە، بۆ هەستبزوێن و کارلێکردنی زیاتر ئەمەش پێچەوانەی بەرپرسیاریەتی میدیاییە.

جۆرێک لە پیشاندانی ئایدۆلۆژیای کەناڵەکانیشی. تێدایە کە پێشکەشکارەکە دەیەوێت بلێت کە ئێمە لە پێناو بەرژەوەندی نیشتمانی کاردەکەین، پێچەوانەی کەناڵەکانی دیکە، ئەمەش جۆرێکە لە گواستنەوەی لایەنەگری لەکەناڵەکاندا کە پێچەوانەی بەرپرسیاریەتی و ئیتکی میدیاییە.

### ڤیدیۆی هەشتەم (٥٤ چرکەیە):

باس لە کاتی ڕودانی کارەساتەکە لە قوتابخانەیەک دەکات، لە دوبەش پێکدێت و بەشی سەرەوەی ڕیلەکە خوێنکارێکی مناڵە کە بە وردەکاری باس لە ساتی ڕوخانی دیواری قوتابخانەکەیان دەکات لە کاتی خوێندن دا ، بەشی خوارەوەی ڤیدیۆکە وێنەی قوتابخانەکەیە لە کاتی ڕوداوەکە.




**ئاستی یەکەم؛** نیشاندانی منداڵان لەناو پۆل یان ڕاڕەوی قوتابخانەدا لە کاتی ڕوداوەکەدا، نیشانەدری واقیعیبوونی ترس و دڵەڕاوکێیە، دەنگی منداڵیش وەک هێمایەکی سروشتی و پاکی و بێگوناهی کە تێکەڵ بوە بە هاناسە توندی، منداڵەکان ئەمەش هێمایە بۆ قوربانی و ترسی لەناکاو.

**ئاستی دووەم؛** بەکارهێنانی دوو شاشە (منداڵەکە قسە دەکات و لە خوارەوە دیمەنی ڕوداوەکە دەبینرێت) بۆ ئەوەیە بینەر لە یەک کاتدا هەم گوێ بیستی گێڕانەوەکە بێت و هەم ڕاستی ڕوداوەکە وەک بەڵگە ببێنێت. پیشاندانی بێدەسەڵاتی مرۆڤە لە بەرامبەر سروشتدا. سەرەڕای هێما تەکنیکەکان دوبارە کاریگەری لەسەر لایەنی سۆزدای وەرگرەکان.

**ئاستی سێیەم؛** نیشاندانی ئەم دیمەنانە داوایەکی ناڕاستەوخۆیە بۆ سیستەمێکی پەروەردەیی و بیناسازیی سەلامەتتر، هاوکات بەکارهێنانی کاردانەوەی ڕوخسار و دەنگ و گێڕانەوەی منداڵ بۆ دروستکردنی هاوسۆزی.

### تیۆری بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی؛

میدیاکە (Channel 8) لێرەدا ئەرکی خۆی جێبەجێ دەکات بە گواستنەوەی ڕووداوێکی گرنگ کە پەیوەندی بە ژیانی هەزاران قوتابییەوە هەیە، ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبوونی هۆشیاری لای دایکان و باوکان و بەرپرسان. بەڵام لە ڕووی ئێتیکی دیجیتاڵییەوە، نیشاندانی ڕووخساری منداڵان لە کاتی ترس و گریاندا جێگەی مشتومڕە. گەرچی مەبەستەکە گەیاندنی ڕاستییە، بەڵام پێویستە میدیا بەرپرسیار بێت لەوەی کە ئەم دیمەنانە کاریگەریی دەروونی درێژخایەن لەسەر منداڵەکان دروست نەکەن.

### دەرئەنجام

١- سۆزداری بۆش، ئاماژەیە بۆ بەکارهێنانی هەست و سۆز بە شێوەیەکی زیادەڕۆ و ڕووکەشانە، بەبێ ئەوەی ناوەڕۆکێکی قووڵ یان ڕاستەقینەی لەپشت بێت. ئامانجی سەرەکی ئەم جۆرە سۆزدارییە، ڕاکێشانی سەرنجی بینەر و یاریکردنە بە هەستەکانیان بۆ مەبەستی زیادکردنی بینەر، هەردوو میدیایە بەشێوازی جیاواز کاریان لەسەرکردووە.

٢- دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن (ئاڤا و کەناڵ هەشت) لەکاتی بوونی قەیراندا کەمتر ڕەچاوی بنەما ئێتکییەکان و بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی دەکەن، ئەمەش لەپێناو کاریگەریکردنە لەسەر هەست و شعوری وەرگر.

٣- بەشداریکردن لە ژیانی تایبەتی و شکاندنی پێوەرە ئێتکییەکان و ڕەچاونەکردنی کەرامەتی دیجیتاڵی، ئەمەش لەپێناو کۆکردنەوەی لایک و کۆمێنت، دروستکردنی فەزای پڕ لەجەنجاڵی لەچوارچێوە دیجیتاڵیدا.

٤- دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن (ئاڤا و کەناڵ هەشت) لەبری فشارکردنە سەردەسەڵات، و بەدواچوونی کێشەکانی هاوڵاتیان، دیاریکردنی لایەنە کەمتەرخەم، ڕووبەڕوبونەوەی بەرپرسیاریەتی ئەو لایەنە لەبەردەم یاسادا، بونەتە ڕێکخراوی خێرخوازی و ئەمەش لادانە لە پێوەری بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی.

٥- وێنەوگرتە ڤیدیۆییەکان بەجۆرێک واقیعیەتیان گواستوەتەوە کە لەبەرژەوەندی خودی کەناڵەکان و خاوەندارێتییەکەیاندایە، ئەمەش لادانە لە پێوەرە یاسایی و ئێتیکی میدیا، جۆرێک لە لایەنەگری لە ڕۆماڵی ڕووداوەکاندا.

٦- ئەگەر لەڕوانگەی فیسکەوە بڕوانین، ئەوا کەناڵەکان لەڕووی هێما تەکنیکیەکان وەک مۆسیقای خەمناک، زوومکردن، و شاشەی دابەشکرا، بەکاردەهێنێت تاوەکو زۆرترین کاردانەوەی سۆزداری لە لای وەرگر دروست بکات، ئەمەش لادانە لە پێوەری بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی.

٧- بەکارهێنانی گرتە سەرنجراکێشەکانی وەک (میدیەم، کلۆز و کلۆز ئەپ) واقیعیەتی کارەساتەکەیان لە ڕووداوێکی سروشتییەوە گۆڕیوە تراژیدیایەکی دراماتیکی سۆزدا، لەپێناو هاوسۆزی کارلێکی (Engagement) بینەر لە فەزای مەجازیدا، ئەمەش لادانە لە بەرپرسیاریەکی کۆمەڵایەتی.

### ڕاسپاردە

١- وەزارەتی ڕۆشبیری؛ بەدواداچون بۆ ئەو کەناڵە میدیانەی کە نا بەرپرسیارانە پەیامەکانیان دەگوێزنەوە، لەڕێگای ئاگادارکردنەوەیە، سزادان و داخستی کەناڵەکە بۆماوەیەکی کاتی.

٢- سەندیکای ڕۆژنامەوانی؛ دوبارە پێداچوونەوە بە یاسای کاری ڕۆژنامەوانیدا، دەرکردنی یاسایەکی تایبەت بە سۆشیال میدیا و میدیایی دیجیتاڵی، چونکە بەپێ ئەو یاسایانە ناتوانرێت مامەڵە لەگەڵ میدیای نوێ بکرێت.

٣- سەنتەری میترۆ: دەرکردنی میساقێکی شەرەفی کاری ڕۆژنامەوانیی، کە کۆی گشتی میدیای بینراو و بیستراو و خوێنراو و دیجیتاڵی لە خۆ بگرێت.

٤- لیژنەی ڕۆشبیری و ڕاگەیاندن؛ دروستکردنی بۆردێکی ڕاوێژکاری لە کەسانی پسپۆڕی میدیایی، بۆ بەدواداچوون لەو کەناڵو دامەزراوانەی کە نابەرپرسیارانە مامەڵە لەگەڵ کۆمەڵگادا دەکەن.

## لیستی سەرچاوەکان


### سەرچاوە کوردییەکان

١- ئەیڤەس، شوان ئادەم (2020)، مافی ژیانی تایبەت لە یاسا و ئیتیکی ڕۆژنامەگەریدا،چاپی دووەم، پڕۆژەی زنجیرە چاپکراوەکانی ڕێکخراوی چاودێری میدیای کوردی،سلێمانی
٢- ڕەسول، هێرش (٢٠١٢)، ئێتیک و یاسا لە میدیای کوردیدا، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی

### سەرچاوە فارسییەکان

**کتێب**

١- اووە، فلیک (١٣٩٢) درآمدی بر تحقیق کیفی .وەرگێڕانی هادی جلیلی. تاران: نشر نی.
٢- فوکو، میشل (١٣٩١) مراقبت و تنبیە: تولد زندان .وەرگێڕانی نیکو سرخوش و افشین جهاندیدە. تاران: نشر نی.
٣- فرجی، مهدی، حمیدی، نفیسە (١٣٩٦) مطالعات فرهنگی«نظریە و عملکرد»، چاپ چهارم، پژوهشکدە مطالعات فرهنگی و اجتماعی.
٤- مهدیزادە، سید محمد (١٣٩١) نظریەهای رسانە: اندیشەهای رایج و دیدگاەهای انتقادی .چاپی دووەم. تاران: همشهری.
٥- وردینژاد، فریدون و بهرامی، شهلا (١٣٩٦) مدیریت بحران و رسانە .تاران: خانە کتاب و ادبیات ایران.
٦- هوارد، فلیپ (١٤٠١) کاستلز و رسانە .وەرگێڕانی جلیل ولدخانی. تاران: پژوهشکدە فرهنگ و هنر اسلامی.

**ماستەر نامە**

١- عبدالرحمن، اسماعیل، نقش شبکە های اجتماعی بر جنبش نوین اجتماعی اقلیم کردستان عراق، پایان نامە کارشناسی ارشد، دانشگاە تهران، ١٣٩٥.

**گۆڤارەکان**

١- تسلیمی، محمد سعید، حقیقی، محمد (١٣٩٧)، اولویت بندی مخاطبان و مسیرهای اطلاع رسانی برای آمادە سازی شهروندن در مقابلە بە بحران زلزلە، **فصلنامە علمی-ترویجی وسایل ارتباط جمعی**، شمارە ٣ پیاپی ١٠٨، پاییز ١٣٩٦.
٢- فیسک، جان (١٣٨٠) "فرهنگ تلویزیون". ترجمە: مژگان برومند. **فصلنامە ارغنون، ژمارە ١٩ (فرهنگ و زندگی روزمرە)، چاپی چوارەم.**

### ئینگلیزییەکان

1- **Baran, S. J., & Davis, D. K.** (2021). Mass Communication Theory: Foundations, Ferment, and Future. Cengage Learning
2- **Christians, C. G., et al.** (2021). Normative Theories of the Media: Journalism in Democratic Societies. University of Illinois Press
3- **Deuze, M.** (2024). Life in Media: A Personal History. MIT Press.
4- **Floridi, L.** (2023). The Ethics of Artificial Intelligence and Data. Oxford University Press.
5- **Freedman, D.** (2014). The Contradictions of Media Strategies: Reform or Revolution?. Routledge
6- **Friend, C., & Singer, J. B.** (2021). Online Journalism Ethics: Traditions and Transitions. Routledge.
7- **Lazar, S., & Valentini, L.** (2022). Digital Ethics: Principles and Practice. Routledge.
8- **McBride, K., & Rosenstiel, T.** (2019). The New Ethics of Journalism. SAGE.
9- **McQuail, D., & Deuze, M.** (2020). McQuail's Media and Mass Communication Theory. SAGE Publications.
10- **Napoli, P. M.** (2019). Social Media and the Public Interest: Media Regulation in the Disinformation Age. Columbia University Press.
11- **Ward, S. J.** (2019). Ethics and the Media: An Introduction. Cambridge University Press.
12- **Ward, S. J.** (2021). Global Media Ethics: Problems and Perspectives. Wiley-Blackwell.
13- **Ward, S. J.** (2024). Digital Media Ethics (3rd Edition). Cambridge University Press.
14- **Ward, S. J. A.** (2024). Objectively Engaged Journalism: An Ethic for a Democratic Age. McGill-Queen's University Press.
15- **Zelizer, B., et al.** (2023). Journalism and the Digital Frontier. SAGE Publications.

### لینکی ڤیدیۆیەکان: کەناڵی تەلەفزیۆنی ئاڤا و کەناڵی هەشت

١- سایتی کەناڵ ٨ https://channel8.com/kurdish
٢- سایتی ئاڤا https://ava.news/

### لینکی ڤیدیۆکان

3- - https://www.instagram.com/p/DSVusCGjY89/
4- - https://www.instagram.com/p/DSUdAJaE29G/
5- - https://www.instagram.com/p/DSPOFs7goc5
6- -٤ http://instagram.com/p/DSVif0aDD-z/
7- ) https://www.instagram.com/reel/DSa4TeJgD7_/?igsh=bzlncmd1bjN3emxm(
8- )https://www.instagram.com/reel/DSGG4sCj20u/?igsh=YnY0aDI4MGEzMGZi(
9- https://www.instagram.com/reel/DSkt3RcjyBG/?igsh=NHMwZ2ZlbDN0YWNp
10- )https://www.instagram.com/reel/DSkt3RcjyBG/?igsh=NHMwZ2ZlbDN0YWNp

# Media Reform in the Kurdistan Region:
## The impact of economic pressures on media independence

**Dr. Hataw Hamasaleh Hussein**
Assistant Professor
Halabja University
College of Humanities
Media Department
Kurdistan Region of Iraq, Halabja
hataw.salih@uoh.edu.iq

**Dr. Banaz Hama Rashid Hassan**
Professor
University of Sulaimani
College of Humanities
Media Department
Kurdistan Region of Iraq, Sulaimani
Banaz.Hassan@university.edu.iq

**Dr. Razwan Abubakr Mohammed**
Lecture
University of Human Development
College of Law,
Political Science
Kurdistan Region of Iraq, Sulaimani
Radhwan.mohammed@uhd.edu.iq

**Abstract**

Media independence is one of the fundamental principles of democratic societies. Economic challenges directly impact the state of the media, creating obstacles to professional conduct and institutional autonomy. It is evident that over the past few decades, a primary issue facing the media in the Kurdistan Region has been financial instability and a lack of self-management capacity; consequently, the independence of the media has been called into question. This research aims to highlight the impact of economic pressures and their consequences on the independence and quality of media content. Specifically, it focuses on the economic problems of Kurdish media from several perspectives, such as: financial instability, ambiguity of ownership, partisan bias, and reliance on the budgets of political authorities. To achieve scientific results, this study employs a qualitative methodology using in-depth interviews. Electronic news websites were selected as the research sample. The study population consists of the heads of five electronic platforms in the cities of Sulaymaniyah and Erbil, specifically those that identify as independent, including: (Sharpress, Politic Press, Hawlati, Kurdu, and Khandan). The importance of this research lies in its contribution to Kurdish media by exposing the financial realities of media institutions, providing a scientific addition to the academic and cognitive field.

The findings of this research confirm a strong economic influence on the independence of journalism. This implies that when an entity (a political party, political figure, or company) provides financial support or advertising to a media outlet, they bind the institution to a moral obligation to overlook certain issues. If a media organization lacks economic support, it becomes weak and loses its influence among its peers. The greatest challenge for the media is facing economic pressure; therefore, to ensure survival, media outlets are compelled to secure financial backing, even if it comes at the expense of their independence in decision-making and reporting.

**Keywords:**

Impact; Pressure; Economic Pressure; News Websites; Kurdistan Region; Media Independence

# ڕیفۆرمی میدیا لە هەرێمی کوردستاندا:
## کاریگەریی فشارە ئابوورییەکان لەسەر سەربەخۆیی میدیا لە هەرێمی کوردستان

**د. هەتاو حەمەساڵح حسێن**
پرۆفیسۆری یاریدەدەر لە زانکۆی هەڵەبجە
کۆلێژی زانستە مرۆییەکان
هەرێمی کوردستانی عێراق، سلێمانی
hataw.salih@uoh.edu.iq

**د. بەناز حەمەڕەشید حەسەن**
پرۆفیسۆر لە زانکۆی سلێمانی
کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان
هەرێمی کوردستانی عێراق، سلێمانی
Banaz.Hassan@univsul.edu.iq

**د. ڕەزوان ئەبووبەکر محەمەد**
مامۆستا لە زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی، کۆلێژی یاسا
هەرێمی کوردستانی عێراق، سلێمانی
Radhwan.mohammed@uhd.edu.iq

**پوختە**

سەربەخۆیی میدیا یەکێکە لە بنەما سەرەکییەکانی کۆمەڵگە دیموکراسییەکان، ئاستەنگی ئابووریی کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر بارودۆخی میدیا هەیە و کێشە بۆ کارکردنی پیشەیی و سەربەخۆیی دروستدەکات. ئاشکرایە، لەچەند دەیەی ڕابوردوودا، یەکێک لە کێشە سەرەکییەکانی میدیا لە هەرێمی کوردستاندا بریتیی بووە لە کێشەی ئابووری و کەمی توانای خەرجی و خۆبەڕێوەبردن، هەربۆیە بەشێوەیەکی گشتی پرسیار لەسەر سەربەخۆیی میدیا دروستبووە. ئەم توێژینەوەیە کاردەکات بۆ خستنەڕووی کاریگەریی فشارە ئابوورییەکان و باس لە لێکەوتەکانی لەسەر سەربەخۆیی و کوالیتی ناوەڕۆکی میدیاکان، بەتایبەت تیشکدەخاتەسەر سەر کێشە ئابوورییەکانی میدیای کوردیی لەچەند ڕوویەکەوە وەک: ناسەقامگیری دارایی؛ ناڕوونیی خاوەندارێتی؛ لایەنداریتی حیزبیی و پشتبەستن بە بودجەی دەسەڵاتی سیاسیی. بۆ گەیشتن بە دەرئەنجامێکی زانستیی، ئەم توێژینەوەیە بە ڕێبازی چۆنێتی کاردەکات و چاوپێکەوتنی قووڵی بەکارهێناوە. پێگە ئەلکترۆنییەکانی وەک سامپلی توێژینەوە وەرگرتووە. کۆمەڵگەی توێژینەوەکەش پێکدێت لە نوێنەرایەتی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان و بەرپرسی پێگە ئەلکترۆنییەکان، لەشارەکانی سلێمانی و هەولێر کە ژمارەیان (٥) پێگەی ئەلکترۆنیە، ئەوانیش (شارپرێس، پۆلێتیک پرێس، هاووڵاتی، خەندان، کوردیۆ). گرنگیی ئەم توێژینەوەیە زیاتر خزمەت بە میدیای کوردی دەکات لەڕێی خستنەڕووی دارایی دەزگاکانی میدیا، ئەمەش زیادکردنێکی زانستی دەبێت بۆ بواری مەعریفی و ئەکادیمی. دەرئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە جەختدەکاتەوە لەسەر بوونی کاریگەرییەکی بەهێزی ئابوریی لەسەر سەربەخۆیی کاری ڕۆژنامەوانی، بەواتای ئەوەی، هەرلایەنێک (حیزب، کەسایەتی سیاسیی یاخود کۆمپانیا) کاتێک پاڵپشتی دارایی یان ڕیکلام دەدەنە میدیا، دەزگاکە دەبەستنەوە بەئیلتزامێکی ئەخلاقیەوە بەوەی چاوپۆشن لەهەندێک شت و دارشتنەوەی پەیامسازی بکەوێتە ژێر. کاریگەریەوە. ئەگەر دەزگای میدیایی پاڵپشتێکی ئابوری نەبێت ئەوا ئەودەزگایە لاوازدەبێت و لەناو میدیاکاندا کاریگەری کەمدەبێت.گەورەترین تەحەداش بۆ میدیا ئەوەیە ڕووبەڕووی فشاری ئابوریی دەبیتەوە بۆیە میدیاکان بۆئەوەی لەکارکردن بەردەوام بن و کاریگەربن ناچارن پاڵپشتی دارایی بۆخۆیان پەیدابکەن، ئەگەرچی لەسەر حسابی سەربەخۆیشیان بێت لە بڕیار و ڕوماڵدا.

**کلیلەوشەکان:**

کاریگەیی؛ فشار ؛ فشاری ئابووریی؛ پێگە ئەلکترۆنییەکان؛ هەرێمی کوردستان؛ سەربەخۆیی میدیا

### ڕێبازنامەی توێژینەوەکە

### ١ - کێشەی توێژینەوەکە

بێگومان بوونی کێشە سەرچاوەی دروستبوونی بیرۆکەی هەر توێژینەوەیەکە، کێشەی سەرەکی ئەم توێژینەوەیەش بریتییە لە:ناڕوونیی و نادیاریی کاریگەریی فشارە ئابوورییەکان لەسەر سەربەخۆیی میدیای کوردی، لەم سۆنگەیەوە توێژەران چەند پرسیارێکی سەرەکیی کێشەی توێژینەوەکە دەخەنەڕوو کە بریتیین لە:

١- پێگە هەواڵییە ئەلکترۆنییەکان زیاتر پشت بەچی دەبەستن وەک پاڵپشتی داهات بۆ بەڕێوەبردنی دەزگاکە؟
٢- تا چەند ئەو لایەنانەی کە پاڵپشتی ئابوری دەزگاکانی ڕاگەیاندن دەکەن کاریگەریان لەسەر سەربەخۆیی کارکردن و پەیامسازی هەیە؟
٣- جۆرەکانی فشارە ئابورییەکان لەسەر میدیاکان چین؟
٤-جۆری کاریگەرییەکانی فشارە ئابورییەکان لەسەر میدیاکان چین؟

### ٢ - گرنگی توێژینەوەکە

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لە گرنگی خودی بابەتەکەدایە، کە باس لە کاریگەریی فشاری ئابووری لەسەر میدیا دەکات.

-بۆ لایەنی زانستی گرنگە، وەک توێژینەوەیەکی زانستی دەبێتە سەرچاوەیەکی بەسوود بۆ ئەکادیمیان و توێژەران، ئەم بابەتە بابەتێکی گرنگە و توێژینەوەی کەمی لەسەر کراوە.

-بۆ خودی دەزگاکان گرنگە، چونکە ئەوانن بەهۆی فشاری ئابوورییەوە جۆری کارکردنیان سنووردار دەبێت و دواتر دەکەونە ژێر کاریگەری ئەو لایەنانەی کە پاڵپشتییان دەکات و دەستکراوە نابن لەکارکردندا.

### ٣- ئامانجی توێژینەوەکە
ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە زانینی کاریگەریی فشاری ئابورییە لەسەر میدیای کوردی، هەر لێرەشەوە توێژەران چەند ئامانجێکی تر دەخەنەڕوو وەک:

١- خستنەرووی پاڵپشتی دارایی پێگە هەواڵییە ئەلکترۆنییە کوردییەکان.
٢- زانینی دەستێوەردانی لایەنی تەمویلی ئابوری دەزگاکانی ڕاگەیاندن و کاریگەریان لەسەر ئەدای کارکردن .
٣- زانینی جۆری فشارە ئابورییەکان لەسەر میدیاکان.
٤- زانینی جۆری کاریگەرییەکانی فشارە ئابورییەکان لەسەر میدیاکان.

### ٤- ڕێبازو ڕێکاری توێژینەوەکە
ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی چۆنێتیەو میتۆدی چۆنێتی شیکاریی دەگرێتەبەر، لەبەرئەوەی گونجاوترین ڕێگایە بۆ هێنانەدی ئامانجەکانی توێژینەوەکە و شیکاری وەڵامی سامپڵی توێژینەوەکە. ئامرازی بەکارهاتوو لەم توێژینەوەیەدا بریتییە لە چاوپێکەوتنی نیمچەڕێکخراو. توێژەران بەشێوازی چاوپێکەوتنی قووڵ چەند پرسیارێکی کراوەیان بەکارهێناوە، فۆرمی چاوپێکەوتنەکەش لە پاشکۆی (١) دا خراوەتەڕوو. کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتییە لە: بەڕیوەبەری نووسین لە پێگە ئەلکترۆنییەکانی (هاووڵاتی، شارپرێس، پۆلیتیک پرێس، خەندان، کوردیو) لە شاری سلێمانی و هەولێر و نوێنەرایەتی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان.

### ٥- سنوری توێژینەوەکە
ا. سنوری کات: لە ماوەی ( 15/1/2026-15/3/2026).
ب. سنوری شوێن: پێگەئەلکترۆنییەکان لە شاری سلێمانی و هەولێر.
ج. سنوری مرۆیی: بەرێوەبەری نوسینی پێگەئەلکترۆنییەکان.
د. سنوری بابەتی: پێکدێت لە کاریگەری فشاری ئابوری لەسەر سەربەخۆیی میدیا.

### ٦- چەمکەکانی توێژینەوەکە
-کاریگەریی: ئاماژەیە بۆ گۆڕانکاری یان دەرئەنجامێکی پێوانەکراو کە لە ئەنجامی هۆکارێک یان فاکتەرێکی دیاریکراوەوە دێتە ئاراوە. باس لەوە دەکات کە چۆن کردارێک، ڕووداوێک، یان هۆکارێک وەک میدیا، هەڵوێست و هەست و ڕەفتارەکانی تاکەکان دەگۆڕێت. کاریگەرییەکان دەتوانن ئەرێنی یان نەرێنی، ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ و کورتخایەن یان درێژخایەن بن، ئەمەش بەپێی چوارچێوە و سروشتی پەیوەندی هۆکارەکان دەگۆڕدرێت. ئەم چەمکە لە توێژینەوە ئەکادیمییەکاندا گۆڕاوێکی ناوەندییە، چونکە یارمەتیدەرە بۆ ڕوونکردنەوەی پەیوەندی نێوان هۆکارەکان و دەرئەنجامە چاوەڕوانکراوەکان.
سەربەخۆیی میدیا: ئاماژەیە بۆ توانای دەزگاکانی ڕاگەیاندن بۆ ئەوەی بە ئازادی کاربکەن بەبێ دەستوەردان یان کۆنترۆڵکردنی دەسەڵات، ئەکتەرە سیاسییەکان، فشارە ئابوورییەکان، یان کاریگەرییە دەرەکییەکانی دیکە. دڵنیای دەدات لەوەی ڕۆژنامەنووسان و دەزگاکانی ڕاگەیاندن دەتوانن بە شێوەیەکی بابەتیانە زانیاری بەرهەم بهێنن و بڵاوی بکەنەوە، لەسەر بنەمای ستانداردی پیشەیی نەک بەرژەوەندی دەرەکیی. سەربەخۆیی میدیا زۆر پێویستە بۆ پاراستنی متمانە و پشتیوانیکردن لە ئازادی ڕادەربڕین و توانای ڕاگەیاندن بۆ ئەوەی وەک چاودێرێک لە کۆمەڵگادا خزمەت بکات.
-فشاری ئابوریی: فشاری ئابووری ئاماژەیە بۆ ئەو فشارە داراییە یان سنووردارکردنانەی کە تاکەکان، ڕێکخراوەکان، یان حکومەتەکان بەهۆی کۆمەڵێک فاکتەرەوە وەک (کەمی سەرچاوەکان، بەرزبوونەوەی تێچوونەکان، کەمبوونەوەی داهات، یان ناسەقامگیری ئابووری) تووشی دەبن. دەتوانێت کاریگەری لەسەر بڕیاردان هەبێت، دەرفەتەکان سنووردار بکات و ببێتە هۆی گۆڕانکاری لە ڕەفتاردا، زۆرجار دەزگاکان ناچار دەکات کە پێداویستییە سەرەتاییەکان لە پێشینەدا دابنێن یان ستراتیژییەکانی مانەوە بگرنەبەر. ڕەنگە فشاری ئابووری لە ئەنجامی هۆکارەکانی وەک بێکاری، هەڵاوسان، کەمکردنەوەی بودجە، یان دواکەوتنی مووچە بێتە ئاراوە و دەتوانێت کاریگەری کورتخایەن و درێژخایەن لەسەر سەقامگیری کۆمەڵایەتی و دامەزراوەیی هەبێت.
-پێگەی ئەلکترۆنیی: لە ڕووی پێکهاتە و فۆرمەوە، پێگەی ئەلکترۆنی بەشێکە لە ڕاگەیاندنی دیجیتاڵی. ئەم جۆرە ڕاگەیاندنە سروشتێکی جیاوازی هەیە کە تایبەتمەندە بە فرەڕەهەندی و بەشداریکردنی وەرگر. وەک ئاماژەی پێدراوە، پێگەی ئەلکترۆنیی: "جۆرێکە لە ڕاگەیاندنی ژمێریی کە لەشێوەی ژمارە و کارلێکردندایە، پشت بە یەکگرتنی دەق و وێنە و ڤیدیۆ و دەنگ دەبەستێت، بەبەکارهێنانی کۆمپیوتەر بۆ بەرهەمهێنان و خستنەڕوو، کارلێکردنیش گرنگترین خاسیەتییەتی" (إبراهيم، ٢٠١٧، ٢٧٣).

### تیۆرینامەی توێژینەوەکە
#### یەکەم: فشارە ئابوورییەکان لەسەر میدیا
#### ١- کەمی داهات و بەربەستە داراییەکان:
فشارە ئابوورییەکان بە یەکێک لە دیارترین ئاستەنگەکان دادەنرێت کە ڕووبەڕووی میدیا دەبێتەوە، چونکە لاوازیی داهات و سنوورداریە داراییەکان کاریگەریی ڕاستەوخۆیان لەسەر توانای بەردەوامبوون و ڕۆڵی پیشەیی میدیا هەیە. لەو ژینگە ئابوورییە ناسەقامگیرانەی کە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و عێراق و هەرێمی کوردستان، سنووردارێی بازاڕی ڕیکلام ناسەقامگیری دارایی دامەزراوە میدیاییەکان وادەکات میدیا زیاتر بکەوێتە ژێر کاریگەری و پاشکۆیەتی لایەنەکان .(Faris et al., 2018; Ismail, 2018) ئەدەبیاتی نوێ لە بواری ئابووری میدیادا ئاماژە بەوە دەکەن کە نەبوونی تەمویلی بودجەی سەربەخۆ، یەکێکە لە گرنگترین ئەو هۆکارانەی ڕێگری لە گەشەکردنی میدیا دەکەن، بەجۆرێک کە ئەم میدیایانە لەبری پشت بەستن بە مۆدێلە ئابوورییە بەردەوامەکان، بە ڕادەیەکی زۆر پشت بە بەخشین و هاوکاری دارایی دەرەکی دەبەستن .(Hussein, 2018; Nielsen et al., 2019)

لەو چوارچێوەیەدا، دامەزراوە میدیاییەکان ناچار دەبن پەنا بۆ ستراتیژی خۆگونجاندن ببەن، وەک کەمکردنەوەی خەرجییە کارگێڕییەکان یان کەمکردنەوەی ژمارەی ڕۆژنامەنووسان، ئەمەش ڕەنگدانەوەی نەرێنی لەسەر کوالیتی بەرهەمی میدیایی و سەربەخۆییەکەی دەبێت. هەروەها ڕەنگە ئەم دامەزراوانە ڕوو لە بەرهەمهێنانی ناوەڕۆکێکی کەم تێچوو بکەن، کە دەبێتە هۆی دابەزینی قووڵایی شیکاری و لایەنی پیشەیی لە ڕووماڵە میدیاییەکاندا.

لە لایەکی ترەوە، پشتبەستن بە تەمویلی سیاسی یان حزبی دەبێتە هۆی دروستبوونی ژینگەیەکی میدیایی ناسەربەخۆ، کە تێیدا سیاسەتی نوسین دەبەسترێنەوە بە بەرژەوەندیی لایەنە پارەدارەکانەوە. توێژینەوە نوێیەکان جەخت لەوە دەکەنەوە کە کاریگەریی خاوەندارێتی سیاسی و دەستوەردانی حکومەت دوو هۆکاری سەرەکین لە لاوازکردنی سەربەخۆیی میدیا، چونکە ڕۆژنامەنووسان ڕووبەڕووی فشار دەبنەوە تاوەکو ناوەڕۆکی کارەکانیان لەگەڵ ئاراستەی لایەنی پارەدار بگونجێنن .(Danso, 2025) هەروەها لێکۆڵینەوەکانی تر ئاماژە بەوە دەکەن کە گەندەڵی میدیایی و لاوازیی ئازادیی ڕۆژنامەگەری پەیوەندییەکی پێچەوانەیان لەگەڵ گەشەپێدانی ئابووری هەیە، ئەمەش گوزارشت لەو پەیوەندییە دوولایەنەیە دەکات کە لە نێوان ئابووری و میدیادا هەیە .(Kettenia & Maniou, 2025)

لە چوارچێوەی جیهانی عەرەبیدا، توێژینەوەکانی سەنتەری جەزیرە بۆ لێکۆڵینەوە (Al Jazeera Centre for Studies) جەخت دەکەنەوە کە سیستەمە سیاسی و ئابوورییەکانی ناوچەکە ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕن لە داڕشتنی بنەمای میدیا، بەجۆرێک کە پاڵپشتی دارایی وەک ئامرازێک بۆ هەژموونی سیاسیی بەکاردەهێنرێت، بەتایبەت لە سایەی لاوازیی مۆدێلەکانی تەمویلی سەربەخۆدا. هەروەها بەدەستهێنانی سەربەخۆیی دارایی مەرجێکی بنەڕەتییە بۆ دەستەبەرکردنی سەربەخۆیی لە بڕیاردانی میدیاییدا، بەڵام ئەم ئامانجە لە زۆربەی وڵاتانی عەرەبیدا هێشتا قورسە، ئەوەش بەهۆی تێکەڵاوبوونی دەسەڵات و ئابووری و میدیا .جگە لەوەش، ئەدەبیاتی زانستیی نوێ پەیوەندییەکی توندوتۆڵ لە نێوان ئازادیی میدیا و ژینگەی ئابووریدا دەخاتە ڕوو؛ لاوازیی سەربەخۆیی میدیا زۆرجار بەستراوەتەوە بە لاوازیی گەشەپێدانی دارایی و دامەزراوەیی، ئەمەش بازنەیەکی داخراو لە پاشکۆیەتی و کاریگەری سیاسی دروست دەکات (Uzar, 2026). لەژێر ئەم بارودۆخانەدا، ڕۆژنامەنووسان پەنا بۆ "سانسۆری خودی" دەبەن وەک ستراتیژییەک بۆ مانەوەی پیشەیی، ئەمەش دەبێتە هۆی لاوازکردنی ڕۆڵی چاودێریی میدیا و تێکدانی ئەرکی لێپرسینەوەی دیموکراسیی.

### ٢- کەمی ڕیکلام

ڕیکلامە بازرگانییەکان وەک سەرچاوەی دیاری دارایی و بزوێنەری سەرەکیی مانەوەی دامەزراوە میدیاییەکان لە جیهاندا ڕۆڵ دەبینن، بەڵام ئابوورییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەتایبەتی لە هەرێمی کوردستاندا، بەدەست "شێواویی بنیات و بازاڕی ڕیکلامەوە دەناڵێنێت، چونکە ئەم بازاڕە هێشتا لەژێر هەژموونی پێوەرە ناتەباکانی کێبڕکێ و نەبوونی گەشەی دامەزراوەییدایە (Faris & Taha, 2021). لە سایەی نەبوونی مۆدێلێکی ئابووریی سەربەخۆ، ئەو ڕۆژنامە و پلاتفۆرمە دیجیتاڵیانەی هەوڵی ڕاکێشانی تەمویلی کۆمپانیاکان دەدەن، ناچار دەبن سیاسەتی نووسینی خۆیان لەگەڵ بەرژەوەندیی ڕیکلامکەرە گەورەکاندا بگونجێنن، ئەمەش دەبێتە هۆی لاوازبوونی ئەرکی ڕەخنەیی میدیا. ئەم شێوازە ئابوورییە دەبێتە هۆی دروستبوونی ئەوەی پێی دەوترێت "سانسۆری خودی" کە تێیدا دامەزراوەکان لە خستنەڕووی دۆسیە ڕەخنەییەکان یان بابەتە جێ مشتومڕەکان دوور دەکەونەوە لە ترسی سڵەمینەوەی سپۆنسەرەکان، ئەمەش میدیا لە چاودێرێکی دەسەڵاتەوە دەگۆڕێت بۆ ئامرازێکی پەیوەندییە گشتییەکان بۆ لایەنی پارەدار (Pickard, 2020; Goyanes, 2020). لە لایەکی ترەوە، کێشەی "سیاسیبوونی ڕیکلام" سەرهەڵدەدات؛ بەجۆرێک ئەو میدیایانەی بەستراونەتەوە بە حزب یان نوخبە سیاسییەکانەوە، ئیمتیازی ڕەهایان هەیە لە بەدەستهێنانی گرێبەستە ڕیکلامییە گەورەکان، ئەمەش لە ڕێگەی بەکارهێنانی هەژموونی سیاسی و تۆڕی پەیوەندییەکان لەگەڵ کۆمپانیا مۆنۆپۆڵەکان (Sakr, 2021). ئەم تێکەڵاوبوونەی نێوان ماڵی سیاسی و تەمویلی بازرگانی، بۆشاییەکی نادادپەروەرانەی کێبڕکێ دروست دەکات و "ئیمتیازێکی بنیاتی" بە دەزگا حزبییەکان دەبەخشێت کە مانەوە و گەشەکردنیان مسۆگەر دەکات، لە کاتێکدا دەزگا سەربەخۆکان لەبەردەم مەترسی هەرەسی دارایی یان خۆبەدەستەوەدان بە مەرجەکاندا دەمێننەوە (جقریف وآخرون، ٢٠١٨؛ Faris et al., 2023). توێژینەوەکان جەخت لەوە دەکەنەوە کە ئەم میکانیزمە دووقۆڵییەکە فشارە داراییەکان و وەلائی سیاسی کۆدەکاتەوەوەک ئامرازێکی سیستماتیک بۆ دەستەمۆکردنی میدیا کاردەکات، ئەمەش سەربەخۆیی نوسین لاواز دەکات و جەماوەر لە مافی دەستکەوتنی زانیاریی بێلایەن بێبەش دەکات (Richter & Kozman, 2021; Nielsen, 2021).

### ٣- ئاراستە سیاسییەکان و کۆنترۆڵکردنی میدیا

ئاراستە و حیزبە سیاسییەکان لە هەرێمی کوردستاندا ڕۆڵێکی بنەڕەتی دەگێڕن لە دیاریکردنی ئاستی سەربەخۆیی میدیایی. بە پێچەوانەی مۆدێلە دیموکراسییە پێگەیشتووەکان کە تێیدا دامەزراوە میدیاییەکان لە سایەی یاسا و سەربەخۆیی داراییەوە خاوەنی پارێزبەندیی بەهێزن لە بەرامبەر دەستوەردانی سیاسی، ژینگەی میدیایی هەرێمی کوردستان بە خاوەندارێتییەکی ڕاستەوخۆی سیاسی و ڕێکخستنی حیزبی و هەژموونی نوخبە دەسەڵاتدارەکان دەناسرێتەوە (Sakr, 2018; Dabbous-Sensenig, 2020).
توێژینەوەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە پاشکۆیەتیی سیاسیی، میدیای لە ئەرکە بنەڕەتییەکەی (چاودێریکردنی دەسەڵات) دوورخستووەتەوە و کردوویەتی بە ئامرازێک بۆ ململانێی حیزبی (Al-Rawi, 2022; Richter & Kozman, 2021). نەبوونی بازاڕێکی ئابووریی سەربەخۆ و پشتبەستنی میدیاکان بە بودجەی سیاسی، وای کردووە کە "سەربەخۆیی میدیایی" تەنها وەک دروشمێک بمێنێتەوە، لە کاتێکدا لە ڕاستیدا ناوەڕۆکی میدیایی لەژێر کاریگەریی بەرژەوەندییەکانی خاوەنکارە سیاسییەکاندا دادەڕێژرێت (Faris & Taha, 2021; Nielsen, 2021).
لە هەرێمی کوردستاندا، ڕێژەیەکی بەرچاوی ڕۆژنامەکان، کەناڵە ئاسمانییەکان و دەزگا دیجیتاڵییەکان ڕاستەوخۆ خاوەندارێتییان بۆ لایەنە سیاسییەکان دەگەڕێتەوە، یان بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ پاشکۆی ئەوانن. میدیا حیزبییەکان و نیمچە حیزبییەکان زۆرجار بەستراونەتەوە بە پاڵپشتییەوانەوە و مەرجدار کراوە بە پابەندبوونی دەستەی نووسین بە ئەجێنداکانەوە، ئەمەش توانای ڕۆژنامەنووسان بۆ ڕاپۆرتکردنی سەربەخۆ سنووردار دەکات. بە هەمان شێوە، ڕیپۆرتەری بێ سنوور (٢٠٢٥) تێبینی ئەوە دەکات کە دەزگا میدیاییە کوردییەکان زۆرجار وەک ئامرازێک بۆ گواستنەوەی پەیامی حیزبەکان کار دەکەن، ئەولەویەت دەدەنە ناوەڕۆکی سیاسی لەسەر حیسابی ڕۆژنامەگەریی لێکۆڵینەوەیی یان بەرژەوەندییە گشتییە فراوانەکان (Faris et al., 2023).
چەمکی کۆنترۆڵکردنی نوخبە تێڕوانینێکی ورد دەربارەی کۆنترۆڵکردنی میدیا لە هەرێمی کوردستاندا پێشکەش دەکات. نوخبە سیاسییەکان تەنها لە ڕێگەی خاوەندارێتی ڕاستەوخۆوە کاریگەری لەسەر میدیا دانانێن، بەڵکو لە ڕێگەی دەستوەردانی ستراتیژی لە ڕیکلام، سپۆنسەری، و هاوبەشی لەگەڵ ئەکتەرە کەرتی تایبەتەکاندا ئەو کارە دەکەن. بێنسن (Benson, 2019) دەڵێت ئەم داینامیکییە بە کردەیی دەزگاکانی ڕاگەیاندن دەگۆڕێت بۆ پاشکۆی ستراتیژییە سیاسییەکان، بە تایبەتی کاتێک مانەوەی ئابووریی دەزگاکە بەستراوەتەوە بە پشتگیریی نوخبەکانەوە. یەکگرتنی هاندەرە سیاسی و ئابوورییەکان فەزای بەردەست بۆ ڕۆژنامەگەریی لێکۆڵینەوەیی سەربەخۆ بەرتەسک دەکاتەوە، ئەمەش زیاتر سەربەخۆیی کردەیی میدیا سنووردار دەکات.
فشارە ئابووری و سیاسییەکان بە جیا کاریگەری لەسەر سەربەخۆیی میدیا دادەنێن، کارلێکی نێوانیان زۆرجار کاریگەر و بەهێزە. دەزگاکانی ڕاگەیاندن لە هەرێمی کوردستاندا زۆرجار ڕووبەڕووی "پاشکۆیەتیی دووفاقە دەبنەوە: لە لایەک پشتبەستن بە ڕیکلامکاران یان سپۆنسەرەکان بۆ مانەوەی دارایی، و لە لایەکی تر پشتبەستن بە ئەکتەرە سیاسییەکان بۆ وەرگرتنی مۆڵەت، پاراستنی یاسایی، یان دەستڕاگەیشتنی باش بە سەرچاوەکانی دەوڵەت. ئەو دەزگایانەی پشت بە دارایی حیزبی دەبەستن، زۆرجار ئەولەویەت دەدەنە پەیامە سیاسییەکان، تەنانەت لەو بوارانەشدا کە بە شێوەیەکی نەریتی وەک بواری بێلایەن دەبینرێن، وەک ڕاپۆرتە کولتووری یان کۆمەڵایەتییەکان.

### ٤- چوارچێوە و خۆسانسۆرکردن

سەربەخۆیی میدیا لە هەرێمی کوردستاندا لەناو هاوکێشەیەکی ئاڵۆزی ڕێکارە یاساییەکان و هەژموونی سیاسییدا گەمارۆ دراوە. میکانیزمەکانی وەک پێدانی مۆڵەتی کارکردن، مافی پەخش، و چاودێریکردنی پابەندبوونی میدیایی، لەبری ئەوەی وەک ئامرازێکی ڕێکخەر بۆ پەرەپێدانی کایەی گشتی بەکاربێن، زۆرجار لەژێر کاریگەریی کارەکتەرە سیاسییەکاندا بۆ ئاراستەکردنی میدیا بەکاردەهێنرێن. ئەم ژینگە ڕێکخەرە وای کردووە کە ڕۆژنامەنووسان و سەرنووسەران بکەونە ژێر چاودێرییەکی نائاشکرا؛ بەجۆرێک ناچار دەبن ناوەڕۆکی میدیایی بە جۆرێک دابڕێژن کە لەگەڵ بەرژەوەندیی هێزە سیاسییەکاندا یەکبگرێتەوە، بۆ ئەوەی لە سزای دارایی، هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەت، یان بڕینی هاوکارییە حکومییەکان بەدوور بن (Hussein, 2018). ئەم فشارانە کارلێک لەگەڵ پاشکۆیەتی ئابووریدا دەکەن و دۆخەکە توندتر دەکەن، چونکە ئەو دەزگایانەی پشت بە بودجەی دەوڵەت یان حیزب دەبەستن، لە ڕووی بنیاتییەوە توانایەکی کەمیان هەیە بۆ بەرەنگاربوونەوەی باڵادەستیی دەسەڵات یان پاراستنی سەربەخۆیی بڕیاری نووسین. لەم سۆنگەیەوە، میدیا دەبێتە پاشکۆی هێزە دارایی و سیاسییەکان و ئەرکی چاودێریی لەدەست دەدات. جگە لە چوارچێوە فەرمییەکان، کۆمەڵێک میکانیزمی نافەرمی وەک سانسۆری خودی ,هەراسانکردن، و هەڕەشە لە ناوبانگی پیشەیی، وەک ئامرازی کۆنترۆڵی سیاسی کاردەکەن. ڕاپۆرتە نێودەوڵەتییەکان جەخت لەوە دەکەنەوە کە ڕۆژنامەنووسان لە هەرێمی کوردستاندا، بەهۆی پێشبینیکردنی لێکەوتە خراپە سیاسی و داراییەکان، پەنا بۆ گۆڕینی ئاراستەی ڕووماڵەکانیان دەبەن بۆ کەمکردنەوەی مەترسییەکان (RSF, 2024/2025). ئەم دیاردەیە بە تایبەتی لە کاتی گرژییە سیاسییەکان یان وەرزەکانی هەڵبژاردندا بە ڕوونی دەردەکەوێت، کە تێیدا سنوورەکانی ئازادیی ڕادەربڕین بەهۆی بەرژەوەندییە تەسکەکانی هێزە سیاسییەکانەوە بەرتەسک دەبنەوە (Faris et al., 2023).

## دووەم: پێگەی هەواڵی ئەلکترۆنی

لە سەردەمی ئێستادا، پێشکەوتنە خێراکانی تەکنەلۆجیا گۆڕانکارییەکی ڕیشەییان لە بواری ڕاگەیاندن و شێوازی گواستنەوەی زانیاریدا دروستکردووە. سەرهەڵدانی ئینتەرنێت و ئامرازە دیجیتاڵییەکان وایان کردووە کە پێگەکانی هەواڵی ئەلکترۆنی ببنە جێگرەوەیەکی بەهێز و خێرا بۆ ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی نەریتیی. پێگەی هەواڵی ئەلکترۆنیی لە بنەڕەتدا ئەرکی سەرەکیی گەیاندن و ڕوماڵکردنی ڕووداوەکانە.لەم چوارچێوەیەدا دەکرێت پێناسە بکرێت بەوەی کە بریتییە لە: "ئەو پێگانەن کە هەواڵ پێشکەش دەکەن، گرنگی بە هەواڵی ڕۆژنامەنوسی دەدەن، و هەواڵەکان نوێ دەکەنەوە لەسەر ڕۆشنایی نوێگەرییەکاندا، کە لە جیهاندا ڕودەدەن" (الديهي، ٢٠١٥، ٣٨٧). ئەمەش ئەوە دەردەخات کە خێرایی و بەدواداچوونی بەردەوامی ڕووداوەکان خەسڵەتێکی جیابکەرەوەی ئەم پێگانەیە. ئەم گۆڕانکارییە گەورەیە لە شێوازی گەیاندن، لە ئەنجامی تێکەڵبوونی تەکنەلۆژیا جیاوازەکانەوە هاتووەتە ئاراوە. بەپێی فەرهەنگی لیستەر بۆ زاراوەکانی ڕاگەیاندنی نوێ، ئەم دیاردەیە بریتییە لە: "کۆمەڵێک تەکنەلۆجیای گەیاندن کە لەئەنجامی یەکگرتنی کۆمپوتەر و ئامرازە کۆنباوەکانی ڕاگەیاندنی (چاپ، وێنە، دەنگ و ڤیدیۆ) دروستبووە" (الزلب، ٢٠٢٢، ١٠). لەلایەکی دیکەوە، دەتوانرێت ئەم پێشکەوتنە بە سادەیی وەک کۆتاییهێنان بە قۆرخکاریی ئامرازە کۆنەکان سەیر بکرێت. چونکە ڕاگەیاندنی ئەلکترۆنی بریتییە لەو "ڕاگەیاندنەی کە پشت بە ئەلکترۆنیی دەبەستێت، لەجیاتی ئامرازی کۆنباو تەکنیکی ئەلکترۆنیی بەکاردێنێت، وەک ئینتەرنێت و تەلەفونی زیرەک، و هەموو بابەتەکان لەڕێی ژمێرەییەوە دەردەچێت" (إسماعيل، ٢٠٢٠، ٣٢). لە کۆتاییدا دەگەینە ئەو دەرەنجامەی کە پێگەکانی هەواڵی ئەلکترۆنیی تەنها پلاتفۆرمێک نین بۆ خوێندنەوەی دەق، بەڵکو ژینگەیەکی زیندوو و کارلێککارن. بە تێکەڵکردنی دەق، دەنگ، وێنە و ڤیدیۆ لە ڕێگەی ئامێرە زیرەکەکانەوە، شۆڕشێکی گەورەیان لە گەیاندنی هەواڵدا بەرپا کردووە و خوێنەریشیان لە وەرگرێکی بێدەنگەوە گۆڕیوە بۆ بەشداربوویەکی کارا.

### ١- پێگە ئەلکترۆنییەکانی کوردستان و پۆلێنکردنیان

لە هەرێمی کوردستاندا، ڕاگەیاندنی ئەلکترۆنیی ڕۆڵێکی بەرچاو دەگێڕێت و چەندین پێگەی هەواڵی و زانیاریی هەمەچەشن هەن. ئەم پێگانە بەشێکی گرنگن لە پانتایی میدیایی کوردستان و کاریگەرییان لەسەر کۆمەڵگا و پەیامگەیاندن بەردەوام لە زیادبووندایە. سەبارەت بە پۆلێنکردنی گشتیی پێگە ئەلکترۆنییەکان لە کوردستان، ڕاگەیاندنی ئەلکترۆنیی لە کوردستان بە خێرایی گەشەی کردووە. لەسەر بنەمای سروشت و ناوەڕۆکی کارەکانیان، دەکرێت پێگە ئەلکترۆنییەکانی کوردستان بەم شێوانەی خوارەوە پۆلێن بکرێن:

**ا- پێگە ئەکادیمی و زانستییەکان**

ئەم پێگانە سەر بە زانکۆ و ناوەندە توێژینەوەییەکانن و ئامانجیان بڵاوکردنەوەی توێژینەوە و وتاری زانستییە. تایبەتمەندیی ئەم پێگانە برتییە لە (بڵاوکردنەوەی گۆڤاری زانستی و ئەکادیمی؛ بابەتی تایبەت بە لێکۆڵینەوە و دۆزینەوە نوێیەکان؛ فۆکەس لەسەر بوارێکی دیاریکراو وەک زانستە مرۆییەکان، یاسا، تەکنەلۆجیا). بۆ نموونە، ماڵپەڕی گۆڤارە زانستییەکانی زانکۆکان، وەک گۆڤاری زانکۆی جیهان و گۆڤارەکانی لێکۆڵینەوەی زانستی.

**ب- پێگەکانی ڕێکخراوە ناحکومی و کۆمەڵایەتییەکان**

ئەم جۆرە پێگانە زانیاری لەسەر چالاکییەکانی ڕێکخراوە ناحکومییەکان و کێشە کۆمەڵایەتییەکان بڵاودەکەنەوە. لە تایبەتمەندیی ئەم پێگانە ( فۆکەس لەسەر پرسە کۆمەڵایەتییەکان، مافەکانی مرۆڤ، ژینگە، و هتد؛ بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرت و لێکۆڵینەوەی تایبەت بە بواری کارکردنیان؛ هاندانی بەشداریی کۆمەڵایەتی). وەک ماڵپەڕی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی.

**ج- پێگە حکومی و فەرمییەکان**

ئەم پێگانە سەر بە دامودەزگا حکومییەکانن و زانیاری فەرمی، بڕیارەکان، و خزمەتگوزارییە ئەلکترۆنییەکان پێشکەش دەکەن. تایبەتمەندیی ئەم پێگانە برتییە لە (بڵاوکردنەوەی بەیاننامە و ڕێنمایی فەرمی؛ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری ئەلکترۆنیی بۆ هاوڵاتیان؛ ڕوونگەیەک بۆ سیاسەت و پرۆژەکانی حکومەت). بۆ نموونە، ماڵپەڕی فەرمانگە و وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

### د- پێگەکانی کاتبەسەربردن

ئەم پێگانە سەرنجیان لەسەر بابەتی هونەری، ئەدەبی، وەرزشی، وکات بەسەربردنە. لە تایبەتمەندیی ئەم پێگانە (بڵاوکردنەوەی بابەتی تایبەت بە هونەر، مۆسیقا، فیلم، کتێب؛ ڕووماڵکردنی چالاکییە کولتووری و وەرزشییەکان؛ پێشکەشکردنی کایە و بابەتی خۆشی). بۆ نموونە، ماڵپەڕی گۆڤارە کولتوورییەکان، ماڵپەڕی یانە وەرزشییەکان.

### هـ- پێگەکانی هەواڵی ڕۆژنامەوانیی ئەلکترۆنی

ئەم جۆرە پێگانە زۆرترین ڕێژە پێکدەهێنن و سەرنجیان لەسەر بڵاوکردنەوەی هەواڵ و ڕاپۆرتی ڕۆژنامەوانییە. لە تایبەتمەندیی ئەم پێگانە: (نوێکردنەوەی بەردەوامی هەواڵەکان؛ ڕووماڵکردنی ڕووداوە ناوخۆیی و جیهانییەکان؛ بڵاوکردنەوەی وتار، شیکاری، و ڕاپۆرتی تایبەت). ئەمانەش وەک: ماڵپەڕی کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان، ڕۆژنامە ئەلکترۆنییەکان، ئاژانسە هەواڵییەکان.

لە هەرێمی کوردستان چەندین پێگەی هەواڵی (ماڵپەڕی هەواڵی) دیار و چالاک هەن کە بە شێوەیەکی بەردەوام ڕوماڵی هەواڵە ناوخۆیی و جیهانییەکان دەکەن.

١- ئەو پێگە هەواڵییە ئەلکترۆنییانەی کە کەناڵی ئاسمانی و ماڵپەڕیان هەیە، وەک: (تۆڕی میدیایی ڕووداو) یەکێکە لە پێگە گەورەکان کە بە چەندین زمان (کوردی، عەرەبی، ئینگلیزی، تورکی) هەواڵ، شیکاری و ڕاپۆرت بڵاودەکاتەوە. (کوردستان ٢٤) پێگەیەکی هەواڵیی فراوانە کە گرنگی بە هەواڵی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی کوردستان و جیهان دەدات. (NRT) ماڵپەڕێکی هەواڵیی زۆر چالاکە و خێرایە لە گواستنەوەی هەواڵە ناوخۆییەکانی هەرێمی کوردستان و عێراقدا. (Kurdsat News) پێگەیەکی هەواڵییە کە گرنگی بە ڕوماڵی هەواڵە ناوخۆیی و جیهانییەکان دەدات.

٢. پێگە ئەلکترۆنییە ئەهلی و سەربەخۆکان، وەک: (درەو میدیا) پێگەیەکی ئەلکترۆنییە کە زۆرتر گرنگی بە شیکاریی سیاسی، داتا و ئامار، و ڕاپۆرتی بنکۆڵکاری دەدات لەسەر دۆخی ناوخۆی کوردستان و عێراق. (ئاوێنە) بە ڕۆژنامەیەکی ئەهلی دەستی پێکرد و ئێستا پێگەیەکی ئەلکترۆنیی هەواڵی و شیکاریی بەهێزی هەیە. (هاوڵاتی) یەکێکی ترە لە پێگە هەواڵییە باوەڕپێکراوەکان کە زیاتر گرنگی بە ڕاپۆرت و بەدواداچوونی ڕۆژنامەوانی دەدات. (خەندان) یەکێکە لە پێگە ئەلکترۆنییە دێرین و چالاکەکان کە بەردەوام هەواڵی سیاسی، کۆمەڵایەتی و هەمەجۆر بڵاودەکاتەوە. (سپی میدیا) ماڵپەڕێکی هەواڵییە کە بە خێرایی هەواڵە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان دەگوازێتەوە.

٣. پێگە هەواڵییە حزبی و فەرمییەکان، بۆ نموونە: PUKmedia پێگەی هەواڵیی فەرمیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. KDP.info پێگەی هەواڵیی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستان. KNN پێگەی هەواڵیی زمانحاڵی بزووتنەوەی گۆڕان. Kurdu پێگەی هەواڵیی زمانحاڵی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان

تێبینی: زۆربەی هەرە زۆری ئەم پێگە هەواڵییانە ئەپلیکەیشنی تایبەت بە خۆیان هەیە بۆ مۆبایلە زیرەکەکان (لە App Store و Google Play)، کە وا دەکات زۆر خێراتر و ئاسانتر لە کاتی ڕووداوی پێشهاتەکاندا ئاگادار بکرێیتەوە.

### پراکتیکنامە و شیکردنەوەی داتاکان:

ئەم توێژینەوەیە چوار تەوەر (Themes) دەستنیشان دەکات. هەریەکە لەم تەوەرانە لە ئەنجامی شیکردنەوەی وتە و زانیارییەکانی بەشداربووان دەرهێنراون. بۆ باشتر پیشاندانی ئەنجامەکان، هەموو تەوەرەکان بە شێوەی خشتە ڕێکخراون، بەوەی کە هەر تەوەرێک کۆمەڵێک چەمک و نموونەی دەقی پەیوەندیدار لەخۆ دەگرێت. ئەم شێوازە یارمەتیدەری ڕوونکردنەوەی پەیوەندی نێوان داتا و ئەنجامە شیکراوەکان دەبێت.

لە پێناو پاراستنی بنەماکانی ئێتیک لە توێژینەوەی زانستیدا و بە تایبەتی پاراستنی نهێنی و ناسنامەی بەشداربووان، لەبری بەکارهێنانی ناوە ڕاستەقینەکان، سیستەمێکی کۆدکردن بەکارهێنراوە، کە بەشداربووان بە ژمارە وەک (بەشداربووی ١، ٢، ٣...) ناسێنراون. ئەم کۆدانە لە هەموو بەشەکانی شیکردنەوەکەدا بەکارهاتوون بۆ ئاسانکردنی ڕێکخستنی داتا و گەڕانەوە بۆ سەرچاوەی وتەکان. ئەم شێوازە، لە یەک کاتدا، ئامانج دەپێکێت: یەکەم پاراستنی مافی بەشداربووان و نهێنییەکانیان، و دووەم دابینکردنی ڕوونکاری و سیستەماتیکییەکی زانستی لە پێشکەشکردنی ئەنجامەکان، کە یارمەتی خوێنەر دەدات بە ئاسانی پەیوەندی نێوان وتەکان و شیکردنەوەکان تێبگات.

**ڕوونکاری (١) ناو و کۆدی بەشداربووانی چاوپێکەوتنەکان**

| ژ | ناوی بەشداربووان | شوێنی پێگە | ڕێکەوتی چاوپێکەوتن |
|---|---|---|---|
| ١ | کەماڵ ڕەئوف | بەڕێوەبەری نووسین لە پێگەی شارپرێس | ٢٠١٦/٣/٦ |
| ٢ | سەربەست حوسێن | بەڕێوەبەری نووسین لە پۆلیتیک پرێس | ٢٠٢٦/٨/٣ |
| ٣ | سلێمان عبدولا | بەڕێوەبەری نووسین لە پێگەی خەندان | ٢٠١٦/٣/١٢ |
| ٤ | حەیدەر جەمیل | بەڕێوەبەری نوسین لە پێگەی کوردیو | ٢٠٢٦/٤/٢ |
| ٥ | تاریق فاتیح | بەڕێوەبەری نوسین لە ڕۆژنامەی هاووڵاتی | ٢٠٢٦/٣/٣١ |
| ٦ | کاروان ئەنوەر | سکرتێری لقی سلێمانی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان | ٢٠١٦/٢/٤ |

**تەوەری یەکەم:** مۆدێلی دارایی میدیا **لە هەرێمی کوردستان**[٧٨]

[٧٨] سەیری تەواوی لێدوانی بەشداربوان بکە لە پاشکۆی دووەم

رووونکاری (٢) دارایی و پێکهاتە ئابورییەکان

| کۆدی بەشداربووان | تەوەری لاوەکی | چەمکی کۆدکراو | نموونەی دەق |
|---|---|---|---|
| 1 | سەرچاوەی داهات | ریکلام و هاوکاری تاکەکەسی | "بەرێزەی سەرەکی ریکلام... هەندێکجاریش هاوکاری دۆستەکانمان" |
| 3 | سەرچاوەی داهات | پشتبەستن بە ریکلام | "ئێمە پشت بە ریکلام دەبەستێت وەک داهات بۆ دەزگاکە" |
| 2 | سەرچاوەی داهات | پشتبەستن بە حزب | "سەرچاوەی سەرەکیمان بۆ پاڵپشتی دارایی حیزب و ریکلامە" |
| 4 | سەرچاوەی داهات | تێکەڵبوونی سەرچاوەکان | "پشت بە بودجەی تەرخانکراو و داهاتی ریکلام دەبەستێن" |
| 6 | خاوەنداریتی شاراوە | پاڵپشتی سیاسی نادیار | "لە هەفتەی یەکەمی کارکردندا دەردەکەوێت سەربەچ لایەنێکن" |
| 1 | سەربەخۆیی | رەتکردنەوەی تەمویل | "هاوکاری هیچ لایەنێکمان وەرنەگرتوە چونکە کاریگەری دەبێت" |
| 2 | کاریگەری سیاسی | کاریگەری ناڕاستەوخۆی حزب | "سیاسەتی ئەو حزبە دەردەکەوێت لە بانگەشەی هەڵبژاردن" |
| 4 | ئاراستەکردنی ناوەڕۆک | دیاریکردنی پەیام | "لایەنی تەمویلکار ئاڕاستە گشتییەکانی دەزگاکە دیاری دەکات" |
| 3 | گۆڕانی سەربەخۆیی | پێشتر کاریگەری هەبوو | "پێشتر پاڵپشتی سیاسی هەبووە بەڵام ئێستا سەربەخۆیە" |
| 5 | سنووردارکردنی ئەخلاقی | خۆسانسۆرکردن | "دەکەویتە ژێر ئیلتزاماتی ئەخلاقییەوە... هەندێک شت بڵاونەکەیتەوە" |
| 3 | ڕەتکردنەوەی مەرج | ریکلامی مەرجدار | "ریکلامی مەرجدار وەرناگرین... ئەگەر مەرجیان هەبێت" |
| 2 | کاریگەری ناڕاستەوخۆ | دووورکەوتنەوە لە ڕەخنە | "ناتوانین کاری لەسەر بکەین چونکە زیان بە ناوبانگ دەگات" |
| 1 | فشاری دارایی | برینی ریکلام | "دواتر ریکلامەکەیان بری کاتێک شتمان بلاوکردەوە" |
| 3 | ڕێزامەندی کار | قەناعەت | "بەکامل قەناعەتەوە لێرە کاردەکەن و ناچن بۆ شوێنی تر" |
| 1 | جۆری کارکردن | جۆرەکانی گرێبەست | "کارمەندەکان سێ جۆرن: دەوامی تەواو، نیوەدوام، پارچە" |
| 4 | کێشەی ئابووری | مووچەی کەم | "مووچەکە بە تەنها بەشی پێداویستییە سەرەکییەکان ناکات" |
| 2 | داهاتی جێگیر | مووچەی مانگانە | "سەرجەم کارمەندان مووچەی مانگانەی جێگیریان هەیە" |

**شیکردنەوەی تەوەری یەکەم**

ئەم بەشەدا شیکردنەوە بۆ **مۆدێلی دارایی میدیا** لە هەرێمی کوردستاندا دەکات، بەوەی چۆن کاردەکات و چۆن کاریگەری لەسەر ناوەڕۆک و ئازادیی میدیا دروست دەکات. لێرەدا بەڕوونی دەردەکەوێت کە سەرچاوەی دارایی دەزگاکانی میدیا بە شێوەیەکی گشتی لە سێ جۆری سەرەکی پێکدێت: **ریکلام، پاڵپشتی سیاسی، و هاوکاریی تاکەکەسی (کەسایەتی دەوڵەمەند)**. ریکلام وەک سەرچاوەی سەرەکیی داهات باسکراوە، بەتایبەتی بۆ دەزگاکانی وەک "خەندان"، کە پشت بە بازاڕی ریکلام دەبەستێت. لە هەمان کاتدا، هەندێک دەزگا وەک "پۆلیتیک پرێس" بە ڕوونی پشت بە **حزب و ریکلام** دەبەستن، کە ئەمە نیشانەی پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی نێوان میدیا و دەسەڵاتی سیاسییە. لە هەمان کاتدا، جۆرێکی تر لە پاڵپشتی، کە بە شێوەی **نادیار** دەردەکەوێت، بریتییە لە هاوکاریی "دۆستان" یان کەسایەتی دەوڵەمەند کە نایانەوێت ناسنامەیان ئاشکرا بکرێت. ئەم جۆرە پاڵپشتییە، هەرچەندە بەرواڵەت مەرجی ڕاستەوخۆ نادەن، بەڵام لە ڕووی ئەکادیمییەوە دەتوانرێت بە شێوەی کاریگەریی نەرم ناویان بەرین، چونکە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دەبنە هۆی دروستبوونی سنووری نادیار لەسەر ناوەڕۆک.
بەشداربووان ئاماژەیان بە جیاوازییەکی گرنگ دا لە نێوان **کاریگەریی ڕاستەوخۆ** و **کاریگەریی ناڕاستەوخۆ**. وەک ڕاستەوخۆ، زۆرێک لە بەرتوێژان دەڵێن کە هیچ مەرجێکی ڕاستەوخۆیان لەسەر نەسەپێنراوە. بەڵام وەک ناڕاستەوخۆ، دانپێدانانێکی ڕوون هەیە کە هەر لایەنێک پاڵپشتی دارایی بدات، کاریگەریی دەبێت لەسەر پەیام و سیاسەتی دەزگاکە. بە تایبەتی، لە کاتی هەڵبژاردنەکان و قەیرانە سیاسییەکان، ئەم کاریگەرییە زۆرتر دەردەکەوێت، ئەمەش جەخت لەسەر ئەوە دەکەن کە سەرچاوەی دارایی، ڕاستەوخۆ ئاراستەی ناوەڕۆکی میدیا دەکات.
یەکێک لە دەرئەنجامە گرنگەکان ئەوەیە کە ریکلام، هەرچەندە بە شێوەی فەرمی مەرجی ڕاستەوخۆ نادەن، بەڵام وەک ئامرازێکی فشاری نەرمی کاردەکات. نموونەکان نیشان دەدەن ئەگەر هەواڵێکی نەرێنی لەسەر کۆمپانیا بڵاو بکرێتەوە، ریکلامەکان **کەم دەکرێنەوە یان دەوەستێنرن. هەروەها** هەندێک دەزگا خۆیان سنووردار دەکەن بۆ ئەوەی زیان بە "ناو و ناوبانگ"ی ریکلامکار نەگەیەنن. ئەمەش لە میدیادا پێی دەوترێت **سانسۆری خۆیی**، کە بەهۆی فشارە داراییەکانەوە دروست دەبێت، نەک بە فەرمانێکی ڕاستەوخۆ. نموونەی باسکراوی گرووپی کۆمپانیاکانی "قەیوان" نیشانەیەکی ڕوونە لە **کۆنترۆڵی بازاڕی ریکلام**، کە دەتوانێت بە شێوەیەکی سیستەمی میدیاکان لە ڕەخنەکردن بە دووربخاتەوە.

لە باسی نەبوونی شفافیەت لە خاوەندارێتیی میدیادا، سکرتێری لقی سلێمانی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان ئاماژە بەوە دەدات بەوەی کاتێک دەزگایەکی نوێی میدیا دادەمەزرێت، بە شێوەیەکی فەرمی دەوترێت کە پشتگیریی دارایی لە داهاتی خۆیان و ڕیکلامە، بەڵام لە ڕاستیدا زۆرجار ئەمە درووست نییە، چونکە بەڕێوەبردنی دەزگای میدیا تێچووی زۆری هەیە، هەربۆیە زوو دەردەکەوێت کە سەربە لایەنێکی سیاسییە. هەروەها، ڕیکلام لە ناوچەکەدا ناتوانێت بە تەنها سەرچاوەیەکی بەهێزی دارایی بێت، بۆیە زۆر دەزگا پشتگیریی تری هەیە، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە خاوەندارێتیی میدیا لە کوردستاندا زۆرجار ناشفافە و میدیا بۆ ئامانجی تایبەتی بەکاردەهێنرێت. لە هەمان کاتدا، ئەو سێ سەرچاوەیەی داهاتی میدیا کە لە جیهاندا هەن (ڕیکلام، فرۆشتنی هەواڵ، و خزمەتگوزارییەکان) لای ئێمە بە تەواوی کارا نین.
هەرچەندە بەرتوێژان دەڵێن "مەرج نییە"، بەڵام دەڵێن "دەکەونە ژێر ئیلتزامی ئەخلاقی". ئەم وتەیە زۆر گرنگە، چونکە ئاماژەیە بۆ دروستبوونی **سنووری نادیار،** میدیاکاران بە شێوەی خۆکارانە خۆیان ڕێکدەخەن بۆ پاراستنی پەیوەندییە داراییەکان، ئەم دۆخە لە میدیادا بە خۆکۆنترۆڵ کردن باس دەکرێت، کە تێیدا کۆنترۆڵ دەبێتە بەشێک لە بیرکردنەوەی خۆیی میدیاکار.
سەبارەت بە دۆخی کارمەندان و بژێوی، لە ڕووی ئابوورییەوە، گفتووگۆی بەشداربووان ئەوە نیشان دەدەن کە سیستەمی کارکردن لەسەر سێ شێوەی سەرەکییە، وەک دەوامی تەواو؛ نیوە دەوام، کار بە پارچە و خۆبەخش. هەرچەندە بەشێک لە کارمەندان ڕازین، بەڵام ئاماژە بەوە دەکرێت کە دۆخی دارایی زۆر باش نییە. ئەوەی گرنگە لێرەدا ئەوەیە کە **ئازادیی کاری** بێ سانسۆر پەیوەندییەکی ئێجگار زۆری هەیە باردۆخی باشی ئابووری ڕۆژنامەوانەوە.
بە گشتی، ئەم داتایە نیشان دەدات کە مۆدێلی دارایی میدیا **هێشتا نەگەیشتووە بە سەربەخۆیی ڕاستەقینە.** ڕیکلام و پاڵپشتی سیاسی، هەرچەندە ناڕاستەوخۆ، بە شێوەیەکی قووڵ کاریگەری لەسەر ناوەڕۆک هەیە. سانسۆری خۆیی و ئیلتزامی ئەخلاقی جێگەی سانسۆری ڕاستەوخۆیان گرتووە. بازاڕی ڕیکلام دەتوانێت وەک ئامرازێکی کۆنترۆڵی میدیا بەکاربهێندرێت. بۆیە دەتوانرێت بگوترێت کە کێشەی سەرەکی تەنها مەرجی ڕاستەوخۆ نییە، بەڵکو **سیستەمێکی فشارە نادیار و داراییە** کە ئاراستەی کاری میدیا دەکات.

**تەوەی دووەم: کاریگەریی کەمی داهات**

**ڕوونکاری (٣) کاریگەری قەیرانی دارایی لەسەر کارکردنی دەزگا میدیاییەکان**

| کۆدی بەشداربووان | تەوەری لاوەکی | چەمکی کۆدکراو | نموونە دەق |
|---|---|---|---|
| 2 | **توانای مرۆیی** | **کەمبوونی کادری کارا** | "توانای دابینکردنی موچە سنورداردەکات... کەسی بەتوانا دەبنە نێچیری دەزگاکان" |
| 2 | **کارکردنی مەیدانی** | **سنورداربوونی ڕاپۆرتی مەیدانی** | "دەرچوون بۆ شوێنی ڕووداو پێویستی بە خەرجی هەیە... دەبێتە کێشە" |
| 2 | **پێداویستییەکان** | **کەمبوونی کەلوپەل** | "نەتوانینی دابینکردنی کەلوپەل وەک کامێرا و مایک و ئینتەرنێت" |
| 1 | **بەڕێوەبردنی کار** | **کەمکردنەوەی چالاکییەکان** | "دەستدەگرینەوە لە ڕاپۆرت و ڤیدیۆی شیکاری" |
| 1 | **خەرجی کار** | **کەمکردنەوەی خەرجی** | "خەرجی هاتوچۆ کەم دەکەینەوە" |
| 1 | **هەوڵدان** | **نەدابینکردنی پاداشت** | "ناتوانین پاداشت بۆ کاری باش خەرج بکەین" |
| 4 | **کوالیتی ناوەڕۆک** | **دابەزینی کوالێتی** | "ناتوانرێت بودجەی پێویست بۆ ڕاپۆرتەکان دابین بکرێت" |
| 4 | **تەکنەلۆجیا** | **کەمبوونی نوێکاری** | "ڕێگر لە نوێکردنەوەی ئامێرەکان و تەکنەلۆژیا" |
| 4 | **توانای مرۆیی** | **لەدەستدانی کادری بەئەزموون** | "کادیرە بەئەزموونەکان ناچار دەبن ڕوو لە شوێنی تر بکەن" |

**شیکردنەوەی تەوەری دووەم**

لێرەدا دەتوانین بە شێوەیەکی قووڵ تێبگەین لە کاریگەری قەیرانی دارایی لەسەر کارکردنی دەزگا میدیاییەکان، بە تایبەتی لە ڕوانگەی توانای دامەزراوەیی و مرۆییەوە. بەشداربووان ئەوە پێشاندەدەن کە قەیرانی دارایی تەنها کێشەیەکی ئابووری نییە، بەڵکو بە شێوەیەکی سیستەمی هەموو قۆناغەکانی بەرهەمهێنانی ناوەڕۆک تێکدەدات. یەکەم، کەمبوونەوەی کوالێتی ناوەڕۆک، چونکە بەهۆی سنورداربوونی سەرچاوە داراییەکان، دەزگاکان ناچار دەبن لە بەرهەمهێنانی ڕاپۆرت و ڤیدیۆی شیکاریی و بنکۆڵکاریی دەستبگرنەوە. ئەمەش بە مانای ئەوەیە کە قەیران دەبێتە هۆی گۆڕینی ستراتیژی ناوەڕۆک بۆ شێوەیەکی سادەتر و کەم خەرجیی، کە دەتوانێت بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر ئاستی زانیاریی پێشکەشکراو بۆ کۆمەڵگا هەبێت.
لە هەمان کاتدا، بابەتێکی گرنگی تر سەرهەڵدەدات کە بریتییە لە لاوازی توانای مرۆیی، بەشداربووان بە ڕوونی ئاماژەیان داوە کە سنورداربوونی توانای دابینکردنی موچە و پاداشت، دەبێتە هۆی ئەوەی کارمەندانی بەتوانا دەزگا جێبهێڵن یان بە ناچار ڕووبکەنە شوێنێکی تر کە پارەی باشتر دەدات. ئەمەش لە شیکردنەوەی زانستیدا وەک جۆرێک بە کۆچی توناکان لە ناو سیستەمی میدیادا دەناسێندرێت، کە کاریگەرییەکی درێژخایەن لەسەر کوالێتی و پیشەییبوونی کارکردن هەیە. هەروەها، بەهۆی زۆری ڕکابەری نێوان کەناڵەکان و کەمی کەسی بەتوانا، ئەو کەسانەی شارەزا و لێهاتوون دەبنە ئامانجی سەرەکی بۆ ڕاکێشانییان، کە ئەمەش زیاتر فشاری لەسەر دەزگاکان زیاد دەکات.
لە لایەکی ترەوە، بەشداربووان ئاماژە بە سنورداربوونی کارکردنی مەیدانی دەکەن، کە یەکێکە لە گرنگترین بەشەکانی کاری ڕاگەیاندن. کەمکردنەوەی خەرجی هاتوچۆ و نەبوونی سەرچاوە بۆ ناردنی تیم بۆ شوێنی ڕووداوەکان، دەبێتە هۆی ئەوەی کە ڕاپۆرتەکان زیاتر لە ناو ئۆفیسەکانەوە بەرهەم بهێندرێن و کەمتر پەیوەندیدار بن بە ڕاستی مەیدان. ئەمەش لە ڕوانگەی هەڵسەنگاندنی جۆرییەوە بە واتای دوورکەوتنەوەی میدیا لە مەیدانی واقع دادەنرێت، کە دەتوانێت متمانەی جەماوەری کەم بکات.

لە چوارچێوەیەکی گەورەتر، بابەتێکی تر کە بریتییە لە کێشەی تەکنیکی و ژێرخانی ئابووریی ناودەبرێت، کە بەهۆی نەتوانینی دابینکردنی کەلوپەل و ئامرازە پێویستەکان وەک کامێرا، مایک، یان خزمەتگوزاری ئینتەرنێت دروست دەبێت. ئەمەش بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر کوالێتی بەرهەمەکان و خێرایی بڵاوکردنەوەیان هەیە، بە شێوەیەکی دیاریکراو بەشێکە لە سنورداربوونی دەزگاکان.

### تەوەری سێهەم: سیاسەت و خاوەندارێتی

**ڕوونکاری (٤) سیاسەت و خاوەندارێتی و پەیوەندی نێوان دەزگا و حکومەت یان حزب**

| کۆدی بەشداربووان | تەوەری لاوەکی | چەمکی کۆدکراو | نموونە دەق |
|---|---|---|---|
| 1 | خاوەندارێتی و بەڕێوەبردن | سەربەخۆیی ناوەندی بڕیار | "من خۆم خاوەنی دەزگاکەم... کارمەندەکان دەتوانن مناقەشە بکەن" |
| 1 | پەیوەندی لەگەڵ سپۆنسەر | کاریگەریی بەرژەوەندیی دارایی لە ناوەڕۆک | "زۆرجار ئیش لەسەردەکەین... بەریەککەوتن دروست دەبێت" |
| 1 | خۆسانسۆرکردن | سنووردارکردنی ناوەڕۆک بە شێوەی نەرم | "خۆسانسۆرکردن هەیە بەس ناگاتە گۆڕینی ناوەڕۆک" |
| 1 | پەیوەندی دەوڵەت و میدیا | کاریگەریی سیاسەتی حکومەت | "مەزاجی بەرپرسانی حکومەت ڕۆڵی هەیە" |
| 4 | خاوەندارێتی و سانسۆر | دیاریکردنی هێڵی سوور لەلایەن خاوەن | "خاوەندارێتی هێڵە سوورەکان دیاری دەکات" |
| 4 | پەیوەندی میدیا و حزب | حزبیبوونی میدیا | "هەر میدیایەک پەیوەندی بە حزبێک هەیە" |
| 4 | سیستەمی میدیا | لاوازبوونی پەیوەندی پیشەیی | "پەیوەندییەکان سیاسی و کەسییە نەک پیشەیی" |
| 4 | فشارە حکومی | فشار و ڕکابەری سیاسی | "میدیای ئۆپۆزسیۆن وەک دوژمن مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت" |
| 4 | فشارە سیاسی | جۆرەکانی فشار لەلایەن دەسەڵاتەوە | "فشارە ئەمنی و یاسایی و جیاکاریی زانیاری" |
| 3 | سەربەخۆیی میدیا | جیاکردنەوەی حزب و میدیا | "حزب نابێت میدیای هەبێت" |
| 3 | دەستێوەردانی دارایی | کڕینی سەربەخۆیی میدیا | "پارەمان پێ دەدەن بۆ میدیای سێبەر" |
| 1 | بەرژەوەندی بازرگانی | پەیوەندی ڕیکلام و سیاسەت | "ڕیکلام دەچێت بۆ میدیای لایەنگر" |
| 4 | ڕیکلام و جەماوەر | کاریگەری بازاڕی لە ڕیکلام | "بینەر و کاریگەری پێوەری سەرەکییە" |
| 4 | سنووردارکردنی ڕیکلام | ڕێگری دارایی بەهۆی سیاسەت | "ترسی کۆمپانیاکان لە ئۆپۆزسیۆن" |
| 1 | فشاری سیاسی | بەکارهێنانی ڕیکلام وەک سزادان | "ڕیکلام وەک ئامرازی فشاری سیاسی بەکاردێت" |
| 2 | نادادپەروەری بازاڕ | لایەنگیری لە دابەشکردنی ڕیکلام | "میدیای حزبی زیاتر ڕیکلام وەردەگرێت" |

### شیکردنەوەی تەوەری سێیەم

لەسەر پەیوەندی نێوان دەزگا و حکومەت یان حزب، بەشداربووان باس لە جۆرێک پەیوەندیی نارێکخراو و مزاجی دەکەن،واتە بڕیارەکان زیاتر بەستراونەتەوە بە ئارەزوو و هەڵسوکەوتی کەسانی بەرپرسی حکومەت و لایەنە سیاسییەکان، نەک بە سیستەمێکی یاسایی و پیشەیی. ئەمەش بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر ئازادی میدیا و شێوازی ڕووماڵکردنی بابەتە هەستیارەکان هەیە، بەتایبەتی لە کاتی دروستبوونی قەیران و نارەزایەتی کۆمەڵایەتی، کە فشارەکان زیاد دەبن.
ئەم پەیوەندییە بە ڕوونی لە میکانیزمەکانی "سانسۆری خودی"دا دەردەکەوێت کە دەستەی نووسەران پەیڕەوی دەکەن. فشارە ئابوورییەکان و لاوازیی دارایی وا دەکات کە بڕیارەکانی پەیوەست بە بڵاوکردنەوەی وتارەکان، هەڵبژاردنی بابەتەکان و دیاریکردنی "هێڵە سوورەکان" بۆ ناوەڕۆک، بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لەگەڵ بەرژەوەندیی لایەنە بەخشەرەکاندا بگونجێندرێن. ئەمەش کاریگەرییەکی دووسەرەی لێ دەکەوێتەوە: لە لایەکەوە، هەڵبژاردنی بابەت و ناوەڕۆک دەکەوێتە ژێر کاریگەریی ڕەزامەندیی پاڵپشتیکاران؛ لە لایەکی دیکەشەوە، گرنگیپێدانی جەماوەر بەو بابەتانەی بڵاو دەکرێنەوە دەگۆڕێت، چونکە میدیاکان مەیلیان بۆ ئەوە هەیە تیشک بخەنە سەر ئەو بابەتانەی کە کەمتر مشتومڕیان لەسەرە یان لای بەخشەرەکان پەسەندترن.
بەشداربووان ڕوونی دەکەنەوە کە خاوەندارێتی و سەرچاوە دارایی هەردووکیان وەک میکانیزمی سەرەکی بۆ کۆنترۆڵکردنی ناوەڕۆک کاردەکەن. ئەوان دەڵێن کە خاوەنی دەزگا دەتوانێت دیاری بکات کام بابەت بەرز بکرێتەوە و کام بابەت لاواز بکرێت یان پشتگوێ بخرێت.

ئەو بەشەی کە باس لە ڕەتکردنەوەی پاڵپشتی دارایی دەکات، مانایەکی گرنگی ئەخلاقی هەیە. بەشداربوو ئاماژە دەکات کە وەرگرتنی پاڵپشتی دارایی دەبێتە هۆی بەسترانەوەی میدیا بە داواکارییە سیاسییەکان، کە ئەمەش دوورە لە ئامانجی سەرەکی میدیا وەک دامەزراندنێکی سەربەخۆ. لێرەدا بابەتێکی تری گرنگ تر دەردەکەوێت، کە بریتییە لە هاوکێشەی نێوان سەربەخۆیی و مانەوە. بە گشتی، ئەم دەقە پێشاندەدات کە سیستەمی میدیایی لە ژێر کاریگەری توندی خاوەندارێتی، دارایی و سیاسەتدایە، کە هەموویان بە شێوەیەکی هاوبەش هێڵەسوورەکان دیاری دەکەن و سنووری ئازادی ڕاگەیاندن تەسگ دەکەن.

### تەوەری چوارەم: ئاڵنگارییەکانی بەردەم دەزگاکان

**ڕونکاری (٥) ئاڵنگارییەکانی دەزگاکانی میدیا لە هەرێمی کوردستان**

| کۆدی بەشداربووان | تەوەری لاوەکی | چەمکی کۆدکراو | نموونە دەق |
|---|---|---|---|
| 2 | **ئاڵنگاری تەکنەلۆجی** | **هێرشی سایبەری لە کاتی هەڵبژاردن** | "هێرشی ئەلکترۆنی و سووتاندنی پەڕە فەرمییەکانمان"... |
| 2 | **هێرش و فشاری سیاسی** | **مەترسییەکی قورس بۆ میدیا** | "وەک کوشتنی ڕۆژنامەنووسە" |
| 2 | **چارەسەری سیستەم** | **پێویستی بە چاکسازی یاسایی** | "پێویستە یاسای نوێی کاری ڕۆژنامەوانی هەبێت" |
| 2 | **سەربەخۆیی میدیا** | **سەربەخۆیی دارایی** | "میادیا دەبێت ببێتە پیشەسازی و خۆی بەرهەم بفرۆشێت" |
| 6 | **چارەسەری دارایی** | **یەکسانی دابەشکردنی داهات** | "هەموارکردنی یاسای ڕیکلام و دابەشکردنی یەکسان" |
| 6 | **ئاڵنگاری سیستەم** | **لاوازی سیستەمی میدیا** | "هەیکەلی میدیا تۆکمە نییە" |
| 6 | **کاریگەری سیاسی** | **وابەستەیی دارایی** | "پەنابردن بۆ لایەنە سیاسییەکان بۆ بژێوی" |
| 6 | **کوالێتی ناوەڕۆک** | **لاوازی ئەتیکی پیشەیی** | "فێڵی میدیا و جوانکردنی هەواڵ" |
| 1 | **سیستەم و یاسا** | **کێشەی سیستەمی گشتی** | "نەبوونی سەروەری یاسا و قەیرانی دارایی" |
| 1 | **چارەسەری دارایی** | **یەکسانی داهات** | "دادپەروەری لە دابەشکردنی ڕیکلام پێویستە" |
| 1 | **پالپشتی گشتی** | **پێویستی بە هاوکاری دەوڵەت** | "پشتیوانی حکومەت بە بێ مەرج" |
| 4 | **مەترسی میدیا** | **وابەستەیی دارایی** | "تەنها یەک سەرچاوەی دارایی مەترسییە" |
| 4 | **چارەسەری سیستەم** | **چاکسازی یاسایی** | "پێویستی بە یاسای دادپەروەرانەی ڕیکلام" |
| 4 | **سیستەمی ڕیکلام** | **پێوەری بازاڕی میدیا** | "دابەشکردنی بودجە بەپێی بینەر و کاریگەری" |
| 5 | **قەیرانی دارایی** | **لاوازی بەردەوامی میدیا** | "بێ پاڵپشت ناتوانین بەردەوام بین" |
| 5 | **سیستەم و حکومەت** | **نەبوونی ڕێکخستنی گشتی** | "یەک دەزگای نیشتمانی بۆ چارەسەر مەحاڵە" |

**شیکردنەوەی تەوەری چوارەم:**

لەم بەشەدا کۆمەڵێک لە گەورەترین ئاڵنگارییە ئاڵوزەکان دەخەینەڕوو کە دەزگاکانی میدیا لە هەرێمی کوردستان ڕووبەڕوویان دەبنەوە: یەکەم، نەبوونی سەروەری یاسا و نەبوونی دامەزراوەی نیشتمانیی سەربەخۆ کە بە دەستپاکییەوە کار بکەن و گەرەنتیی بەدیهێنانی سەربەخۆیی میدیا و پاراستنی مافی ڕۆژنامەنووسان دابین بکەن. بێگومان نەبوونی سەروەری یاسا بووەتە هۆکاریی ئەوەی کە حزبە دەسەڵاتدارەکان لەسەرو یاسا بن و میدیا سەربەخۆکان بکرێنە قوربانی.

دووەم، نەبوونی پشتگیرییەکی دارایی بەهێز بۆ میدیای ئازاد لە کوردستاندا لەوانەیە ببێتە هۆی ڕاگرتنی کاری هەندێک دەزگای میدیایی. لە هەمان کاتدا، قەیرانی دارایی و نەبوونی سەرچاوەی سەربەخۆی داهات، دەزگاکانی میدیا ناچار دەکات پشت بە پاڵپشتی سیاسی ببەستن، بەواتەیەکی تر ناچار دەبن لەسەر ناوەڕۆکدا سازش بکەن، کە ئەمەش بە ڕاستەوخۆ کاریگەریی نەرێنی لەسەر ئازادیی ڕۆژنامەوانیی دەبێت. لەم چوارچێوەیەدا، پێشنیاری دابینکردنی دادپەروەری لە دابەشکردنی ڕیکلام و هاوکاریی حکومی بێ مەرج، هەوڵێکە بۆ دروستکردنی ژینگەیەکی دادپەروەرانە بۆ کارکردنی میدیا. بەڵام، لە ڕاستیدا واقیعی پراکتیکی ئەوە دەردەخات کە گەیشتن بەم ئاستە لە سەربەخۆیی لە سایەی کەڵەکەبوونی فشارە ئابووری و سیاسییەکاندا کارێکی سەختە، چونکە میدیاکان بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بوونەتە بارمتەی بەخشەرە دارایی و سیاسییەکان. ئەم دۆخە جەخت لە پێویستیی دۆزینەوەی ستراتیژیی داهێنەرانە دەکاتەوە بۆ بەهێزکردنی بەردەوامیی ئابووریی میدیاکان و لە هەمان کاتدا پاراستنی سەربەخۆییان.

سێهەم، لەسەر باسی هێرشی ئەلکترۆنی و سیاسیکردنی ژینگەی دیجیتاڵیی، بەشداربووان بە شێوەیەکی ڕوون ئاماژە بە جۆرێک لە هێرشی ئەلکترۆنیی چڕ لەلایەن میدیای حزبییەوە بۆ سەر میدیای ئازاد دەکەن، بەتایبەتی لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا. ئەم هێرشانە خۆی دەبینێتەوە لە داخستنی پەیجەکانە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا، ئەمەش لە ڕووی ئەنجامەوە، لەناوبردنی ڕەنج و بەرهەمی چەندین ساڵی دەزگایەکی میدیاییە. ئەمە یەکێکە لە هەوڵی بەردەوامی حیزبە باڵادەستەکان بۆ کۆنترۆڵی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و سنووردارکردنی دەنگە جیاوازەکان. لێرەدا بەشداربووان جەخت لەسەر پێویستی یاسایەکی نوێی ڕۆژنامەوانی دەکەنەوە، کە بتوانێت پاراستنی میدیاکاران و دەزگاکان بخاتەئەستۆ .

لە کۆتایی ئەم تەوەرەدا بەشداربووان ئاماژەیان بە دیاردەی هەڕەشەکردن، گرتن و داخستنی میدیا بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ کرد کە ژینگەیەکی ترسناکی بۆ میدیاکاران دروست کردووە، ئەمەش دیسانەوە دژە بنەماکانی ئازادیی ڕاگەیاندنە.

**دەرئەنجامی توێژینەوەکە:**

_لە چوارچێوەی میدیای هەرێمی کوردستاندا، دەرکەوت کە فشاری ئابووریی بەهۆی لاوزی داراییی لە کوردستاندا زۆرە. واقیعی کاری میدیایی لە ئێستادا ئەوە دەردەخات کە فشارە ئابوورییەکان یەکێکن لە هۆکارە سەرەکییەکان کە ڕێگری دەکەن لە توانای دەزگا میدیاییەکان بۆ پەیڕەوکردنی سەربەخۆیی تەواو بنەماکانی ئازادی ڕۆژنامەوانیی.

_زۆری فشارەکان وەک پشتبەستنی ئابووری بە ریکلامکاران، سپۆنسەرەکان، یان بودجەی سیاسی، ئەگەری کەوتنە ژێر کاریگەریی سیاسی زیاد دەکات. میدیا لە هەرێمی کوردستاندا لەژێر کاریگەرییەکی زۆری فشاری سیستمی ئابووری و سیاسی ئاڵۆزدایە، خۆی دەبینێتەوە لە تێکەڵبوون و دەستێوەردانی حزب لە لایەکەوە، سیستمی سیاسی لەلایەکی ترەوە، وەک خاوەندارێتی و سپۆنسەرکردن، هاوپەیمانیی سیاسیی.

_فشاری خۆسانسۆرکردن لە هەرێمی کوردستاندا لە میدیادا بە هۆی فشاری سیاسییەوە هەیە و ئەمەش توانای دەزگاکانی میدیا بۆ سەربەخۆیی کەم دەکەن. کاتێک دەزگایەک پشت بە ریکلامکارێک یان بەخشەرێکی سیاسیی دەبەستێت، زۆرجار پەنا بۆ سانسۆری نەرم دەبەن، واتە کەمتر ڕووماڵی بابەتە هەستیارەکان دەکەن بۆ ئەوەی سەرچاوە داراییەکانیان لەدەست نەدەن. ئەمەش ژینگەیەک بەرهەم دەهێنێت کە تێیدا سەربەخۆیی کردەیی میدیا سنووردار دەکات، تەنانەت ئەگەر پاراستنی یاسایی فەرمیش بوونی هەبێت.

_ سیستمی داراییی میدیایی لە هەرێمدا بە شێوەیەکی گشتی بەسەر حزبە سیاسییەکاندا دابەش بووە. لە ئەنجامی ئەمەدا، پەیوەندییەکان لەگەڵ دامەزراوە حکومییەکان نەک لەسەر بنەمای پیشەیی، بەڵکو لەسەر بنەمای نزیکی حزبی و بەرژەوەندی کەسی دادەنرێن، کە ئەمەش دابەشبوونی زانیاری و لاوازی متمانەی گشتی دروست دەکات.

_ دەسەڵاتی حیزبی و سیاسیی بەشێوەیەکی نادیار ناوەڕۆکی میدیا ڕێکدەخەن. خاوەندارێتی دەزگا نەک تەنها کاریگەری لەسەر بەڕێوەبردنی کار هەیە، بەڵکو بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەست دەخاتە ناو دیاریکردنی "هێڵی سوور" ـەکان، واتە ئەو سنوورانەی کە ڕۆژنامەوان یان دەزگا ناتوانن تێیپەڕێنن.

_لە کۆتاییدا پێویستە بوترێت، کە قەیرانی داراییی وەک فاکتەرێکی بنەڕەتی، زنجیرەیەک لە کاریگەرییە پەیوەندیدارەکان دروست دەکەن وەک کەمبوونەوەی ناوەڕۆکی قووڵ و شیکاریی بنکۆڵکاریی و لاوازی توانای مرۆیی و سنوورداربوونی کارکردنی مەیدانی و تەکنیکی. ئەمەش بە واتای ئەوەیە کە قەیرانی داراییی تەنها بەشێک نییە لە کێشەکان، بەڵکو سیستەمێکی تەواو لە لاوازییەکان دروست دەکات کە هەموو بنەماکانی کاری میدیایی دەگرێتەوە و دەتوانێت لەماوەیەکی درێژخایەندا ببێتە هۆکاری لاوازبوونی ڕۆڵی میدیا لە کۆمەڵگادا بێت.

بە کورتی، ئەم سیستەمە جۆرێک لە پاشکۆیی یەکتر لە نێوان ئابووری و سەربەخۆیی نووسین دروست دەکات؛ فشارە ئابوورییەکان دەبنە ڕێگر لەبەردەم ئازادیی بڕیاردان لە ناو دەزگا میدیاییەکاندا.

**پێشنیاز بۆ توێژینەوەی داهاتوو**

ئەنجامدانی توێژینەوە لەسەر کاریگەریی ریکلام لەسەر ئەدای کار و سەربەخۆیی میدیا لەهەرێمی کوردستان.

ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستیی بۆ پێوانەکردنی سەربەخۆیی دەستەی نووسین دەزگاکان، ئەمەش زیاتر لە ڕێگەی شیکاریی ناوەڕۆک بۆ پێوەرەکانی شەفافییەتی دارایی، چونکە لە هەرێمی کوردستاندا هێشتا پێوەرە کردارییەکان بۆ سەربەخۆیی زۆر سنووردارن.

توێژینەوە لەسەر سەربەخۆیی میدیا و ئابووریی سیاسی ئەنجام بدرێت، چونکە هێشتا چەندین کەلێن ماون، بەتایبەتی سەبارەت بە هەرێمی کوردستان

توێژینەوەی بەراوردکاری ئەنجام بدرێت لەنێوان میدیای هەرێمی کوردستان لەگەڵ ناوچەکانی تری عێراق یان ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەمەبەستی تێگەیشتن لە سیستمی کاری میدیایی ناوچەکەدا.

## سەرچاوەکان

### سەرچاوە عەرەبییەکان


إبراهيم،علي حجازي،٢٠١٧،التكامل بين التقليدي والجديد، دار المعتز للنشروالتوزيع، الردن-عمان.
اسماعيل،علي سيد،٢٠٢٠،مواقع التواصل الاجتماعي بين التصرفات المرفوضة و الاخلاقيات المفروضة، دار التعليم الجامعي، الاسكندرية.
جقريف، رقية وآخرون (٢٠١٨) .*اقتصاديات الإعلام: التمويل والإدارة في المؤسسات الصحفية* .دار اليازوري، عمان.
الزلب،عبدالله علي،٢٠٢٢، مدطل الى الاعلام الجديد، بدون دار النشر
شبكة الصحفيين الدوليين (٢٠١٨). تمويل المؤسسات الإعلامية .
عباس، ع. (٢٠٢٤). النظام المالي للمؤسسات الإعلامية .
مركز الجزيرة للدراسات (٢٠١٧). الإعلام والتحول السياسي .
مركز الجزيرة للدراسات (٢٠٢٠) .*تحديات الاستقلال المالي في الإعلام العربي* .تقرير بحثي.


### سەرچاوە ئینگلیزییەکان


Al-Rawi, A. (2022). *Media and Politics in Iraq: Communication and Identity.* Routledge.
Benson, R. (2019). *Shaping news: Impacts of commercial pressures on journalism.* Routledge.
Hussein, H. H. S. (2018). *The role of news media in supporting democracy in Kurdistan Region* (PhD thesis, Nottingham Trent University).
Kettenia, E., & Maniou, T. (2025). Examining the relationship between economic growth and media in different economies: The role of press freedom, media corruption, and diversity
Lynch, M. (2021). *The New Arab Public Sphere.* Oxford University Press.
Nielsen, R. K., Fletcher, R., Newman, N., & G. (2019). *Reuters Digital News Report.* Reuters Institute for the Study of Journalism.
Pickard, V. (2020). *Democracy Without Journalism? Confronting the Misinformation Society.* Oxford University Press.
Richter, C., & Kozman, C. (2021). *Arab Media Systems.* Open Book Publishers.
Repoters Without Borders RSF (2024/2025).
Sakr, N. (2018). *Arab Media Systems.* Cambridge University Press.
Sakr, N. (2021). *Media in the Arab World: Economic and Political Constraints.* Routledge.

## پاشکۆی یەکەم: پرسیارەکانی چاوپێکەوتن

### بەشی یەکەم: مۆدێلی دارایی و پێکهاتە ئابوورییەکان

١ - ئایا خاوەنداری میدیا تا چەند ڕوون و ڕاستەقینەیە؟
٢- ئایا موچەی ڕۆژنامەنووسان چۆنە و چەندە ئایا بژێوی ژیانییان دابین دەکات، ئایا بەجۆرێکە کە یەکلابێت بۆ کاری ڕۆژنامەوانیی؟
٣- دابینکردنی دارایی لە دەزگاکانی میدیادا چۆنە؟ (بۆ نموونە: ڕیکلام، سپۆنسەری حیزبی، وەبەرهێنانی تایبەت، یان هاوکاری دەرەکی).
٤- بازاڕی ڕیکلام لە هەرێمی کوردستان چۆن دەبینیت؟ ئایا کۆمپانیا ڕیکلامکارەکان هیچ مەرجێکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ دەسەپێنن بەسەر دەزگاکەتدا بەتایبەت ناوەڕۆکی هەواڵەکاندا؟
٥- ئایا قەیرانی دارایی و سنووردارێی داهات چۆن کاریگەری کردۆتە سەر توانای دەزگاکەت بۆ ئەنجامدانی کارەکانی؟
بەشی دووەم: داینامیکی سیاسی و خاوەندارێتی(Political Dynamics) ، ئامانج لەم پرسیارە لێکۆڵینەوەیە لە پەیوەندی نێوان دەسەڵات و میدیا.
٦- خاوەندارێتی دەزگاکەت تا چەند کاریگەری هەیە لەسەر دیاریکردنی "هێڵی سوور" لە ڕووماڵکردنی بابەتەکاندا؟
٧- پەیوەندی نێوان دەزگاکەت و لایەنە حکومی یان حیزبییەکان چۆن وەسف دەکەیت؟ ئایا هەست بە فشار دەکەن؟
بەشی چوارەم: کارلێکی نێوان ئابووری و سیاسەت(Interaction - Media Capture)
٩- ئاشکرایە لە هەرێمی کوردستان "پارە و سیاسەت" زۆر تێکەڵ بوون، ئایا ئەمە چۆن لە کەرتی میدیادا ڕەنگی داوەتەوە؟ (بۆ نموونە: ئایا ڕیکلامەکان زیاتر دەچن بۆ ئەو میدیایانەی لایەنگری سیاسییان هەیە؟)
١٠- ئایا تا چەند فشاری دارایی (وەک بڕینی بودجە یان ڕیکلام) وەک ئامرازێک بۆ سزادانی سیاسیی میدیا بەکاردێت؟ ئەگەر نموونەتان لایە تکایە باسی بکەن.
بەشی پێنجەم: سەربەخۆیی دەستەی نووسین و خۆسانسۆرکردن(Editorial Autonomy)
١٢- کاتێک بابەتێک پەیوەندی بە بەرژەوەندیی دارایی سپۆنسەرەکان یان لایەنگرە سیاسییەکانەوە هەبێت، بڕیاری کۆتایی لەبارەی بڵاوکردنەوەی چۆن دەدرێت؟ (سوپاست دەکەم ئەگەر نمونەیەک بهێنیتەوە)
١٣- دیاردەی "خۆسانسۆرکردن (Self-censorship)" تا چەند لەناو ڕۆژنامەنووسانی هەرێمدا بڵاوە؟ ئایا ڕۆژنامەنووسان لە ترسی لەدەستدانی کار یان فشارە دەرەکییەکان ناوەڕۆکەکان دەگۆڕن؟
بەشی شەشەم: (Open-ended)
١٤- ئایا بابەتێکی گرنگ هەیە کە من ئاماژەم پێ نەکردبێت و پێت وابێت بۆ ئەم توێژینەوەیە پێویستە؟
١٥- بە بڕوای تۆ، گەورەترین تەحەدا کە ئەمڕۆ ڕووبەڕووی میدیای کوردی دەبێتەوە چییە؟
١٦- بە بڕوای تۆ، چی پێویستە بکرێت بۆ ئەوەی میدیای کوردی لە ڕووی داراییەوە سەربەخۆ بێت و کەمتر بکەوێتە ژێر کاریگەریی سیاسی؟
پاشکۆی دووەم: چاوپێکەوتنەکان
لێرەدا بەپێی تەوەرەکان چاوپێکەوتنەکان خراونەتەڕوو

### تەوەری یەکەم : دارایی و پێکهاتە ئابوورییەکان

_سەبارەت بە پرسیاری یەکەم کە پاڵپشتی دارایی، هەریەکە لە دەزگاکان پشتگیریی داراییان بەمجۆرە باسکرد بەشداربووی ژمارە (١) وتی "بەرێژەی سەرەکی ڕیکلام. دووەم، توێژینەوەکانمان، هەندێکجاریش هاوکاری دۆستەکانمان پەیوەندیم زۆرە لەگەڵ کۆمەڵێک کەسایەتی دەوڵەمەند هاوکارمان دەکەن و نایانەوێت ناویان بهێنرێت". بەشداربووی ژمارە (٣) وتی "ئێمە پشت بە ڕیکلام دەبەستێت وەک داهات بۆدەزگاکە." بەشداربووی ژمارە (٢) وتی "سەرچاوەی سەرەکیمان بۆ پاڵپشتی دارایی حیزب و ڕیکلامە، مەبەست لەحیزبی یەکێتی نیشتمانی کوردستان. ئەم دوانە وەکدوو سەرچاوەی سەرەکیی پشتیان پێدەبەستین." بەشداربووی ژمارە (٤) وتی"دەزگاکەمان وەک پاڵپشتی دارایی، پێش هەموو شتێک پشت بە بودجەی تەرخانکراوی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان و داهاتی ڕیکلام دەبەستێت". هەر لەم ڕووەوە بەشداربووی ژمارە (٦) سکرتێری لقی سلێمانی سەندیکای ڕۆژنامەنوسان وتی "کاتێک ئەو کەسانەی دەیانەوێت دەزگایەک دابمەزرێنن، کە دێن بۆ داواکردنی مۆڵەت، لێیان ئەپرسین کێ پاڵپشتی داراییان دەکات، بەڵام ئەوان لەوەڵامدا دەڵێن بەداهاتی خۆمان و داهاتی ڕیکلام بەڕێوەیدەبەین، ئێمە دەزانین کە دامەزراندنی دەزگایەک تێچوی زۆرە هەرلە کەلوپەل و خەرجی کارمەندان و ئیش وکارەکان پارەی دەوێت، وا خۆیان دەناسێنن بەڵام واقعی حاڵ شتێکیترە هەر لەڕێی هەفتەی یەکەمی کارکردنیان دەردەکەوێت سەربەچ لایەنێکن، ئێمە یاسای ڕیکلاممان هەیە ڕیکلام هی ئەوە نییە دەزگایەک خۆی پێ بەڕێوەببات، هەموویان بەخێو کەرێکیان هەیە من پێی دەڵێم ئەو خاوەندارێتییە ناشرینییەکانیان بۆ جوان دەکات و بۆ ئامانجێک ئەوکاردەکەن. خۆی سێ شت هەیە ئەوانیش دابەشکردنی کێبڵ و بازاڕی هەواڵ و کڕین و فرۆشتنی هەواڵ و ڕیکلام پارەی لێبێت، ئەم سێ شتە هەیە لەدونیادا، بەڵام ئەمانە نییە لای ئێمە، ئەو ڕیکلامانەی ئێرە ئەوە نییە دەزگایەکی پێبچێت بەڕێوە".

_لە وەڵامی پرسیاری دووەم کە بریتی بوو لە تەمویلکاری دارایی دەزگا، پرسیارمان کرد، ئایا ئەوان کاریگەریان لەسەر ئەدای کارکردن هەیە؟ بەرتوێژان وتیان " تائیستا هاوکاری هیچ لایەنێکمان وەرنەگرتوە چونکە بەدڵنیاییەوە کاریگەریان دەبێت لەسەر ئاستی ئیشکردنەکانمان" (بەشداربووی ژمارە ١). "بێگومان ئەو لایەنەی کە پاڵپشتی دارایی هەر دەزگایەکەی میدیایی دەکات کاریگەریی هەیە لەسەر پەیام و ناوەڕۆکی میدیاکە. وەک کاریگەری ناڕاستەوخۆ بەسەر دەزگاکە، بەتایبەتی سیاسەتی ئەو حزبە دەردەکەوێت لەبانگەشەی هەڵبژاردن و دۆخە سیاسییە لەناکاوەکان، جگە لەوە دۆخی ئاساییدا ئازادییەکی تارادەی تەواو سەربەخۆییمان هەیە لەکارکردندا و بایکۆتمان لەسەر نییە بۆ هیچ حزب و لایەن و کەسایەتییەکی دیاریکراو." (بەشداربووی ژمارە (٢)). "لایەنی تەمویلکار ئاڕاستە گشتییەکانی دەزگاکە دیاری دەکات بۆ ئەوەی لەگەڵ بەها و پرەنسیپە باڵاکانی یەکگرتووی ئیسلامی بگونجێت. ئەمەش وا دەکات کارکردنی میدیایی تەنها گواستنەوەی هەواڵ نەبێت، بەڵکو گەیاندنی پەیامێکی دیاریکراو بێت" (بەشداربووی ژمارە (٤)). "ئەم دەزگایە پێشتر کەسایەتی دیاری سیاسی دکتۆر بەرهەم پاڵپشتیکردووە کاریگەریشی هەبووە بەڵام لەئێستادا پەیوەندی بەووەوە نەماوە و سەربەخۆیە." (بەشداربووی ژمارە (٣))

_له پرسیارێکی تردا وتمان ئایا لایەنی ریکلامکار مەرجی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ دەسەپێنن بەسەردەزگاکەدا وەک ناوەرۆک و پەیام؟ بەرتوێژان وتیان: "وەک پاڵپشتی دارایی پشت بەریکلام و هاوکاری دۆست و برادەرو حزبێکی دەسەڵاتیش دەبەستین و هاوکاریمان دەکەن، مەرجیان لەسەرمان نییە بەڵام بتەوێت و نەتەوێت دەکەویتە ژێر ئیلتزاماتی ئەخلاقییەوە هەندێک شتیان لەدژ بڵاونەکەیتەوە، نموونەمان هەبووە کۆمپانیایەک ریکلامی پێ دەداین، هەندێک شتمان لەسەریان بڵاوکردەوە بەڵام دواتر ڕیکلامەکەیان بڕی دواتر کاتی ویست هەتا دووبارە ڕیکلامیان پێداینەوە." (بەشداربووی ژمارە (٥)).
"تائێستا فشارمان لەسەر نەبووە لەو لایانانەی کە ریکلاممان دەدەنێ." "ئێمە وەک دەزگا لەبەرئەوەی پشت بە ریکلام دەبەستین، کاریگەریان نییە لەسەر ئەدای کارکردن، چونکە ئێمە ریکلامی مەرجدار وەرناگرین، و هەتا ئێستاش ئەو لایەنانەی ڕیکلامیان پێداوین هیچ مەرجیان نەبووە، ئەگەر لەحاڵەتێکیشدا مەرجیان هەبێت ئەوا ڕیکلامەکە وەرناگرین، ئەگەر سەیری دەزگاکەش بکەیت دەبینیت کە وەزعی مادیمان زۆرباش نییە، بەڵام ئەوەی وایلێکردوین بەردەوام ببین بوونی مێژووی چەند ساڵەی ئەم دەزگایەیە و ئامانجمان ئەوەیە ببین بەبەشێک لە نەهێشتنی گەندەڵی." (بەشداربووی ژمارە (٣)). ئەگەر بابەتێک پەیوەندی هەبێت بە زیانگەیاندن بە لایەنی ڕیکلام بۆ کراو کەمتر بایەخی پیدەدەین و ناتوانین بەو لایەنە کاری لەسەر بکەین کە زیان بە ناو و ناوبانگ و پرۆژەکانی بگات نمونەی ئەمەش زۆر بە سانای دەبینرێت بۆ گروپی کۆمپانیاکانی قەیوان کە کەمترین دەزگای میدیایی هەیە بتوانێت کاریان لەسەر بکات بەشێوەی نەرینیی چونکە بە گشتی پاڵپشتی دارایی زۆرینەی میدیاکان دەکات وەک پیشتر باسم کرد کە ئامانجی سەرەکییان ئەوەیە هیچ میدیایەک کاریان لەسەر نەکات بەشێوەی نەرێنیی.
نەخێر لایەنی ریکلامکار مەرج ناسەپێنن چونکە ئێمە بەگرێبەست کاریان لەگەڵ دەکەین بەو جۆرەی دەمانەوێت و ریکلامەکان نارستەوخۆن و بەراستەوخۆ ریکلام بۆ کاڵا ناکرێت، جگە لەو کۆمپانیایانەی گرێبەستی درێژخایەنمان هەیە" (بەشداربووی ژمارە ٢). "مەرجی راستەوخۆیان نییە رێککەوتنەکان ساڵانەیە بەڵام جاری واهەیە ریژەی ریکلام کەم دەکەنەوە یان رێککەوتنەکە نویێ ناکەنەوە گەر هەواڵ و زانیاری نەرێنی لەسەریان بڵاوبکرێتەوە'. (بەشداربووی ژمارە ١).
_ هەر لە تەوەری دارایی و پێکهاتە ئابورییەکان، پرسیارمان لەسەر بژێویی و موچەی رۆژنامەنوسان وکارمەندانی دەزگاکان کرد. وەڵامەکانیان بەمجۆرە بوو . "بەڵێ کارمەندەکانمان موچەیان هەیەو پێی ڕازین، ڕۆژنامەنوسمان هەیە دەزگای دیکە سێ قات پارەیان دەداتێ بچنە ئەوێ بەڵام ناچن چونکە بەکامل قەناعەتەوە لێرە کاردەکەن و مورتاحن و هیچ سانسۆرێکیان لەسەرنییە" (بەشداربووی ژمارە (٣)). "کارمەندەکانی لای ئێمە سێ جۆرن، دەوامی تەواو واتە هەشت کاتژمێر، نیودەوام، کارکردن بەپارچە، خۆبەخش" ( بەشداربووی ژمارە (١)). "بەڵێ، سەرجەم ڕۆژنامەنووسان و کارمەندانمان مووچەی مانگانەی جێگیریان هەیە و دەزگا پابەندە بە دابینکردنی مافە داراییەکانیان. بەڵام سەبارەت بەوەی ئایا بژێوی ژیانیان بە تەواوی دابین دەکات ڕاستییەکەی وەک هەر فەرمانبەر و ڕۆژنامەنووسێکی تری هەرێمی کوردستان، بەهۆی بەرزیی تێچووی بژێوی و دۆخی ئابوورییەوە، لەوانەیە مووچەکە بە تەنها بەشی هەموو خەون و پێداویستییە سەرەکییەکانیان نەکات"(بەشداربووی ژمارە (٤) "سەرجەم کارمەندان بەشێوەی گرێبەست و موچەی دیاریکراو کاردەکەن بەجۆرێک پێویستیان بەکاریتر نەبێت" (بەشداربووی ژمارە ٢).

### تەوەی دووەم: کاریگەریی کەمی داهات

بۆ زیاتر قووڵبوونەوە لەسەر پرسەکان پرسیارمان ئاراستەی بەرتوێژان کرد کە چۆن و بەچ جۆرێک قەیرانی دارایی و سنوردارکردنی کاریگەری دەخاتە سەر توانای دەزگاکان؟ بەرتوێژان وتیان " قەیرانی دارایی توانای دەزگا لەچەند ڕویەکەوە سنوردار دەکات، توانای دابینکردنی موچە سنوردار دەکات، ئەمەش دەبێتە گرفت لەڕووی توانای مرۆییەوە، یان ناچارەبن بۆبژێوی ڕووبکەنە دەزگا بەتواناکان لەڕووی ماددییەوە، ئێستا رکابەری زۆرە بەهۆی زۆری کەناڵ و کەمی کەسی بەتوانا بۆیە ئەوانەی لێهاتوون دەبنە نێچیری ئەو دەزگایانە، لەڕووی مەیدانییەوە و دەرچون بۆ شوێنی ڕووداوەکە پێویستت بەستافە خەرجی هەیە ئەمەش دەبێتە کێشە لەکاتی قەیرانی دارایی، نەتوانینی دابینکردنی پێداویستی و کەلوپەل وەک ئاشکرایە کاری میدیایی پێویستی بە ئامرازوکەلوپەل هەیە لەکامێرا و موبایل و مایک و ستاند و یەکەی ئینتەرنێت و هتد" بەشداربووی ژمارە (٢). پاشان بەشداربووی ژمارە (١) لە پێگەی شارپرێس دەڵێت: "قەیرانی دارایی کاریگەری زۆری هەیە زۆرجار بەناچاری کارمەندانمان ئێزن دەدەین دەستدەگرینەوە لەوەی راپۆرت و ڤیدۆی شیکاری بکەین، خەرجی هاتوچۆ کەمدەکەینەوە، ناتوانین پاداشت بۆکاری باش خەرج بکەین". بەشداربووی ژمارە (٤) وتی: "بەڵێ، قەیرانی دارایی و سنووردارکردنی بودجە کاریگەریی قووڵ و ڕاستەوخۆی لەسەر ئەدای دەزگاکەمان هەیە. ئەم کاریگەرییە تەنها لە کەمبوونەوەی مووچەدا کورت نابێتەوە، بەڵکو لە چەند لایەنێکی ستراتیژیدا دەردەکەوێت :یەکەم: کاریگەری لەسەر کوالێتی ناوەڕۆک، چونکە ناتوانرێت بودجەی پێویست بۆ ڕاپۆرتە مەیدانییەکان و بەرنامە گەورەکان دابین بکرێت .دووەم: لە ڕووی تەکنیکییەوە، قەیرانەکە دەبێتە ڕێگر لە نوێکردنەوەی ئامێرەکان و بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای سەردەم کە میدیای ئەمڕۆ پێویستی پێیەتی .سێیەم: مەترسی لەدەستدانی کادیرە بە ئەزموونەکان، کە بەهۆی فشاری داراییەوە ناچار دەبن ڕوو لە شوێنی تر بکەن".

### تەوەری سێهەم: سیاسەت و خاوەندارێتی

_لەم تەوەرەدا پرسیاری ئەوەمان کرد تا چەند خاوەندارێتی دەزگا تاچەند کاریگەری هەیە لەسەر دیاریکردنی هێڵی سوور لەڕووماڵکردنی بابەتدا؟ بەشداربووی ژمارە (١) لە شارپرێس وتی: "من خۆم خاوەنی دەزگاکەم جێگریکم هەیە بەهەموو سەلاحێتەکانەوە نەك ئەو تەنانەت کارمەندەکانی تریش دەتوانن لەسەر بابەتە میدیاییەکان مناقەشە بکەن. بەڵام نازانم لەوشوێنانەی تر چۆنە.
_ پرسیارێکی تر بریتی بوو: کاتێک بابەتێک پەیوەندی بە بەرژەوەندی دارایی سپۆنسەرەکان و لایەنگرە سیاسیەکانەوە ببێت، چی دەکەن بڕیاری چی دەدەن دەیخەبەڕوو؟ ئەگەر نموونە هەیە باسی بکە. بەشداربووی ژمارە (١) لە شارپرێس وتی "زۆرجار ئیشی_ نەرمی لەسەردەکەین، هەندێکجاریش بەریەککەوتن دروست دەبێت. پرسیاری دوای ئەوەمان بریتی بوو لە دیاردەی خۆسانسۆرکردن، پرسیارمان کرد ئایا رۆژنامەنوسان لەترسی لەدەستدانی کار و فشارە دەرەکییەکان ناوەرۆک دەگۆڕن؟ وتی "خۆسانسۆرکردن هەیە بەس بەورادەیە ناکە بگاتە ئەوەی ناوەرۆك بگۆڕن، رەنگە هەندێك کارپێویست بکات ئیشی لەسەربکرێت، بەڵام ئیشەکە ناکرێت.

_له وەڵامی پرسیاری ئەوەی پەیوەندی نێوان دەزگا و حکومەت یان حزب چۆن وەسف دەکەیت، هەست بەفشار دەکەن؟ بەشداربووی ژمارە (١) لە شارپرێس وتی "زۆر پەیوەندیەکی رێکخراو نییە مەزاجی لایەنی بەرپرسانی حکومەت رۆڵی زۆر دەبینێت، حزبەکانیش بەهەمان شێوە بەتایبەتی ئەوکاتانە گرژی دروست دەبێت، کە نارەزایەتیەکان سەرهەڵدەدەن. پاشان سەربەست حوسێن- بەڕێوەبەری نووسین پۆلیتیک پرێس وتی "خاوەندارێتی یان لایەنی دارایی هەردووکیان کاریگەریان هەیە بەوەی هێڵەسورەکانی کارکردن دیاریدەکەن، خاوەنی دەزگا ئەوە دیاریدەکات کام بابەت گرنگی پێبدرێت یان پشتگوێ بخرێت. هەروەها لەبەر دابەشبوونی دەزگا میدیاییەکانی هەرێم بە شێوەیەکی گشتی بەسەر حزب و لایەنە سیاسییەکاندا، بەجۆرێک هەر میدیایەک حزب و لایەنێک لە پشتییەتی. بۆ نمونە، هەر میدیایەک سەر بە حزبی دەسەڵات بێت پەیوەندی لەگەڵ ئەو وەزارەتانە باشە کە حزبەکەی لەناو ئەو وەزارەتانە وەزیر و دەسەڵاتی هەیە و بەپێچەوانەوە بۆیە پەیوەندییەکان لەسەر بنەمایەکی پیشەیی نیە هێندەی حزبی و کەسییە". بەشداربووی ژمارە (٤) بەڕێوەبەری نوسین لە پێگەی کوردیو وتی "پەیوەندی نێوان دەزگاکەمان و حکومەت یان حزبە دەسەڵاتدارەکان، پەیوەندییەکی پڕ لە گرژی و ناهاوسەنگە. بەداخەوە، هێشتا لە هەرێمی کوردستان کەلتووری دیموکراسی نەگەیشتووەتە ئەو ئاستەی کە دەسەڵات سەیری میدیای ئۆپۆزسیۆن وەک 'چاودێر و چاکساز' بکات، بەڵکو وەک 'دوژمن و نەیار' مامەڵەمان لەگەڵ دەکەن .ئێمە بە ڕوونی هەست بە فشار دەکەین، کە ئەم فشارانە بە چەندین شێواز دەردەکەون :یەکەم: فشارە ئەمنییەکان و ڕێگریی بەردەوام لە پەیامنێرەکانمان لە کاتی ڕووماڵکردنی ڕووداوەکاندا .دووەم: فشارە یاساییەکان و هەوڵدان بۆ بێدەنگکردنی دەنگە جیاوازەکان لە ڕێگەی تۆمارکردنی داوای یاسایی نارەوا .سێیەم: جیاکاریی فەرمی، بە شێوەیەک کە دامودەزگاکانی حکومەت زانیارییەکانمان لێ دەشارنەوە و تەنها دەیدەن بە میدیاکانی خۆیان .ئەم مامەڵە توندەی دەسەڵات بەرامبەر بە ئێمە، سەلمێنەری ئەوەیە کە دەزگاکەمان توانیویەتی کاریگەر بێت و دەست بخاتە سەر برینەکان، بۆیە ئەوانیش بە چاوی 'نەیار' تەماشای هەر پەیامێکی ئێمە دەکەن". بەشداربووی ژمارە (٣) بەڕێوەبەری نووسین لە پێگەی خەندان وتی "بەڵێ بێگومان ئەگەر کەسێک یان حزبێک پاڵپشتیت بکات کاریگەری هەیە لەسەر ئەدای کارکردن و لەسەر ناوەڕۆکیش، بەرپرس هەبووە هاتووە پارەمان بداتێ بۆ ئەوەی ببینە میدیای سێبەری بەڵام ئێمە رازی نەبووین، چونکە دواتر دەبەسترێتەوە بە داواکارییەکانی و دەبێت لەبەرژەوەندی ئەو کاربکەین، کەئەمە دوورە لە ئامانجی خەندان. ئەوەی پێویستە بکرێت ئەوەیە حزب میدیای نەبێت چونکە نابێت حزب حکومەت بێت و میدیاشی هەبێت."

_ئایا ریکلام دەچن بۆ ئەو میدیایانەی کە لایەنگیری سیاسیان هەیە؟ بەشداربووی ژمارە (١) لە شارپرێس وتی بەڵێ. تاچەند ریکلام و بریی موچە وەک ئامراز بۆ سزادانی سیاسی میدیا بەکاردێت؟ زۆر . بەشداربووی ژمارە (٤) بەڕێوەبەری نوسین لە پێگەی کوردیو وتی "بەڵێ، ڕیکلام دەچێت بۆ ئەو میدیایانەی لایەنگیری سیاسییان هەیە، بەڵام ئەمە بەپێی چەند پێوەرێک دەبێت .یەکەم: کۆمپانیاکان زیاتر سەیری ئاستی بینەر و کاریگەریی دەزگاکە دەکەن؛ ئەگەر دەزگایەکی سیاسی جەماوەری زۆر بێت، ڕیکلامکاریش ڕووی تێ دەکات .دووەم: زۆرجار ڕیکلامکاران دەزگایەکی خاوەن ئاراستە هەڵدەبژێرن چونکە متمانەی بینەرانی بەو دەزگایە بەهێزە و پەیامە بازرگانییەکە زووتر دەگات .بەڵام لە هەمان کاتدا، لایەنگیری سیاسی دەبێتە هۆی ئەوەی هەندێک کۆمپانیا و سەرمایەدار لە ترسی فشارەکانی دەسەڵات یان پاراستنی بەرژەوەندییە سیاسییەکانیان، سڵ بکەنەوە لە پێدانی ڕیکلام بەو میدیایانەی کە سەر بە ئۆپۆزسیۆنن. کەواتە لایەنگیری سیاسی هەم دەبێتە هۆی ڕاکێشانی جۆرێکی تایبەت لە ڕیکلام و هەمیش دەبێتە ڕێگر لەبەردەم هەندێک گرێبەستی گەورەی بازرگانی. ژمارە (٢) "ڕیکلام دەچێت بۆ زۆرینەی میدیاکان لە ئێستادا کە ئەمەش بەم دوایە سیاسەتێکە بەشێک لە کۆمپانیا بازرگانییەکان پەیڕەوی دەکەن تا زۆرینەی میدیا بێدەنگ بکەن بۆ ئەوەی لە دژیان کارنەکەن بەڵام میدیا حزبییەکان زۆرتر ئەو ڕیکلامانە وەردەگرن کە لایەنی ڕیکلام بۆ کراو سەر بەو حزبەیە کە میدیاکە بەڕێوەدەبات. وەک دەزانن کۆمپانیا و بازرگانەکانیش زۆرینەیان سەر بە حزبن ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ.

**تەوەری چوارەم: ئاڵنگارییەکانی بەردەم دەزگاکان**

_لەم تەوەرەدا کە تایبەت بوو بە گەورەترین تەحەدا کە ڕووبەڕووتان دەزگاکانی راگەیاندن دەبێتەوە. ژمارە (٢) بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە وتی "گەورەترین ئاڵنگاریی بەلای ئێمەوە وەک وێب میدیا و میدیا ئەلکترۆنییەکان بریتییە لە هێرشی ئەلکترۆنیی بۆسەرمان لەلایەن میدیای حزبی رکابەر کە لە ساتی بانگەشەی هەڵبژاردن بەهۆی ئەوەی فەرمانگەی میدیا و زانیاریی و پەیوەندییەکانی دەرەوە و وەزارەتی گەیاندیان لایە بە ئاسانی پەڕە فەرمییەکانمان لە تۆڕەکانی کۆمەڵایەتی دەسوتێنن کە ئەمەش هەموو هەڵبژاردنێک دوبارە دەبێتەوە و ڕەنجی چەندین ساڵمان بە دوو خولەک دەسوتێنن بەڕای من هیچی فەرق نیە لەگەڵ کوشتنی ڕۆژنامەنووس و ئەمەش کوشتنی توانا و ڕەنجی میدیاکارانە هەروەها خراپبەکارهێنانی دەزگا حکومیەکانە بۆ بەرژەوەندی نارەوای حزب". هەروەها بەشداربووی ژمارە (٢) لەدرێژەی قسەکانیدا وتی "کارکردنی پیشەییانە پیویستی بە یاسایەکی نوێی کاری رۆژنامەوانییە لە هەرێمدا، هەروەها سەروەر بوونی یاساکە چونکە هەندێ جار یاسا تەنیا لەسەر هاوڵاتی ئاسایی جێبەجێ دەکرێت و حزبە دەسەڵاتدارەکان لەسەرو یاساوەن. هەروەها دورکەوتنەوە لە ململانێی نایاسایی و نائاسایی وشە بە وشە وەڵام بدرێتەوە، نەک وشە بە دروستکردنی مەترسیی بۆ سەر میدیا و دەزگا و میدیاکار بێت، وەک داخستنی میدیا و گرتن و هەڕەشەکردن لە میدیاکار. هەروەها بۆ ئەوەی میدیاکار سەربەخۆ بێت و میدیا سەربەخۆ بێت لە ڕووی داراییەوە دەبێت کاری میدیایی بکرێتە پیشەسازی میدیایی و میدیا خۆی بتوانێت بەرهەمەکانی بفرۆشێت و لەپاڵ کارە میدیاییەکە کۆمپانیای دابیکاری هەبێت کە پالپشتی پرۆژە میدیاییەکەی بکات".بەشداربووی ژمارە (٦) سکرتێری لقی سلێمانی سەندیکای رۆژنامەنوسان لەلای خۆیەوە وتی "وەک چارەسەر چیبکرێت بۆ یارمەتیدانی دەزگا میدیاییەکان کاک کاروان وتی: یاسای ریکلام پێویستە هەموار بکرێتەوەو رێژەیەک لەداهاتەکەی لێی بدرێت بە دەزگاکان بێ جیاوازی، حکومەتیش یارمەتی دەزگاکان بدات، کاتی خۆی هەبوو بەڵام نەما، عێراق ریکلامی زۆرە و داهاتیشی- زۆرە هەر دەزگایەک مۆڵەت لەعێراق وەربگرێت ئەوسودەی لێوەردەگرێت لەوداهاتە بەڵام ئەوان داوای بیمەی کۆمەڵایەتی وبیمەی تەندروستی دەکەن و باج زیاتریشە بۆیە ناچن لەوێ خۆیان تۆماربکەن، ئێمە مەبەستم کوردستانە هەیکەلی میدیامان تۆکمە نیە، دەبێت کاری میدیاش بکرێت بەپیشە و موچەی باشی هەبێت ئەمەش لە توانای هەموو دەزگایەکدا نییە، بەڵام کە پێی نەژی پەنا دەباتە بەر دوو سێ کارو دەچێت بۆ دەزگایەکی داهات زۆر، بۆیە ئەمانە وا لەدەزگا دەکات بچێتە ژێر باری لایەنێک کە پشتی بگرێت، بەدەیان نمونەمان هەیە کێشەی داراییان هەیە، لەئێستادا هەیانە بەهۆی قەیرانەوە لەداخستندان یەن بۆلامان داوادەکەن داوادەکەن رێگەچارەیان بۆ بدۆزینەوە، بەهۆی قەیرانەوە، میدیا بەگشتی پەنای بردۆتەبەر من پێی دەڵێم فێڵی میدیا جوانکردنی هەواڵ بۆ ڕاکێشانی خەڵک، و گرنگیدان بە هەندێک بابەتی پڕوپوچ، وەکو قولاپ وان دەیانەوێت بینەر بگرن".

بەشداربووی ژمارە (١) لە شارپرێس وتی "نەبوونی سەروەری یاسا، ئەزمەی دارایی، نەبوونی بانکی زانیاریی" هەروەها سەبرات بەوەی چی پێویستەبکرێت بۆ ئەوەی میدیا لەرووی داراییەوە سەربەخۆبێت و کەمتر بکەوێتە ژێر کاریگەری سیاسییەوە، وتی "بۆ ئەوەی پیشەییانە کار بکرێت، گرنگە وەك هەروڵاتێکی تر دادپەروەری هەبێت لەدابەشکردنی ریکلام، هاوکاری بێ مەرجی حکومەت هەبێت، قەیدو بەند بۆ ئەو کۆمپانیایانە دروست نەکەن کە دەیانەوێت پشتیوانی میدیای ئازادبکەن".

بەشداربووی ژمارە (٤) بەرێوەبەری نوسین لە پێگەی کوردیو وتی "گەورەترین مەترسی بۆ سەر میدیا ئەوەیە تەنها یەک سەرچاوەی تەمویلی هەبێت (بۆ نموونە تەنها حزب). پێویستمان بە دارشتنی یاسایەکی دادپەروەرانە بۆ ریکلامی حکومی :پێویستە لە رێگەی پەرلەمانەوە یاسایەک هەبێت کە ریکلام و بودجە گشتییەکان بە یەکسانی و بەپێی "ئاستی بینەر و کاریگەری" بەسەر هەموو میدیاکاندا دابەش بکات، نەک بەپێی نزیکییان لە دەسەڵات. ئەمە وا دەکات میدیای ئۆپۆزسیۆن و ئەهلیش پشکی خۆیان لە داهاتی گشتی هەبێت و ناچار نەبن بۆ پارە مل بۆ لایەنەکان کەچ بکەن".

بەشداربووی ژمارە (٥) بەرێوەبەری نوسین هاووڵاتی لەم بارەیە وتی "گەورەترین تەحەدا ئەوەیە کە ئەگەر کەس پاڵپشتت نەکات ناتوانیت بەردەوام بیت. چارەسەری نییە دەبێت یاسایەک هەبێت لەپەرلەمانەوە یەک دەزگای نیشتمانی هەبێت بێلایەنانە کاربکات کە ئەوەش مەحاڵە."

# Navigating the Digital Shift: Strategic Approaches to Media Reform among Newsroom Managers in Sulaimani City

**Dr. Hawre Mahmood Rasool**
Assistant Professor
University of Sulaymaniyah
College of Humanities
Department of Media,
Kurdistan Region of Iraq, Sulaimani
hawre.rasool@univsul.edu.iq

**Dr. Karwan Abdullah Mohammad**
Assistant Professor
University of Sulaymaniyah
College of Humanities
Department of Media,
Kurdistan Region of Iraq, Sulaimani
Karwan.muhammad@univsul.edu.iq

## Abstract

Digital media institutions are in critical need of administrative and media reform through the adoption of modern management strategies to remain competitive amid the rapid advancements in information technology. This study aims to clarify the impact of modern management strategies on the structural and content-related reform of digital media institutions in Sulaymaniyah City, from the perspective of media management. The study focuses on two main axes: first, Digital Media Structure, which examines how new management strategies influence the reform of organizational hierarchies, the division of labor, and the transformation of the working environment within digital media organizations. Second, Digital Media Content, which explores the impact of modern management styles on the quality of media products, information accuracy, and the alignment of content with the needs of the digital audience. The research population consists of all digital media institutions in the city of Sulaymaniyah. The study sample is a purposive sample comprising (50) senior and middle-level managers in the fields of management and media from the following digital media institutions: (RWN Media, Diplomatic, Politic Press, Mojo, Sharpress, Xendan, SNN). The study adopts a descriptive methodology and a survey approach, with the primary data collection tool being a questionnaire. The study, based on the perspectives of the research sample, reached the following findings: the adoption of the modern strategy of “participatory management” has reduced routine practices within digital media institutions and has led to clearer task allocation. The improvement process has had a direct positive impact on enhancing the quality and diversity of digital media content. It was also found that the formation of temporary and specialized teams, according to the agreement of most participants, was one of the most successful steps in structural improvement. At the same time, the high cost of technology and the shortage of specialized staff in the field of new media represent the two major obstacles to the improvement process. Furthermore, the most significant weakness of digital media institutions is the lack of continuous training programs that align with rapid changes and the requirements of the improvement process.

## Keywords:

Media Management, Modern Management Strategies, Improvement, Digital Media Institutions

# گەڕان بەنێو گۆڕانی دیجیتاڵییدا: ڕێبازە ستراتیژییەکان بۆ ریفۆرمی میدیایی لەنێوان بەڕێوەبەرانی ژووری هەواڵ لە شاری سلێمانی

**د. هاوڕێ مەحموود ڕەسول**
پرۆفیسۆری یاریدەدەر
زانکۆی سلێمانی ، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان
بەشی ڕاگەیاندن
هەرێمی کوردستانی عێراق، سلێمانی
hawre.rasool@univsul.edu.iq

**د. کاروان عەبدوڵا محەمەد**
پرۆفیسۆری یاریدەدەر
زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان
بەشی ڕاگەیاندن
هەرێمی کوردستانی عێراق، سلێمانی
Karwan.muhammad@univsul.edu.iq

## پوختە

دامەزراوە میدیاییە دیجیتاڵیەکان پێویستییان بەچاکسازی ستراتیژی کارگێڕی و میدیایی هەیە لەمیانەی گرتنەبەری ستراتیژە نوێیەکانی بەڕێوەبردندا، ئەم چاکسازیەش لەپێناو ئەوەی، کە بتوانن لە سایەی گۆڕانکارییە خێراکانی تەکنۆلۆژیای زانیاریدا بەکارایی زیاترەوە لە کێبڕکێی میدیاییدا بمێننەوە ، لەو ڕوانگەوە ئەم توێژینەوەیە ئامانجیەتی، کە لەڕوانگەی بەڕیوەبەرایەتی میدیاییەوە کاریگەری ستراتیژییەکانی بەڕێوەبردنی نوێ لەچاکسازی پێکهاتەو ناوەڕۆکی پەیامی میدیایی دامەزراوەکانی میدیای دیجیتاڵی لەشاری سلێمانیدا ، ڕوونبکاتەوە. توێژینەوەکە جەخت لەسەر دوو تەوەرەی سەرەکی دەکاتەوە، کە بریتیین لە( پێکهاتەی دیجیتاڵمیدیا)، کە لەوە دەکۆڵێتەوە کە چۆن ستراتیژییەکانی بەڕێوەبردنی نوێ کاردەکەنە سەر چاکسازی هەرەمی کارو دەسەڵات و دابەشکردنی ئەرکەکان و گۆڕینی ژینگەی کارکردن لە ناو دامەزراوە میدیاییە دیجیتاڵیەکەدا، هەروەها لایەنی دووەم جەخت لە (ناوەڕۆکی دیجیتاڵمیدیا)؛ دەکاتەوە، ئەمەش خستنەڕووی کاریگەریی شێوازە نوێیەکانی بەڕێوەبردن لەسەر هەریەکە لە جۆری بەرهەمە میدیاییەکان، کوالێتی زانیاری، چۆنیەتی گونجاندنی ناوەڕۆک لەگەڵ خواستی وەرگری دیجیتاڵیدا، دەخاتەڕوو. کۆمەڵگەی توێژینەوەکە خۆی دەبینێتەوە لە سەرجەم دامەزراوە دیجیتاڵییەکانی شاری سلێمانی، سامپڵی توێژینەوەکەش سامپڵێکی هەرەمەکی مەبەستدارە، کە (٥٠) لە بەڕێوەبەرانی باڵاو ناوەندیی لە بواری کارگێڕی ومیدیایی هەریەک لە دامەزراوە میدیاییە دیجیتاڵییەکانی: ( ڕوون میدیا، دبلۆماتیک، پۆلۆتیک پرێس، مۆجۆ، شارپریس، خەندان، SNN) لەخۆدەگرێت. توێژینەوەکە پشتی بە میتۆدی وەسفی و ڕێبازی ڕاپێوی بەستووە، ئامرازی سەرەکی کۆکردنەوەی زانیاری فۆڕمی ڕاپرسی (Questionnaire) یە، توێژینەوەکە لە ڕێگەی دیدگای سامپڵی توێژینەوەکەوە گەیشتووە بەم دەرئەنجامانە: بەهۆی پەیڕەوکردنی ستراتیژیی نوێی «بەڕێوەبردنی بەشدارییپێکردن»ەوە، لە دامەزراوە میدیاییە دیجیتاڵییەکاندا ڕۆتین کەمتربووەتەوە وئەرکەکان ووردتر دیار یکراون، پرۆسەی چاکسازی کاریگەرییەکی ئەرێنیی ڕاستەوخۆی هەبووە لەسەر بەرزکردنەوەی کوالێتی وهەمەجۆریی ناوەڕۆکی میدیای دیجیتاڵی، هەروەها دەرکەوتووە کە دروستکردنی « تیمە کاتی و پسپۆڕەکان» بە گوێرەی ڕەزامەندیی زۆری بەشداربووان یەکێک بووە لە سەرکەوتووترین هەنگاوەکانی چاکسازی پێکهاتەیی ،هاوکات تێچووی بەرزی تەکنەلۆژیاو کەمیی کادری پسپۆڕ لە بواری میدیای نوێدا، دوو گەورەترین ئاستەنگی بەردەم پرۆسەی چاکسازین، هەروەها گەورەترین خاڵی لاوازی دامەزراوە میدیاییە دیجیتاڵیەکانیش«نەبوونی خولی ڕاهێنانی بەردەوام»ە، کە بگونجێت لەگەڵ گۆڕانکارییە خێراکان و پێداویستیەکانی پرۆسەی چاکسازیدا.

**کلیلەوشەکان:**
بەڕێوەبەرایەتی میدیایی، ستراتیژەکانی بەڕێوەبردنی نوێ، چاکسازی، دامەزراوە میدیاییە دیجیتاڵیەکان

## پێشەکی

ئاشکرایە لە ئێستادا دامەزراوە میدیاییە دیجیتاڵییەکان لە گەشەکردنی بەردەوامدان لە بواری چەندایەتییەوە؛ هاوکات لە ڕوانگەی هەژموونیشەوە جیهان لە سەردەمێکدا دەژیت کە میدیای دیجیتاڵی تیایدا لە ئاڕاستەکردنی تەواوی جومگەکانی ژیانی کۆمەڵگەدا کاریگەر وخاوەن هەژموونێکی دیارە و بووەتە سەرچاوەی هۆشیاری و ڕۆشنبیریی گشتی. شارەزایانی بواری میدیا ئاماژە بەوە دەکەن، کە لەگەڵ زۆربوونی ژمارەیی دامەزراوە میدیاییە دیجیتاڵییەکان و ونبوونی ناسنامەی میدیایی بەشێک لەو دامەزراوانە، پرسی چاکسازیی میدیایی لەم دامەزراوە میدیاییانەدا لەسەر ئاستی پێکهاتەی کارگێڕی، پەیامسازی و ناوەڕۆکی بەرهەمی میدیایی، پێداویستییەکی گرنگی ئەم قۆناغەی میدیایە لە جیهان، ناوچەکە و هەرێمی کوردستانیشدا.

ستراتیژییەکانی بەڕێوەبردنی نوێ کۆمەڵێ هەنگاوی پراکتیکین، کە دەکرێت یارمەتیدەری گرنگ بن لە پرۆسەی ڕیفۆرمی میدیایی و لەسەر هەردوو ئاستی پێکهاتە و ناوەڕۆک زانستییانە بەگەڕ بخرێن و ڕۆڵێکی ئەرێنی دەگێڕن لە نوێبوونەوەی دامەزراوەی میدیایی و بەرزکردنەوەی ئاستی چاکسازی لە دامەزراوە میدیاییەکەدا. ئامانجیش لە پرۆسەی چاکسازیی میدیایی لەلایەک لە پێناو سوودگەیاندنی زیاترە بە بینەری دیجیتاڵی و پێشکەشکردنی پەیامێکە پێی، کە باشتر بتوانێت وەڵامی پرسەکانی بداتەوە، بەتایبەت کە بینەری دیجیتاڵی بینەرێکی هۆشیار و جووڵاوە؛ هاوکات لە لایەکی تریشەوە لە پێناو ریفۆڕمی کارگێڕی و شۆڕکردنەوەی دەسەڵاتەکان و بەرزکردنەوەی ئاستی دڵسۆزیی ڕۆژنامەنووسان و زیاتر پەیوەستکردنیان بە دامەزراوە میدیاییەکەوە، ئاڕاستە دەکرێت.

لەو ڕوانگەیەوە ئەم توێژینەوەیە مەیدانیە سۆراغی کاریگەری جێبەجێکردنی ستراتیژییەکانی بەڕێوەبردنی نوێ دەکات لە دامەزراوە میدیاییەکان و ڕۆڵیان لە چاکسازیی میدیایی ئەم دامەزراوانەدا ڕوون دەکاتەوە. توێژینەوەکە لەو دیدەوە سەرچاوەی گرتووە کە بەڕێوەبەرانی باڵا و ناوەندیی میدیایی نزیکترین کاراکتەرن کە ڕۆڵی ئەم ستراتیژییانەی بەڕێوەبردنی نوێ لەسەر پرسی چاکسازیی میدیایی لەسەر ئاستی پێکهاتە و پەیام، ڕوون بکەنەوە. توێژینەوەکە دوای خستنەڕووی لایەنی میتۆدی و پێناسەی چەمک و زاراوەکان، بەشێکی بۆ لایەنی تیۆری تەرخان کردووە کە تایبەتە بە (میدیای دیجیتاڵی و ستراتیژەکانی بەڕێوەبردنی نوێ) و لەژێر ئەو ناونیشانەدا هەر یەکە لە باسەکانی ( میدیای دیجیتاڵی و ڕێکارەکانی چاکسازی) و(ستراتیژەکانی بەڕێوەبردنی نوێی میدیای دیجیتاڵی) توێژینەوەیان لەبارەوە کراوە؛ دواتر شیکاریی لایەنی مەیدانی کراوە و گرنگترین ئەنجامە بەدەستهاتووەکانیش خراونەتەڕوو. لە کۆتایی توێژینەوەکەدا ئاماژە بە هەر یەک لە پێشنیاز و ڕاسپاردەکان، لیستی سەرچاوەکان و پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی ئینگلیزی کراوە.

## بەشی یەکەم: لایەنی میتۆدی توێژینەوە

### ١ . کێشەی توێژینەوە:
لە بنەڕەتدا کێشەی هەر توێژینەوەیەک لە بوونی نادیاری و ناڕۆشنیی ئەو بابەتەوە سەرچاوە دەگرێت کە توێژینەوەی لەبارەوە دەکرێت؛ هەر ئەوەشە پاڵ بە توێژەرەوە دەنێت کە هەوڵ بدات ئەو ناڕۆشنی و نادیارییە لە میانەی توێژینەوەیەکی زانستیدا ڕۆشن بکاتەوە.
لەو ڕوانگەیەوە کێشەی ئەم توێژینەوەیە خۆی لەوەدا دەبینێتەوە، کە وەک دەبینرێت دامەزراوە میدیاییە دیجیتاڵییەکان لە ڕووی چەندایەتییەوە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە زیادبووندان، لە بەرانبەریشدا ئەگەر چاکسازی بەردەوام لەم دامەزراوە میدیاییانەدا نەکرێت جۆرێک لە پاشاگەردانی و پەخشی ناسیستماتیک دروست دەبێت و وەرگری دیجیتاڵی دەکەوێتە ناو پاشاگەردانییەکی میدیاییەوە.
لەم ڕەوشە ناڕێکخراوەدا پرسی چاکسازیی میدیایی بە بەکارهێنانی ستراتیژییەکانی شێوازی نوێی بەڕێوەبردن دەبێتە پێداویستییەکی هەنوکەیی ئەم قۆناغەی میدیای دیجیتاڵی لە هەرێمی کوردستاندا.
لەو گۆشەنیگایەوە دیدی بەڕێوەبەرانی باڵا و ناوەندیی میدیایی سەبارەت بە کاریگەری ستراتیژییەکانی شێوازی نوێی بەڕێوەبردن لە چاکسازیی دامەزراوە میدیاییە دیجیتاڵییەکاندا لەمیانەی توێژینەوەیەکی زانستیدا، ناڕۆشنەو توێژەران هەوڵێکی زانستی لەو جۆرەیان نەبینیوە ؛ لەو سونگەیەوە کێشەی توێژینەوەکە لە میانەی وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە بنەڕەتیەی خوارەوەدا بەرجەستە دەبێت:
ئایا تێڕوانینی بەڕێوەبەرایەتی میدیایی لەسەر کاریگەری ستراتیژییەکانی بەڕێوەبردنی نوێ لە چاکسازی دامەزراوە میدیاییە دیجیتاڵیەکان لە شاری سلێمانیدا، چۆنە؟

### ٢ . گرنگیی توێژینەوە:
دەکرێت گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەم بوارانەی خوارەوەدا بەرجەستە ببێت:
- گرنگیی زانستی :لەو ڕوانگەیەوە کە کەمترین توێژینەوە لەم بوارەدا ئەنجام دراوە و توێژینەوەکە دەتوانێت ببێتە سەرچاوەیەکی زانستیی بەهادار بۆ خوێندکاران و توێژەرانی بواری زانستی میدیا و کەلێنێکی گرنگ لە کتێبخانەی کوردیدا پڕ بکاتەوە.
- گرنگیی پراکتیکی :لە ڕووی گرنگیەوە ئەم توێژینەوە زانستییە وەک نەخشەڕێگەیەک دەبێت بۆخاوەن بڕیارەکان و بەڕێوەبەرانی باڵاو ناوەندیی لە کەرتی میدیای دیجیتاڵیدا، تا بتوانن لە ڕێگەی گونجاندنی ستراتیژییەکانیان لەگەڵ ژینگەی دیجیتاڵی، هاوسەنگییەک لە نێوان کارایی کارگێڕی و کوالێتی میدیاییدا دروست بکەن

دەکرێت لە ڕێگەی ئەنجامە بەدەستهاتووەکان و ڕاسپاردەکانیەوە، توێژینەوەکە بکرێتە هاوکار و سەرچاوەیەکی زانستی بۆ بەخۆداچوونەوەی میدیایی بۆ دامەزراوە میدیاییە دیجیتاڵییەکان و لە دارشتنەوەی پلانی نوێی بەرنامەکانیان؛ بەتایبەت پێداچوونەوە بکرێت سەبارەت بە کاریگەری ستراتیژییەکانی بەڕێوەبردنی نوێ لەسەر چاکسازیی پێکهاتە و ناوەڕۆکی میدیای دیجیتاڵی لە سەردەمی هەژموونی تەکنەلۆژیای زانیاریدا.

### ٣ .ئامانجەکانی توێژینەوە: توێژینەوەکە هەوڵی هێنانەدی ئەم ئامانجانەی خوارەوە دەدات:
یەکەم- خستنەڕووی ستراتیژیی نوێی بەڕێوەبردنی دامەزراوە میدیاییە دیجیتاڵییەکانی پارێزگای سلێمانی.
دووەم- خستنەڕووی ئاستەنگەکانی بەردەم ستراتیژییەکانی بەڕێوەبردنی نوێ لە چاکسازی دامەزراوە میدیاییە دیجیتاڵیەکان لە شاری سلێمانیدا.
سێیەم- دیاریکردنی ڕادەی بەرزکردنەوەی کوالێتیی "ناوەڕۆکی میدیایی" لە ژینگەی دامەزراوە میدیاییە دیجیتاڵییەکانی شاری سلێمانی لە ڕێگەی پیادەکردنی ستراتیژییەکانی بەڕێوەبردنی نوێ لەو دامەزراوانەدا.
چوارەم- خستنەڕووی ڕادەی چاکسازی پێکهاتەیی دامەزراوە میدیاییە دیجیتاڵیەکانی شاری سلێمانی لە ڕێگەی پیادەکردنی ستراتیژییەکانی بەڕێوەبردنی نوێ لە لەو دامەزراوانەدا.
پێنجەم- خستنەڕووی نەخشەڕێگەی گۆڕینی ئاراستەی کارگێڕی دامەزراوە میدیاییە دیجیتاڵیەکانی شاری سلێمانی، بە شێوەیەک کە خزمەت بە خێراکردنی پرۆسەی چاکسازی و گەیاندنی زانیاریی دروست بە وەرگر بکات.

### ٤.پرسیارەکانی توێژینەوە : توێژینەوەکە هەوڵ دەدات وەڵامی ئەم ئامانجانەی خوارەوە بداتەوە:
یەکەم- ئایا تا چەند ستراتیژیی نوێی بەڕێوەبردن لە بەڕێوەبردنی دامەزراوە میدیاییە دیجیتاڵییەکانی شاری سلێمانیدا پیادە دەکرێن؟
دووەم- ئایا ئاستەنگەکانی بەردەم کاریگەربوونی ستراتیژییەکانی بەڕێوەبردنی نوێ لە چاکسازی دامەزراوە میدیاییە دیجیتاڵیەکان لە شاری سلێمانیدا ، لەچیدا خۆ دەبیننەوە؟
سێیەم- ئایا ڕادەی بەرزکردنەوەی کوالێتی "ناوەڕۆکی میدیایی" لە ژینگەی دامەزراوە میدیاییە دیجیتاڵیەکاندا لە ریگەی پیادەکردنی ستراتیژییەکانی بەڕێوەبردنی نوێ لە دامەزراوە میدیاییە دیجیتاڵیەکانی شاری سلیمانیدا لە چ ئاستێکدایە؟
چوارەم- ئایا ڕادەی چاکسازیی پێکهاتەیی دامەزراوە میدیاییە دیجیتاڵییەکانی شاری سلێمانی لە ڕێگەی پیادەکردنی ستراتیژییەکانی بەڕێوەبردنی نوێ لە چ ئاستێکدایە؟
پێنجەم- ئایا نەخشەڕێگەی گۆڕینی ئاراستەی کارگێڕیی دامەزراوە میدیاییە دیجیتاڵییەکانی شاری سلێمانی، بە شێوەیەک کە خزمەت بە خێراکردنی پرۆسەی چاکسازی بکات، لە چیدا خۆی دەبینێتەوە؟

### ٥ .میتۆدی توێژینەوە:
توێژەران لە ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیەدا لە ڕووی میتۆدییەوە پشتیان بە میتۆدی (وەسفی - پەسنی) بەستووە؛ هاوکات لە میتۆدی پەسنیدا کە میتۆدێکی تایبەتە لە بواری توێژینەوەی زانستی تایبەت بە دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن، ڕێبازی ڕووپێوی (مەسحی) وەرگیراو و پەیڕەو کراوە.

### ٦ .ئامراز و شێوازی کۆکردنەوەی زانیاری توێژینەوە:

ئامرازو شێوازی کۆکردنەوەی زانیاریی توێژینەوەکە خۆی دەبینێتەوە لە (فۆرمی ڕاپرسی) کە بۆ دەستخستنی ڕای بەڕێوەبەرایەتی وسامپڵی توێژینەوەکە بەکارهێنراوە.

### ٧ . کۆمەڵگە وسامپڵی توێژینەوە:

کۆمەڵگەی توێژینەوەکە سەرجەم بەڕێوەبەرانی باڵا و ناوەندیی دامەزراوە میدیاییە دیجیتاڵییەکانی پارێزگای سلێمانی دەگرێتەوە، سامپڵی توێژینەوەکەش بریتییە لە (٥٠) لە بەڕێوەبەرانی باڵا و ناوەندیی هەر یەکە لە دامەزراوە میدیاییە دیجیتاڵییەکانی (ڕوون میدیا، دبلۆماتیک، پۆلۆتیک پرێس، مۆجۆ، شارپریس، خەندان، SNN) کە نووسینگەی سەرەکییان لە شاری سلێمانیدا هەیە و لە جۆری (سامپڵی هەرەمەکیی ڕێکخراو)ە.

### ٨ .سنووری توێژینەوە:

- سنوری توێژینەوەکە ئەم بوارانەی خوارەوە لەخۆدەگرێت:
- بواری مرۆیی : لە بەڕێوەبەرانی باڵاو ناوەندی لە بەڕێوەبەرایەتی دامەزراوە میدیاییە دیجیتاڵییەکانی پارێزگای سلێمانی خۆی دەبینێتەوە.
- بواری شوێنی : پارێزگای سلێمانی دەگرێتەوە.
- بواری کاتی : ماوەی ئەنجامدانی لایەنی مەیدانیی توێژینەوەکە دەگرێتەوە کە لە (٢٠٢٦/٣/١) تاکوو (٢٠٢٦/٤/٥) ئەنجام دراوە.

### ٩ .ڕاستیی ڕواڵەتی:

ڕاستی ڕواڵەتی بە هەنگاوێکی گرنگی توێژینەوەی زانستی دادەنرێت؛ ئەمەش بۆ زانینی ئاستی زانستیی ئەو (فۆرمی ڕاپرسی)یە یە کە توێژەران ئامادەیان کردووە، مەبەست لەمە هەڵسەنگاندن و دەرخستنی ئاستی دروستی و نادروستیی برگەکانی فۆرمەکە و گۆڕینی برگە و پرسیارە لاوازەکانە بە برگە و پرسیاری بەهێزتر و زانستیتر.

بۆ ئەم مەبەستە، توێژەران فۆرمەکەیان خستە بەردەست ژمارەیەک لە پسپۆڕان و شارەزایانی ڕاگەیاندن[٧٩]؛ دوای وەرگرتنی تێبینییە زانستییەکانیان، گۆڕانکاری لە هەندێک برگەدا کرا و چەند پرسیارێکی پێویستیش بۆ فۆرمەکە زیاد کران، لەدەئەنجامی گۆڕانکارییەکانەوە ڕێژەی ڕاستیی فۆرمەکە بە ٨٨.٩% دیاری کرا:

لەم گۆرانکاریەدا لەکۆی) ١٤ ( بەند و) ٥٤ (برگە)، ٤٨ ( برگەی گونجاو لەسەر فۆرمەکە جێگیر کرا و بەپێی ئەم یاسایەی خوارەوە ڕێژەی ڕاستی فۆرمەکە بە( ٨٨.٩% ) دیاریکرا ، کە ئەم ڕێژەیەش لە ڕووی زانستیەوە بۆ ڕاستی ڕواڵەتی فۆرمی ڕاپرسی بەرێژەیەکی گونجاو و پەسەند دا دەنرێت ، وەك لەم هاوکێشەیەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە.

$$\text{ڕاستی} = \frac{\text{برگەی گونجاو}}{\text{کۆی برگەکان}} * ١٠٠$$

$$\text{ڕاستی} = \frac{٤٨}{\quad} * ١٠٠ = ٨٨.٩$$

### ١٠. جێگیری:

پرۆسەی جێبەجێکردنی جێگیری لەم توێژینەوەیەدا لە میانەی دووبارە دابەشکردنەوەی ڕێژەی ٢٠% ی فۆرمی ڕاپرسی لە ڕێژەی فۆرمی دابەشکراوی پێشوو ئەنجام دراوە. دوای وەرگرتنەوەی وەڵامەکان، توێژەران بە بەکارهێنانی (یاسای سپێرمان) بەراورد و پێوانەی جیاوازیی نێوان وەڵامەکانی هەر دوو جاریان کرد و لە کۆتاییدا ئەنجامی جێگیرییەکە بوو بە ٨٨%. بەم هەنگاوانەی خوارەوەش ئەم ڕێژەیە بەدەست هاتووە:

$$\text{یاسای سپێرمان (ر)} = 1 - \frac{6\ (\text{مج ف}2)}{\text{ن}\ (\text{ن}2-1)}$$

$$\text{یاسای سپێرمان (ر)} = 1 - \frac{6\ (500)}{10\ (2500-1)}$$

$$\text{یاسای سپێرمان (ر)} = 1 - \frac{3000}{24990}$$

$$\text{یاسای سپێرمان (ر)} = 1 - 0.12 = 88\ \%$$

---

[٧٩] لیژنەی پسپۆڕانی میدیایی هەڵسەنگێنەری فۆرمی ڕاپرسی توێژینەوەکە، بریتیبوون لە بەڕێزان :

1. د. نەزاکەت حمە سعید ، پرۆفیسۆر، بەشی ڕاگەیاندن، کولێجی زانستە مرۆڤایەتیەکان ، زانکۆی سلێمانی.
2. د. زاهیر صابرحمە امین، پرۆفیسۆری یاریدەدەر، بەشی تەکنیکی میدیا، کولێجی تەکنیکی کارگێری هەولێر، زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر.
3. د. سارا قادر، مامۆستا، بەشی ڕاگەیاندن، کولێجی زانستە مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی سلێمانی .

**١١ .ناساندنی کردەیی ( اجرائی) چەمکەکان:**

- **بەڕێوەبەرایەتیی میدیایی: (Management Media)**

لە دیدی توێژەراندا چەمکی بەڕێوەبەرایەتی میدیایی ئەو بەڕێوەبەرە باڵاو ناوەندیانە دەگرێتەخۆ، کە گشت یاخود بەشێکی دامەزراوە میدیاییە دیجیتاڵیەکە بەڕێوەدەبەن لە هەردوو بواری کارگێڕی دامەزراوەکە و ناوەرۆکی بەرهەم و پەیامی میدیایی دامەزراوە دیجیتاڵیەکەدا، کە بە دیاریکراوی بەڕێوەبەرانی باڵاو ناوەندی دامەزراوە میدیاییە دیجیتاڵیەکانی سامپڵی توێژینەوەکە دەگریتەخۆ.

- **کاریگەری: (the Impact)**

لە تێڕوانینی توێژەراندا مەبەست لە چەمکی کاریگەری ناونیشانی توێژینەوەکە پێوەرێکە بۆ ڕەنگدانەوەی کارایی لایەن و بوارێک لەسەر لایەن و بوارێکی تر، لێرەدا بەدیاریکراوی مەبەستی توێژەران لە چەمکی کاریگەری ئەو هەژموون و کارایی و نەخش و ڕەنگدانەوەیەیە، کە بەکارهێنانی ستراتیژییەکانی بەڕێوەبردنی نوێ لەسەر چاکسازی دامەزراوە میدیاییە دیجیتاڵیەکان دروستی دەکات، بەمانایەکی تر، کارایی و کاریگەری ستراتیژییەکانی بەڕێوەبردنی نوێ لەسەر چاکسازی دامەزراوە میدیاییە دیجیتاڵیەکان ڕوون دەکاتەوە.

- **ستراتیژییەکانی بەڕێوەبردنی نوێ: (Modern Management Strategies)**

لە دیدی توێژەراندا ستراتیژییەکانی بەڕێوەبردنی نوێ بەکۆمەڵێک پلان ورێکاری کارگێڕی دادەنرێت کە پشت بە نەرمونیانی(Flexibility) ، داهێنان (Innovation) و بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا دەبەستن بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان و بەدیاریکراوی لەم توێژینەوەیەدا مەبەستی توێژەران ستراتیژییەکانی بەڕێوەبردنی نوێیە لە دامەزراوە میدیاییە دیجیتاڵیەکانی شاری سلیمانیدا.

**چاکسازی :** دیدی توێژەران بۆ چەمکی چاکسازی هەوڵدانە بۆ پێداچوونەوەی بەردەوامی میدیایی لەسەر ئاستی پێکهاتەو ناوەرۆک ، بەدیاریکراویش خستنەرووی تێڕوانینی بەڕێوەبەرایەتی میدیاییە لەسەر کاریگەری ستراتیژییەکانی بەڕێوەبردنی نوێ لە چاکسازی دامەزراوە میدیاییە دیجیتاڵیەکان لە شاری سلێمانیدا.

**دامەزراوە میدیاییە دیجیتاڵیەکانی شاری سلێمانی :** مەبەستی توێژەران لەم چەمکە سەرجەم ئەو دامەزراوە میدیایانە دەگرێتەوە، کە ئۆفیسی سەرەکیان لەناو شاری سلێمانیدایە و لەسەر ئاستی بەڕێوەبەرایەتی میدیاییان بونەتە سامپڵی ئەم توێژینەوەیە.

- **چاکسازی دامەزراوە میدیاییە دیجیتاڵییەکان : ( Improving Digital Media Institutions)**

مەبەستی توێژەران لە چەمکی چاکسازی دامەزراوە میدیاییە دیجیتاڵیەکان لەم توێژینەوەیەدا، دوو جۆر چاکسازی دەگریتەخۆ لە دامەزراوە میدیاییە دیجیتاڵییەکانی شاری سلیمانیدا کە (چاکسازیی پێکهاتەیی) و(چاکسازی ناوەرۆکی میدیای دیجیتاڵ) ییە.

**- چاکسازیی پێکهاتەیی : (Structural Reform)**

بە تێڕوانینی توێژەران چاکسازیی پێکهاتەیی پرۆسەی دووبارە ڕێکخستنەوەی پەیکەری کارگێڕی (Organizational Hierarchy) یە لەناو دامەزراوەیەکی میدیاییدا بە ئامانجی کەمکردنەوەی ڕۆتین، کە مەبەست لەم چەمکەی ناونیشانی توێژینەوەکە، چاکسازیی پێکهاتەییە لە دامەزراوە میدیاییە دیجیتاڵییەکانی شاری سلێمانیدا.

**- چاکسازی ناوەرۆکی میدیای دیجیتاڵ : (Digital Media Content Improving)**

تێڕوانینی توێژەران بۆ چەمکی چاکسازی ناوەرۆکی میدیای دیجیتاڵ هەموو ئەو پەیامە میدیاییانە (دەق، دەنگ،وێنە، ڤیدیۆ) دەگرێتەوە، کە لەڕێگەی پلاتفۆڕمە دیجیتاڵیەکانەوە بڵاو دەکرێنەوە و تایبەتمەندیی سەرەکییان کارلێککردن (Interactivity) و خێراییە، کە بەدیاریکراوی مەبەست لێی چاکسازی ناوەرۆکی دامەزراوە میدیاییە دیجیتاڵییەکانە لەشاری سلێمانیدا.

## بەشی دووەم: لایەنی تیۆری توێژینەوەکە

### میدیای دیجیتاڵی و ستراتیژەکانی بەڕێوەبردنی نوێ

**باسی یەکەم: میدیای دیجیتاڵی و ڕێکارەکانی چاکسازی**

میدیای دیجیتاڵی (Digital Media) یەکێکە لە گەورەترین وەرچەرخانەکانی سەدەی بیست ویەکەم، کە شێوازی پەیوەندیکردن، کارکردن و گواستنەوەی زانیارییەکانی بەتەواوی گۆڕیوە،لەم باسەدا بەکورتی لەبارەی ناساندنی زانستی و پوخت لەسەر میدیای دیجیتاڵی، جۆرەکان، تایبەتمەندییەکان و ڕێکارەکانی چاکسازیی میدیای دیجیتاڵی لە ئەمڕۆدا، دەخریتە ڕوو:

**1 . ناساندنی میدیای دیجیتاڵی :**

میدیای دیجیتاڵی بریتییە لە هەرجۆرە ناوەرۆکێک (دەق، دەنگ، وێنە، ڤیدیۆ) کە بە شێوەی کۆدی ژمارەیی (Digital Code) یان «داتا» هەڵگیرابێت و لە ڕێگەی ئامێرە ئەلیکترۆنییەکان و تۆڕە تەکنەلۆژییەکانەوە بگوازرێتەوە، بەپێچەوانەی میدیای تەقلیدی (وەک ڕۆژنامەی چاپکراو یان ڕادیۆی ئەنەلۆگ)، ئەم جۆرە میدیایە پشت بە زمانی سفر و یەک دەبەستێت و لە ڕێگەی ئینتەرنێت و مانگە دەستکردەکانەوە بڵاودەبێتەوە. (هەورامان ، ٢٠١٦، ٦٧)

**٢ .جۆرەکانی میدیای دیجیتاڵی :**

دەتوانرێت میدیای دیجیتاڵی بەپێی شێواز و پلاتفۆرمەکەی بۆ چەند جۆرێکی سەرەکی دابەش بکرێت:

- **تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان :(Social Media)** وەک فەیسبووک، ئینستاگرام، ئێکس (تۆیتەری پێشوو) و لینکدئین، کە ڕێگە بە بەکارهێنەر دەدەن ناوەرۆک دروست بکات و کارلێک بکات.
- **ماڵپەڕ و وێبلاگەکان :(Websites & Blogs)** سەرچاوەی سەرەکیی زانیاری و هەواڵن کە لەسەر تۆڕی جیهانی کار دەکەن.

- **میدیای بینراو و بیستراو (Streaming Media):** وەک یوتیوب، نێتفلێکس و پۆدکاستەکان کە بە شێوەی ڕاستەوخۆ یان پاشەکەوتکراو دەگەنە بینەر.
- **یارییە ئەلیکترۆنییەکان (Video Games):** کە ئێستا بەشێکی گرنگی میدیای کارلێککەرن.
- **پۆستی ئەلیکترۆنی (Email):** یەکێک لە کۆنترین و فەرمیترین جۆرەکانی پەیوەندیی دیجیتاڵیە.

**٣. تایبەتمەندییەکانی میدیای دیجیتاڵی:**

میدیای دیجیتاڵی بە کۆمەڵێک تایبەتمەندی لە میدیای کلاسیک جیا دەکرێتەوە، کە گرنگترینیان ئەمانەن:

- **کارلێککردن (Interactivity):** وەرگر تەنیا تەماشاکار نییە، بەڵکو دەتوانێت کۆمێنت بدات، لایک بکات و ناوەڕۆکەکە بگۆڕێت. (صادق، ٢٠٠٨، ٨٢)
- **خێرایی (Speed):** زانیارییەکان لە کەمتر لە چرکەیەکدا لە شوێنێکی جیهانەوە بۆ شوێنێکی تر دەگوازرێنەوە. (محەمەد، ٢٠١٩، ١١٢)
- **فۆرماتی هەمەجۆر (Multimedia):** دەتوانێت لە یەک کاتدا دەق، وێنە، ڤیدیۆ و گرافیک لەخۆ بگرێت. (فەریق، ٢٠١٦، ٩٣)
- **کۆگاکردن (Storage):** دەکرێت بڕێکی بێشومار لە داتا لە فەزایەکی زۆر بچووکدا (وەک cloud یان میمۆری) هەڵبگیرێت. (الدليمي، ٢٠١١، ١٤٥)
- **تێچووی کەم (Low Cost):** بڵاوکردنەوەی زانیاری بۆ ملیۆنان کەس تێچوویەکی زۆر کەمتری دەوێت بەراورد بە چاپکردنی کتێب یان ڕۆژنامە. ( محەمەد، ٢٠١٩، ١١٧)
- **بەجیهانیبوون (Global reach):** هیچ سنوورێکی جوگرافی ناناسێت و لە هەموو شوێنێکی جیهانەوە بواری دەستپێگەیشتن پێی، هەیە. (فەریق، ٢٠١٦، ٩٨)

**٤. ڕێکارەکانی چاکسازیی میدیای دیجیتاڵی :**

چاکسازی لە میدیای دیجیتاڵیدا لە ئێستادا تەنیا بابەتێکی تەکنیکی نییە، بەڵکو پەیوەستە بە پاراستنی ڕاستی، ئاسایشی نەتەوەیی و بەهاکانی کۆمەڵگە، بەهۆی خێرایی بڵاوبوونەوەی زانیارییەکان، ڕێکارەکانی چاکسازی بوونەتە پێویستییەکی حەتمی، گرنگترین ڕێکارەکانی چاکسازی لە میدیای دیجیتاڵی لە ئەمڕۆدا بریتین لە: (Sapere, E. ,2017, ١٣٣)

**أ. چوارچێوەی یاسایی و ڕێکخستن (Legal Framework):** زۆربەی وڵاتان خەریکی دارشتنی یاسای نوێن بۆ ڕێکخستنی ئەم فەزایە، لەوانە:

- **یاسای بەرپرسیارێتی:** سەپاندنی سزای یاسایی بەسەر ئەو پلاتفۆرم و کەسانەی کە هەواڵی ساختە (Fake News) یان ناوزڕاندن بڵاو دەکەنەوە.
- **پاراستنی داتا (Data Protection):** وەک یاسای GDPR لە ئەورووپا، کە ڕێگری دەکات لە بەکارهێنانی نایاسایی زانیارییە کەسییەکانی بەکارهێنەران بۆ مەبەستی سیاسی یان بازرگانی.
- **مافی چاپ و بڵاوکردنەوە:** پاراستنی مافی خاوەندارێتیی فیکری بۆ ئەوەی ڕێگری بکرێت لە دزینی بەرهەمی ئەوانی تر.

**ب. بەکارهێنانی ژیریی دەستکرد (AI) بۆ چاودێری:** بەهۆی زۆریی قەبارەی داتا، مرۆڤ ناتوانێت بەتەنیا چاودێریی هەموو شتێک بکات، بۆیە پەنا دەبرێتە بەر:

- **فلتەرکردنی ناوەڕۆک:** بەکارهێنانی ئەلگۆریتمەکان بۆ ناسینەوە و سڕینەوەی ئەو ناوەڕۆکانەی هانی توندوتیژی، ڕقوکینە و تیرۆر دەدەن.
- **دیاریکردنی ساختەی قوڵ (Deepfake):** پەرەپێدانی سیستەمێک کە بتوانێت ئەو ڤیدیۆ و دەنگە دەستکردانە بناسێتەوە کە بۆ چەواشەکاری دروست دەکرێن.

**ج. پەروەردەی میدیایی (Media Literacy):** ئەمە گرنگترین ڕێکاری درێژخایەنە،حکوومەتەکان و ڕێکخراوەکان کار دەکەن بۆ:

- **هۆشیارکردنەوەی بەکارهێنەر:** فێرکردنی خەڵک کە چۆن سەرچاوەی ڕاست و درۆ لە یەکتر جیا بکەنەوە.
- **هاندانی گومان:** فێرکردنی تاکی کۆمەڵگە کە هەموو ئەو شتانەی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەیبینێت وەک «ڕاستی ڕەها» وەرنەگرێت.

**د. پشکنینی ڕاستی قوڵ (Fact-Checking):** دروستکردنی ناوەندی تایبەت و سەربەخۆ بۆ وردبینیکردنی ڕاستی و دروستیی زانیارییەکان. زۆرێک لە دەزگا میدیاییە جیهانییەکان ئێستا بەشێکی تایبەتیان هەیە بە ناوی (ڕاستی یان درۆ) کە تێیدا ئەو هەواڵانەی دەبنە ترێند، شی دەکەنەوە و سەرچاوە ڕاستەقینەکەی بۆ خەڵک دەخەنە ڕوو.

**هـ. شەفافیەت لە ئەلگۆریتمەکاندا:** داواکارییەکی زۆر هەیە لەسەر کۆمپانیا زەبەلاحەکانی وەک (میتا، گووگڵ، تیکتۆک) کە:

- پێویستە شێوازی کارکردنی ئەلگۆریتمەکانیان ئاشکرا بکەن.
- ڕێگری بکەن لەوەی تەنیا ئەو ناوەڕۆکانە نیشانی بەکارهێنەر بدەن کە توندڕەوین یان بیرکردنەوەی تاکی پێ سنووردار دەکەن کە ناسراوە بە (Echo Chambers).

**باسی دووەم: ستراتیژەکانی بەڕێوەبردنی نوێی میدیای دیجیتاڵی**

بەڕێوەبردنی ڕاگەیاندن پرۆسەیەکی هەستیار و وردی پلاندانان، بەرهەمهێنان، گەیاندن و چاودێریکردنی ناوەڕۆکی پەیامی میدیاییە؛ بە ئامانجی ڕاکێشانی سەرنجی بینەر و گەیشتن بە ئامانجەکانی دامەزراوەکە. ئەم بوارە کارامەیی داهێنەرانە، شیکاریی داتا، بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای نوێ و پەیڕەوکردنی ستراتیژی کاریگەر بۆ باشترکردنی پەیوەندییەکان و زیادکردنی کاریگەریی پەیامەکان تێکەڵ دەکات.

لە جیهانی ئەمڕۆدا ڕاگەیاندن حاکمێکی بێدەنگە، بەڵام لە بنەڕەتدا بەهێزەکەی ژیری و بیرکردنەوەکانە، کاریگەرییەکەی شاراوەیە بەڵام ئەنجامەکانی ئاشکران؛ بیرکردنەوەکانی وەرگر کۆت دەکەن، بەڵام جەستە ئازاد دەکەن، ڕاگەیاندن کاریگەریی قووڵی لەسەر کولتوور، سیاسەت، ئابووری و کۆمەڵگە بەگشتی هەیە و ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە پێدانی زانیاری، کات بەسەربردن و پەروەردەدا. (هەورامی ، کاروان عبدالله ، ٢٠١٨، ٩٣) هاوکات لەگەڵ سەرهەڵدانی ئینتەرنێت و سۆشیاڵ میدیا، کار و بەڕێوەبردنی دامەزراوەی ڕاگەیاندن بە تەواوی گۆڕاوە، بینەران لە جاران زیاتر پەرش و بڵاو بوونەتەوە و کێبڕکێ بۆ ڕاکێشانی سەرنجی وەرگران توندتر بووە، لەم ژینگە داینامیکییەدا، سەرکەوتن تەنیا بە کەڵک وەرگرتن لە ستراتیژە داهێنەرانەکانی بەڕێوەبردنی میدیای نوێ دەستەبەر دەبێت. ( عەبدولخالق محەمەد، ٢٠٢٠، ١٧٦). لەم

باسـەدا، سـەرنجێکی کـورت خـراوەتە سـەر سـتراتیژەکانی بەڕێـوەبردنی نـوێی میـدیای دیجیتـاڵی و ئەو شـێوازانە دەناسـێنن کە لەسـەر بنەمـای تێگەیشـتنێکی قـووڵ لە بینـەر، پلاتفـۆرم و ڕەوتەکـانی ئێسـتا دارێـژراون؛ سـتراتیژێک کە بتوانێـت بە شـێوەیەکی کـاریگەر وەڵامی پێداویسـتی و چاوەڕوانییەکانی بینەر بداتەوە و چاکسازی لە کاری میدیای دیجیتاڵیدا بکات.

**١ . ستراتیژی گەشەسەندنی بەڕێوەبردنی دامەزراوەی ڕاگەیاندن:**

لە جیهانی ئەمڕۆدا کە هەمـوو شـتێک بە خـێرایی دەگۆڕێت، ڕاگەیانـدنیش لە یاسـای گـۆڕانە خێراکان بەدەر نەبـووە، ئەوەی سـەردەمانێک بە چاپکردنی ڕۆژنـامە و پەخشـکردنی بەرنامەی ڕادیـۆیی دەسـتی پێ کردبوو، ئێسـتا بـووەتە سـەردەمێک کە هەر کەسـێک دەتوانێت بە گرتەیەک پەیامەکەی لە چرکەیەکدا بۆ هەموو جیهان بگـوازێتەوە، بەڵام ڕوودانی ئەم پەرەسـەندنە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە بەڕێـوەبردنی ڕاگەیانـدن لە پەیوەنـدییە یەک لایەنە و نەریتییەکانەوە پەرەی سـەندووە بـۆ کارلێکی دینـامیکی و زیـرەک، ئەم ڕێـگەیە بە هـاتنی ئینتەرنێت دەسـتی پێ کـرد و لەگەڵ گەشـەی تـۆڕە کـۆمەڵایەتییەکان گەیشـتە ئاسـتێک کە کارلێککردن و تێکەڵبـوون بە نـاوەڕۆکی پەیامەکان بـوو بە کاری لەپێشـینە، ئەمڕۆ لەگەڵ هاتنی ژیریی دەستکرد، بەڕێوەبردنی ڕاگەیاندن بووەتە ئامرازێکی پێشکەوتوو بۆ شیکردنەوەی داتا، پێشـبینیکردنی هەڵسوکەوتی وەرگر و باشـکردنی پەیوەنـدییەکان، ئەم پەرەسـەندنە ئامـاژەیە بـۆ پێویسـتیی سـتراتیژی نـوێ و گونجـانی بەردەوام لەگەڵ تەکنەلۆژیـا مۆدێرنەکان بـۆ سەرکەوتن لە جیهانی پڕ کێبڕکێی میدیای ئەمڕۆدا. (هەورامی، ٢٠١٨، ١٠٨)

**٢ .ستراتیژی نوێی بەڕێوەبردنی ڕاگەیاندن:**

لێرەدا توێژەران بە وردی ئەو ستراتیژانەی بەڕێوەبردنی نوێی ڕاگەیاندن دەخەنەڕوو کە بەڕێوەبەران دەتوانن سوودیان لێ وەربگرن:

- **بەکارهێنانی داتامایینین (Data Mining) و شیکاریی داتا** :داتامایینین و شیکاریی داتا وەک ئامرازێکی بەهێز لە بەڕێوەبردنی ڕاگەیاندندا سەریان هەڵداوە، ڕاگەیاندن دەتوانێت ئەم تەکنیکانە بۆ دەرهێنانی زانیاریی بەسوود و ناسینی ڕەفتاری بینەر بەکاربهێنێت، ئەمەش یارمەتیی بەڕێوەبەران دەدات لە بڕیاردان بۆ بەرهەمهێنانی ناوەڕۆک و بەبازاڕکردن. ( السید بهجت ،٢٠١٨، ٩٣)
- **باشکردنی بزوێنەری گەڕان (SEO): Search Engine Optimization** ئەمە ستراتیژییەکی سەرەکییە بۆ زیادکردنی ترافیکی ماڵپەڕ و پلاتفۆرمەکان، بە باشترکردنی ڕیزبەندیی لاپەڕەکان لە ئەنجامی گەڕاندا، دەزگاکانی ڕاگەیاندن دەتوانن وەرگری زۆرتر ڕابکێشن. (صادق ، ٢٠١٥، ١٦٧)
- **ستراتیژی ناوەڕۆکی هەمەچەشن :** بەرهەمهێنانی ناوەڕۆکی جیاواز (ڤیدیۆ، پۆدکاست، بابەتی شیکاری) کلیلی ڕاگرتنی وەرگرە، چونکە پێویستی و سەلیقەی وەرگران جیاوازە. (صادق ، ٢٠١٥، ١٦٩)
- **کارلێکی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئامادەبووان:** لە ڕێگەی سۆشیاڵ میدیاوە، دەزگاکان دەتوانن فیدباکی دەستبەجێ وەربگرن و لەسەر ئەو بنەمایە ناوەڕۆکەکانیان باشتر بکەن. (خۆشناو، ٢٠٢١، ٨٧)
- **سوودوەرگرتن لە ژیریی دەستکرد :**ئەم تەکنەلۆژیایە بۆ ئۆتۆماتیککردنی پرۆسەکان، شیکاریی پێشکەوتوو و گەیاندنی ناوەڕۆکی تایبەت بە هەر کەسێک (Personalized Content) بەکاردێت.
- **شیکاری و بەڕێوەبردنی ئەزموونی بەکارهێنەر(UX)** : دروستکردنی ژینگەیەکی سەرنجڕاکێش و ئاسان لە پلاتفۆرمەکاندا، هۆکارێکی سەرەکییە بۆ ئەوەی بەکارهێنەر دووبارە بگەڕێتەوە. (اعرابی ، هاشمی ، زارع، ١٣٩٧ شمسی، ١٧٢)
- **تەرکیز لەسەر وەرگر :**تێگەیشتن لە پێداویستی و ئارەزووەکانی وەرگر لە ڕێگەی لێکۆڵینەوەی بازاڕەوە. (شطاح ،٢٠١٩، ٨٤)
- **ناوەڕۆکی ناچارکەر :**بەرهەمهێنانی ناوەڕۆکێک کە بینەر ناچار بە بەشداریکردن بکات. ((اعرابی ، هاشمی ، ١٣٩٧ شمسی، ١٧٨)
- **خستنەگەڕی فرەمیدیایی :(Multimedia)** بەکارهێنانی هاوکاتی ڕاگەیاندنی نەریتی و دیجیتاڵی. (, Lucy Küng٢٠٢٠, ٢١٠)
- **داهێنان :**تاقیکردنەوەی بیرۆکەی نوێ و نەترسان لە ئەزموونکردن. (,Anderson, C. W. ,2013 ٨٧)

**٣ .سوودە گشتییەکانی ستراتیژەکانی بەڕێوەبردنی نوێی میدیای دیجیتاڵی**

ئەم ستراتیژانە دەتوانن ئەم سوودانە بۆ دامەزراوەکە دەستەبەر بکەن: (سیلویا ام، ١٤٠٣، ١٧٥)

- **زیادکردنی ناسنامەی براند :**دروستکردنی وێنەیەکی ئەرێنی بۆ دامەزراوەکە.
- **دڵسۆزیی وەرگر :**بەهێزکردنی پەیوەندی و کارلێک لەگەڵ بینەر.
- **دروستکردنی لید :(Lead)** ڕاکێشانی وەرگری نوێ و گەیاندنی فراوانتری پەیامەکان.
- **بەهێزکردنی پەیوەندییەکان :**باشترکردنی پەیوەندی لەگەڵ کارمەندان، هاوبەشان و وەرگران.
- **تێچوون :**پێویستە پێشوەختە پێداچوونەوە بە بودجەدا بکرێت، چونکە ئەم تەکنەلۆژیایانە گرانبەهان.
- **سەرچاوەکان :**پێویستییان بە کات و ستافی پسپۆڕ هەیە.
- **کارامەیی :**پێویستە دامەزراوەکە خولی ڕاهێنان بۆ کارمەندەکانی بکاتەوە تا لەگەڵ سیستمە نوێیەکان ڕابێن.

### بەشی سێهەم: لایەنی پراکتیکی توێژینەوەکە

### ستراتیژییەکانی بەڕێوەبردنی نوێ و چاکسازیی دامەزراوە میدیاییە دیجیتاڵییەکان

بۆ دیاریکردنی کاریگەرییەکانی ستراتیژییەکانی بەڕێوەبردنی نوێ لەسەر چاکسازیی دامەزراوە میدیاییە دیجیتاڵییەکان، توێژەران فۆرمێکی تایبەتیان ئامادە کرد کە پێکهاتبوو لە چوار تەوەرەی سەرەکی؛ بۆ هەر تەوەرەیەک چەند پرسێکی تایبەت وەک پرسیار خراوەتە بەردەم بەڕێوەبەرانی باڵا و ناوەندی دامەزراوە میدیاییە دیجیتاڵییەکان. پاش وەرگرتنی زانیارییەکان و تاوتوێکردنیان، بەم شێوەیە ئەنجامەکان خرانەڕوو:

١. زانیاریە تایبەتەکانی سامپڵی توێژینەوەکە

أ. دابەشبوونی سامپڵی توێژینەوەکە لەسەر بنەمای ڕەگەز




**شێوەی ژمارە (١): خستنەڕووی سامپڵی توێژینەوەکە لەسەر بنەمای ڕەگەز**

سامپڵی توێژینەوەکە بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز کە ژمارەیان ٥٠ بەشداربوو بووە، بەپێی شێوەی ژمارە (١) دەرکەوتووە کە زۆرینەی زۆری سامپڵەکە لە ڕەگەزی نێر بوون، کە ڕێژەی ٪ ٩٠یان پێک دەهێنا (٤٥ بەشداربوو). لە بەرامبەردا، ڕەگەزی مێ کەمینەیەکی کەمی سامپڵەکەی پێکهێناوە کە تەنیا ٪ ١٠ بووە (٥ بەشداربوو). ئەمەش ئەوە نیشان دەدات کە نموونەی توێژینەوەکە زیاتر بەریوەبەرانی میدیایی لە ڕەگەزی نێرن، لەبەئەوە سامپڵی توێژینەوەکە زۆربەی ڕەگەزی نێر دەرچوون.

**ب. دابەشبوونی سامپڵەکە توێژینەوەکە لەسەر بنەمای تەمەن**




**شێوەی ژمارە (٢): خستنەڕووی سامپڵی توێژینەوەکە لەسەر بنەمای تەمەن**

سەبارەت بە دابەشبوونی سامپڵی توێژینەوەکە لەسەر بنەمای تەمەن لەم توێژینەوەیەدا، دەرکەوتووە کە زۆرینەی بەشداربووان لە گرووپی تەمەنی (٣٦-٤٠) ساڵ بوون، کە ڕێژەی ٪٦٠ی کۆی سامپڵەکەیان پێکدەهێنا،گرووپی تەمەنی (٢٥-٣٠) ساڵ لە پلەی دووەمدا هات و ڕێژەی ٪٢٠ی بەدەستهێنا؛ لە کاتێکدا هەریەکە لە گرووپە تەمەنیەکانی (٣١-٣٥) ساڵ و (کەمتر لە ٢٥) ساڵ کەمترین ڕێژەیان هەبوو کە

تەنیا ١٠٪ بوو بۆ هەر یەکێکیان. جێگەی ئاماژەیە کە هیچ کام لە بەشداربووان تەمەنیان لە سەروو ٤٠ ساڵ نەبووە، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە سامپڵی توێژینەوەکە زیاتر لە چینی گەنج و تەمەنی مامناوەند پێکهاتووە.

**ج. دابەشبوونی سامپڵی توێژینەوەکە لەسەر بنەمای خوێندن**




**شێوەی ژمارە (٣): خستنەڕووی سامپڵی توێژینەوەکە لەسەر بنەمای ئاستی خوێندن**

سەبارەت بە ئاستی خوێندنی بەشداربووان لەم توێژینەوەیەدا، دەرکەوتووە کە هەڵگرانی بڕوانامەی ماستەر زۆرینەی سامپڵەکە پێکدەهێنن بە ڕێژەی ٤٠٪؛ لە کاتێکدا هەریەکە لە هەڵگرانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس و دبلۆم بە ڕێژەی یەکسان بەشداربوون کە بۆ هەر یەکێکیان ٣٠٪ بووە، ئەم داتایانە ئاماژە بەوە دەکەن کە سامپڵی توێژینەوەکە خاوەن ئاستێکی زانستیی بەرز و جیاوازن، بەڵام هیچ هەڵگرێکی بڕوانامەی دکتۆرا لەم نموونەیەدا بەدی نەکراوە.

**د. دابەشبوونی سامپڵی توێژینەوەکە لەسەر بنەمای ساڵانی خزمەت**




**شێوەی ژمارە (٤): خستنەڕووی سامپڵی توێژینەوەکە لەسەر بنەمای ساڵانی خزمەت**

سەبارەت بە ئەزموونی کاری سامپڵی توێژینەوەکە، ئەنجامەکان دەریانخستووە کە زۆرینەی بەشداربووان خاوەن ئەزموونێکی درێژخایەنن؛ بەوپێیەی گرووپی (١١ ساڵ و زیاتر) بەرزترین ڕێژەی تۆمار کردووە کە ٤٠٪ بووە، گرووپەکانی تەمەنی پیشەیی مامناوەند (٤-٦ ساڵ) و (٧-١٠ ساڵ) بە ڕێژەی یەکسان و هەر یەکەیان بە ٣٠٪ بەشدار بوون، تێبینی دەکرێت کە تەواوی سامپڵەکە خاوەن ئەزموونی سەروو ٣ ساڵن، ئەمەش متمانەی زیاتر بە ئەنجامەکانی توێژینەوەکە دەبەخشێت چونکە بەشداربووان شارەزاییەکی باشیان لە بواری کارەکەیاندا هەیە.

**یەکەم: ستراتیژییەکانی بەڕێوەبردنی نوێ**

| پرسیارەکان | زۆر هاوڕام | | هاوڕام | | بێلایەن | | هاوڕا نیم | | زۆر هاوڕانیم | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | دوبارە | % | دوبارە | % | دوبارە | % | دوبارە | % | دوبارە | % |
| ستراتیژی بەشدارپێکردن | ٠ | ٠ | ٣٠ | ٦٠ | ١٥ | ٣٠ | ٥ | ١٠ | ٠ | ٠ |
| بەکارهێنانی (AI) | ١٠ | ٢٠ | ١٠ | ٢٠ | ٢٠ | ٤٠ | ٥ | ١٠ | ٥ | ١٠ |
| گۆڕانکاری بازاڕی دیجیتاڵی | ٥ | ١٠ | ٢٠ | ٤٠ | ١٥ | ٣٠ | ١٠ | ٢٠ | ٠ | ٠ |

**خشتەی ژمارە (١) خستنە رووی ئەنجامەکانی ستراتیژی بەریوەبردنی نوێ لە چاکسازی لە بەرێوەبردنی میدیای دیجیتاڵیدا**

بەپێی  شیکردنەوەی پرسیارەکان بەپێی ئاستی وەڵامەکان زانیارییەکان خشتەی ژمارو (١) بەم شێوەیەن:
پرسیاری یەکەم: (دامەزراوەکەمان لە پرۆسەی بڕیاردانـدا پشـت بە سـتراتیژی «بەڕێـوەبردنی بەشـدارپێکردن» دەبەسـتێت) زۆرینەی بەشداربووان لەسەر ئەم خاڵە کۆکن؛ ٦٠٪ (٣٠ کەس) وتوویانە «هاوڕام» و ٣٠٪ (١٥ کەس) «بێلایەن» بوون. تەنیا ١٠٪ (٥ کەس) وتوویانە «هاوڕا نیم». ئەمە نیشانەی ئەوەیە کە پەیڕەوکردنی بەشدارپێکردن لە بڕیارەکاندا ئاستێکی باشی هەیە.
پرسیاری دووەم: (بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای ژیریی دەستکرد وەک بەشێکی سەرەکی لە پلانی ستراتیژیی بەڕێوەبردنی دامەزراوەکەماندایە) لێرەدا جۆرێک لە دوودڵی هەیە؛ زۆرینە بە ڕێژەی ٤٠٪ (٢٠ کەس) «بێلایەن» بوون. بەڵام کاتێک وەڵامە ئەرێنییەکان (زۆر هاوڕام + هاوڕام) کۆ دەکەینەوە، دەبێتە ٤٠٪ (٢٠ کەس)؛ لە بەرامبەردا ٢٠٪ (١٠ کەس) نەرێنی بوون. ئەمە دەردەخات کە بەکارهێنانی ژیریی دەستکرد هێشتا لە قۆناغی سەرەتایی یان تەمومژاویدایە.
پرسیاری سێیەم: (گۆڕانکارییە خێراکان لە بازاڕی میدیای دیجیتاڵیدا پاڵنەری سەرەکین بۆ گۆڕینی بەردەوامی شێوازی کارگێڕیمان) لێرەدا مەیلی ئەرێنی بەهێزە؛ ٤٠٪ (٢٠ کەس) «هاوڕام» بوون و کاتێک لەگەڵ «زۆر هاوڕام» و «بێلایەن» کۆیان دەکەینەوە، دەبینین زۆرینە کاریگەرن بەم گۆڕانکارییانە، تەنیا ٢٠٪ (١٠ کەس) «هاوڕا نەبوون».
بەگشتی و لە شیکردنەوەی تەوەرەی یەکەمدا کە تایبەت بوو بە «ستراتیژییەکانی بەڕێوەبردنی نوێ»، ئەنجامەکان دەریانخستووە کە دامەزراوەکە تا ڕادەیەکی باش پشت بە ستراتیژی بەشدارپێکردن دەبەستێت لە بڕیارداندا، سەبارەت بە تێکەڵکردنی تەکنەلۆژیای ژیریی دەستکرد لە پلانەکاندا، داتاکان جۆرێک لە ڕاڕایی و بێلایەنی نیشان دەدەن کە پێویستی بە ئاوڕلێدانەوەی زیاتر هەیە، زانیارییەکان وانیشان دەدەن کە گۆڕانکارییەکانی بازاڕی دیجیتاڵی کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆیان لەسەر نوێکردنەوەی شێوازی کارگێڕیی دامەزراوەکە هەیە؛ ئەمەش لەگەڵ بنەماکانی بەڕێوەبردنی سەردەمیانەدا یەک دەگرێتەوە.

**دووەم: چاکسازیی پێکهاتەی میدیای دیجیتاڵی**

| پرسیارەکان | زۆر هاوڕام | | هاوڕام | | بێلایەن | | هاوڕا نیم | | زۆر هاوڕانیم | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | دوبارە | % | دوبارە | % | دوبارە | % | دوبارە | % | دوبارە | % |
| کەمکردنەوەی ڕۆتین | ١٠ | ٢٠ | ٢٠ | ٤٠ | ١٠ | ٢٠ | ١٠ | ٢٠ | ٠ | ٠ |
| دروستبوونی تیمی کاتی | ١٠ | ٢٠ | ٢٥ | ٥٠ | ١٠ | ٢٠ | ٥ | ١٠ | ٠ | ٠ |
| دیاریکردنی وردی ئەرک | ١٠ | ٢٠ | ٣٠ | ٦٠ | ٥ | ١٠ | ٥ | ١٠ | ٠ | ٠ |
| چاکسازی میدیایی | ١٠ | ٢٠ | ١٠ | ٢٠ | ١٥ | ٣٠ | ١٠ | ٢٠ | ٥ | ١٠ |

**خشتەی ژمارە (٢) خستنەرووی ئەنجامەکانی چاکسازییەکانی پێکهاتەی میدیای دیجیتاڵی**

بەپێی شیکردنەوەی پرسیارەکان بەپێی ئاستی وەڵامەکان، زانیارییەکانی خشتەی ژمارە (٢) بەم شێوەیەن:

- پرسیاری یەکەم (ستراتیژییە نوێیەکان و کەمکردنەوەی ڕۆتین)  :زۆرینەی بەشداربووان بە ڕێژەی ٤٠٪ (٢٠ کەس) «هاوڕام» بوون. کاتێک لەگەڵ «زۆر هاوڕام» کۆ دەکرێتەوە، دەردەکەوێت کە ٦٠٪ پێیان وایە ستراتیژییەکان ڕۆتینیان کەم کردووەتەوە.
- پرسیاری دووەم (دروستبوونی تیمی کاتی و پسپۆڕ)  :ئەم خاڵە بەهێزترین ڕەزامەندیی لەسەرە؛ نیوەی نموونەکە ٥٠٪ (٢٥ کەس) وتوویانە «هاوڕام» و بە کۆی گشتی ٧٠٪ مەیلی ئەرێنییان بۆ ئەم گۆڕانکارییە هەبووە.
- پرسیاری سێیەم (دیاریکردنی وردتری ئەرک و بەرپرسیارێتی)  :لێرەشدا زۆرینەیەکی بەرچاو ٦٠٪ (٣٠ کەس) «هاوڕام» بوون، ئەمە نیشان دەدات چاکسازییەکە بووەتە هۆی ڕوونی لە دابەشکردنی کارەکاندا.
- پرسیاری چوارەم ( گۆڕانکارییە کارگێڕییەکان لە پرۆسەی چاکسازیدا)  :ئەم پرسیارە زۆرترین ڕای جیاوازی تێدایە؛ زۆرینە ٣٠٪ (١٥ کەس) «بێلایەن» بوون و کەمترین ڕێژەی « زۆر هاوڕا نیم» لەم پرسیارەدا تۆمار کراوە.

بەشێوەیەکی گشتی ئەنجامەکانی تەوەرەی دووەم ئاماژە بەوە دەکەن کە پرۆسەی (چاکسازیی پێکهاتەی میدیای دیجیتاڵی) سەرکەوتوو بووە لە کەمکردنەوەی ڕۆتینی کار و ڕێکخستنەوەی ئەرکەکان بە شێوەیەکی وردتر، بەتایبەت دەرکەوتووە کە دروستکردنی «تیمی کاتی و پسپۆڕ» یەکێک بووە لە خاڵە هەرە دیارەکانی ئەم چاکسازییە کە ڕەزامەندییەکی زۆری بەشداربووانی لەسەر بووە، بە گشتی، داتاکان دەریانخستووە کە پێکهاتەی کارگێڕیی دامەزراوەکە بەرەو سیستەمێکی مۆدێرن هەنگاوی ناوە؛ هەرچەندە لە هەندێک لایەنی گۆڕانکارییە کارگێڕییەکاندا، جۆرێک لە بێلایەنی لەلایەن بەشداربووانەوە بەدی دەکرێت.

### سێیەم: چاکسازی ناوەڕۆکی میدیای دیجیتاڵی

| پرسیارەکان | زۆر هاوڕام | | هاوڕام | | بێلایەن | | هاوڕا نیم | | زۆر هاوڕانیم | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | دوبارە | % | دوبارە | % | دوبارە | % | دوبارە | % | دوبارە | % |
| ستراتیژییە نوێیەکان لە چاکسازیدا | ٥ | ١٠ | ٣٥ | ٧٠ | ٠ | ٠ | ١٠ | ٢٠ | ٠ | ٠ |
| باشترکردنی کوالێتی و هەمەجۆری | ١٥ | ٣٠ | ٢٥ | ٥٠ | ٥ | ١٠ | ٠ | ٠ | ٥ | ١٠ |
| گرنگیدان بە کاردانەوەی بینەر | ١٥ | ٣٠ | ١٥ | ٣٠ | ١٥ | ٣٠ | ٥ | ١٠ | ٠ | ٠ |
| چاکسازی لەسەر دامەزراوە | ١٥ | ٣٠ | ٢٥ | ٥٠ | ٥ | ١٠ | ٥ | ١٠ | ٠ | ٠ |

**خشتەی ژمارە (٣) خستنە ڕووی ئەنجامەکانی چاکسازییەکانی ناوەڕۆکی میدیای دیجیتاڵی**

بەپێی شیکردنەوەی پرسیارەکان و ئاستی وەڵامەکان، زانیارییەکانی خشتەی ژمارە (٣) بەم شێوەیەن:

- پرسیاری یەکەم (ڕۆڵی ستراتیژییە نوێیەکان لە پرۆسەی چاکسازیدا) :ئەم خاڵە بەرزترین ئاستی «هاوڕام»ی هەیە بە ڕێژەی ٧٠٪ (٣٥ کەس). ئەمە دەردەخات کە بەشداربووان بە توندی بڕوایان بە کاریگەریی ستراتیژییە نوێیەکان هەیە.
- پرسیاری دووەم (جێبەجێکردنی ستراتیژییەکان و باشترکردنی کوالێتی) : زۆرینە بە ڕێژەی ٥٠٪ (٢٥ کەس) «هاوڕا» بوون و ٣٠٪ (١٥ کەس) «زۆر هاوڕا» بوون؛ واتە ٨٠٪ی سامپڵەکە کۆکن لەسەر ئەوەی ستراتیژییەکان کوالێتیی ناوەڕۆکیان بەرزکردووەتەوە.
- پرسیاری سێیەم (گرنگیدان بە کاردانەوەی بینەر) :لێرەدا ڕاکان دابەش بوون؛ ٣٠٪ زۆر هاوڕا، ٣٠٪ هاوڕا و ٣٠٪ بێلایەن بوون، ئەمە دەردەخات کە گرنگیدان بە بینەرهەیە، بەڵام هێشتا بواری گەشەکردنی زیاتری ماوە.
- پرسیاری چوارەم (کاریگەریی پرۆسەی چاکسازی لەسەر دامەزراوە) :نیوەی نموونەکە ٥٠٪ (٢٥ کەس) «هاوڕا» بوون، ئەمەش ئاماژەیەکی ئەرێنییە بۆ سەرکەوتنی گشتیی پرۆسەکە لە ڕووی ناوەڕۆکەوە.

بەشێوەیەکی گشتی، ئەنجامەکانی تەوەرەی سێیەم دەریانخستووە کە (ناوەڕۆکی میدیای دیجیتاڵی) بە شێوەیەکی بەرچاو لەژێر کاریگەریی پرۆسەی چاکسازیدا بووە، زۆرینەی هەرە زۆری بەشداربووان کۆکن لەسەر ئەوەی کە جێبەجێکردنی ستراتیژییە نوێیەکانی بەڕێوەبردن بووەتە هۆی باشترکردنی کوالێتی و هەمەجۆریی ناوەڕۆک، هەروەها دەرکەوتووە کە دامەزراوەکە دەستی کردووە بە گرنگیدانی زیاتر بە «کاردانەوەی بینەر» وەک پێوەرێک بۆ سەرکەوتنی کارگێڕی، ئەمەش گۆڕانکارییەکی جەوهەرییە لە گۆڕینی شێوازی بەڕێوەبردن لە شێوازێکی کلاسیکییەوە بۆ شێوازێکی کارلێکەر و سەردەمیانە.

### چوارەم: ئاستەنگەکانی بەردەم چاکسازی میدیای دیجیتاڵی

| پرسیارەکان | زۆر هاوڕام | | هاوڕام | | بێلایەن | | هاوڕا نیم | | زۆر هاوڕانیم | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | دوبارە | % | دوبارە | % | دوبارە | % | دوبارە | % | دوبارە | % |
| ڕێگرەکان لەبەردەم بەڕێوەبردن | ٢٠ | ٤٠ | ٢٠ | ٤٠ | ١٠ | ٢٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ |
| کەمی کادری شارەزا و پسپۆڕ | ١٠ | ٢٠ | ١٠ | ٢٠ | ٠ | ٠ | ١٥ | ٣٠ | ٠ | ٠ |
| تێچووی بەرزی تەکنەلۆژیا | ٢٠ | ٤٠ | ٢٠ | ٤٠ | ٥ | ١٠ | ٥ | ١٠ | ٠ | ٠ |
| نەبوونی خولی ڕاهێنان | ٠ | ٠ | ٤٠ | ٨٠ | ٥ | ١٠ | ٥ | ١٠ | ٠ | ٠ |

**خشتەی ژمارە (٤) خستنەڕووی ئەنجامەکانی بەربەستەکانی چاکسازییەکانی میدیای دیجیتاڵی**

بەپێی شیکردنەوەی پرسیارەکان و ئاستی وەڵامەکان، زانیارییەکانی خشتەی ژمارە (٤) بەم شێوەیەن:

- پرسیاری یەکەم ( ڕێگرەکان لەبەردەم بەڕێوەبردنی میدیایی) : وەڵامە ئەرێنییەکان زۆرینەن؛ ٤٠٪ (٢٠ کەس) «زۆر هاوڕام» و ٤٠٪ (٢٠ کەس) «هاوڕام» بوون، ئەمە دەردەخات کە ٨٠٪ی بەشداربووان کۆکن لەسەر بوونی ئاستەنگی جدی.
- پرسیاری دووەم (کەمیی کادری شارەزا) : زۆرینە بە ڕێژەی ٤٠٪ (٢٠ کەس) «هاوڕام» بوون، ئەمە ئاماژەیە بۆ ئەوەی کەمیی پسپۆڕی یەکێکە لە گرفتە سەرەکییەکانی بەردەم بەکارهێنانی ئامرازە نوێیەکانی بەڕێوەبردن.
- پرسیاری سێیەم (تێچووی بەرزی تەکنەلۆژیا) : نیوەی بەشداربووان ٤٠٪ (٢٠ کەس) وتوویانە «زۆر هاوڕام». ئەمە نیشان دەدات کە لایەنی دارایی و تێچووی ئامرازەکان ئاستەنگێکی گەورەیە بۆ چاکسازی.
- پرسیاری چوارەم (نەبوونی خولی ڕاهێنان) :بەرزترین ڕێژەی «هاوڕام» لەم پرسیارەدا تۆمار کراوە، کە ٨٠٪ (٤٠ کەس) بووە، ئەمە گرنگترین دەرەنجامی ئەم تەوەرەیە کە پێویستییەکی زۆربە ڕاهێنان هەیە.

بەشێوەیەکی گشتی، لە شیکردنەوەی تەوەرەی کۆتاییدا کە تایبەت بوو بە (ئاستەنگەکان)، دەرکەوتووە کە پرۆسەی چاکسازی و پەیڕەوکردنی ستراتیژییە نوێیەکان لەگەڵ چەندین گرفتی جدی ڕووبەڕوون. گەورەترین ئاستەنگ کە زۆرینەی بەشداربووان (٨٠٪) لەسەری کۆک بوون، نەبوونی خولی ڕاهێنانی پێویست و گونجاو بووە لەگەڵ سیاسەتی دامەزراوەکەدا،هەروەها تێچووی بەرزی تەکنەلۆژیای نوێ و کەمی کادری شارەزا و پسپۆڕ لە بواری بەڕێوەبردنی میدیایی نوێدا، وەکوو دوو کۆسپی تری سەرەکی دەستنیشان کراون، کە ڕێگرن لەوەی پرۆسەی چاکسازی بەو شێوەیەی چاوەڕوان دەکرێت بێتە دی.

## دەرئەنجام

توێژینەوەکە گەیشتووە بەم دەرئەنجامانە خوارەوە:

١ لەبارەی پەیڕەوکردنی ستراتیژی نوێوە، دەرکەوتووە کە دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن هەنگاوی باشیان ناوە بەرەو «بەڕێوەبردن و بەشدارپێکردن»، ئەمەش بووەتە هۆی کەمکردنەوەی ڕۆتین و دیاریکردنی وردتری ئەرکەکان.

٢ .لەبارەی ناوەرۆکی پەیامی میدیاییەوە پرۆسەی چاکسازی لە ناوەرۆکی میدیاییدا کاریگەرییەکی ئەرێنیی ڕاستەوخۆی هەبووە لەسەر بەرزکردنەوەی کوالێتی و هەمەجۆریی ناوەڕۆکی میدیای دیجیتاڵی.

٣ .لە پرۆسەی گۆڕانکاری لە پێکهاتەی پەیامی میدیاییدا دروستکردنی «تیمە کاتی و پسپۆڕەکان» یەکێک بووە لە سەرکەوتووترین هەنگاوەکانی چاکسازی ناوەرۆکی پەیامی میدیایی کە ڕەزامەندیی زۆری لەسەر بووە.

٤ .لەبارەی ژیریی دەستکرد (AI) هێشتا بەکارهێنانی ئەو تەکنەلۆژیایە وەک پێویست جێگیر نەبووە و جۆرێک لە بێلایەنی یان ڕاڕایی لە وەڵامی سامپڵی توێژینەوەکەدا بەدی دەکرێت.

٥ .بەربەستە دارایی و مرۆییەکانو تێچووی بەرزی تەکنەلۆژیا و کەمیی کادری پسپۆڕ لە بواری میدیای نوێدا، دوو گەورەترین ئاستەنگی بەردەم پرۆسەی چاکسازیین لە میدیای دیجیتاڵیدا.

٦ .گەورەترین کەلێن لە دامەزراوەکانی ڕاگەیاندنی دیجیتاڵیدا بریتییە لە « نەبوونی خولی ڕاهێنانی بەردەوام» بۆکادیران و کارمەندانی ئەو دامەزراوەیە بەشێوەیەك کە بگونجێت لەگەڵ گۆڕانکارییە خێراکان.

## ڕاسپاردەکان

توێژینەوەکە ئەم ڕاسپاردانە ئەخاتەڕوو:

١ . لەبارەی پەرەپێدانی تواناکانی کارمەندان پێویستە دامەزراوەکانی میدیای دیجیتالی پلانی ساڵانە بۆ خولی ڕاهێنانی چڕ دابنێت، بەتایبەت لەسەر بەکارهێنانی ئامرازە نوێیەکانی میدیای دیجیتاڵ و ژیریی دەستکرد.

٢ .بۆ وەبەرهێنان لە تەکنەلۆژیادا، سەرەڕای تێچووی بەرز، پێویستە دامەزراوەکان بودجەیەکی تایبەت بۆ نوێکردنەوەی ژێرخانی تەکنەلۆژی تەرخان بکەن؛ چونکە ئەمە لە داهاتوودا تێچووی کارکردن کەم دەکاتەوە.

٣. بۆ ڕاکێشانی پسپۆڕی شارەزا پێویستە کارکردن بۆ دامەزراندن یان هاوکاری کردن لەگەڵ کادری شارەزا لە بواری «بازارگەریی دیجیتاڵی» و «شیکردنەوەی داتا»، بۆ پڕکردنەوەی ئەو کەلێنە مرۆییەی کە هەستی پێ دەکرێت.

٤ .خستنەکاری سیستەمی (Feedback)بە بەهێزکردنی زیاتری بەشی پەیوەندی لەگەڵ بینەر و بەکارهێنانی داتاکانی بینەر وەکوو بنەمای سەرەکی بۆ دارشتنی ناوەڕۆک و بڕیارە کارگێرییەکان.

٥ . کارکردن لەسەر بەردەوامی لە چاکسازیدابەجۆرێك ستراتیژی چاکسازی نابێت کاتی بێت، بەڵکوو دەبێت بکرێتە کولتوورێکی بەردەوام لە دامەزراوەکەدا بۆ ئەوەی بتوانێت ڕکابەری لە بازاڕی میدیای دیجیتاڵیدا بکات.

## پێشنیازەکان بۆ توێژەرانی داهاتوو

١ .پێشنیاز دەکرێت توێژینەوەی هاوشێوە لەسەر نموونەیەکی گەورەتر ئەنجام بدرێت (بۆ نموونە ٢٠٠ بۆ ٥٠٠ کەس) بۆ ئەوەی ئەنجامەکان گشتگیرتر بن و گوزارشت لە هەموو کەرتی میدیای کوردی بکەن.

٢ .پێشنیاز دەکرێت بەراوردکاری بکرێت لەنێوان «میدیای حکومی» و «میدیای تایبەت» لە ڕووی خێرایی پەیڕەوکردنی ستراتیژییەکانی بەڕێوەبردنی نوێ و ئاستی سەرکەوتنیان.

٣ .پێشنیاز دەکرێت توێژینەوەی تایبەت بکرێت لەسەر «ئاستەنگەکانی بەکارهێنانی ژیریی دەستکرد لە بەڕێوەبردنی ژووری هەواڵی کوردیدا»

٤ .پێشنیاز دەکرێت توێژینەوەی تر بکرێت بۆ زانینی ئەوەی ئایا «چاکسازیی کارگێڕی لە دامەزراوە میدیاییەکاندا تا چەند ئاستی ڕەزامەندیی بینەری زیاد کردووە؟»

٥ .پێشنیاز دەکرێت توێژینەوەیەک بکرێت لەسەر « ڕۆڵی ژنان لە بەڕێوەبردنی میدیای دیجیتاڵیدا و ئەو ئاستەنگانەی ڕووبەڕوویان دەبێتەوە».

٦ .توێژینەوە لەسەر پەیوەندیی نێوان «قەبارەی وەبەرهێنانی دارایی» و «سەرکەوتنی پرۆسەی چاکسازیی کارگێڕی» لە میدیای دیجیتاڵی کوردیدا وەک بابەتێکی گرنگ دەبینرێت.

## سەرچاوەکان


**١. سەرچاوە بە زمانی کوردی:**

- عەبدولخالق محەمەد، ٢٠٢٠، بەڕێوەبردنی دامەزراوە میدیاییەکان لە سەردەمی دیجیتاڵیدا، چاپخانەی تاران، سلێمانی.
- نەریمان خۆشناو ،٢٠٢١، میدیای نوێ و گۆڕانکاری لە پێکهاتەی گوتاری ڕۆژنامەوانی، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان.
- فەریق، هەورامان ، ٢٠١٦، میدیای دیجیتاڵی؛ چەمک و مێژوو و تایبەتمەندییەکان. سلێمانی، هەرێمی کوردستان: چاپخانەی کارۆ.
- کاروان عبداللە هەورامی ، ٢٠١٨، بەڕێوەبردنی دامەزراوەی میدیایی، سلێمانی.
- محەمەد، فەرهاد، ٢٠١٩، سۆشیاڵ میدیا و کۆمەڵگە،هەولێر، هەرێمی کوردستان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی.

**٢. سەرچاوە بە زمانی عەرەبی :**

- السيد بهجت ،٢٠١٨، إدارة المؤسسات الإعلامية: المبادئ والاستراتيجيات الحديثة، دار الفجر للنشر والتوزيع، القاهرة.
- الدليمي، عبد الرزاق،٢٠١١، الإعلام الجديد والصحافة الإلكترونية. عمان، الأردن: دار المسيرة للنشر والتوزيع.
- عباس مصطفى صادق ،٢٠١٥، الإعلام الرقمي: المفاهيم والوسائل والتقنيات، دار الشروق، عمان.
- محمد شطاح ،٢٠١٩، أثر التكنولوجيا الحديثة في إعادة هيكلة المؤسسات الإعلامية، مجلة الدراسات الإعلامية، المركز الديمقراطي العربي.
- صادق، عباس مصطفى،٢٠٠٨، الإعلام الجديد: المفاهيم والوسائل والتطبيقات. عمان، الأردن: دار الشروق.

**٣. سەرچاوە بە زمانی فارسی:**

- سيد محمد اعرابى، سيد عليرضا هاشمى و رحيم زارع، ١٣٩٧ شمسى، مديريت استراتژيک رسانه ، خانه سبز
- سيلويا ام. چان . آلمستد، ترجمه سيد محمد اعرابى، سيد عليرضا هاشمى و رحيم زارع، ١٤٠٣ ، استراتژی‌های رقابتی رسانه ،
- الكساندرا ناگل، ١٤٠١ ، مديريت رسانه‌های اجتماعی ، تهران
- مهدی یوسفتبار، ١٤٠٢ شمسی، مبانی مديريت رسانه ، تهران

**٤. سەرچاوە بە زمانی ئینگلیزی:**

- Alan B. Albarran ,٢٠١٧, Management of Electronic and Digital Media.
- Lucy Küng ,٢٠٢٠, Strategic Management in the Media: Theory to Practice .
- Anderson, C. W. ,2013, Rebuilding the News: Metropolitan Journalism in the Digital Age. Temple University Press.
- Siapera, E. ,2017, Understanding New Media (2nd ed.). London, UK: SAGE Publications.

# Media Awareness and Social Responsibility: Combatting Drug Abuse as a Pillar of Media Reform in the Kurdistan Region

**Chya Yassen Mohammed Amin**
Ministry Of Culture And Youth
Sulaimani Directorate of Culture and Arts
Iraqi Kurdistan Region, Sulaimani
chiayassen@hotmail.com

**Dr. Yohan Othman Hama**
Assistant Professor
University Of Sulaimani
College Of Humanities
Department Of Media
Kurdistan Region Of Iraq, Sulaimani
yohan.hama@univsul.edu.iq

**Abstract:**

This study, entitled "The Impact of Media Awareness Campaigns on Combating Drug Abuse and Supporting Media Reform in the Kurdistan Region," examines the role of media in fostering social awareness, reducing drug abuse, and supporting media reform processes. The study adopts a descriptive-analytical approach, employing content analysis and documentary descriptive analysis. Seven awareness campaign videos published by the Media and Information Office of the Kurdistan Regional Government were analyzed in terms of their messages, formats, and presentation styles. In addition, two official media guidelines issued by the same institution were examined to assess their role in guiding media reform. The findings indicate that media awareness campaigns play an important role in raising public awareness about the risks of drug abuse; however, their effectiveness depends on the methods of presentation and the types of media used. The study also shows that media can indirectly support media reform by promoting awareness across health, social, psychological, and educational domains, particularly through artistic formats such as drama and real-life cases that enhance audience engagement. Nevertheless, the campaigns face limitations in planning, continuity, and audience targeting; therefore, integrating such campaigns within a comprehensive media reform strategy is recommended to enhance their effectiveness and ensure sustainable public awareness.

**Keywords:**
Media Awareness Campaigns, Drug Abuse, Media Reform, Department of Media and Information

# کاریگەریی هەڵمەتەکانی هۆشیاری میدیایی لەسەر بەرەنگاربوونەوەی بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان و پاڵپشتیکردنی ریفۆرمی میدیایی لە هەرێمی کوردستان

**چیا یاسین محەمەدئەمین**
خوێندکاری دکتۆرا،
وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان
بەرێوەبەرایەتیی رۆشنبیری و هونەری سلێمانی
هەرێمی کوردستانی عێراق، سلێمانی
chiayassen@hotmail.com

**یۆهان عوسمان حەمە**
پرۆفیسۆری یاریدەدەر
زانکۆی سلێمانی
کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان
بەشی راگەیاندن
هەرێمی کوردستانی عێراق، سلێمانی
yohan.hama@univsul.edu.iq

**پوختە:**
ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی "کاریگەریی هەڵمەتی هۆشیاری میدیایی لە بەرەنگاربوونەوەی ماددەی هۆشبەر و پشتیوانی ریفۆرمی میدیایی لە هەرێمی کوردستان-دا" ئامانجی سەرەکیی زانینی کاریگەری میدیایە لە دروستکردنی هۆشیاری کۆمەڵایەتی و کەمکردنەوەی دیاردەی ماددە هۆشبەر و پشتیوانیکردنی ریفۆرمی میدیا. توێژینەوەکە بە میتۆدی وەسفی-شیکاری ئەنجامدراوە و دوو شێوازی سەرەکیی شیکاری بەکارهاتووە، کە بریتین لە شیکاری ناوەرۆک و شیکاری وەسفی بەڵگەنامەیی. لە چوارچێوەی شیکاری ناوەرۆکدا، حەوت ڤیدیۆی هەڵمەتی هۆشیاری شیکاری بۆ کراوە کە فەرمانگەی میدیا و زانیاری حکومەتی هەرێمی کوردستان بڵاویکردوونەوەتە، بە شێوەیەکی زانستی شیکاری بۆ پەیام و فۆرم و شێوازیان کراوە، هەروەها شیکاری بەڵگەنامەیی وەسفی بۆ دوو رێبەری میدیایی: "رێبەری نووسین بۆ میدیا و سۆشیاڵ میدیا فەرمییەکانی هەرێمی کوردستان" و "رێبەری سۆشیاڵ میدیا بۆ سەرجەم دامەزراوەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان"کراوە، کە لەلایەن فەرمانگەی میدیا و زانیاری بڵاوکراوەتەوە بۆ هەڵسەنگاندنی ئاراستەی ریفۆرمی میدیا. ئەنجامەکانی توێژینەوەکە پیشانیدەدەن کە هەڵمەتی هۆشیاری میدیایی رۆڵێکی گرنگ دەگێرێت لە بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری سەبارەت بە مەترسیی ماددەی هۆشبەر، بەڵام کاریگەرییەکەی پەیوەندیدارە بە شێوازی پیشاندان و جۆری میدیای بەکارهاتوو. هەروەها دەرکەوت کە میدیا دەتوانێت بە شێوەیەکی ناراستەوخۆ پشتیوانی لە ریفۆرمی میدیایی بکات، لە رێگەی دروستکردنی هۆشیاری گشتی لەبوارەکانی: تەندروستی، کۆمەڵایەتی، دەروونی، پەروەردەیی و ... هتد، بە بەکارهێنانی فۆرمە هونەرییەکان وەک دراما و کەیسە راستەقینەکان بە راکێشانی سەرنج و هەست و سۆزی بینەران، بەڵام هەڵمەتەکان لەرووی پلاندانان و بەردەوامی و دیاریکردنی جەماوەر سنووردارن. بۆیە پێویستە هەڵمەتی هۆشیاری میدیایی لەچوارچێوەی ستراتیژی ریفۆرمی میدیایی دارێژرێت، بە مەبەستی زیادکردنی کاریگەریی و پەرەپێدانی هۆشیاری گشتی بەشێوەیەکی بەردەوام و پرۆفیشناڵ.

**کلیلەوشەکان:**
هەڵمەتی هۆشیاری میدیایی، ماددەی هۆشبەر، ریفۆرمی میدیایی، فەرمانگەی میدیا و زانیاری.

## بەشی یەکەم: رێبازنامەی توێژینەوە

لەم بەشەدا؛ چوارچێوەی میتۆدیی توێژینەوەکە دەخرێتەروو، لەوانە:

### ١-کێشەی توێژینەوە:

ماددەی هۆشبەر کێشەیەکی هەنوکەیی و مەترسیدارە، تەکنیکەکانی رووبەڕووبوونەوەی ئاڵۆزە، بۆیە ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات لە رێگەی ئەم پرسیارانەوە کێشەی توێژینەوەکە بخاتەروو:

أ. ڤیدیۆکانی هەڵمەتی هۆشیاری فەرمانگەی میدیا و زانیاری حکومەتی هەرێمی کوردستان بە چ شێوەیەک دەتوانن کاریگەر بن لە بەرزکردنەوەی هۆشیاری لە بەرەنگاربوونەوەی ماددەی هۆشبەر؟

ب. هەردوو رێبەر میدیایی "رێبەری نووسین بۆ میدیا و سۆشیاڵ میدیا فەرمییەکانی هەرێمی کوردستان" و "رێبەری سۆشیاڵ میدیا بۆ سەرجەم دامەزراوەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان"کە لەلایەن فەرمانگەی میدیا و زانیاری بڵاوکراوەتەوە چۆن پشتگیریی ریفۆرمی میدیایی دەکەن؟

### ٢-ئامانجەکانی توێژینەوە:

أ. زانینی دیارترین ئەو بابەتانەی رەنگدانەوەی هەبووە لە ڤیدیۆکانی هەڵمەتی هۆشیاری میدیایی بۆ بەرەنگاربوونەوەی ماددەی هۆشبەر.

ب. خستنەرووی گرنگترین ئەو ئەرک و شێوازانەی لە ڤیدیۆکانی هەڵمەتی هۆشیاری خراونەتەروو سەبارەت بە بەرەنگاربوونەوەی ماددەی هۆشبەر بۆ هۆشیارکردنەوەی جەماوەر.

ت. دیاریکردنی چۆنیەتی پشتگیری هەردوو رێبەری میدیایی "نوسین بۆ میدیا و سۆشیاڵ میدیا فەرمیەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان" بۆ ریفۆرمی میدیایی.

### ٣-بایەخی توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە پتر لە بایەخێکی هەیە. لە رووی زانستیەوە؛ بۆشایی مەعریفیی پردەکاتەوە، بەتایبەتی لەنێوان هەڵمەتی هۆشیاری میدیایی و ریفۆرمی میدیایی لەبواری بەرەنگاربوونەوەی ماددەی هۆشبەرد. لە رووی مرۆییەوە؛ بۆ درووستکردنی گۆڕانکاریی لەکۆمەڵگا و پشتگیریی

هۆشیاریی و ڕیفۆرمی میدیایی یارمەتیدەرە. هاوکات بایەخی پراکتیکیی هەیە و بۆ باشترکردنی شێوازی هەڵمەتی میدیایی بە ئامانجی ڕیفۆرمی میدیایی ڕێنمایی کرداریی دەخاتەڕوو.

**٤-جۆر و میتۆد:**
ئەم توێژینەوەیە؛ لە جۆری وەسفییە، تیایدا میتۆدی شیکاری ناوەڕۆکی چەندێتی و شیکاری بەڵگەنامەیی وەسفی بەکارهاتووە.

**٥-کۆمەڵگەو سامپڵ:**
کۆمەڵگەی توێژینەوەکە لە سەرجەم ڤیدیۆکانی هەڵمەتی هۆشیاری ڕاگەیاندن بۆ بەرەنگاربوونەوەی ماددەی هۆشبەر پێکدێت کە فەرمانگەی میدیا و زانیاری حکومەتی هەرێمی کوردستان بڵاویکردونەتەوە. هاوکات سامپڵ توێژینەوەکە بەشێوەی گەمارۆدانی گشتگیر(حصر الشامل) لە هەردوو ڕێبەری میدیایی فەرمانگەی ناوبراو بۆ هەڵێنجانی هەوڵەکان بۆ ڕیفۆرمی میدیای پێکدێت.

**٦-ئامرازی توێژینەوە:**
لەم توێژینەوەیەدا؛ توێژەر ئامرازی فۆرمی شیکاری ناوەڕۆکی بەکارهێناوە و یەکەی بابەتی پەیڕەو کردوە، هەر یەکێك لە دەستەکانی ڕواڵەت و ناوەڕۆك ڕەنگدانەوەی لە ئامرازەکەدا هەیە. هەروەها شێوازی شیکاری بەڵگەنامەیی وەسفی (Descriptive Document Analysis) بەکارهێناوە بۆ هەڵسەنگاندنی ناوەڕۆکی دوو ڕێبەری میدیایی. ئەم شێوازەیش؛ پشتبەستووە بە خوێندنەوەی وردی بەڵگەنامەکان و وەسفکردنی ناوەڕۆکە سەرەکییەکان.

**٧-سنووری توێژینەوە:**
أ. سنووری بابەتی: ڤیدیۆکانی هەڵمەتی هۆشیاری ڕاگەیاندن بۆ بەرەنگاربوونەوەی ماددەی هۆشبەر کە فەرمانگەی میدیا و زانیاری بڵاویکردونەتەوە، هەروەها هەردوو ڕێبەری میدیایی فەرمانگەکە لەپشتگیری ڕیفۆرمی میدیایی.
ب. سنووری جوگرافی: ئەم توێژینەوەیە سنووردارە بە هەرێمی کوردستان، چونکە داتاکان و نمونەکان لەم ناوچەیە وەرگیراون.
ت. سنووری کاتی: توێژینەوەکە سنووردارە بە ماوەی (١-١-٢٠٢٦ تا ١-٣-٢٠٢٦)، ئەو ماوەیەی شیکاری بۆ ڤیدیۆکانی هەڵمەتی هۆشیاری میدیایی و ڕێبەرە میدیاییەکان کراوە.

**٨-ڕاستی و جێگیری:**
لەم توێژینەوەیەدا؛ ڕاستی ڕواڵەتی بۆ ئامرازی فۆرمی شیکاری کراوە، کەبریتیە لەپێوانەکردنی ورد بۆ ڕاستی فۆرمی شیکاریی کە ئاڕاستەی چەند پسپۆڕ و هەڵسەنگێنەرێک لە پسپۆڕیەکانی میدیا ،کۆمەڵناسیی و پەروەردە کرا[٨٠].

**٩- چەمکە بەکارهاتووەکانی توێژینەوەکە:**
أ. هەڵمەتی هۆشیاری میدیایی: بریتییە لەو ڤیدیۆ و نوسین و وێنە میدیاییانەی کە بە مەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری جەماوەر سەبارەت بە مەترسی ماددەی هۆشبەر، لە ڕێگەی میدیاوە پیشاندەدرێت.
ب. ماددەی هۆشبەر: ماددەیەکی سروشتی یان دەستکردە دەبێتە هۆی سستبوون و لەدەستدانی کۆنترۆڵی کۆئەندامی دەمار، بەکارهێنەر تووشی ئالودەبون دەکات کاریگەری نەرێنیان هەیە لەسەر تاک و ئاسایشی کۆمەڵگا.
ت. ڕیفۆرمی میدیایی: بریتییە لە پرۆسەی گۆڕانکاری و چاکسازی لە سیستەمی میدیا، یاسا و سیاسەتە میدیاییەکان، بە مەبەستی بەرزکردنەوەی ئازادی، شەفافیەت، پیشەییبوون و کاریگەری میدیا لە خزمەتکردنی کۆمەڵگا.
ث. فەرمانگەی میدیا و زانیاری حکومەتی هەرێمی کوردستان: ئەو فەرمانگەیەیە ستراتیژی ڕاگەیاندن و سیاسەتی گەیاندن بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان دادەڕێژێت[٨١].

**١٠-تیۆرییە بەکارهاتووەکەی توێژینەوەکە**
لەم توێژینەوەیەدا؛ *تیۆری پشتبەستن بە میدیا* بەکارهاتووە کە هەردوو توێژەر میلڤین دیفلۆر و ساندرا بال ڕۆکیچ ساڵی ١٩٧٦ دایانڕشت و سەرنجیان لەسەر پەیوەندیی نێوان تاک و سیستەمی میدیایی و کاریگەری کۆمەڵایەتی بوو[٨٢]. بیرۆکەی بنەڕەتی تیۆریەکە بریتیە لە توانای میدیا بۆ کاریگەریدانان لەسەر مەعریفە و سۆزداریی و ڕەفتار[٨٣]. ئامانجی بنەڕەتی تیۆری وابەستەیی؛ لەسەر بنەمای بوونی پەیوەندییەکی کارلێککارانە لە نێوان میدیا و جەماوەر و کۆمەڵگا و ئەو سیستەمەی هەیە. لە ڕێگەی شیکردنەوەی ئەم پەیوەندییەوە؛ دەتوانین لە

---

[٨٠] **ناوی پسپۆڕانی هەڵسەنگێنەر**
١. د. نەجات محمد فرج - پرۆفیسۆر- کۆمەڵناسی – زانکۆی سلێمانی
٢. د.ابراهیم سعید فیچ الله - پرۆفیسۆر – ڕاگەیاندن - زانکۆی سلێمانی
٣. د. مها حسن بکر - پرۆفیسۆر - دەروونناسی - زانکۆی سەلاحەدین
٤. د. هەتاو محمد صالح - پ. یاریدەدەر - ڕاگەیاندن - زانکۆی هەڵەبجە
٥. د.سهى یونس اسماعیل - پ. یاریدەدەر - خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی - زانکۆی سەلاحەدین

[81] https://gov.krd/dmi/

[٨٢] عمار خلايفية، ٢٠٢٢، تطبيقات نظرية الاعتماد علي وسائل إلاعلام في فضائيات إلاعلام الجديد، مخبر بحوث ودراسات في الميديا الجديدة جامعة، المجلد ٣، العدد٣، ص٤٣

[٨٣] وجدي حلمي عيد عبد الظاهر، ٢٠١٣، نظرية الاعتماد على وسائل الاعلام، جامعة ام القرى، ص١٥

کاریگەرییەکانی میدیا تێبگەین و لەسەر تاک و کۆمەڵگا[٨٤] هەستی پێبکەین. بۆ نموونە؛ کاریگەریی تیۆری پشتبەستن بە میدیا :دیفلێر و ڕۆکێچ کاریگەریی تاک بە میدیا دیاریدەکەن[٨٥]. کاریگەریی مەعریفیی :زیادکردنی زانیاریی دەربارەی ناڕوونی. کاریگەریی سۆزداریی :ترس و هەستکردن بەنامۆبوون و بێباکی سۆزداری. کاریگەریی ڕەفتاریی: ئەمە دەرئەنجامی ئەو کاریگەرییەیە کە لە ئەنجامی پشتبەستن بە کاریگەرییەکان، جا مەعریفیی بێت یان سۆزداریی، کە کاریگەری ڕاستەوخۆیان لەسەر ڕەفتار هەیە[٨٦]. کاریگەرییە ڕەفتارییەکان بە دوو شێواز کاریگەرن: چالاک: دەستپێکردنی ڕەفتارەکی نوێ بەکاریگەری میدیا. ناچالاک: بەشدارینەکردنی سیاسی و دورەپەرێزی لە چالاکییەکانی کۆمەڵگا. هەڵبەت هۆکاری بەکاربردنی تیۆریی لەم توێژینەوەیەدا دەگەڕێتەوە بۆ: [٨٧] کاریگەریی پەیامەکان بۆ تێگەیشتن لە هەڵمەتی هۆشیاری و ڕۆڵ لە پەرەپێدانی ڕیفۆرمی میدیایی کە بۆ شیکردنەوەی ناوەڕۆک و گەیاندنی پەیام بە جەماوەر لەگەڵ دیارییکردنی متمانە بە میدیای فەرمی و ڕێنمایی لە گۆڕانکاری سیستەمەکان بۆ ڕیفۆرمی میدیایی یارمەتیدەر. هەرچەند تیۆری وابەستەیی؛ کاریگەری تاک و میدیا دەبینێت بەسیستەمی کۆمەڵایەتی بەڵام گرنگی نادریت بەگروپ[٨٨]. بینەران بەم ئامانجانە پشت بە میدیا دەبەستن:[٨٩]

١. تێگەیشتن؛ ئاماژەیە بۆ خۆناسین لە ڕێگەی فێربوون و بەدەستهێنانی ئەزموونەکانەوە.
٢. ئاراستەکردن؛ ئەمەش خۆئاڕاستەکردن دەگرێتەوە، وەک بڕیاردانی گونجاو و بەشداری سیاسی، و ڕێنمایی کارلێککارانە وەک چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ دۆخە سەختەکان و نوێکان.
٣. کاتبەسەربردن؛ کاتبەسەربردنی تاکەکەسی دەگرێتەوە، وەک چوونە دەرەوە لەگەڵ هاوڕێیان سەیرکردنی تەلەڤزیۆن ...هتد.

## بەشی دووەم: تیۆرییەنامەی توێژینەوەکە

دیارترین تایبەتمەندی میدیا ئامانجی گەیشتنە بە جەماوەر، واتە پەیوەندی نێوان نێرەر و وەرگر. زۆرجار، "نێرەر" خودی ڕێکخراوەکە بووە یان یەکێک لە پەیوەندییە پیشەییەکانی (وەک ڕۆژنامەنووس، پێشکەشکار، بەرهەمهێنەر، ... هتد)، یان دەنگێکی تری ناو کۆمەڵگا بێت و ڕێگەی پێدرابێت بچێتە ناو کەناڵەکانی ڕاگەیاندن، پەیوەندییەکە دەبێتە یەکلایەنە. بە گشتی ئەو پەیامەی نێرەر یان میدیا بەرهەمی کارکردنە بە بەهای ئاڵوگۆڕ لە بازاڕی میدیا بۆ وەرگرەکەی کە بەکاربەری میدیایە[٩٠].

### پاری یەکەم: هەڵمەتی هۆشیاریی ڕاگەیاندن

هەڵمەت، وەک زاراوە: لە زمانی عەرەبیدا لە وشەی (حملة)ەوە هاتووە، بەمانای هەڵگرتن، هەڵمەت: واتە بەمانای هەڵگر یان هیلاك لەڕۆیشتن[٩١]. هەڵمەت وەک چەمک: هەوڵێکی چڕوپڕە بۆ گفتوگۆ و بەدواداچوونی بابەتێکی دیاریکراو، بۆ هێنانەدیی ئامانجێك کە دژی یان هاوڕا بێت[٩٢]. کەواتە چەمکی هۆشیاری (Awareness) وەک بیرۆکەیەکی زانستی و کۆمەڵایەتی، لە کۆتایی سەدەی ١٩ و سەرەتای سەدەی ٢٠دا بە شێوەی ڕوون سەریهەڵدا، بەڵام ڕەگ و ڕیشەکانی زۆر کۆنترن[٩٣]. لە ساڵی ١٩٢٢ یەکەم ئیزگە لە ئەمریکا کە بابەتێکی لەشێوەی هەڵمەت بۆ ریکلام ئەنجامدا، دواتر وایلێهات خەڵکی لێهاتوو و ئەکتەری کۆمیدی و گۆرانیبێژ و تیپی مۆسیقای میللی زیاتر بۆ ئەو بابەتە بەکاردەهێنران[٩٤]. چەمکی هۆشیاری؛ چالاکییەکی ڕاگەیاندنە بۆ کاریگەری خستنە سەر تاک یان گروپ لەسەر پرسێکی دیاریکراو بۆ گرنگیدان بەبابەتێک[٩٥]. هەربۆیە پلاندانان بۆ هەڵمەتی میدیایی پشت دەبەستێت بەبنەمای زانستی. لە کاتی داڕشتن و دانانی ئامانج بۆ قۆناغەکان وگەیشتن بەو ئامانجانەی کە لەلایەن بەرپرسانی هەڵمەتەکەوە دانراون، بە ئامانجی قایلکردن و گۆڕینی هەڵوێست و ڕەفتارەکان، بۆ ئاڕاستە کردنی توێژێکی گەورە لەجەماوەری گشتی. ناوەڕۆک و فۆرمەکانی پەیام ئاراستەی ئامادەبووانی هەڵمەتەکە دەکرێن، پێویستی بەتوانای ماددیی

---

[٨٤] محمد صالح محمد الشبيري، ٢٠١١ م، اعتماد الجمهور اليمني على تغطية قناة اليمن الفضائية للأزمات" حرب الحوثيين أنموذجاً " بعپ غير منشورة، الرسالة الماجستير في كلية الإعلام، جامعة الشرق الأوسط، ص١٣

[٨٥] حسين أبو شنب، ماجد تربان، ٢٠٠٨، اعتماد طلبة الجامعات الفلسطينية على وسائل الإعلام الجديدة في الحصول على المعلومات أثناء الأزمات، بحث مقدم للمؤتمر الرابع للأكاديمية الدولية لعلوم الإعلام-وسائل الإعلام الجديدة وآفاق المستقبل، القاهرة، ص٤

[٨٦] كريمة كمال، ٢٠٢١، نظريات الإعلام ، الكلية الإعلام و تكنلوجيا الاتصال، الفرقة الثانية ، المستوى الرابع، ص٦٥

[٨٧] هاجر حلمي حبيش و آخرون، ٢٠١٩، تطبيقات الصحف بالهواتف الذكية وعلاقتها بمستوى معرفة المراهقين بالأحدث الجارية، المجلة العلمية لكلية التربية النوعية العدد الثامن عشر، ج٢، كلية التربية النوعية، ص٨٦

[٨٨] هشام رشدى خيرالله، ٢٠١٨، محاضرات فى نظريات الاعلام، كلية التربية التوعيّة، قسم العلوم الاجتماعية والاعلام، جامعة المنوفية، ص١٨٥

[89] Stanly J. BARAN & Dennis k. Davis, 1995, Mass Communication Theory Foundations & Future ferment, Wads Wrath Publishing Company, Pp.22

[٩٠] دينيس ماكويل، ٢٠١٠، نظرية ماكويل للاتصال الجماهيري، ترجمة الطبعة السادسة، ترجمه آيمن باجنيد و عبير خاليد، مكتبة الملک الفهد الوطنية، الطبعة الاولى، ص٨٢. McQuail, D. (2010). McQuail's mass communication theory. Sage publications. (6th Edition).

[٩١] الرازي محمد بن ابي بكر بن عبدالقادر١٩٨٣، مختار الصحاح، الناشر دار الرسالة كويت، ص١٥٦

[٩٢] عبدول، جمال، ٢٠٠٦، فەرهەنگی ڕاگەیەندن، چاپی یەکەم، سلێمانی، لەبڵاوکراوەکانی چاپ وپەخشی سەردەم، لا ٥٦٦

[93] WITH TRANSLATION, INTRODUCTION AND NOTES BY R. D. HICKS, M.A, ARISTOTLE DE ANIMA, CAMBRIDGE, CAMBRIDGE UNIVERSITPY PRESS WARD ΓΕ ΤΊ ΣΕ, C7. BF. CLAY, ALAN AGER, CAMBRIDGE: AT THE UNIVERSIVY PRESS 1907,111. I ,Pp432

[٩٤] ملڤین ل. دیفلیر، ساندرا بۆل-ڕۆکیتچ، تیۆریەکانی ڕاگەیاندن، وەرگێڕانی، د. سەنگەر حاجی، هەولێر ٢٠١٢، خانەی موکریان بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، لا192

[٩٥] لامية صابر، ٢٠١٠، الحملات الاعلانية في باقة MBC و دورها في التوعية الدينية للشباب، بحث الماجستير غير منشور، جامعة الحاج الخضر-باتنة، كلية الحقوق، قسم الاعلام والاتصال، ص٢٣

و بەشداریکردنی هەموو دەزگا پەیوەندیدارەکانی حکومەت، و میدیا، و پەروەردە و دامەزراوە تایبەتەکانە[٩٦]. واتە هەڵمەتی هۆشیاری هەوڵ دەدات بۆ[٩٧]:

١. گۆڕینی ڕەفتار: پەرەپێدان بەڕەفتار و فێربوونی ڕەفتاری نوێ.
٢. کاریگەری لەسەر هەست و سۆز: لایەنە سۆزدارییەکانی وەکو بێباکی یان بێباکی سۆزداری، زیادبوونی ترس و دڵەڕاوکێ و بەرزبوونەوەی هەستکردن بە نامۆبوون.
٣. گۆڕینی هەڵوێست و بیرۆکە: بەهۆی هەڵمەتی میدیایی وەک پاراستنی ژینگە و دژە گەندەڵی.

لەو سۆنگەیەوە هەڵمەتی هۆشیاری ڕاگەیاندن؛ هەوڵێکە بۆ دروستکردنی کاریگەری لەسەر بیرکردنەوەی خەڵک، بە بەهێزکردنی بیرکردنەوو تا لەگەڵ هێڵە پێشوەختە دیاریکراوەکاندا بگونجێت[٩٨]. لەلای توێژەران ماکوایل دێنیس[٩٩] و کەرەم شەلەبی[١٠٠]، هەڵمەتی میدیایی بریتیە لەهەوڵی بەردەوام و بەپلان بۆ ئەنجامدانی چالاکی بەشێوەی کاریگەر و ڕێکخراو، بە بەکارهێنانی ئامرازەکانی میدیا بۆ گەیشتن بە ئامانجی دیاریکراو بەهاوبەشی جەماوەری گەورە. لەلای توێژەریش بریتییە لە چالاکی پلاندانراو و ڕێکخراو بۆ تاک یان گروپ بۆ ماوەیەکی دیاریکراو، بۆ گەیشتن بەئامانجی پێویست، بە بەکارهێنانی پەیامی میدیایی بۆ ئاراستەکردن و بەئامانجگرتنی جەماوەرێکی دیاریکراو. هەڵمەتە میدیاییەکان هەوڵی پەیوەندیکردنن کە لەسەر بنەما زانستیی پلان بۆ دارێژراو، بەپێی ستاندارد و تەکنیکە تایبەتەکان، هاوتەریب لەگەڵ ئامانج و بابەتی کەمپەینەکە، بە ئامانجی گەیشتن بە گەورەترین ئاستی کارلێک و بەشداریکردن، لە ماوەی دیاریکراودا[١٠١]. کەواتە هەڵمەتی میدیایی یان هەڵمەتی هۆشیاری ڕاگەیاندن بابەتەکەی لەوەدایە کە ئامانجی گۆڕینی ڕەوت و ڕەفتارە کۆمەڵایەتییەکانە بە هەوڵێکی بەردەوام، چونکە تاک هەندێکجار ڕەتیدەکاتەوە بیروڕا و ڕەفتار بگۆڕێت[١٠٢]، بۆیە چەندین توخم هەن کە هەڵمەتە میدیاییەکان دەبێت لەخۆیان بگرن، لەوانە[١٠٣]:

١. هەبوونی ئامانجێکی دیاریکراو بۆ هەڵمەتی میدیایی.
٢. هەڵمەتی میدیایی پێویستە ئاراستەی گروپێکی گەورە یان ئامادەبووان بکرێت.
٣. هەڵمەتی میدیایی پێویستە کاتێکی دیاریکراوی هەبێت.
٤. هەڵمەتی میدیایی پێویستە زۆر چالاکی ڕێکخراو لەخۆبگرێت.

لەو چوارچێوەیەدا؛ هەڵمەتی میدیایی بۆ بەرەنگاربوونەوەی ماددەی هۆشبەر گرنگی خۆی هەیە کە ماددەیەکی رووەکی یان دەستکردی ئارامکەرەوەیە؛ دەبێتە هۆی سستبوونی جەستە و بێهێزی و ئیفلیجکردنی چالاکییەکانی کۆئەندامی دەمار و هەناسەدان و سووڕی خوێن و حاڵەتێکی خووگرتن"ئالوودەبوون"دروست دەکات کە زیان بە تەندروستی جەستەیی، دەروونی و کۆمەڵایەتی دەگەیەنێت[١٠٤]. هەڵبەت هەر مادەیەکی بێهۆشکار کە کاریگەری نەرێنی هەبێت لەسەر جیهازی عەسەبی مرۆڤ, لەقۆناغی ناهاوسەنگیدا ئەگەر لەرێگەی دەرمانە بەئاگاکان یان دەرمانە وزەبەخشەکان کە ببێت بەهۆی هۆشبەری و ئالودەبوون لەسەری[١٠٥]. ساڵانە (٢١٠) ملیۆن کەس گیرۆدەی ماددە هۆشبەرەکانن و ١٣ ملیۆن کەس لە گرووپی تەمەنی ئەوکەسانەن کە لە ١٢ بۆ ١٧ ساڵیدایە ئالوودە دەبن و ٢٠٠ هەزار ئالوودەبوویش دەمرن و ساڵانە بڕە پارەیەکی زۆر بۆ بەرەنگاربوونەوەی بڵاوبوونەوەی ماددە هۆشبەرەکان و هۆشیارکردنەوەی خەڵك لە زیانەکانیان خەرجدەکرێت[١٠٦].

## پاری دووەم: ڕیفۆرمی میدیایی

ڕیفۆرم یان چاکسازی؛ چەمکی گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی وکولتووری و سیاسیە، بۆ نەهێشتنی گەندەڵی و ڕاستکردنەوەی لایەنە نەرێنییەکان بەکاردەهێنرێت کە گۆڕانکاریی ڕاستەقینەیە لەدۆخێکەوە بۆ دۆخێکی باشتر[١٠٧]. کەواتە ڕیفۆرمی میدیایی؛ ڕەخنەگرتن و گۆڕینی ناوەڕۆکی سیستەمی میدیاییە کە لەژێر کاریگەری بەرژەوەندی بازرگانی و سیاسیدایە زۆرجار هەوڵدەدەن تەنها سەرکەوتن و هەڵسەنگاندن بەرز بنرخێنن

---

[٩٦] یاسین بوبشیش، جامعة باتنة،٢٠١٤، دور وساءل الاعلام فى تعزيزقيم المواطنة، مجلة علوم الاجتماعية و الانسانية، العدد ٩، جامعة العربي التبسي، الجزائر، ص٨

[٩٧] عبد الصمد يرسى، ٢٠٢٣، حملات التوعية الالكترونية ودورها في إرساء الوعي الصحي حول سرطان الثدي، مجلة الصحة والاتصال، العدد رقم١، ص١٥٩

[٩٨] مي العبد الله، ٢٠٠٦، الدعاية و أساليب الإقناع، دار النهضة العربية، ط١،ص١٦

[99] McQuail's, Denis, 2010, Mass Communication Theory, 6th edition, British Library Cataloguing in Publication data, SAGE Publications, Pp81

[١٠٠] مقبل نسيمة، ٢٠٢٠، حملات الاتصال العمومي، بحث غير منشور، جامعة الجزائر ٣ كلية علوم الاعلام والاتصال، ص١١

[101] حنان احمد سليم، ٢٠١٣، الحملات الاعلامية عبر الاعلام الجديد، رؤية مستقبلية لنموذج تفاعلي، المجلد ١٢، العدد ١، ص٣٠٣

[١٠٢] زكريا بن صغير، تصميم الحملات الاعلامية، قسم علوم الاعلام والاتصال، جامعة محمد خيضر-بسكرة-الجزائر، ص١ https://www.academia.edu/20201301

[١٠٣] عائشة بنت مطلق بن نماى السليس العتيبي، ٢٠٢٠، دور الحملات الإعلامية السعودية في الكشف عن معالم الرحمة للإسلام، المجلة الالكترونية الشاملة متعددة التخصصات العدد العشرون، ص٥

[١٠٤] وزارة الصحة المملكة السعودية، https://www.moh.gov.sa/Ministry/About/Pages/default.aspx

[١٠٥] حركات بسمة، ٢٠١٤، اثر تعاطى المخدرات في ظهورالعدوانية لدى المراهق، رسالة الماجستير تخصص علم النفس العيادي، جامعة العربى بن مهيدى، ام البواقي, قسم العلوم الاجتماعية، الجزائر، ص١٨

[١٠٦] يوسف سطام العنزي و محمود عطية اسماعيل، ٢٠١١، السياق النفسي والاجتماعي لادمان المخدرات وطرق الوقاية منها، مجلة كلية الاداب، قسم التربية وعلم النفس-كلية التربية والأداب- جامعة تبوك، المملكة السعودية، ص٦

[١٠٧] صفر حسام ساموك، ٢٠١١، التفاعلية الاتصالية و تسويق جهود اصلاح التعليم، جامعة بغداد، مركز التطوير والتعليم المستمر، سلسلة ثقافية جامعية، المجلد الثالث، العدد الاول، ص٨

بێ گوێدان بە بەرژەوەندی گشتی[108]. میدیای کوردی زۆرجار چاوپۆشی لە پرسە قووڵەکان دەکات و قۆرخکاریی میدیایی ڕوودەدات و دەنگی میدیای سەربەخۆ لە گفتوگۆی چاکسازی پەراوێز دەخرێت[109]. بەدواداچوون بۆ ڕێگاکانی چاکسازیی میدیایی جیهانی گرنگە، بەتایبەتی لە کۆمەڵگای دیموکراسی و دەوڵەتانی ئینتقالیدا، بەڵگە ئەزموونییەکان ئەوە پیشان دەدەن کە چاکسازیی سەرکەوتوو لە میدیادا زیاتر لەچوارچێوەی داواکاری جەماوەری و ئیرادەی سیاسی و پشتیوانی دامەزراوەییدان. ئەزموونی وڵاتانی ئەسکاندیناڤیا، ئەمریکا وبەشێک لە ئەوروپا و دەوڵەتانی دوای گواستنەوە کە دەچنە سەر دیموکراسی مۆدێلی بەسوود بۆ ڕیفۆرمی میدیایی پێشکەشدەکەن؛ لەوانە: [110]

١. **حوکمڕانی باش؛** بەردی بناغەی بنیاتنانی کۆمەڵگا ئاوەدانەکانە، بەشداران لە گەیشتن بە گەشەپێدان و دادپەروەری کۆمەڵایەتی، توخمە جەوهەرییەکانی حوکمڕانی باش بریتییە: لەشەفافیەت، لێپرسینەوە، بەشداریکردن و سەروەری یاسا، ئازادی ڕادەربڕین. بۆ حوکمڕانی باش کراوەیی خەڵک بەرامبەر حکومەت و ئەرکەکانی و دەستراگەیشتن بە زانیاری متمانەپێکراو پێویستە[111]. ڕێکخراوەکان لە ئەمریکای لاتین، سۆشیال میدیا بۆ دروستکردنی کاریگەری و نیشاندانی ڤیدیۆ و کولتوور و پێشێلکاری بۆ ناساندنیان بەکاردەهێنن ، بەهۆی دەسترانەگەیشتنیان بە میدیای بازرگانی خاوەنداری[112].

٢. **سیستمی دیموکراسی؛** لە ماوەی ساڵانی ٢٠١٨- ٢٠٢١، یونسکۆ لە ڕێگەی پرۆگرامی فرە بەخشەرەکانی بۆ ئازادی ڕادەربڕین و سەلامەتی ڕۆژنامەنووسان (MDP) ، پشتگیری تەکنیکی و ئامۆژگاری سیاسەتی پێشکەش کردووە و داکۆکی لە چاکسازی یاسای میدیایی لە ١٨ وڵات لە سەرانسەری ئەفریقا، هەرێمی عەرەبی، ئاسیا و زەریای هێمن، و ئەمریکای لاتین و کاریبی کردووە، هەبوونی میدیایەکی ئازاد و سەربەخۆ کە خزمەت بە بەرژەوەندی گشتی بکات یەکێکە لە پایەکانی دیموکراسی – دڵنیای دەدات کە ڕۆژنامەنووسان دەتوانن بەبێ ترس و لایەنگری ڕاپۆرت بکەن[113]. لەو سۆنگەیەوە؛ بۆ گەیشتن بە دیموکراسی؛ میدیا ڕۆڵی سەرەکی هەیە، لەوانە[114]:

I. ڕۆڵی بەخشینی زانیاری و ئاگادارکردنەوەی خەڵک لەشتی گرنگی دەوروبەر.
II. ڕۆڵی نێوەندگیری و بەستنەوەی خەڵک بە بەرپرسانی دەسەڵاتداری هەڵبژێردراو.
III. ڕۆڵی پەروەردە و ڕۆشنبیری و هاوڵاتیبوون و بەهاکانی بەرپرسیارێتی و بەشداری جەماوەر لەبڕیاردانی گشتیدا.
IV. ڕۆڵی چاودێری و هەڵسەنگاندنی دەسەڵاتەکانی دیکە و بنیاتنانی ستراتیژی دژە گەندەڵی بەدروستی.

٣. **ئازادی ڕادەربڕین؛** پێویستی بەوەیە کە حکومەت خۆی لە دەستوەردان بەدوور بگرێت، دەوڵەتان پێویستە هەنگاوی ئەرێنی بنێن بۆ دڵنیابوون لەوەی کە مافەکان، ڕێزیان لێدەگیرێت، لەوانەش: مافی ئازادی ڕادەربڕین. بۆ پاراستنی ئەم مافەگرنگە ڕێگە بە میدیاکان بدرێت سەربەخۆ لە جومگەکانی کۆنترۆڵی حکومەت کاربکەن. ئەمەش ڕۆڵی میدیا وەک چاودێری گشتی مسۆگەر دەکات و خەڵک دەستیان بە چەندین زانیاری بەرفراوان دەگات، بەتایبەتی لەسەر بابەتەکانی بەرژەوەندی گشتی کە کاریگەری گرنگی لەسەر مۆدێلە ڕێکخراوەییەکانی میدیا هەیە[115].

**پاری سێهەم: ڕیفۆرمی میدیایی و ڕۆڵی پراکتیکی ڕیفۆرمخوازان**

لەگەڵ پەرەسەندنی کارنامەی چاکسازیی حوکمڕانی لە بواری گەشەپێدانی نێودەوڵەتیدا، هێشتا ڕۆڵی میدیای نادیارە. دەرفەتەکانی بەهێزکردنی میدیا؛ هەمیشە بەندە بە بارودۆخی هەر وڵاتێکەوە، ئەوە مانای ئەوەیە کە ئەوانەی دەیانەوێت سیستەمی میدیایی لە وڵاتەکانی خۆیان باشتر بکەن، دەبێت فێری بنیاتنانی هاوپەیمانی کاریگەر بن، بەم شێوەیە: یەکەم: چۆن میدیای هەواڵ دەتوانێت بەشداری لە دەرئەنجامەکانی حوکمڕانی باش بکات. دووەم: کاریگەرییە پێویستەکانی سیاسەت بەشدار بێت لە هۆشیاری و هەوڵەکانی چاکسازی لە حوکمڕانی[116]. میدیای

---

[108] Des Freedman and Jonathan A. Obar, 2015, Media Reform: An Overview, International Perspectives. Fordham University Press, Pp5, https://www.academia.edu/14294021/Media_Reform_An_Overview

[109] Salma Fatih Tofiq, and other, 2025, Media Reform Efforts In Fragile Democracies: A Comparative Study Of National Media Forums In Kurdistan And Taiwan, Cuest. fisioter. 54(5), Pp1259-1260 - https://www.researchgate.net/publication/395989769_Media_Reform

[110] Shwan Adam Aivas, 2025, Toward Media Reform in Post-Conflict Region of Kurdistan: An Analytical Case Study of the CHMK National Forums, ISRG PUBLISHERS, Volume–III, Issue–IV, Pp436, https://isrgpublishers.com/isrgjahss

[111] عبد الرحمن سلمان محد، ٢٠٢٤، الحكم الرشيد في الفكر الإسلامي السياسي مفهوم وتطبيقات، المجلة المحكمة، كلية التربية البنات، العدد الخامس والعشرون ٢٥- السنة الحادية عشرة- الجزء الأول١، ص ٣٩٩ https://dcec.uobaghdad.edu.iq/wp-content/uploads/sites/43/uploads/pdf/salsala/no5.pdf

[112] Myanna Lahsen, 2024, Media Reform as Transformation Tool: A Hegemonic Gap in Environmental Research and Policy, International Journal of Politics, Culture, and Society Volume 37-Pp553 https://doi.org/10.1007/s10767-024-09473-6,

[113] UNESCO, 2023, Media law reform A requirement for Sudan's quest for democracy, https://www.unesco.org/en/articles/media-law-reform

[114] دليل تدريبي، ٢٠١١، الصحافة الاصلاحية دور وسائل الاعلام في مكافحة الفساد، USAID-أمديست-الجامعة اللبنانية-لبنان، ص١٥ https://maharatfoundation.org/media/1237

[115] Media Dialogue Org., 2020, Reform of the media laws, This project is funded by the European Union, First published by ARTICLE 19, Pp7

[116] Norris, Pippa, Citation, editors. 2010. Public Sentinel: News Media and Governance Reform. Pp221, © World Bank. http://hdl.handle.net/10986/2687 , License: CC BY 3.0 IGO."

ڕیفۆرمخواز هەوڵدەدات بۆ بنیاتنانی شەفافیەت و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی لە ڕێگەی هەڵمەتەوە بۆ هێنانەدی ئامانجەکان، لەوانە[117]: زیادکردنی هۆشیاری (ڕەهەندی مەعریفی)، گۆڕانکاری لە ڕەفتاردا (دوای هەڵمەتەکە)، گۆڕینی ئاراستە (ڕەهەندی ئاراستەی من) و گۆڕانکاری لە بیروباوەڕەکاندا (ڕەهەندی عەقیدەیی)

## بەشی سێهەم: ئەنجامی پراکتیکی توێژینەوەکە

### یەکەم: ئەنجامی شیکاری ڤیدیۆکان

توێژەر ڤیدیۆکانی هەڵمەتی هۆشیاری فەرمانگەی میدیا و زانیاری حکومەتی هەرێمی کوردستان[118] وەک سامپڵی توێژینەوە وەرگرتوە بۆ شیکاری ناوەڕۆکەکەی لەسەر ماددەی هۆشبەر، بریتیە لە حەوت ڤیدیۆ بەکۆی (٢٦٣)چرکە و (٤.٣٨) خولەک، خشتەی(١).

**خشتەی (١) : ماوەی ڤیدیۆکانی هەڵمەتی هۆشیاری ڕاگەیاندن بەناو و بە چرکە**

| زنجیرە | ڤیدیۆکانی فەرمانگەی میدیا و زانیاری | ماوە بە چرکە |
|---|---|---|
| .١ | ئەمڕۆ ڕۆژی جیهانی بەرەنگاربوونەوەی ماددەی هۆشبەرە. ڕێگەمەدە کەس هەڵتبخەڵەتێنێت و بە ماددەی هۆشبەر بەرەو مردنت ببات | ٥٦ |
| .٢ | ئەمڕۆ ڕۆژی جیهانی بەرەنگاربوونەوەی ماددەی هۆشبەرە، تۆش یەک بژاردەت لەبەردەمە: ماددەی هۆشبەر، یان ژیانت! ژیانە هەڵبژێرە | ٥٩ |
| .٣ | ئاگادار بە؛ ماددەی هۆشبەر ژیان و ئاسایشی خۆت و خێزانەکەت لەناودەبەن. | ٣٠ |
| .٤ | هۆشیار بە؛ ماددەی هۆشبەر ژیان و ئاییندەت لەناودەبات | ٢٢ |
| .٥ | ئالوودە بوون بە ماددەی هۆشبەر مەرگێکی هێواشە، ژیانی خۆت و خێزانەکەت مەکە قوربانی | ١١ |
| .٦ | ماددەی هۆشبەر نقومبونە دناڤ تاری و ئێشانێدا | ٤٧ |
| .٧ | ماددە هۆشبەرەکان تەنیا خۆت نا، خێزانەکەشت لەنێو دەبات | ٣٨ |
| **کۆی گشتی بە چرکە** | | ٢٦٣ |
| **کۆی گشتی بە خولەک** | | ٤،٣٨ |

لەخشتەی (٢) ناوەڕۆکی ڤیدیۆکان فۆکس لەسەر کاریگەری ماددەی هۆشبەر لەسەر تاک و خێزانە. (٪٢١) باس لە لاوازی کەسایەتی کەسی تێوەگلاو و کاریگەری لەسەر خێزان دەکات. هەروەک پیشانیدەدات زیانی سەرەکی لەسەر تاک و خێزانە. (٪١٧) تەنها کاریگەری لەسەر کەسی تێوەگلاو نیشان دەدات و ئاماژەیە بۆ ئامانجی کەمکردنەوەی قوربانیان، هەروەها لایەنی ئەنجامدەری هەڵمەت وەک دەسەڵاتێکی بەرپرس نیشان دراوە، بە ڕاگەیاندن مەترسی و ئاکامە خراپەکان دەخاتەڕوو. لەکۆتاییدا (٪٧) نیشانیدەدات سەرئەنجامی تێوەگلان بریتییە لەهێزی ئاسایش، سزای یاسایی و زیندان، هۆشیاری یاسایی دەکات.

**خشتەی (٢) ناوەڕۆکی هەڵمەتی هۆشیاری ڕاگەیاندن**

| ناوەڕۆک | فەرمانگە | |
|---|---|---|
| | دووبارە | ٪ |
| بازرگانی ماددەی هۆشبەر | ٥ | ١٧ |
| توێژی ئالودەبوو | ٥ | ١٧ |
| نیشاندانی لایەنی ئەنجامدەری هەڵمەتەکە وەک ناساندن | ٥ | ١٧ |
| نیشاندانی هێزی ئاسایش، دادگا | ٢ | ٧ |
| لاوازی کەسایەتی ئالودەبوو | ٦ | ٢١ |
| خێزان | ٦ | ٢١ |
| کۆی گشتی[119] | ٢٩ | %١٠٠ |

